دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992


والینامەی

# سەیر و سەمەرە

## نزیکەی 2300 کورتیلەزانیاری سەیرو سەمەرەو سەرنجڕاکێش بە زمانی ئینگلیزی و کوردی

## چاپی نۆیەم

به سپۆنسەری سەرەکیی




و

**کلینکی پزیشکی پسپۆڕی ددان د.غەریب عەلی عەبدول: سلێمانی 07707616163**

والی عەلی

ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بێت.

**هەروەها بەسپۆنسەری**

**+ ئەکاونتی فەخامەتی بەندەی موخلێست لەفەیسبوك**

**+ پەیجی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریی کەللـەتەزێن**

**+ گروپی فێربونی ئینگلیزی و زانیاریخانە**

**+ بەندەی موخلێستان (والی عەلی) بۆ وەرگێرانی فریلانسی ئینگلیزی و عەرەبی و وانەی تایبەت (دەرسی خسوسی) و تاکسییەوانی شەوانە رۆژانە**



**هەموو مافێکی پارێزراوە بۆ والی عەلی**

**07734888021**

**07501059610**

**ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.**

# پێشەکی

ئەگەر دەرویش و شەیداو عاشقێکی زانیاری و بابەتی سەرنجڕاکێش و سەیروسەمەرەیت یان فێرخوازێکی ئینگلیزیت یان لانیکەم گەرەکتە بەشێوەیەکی ئاسان و ناباوو جیاوازو ماندونەکەر، ئاستی ئینگلیزییەکەت بەهێزتر بکەیت لەوەی کە ئێستا تێیدایە، ئەوا ئەم کتێبە یەکێکە لەباشترین هاوڕێکانت بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر باشترینیش نەبێت.

زمانی ئینگلیزی لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا تەقریبەن وەك ئاوو کارەباو عەنتەرنێتی لێهاتووەو زۆر پێویستە بەتایبەت بۆ کەسانی رۆشنبیرو خوێندەوار بەگشتی. بەڵام سەرباری ئەو زەرورەتە، هێشتا ژمارەیەکی زۆر کورد هەن کە ئەم زمانە نازانن یان ئینگلیزییەکەیان دوکەڵی رەش دەکات، ئەمەش بە بۆچونی بەندەی موخلیستان کەموکورتییەکی زەبەلاحە لەو کەسەدا لەڕووی زانیارییەوەو پێویستە هەرچی زووە ئەو کەموکورتییە پڕبکرێتەوە، ئەگەرنا لەکاروانی پێشکەوتن دوادەکەوێت و ناشبێت بە کارزان!. مەبەست لەم کتێبە، وێڕای گەیاندنی زانیاری و بابەتە سەیرو سەمەرە جۆراوجۆرەکان، ناسکەهەوڵێکی بەندەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتییەی خەڵك.

ئەم کتێبە پێکهاتووە لەنزیکەی 2300 کورتیلەبابەت و چتی سەرنجڕاکێش و سەیرو سەمە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی جارجارەش بەماکیاجەوە. هەر کورتیلەیەکیان تاڕادەیەك لەوەی پێش و پاش خۆی جیایە. یان سەربەخۆیە یان فیدراڵییە واتە یان بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەوەی پێش و پاش خۆیەوە نیە، یان ناسکەپەیوەندییەك پێکەوەیان دەبەستێتەوە.


لەڕێگەی هەر یەکێك لەو کورتیلانەوە، جگە لەسودە مەعریفییەکەی، چەند وشەیەکی ئینگلیزی بەشێوەیەکی ئاسان فێردەبیت یان لانیکەم دەمەزەردی دەکەیتەوە.

لەکۆتایی کتێبەکەشدا فەرهەنگۆچکەیەکم نوسیوە کە مانای زۆربەی ئەو وشە کوردییە نارەسمییانە لەخۆدەگرێت کە لەم کتێبەدا بەکارم هێناوە بۆ ئەوەی خوێنەر دڵنیا بێت کە بەکارهێنانی ئەو وشانە، ستایڵە نەك میستەیك واتە شێوازێکی خۆمە نەك هەڵە.

بۆ دڵنیابونی زیاتر لەمانای هەر وشەیەکیش، لانیکەم پشتم بە سێ کەڵەسەرچاوە بەستووەو لەکۆتایی کتێبەکەشدا گرنگترین ئەو سەرچاوانەم نوسیوە کە پشتم پێبەستون. بەڵام سەرباری ئەوەش کەس بێ هەڵەو کەموکورتی نیە، بۆیە ئەگەر خوا نەخواستە هەڵەیەکی نائەنقەستت بینی، نەچی بچی بیکەی بە هۆسە، چونکە هەر لەئێستاوە داوای لێبوردن دەکەم. ئەگەر کەسێکیش تاقەتی بوو لەو هەڵە نائەنقەستانە ئاگادارم بکاتەوە، یان هەر رەخنەیەکی هەبوو ئەوا بێگومان هەمیشە بەسوپاسەوە دەرگای گەراجی رەخنەم کراوەیەو رەخنەگران و رەخنەچییان دەتوانن بەوپەڕی ئازادییەوە رەخنەکانیان بنێرن چونکە رەخنە ئاسۆی زانیاریی رەخنەلێگراو فراوانتر دەکات.

ئەمەوێ زۆر سوپاسی ئەم دوو سپۆنسەرە سەرەکییەی کتێبەکەش بکەم، کە ئەگەر ئەوان نەبونایە بڵاوکردنەوەی بە فری، کارێکی ئاسان نەبوو.

دارتاشخانەی ئەسینا لەسلێمانی




و کلینکی پزیشکی پسپۆڕی ددان د.غەریب عەلی عەبدول




بەدڵنیاییەوە ئەم دوو سپۆنسەرە لەڕوی کوالیتییەوە لەلوتکەدان و لەڕوی نرخیشەوە زۆر گونجاون بۆیە ئەگەر هەر پێویستییەکی پەیوەندیدارتان هەبوو، بێدودڵی سەردانیان بکەن و ئەگەر لەکاتی سەردانیشیاندا بڵێن خوێنەری چاپی نۆیەمی کتێبی والینامەی سەیرو سەمەرەین و لەوێوە ریکلامی ئێوەمان بینیوە، زیاتر خاترتان دەگرن.

ماوەتەوە بڵێم، هیوادارم ئەم کتێبە جێگای رەزامەندی خوا پاشان زۆربەی خوێنەران بێت. ئەڵێم زۆربە نەك هەموو، چونکە بێگومان رەزامەندی هەموان، ئاواتێکە هەرگیز نایەتە دی.

**والی عەلی**

**2018-6-30**

1. Most mammals, from elephants to shrews, live for the same number of heartbeats, about 1.5 billion, before dying.

زۆربەی زیندەوەرە مەمکدارەکان هەر لەفیلەوە بیگرە تا شروو، ژمارەی لێدانەکانی دڵیان بەدرێژایی ژیانیان یەکسانە. ئەو ژمارەیەش بریتییە لە یەك ملیارو پێنج سەد ملیۆن لێدان . جا بیلموناسەبە شروو زیندەوەرێکە تەقریبەن لەمشك دەچێت.

2. A bolt of lightning contains enough energy to toast 160,000 pieces of bread.

تەنها یەك هەورەبروسکە هێندە وزە لەخۆدەگرێت کە بەشی برژاندنی 160 هەزار نان دەکات.

3. A giraffe's neck can measure up to 6 feet (1.8 m) long

درێژی ملی زەڕافە دەگاتە مەترێك و 80 سانتیمەتر. بەواتەیەکی تر دەتوانین بێژین کە درێژی تەنها ملی ئەو زیندەوەرە بەقەدەر درێژی هەموو جەستەی مرۆڤێکی باڵا عەرعەری دەبێت!

4. Facebook loses almost US$25,000 for every minute it's down.

لەبەرامبەر داخرانی فەیسبوك بۆ هەر دەقەیەك، دوو دەفتەرو نیو زەرەردەکات.

5. Apple earns US$300,000 per minute.

بێچاوێنی بێ کۆمپانیای ئەپڵ هەموو دەقەیەك 30 دەفتەری سەیی دەست دەکەوێت!

عەگ رەببی پێیان حەڵاڵ بێت چونکە بەخوا قابیلیانە هەرچەندە خۆم زۆر تاقەتی چڕوچاوی ئایفۆنم نیەو گالاکسیچیم.

6. Left-handed people process things faster than righties while playing computer games or sports.

چەپلەرەکان لەیاریکردنی کۆمپیوتەرو و وەرزشدا بەبەراورد بە راستلەرەکان، خێراترن.. ئحم ئحم بەناوی خۆم و هەموو چەپلەرەکانی تری کوردو کوردستانەوە!

7. 10% of all the photographs in the world were taken in the last 12 months.

لەسەدا 10ی هەموو وێنە فۆتۆگرافییەکانی جیهان، لەماوەی 12 مانگی رابردوودا گیراون.

8. Blondes have more hair than brunettes and redheads.

قژزەردەکان بەبەراورد بە قژڕەش و قژقاوەیی و قژسورەکان، مویان زیاترە.

9. A flea can jump up to 100 times its height.

کێچ دەتوانێت تا سەد ئەوەندەی بەرزیی خۆی، بازبدات.

10. Dolphins give each other names and will answer to it even when called by dolphins they don't know.

دۆلفینەکان ناوی خۆیان بە یەکتر دەڵێن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەگەر دۆلفینێك بانگی دۆلفینێکی تر بکات بە ناوەکەیەوە وەڵامی دەداتەوە تەنانەت ئەگەر نەشی ناسێت.

11. The letter J was one of the last letters added to the alphabet.

پیتی جەی یەکێکە لەو پیتانەی ئینگلیزی کە بنەڕەتی نین و دواتر بۆ ئەبجەدیی ئینگلیزی زیادکراون.

12. In 1987, a man convinced 2.8 million people to send him a penny each for his college education.

لەساڵی 1987 پیاوێك توانی قەناعەت بە دوو ملیۆن و 800 هەزار کەس بکات کە هەریەکێکیان بڕی یەك سەنتی پێبدەن بۆ خوێندنی کۆلێژەکەی. بە کوردییەکەی خۆمان دەکاتە دوو دەفتەرو هەشتا وەرەقە.
تەبعەن بەڕێزان یەك سەنت هەر هیچ نیە بەڵام کە خەڵك بە کۆمەڵ بیدات سەیرکە چەندە زۆرە!

13. 3 AM is when most Americans are sleeping (95.1%). Conversely, 6 PM is when most Americans are awake (97.5%).

سەعات 3ی بەرەبەیان زۆربەی ئەمەریکییەکان (لەسەدا 95.1) خەوتون. سەعات 6ی ئێوارەش زۆربەیان (لەسەدا 97.5) بەئاگان.

14. An Iran Air passenger flight was shot down by a U.S. Navy missile in 1988. All 290 people on board died. The U.S. never apologized or acknowledged wrongdoing.

لەساڵی 1988 فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئێرانی بە موشەکێکی هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا خرایە خوارەوە. لەئەنجامدا سەرجەم سەرنشینەکانی کە 290 کەس بوون، گیانیان لەدەستدا. کەچی ئەو ئەمەریکایە ئەوەندە بێناموس بوو، نە داوای لێبوردنی کرد نە دانی بەوەدا نا کە کارێکی هەڵەی کردووە.
ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەمەریکییەك لەوپەڕی دنیا زللـەیەکی لێبدرێت، واشنتۆن ئەیکا بە هۆسە. وەك ئەوەی بڵێی تەنها ئەمەریکی ئازارو کۆزانی هەیە.

15. Hajimi Fuji, who volunteered for the kamikaze but was refused acceptance because he had a wife and two young children. To honour his wish his wife drowned her two young girls and drowned herself. Hajimi then flew as a kamikaze pilot, meeting his death on the 28th May 1945.

لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا برادەرێکی یابانی هەبوو ویستی وەك خۆبەخش ببێتە فڕۆکەوانێکی کامیکازی واتە ئەو فڕۆکەوانانەی هێرشی خۆکوژی و بێگەڕانەوە لەدژی هێزەکانی ئەمەریکا ئەنجامدەدەن بەڵام لەبەرئەوەی ژن و دوو منداڵی هەبوو، داواکارییەکەی قبوڵ نەکرا. بەڵام ژنەکەی بۆ ئەوەی مێردەکەی بەو ئاواتەی بگات و سەربەرز بێت، هەردوو منداڵەکەی غەرقکردو دواتریش خۆی غەرقکردو گیانیان لەدەستدا. پاشان پیاوەکە کە ناوی هاجیمی فوجی بوو بۆ کامیکازی و لە 28-5-1948 هێرشە خۆکوژییەکەی ئەنجامداو گیانی لەدەستدا.
بەچاوپۆشین لەکوشتنی ئەو دوو منداڵە بێتاوانەو خۆکوشتنی ئەو خانمە، پێموایە ئەمە لوتکەی وەفاداری و قوربانیدانەو دەیسەلمێنێت کە یابانییەکان تەنها لەتەکنۆلۆجیادا یەکەمی بێڕکەبەر نین.

16. The Shanghai government will lower your credit score if you don't visit your parents. Parents can also sue their kids for neglect.

لە چین شتێك هەیە پێی دەووترێت خاڵ یان ئاستی متمانە واتە تا چەند متمانەت هەیە لەلای حکومەت بۆ دانەوەی قەرز. لە شەنگەهای ئەگەر کەسێك سەردانی داك و بابی نەکات، حکومەتی ئەو ناوچەیە خاڵی متمانەی کەمدەکاتەوە. هەر لەوێ، دایکان و باوکان دەتوانن سکاڵا لەسەر منداڵەکانیان تۆماربکەن ئەگەر پشتگوێیان بخەن. لێرە لەکوردستان زۆرجار ئەگەر شتێك خراپ بێت دەڵێین ئەو سینییەکەیە. بەڵام بەڕاستی ئەم قانونەیان زۆرجوانەو حەق نیە چیتر خراپەکان ناو بنێین سینی.

17. You can go temporarily blind in one eye from checking your smartphone in the dark while lying on your side.

دەکرێ بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلە زیرەکەکەتەوە لەسەر جێگای خەوتن بە تاریکی، بەشێوەیەکی کاتی چاوێکت کوێر ببێت. بۆیە یان لەو شوێنەدا یان بەکاری مەهێنە یان با گڵۆپەکە هەڵکرابێت.

18. In 1770 a man invented a machine that could play a strong game of chess against a human opponent. The "android" that played the game was nicknamed The Turk (as was the machine itself). It wasn't until 1857 that it was revealed to be a hoax (a chess master was hiding in the machine).

لەساڵی 1770 پیاوێك "ئامێرێکی" داهێنا کە دەیتوانی زۆر بە لێهاتوانە یاری شەترەنج لەبەرامبەر رکەبەرێکی سەرسەختی مرۆیی ئەو یارییەدا بکات. ئەم ئامێرە نازناوی زە تورکیان لێنابوو. بەڵام لەساڵی 1857 واتە پاش نزیکەی 90 ساڵ لەداهێنانی دەرکەوت کە فێڵ بووەو لەناو ماۆستایەکی لێهاتووی شەترەنج هەبووەو ئەو یارییەکەی کردووە!

19. After his wife was denied access to water due to her caste, Indian man Bapurao Tajne single-handedly dug a well in 40 days.

لە ناوچەیەکی هندستان پاش ئەوەی بەهۆی جیاوازیی تایەفەگەرییەوە ئاویان نەدەدا بە ژنەکەی، پیاوێك بەناوی باپوراو تاجنی، شێخی نەماو خودی خۆی بە تەنها لەماوەی 40 رۆژدا بیرێکی لێدا.

سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە گۆشتی هینی خۆت بخۆ، زۆر لەمنەتی هین باشترە!

20. The USA is the only English speaking country that pronounces Z as zee instead of zed.

لەناو ئەو وڵاتانەی دانیشتوانەکەی بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن، تەنها ئەمەریکا پیتی z بە زیی گۆدەکات نەك زێد!

21. Michael Phelps has 28 Olympic medals, 23 of them are gold. Not only is he the most decorated Olympian, he has more medals than 91 other countries and more gold medals than 108 countries.

میشێل فێلپس لەیاریبە ئۆلۆمپییەکاندا 28 مەدالیای بردووەتەوە. 23یان مەدالیای زێرن. ئەم برادەرە رازاوەترین یاریزانی ئۆلۆمپییە بە خەڵات. ئەگەر بەباشی حلێبی کەین دەبینین کۆی ئەو مەدالیایانەی بردونیەتەوە، لەکۆی ئەو مەدالیایانە زیاترە کە 91 وڵاتی تر بردونیەتەوە. لەڕوی مەدیالیای ئاڵتونیشەوە، کۆی ئەوانەی فێلەگیان بردونیەتییەوە لەکۆی ئەو مەدالیا ئاڵتونیانە زیاترە کە 108 وڵات بردویانەتەوە.

تۆ چیت بێنە ماچ بۆ دوو شتی ئاوا نەبێ بۆ چی باشە!!!

22. "100 Years—The Movie You Will Never See," starring John Malkovich and directed by Robert Rodriguez, won't be in theaters until 2115.

فیلمێك هەیە بەناوی "100 ساڵ- ئەو فیلمەی هەرگیز نایبینیت". ئەم فیلمە تا ساڵی 2115 واتە تا نزیکەی سەد ساڵی تر نمایش ناکرێت. بە واتەیەکی تر کاتێك ئەم فیلمە نمایش دەکرێت ئێمە مانان کورد وتەنی دەمێکە لەحەوت ساڵان راستبوینەتەوە.

23. Alexander The Great named around 70 cities after himself.

ئەسکەندەری مەزن نزیکەی 70 شاری بەناوی خۆیەوە، ناوناوە.

24. In Detroit in the 1930s, a baby fell from a high window and landed on a man who was passing the street below. The baby and the man both survived the incident. A year later, the SAME baby fell from the SAME window and landed on the SAME man, and they both survived.

لەساڵەکانی 1930یەکاندا لەشاری دیترۆیتی ئەمەریکا، جارێك منداڵێك لەپەنجەرەیەکی بەرزەوە کەوتە خوارەوەو بەر پیاوێك کەوت کە سودفە لەوکاتەدا بەوێدا دەڕۆشت. لەئەنجامی ئەو رووداوەدا هیچ یەکێکیان نەمردن. لەوە سەیرتر ئەوەیە کە ساڵێك دواتر، هەمان منداڵ لەهەمان پەنجەرەوە کەوتەوە خوارەوەو بەر هەمان پیاویش کەوتەوە. هەمان نەتیجەی جاری پێشوشی هەبوو و هیچ یەکێکیان نەمردن.

25. "I never said she stole my money" has 7 different meanings depending on which word is stressed when you speak it aloud.

"هەرگیز نەمفەرموە ئەو پارەکەی دزیوم". ئەم رستەیە بە زمانی ئینگلیزی تاڕادەیەکی زۆر بەسیت دیارە. بەڵام لەڕاستیدا بەگوێرەی سترێس خستنە سەر وشەکانی، حەوت مانای جیاوازی هەیە. بێگومان بۆ کوردیش تاڕادەیەك ئەمە راستە.

26. Edmund Thomas Clint, an Indian child prodigy painted over 30,000 paintings until his death due to kidney failure. He was seven years old.

منداڵێکی هندی هەبوو بەناوی ئیدمۆند کلینت. ئەمە بلیمەت بوو بەمانای وشەو بەدرێژایی ئەو ژیانە کورتەی کە لەتەمەنی حەوت ساڵیدا بەهۆی لەکارکەوتنی گورچیلەوە، کۆتاییهات، زیاتر لە 30 هەزار تابلۆی دروستکردووە. خوا بداتێ تەنها دین و ئیمان و یەك ملیۆن دۆلارو 30 منداڵی ئاوها بلیمەت، ئیتر هیچی ترت نەبێ قەیناکا چونکە قەناعەت شتێکی باشە!

27. 1.5 trillion dollars are paid in bribes every year, according to a World Bank estimate.

بەگوێرەی خەملاندنێکی بانکی جیهانی، ساڵانە یەك ترلیۆن و 500 ملیار دۆلار، دەدرێت بە بەرتیل.

28. Researchers found 1,458 new species of bacteria in belly buttons.

لێکۆڵەران 1458 جۆری نوێی بەکتریایان لەناو ناوکی مرۆڤدا دۆزیوەتەوە.

29. While sudden heart attacks during sex are rare, 75% of them happen to men who are cheating on their wives.

هەرچەندە روودانی جەڵدەی دڵی کتوپڕ لەکاتی سێکسدا چتێکی دەگمەنە، بەڵام لە 75 لەسەدی ئەو حاڵەتانەدا، قوربانییەکان ئەو پیاوانەن کە لەخەتی خاریجی ئیش دەکەن!

30. Every year, 1,000 letters arrive in Jerusalem, Israel, addressed to God.

هەموو ساڵێك هەزار نامە دەگاتە شاری قودسی داگیرکراو لە ئیسرائیل و لەسەری نوسراوە: بۆ خوا.

31. A 2015 survey found that more than 40% of couples didn't know each other's annual earnings, and one in 10 was off by $25,000.

لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2015 دەریخستووە کە زیاتر لە 40 لەسەدی هاوژینەکان، نازانن داهاتی ساڵانەی هاوژینەکانیان چەندە.

32. If your pee smells sweet, take note. It's usually an indicator of diabetes.

ئەگەر میزەکەت بۆنی شیرینی لێهات، ئەوە نیشاندەرێکی ئەوەیە کە توشی شەکرە بویت. بەهیوای سەلامەتی هەموولایەك.

33. According to a US study, men fall in love faster than women! Who would've guessed?

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەمەریکی، پیاوان لەخانمان سەریعتر عاشق دەبن.

34. According to scientists, most people will fall in love approximately 7 times before finding "the one" whom they wish to marry!

بەگوێرەی زانایان، زۆربەی خەڵك پێش ئەوەی ئەو کەسە بدۆزێتەوە کە دەخوازێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، نزیکەی حەوت جار دەکەوێتە داوی عەشقەوە.

35. An elephant's trunk has more than 40,000 muscles. In comparison a human being only has 639 muscles total.

لەشی فیل زیاتر لە 40 هەزار ماسولکەی هەیە بەڵام مرۆڤ تەنها 639ی هەیە.

36. Every day, your heart creates enough energy to drive a truck for 20 miles (32 km).

هەموو رۆژێك دڵت وزە هێندە دروستدەکات کە بەشی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر دەکات بۆ ماوەی 32 کیلۆمەتر.

37. California produces 80% of the world's almonds.

لەسەدا 80ی بادەمی جیهان، بەرهەمی کالیفۆرنیایە.

38. A study found that nearly 16,000 American babies are born premature each year at least in part because of air pollution.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە كە ساڵانە 16 هەزار منداڵی ئەمەریکی پێش کاتی ئاسایی لەدایك دەبن و لانیکەم هۆکارێکی ئەمەش پیسبونی هەوایە.

39. Muscle comes from the Latin musculus, which means "little mouse," because a flexed muscle was thought to resemble a mouse.

وشەی muscle كە لەزمانی ئینگلیزیدا بەمانای ماسولکە دێت، لەوشەی musculusی لاتینی وەرگیراوە كە بەمانای مشکی بچوك دێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لەکۆندا پێیان وابووە ماسولکەی لولکراو لەمشك دەچێت.

40. Liars blink less frequently than normal during the lie, and then speed up to around eight times faster than usual afterwards.

لەکاتی درۆکردندا مرۆڤ کەمتر لەحاڵەتی ئاسایی چاوی دەتروکێنێت. دوای درۆکەش، خێرایی چاوتروکاندنەکەی هەشت ئەوەندەی ئاسایی خێراتر دەیتروکێنێت.

ئەمە نیشانەیەکی چاك و تاڕادەیەکیش ئاسانە بۆ ناسینەوەی ئەوانەی درۆدەکەن.

41. Ancient Egyptians worshiped over 1,400 different gods and goddesses.

میسرییە دێرینەکان عیبادەتیان بۆ زیاتر لە 1400 خواوەندی نێرو مێ کردووە.

بەڕاستی ئەمە زۆر موهیمە. خۆزگە لێرەش ژمارەی کتێبخانەکان لانیکەم بەقەدەر نیوەی خواردنگەو رێستورانتەکان بوایە. چونکە ئەوە نیشانەیەکی دیاری سەقافەتە.

42. From birth to toilet training, a baby goes through an average of 8000 diaper changes.

بەگشتی منداڵ لە لەدایکبونییەوە تا ئەوکاتەی راهێنانی پێدەکرێت لەسەر چونە توالێت، 8000 دایبی بۆ دەگۆڕدرێت.

43. India is expected to be the world's most populous country by 2050. With 1.6 billion people, it will almost equal the U.S. and China's population combined.

پێشبینی دەکرێت بە هاتنی ساڵی 2050، ژمارەی دانیشتوانی هندستان بگاتە ملیارێك و 600 ملیۆن. بەوەش دەگاتە نزیکەی دانیشتوانی ئەمەریکاو چین پێکەوەو دەبێتە گەورەترین وڵاتی جیهان لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە.

44. WW1 was the sixth deadliest conflict in world history.

جەنگی جیهانی یەکەم شەشەم کوشندەترین کێشەیە لەجیهاندا.

45. Earthquakes are common in California because of the state's location along the Pacific Ring of Fire.

روودانی زەمینلەرزە لەکالیفۆرنیا زۆر باوە. چونکە ئەم ویلایەتە دەکەوێتە سەر ئەو خەتەی پێی دەووترێت ئەڵقەی ئاگری زەریای ئارام.

جا خوا رەحمیکردووە کە ئێمە لەسەر ئەو خەتە نین، ئەگینا حاڵمان زۆر لەئێستا خۆشتر دەبوو!!!

46. The Vatican has a crime rate of 133.6%.

نەچی بچی وابزانی ڤاتیکان وڵاتێکی زۆر هێمنە چونکە نەك هەروا نیە بەڵکو رێژەی تاوان لەم وڵاتە بچکۆلەیەدا زۆر بەرزە کە لەسەدا 133.6ە.

47. Abraham Lincoln wore size 14 shoes, the biggest in U.S. president history.

ئەبراهام لینکۆڵن کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا، پێڵاوی رەقەم 14ی لەپێکردووە. ئەم ژمارەیەش لەناو پێڵاوەکانی سەرۆکەکانی ئەو وڵاتەدا گەورەترینە.

جا بیلموناسەبە، لینکۆڵن شانزەهەم سەرۆکی ئەمەریکا بووە. لە 12-2-1809 لەویلایەتی کێنتەکی لەدایکبووەو یەکەم سەرۆکی لەدایکبوی ئەو ویلایەتەیە. پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك، لەچەندین شتدا شکستی هێناوە لەوانە: بازرگانی، دوکانداری، جوتیاری، یەکەم هەوڵدانی بۆ پۆستێکی سیاسی، یەکەم هەوڵدانی بۆ چونەناو کۆنگرێسەوە، خۆکاندیدکردنی بۆ ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا.

پێش ئەوەی ببێت بەسەرۆك وەك پارێزەر کاری کردووە. کەسێکی زۆر بەهێز بووەو حەزی لەزۆرانبازی کردووە. درێژییەکەی 6 پێ و 4 ئینج بووە. سەرۆك لیندۆن جۆنسنیش هەمان درێژی هەبووە. یەکەم سەرۆکە کە تیرۆرکرابێت. لە 14-4-1865 تیرۆرکراوە. ماوەی سەرۆکایەتی: 4-3-1861 تا 15-4-1865 (4 ساڵ و مانگێك و 11 رۆژ). هۆکاری جێهێشتنی سەرۆکایەتی: تیرۆرکرا.

48. There's no physical description of Jesus in the Bible.

لە ئینجیلدا بەهیچ شێوەیەك باسی شێوەی جەستەی حەزرەتی عیسا نەکراوە.

49. U.S. Ex-President Jimmy Carter sent his first text message in 2014.

جیمی کارتەر، سەرۆکی پێشوتری ئەمەریکا یەکەم تێکستەنامەی لەساڵی 2014دا ناردووە.

جا بیلموناسەبە: جیمی کارتەر/ لە 1-10-1924 لەویلایەتی جۆرجیا لەدایکبووە. تەنها سەرۆکی لەدایکبوی ئەو ویلایەتەیە. یەکەم سەرۆکە کە لەنەخۆشخانە لەدایکبووە. هەفتانە سێ تا 4 کتێبی خوێندووەتەوە. لەدیموکراتەکان بووە. ئێستا لەژیاندا ماوە. ماوەی سەرۆکایەتی: 20-1-1977 تا 20-1-1981 (چوار ساڵ). هۆکاری جێهێشتنی سەرۆکایەتی: هەڵبژاردنەکەی دۆڕاند.

50. During World War II in Australia, there was a dog whose hearing was so acute that it could warn airforce personnel of incoming Japanese planes

20 minutes before they arrived, and before they showed up on radar. "Gunner" could also differentiate the sounds of allied and enemy aircraft.

لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا، سەگێك هەبوو لە ئوسترالیا بەناوی گەنەر. توانای بیستنی ئەم سەگە هێندە دەقیق و بەهێز بوو کە دەیتوانی 20 دەقە پێش گەشتنی فڕۆکەکانی یابان و پێش ئەوەی رادار کەشفیان بکات، دەستەی هێزە ئاسمانییەکان ئاگاداربکاتەوە.

کورە جا هێشتا چیت دیوە!

هەر ئەم سەگە دەیتوانی دەنگی فڕۆکەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی دوژمن لەیەك جیابکاتەوە.

کەواتە حەقی خۆیەتی بێژین بەخوا ئەم سەگە سەگ بووە!!!

51. Microsoft has created 3 billionaires and an estimated 12,000 millionaires.

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت سێ ملیاردێرو نزیکەی 12 هەزار ملیۆنەری دروستکردووە.

بەخوا قابیلیانەو ئەو سامانەیان وەك شیری دایك پێ حەڵاڵ بێت.

52. Married couples get angry and mean towards one another when their blood sugar is low.

کاتێك رێژەی شەکر لەخوێنیاندا نزم بێت، هاوژینەکان لەیەکتر توڕەدەبن و بەرامبەر یەك خراپ دەبن.

53. The average salary in Cuba in 2013 was 471 pesos or US$20 a month.

لەساڵی 2013 موچەی مانگانەی کارمەندێکی ئاسایی لە کوبا 471 پیسۆ بووە کە دەکاتە 20 دۆلار.

54. Your heart beats over 100,000 times per day.

دڵت رۆژانە زیاتر لەسەد هەزار جار لێدەدات. تەنانەت لەپشووە رەسمییەکانیشدا!!!

55. It is estimated that Genghis Khan killed about 40 million people across Asia and Europe.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەرتاسەری کیشوەری ئاسیاو ئەوروپادا لەلایەن جەنگیزخانەوە کوژراون، بە نزیکەی 40 ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێن.

56. Vincent Van Gogh's last words were, "The sadness will last forever."

ئەخیر قسەی نیگارکێشی جیهانیی بەناوبانگ ئەمە بوو: خەفەت بۆ هەتا هەتایە بەردەوامە.

57. Almost half the world's credit card frauds happen in the U.S.

نزیکەی نیوەی هەموو فرتوفێڵەکانی پەیوەست بە کرێدیت کارت، لە ئەمەریکا روودەدەن.

58. There's an Obama Fried Chicken (OFC) in China.

حەق نیە زۆر گاڵتە بە ناوە هەزەلییەکانی شوێنە گشتییەکانی لای خۆمان بکەین. ئەوەتا لە چین خواردنگەیەك هەیە بەناوی مریشکی سورەوەکراوی ئۆباما!

59. The "new car smell" is composed of over 50 volatile organic compounds.

بۆنی سەیارەی تازە لەزیاتر لە 50 لەو ئاوێتانە پێکدێت کە پاش ماوەیەکی کەم نامێنن.

60. Osama bin Laden's father married 22 times, fathering at least 54 children. Osama was his 17th son.

باوکی ئوسامە بن لادنی ئیشقۆڕ، 22 جار هاوسەرگیری کردووەو لانیکەم 54 منداڵی هەبووە. ئوسامە حەوتەم منداڵی بووە.

61. 63. It is illegal to spay or neuter your dog in Norway except under very specific circumstances.

لە نەرویج خەساندنی سەگەکەت قەدەغەیە تەنها لەحاڵتی زۆر تایبەتدا نەبێت.

62. 64.Switzerland sent 31 soldiers to Afghanistan in 2003, its first military deployment since 1815.

لەساڵی 2003، سویسرا 31 سەربازی نارد بۆ ئەفغانستان. ئەوە یەکەم بڵاوەپێکردنی سەربازی ئەو وڵاتە بوو لەساڵی 1815وە.

63. 65.Elaine Esposito lost consciousness at age 6 and spent her life in a coma until the age of 43, a world record.

کچێك هەبوو بەناوی ئیلاینێ ئێسپۆسیتۆ (1934-1978). ئەم کچە خاوەنی درێژترین ماوەی لەهۆشخۆچوون واتە کۆمایە لەمێژوودا. لەتەمەنی شەش ساڵییەوە توشی کۆما هاتووەو لە 43 ساڵیدا واتە ماوەیەکی کەم پێش مردنی، هۆش خۆی هاتۆتەوە.

64. 66.The dates 4/4, 6/6, 8/8, 10/10, and 12/12 all fall on the same day of the week.

بەروارەکانی 4-4و 6-6 و 8-8و 10-10و 12-12، هەمویان دەکەونە هەمان رۆژی هەفتەوە.

65. 67.In August 2001, actor James Woods reported 4 suspicious individuals on his flight. Authorities did not act on his claim and they later turned out to be the 9/11 hijackers.

لەئابی 2001، جەیمس ودز کە ئەکتەرێکی دیاری هۆلیوودە حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتانا، لەمیانەی گەشتێکی ئاسمانیدا، دەسەڵاتدارانی لەچوار کەسی گومانلێکراوی ناو تەیارەکەی ئاگادارکردەوە بەڵام دەسەڵاتداران گوێیان پێنەداو وتیان بڕۆ بۆ حەلاوی باس بکە (بەڵام تەبعەن بە ئینگلیزی!). دواتر دەرکەوت کە هەر چواریان لەو تیرۆریستانە بوون کە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەریان ئەنجامدا.

66. 68.You can't cry on space because your tears won't ever fall.

ناتوانیت لەبۆشایی ئاسماندا بگریت، چونکە لەوێ فرمێسك بەهیچ شێوەیەك لەچاوت نایەتە دەرەوە.

67. 69.Facebook tracks which sites you visit, even AFTER you have signed out.

فەیسبوك دەزانێت سەردانی چ سایتێك دەكەیت. تەنانەت پاش ئەوەش كە ساین ئاوت دەبیت.

68. 70.Humans are 50% heavier and four inches taller in the past 100 years than they have been throughout most of human history.

مرۆڤی سەد ساڵی رابردوو بە بەراورد بە زۆربەی كاتەكانی تری مێژووی مرۆڤایەتی، بەرێژەی لەسەدا 50 قورسترو زیاتر لە 10 سانتیمەتر باڵای بەرزتر بووە.

69. 71.The Blue-ringed octopus is one of the world's most venomous marine animals: it can kill you in one bite, there is no antivenom.

جۆرێك هەشت پێ هەیە پێی دەووترێت هەشتپێی ئەڵقەشین. ئەمە یەكێكە لەژەهراوترین زیندەوەر دەریاییەكان لەجیهانداو دەكرێ تەنها بە یەك گاز ڤیزای یەكسەرە بۆ ئەو دنیا، بدات لەپاسپۆرتی ژیانت!. لەوەش خەتەرتر ئەوەیە كە ئەم ژەهرە دەرمانیشی نیە!

70. 72.16,000 African Muslims convert to Christianity every day.

هەموو رۆژێك 16 هەزار موسڵمانی ئەفەریقی دەبن بە مەسیحی.

دیارە ئەمانە موسڵمانی علوجن و تەنها بە تەسكەرە موسڵمانن ئەگینا موسڵمانی عەیارە 24، لەژێر هیچ دۆخێكدا نیمچەمەحاڵە ئاینی خۆی بگۆڕێت.

71. 73.96 elephants are killed every day in Africa.

هەموو رۆژێك تەنها لەئەفەریقا، 96 فیل دەكوژرێت.

72. 74.In 536 A.D., there was a worldwide dust cloud that blocked out the sun for a year, resulting in widespread famine and disease.

لەساڵی 536ی زاینی، تەپوتۆز وەك هەور ئاسمانی سەرتاسەری جیهانی داپۆشی. لەئەنجامدا خۆر بۆ ماوەی ساڵێك دەرنەكەوت و برسێتی و نەخۆشی بڵاوبووەوە. بەڵام ئەوكاتە ئێوە مناڵ بوون و بیرتان نایە!!!

73. 75.South Africa is called the "Rainbow Nation" because it has 11 official languages.

بەهۆی ئەوەی 11 زمانی رەسمی هەیە، بە ئەفەریقای باشور دەووترێت وڵاتی پەلكەزێرینە.

74. 76.Exposure to Secondhand smoke causes nearly 50,000 deaths each year in the U.S. alone.

ساڵانە تەنها بەهۆی بەركەوتن بە دوكەڵی جگەرەی دەسی دووەوە، تەنها لە ئەمەریكا نزیكەی 50 هەزار كەس گیان لەدەستدەدەن.

75. 77.One Puffer Fish contains enough poison to kill 30 people.

جۆرێك ماسی هەیە پێی دەووترێت ماسی ئاوساو. ئەم جۆرە ژەهراوییەو هەر یەكێكیان بەشی كوشتنی 30 كەس ژەهری تێدایە.

76. 78.After WW2, a group of Jewish "Avengers" formulated a Holocaust revenge plan to kill 6 million Germans by poisoning the water supply of many German cities. However, it was foiled by British police while the poison was in transit.

پاش جەنگی جیهانی دووەم، کۆمەڵێك تۆڵەسێنی جولەکە لەتۆڵەی هۆلۆکۆستدا پلانێکیان دانا بۆ کوشتنی شەش ملیۆن هاوڵاتی ئەڵمانی لەڕێگەی ژەهراویکردنی سەرچاوەی ئاوی چەندین شاری ئەڵمانیاوە. بەڵام ژەهرەکە لەکاتی گواستنەوەیدا، لەلایەن پۆلیسی بریتانیاوە کەشفبوو و فلّق پلانەکەیان شکستی هێنا.

77. 79.Australians are the world's biggest meat eaters, consuming almost 200lbs each every year, closely followed by Americans.

ئوسترالییەکان بە بەراورد بە هەر نەتەوەیەکی تر، زۆرترین گۆشت دەخۆن. هەر کەسێك لەخەڵکی ئەم وڵاتە ساڵانە نزیکەی 91 کیلۆگرام گۆشت دەخوات. بەدوای ئەمانیشدا لەهەمان رووەوە ئەمەریکییەکان دێت.

78. 80.Kissing someone for one minute burns about 2 calories.

ماچکردنی کەسێك بۆ ماوەی یەك خولەك نزیکەی دوو کالۆری دەسوتێنێت.

79. 81.The total weight of all the ants on Earth is greater than the total weight of all the humans on the planet.

کێشی هەموو مێرولەکانی سەر زەوی لەکێشی هەموو مرۆڤەکان زیاترە.

80. 82.The population of Germany is in decline. It has fallen by 2 million in the last decade.

ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا لەکەمبونەوەی بەردەوامدایە. تەنها لەدەیەی رابردوودا دوو ملیۆن کەس کەمیکردووە.

81. 83.Charles Darwin and Abraham Lincoln were born on the same day.

چارلز داروین و ئەبراهام لینکۆڵن لەهەمان رۆژدا لەدایکبون.

هەرچەندە داروین بیردۆزێکی قۆڕی بەناوبانگی هەیە بەڵام بەعام هەر یەکێك لەم دوو کەسایەتییە رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەمێژوودا بۆیە هەردوکیان چاومانن.

82. 84.During a mating bout, lions have sex 20 to 40 times a day for a couple of days.

لەکاتی هەر وەرزێکی جوتبونی شێردا، ئەو زیندەوەرە رۆژانە 20 بۆ 40 جار سێکس دەکات.

کەواتە شێر شێرە بەمانای کەلیمە. هەم لەڕوی ئازایەتییەوە، هەم لەڕوی رۆمانسییەوە!

83. An employee spends an average of 1.5 to 3 hours a day on private activities at work.

هەر کارمەندێك رۆژانە لەگەرمەی دەوامدا، سەعات و نیوێك بۆ سێ سەعات بە کاری تایبەتی خۆیەوە بەسەردەبات.

84. Valentine's Day is also National Condom Day in the U.S.

رۆژی ڤالانتاین واتە رۆژی خۆشەویستی لەئەمەریکا رۆژی نیشتمانی کۆندۆمیشە!

85. 87.89% of people in Sweden speak English.

لەسەدا 89ی خەڵکی سوید، بە ئینگلیزی قسەدەکەن.

86. 88.Liechtenstein, the world's 6th-smallest country, is the world's largest exporter of false teeth.

وڵاتێکی بچکۆلانە هەیە ناوی لیخنشتاینە. روبەری ئەم وڵاتە تەنها 160 کیلۆمەتر دوجایە لەگەڵ ئەوەشدا شەشەم گەورەترین هەناردەکاری تاقمی ددانە لەجیهاندا.

ئەم فاکتە جەختدەکاتەوە کە روبەر فشەیە، ئەخلاق شەرتە!

87. 89.Disconnecting people from the Internet is a human rights violation according to the United Nations.

بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕینی خەتی ئینتەرنێت لەخەڵك، پێشێلکاری مافی مرۆڤە.

ئەمە ئەگەر لێرە تەتبیق بکرایە رۆژانە دەبوو هەموو کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و ئاسیاو کۆڕەك و زێنیش، بەتۆمەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دادگایی بکرانایە.

88. 90.The name "Jessica" first appeared in Shakespeare's play "The Merchant of Venice."

ناوی جێسیکا بۆ یەکەمین جار شانۆنامەی بازرگانەکەی ڤینیسیای شکسپیردا دەرکەوتووە. ئەو شانۆنامەیەی کە زۆربەمان یاردگاری ترش و تاڵ و شیرینمان لەگەڵیدا هەس.

89. 91.We consume about 74 gigabytes -- nine DVDs worth -- of data every day.

ئێمەی مرۆڤ رۆژانە نزیکەی 74 گێگابایت واتە بەقەدەر قەبارەی نۆ دیڤیدی، داتا بەکاردەبەین.

90. There are at least 5,000 people in the U.S. who identify themselves as real vampires, a survey found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، تەنها لەئەمەریکا، لانیکەم پێنج هەزار کەس هەن کە خۆیان وەك ڤامپایەر ناساندووە.

جا بیلموناسەبە ڤامپایەر بە حساب کەسی مردووەو زیندوو بووەتەوەو گازدەگرێ لەپشتەملی خەڵك و خوێنیان دەمژێ.

91. The world's most expensive musical instrument, a Stradivarius violin, was sold in 2011 for US$15.9 million.

گرانترین ئامێری موزیك لەجیهاندا کەمانچەیەکی ستراديڤاريوسە. ئەم کەمانچەیە لەساڵی 2011 بە 15 ملیۆن و 900 هەزار دۆلار واتە هەزارو پێنج سەدو 90 دەفتەری صەیی فرۆشرا.

ئەمەش پەیوەندی بە شانسەوە هەیە. باوەڕکەن ئێمە مانان ئەو کەمانچەیەمان هەبوایەو بمانبردایە بۆ دارەسوتاوەکەی سلێمانی دەیان وت: کاکە بە هەزار و پێنج دینار دەیفرۆشی، چونکە خۆی بکوژێ و خۆی ببڕێ دوو هەزار دەکات بۆ ئێمە!!!

92. 94. The chances of dying in a plane crash are 1 in 11 million.

ئەمە زانیارییەکی ترسڕەوێنە بۆ ئەو برادەرانەی لەسواربونی تەیارە دەترسن.

ئەگەری مردنت بەهۆی تێکشکانی تەیارەوە یەك لەسەر ملیۆنە.

93. You don't like the original version of a song because it's better. You like it because it's the one you heard first.

تۆ لەبەرئەوە حەزت لەڤێرژنی ئۆریجناڵی گۆرانی نیە کە باشترە بەڵکو لەبەرئەوەیە کە یەکەمجار ئەوەت بیستووە.

94. 96. There's a nude beach under the Golden Gate Bridge in San Francisco.

لەژێر پردی گۆڵدن گەیت لەشاری فرانسیسکۆی ئەمەریکا کەناراوێك هەیە کە خەڵك تێیدا بە فول ئێچ دی دەگەڕێن!

تەبعەن ئەمە هەروەك مەعلومات وەری بگرن. نەچن بچن بۆ ئەو کافرسانییە!

95. 97. Parrots parents name their chicks, and the names follow them for life.

داك و بابی توتی ناوی بێچووەکانیان دەنێن و ئەو ناوەش بەدرێژایی ژیانیان پێوەیان دەمێنێتەوە.

96. 98. Nigeria was the 33rd richest country in the world in the 1970s, then dropped to 13th poorest country by 1997.

لەساڵەکانی 1970کاندا نایجێریا 33هەمین دەوڵەمەندترین وڵات بووە لەجیهاندا. بەڵام دواتر رسوا بوو و لەساڵی 1997 بووە 13هەمین فەقیرترین وڵات لەجیهاندا.

سەد رەحمەت لە ئاغا کە ئەفەرمێ: نەگبەتی سوید ئەکا بە سۆماڵ!

97. 99. Steve Jobs turned down a partial liver transplant from now Apple-CEO Tim Cook 2 years before dying of cancer.

دوو ساڵ پێش مردنی ستیڤ جۆبز، تیم کوك کە ئێستا بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئەپڵە، ویستی بەشێك لەجگەری پێشکەش بکات تا لەلەشی جۆبزدا بچێنرێت بەڵام جۆبز رەتیکردەوە.

98. 100. Elephants are scared of bees.

فیل زۆر لەهەنگ دەترسێت!

99. 101. 1 in every 8 deaths on earth are linked to air pollution, a study says.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، لەهەموو هەشت حاڵەتێکی مردن، یەکێکیان پەیوەندی پیسبونی ژینگەوە هەیە.

100. 102. In 2007, a man faked his own death to see how many people attended his funeral.

لەساڵی 2007، پیاوێك خۆی کرد بە مردوو بۆ ئەوەی بزانێت کێ ئامادەی بەڕێکردنی جەنازەکەی دەبێت.

تاقیکردنەوەیەکی راقییە!

101. 103. A new skyscraper is built in China every five days.

لە چین هەموو پێنج رۆژ جارێك باڵەخانەیەکی هەوربڕی نوێ دروستدەکرێت.

102. 104. 90% of the world's Internet Users Don't Use Twitter.

لەسەدا 90ی بەکارهێنەرانی عەنتەرنێت لەجیهاندا، تویتەر بەکارناهێنن.

103. A study in 1999 found 1 sq kilometer (247 acres) of Amazon rainforest can contain about 90,790 tonnes of living plants.

لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 1999 دەریخستووە کە هەر کیلۆمەترێك چوارگۆشەی دارستانی باراناویی ئەمازۆن دەکرێ 90 هەزارو 790 تۆن رووەکی زیندوو لەخۆبگرێت.

104. Polar bears can swim 60 miles (96 km) without stopping.

ورچی جەمسەری دەتوانێت بەبێ وەستان بۆ ماوەی 96 کیلۆمەتر مەلەبکات.

105. 107. The Earth is smoother than a billiard ball, if both were the same size.

ئەگەر قەبارەی زەوی بەقەدەر تۆپێکی بلیارد بچوکبکرێتەوە، ئەوا رووی زەوی لەڕوی تۆپەکە سافتر دەبێت.

106. On April 18, 1930, the BBC announced, "There is no news today," and played piano music instead.

لە 18-4-1930 رادیۆی بی بی سی رایگەیاند، ئەمڕۆ هیچ هەواڵێك نیە. لەبری ئەوە موزیکی پیانۆیان لێدا.

ئەمە بەڵگەی ئەوپەڕی راستگۆییە. سڵاو لە بی بی سی و هەموو میدیا راستگۆکانی تر هەرچەندە دڵنیام ئەم سڵاوە بەر ژمارەیەکی کەم میدیا دەگرێتەوە.

107. There's a small town in France called "La-mort-aux-Juifs," meaning "Death to Jews."

لە فەرەنسا شارێك هەیە بەناوی "مەرگ بۆ جولە".

108. 110. Sultan Moulay Ismail, who ruled Morocco in the 17th century, is said to have fathered around 1000 children .

ئیمانم نەچێ و بەینی خۆمان بێ، دەووترێت سوڵتان مەولای ئیسماعیل کە لەسەدەی 17هەمدا حوکمی مەغریبی کردووە، نزیکەی هەزار منداڵی هەبووە.

یەك پرسیاری جەوهەری لێرەدا خۆی قوتدەکاتەوە. ئەویش ئەمەیە. گریمان ئەم برادەرە لەڕوی توانای سێکسییەوە زۆر بەقووەت بووە. بەڵام ئەی چۆن فریا کەوتووە لەکاتێکدا حوکمی وڵاتێکیشی کردووە؟!

109. 111. You spend 10% of your waking life blinking.

دە لەسەدی ئەو کاتانەی بەخەبەریت، بە چاوتروکاندن بەسەردەبەیت.

110. 112. A man left Havana in a hot air balloon in 1856 and has been missing ever since.

لەساڵی 1856، پیاوێك لەشاری هاڤانای کوبا بە باڵۆنێکی هەوای گەرم گەشتێکی ئەنجامدا. بەڵام لەوکاتەوە نەبینراوەتەوەو بێسەرو شوێنە.

111. 25% of the human bones are on the feet.

لەسەدا 25ی ئێسکەکانی مرۆڤ، لەقاچەکانیدایە.

112. 114. 80% of plane crashes occur in the first 3 or last 8 minutes of a flight.

لەسەدا 80ی روداوەکانی تێکشکانی تەیارە لە سێ دەقەی سەرەتا یان هەشت دەقەی کۆتایی فڕینەکە رودەدات.

113. 115. In 1961, Robert F Kennedy said the U.S. would have a black president within 40 years.

لەساڵی 1961، رۆبەرت کێنێدی، برای جۆن کێنێدی کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا، رایگەیاند، ئەمەریکا لەماوەی 40 ساڵی داهاتوودا سەرۆکێکی رەشپێست بەخۆیەوە دەبینێت. فەرمایشتەکەی چەند ساڵێکی کەم پاش ئەو 40 ساڵە هاتەدی.

114. Animals avoid power lines because they see frightening ultraviolet flashes that are invisible to humans.

زیندەوەران بۆیە خۆیان لەتەلی کارەبا لادەدەن چونکە ئەو تیشکە رەنگ سەروووەنەوشەییە تۆقێنەرە دەبینن کە مرۆڤ نایبینێت.

115. 117. Tigers that breed with lions give birth to hybrids known as "tigons" and "ligers."

ئەو زیندەوەرەی لەئەنجامی جوتبونی نێوان پڵنگ و شێر دروستدەبێت زیندەوەرێکی موشەکەل دروستدەبێت بەناوی پڵێر یان شێرنگ!!!

116. 118. The first ever 3D movie was "The Power Of Love," a silent film released in 1922.

یەکەم فیلمی سێ دووری ناوی "The power of love" بووە کە فیلمێکی بێدەنگەو لەساڵی 1922 نمایشکراوە.

117. 119. 80% of all marriages in history were between second cousins or closer.

لەسەدا 80ی هاوسەرگیرییەکانی مێژوو، لەنێوان ئامۆزازاکان یان پورزازاکان یان نزیکتر روویانداوە.

118. 120. In zero gravity, a candle's flame is round and blue.

ئەگەر مۆمێکی داگیرساو بخرێتە شوێنێکەوە کە هێزی راکێشانی زەوی تێدا سفر بێت، گڕەکەی خڕو شین دەبێت.

119.121. Owning a cat can reduce the risk of heart attacks and strokes by more than a third, researchers found.

لێکۆڵەران گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو برادەرانەی پشیلەیان هەیە، توشبونیان بە جەڵدەی دڵ و دەماخ بەڕێژەی زیاتر لە سێیەك کەمترە.

120.In Milan, Italy, it's a legal requirement to smile at all times, except during funerals or hospital visits.

لەشاری میلانی ئیتاڵیا زەردەخەنەکردن لەهەموو شوێنێکدا جگە لەکاتی مەراسیمی بەخاکسپاردنی مردن و سەردانی نەخۆشخانە نەبێت، پێویستییەکی یاساییە.

121.123. Some women in Mauritania force-feed their daughters because obesity for women is idealized in the country.

لە مۆریتانیا هەندێك لەژنان کچەکانیان ناچاردەکەن خواردن زۆر بخۆن چونکە قەڵەوی لەو وڵاتە مواسەفاتێکی موهیمە!!

122.124. Antoni Dobrowolski, the oldest known survivor of Auschwitz, died aged 108 on October 21, 2012, in Poland.

بەتەمەنترین رزگاربوی کامپی لەناوبردنی جولەکەکانی ئۆشفیتز، برادەرێکە بەناوی ئەنتونی دۆبرۆلسکی. ئەمە لە 21-10-2012 لە پۆڵەندا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت!

123.HP Printer black ink is more expensive than blood.

حیبرە رەشەکەی پرینتەری مارکەی ئێچ پی، لە خوێن گرانترە.

124.New York is the unhappiest city in the U.S., a 2014 research found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2014، شاری نیۆرك نابەختیارترین شارە لەسەرتاسەری ئەمەریکادا. باشە کاکە!

سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە دەنگی دەهۆڵ لەدورەوە خۆشە!

125.127. Every 90 seconds, one woman dies during pregnancy or childbirth.

هەموو 90 چرکەیەك، ژنێك لەکاتی دوگیانی یان منداڵبون، گیان لەدەست دەدات.

126.128. A single cigarette contains over 4,800 chemicals, 69 of which are known to cause cancer.

هەر جگەرەیەك زیاتر لەچوار هەزارو 800 ماددەی کیمیایی تێدایە. لەوانەش 69یان هۆکاری توشبونی شێرپەنجەن.

127. 129. About 24,000 people are killed by lightning strikes around the world each year.

هەموو ساڵێك لەسەرتاسەری جیهاندا نزیکەی 24 هەزار کەس تەنها بەهۆی بەرکەوتن بە هەورەبروسکە گیان لەدەست دەدەن.

128. 130. Between 1838 and 1960, more than half the photos taken were of babies.

زیاتر لەنیوەی ئەو وێنانەی لەنێوان ساڵی 1838 بۆ 1960 گیراون، وێنەی منداڵن.

129. 131. Every U.S president with a beard has been a Republican.

سەرجەم ئەو سەرۆکانەی ئەمەریکا کە ریشیان هەبووە، سەربە کۆمارییەکان بوون.

130. 132. It took Victor Hugo 12 whole years to write the novel "Les Miserables."

نوسینی رۆمانی بێنەوایان لەلایەن ڤیکتۆر هوگۆوە، 12 ساڵی تەواوی پێچووە.

131. 133. Octopus blood is blue.

رەنگی خوێنی هەشتپێ شینە.

132. 134. During WW2, two polish doctors saved 8,000 Jews from the Holocaust by faking a typhus epidemic that stopped the Nazis entering their town.

لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا، دوو پزیشکی پۆڵەندی لەرێگەی بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ئەوەی کە گوایە پەتای تای خاڵدار لەناو شارۆچکەکەیاندا بڵاوبووەتەوە، توانییان ژیانی هەشت هەزار جولەکەی دانیشتوانی شارۆچکەکە رزگاربکەن، چونکە بەهۆی ئەو دەنگۆیەوە ئەڵمانە نازییەکان نەچونە ناو شارەکەوە.

133. 135. It's not illegal to go topless in NYC.

لەشاری نیۆرکی ئەمەریکا، گەڕان بە سنگی روتەوە کارێکی نایاسایی نیە.

134. 136. Bolivia has 37 official languages.

بۆلیڤیا کە وڵاتێکی ئەمەریکییە، 37 زمانی رەسمی هەیە.

135. 137.Karl Marx last words were "Go on, get out! Last words are for fools who haven't said enough!".

ئەخیر قسەی ژیانی کارل مارکس ئەمە بوو: بەردەوام بە، بچنە دەرەوە، قسەی کۆتایی بۆ ئەو بێعەقڵانەیە کە پێشتر وەك پێویست قسەیان نەکردووە.

دیارە مەبەستی ئەوە بووە کە لەژیانیدا هەموو شتێکی وتووەو هیچی نەماوە بیڵێت.

136. 138. In 2014, a prisoner escaped a detention center in Arizona to spend Valentine's Day with his girlfriend.

لەساڵی 2014، زیندانییەك لەویلایەتی ئەریزۆنای ئەمەریكا بۆ ئەوەی جەژنی ڤالانتاین لەگەڵ كەپڵەكەیدا بەسەربەرێت، لەسەنتەری راگرتنەكەی هەڵات.

137. 139. The average rent for a one-bedroom in Manhattan, New York is US$3,400.

كرێی مانگانەی ئاسایی یەكەیەكی نیشتەجێبون كە تەنها یەك ژوری نوستنی هەبێت، لەگەڕەكی مانهاتنی شاری نیۆرك، 34 وەرەقەیە.

138.زۆر هەرزانە بۆپیاوی فەقیر!!!

139. 140. Most streets in Japan have no name.

زۆربەی شەقامەكانی یابان، ناویان نیە.

140. 141. More than a third of Europeans have a mental health disorder.

زیاتر لە سێیەكی ئەوروپییەكان كێشەی دەرونییان هەیە.

لێرەدا پرسیارێك خۆی قوتدەكاتەوەو دەفەرموێ: ئەوروپا بەو هەموو سەقامگیری و پێشكەوتن و دیموكراسی و عەدالەتەوە سێیەكی دانیشتوانەكەی كێشەی دەرونییان هەبێت، ئەی ئەبێ لای ئێمە بەو هەموو قۆڕییاتەوە كێشەی دەرونیمان چەند بێت؟!!

141. 142. Jamaica, Colombia and St Lucia are the only countries where a woman is more likely to be a boss than a man.

لەسەرتاسەری جیهاندا، تەنها سێ وڵات هەن كە ئەگەری بوون بە مدیری ژن تیایاندا لەپیاوان زیاترە: جامایكا، كۆڵۆمبیا، ساینت لوسیا.

142. 143. In Spanish, the word "esposas" means both "wives" and "handcuffs."

لای خۆمان زۆرجار دەووترێت وشەی ژن لەژانەوە هاتووە چونكە زۆرجار دەبی بە فیلم بەدەستییەوەو ژیانت لێدەكات بە دۆزەخ. بێگومان ئەگەر ژنەكە باش نەبێت.

لەزمانی ئیسپانیشدا چتێكی تەقریبەن لەو بابەتە هەس. وشەی esposas لەو زمانەدا هەم بەمانای ژن دێت، هەم بەمانای ئەو كۆتە دێت كە دەخرێتە مەچەكی زیندانییانەوە.

خوا پێم نەگرێ و ئیمانم نەچێ رەنگە هۆكارەكەی ئەوە بێت كە پێیان وابێت ژن پیاو كۆت و بەنددەكات و دەیزنجیرێنێت!!!

143. 144. Tibetans say hello by sticking their tongues out at each other.

خەڵكی هەرێمی تبت، لەڕێگەی دەرهێنانی زمان لەیەكترەوە، بە یەكتر دەڵێن: مەرحەبا؟!!

144. 145. There are approximately 38,000 known species of spiders.

نزیکەی 38 هەزار جۆر جاڵجاڵۆکە هەیە.

145. Meet Violet Jessop, a ship nurse who served on each of the three sister-ships, Titanic, Britannic and Olympic. While she was on board, the Olympic collided with a warship and nearly sank, the Titanic hit an iceberg and sank, the Britannic hit an underwater torpedo and sank, but Violet was able to survive all three.

پەرستارێك هەیە لەمێژوودا بەناوی میت ڤایۆلێت جێسۆپ کە لەسەر کەشتی خزمەتی کردووە. ئەم ژنە لەسەر هەرسێ کەشتی دەستەخوشك تایتانیك و بریتانیك و ئۆڵیمپیك خزمەتیکردووە. لەکاتێکدا لەسەر ئۆڵیمپیك بوو، ئەو کەشتییە خۆی کێشا بە کەشتییەکی جەنگیداو خەریکبوو نوقمبێت. لەکاتێکدا لەسەر تایتانیك بوو، خۆی کێشا بە شاخە سەهۆڵینەکەو نقومبوو. لەکاتێکیشدا لەسەر بریتانیك بوو، موشەکێکی ژێرئاوی بەر کەشتییەکە کەوت و نقوم بوو. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لەهەموو ئەو روداوانەدا ئەم ژنە نەمردوو رزگاری بوو.

146. 147. 73% of Americans believe that Jesus was born of a virgin.

تەنها لەسەدا 73ی ئەمەریکییەکان پێیان وایە کە حەزرەتی مەسیح لە کچ لەدایکبووە.

147. 148. People who spend a lot of time on the internet are more likely to be depressed, lonely and mentally unstable, a study found.

لێکۆڵینەوەیەك گەیشتووەطە ئەو ئەنجامەی کە ئەو کەصانەی کاطێکی زۆر لەصەر عەنطەرنێت بەصەردەبەن، ئەگەری طوشبونیان بە خەمۆکی و طەنیایی و ناجێگیریی دەرونی، زیاترە.

148. 149. In Britain, a woman was given 20 months in jail for creating fake Facebook profiles to send abusive messages to herself.

لە بریتانیا پاش ئەوەی ژنێك چەند فەیسبوکێکی ساختەی دروستکردو لەڕێگەیانەوە نامەی ناشرینی بۆ خۆی نارد، سزای شەش مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنرا.

149. 150. The World's deadliest sniper ever, Simo Hayha, had 505 confirmed kills in less than 100 days during the Winter War.

غەزەبترین نیشانپێك لەمێژوودا برادەرێکە بەناوی سیمۆ هایها کە لانیکەم 505 کەسی لەماوەی کەمتر لە 100 رۆژی میانەی ئەوەی بە جەنگی زستان ناسراوە کوشتووە.

دیارە ئەم برادەرە مرۆڤ بە کەوو رێوی تێگەیشتووە!!!

150. 151. Shakira was rejected from the school choir because the teacher thought she sounded like a goat.

لەسەردەمی قوتابخانەیدا، شەکیرا لە کۆڕاڵ دەرکراوە چونکە مامۆستاکەی پێیوابووە کە دەنگی لەبزن دەچێت.

151. 152. $28 billion dollars were donated by Bill Gates so far.

بیڵ گەیتس تا ئێستا 28 ملیار دۆلار واتە دوو ملیۆن و هەشت صەد هەزار دەفتەری صەیی، بەخشیوە.

152. 153. More than 28,000 people died during terrorist events in 2015.

تەنها لەساڵی 2015، زیاتر لە 28 هەزار کەس بەهۆی روداوە تیرۆریستییەکانەوە، کوژراون.

153.بەداخەوە ئەم فاکتە جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە.

154. 154. Queen Victoria survived at least 7 assassination attempts.

شاژنە ڤیکتۆریای بریتانیا لانیکەم لە حەوت هەوڵی تیرۆریستی رزگاری بووە.

155. 155. Each year, 15 million girls get married before the age of 18.

هەموو ساڵێك 15 ملیۆن کچی خوار تەمەن 18 ساڵ، لەسەرتاسەری جیهاندا، شوودەکەن.

ئەمەش دەیسەلمێنێت کە مرۆڤ زیندەوەرێکی دڕندەیە چونکە زۆربەی کچ لەو تەمەندا مەسڵەحەتی خۆی نازانێت و دواتر دەبێت بە فیلمی هندی بەدەست مێردی خراپ و ماڵ و منالەوە.

156. 156. The Titanic's architect, Thomas Andrews, was among those who died in the sinking.

ئەو ئەندازیارە ئیشقۆڕەی کە کەشتی تایتانیکی دروستکردبوو، لەکاتی نقومبونیدا لەناو کەشتییەکەدا بوو و هەر لەو روداوەشدا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

157. 157. The average person burns 80 calories per hour while typing.

هەر دەقەیەك تایپی کەسێکی ئاسایی، 80 کالۆری دەسوتێنێت.

158. 158. 24 rabbits that were introduced to Australia in 1859 had multiplied in number to over 2 million in ten years.

لەساڵی 1856، بیست و چوار کەروێشك خرانە ئوسترالیا. لەماوەی 10 ساڵدا ئەو 24ە بوون بە زیاتر لە دوو ملیۆن.

ئەوە ئێرەبوایە، 24ەکە، دەمودەست 10یان راودەکردو دەیانکرد بەشیشداو بەدەم خواردنەوە دەیانوت ئۆففففففففففففف کە خۆشە!

159. 159. During the 16th century and until the late 19th, young boys in the Western world wore gowns or dresses up until the age of eight.

لەسەدەی 16هەم تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش، منداڵانی کوڕ لەجیهانی خۆرئاوا، تا تەمەنی هەشت ساڵی عەزییان لەبەردەکرد.

160. A nanometre is about as much as your nails grows every second.

نانۆمەترێك بریتییە لەنزیکەی ئەو بڕەی نینۆکمان کە لەماوەی یەك چرکەدا درێژدەبێت.

161. There are over 30 replicas of the Eiffel Tower around the world.

لەسەرتاسەری جیهاندا، زیاتر لە 30 هاوشێوەی تاوەری ئیفڵ هەیە.

جا بیلموناسەبە کورد ئەوەندە عەکسە تائێستاش هەندێکیان بە تاوەری ئیفل دەڵێن ئیڤڵ و بە بەرنامەی ڤایبەریش دەڵێن فایبەر!!!

162. 162. Alexander the Great had heterochromia iridum: one of his eyes was blue and the other was brown.

ئەسکەندەری مەزن چاوێکی شین بووەو چاوەکەی تری قاوەیی بووە.

163. 163. Sony sold more than 12 millions of floppy disks in 2009.

ئەو فلۆپییەی کە ئێستا لەکورد بێکەسترەو کەس لێی ناپرسێ، کۆمپانیای سۆنی تەنها لەساڵی 2009، زیاتر لە دوانزە ملیۆنی لێفرۆشتووە.

164. 164. A wild turkey can run at speeds up to 25 mph.

خێرایی رۆیشتنی قەلی کێوی دەگاتە 25 میل لەسەعاتێکدا.

165. 165. In Victoria, Australia, only a licensed electrician is allowed to change a light bulb.

لەهەرێمی ڤیکتۆریای ئوسترالیا، تەنها کارەباچیی خاوەن ئیجازە، رێی پێدەدرێت گڵۆپ بگۆڕێت.

166. 166. In 1898, Nikola Tesla predicted drone warfare.

لەساڵی 1898 واتە نزیکەی 120 ساڵ لەمەوبەر، نیکۆلا تێسلا پێشبینی جەنگی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کردووە. پێشبینییەکەشی راست دەرچوو بێگومان.

تەبعەن ئەم برادەرە یەکێکە لەلێهاتوترین کەسایەتییەکانی مێژوو و چاومانە!

167. 167. 24k Gold melts at 1063°C or 1945°F.

ئاڵتونی عەیارە 24 لە 1063 پلەی سەدیدا دەتوێتەوە.

168. 168. In Jamaica, sex between men is punishable with up to 10 years' imprisonment. But lesbian action is allowed.

لەو جامایکایەی لای خۆمان، سێکسکردن لەنێوان پیاواندا تاوانەو سزاکەی دەگاتە 10 ساڵ زیندانی بەڵام لەنێوان ژنان خۆیاندا واتە هاوڕەگەزبازیی مێیینە رێپێدراوە.

ئا ئەمەیە ئەڵێ بانێکەو دوو هەوا. ئەگینا هاوڕەگەزبازی لەنێوان هەردوو رەگەزدا تاوانێکی عەیارە 24ی نامرۆڤانەیە.

169. 169. The Spanish flu caused about a third of total military deaths in WW1.

یەك لەسەر سێی مردنەکانی سوپا لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەهۆی ئەنفلۆنزای ئیسپانییەوە بووە.

170. 170. 75% of people who marry partners from an affair eventually divorce.

لەسەدا 75ی ئەو هاوژینانەی پاش حوبحوبێنە دەیزەوجێنن، دواتر لێك جیادەبنەوە.

171. In 2014, about 89% of Google's US$66 billion in revenue came from advertising.

نزیکەی لەسەدا 89ی داهاتی ساڵی 2014ی کۆمپانیای گوگڵ کە 66 ملیار دۆلار بووە، بەهۆی ریکلامەوە دەستیکەوتووە.

172. 172. The Statue of Liberty is estimated to be hit by about 600 bolts of lightning every year.

ژمارەی ئەو هەورەبروسکانەی ساڵانە لەپەیکەری ئازادی دەدەن، بە زیاتر لە 600 هەورەبروسکە دەخەمڵێنرێن.

173. 173. Giving birth can cause an orgasm: the release of hormones during delivery can push some women to ecstasy.

دەکرێ منداڵبون ئۆرگازم لەلای ژن دروستبکات. چونکە لەکاتی دەرچونی منداڵەکە لەجەستەی ژنەکەوە چەند هۆرمۆنێك دەردەدرێت کە هەندێك لەژنان دەگەیەنێتە ئۆرگازم.

هەرچەندە هەندێك ژن ئەم کوالیتییەیان هەیە بەڵام هیچیان باسی ئەو مواسەفاتە ناکەن تەنها مێشکی پیاوی داماویان بەوە کونکردووە کە منداڵبون ئازارێکی بێوێنەی هەیەو خۆزگە رۆژێك پیاو منداڵێکی ببوایە!!!

174. 174. Smoking causes 1 in every 5 deaths in the U.S. every year.

لەهەموو پێنج مردنێکی ئەمەریکا، هۆکاری یەکێکیان جگەرەیە.

ئێنجاکونێ بۆیە جگەرەکێشی خۆشەویست: بەخوێندنەوەی ئەم فاکتە دەسبەجێ پشتەملی جگەرەکەت بگرەو بیکە بە دوو کەرتەوەو بیکە تەنەکەی خۆڵەوەو وازی لێبێنە چونکێکوم بەدوری مەزانە رۆژێك لەڕۆژان یەکێك لەو پێنجە توبیت.

175. 175. 1% of the World's Water Is Drinkable.

تەنها لەسەدا یەکی ئاوەکانی جیهان، بۆ خواردنەوە دەشێن.

رەقەمێکی جوانە!

176. 176. The "cheerleader effect", the theory that girls look more attractive in groups, is scientifically proven.

ئەو بیردۆزەی کە دەفەرموێ کچان بە گروپ سەرنجڕاکێشتر دەردەکەون، بەشێوەیەکی زانستی سەلمێنراوە کە راستە.

تەبعەن ئەمە بە نیسبەت رەگەزی بەرامبەرەوە، ئەگینا بە نیسبەت خۆیانەوە پێموانیە سەرنجڕاکێشتر دەربکەون و هەمیشە بەگشتی نە دانویان پێکەوە دەکوڵێ و نە محەلەبیشیان پێکەوە دەبیەستێ بەتایبەت لەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە روخسارەوە هەیە.

177. 177. Most female tarantulas will eat males after mating.

زۆربەی گورگەجاڵجاڵۆکە مێینەکان پاش سێکس، نێرینەکە دەخۆن.

ئەوەیە رۆمانسییەت!
ئیحتیمالی هەیە "عەگ بوخۆم"ەکەی لای ئێمەی مرۆڤ، فکرەکەی لەوانەوە وەرگیرابێت!

178. 178. The World's smallest poisonous frog is less than a centimeter long and its skin is 200 times more toxic than morphine.

بچوکترین بۆقی ژەهراوی لەجیهاندا، درێژییەکەی لەسانتیمەترێك کەمترەو پێستەکەی 200 جار لەمۆرفین ژەهراویترە.
بۆیە ئەگەر بینیت نەچی بچی بیگری و کوردئاسا بڵێی: وەی لۆلەگیان کە جوانە، کوبانی!

179. 179. The first thing ever bought and sold across the Internet was a bag of marijuana around 1971.

یەکەم شت کە لەرێگەی عەنتەرنێتەوە کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە، کیسێك ماریجوانا بووە لەساڵی 1971 واتە پێش چاپبونی ئێمەمانان!

180. 180. It's estimated 1.5 million people are "missing missing" in the U.S.; people who have disappeared but haven't been reported as missing.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەئەمەریکا "بێسەروشوێنبووی بێسەروشوێنبوو"ن واتە بێسەرووشوێنبوو دووجان بە ملیۆنێك و 500 هەزار کەس دەخەملێنرێن. ئەم کەسانە بۆیە وایان پێدەووترێت چونکە سەرباری ئەوەی بێسەروشوێن بوون، دەسەلاتدارانیشیان لێ ئاگادارنەکراوەتەوە کە بێسەروشوێن بوون.
ئێستا ئێوە واز لەخەفەتەکەی بهێنن.. بەلام هەولبدەن سێ جار بە سەریعی بیلێنەوە!!

181. 181. There's US$75 trillion in the entire world. If this is distributed amongst all people on Earth, each person will have less than $11,000.

لەسەرتاسەری جیهاندا، 75 ترلیۆن دۆلار هەیە. ئەگەر ئەم پارەیە بەسەر هەموو دانیشتوانی جیهاندا دابەشبکرێت، هەرکەسەو نزیکەی 11 هەزار دۆلار واتە دەفتەرێکی صەیی و 10 وەرەقەی بەردەکەوێت.

182. Pollution kills more than 1 million seabirds and 100 million mammals every year.

پیسبونی ژینگە ساڵانە زیاتر لە یەك ملیۆن باڵندەی دەریایی و سەد ملیۆن زیندەوەری مەمکدار دەکوژێت.

183. 183. One woman dies every hour in India because of dowry-related crimes.

هەموو سەعاتێك لە هندستان ژنێك بەهۆی تاوانی پەیوەندیدار بە مارەییەوە دەکوژرێت.
کەواتە جارێکی تر مرۆڤ سەلماندی کە دڕندەترین زیندەوەرە. لەم تاوانانەشدا پشکی شێر بە پیاو دەکەوێت..

184. 184. Venezuela was the most murderous place on Earth in 2015, where one person was murdered every 21 minutes.

لەساڵی 2015، ڤەنزوێلا کوشندەترین شوێن بووە لەسەرتاسەری جیهاندا. هەموو 21 دەقەیەك، کەسێکی تێدا کوژراوە.

185. 185. In the 16th century, a London law forbade wife beating after 9:00 P.M., but only because the noise disturbed people's sleep.

لەسەدەی 16هەمی زاینیدا، لەندەن بەپێی یاسایەك لێدانی ژنی لەدوای سەعات نۆی شەوەوە قەدەغەکرد.
بەڵام نەچی بچی وابزانی پاڵنەری ئەو قەدەغەکردنە مافی ژن و رێزگرتن لەخانمان بووە چونکە مێژووی ئەورووپا ئەوەندە شەریف نیە لەو رووەوە. بەڵکو هۆکاری ئەو قەدەغەکردنە ئەوە بووە کە دەنگەدەنگی لێدانەکە خەوی خەڵکی تێکداوە!!!

186. A 70-year-old man robbed a Kansas City bank and then sat down in the lobby, saying he'd rather live in jail than with his wife.

نامەوێت شەڕی تائیفی دروستبکەم لەنێوان پیاوو ژندا بەڵام کەم نین ئەو پیاوانەی ژنی خراپ، ژیانی لێکردون بە ژان و دۆزەخ.
با زۆر دوور نەڕۆین، هەر لەو شاری کەنساسەی ئەمەریکای لای خۆمان، پیاوێکی تەمەن 70 ساڵ هەڵیکوتایە سەر بانکێك و پاشان لەهۆڵەکەیدا دانیشت و وتی: ژیان لەزیندان باشترە وەك لەگەڵ ژنەکەم!
بێگومان ئەم ڤێرژنە پیاوەشمان هەیە کە هاوسەرەکەی گیریخواردووە بەدەستییەوە.
سڵاو لەهەموو پیاوو ژنێکی باش و لێبوردەو بۆیەکتر سوڵحاوو ئەو شتانە!

187. During your lifetime, you will produce enough saliva to fill two swimming pools.

کۆی ئەو لیکەی جەستەت بەدرێژایی ژیانت دەریدەدات، دوو حەوزی مەلەکردن پردەکات.

188. Receiving a text message which says, “”can I ask you a question” is known to scare 99% of people!

تێسکتەنامەی "ئەتوانم پرسیارێکت لێبکەم" بەوە بەناوبانگە کە لەسەدا 99ی ئەو کەسانە دەتۆقێنێت کە بۆیان دەرنێردرێت.

189. Monkeys floss their teeth

مەیمون بە دەزوو ددانەکانی پاکدەکاتەوە.

190. Every ten minutes, someone is murdered in Brazil.

هەموو 10 دەقەیەك، کەسێك لە برازیل دەکوژرێت.

191. 191. Some parts of Antarctica have had no rain or snow for the last 2 million years.

هەندێك شوێنی جەمسەری باشوری گۆی زەوی هەیە کە لەماوەی دوو ملیۆن ساڵی رابردوودا باران یان بەفری لێنەباریوە.

192. Every year, about a million girl fetuses are aborted and tens of thousands of girl babies are abandoned in China because of the country's one-child policy.

بەهۆی سیاسەتی یەك منداڵی حكومەتی چینەوە، ساڵانە نزیكەی یەك ملیۆن كۆرپەی كچ لەباردەبرێن و دەیان هەزار منداڵی كچی تریش، فڕێدەدرێن.

193. 193. Americans spent about US$61.4 billion on their pets in 2011.

لەساڵی 2011، ئەمەریكییەكان نزیكەی 61 ملیارو 400 ملیۆن دۆلاریان، تەنها لەزیندەوەرە ماڵییەكانیاندا خەرجكردووە.

194. 30,000 websites are hacked every day.

رۆژانە 30 هەزار ماڵپەڕ هاكدەكرێن.

195. In Belarus, it is illegal to applaud in public.

لەڕوسیای سپی، چەپڵەلێدان لەشوێنە گشتییەكاندا، كارێكی نایاساییە.

196. Many animals have been reported to commit suicide, including dogs, cows, bulls, and sheep.

سەربارى لەمرۆڤی ئیشجوان، تائێستا چەندین زیندەوەری تر خۆیان كوشتووە لەوانە سەگ، مانگا، گا، مەڕ.
بەڵام تۆ بڵێی بیرۆكەی ئەم ئیشەڤۆڕە، كامیان لەكامیان وەرگرتبێت؟!

197. Having an orgasm at least 3 times a week cuts in half the likelihood of coronary heart disease.

گەیشتن بە ئۆرگازم لانیكەم سێ جار لەهەفتەیەكدا، ئەگەری توشبون بە نەخۆشییەكانی خوێنبەری تاجیی دڵ، بەڕێژەی نیوە كەمدەكات.
ئۆرگازمی یاسایی، ئەگینا زیانەكانی زۆر لەو نەخۆشییانە زیاترە.

198. 198. A quarter of all Americans did not read a single book in 2013.

یەك لەسەر چوار ئەمەریكییەكان، لەساڵی 2013، تەنها یەك كتێبیشیان نەخوێندووەتەوە.
بێگومان لەو رووەوە لای ئێمەی كورد زۆر خراپترە. ئەگەر بفەرموین ژمارەیەكی زۆر كەس هەن كە نەك ساڵێك بەڵكو دە ساڵیش دەبێت یەك كتێبیان نەخوێندووەتەوە، فەرمایشتەكەمان راست دەردەچێت!!!

199. 199. Looking at a photo of a loved one reduces pain by 44%, a study found.

بەگوێرەی لێكۆڵینەوەیەك، سەیركردنی وێنەی كەسێكی خۆشەویستت، ئازار بەڕێژەی لەسەدا 44 كەمدەكاتەوە.

200. Seven people alive today were born in the year 1900.

لەئێستادا کە 2016/9/14یە، تەنها حەوت کەسی لەدایکبوی ساڵی 1900، لەژیاندا ماون. سەرجەم ئەوانی تر عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە!

201. 201. A small survey of college men revealed that 1 in 3 of them would commit rape if they knew no one would find out.

لێکۆڵینەوەیەکی بچوك كە لەسەر کوڕانی زانکۆ ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە کوڕان ئەگەر بزانن کەس پێیان نازانێت، ئەوا تاوانی لاقەکردن ئەنجامدەدەن.

ئەمە جارێکی تر جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرەو لەناو مرۆڤیشدا پیاوان دڕندەترن لەژنان.

202. 202. 55 percent of Americans are in favor of same-sex marriage.

لەسەدا 55ی ئەمەریکییەکان پشتگیری هاوسەرگیریی نێوان هاوڕەگەزبازەکان دەکەن.

بەداخەوە ئەمە جەختدەکاتەوە کە کۆمەڵگەی ئەمەریکا لەحکومەتەکەیان شەریفتر نیە.

203. 203. If you are nominated for an Oscar and lose, you get a $50,000 consolation prize.

ئەگەر فەخامەتی جەنابت بۆ خەڵاتی ئۆسكار کاندیدبکرێیت بەڵام نەیبەیتەوە، ئەوا خەڵاتێکت پێدەدرێت کە پێی دەووترێت "خەڵاتی ژیرکردنەوە!".

نەچی بچی گاڵتە بەم خەڵاتە بکەیت چونکە بڕەکەی کەم نیە. پێنج دەفتەری صەییە!

ئەوە بۆیە کاندیدەکان ئەگەر خەڵاتەکەش نەبەنەوە هەر دڵخۆشن و پێدەکەنن!

204. 204. Have a stomach ache? Lay on your left side and rub your stomach in clockwise circles. It’ll help!

ئازارێك لەسکتا هەیە؟ لەسەر لای چەپت بکەوەو بەئاڕاستەی میلی کاتژمێرو بەشێوەیەکی بازنەیی دەست بە سکتا بهێنە. ئەم بەزمە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ سوککردن یان نەمانی ئازارەکە.

بەڵام هەوڵبدە ئەمە بەتەنهاو دوور لەچاوی کەسوکار بکەیت، نەوەك بڵێن: وەیش توخوا، بەخوا ئەویش فت، عەقڵی تێکچووا!

205. Soccer player Ronaldinho came to media attention at 13 years old when his team won 23-0. He'd scored all 23 goals.

یاریزانی لێهاتووی فوتبۆڵ رۆناڵدینۆ، هەر لەتەمەنی 13 ساڵییەوە بە حەبل سەرنجی میدیاکانی راکێشاوە.. لەو تەمەنەدا لەتیپێك یاریکردووە کە یارییەکی بە23 گۆڵی خاوێن بردووەتەوە. لەوەش عەجیبتر ئەوە بووە کە هەر 23 گۆڵەکە، رۆناڵدینۆ تۆماریکردووە.

206. 206. TV series "The Walking Dead" makes US$8 million per episode.

هەر ئەڵقەیەکی زنجیرەی تەفەزلیۆنی "The Walking Dead" هەشت ملوێن دۆلار واتە هەشت سەد دەفتەری صەیی قازانج کردووە.

ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.

207. 207. 97% of dieters in the U.S. regain the weight they lost and then some within 3 years.

لە ئەمەریکا لەسەدا 97ی ئەوانەی بەمەبەستی دابەزاندنی کێش پارێزدەکەن، لەماوەی سێ ساڵدا، فلَق وەك خۆیان لێدێتەوە.

ئەگەر لەئەمەریکا وابێت ئەوا حەتمەن لێرە رێژەکە زیاترە یان قەڵەوبونەوەکەی دوای پارێز، خێراترە.

208. 208. Bill Gates' Foundation spends more on global health each year than the World Health Organization of the United Nations.

دامەزراوەکەی بیڵ گەیتس لەڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاترە پارەی بەخشیوە لەپێناو تەندروستی جیهانیدا.

بەداخەوە ئێمەی کورد لەناو ئەو سوپەردەوڵەمەندانەماندا کە بە ملیۆن دەڵێین سفر، پیاومان لەماڵ نیە ئەگینا تەنها یەك پیاوی وەك گەیتس بەخشندەمان هەبوایە، ئەوا بە دەگمەن فەقیرمان لەناو ئەم وڵاتە دەبینی.

سڵاو لەگەیتس و ملیۆنێك سوپەردەوڵەمەندی کوردو عەرەب و هتد..ی تریش لەوانەی کە نابەخشن یان بە سرنج دەبەخشن، بەقوربانی ئەم پیاوە بن.

209. 209. Over 5,000 climbers have successfully reached Mount Everest's peak, including a 13-year-old, a blind person, and a 73-year-old woman.

تائێستا زیاتر لە پێنج هەزار کەس بەسەرکەوتویی گەیشتونەتە لوتکەی ئیڤرست. لەناویاندا منداڵێکی تەمەن 13 ساڵ و کەسێکی نابیناو ژنێکی تەمەن 73 ساڵ هەیە.

منیش حەظم لێیەتی بەڵام دوورەو نایگەمێ!

210. A new study finds delays in texting responses may indicate the other person is lying.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە درەنگ وەڵامدانەوەی تێکستەنامە رەنگە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە وەڵامدەرەوەکە درۆدەکات!!

211. In 1939, Adolf Hitler's nephew wrote an article called "Why I Hate My Uncle."

هیتلەر برازایەکی هەبوو رقی لێی بوو. ئەم برازایە لەساڵی 1939 وتارێکی نوسی لەژێر ناونیشانی "بۆ رقم لەماممە؟"

212. 212. There are more than 4 million new bras produced every day.

هەموو رۆژێك زیاتر لەچوار ملیۆن ستیانی نوێ بەرهەمدەهێرێت.

213. 213. Sleeping facedown can change the shape of your breasts over time.

دەکرێ خەوتن لەسەردەم بەتێپەڕبونی کات، شێوەی مەمکی خانمان، بگۆڕێت.

214. There are eight different types of nipples.

گۆی مەمك هەشت جۆری هەیە. واتە تەقریبەن وەك بەنزینەکەی لای خۆمان وایە!!!

215. 215. In New York state, there is a very exclusive restaurant that has a 10-year wait list.

لەویلایەتی نیۆرکی ئەمەریکا، رێستۆرانتێکی زۆر تایبەت هەیە کە سەرەی تا دە ساڵی بۆ نوسراوە.

کەواتە سەرەی ئەشیعەی MRIەکە بەچاوییەوە سەرەی سەمونە!

216. 216. 1% of the world's population is ambidextrous.

لەسەدا یەکی دانیشتوانی جیهان دەتوانن هەردوو دەستیان وەك یەك بەکاربهێنن واتە لەیەك کاتدا راستلەرو چەپلەریشن.

من یەکێك نیم لەو جۆرە کەسانە!!!

217. 217. Because of female sharks' resistance, fewer than 10% of mating attempts actually succeed.

لەبەرئەوەی مێینەی قرش زۆر قیرچەسمەن و لەکاتی جوتبوندا هێندە بەزەحمەت خۆیان دەدەن بەدەستەوە، کەمتر لە 10 لەسەدی جوتبونەکان، سەرکەوتن بەدەستدەهێنن.

دیارە مێینەی قرش ئەو مەبدەئەی هەیە کە سێکسکردن هێرشکردنە بۆ سەریان نەك پەیوەندییەکی رۆمانسی بۆیە قبوڵی ناکەن.

لەناو هاوژینەکانی مرۆڤی ئیشقۆڕیشدا هەندێك خانمان یان رازی نابن یان مەرجی تەعجیزی دادەنێن بۆ مێردەکانیان. جاری واش هەیە بەپێچەوانەوە تا ژنەکە بەرەسمی داوانەکات پیاوەکە هیچ ناڵێت و قەت داواناکات. ئەمانەش هەر هەڵەن و لێکەوتەی

218. People in Kuwait celebrated the end of the first Gulf War by firing weapons into the air. 20 Kuwaitis died from bullets falling from the sky.

سوبحانەڵڵا کوردو عەرەب لەئیشجوانییا ئەڵێی سێوێکن و کراون بەدوو لەتی تەپیوەوە.

خەڵکی کووەیت بەبۆنەی کۆتاییهاتنی جەنگی کەنداوەوە کە لەچنگی سەدام رزگاریکردن، ئاهەنگێکی فراوانیان سازکردو تەقەیەکی زۆری خۆشییان کرد. بەهۆی ئەو تەقانەوە بیست هاوڵاتی ئەو وڵاتە بە گوللـەی وێڵ کوژران.

219. 219. McDonald's restaurants feed 68 million people every day. That's more than the entire population of the U.K.

رێستۆرانتەکانی ماکدۆناڵد رۆژانە خواردن دەدەن بە 68 ملیۆن کەس. ئەمەش لەکۆی دانیشتوانی شانشینی یەکگرتوو، زیاترە.

220. 220. Al Pacino was the first "face" on Facebook.

یەکەم وێنەی دەموچاو کە لەسەر فەیسبوك پۆستکراوە، وێنەی دەموچاوی ئەستێری هۆلیوود، ئەلپاچینۆ بووە.
بەڵام ئەلپاچینۆی ئەسڵ نەك عەلی کەمال!!!

221. 221. On April Fool's day of 2007, Google sent an e-mail out to its employees warning that a python was loose in the facilities. It wasn't a joke.

لە 1-4-2007 واتە لەڕۆژی درۆی نیسانی ئەو ساڵە، کۆمپانیای گوگڵ ئیمەیڵێکی بۆ کارمەندەکانی ناردو ئاگاداریکردنەوە کە مارێکی گەورە لەکارخانەکانیاندا ونبووە. بێگومان روداوەکە راست بوو نەك فشەی نیسان.

222. The probability of two whole fingerprints matching is around 1 in 64 billion.

ئەگەری لێکچونی پەنجەمۆری دوو کەس، بریتییە لەنزیکەی یەك لەسەر 64 ملیار.

223. All existing JFK assassination related documents will be made public by 2017.

تائێستا هەموو بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە جۆن ئێف کێنێدی کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا، بۆ هەموو خەڵم بڵاونەکراونەتەوە. بەڵام لەساڵی 2017 هەر هەموویان بڵاودەکرێنەوە.

ئەم برادەرە باشتر بناسە:

35هەمین سەرۆکی ئەمەریکا بووە. لە 29-5-1917 لەویلایەتی ماساچوستس لەدایکبووە. یەکەم سەرۆکی لەدایکبووی سەدەی بیستەمە. لەجەنگی جیهانی دووەمدا بەشداری کردووە. توانایەکی باشی خوێندنەوەی هەبووە بەشێوەیەك کە دەیتوانی 2000 وشە لەیەك خولەکدا بخوێنێتەوەو بەباشیش لێی تێ بگات. یەکەم سەرۆکە کە برایەکی لەکابینەکەیدا دابمەزرێنێت. لە 22-11-1963 لەلایەن کەسێکەوە بەناوی لی هارڤی ئۆسوۆڵد تیرۆرکراوە. 46 ساڵ و 117 رۆژ ژیاوە. ماوەی سەرۆکایەتی: 20-1-1961 تا 22-11-1963 (2 ساڵ و 10 مانگ و 2 رۆژ). هۆکاری جێهێشتنی سەرۆکایەتی: تیرۆکرا.

224. Lightning strikes Earth about 100 times per second or 8.6 Million times per day.

هەموو چرکەیەك نزیکەی 100 جار هەورەبروسکە لەزەوی دەدات. واتە هەشت ملیۆن و 600 هەزار جار لەهەر رۆژێکدا.

225. Russia is bigger than Pluto.

روبەری روسیا لەڕوبەری هەسارەی پلوتۆ، گەورەترە.

226. Over 80% of Australian adults engage in gambling of some kind, which is the highest rate of gambling in the world.

زیاتر لە 80 لەسەدی هاوڵاتیانی ئوسترالیا بەشێوەیەك لەشێوەكان قوماردەكەن. ئەمەش بەرزترین رێژەیە لەسەرتاسەری جیهاندا.

227. The Bonobo monkey, the closest relative to humans, is naturally bisexual.

جۆرێك مەیمون هەیە پێیان دەووترێت بۆنۆبۆ. ئەم جۆرە كە زۆر لەمرۆڤەوە نزیكە، بەشێوەیەكی سروشتی جوتڕەگەزبازە.

ئیحتیمالی هەیە هەرچی زیندەوەری ئیشقوڕ هەیە بەجۆرێك لەجۆرەكان خزمایەتییەكی لەگەڵ مرۆڤدا هەبێت.

228. Syngenesophobia is the fear of relatives.

جۆرێك نەخۆشی دەرونی هەیە پێی دەووترێت ترس لەخزم.

بەفشەی زانایان ئەمە جۆرێكە لەفۆبیا. هاوڕایانم بەڵام بەخوا جاری واش هەیە خەڵك ناحەقی نیە ئەم جۆرە فۆبیایەی هەبێت چونكە خزمی واهەیە بە قسەیەكەوە دەیگرێت و هەركاتێك بێت بۆ ماڵتان یان بچی بۆ ماڵیان دوبارەی دەكاتەوە.

با رونتری بكەمەوە. بۆ نمونە گریمان تۆ بە منداڵی چویت بۆ ماڵی ئەو خزمەتان یان ئەو هاتووە بۆ ماڵتان و تۆ پەرداخێكت بەدەستەوە بووەو ئەو خزمەشتان كەئێستا پیاوێكی گەورەیە زۆری پێوتویت ئەو پەرداخە دانێ، ئەیشكێنیت. تۆش بە گوێی ناكەیت و دواجار پەرداخەكە دەشكێت و دەستی خۆت بریندارەكەیت. ئەویش ئەڵێ من نەموت ئەیشكێنیت؟

ئێستاش پاش تێپەڕبونی چەندین ساڵ هەركاتێك هاتوچۆی یەكتر دەكەن پێت دەڵێت: بیرت یەت كە پێم وتی دەسكاری ئەو پەرداخە مەكەو تۆش كردت و شكاندت و خۆت بریندارکرد؟!!

ئێ لە دوو شتی واوە كابرا توشی ئەم جۆرە فۆبیایە دەبێت.

229. For every 1 million tons of oil shipped, about 1 ton is spilled.

لەهەر ملیۆن تۆنێك نەوت كە بە كەشتی دەگوازرێتەوە، یەك تۆنی دەڕژێت.

230. At least a dozen Americans were killed by the atomic bomb in Hiroshima, a fact that the U.S. did not acknowledge until the 1970s.

لەئەنجامی هێرشە ئەتۆمییەكەی ئەمەریكا بۆ سەر شاری هیرۆشیمای یابان، جگە لەیابانییەكان، دەیان هاوڵاتی ئەمەریكیش گیانیان لەدەستدا. بەڵام ئەمەریكا تا ساڵی 1970كان دانی بەو راستییەدا نەنا.

231. Without your little finger, you would lose 50% of your hand strength.

نەچی بچی گاڵتە بە پەنجەتوتەی دەستت بكەیت. چونكە بە لەدەستدانی ئەو پەنجەیە، لەسەدا 50ی هێزی دەستت، لەدەست دەدەیت.

232. People are more likely to cry at night because the lack of sleep makes emotions hard to control.

ئەگەری گریانی مرۆڤ لەشەودا زیاترە، چونكە كەمخەوی كەزیاتر لەشەودایە، وادەكات كۆنترۆڵكردنی هەستەكان سەخت بێت.

233. 87% of people ask questions they already know the answers too.

لەسەدا 87ی خەڵك پرسیارگەلێك دەكەن كە وەڵامەكەشی دەزانن.

234. The poorest Americans are still richer than 80% of the world.

فەقیرترین ئەمەریكییەكان، هێشتا بەو حاڵەشەوە لە 80 لەسەدی دانیشتوانی جیهان دەوڵەمەندترن.

235. If the Ancient Persians decided something while drunk, they had a rule to reconsider it when sober. If they made a decision sober, they would reconsider it while drunk.

فارسە كۆنەكان ئەگەر لەكاتی سەرخۆشیدا بڕیارێكیان دەربكردایە، بەپێی یاسا دەبوایە لەكاتێكدا كە لەژێر كاریگەری ئەلكهولدا نەبونایە پیاچونەوەیان بۆ ئەو بڕیارە بكردایەتەوە. بەپێچەوانەشەوە، واتە ئەگەر لەكاتی ئاساییشدا بڕیارێكیان دەربكردایە، پێویست بوو لەكاتی سەرخۆشیدا پیاچونەوەی بۆ بكەن.

236. In Switzerland if you fail the driving license practical exam more than three times, you will have to see an official psychologist who can assess the reasons for your previous failures. Once the psychologist reports that you are once again ready to take the exam, you can try again.

لەسویسرا ئەگەر كەسێك لەكاتی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریدا، زیاتر لە سێ جار لەتراییدا دەرنەچێت، ئەوا بەپێی یاسا پێویستە لەسەری دەروونناسێكی رەسمی ببینێت و هۆكارەكانی ئەو شكستانەی بۆ رونبكاتەوە.

لەوەش زیاتر ئەوەیە كە تا ئەو دەروونناسە راپۆرتێك پێشكەش نەكات و نەفەرمێت ئەو كەسە ئامادەیە بۆ تراییی داهاتوو، ئەم برادەر یان خوشكەدەرە ناتوانێت تراییی داهاتوو ئەنجامبدات. بەڵام هەر كە دەروونناسەكە راپۆرتەكەی پێشكەشكرد، ئەوا دەتوانێت تراییی داهاتوو ئەنجامبدات.

خوا رەحمی كردووە ئەم یاسایە لێرە نیە، ئەگینا لەسەدا 80ی ئەوانەی ئیجازە دەردەهێنن، دەبوایە بخرانەیە لای دەروونناسان. دەروونناسانیش نانیان دەكەوتە رۆنێكی چەوری بێكۆلیسترۆڵەوە!!!

237. Horror writer Stephen King sleeps with his lights on.

ستیفن كینگ كە یەكێكە لەو رۆماننوسانەی بە رۆمان و نوسینە ترسناكەكان ناسراوە، كاتێك كە دەخەوێت، گڵۆپەكانی ژورەكەی ناكوژێنێتەوە.

238. A swarm of 20,000 bees once followed a car for two days because their queen was trapped inside the car.

بەهۆی ئەوەی شاژنەكەیان لەناویدا گیری خواردبوو، جارێك گەلەهەنگێك كە لەنزیكەی 20 هەزار هەنگ پێكهاتبوون، بۆ ماوەی دوو رۆژ شوێن سەیارەیەك كەوتن.

239. A sleeping human brain can still understand the words being spoken around it.

دەماخی مرۆڤی خەوتوو دەکرێ بە خەوتوییش لەو وشانە تێبگات کە لەنزیکییەوە دەووترێن.

240. More civilians were killed in WW2 than soldiers.

لەجەنگی جیهانی دووەمدا، ژمارەی ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی کوژران، لەسەربازەکان زیاتر بوون.
ئەمەش زیاتر پەنی هیتلەرە ئیشقۆڕ بوو.

241. Joseph Stalin was nominated for the Nobel Peace Prize, Twice.

ستالین دووجار بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی کاندیدکراوە.
چونکە زۆر رۆحی سوك بووەو لەجەنگی جیهانی دووەمدا پەپولەیەکیشی بەکوشت نەداوە!!!

242. We learn how to laugh before we learn how to talk.

ئێمە لەپێش ئەوەی فێری قسەکردن بین، فێری پێکەنین دەبین.

243. If the Internet went down for a day, 196 billion emails, 3 billion Google searches, and 500 million Tweets would have to wait.

ئەگەر ئەنتەرنێت بۆ ماوەی تەنها 24 سەعات لەسەرتاسەری جیهاندا ببڕێت، 196 ملیار ئیمەیڵ و سێ ملیار گەڕان لەگوگڵ و 500 ملیۆن تویت لەچاوەڕوانییەکی پێویستدا دەمێننەوە.

244. A study suggests women can tell if a man is a cheater just by looking at him, but men can't do the same with women.

لێکۆڵینەوەیەك پێیوایە کە خانمان دەتوانن تەنها لەڕێگەی سەیرکردنی هەر پیاوێکەوە، بزانن ئەو پیاوە خیانەت دەکات یان نا بەڵام پیاو ئەو مواسەفاتەی نیە!!
تا چەند هاوڕای ئەم لێکۆڵینەوەیەیت؟!

245. More than half of Canada’s population have a college degree, making it the most educated country in the world.

زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی کەنەدا بڕوانامەی زانکۆیان هەیە. بەوەش ئەم وڵاتە یەکەمی بێڕکەبەری جیهانە لەو رووەوە.

246. Marrying your best friend eliminates the risk of divorce by over 70%. These marriages are more likely to last a lifetime.

هاوسەرگیریکردن لەگەڵ باشترین هاوڕێت، مەترسی جیابونەوە بەڕێژەی زیاتر لە 70 لەسەد، ناهێڵێت و ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەگەری زۆرە تا هەتاهەتایە بەردەوام بێت.

247. Put your wet sponge in the microwave for 2 minutes to kill 99% of the bacteria.

ئیسفەنجە تەڕەکەت بۆ ماوەی دوو دەقە لەناو فڕنی کارەباییدا دابنێ، لەسەدا 99ی ئەو بەکتریایانەی تێیدایە دەکوژێت.

248. Hugo Chávez, as president of Venezuela, hosted a TV show every Sunday from 1999 to 2012.

هوگۆ چاڤێز لەساڵی 1999 بۆ 2012 هەرچەندە سەرۆکی ڤەنزوێللا بوو، هەموو یەکشەممەیەك بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەش دەکرد.

249. The world suicide rate has risen by 60% in the last 45 years.

خۆکوشتن لەجیهاندا، لەماوەی 40 ساڵی رابردودا بەڕێژەی لەسەدا 60 بەرزبووەتەوە.

250. The words a, and, be, have, he, I, in, of, that, the and to make up 25% of all written English.

لەسەدا 25ی هەموو ئەو تێکستانەی بە ئینگلیزی دەنوسرێن بریتین لەم وشانە:

a, and, be, have, he, I, in, of, that, the, to.

251. A lack of education can be as deadly as smoking, according to a new study.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ، دەکرێ نەبونی خوێندەواری بەقەدەر جگەرەکێشان کوشندە بێت.

252. There are between 25 to 50 serial killers active in the United States at any one time.

لەئەمەریکا، لەهەرکاتێکدا 25 بۆ 50 فرەبکوژی چالاك هەیە.

مەخسەوی شەریفم لەفرەبکوژی چالاك ئەو پیاوکوژانەن کە مرۆڤ کوشتن و ئاوخواردنەوەیان لەلا وەك یەك وایەو لەکاردان واتە نەمردون و نە لەزینداندان.

253. At Stalin's funeral, 500 people were trampled to death.

لەمەراسیمی بەخاکسپاردنی تەرمی ناشەریفی ستالین، 500 کەس بوون بەژێرەوەو گیانیان لەدەستدا.
ئەم ئیشقۆڕە پاش مردنیشی هەر نەگبەتی بووە بۆ خەڵك.

254. Four million years ago, rats in South America were the size of hippos.

چوار ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، قەبارەی جرج لەئەمەریکای باشور بەقەدەر ماینێکی روبار، بووە.

255. The human brain has enough memory to hold three million hours of television.

یادگا واتە زاکیرەی مێشکی مرۆڤ بەشی سێ ملیۆن سەعات پەخشی تەلەفزیۆنی دەکات.

256. Neil Armstrong's boots are still floating around in space.

کورد وتەنی عەیب نەبێ و پەرژینێکی قایم بێ و حاشاحازری و بێعەیەبی نەبێ لەڕوی جەنابتانا، پوتەکانی نەیل ئارمسترۆنگ تائێستاش لەبۆشایی ئاسماندا وەك کۆلارە دێت و دەچێت!

ئارمسترۆنگ یەکەم کەس بووە کە پێی شەریفی ناوەتە سەر مانگ.

257. Alexander the Great, Napoleon, Mussolini and Hitler, all suffered from ailurophobia, the fear of cats.

هەریەکە لە ئەسکەندەری مەزن و موسۆلۆنی و هیتلەر، نەخۆشی ترس لەپشیلەیان هەبووە.

258. Japan has a network of roads that play music as you drive over them at the correct speed.

ژاپۆن تۆڕێك جادەی هەیە کە ئەگەر بەخێرایی بەرپرسانە سەیارە بەسەریا لێبخوڕیت، موزیك لێدەدات.

بەینی خۆمان بێت تائێستا زۆرترین خێراییت چەند بووە؟

259. NASA estimates that the near-Earth asteroid, Eros, contains 20 billion tons of gold.

هەسارۆچکەیەك هەیە لەنزیك هەسارەی زەوی ناوی ئیرۆسە. بەگوێرەی خەمڵاندنەکانی ناسا، ئەم هەسارۆچکەیە 20 ملیار تەن ئاڵتونی تێدایە. عەگ بەلێوم!

260. The world's oldest fish hooks were found in a cave in Japan, dating from about 23,000 years ago.

کۆنترین قولاپی راوەماسی لەئەشکەوتێك لەژاپۆن دۆزراوەتەوە. مێژووی ئەم قولاپە بۆ نزیکەی 23 هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

261. In 2014, a single parking space in London was sold for £400,000.

لەساڵی 2014، لەو لەندەنەی لای خۆمان، تەنها جێگەی پارککردنی ئۆتۆمبێلێك بۆ 400 هەزار پاوەن، فرۆشرا.

262. In 2009, Bill Gates gave a presentation on mosquitoes and malaria. After he explained the severity of the disease and how it's transmitted via mosquitoes, he ended his presentation by releasing a swarm of mosquitoes into the audience.

لەساڵی 2009 بیڵ گەیتس وتارێکی لەسەر مێشولەو مەلاریا پێشکەشکرد. پاش ئەوەی مەترسی نەخۆشییەکەو چۆنیەتی گواستنەوەی لەڕێگەی مێشولەوە رونکردەوە، وتارەکە بە هەڵدانی کۆمەڵێك مێشوولە بۆ ناو ئامادەبوانی وتارەکە، کۆتایی پێهێنا.

من زۆر موعجیبم بەدوو شتی ئەم پیاوە: بەخشندەییەکەی، زیرەکییەکەی.

263. Monaco, at 2 sq km, is the world's most densely populated country. It has been ruled by the same family since 1419.

مۆناکۆ وڵاتێکی خشپیلانەو خنجیلانەیەو روبەرەکەی تەنها دوو کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. لەڕوی چڕی دانیشتوانەوە یەکەمە لەجیهاندا. ئەم ناسکەوڵاتە لەساڵی 1419ەوە یەك بنەماڵە حوکمی دەکات.

264. 100 pounds of chocolate are eaten in the U.S. every second.

هەموو چرکەیەك، تەنها لەئەمەریکا زیاتر لە 45 کیلۆگرام و 300 گرام چکلێت دەخورێت.

265. Before the Holocaust, Hitler gave the U.S., Great Britain, and many other nations a chance to take in Jewish refugees. They refused.

پێش ئەوەی کۆمەڵکوژییەکەی هۆڵۆکۆست ئەنجامبدات کە تیایدا ملیۆنان جولەکەی لەناوبرد، هیتلەر بە بریتانیاو ئەمەریکاو چەند وڵاتێکی تریشی وت: کاکە من خوێن روو لەجولەکە بەرچاوی گرتوم، بۆیە ئەم جولەکانەی ئەوروپا وەك پەنابەر وەربگرن. بەڵام ئەو وڵاتانە پێشنیازەکەیان رەتکردەوەو وتیان: بڕۆ بۆ حەلاوی باس بکە (بەڵام تەبعەن بە ئینگلیزی و ئەڵمانی).

ئەم فاکتە جەختدەکاتەوە کە بریتانیاو ئەمەریکا بە ناڕاستەوخۆ بەشێکی بەرپرسیارێتی ئەو کۆمەڵکوژییەیان دەکەوێتە گەردن، هەرچەندە جولە خۆی ئەوەندە شەریف نیە.

266. Four of Freud's sisters died during the Holocaust in Nazi concentration camps.

چوار خوشکی فرۆیدە ئیشجوان لەکامپەکانی هۆڵۆکۆستدا لەناوبراون.

267. There are more than 100 types of cancers; any part of the body can be affected.

زیاتر لەسەد جۆر شێرپەنجە هەیە. هەموو بەشێکی جەستە قابیلی ئەوەیە توشی ئەم نەخۆشییە ببێت.

یا رەببی خوا توشبوانی ئەم نەخۆشییە شیفا بدەیت و ئێمەمانای ساخیش بەم نەخۆشییە تاقی نەکەیتەوە.

268. The color red opens your appetite.

رەنگی سوور ئارەزوی خواردن دەکاتەوە.

269. Just 9 months after his inauguration, Barack Obama was named the 2009 Nobel Peace Prize laureate.

تەنها نۆ مانگ پاش دەستبەکاربونی وەك سەرۆکی ئەمەریکا، ئۆباما خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی 2009ی بردەوە.

بەڕەئی تۆ قابیلی ئەو خەڵاتە بوو یان وەك عەرەب ئەڵێن: "من قلة الرجال سموا الديك ابو علي"

270. The average Facebook U S. user spends 40 minutes a day on the site.

بەگشتی هەر بەکارهێنەرێکی ئەمەریکیی فەیسبوك، رۆژانە 40 خولەك لەسەر ئەم ماڵپەڕە بەسەردەبات.

ئەی فەخامەتی جەنابت رۆژانە چەند لەسەر فەیسبوك بەسەردەبەیت؟!

271. The constitutions of 7 U.S. states (Arkansas, Maryland, Mississippi, North Carolina, South Carolina, Tennessee, Texas) specifically ban atheists from holding public office.

دەستوری حەوت ویلایەتی ئەمەریکا، رێگانادات هیچ کەسێکی مولحید پۆستی گشتی وەربگرێت.

272. We Are Living In The Most Peaceful Time In Human History.

سەرباری هەبوونی داعش و ماعش و جەنگی سوریاو ئەو بەزم و رەزمەی ئێستا لەجیهاندا هەیە، ئێستای جیهان بەبەراورد بە هەرکاتێکی تری مێژوو، ئارامترین کاتە.

273. 3% of children born in the U.S. are the product of extra-marital affairs.

لەسەدا سێی ئەو منداڵانەی لەئەمەریکا لەدایك دەبن، بەرهەمی پەیوەندیی دەرەوەی خێزانن.

274. The average adult in Switzerland has a net worth of US$513,000.

بەگشتی سامانی پەتی هەر کەسێکی گەورەساڵی سویسرا، 51 دەفتەرو 30 وەرەقەیە.

275. Spain was neutral in WW1 and WW2, but experienced a civil war (1936-1939) which killed over 500,000 people.

ئیسپانیا لەهەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا بێلایەن و زۆر پیاوێکی پیاوانە بوو. بەڵام پاش بیریکردەوە، عەینەن کورد لەدڵی خۆیدا وتی، سیاسەت و پیاوی باشیان نەوتووەو شەڕ لەبەتاڵی باشترە. بۆیە لەنێوان ساڵانی (1936-1939) جەنگێکی ناوخۆیان هەڵگیرساند کە تێیدا کوژرانی زیاتر لە 500 هەزار کەسی لێکەوتەوە.

276. You burn about 200 calories during 30 minutes of active sex.

لەماوەی 30 خولەك سێکسی چالاکدا، نزیکەی 200 کالۆری دەسوتێنیت.

277. These days, the Greeks have more sex than any other nationality. They're followed closely by the Croatians.

لەم سەردەمەدا، یۆنانییەکان بەبەراورد بە هەر نەتەوەیەکی تر، زۆرترین سێکس دەکەن. بەدوای ئەوانیشدا بەجیاوازییەکی کەم کرواتییەکان دێن.

278. American Jonah Falcon has the world's largest penis at 9.5 inches when flaccid and 13.5 inches when erect.

جۆنا فاڵکۆن کە پیاوێکی ئەمەریکییە، خاوەنی گەورەترین چوکە لەجیهاندا. درێژییەکەی لەکاتی ئاساییدا زیاترە لە 24سانتیمەترو لەکاتی رەپبووندا نزیکەی 34سم و نیوە.

279. The average penis size is 3.5 to 3.7 inches when flaccid and between 5.0-5.7 inches when erect.

درێژی چوکێکی ئاسایی لەکاتی ئاساییدا نزیکەی نۆ سانتیمەترە بەڵام لەکاتی خۆسەخڵەتکردندا نزییکەی 12سم و نیو بۆ 14و نیوە.

280. Whales are the owners of the world's largest penises. The biggest recorded whale penis was the 8-footer of a killer whale.

لەناو زیندەوەراندا، نەهەنگ گەورەترین چوکی هەیە. درێژیی گەورەترین چوکی نەهەنگ کە تائێستا تۆمارکراوە، چوکی نەهەنگی کوشندەیە کە درێژییەکەی نزیکەی دوو مەترو نیوە.

281. In Britain we have on average, 10 sexual partners in our lifetime. The Chinese have the most with 19 and the Vietnamese only get round to having sex with 2 1/2 people.

لە بریتانیا بەگشتی هەركەسێك 10 هاوبەشی سێكسی دەبێت لەسەرتاسەری ژیانیدا. ئەم ژمارەیە لە چین 19یەو لەناو ڤێتنامییەكانیشدا دوو كەس و نیوە.

282. There are roughly 100 million acts of sexual intercourse each day.

رۆژانە نزیكەی 100 ملیۆن سێكسی تەواوەتی رودەدات. مەخسەوی شەریفم لەسێكسی تەواوەتی بریتییە لەوەی پێی دەووترێت جیماع یان كاری سەرجێیی.

283. Most turkeys and giraffes are bisexual.

زۆربەی قەل و زەڕافەكان جوتڕەگەزبازن. واتە حەزی سێكسییان بۆ هەردوو رەگەز هەیە.

قەل بە خۆفشكردنەوە هات و هاوارەكەیدا دیارە هەموو شتێكی لێدەوەشێتەوە. بەڵام هەرگیز تەسەورم نەدەكرد زەڕافە بەو دەموچاوە بەریئەوە ئەوەندە بێناموص بێت!!

284. Women are more likely to reach orgasm when their partners penis is larger than 5.8 inches .

ئەو خانمانەی درێژیی چوكی هاوسەرەكانیان لە 14سانتیمەترو سێ روبع زیاترە، ئەگەر گەیشتنیان بە ئۆرگازم زیاترە.

285. An apple a day can boost your sex life. According to one study, women who ate the fruit once a day had higher sexual quality of life. Plus, apples are delicious, so it's a win-win .

دەكرێ خواردنی سێوێك بەشێوەیەكی رۆژانە، ژیانی سێكسی باشدەكات. بەگوێرەی لێكۆڵینەوەیەك، ئەو خانمانەی رۆژانە سێو دەخۆن، ژیانیان لەڕوی سێكسەوە باشترە. ئەمە جگە لەوەی كە سێو خواردنێكی بەلەزەتیشە. كەواتە ئەوەی بەشێوەیەكی رۆژانە سێو دەخوات بەدوولا مەست و حەیران دەبێت!!!

286. In case you were wondering, there is enough sperm in one single man to impregnate every woman on the planet who is fertile.

تەنها یەك پیاو، بەڵێ تەنها یەك پیاو هێندە سپێرمی پێیە كە بەشی دوگیانكردنی هەموو خانمانی سەرتاسەری جیهان دەكات بەشەرتێ ژنەكە نەزۆك نەبێت.

287. We all know you need to be in good health to have great sex, but studies show that lower cholesterol is directly related to a better performance in the bedroom.

تەندروستی باش پەیوەندییەكی پتەوی بە سێكسێكی نایاب واتە سێكسێك كە بەری دڵ بگرێت، هەیە. لێكۆڵینەوەكان دەریانخستووە كە كەمی كۆلیسترۆڵ لەخوێندا، پەیوەندییەكی راستەوخۆی بە توانایەكی باشترەوە هەیە لەژوری عەمەلیاتدا!!!

288. Humans are not the only ones interested in performing oral sex, wolves, bears and bats are also known to participate in the practice quite often.

هەرچەندە سێکسکردن بەدەم شتێکی پیسە، بەڵام تەنها مرۆڤ نیە کە حەزی لەو جۆرەیە.
گورگ و ورچ و شەمشەمەکوێرەش زۆرجار ئەم کارە دەکەن.
سەیرە مرۆڤ بەگشتی عادەتە قۆڕەکانی زیندەوەرەکانی تر پەیڕەودەکات کەچی عادەتە باشەکانیان بۆ نمونە وەفای سەگ، پەیرەوناکات.

289. While many know that chocolate can be an excellent arousal for having sex, apparently the smell of pumpkin can help increase the blood flow to the penis to encourage an erection.

زۆربەی خەڵك دەزانن کە چوکلێت دەکرێ هاندەرێکی نایاب بێت بۆ وروژاندنی ئارەزوی سێکسی،بەڵام ئیحتیمالی هەیە ئەمەیان نەبیستبێت: بۆنی کولەکە دەکرێ یارمەتیدەری زیادکردنی رۆیشتنی خوێن بێت بۆ چوك و ئەمەش هانی هەستانی ئەو ئەندامە دەدات.

290. .Marilyn Monroe, a sex icon with a long list of lovers, said she never had an orgasm.

مارلین مۆنرۆی کە بە رەمزێکی سێکسی ناسراوەو پەیوەندی لەگەڵ لیستێك پیاودا هەبووە، وتویەتی: هەرگیز نەگەیشتومەتە ئۆرگازم.

291. Male and female hearts beat at 140 BPM when achieving orgasm.

لێدانی دڵی پیاوو ژن لەکاتی ئۆرگازمدا دەگاتە 140 لێدان لەخولەکێکدا.

292. A man's ejaculate travels at 28 MPH. The record in the 100-meter dash is 27.5 MPH.

خێرایی هەڵدانی سپێرمی پیاو 28 میلە لەسەعاتێکدا بەڵام ریکۆردی راکردنی 100 مەتری، تائێستا 27 میل و نیوە لەسەعاتێکدا.

293. An average man will ejaculate 17 liters of sperm in his lifetime. That's about a half-trillion individual sperm.

هەر پیاوێکی ئاسایی بەدرێژایی ژیانی، 17 لیتر سپێرم هەڵدەدات. ئەمەش دەکاتە نزیکەی نیو ترلیۆن مرۆڤ.
خوا رەحمی کردووە هەمووی نایگرێ ئەگینا ئێستا لەبری ئەو حەوت ملیار دانیشتوانەی جیهان، حەوت دیسیلیۆن دەبوو و شوێنە گشتییەکانیش هێندە قەرەباڵغ دەبوون دەستت بۆ لوتت ببردایە، دەچوو بە کونەلوتی 100 کەسدا!!!

294. Besides humans, only bonobos and dolphins have sex for pleasure.

لەناو زیندەوەرەکاندا، جگە لەمرۆڤ، تەنها بۆنۆبۆو دۆلفین بۆ چێژوەرگرتن، سێکس دەکەن.

جا بیلموناسەبە، بۆنۆبۆ جۆرە شامپانزییەکە.

295. During sex, the inner nose swells, in addition to the breasts and genitals.

لەکاتی سێکسکردندا ئەندامەکانی زاوزێ و مەمك و ناوەوەی لوت گەورەدەبێت.

296. The average female orgasm lasts 20 seconds, while the average male's only lasts 6.

بەگشتی ئۆرگازمی خانمان 20 چرکە دەخایەنێت بەڵام هی پیاوان تەنها شەش چرکە دەخایەنێت.

297. Researchers found different parts of the brain get stimulated when different parts of the body are aroused.

لێکۆڵەران گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە لەکاتێکدا بەشە جیاوازەکانی جەستە دەوروژێنرێن، بەشە جیاوازەکانی مێشکیش دەوروژێت.

کەواتە ئاسانتر دەتوانین بڵێین: لەو کاتانەدا تەقریبەن خۆپیشاندانی سەرتاسەری رودەدات!

298. The average married couple has sex 68.5 times a year, which is slightly more than once a week.

بەگشتی هەر جوتەهاوژینێك ساڵانە 68 جارو نیو سێکس دەکەن کە دەکاتە کەمێك زیاتر لە یەك سێکس لەهەفتەیەکدا.

299. The Atlantic salmon's sense of smell is 1000 times greater than that of a dog.

هەستی بۆنکردنی ماسی سالمۆنی زەریای ئەتڵەسی، هەزار جار لەهی سەگ بەو سەگێتییەی خۆیەوە!، بەهێزترە.

300. There's an Island in Brazil where civilians are forbidden to go: it has up to 5 snakes per square meter.

لە برازیل دورگەیەك هەیە کە دەسەڵاتداران نایەڵن خەڵکی سڤیل بچنەناوییەوە چونکە لەهەر مەترێك چوار گۆشەی ئەو دورگەیەدا پێنج ماری لێیە.

301. Clement Vallandigham, a lawyer who, while trying to demonstrate how the victim might have accidentally shot himself, shot himself and died. He then won the case.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا پارێزەرێکی بەناوبانگ هەبوو بەناوی کلێمەنت ڤالاندیگهام. ئەم برادەرە لەهۆڵی دادگاو بەدیاریکراوی لەکاتی شەرحکردنی ئەوەی کە دەکرێ قوربانیی ئەو کەیسەی ئەم دیفاعی لێدەکرد، خۆی خۆی کوشتبێت، بەهەڵە تەقەی لەخۆی کردو خۆی کوشت. دواتر کەیسەکەی بردەوە.

302. A popular way to cure impotence in the 14th century was to wear your trousers on your head for 24 hours.

یەكێك لەباوترین شێوازەكانی چارەسەركردنی لاوازی سێكسی لەسەدەی 14هەمدا ئەوە بووە كە بۆ ماوەی 24 سەعات پانتۆڵی نەخۆشەكەیان بەسەردا لەبەردەكرد!!!

303. The US Dollar is the official currency of Ecuador, El Salvador and Panama.

دراوی رەسمی هەریەكە لە ئیكوادۆر، ئەلسەلڤادۆرو پەنەماش، دۆلاری ئەمەریكییە.

304. 600 Americans die each year from falling out of bed.

ساڵانە، تەنها لەئەمەریكا، تەنها بەهۆی كەوتنەخوارەوە لەسەر جێگەی خەوتن، 600 كەس گیان لەدەست دەدەن.

305. 8% of your body weight is in your blood.

خوێن لەسەدا هەشتی كێشی جیسمت پێكدەهێنێت.

306. Abraham Lincoln's wife was an opium addict.

ژنەكەی ئەبراهام لینكۆڵن ئاڵودەبوی ئەفیون بووە كە یەكێكە لەماددە هۆشبەرەكان.

307. The Bible was Isaac Newton's greatest passion, writing more about religion than science and mathematics.

ئیسحاق نیوتن واتە ئەبو توففاح هیوایەتی ئینجیل بووە. ئەم زانا عەنتیكەیە ئەوەندەی لەسەر ئایین نوسیویەتی، ئەوەندە لەسەر زانست نەینوسیوە.

308. One-third of Italians have never used the Internet.

سێیەكی ئیتاڵییەكان، هەرگیز عەنتەرنێتیان بەكارنەهێناوە.

309. Christianity is the world's largest religion, with over 2.4 billion adherents, about a third of the world's population.

ئاینی مەسیحی گەورەترینە لەجیهاندا. لەئێستادا خاوەنی زیاتر لە دوو ملیارو 500 ملیۆن شوێنكەوتووە لەجیهاندا كە دەكاتە سێیەكی دانیشتوانی جیهان.

بەڵام خوا پێم نەگرێ و ئیمانم نەچێ وابزانم شوێنكەوتووەكانی ئەوانیش عەینەن لای خۆمان تەسكەرەیین نەك شوێنكەوتوی راستەقینە!

310. If you die homeless or with no money in New York City, you are buried by prisoners on Hart Island in a mass grave: up to 1000 per grave for children and 50 for adults.

ئەگەر لەشاری نیۆرك كەسێكی بێماڵ و حاڵ یان كەسێكی بێپارە بمرێت، ئەوا تەرمەكەی لەلایەن زیندانییانەوە لەگۆڕێكی بەكۆمەڵ لەدورگەی هارت بەخاك دەسپێردرێت.

هەر گۆڕێك لەوانە نزیكەی هەزار منداڵ یان 50 گەورەساڵی تێدا دەنێژرێت.

ئەمەش ئەو ئەمەریکایەی کە زۆر کەس بەشان و باڵیدا هەڵدەدەن.

311. Some American officials, like FBI director J. Edgar Hoover, thought Albert Einstein was a soviet spy.

هەندێك لەبەرپرسانی ئەمەریکا لەوانە جەی ئێدگار هوڤەر، بەڕێوەبەری ئێف بی ئای، پێیان وایە ئەنیشتاین، سیخوڕی یەکێتی سۆڤیەت بووە.

312. The South American revolutionary Simon Bolivar was, at various times, president of Bolivia, Colombia, Ecuador, Peru and Venezuela.

شۆڕشگێڕێکی بەناوبانگی ئەمەریکای باشور هەیە بەناوی سیمۆن بۆلیڤار. ئەم برادەرە لەچەند کاتێکی جیادا، سەرۆکی بۆلیڤیا، کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر، پیرۆو ڤەنزوێللا بووە.

313. 46% of American adults believe that the world is less than 10,000 years old, a 2012 survey found.

لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2012، دەریخستووە کە لەسەدا 46ی گەورەساڵانی ئەمەریکا، لەو بڕوایەدان کە تەمەنی جیهان لە 10 هەزار ساڵ کەمترە.

314. Over 200 women have run for President of the United States.

تائێستا زیاتر لە 200 ژن خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمەریکا، کاندیدکردووە بەڵام بەداخەوە هیچیان سەرنەکەوتوون.

315. 1 in 3 women in the UK have an abortion in their lifetime.

لەهەموو سێ ژنێکی بریتانیا، یەکێکیان لەکاتێك لەکاتەکانی ژیانیاندا، منداڵیان لەباربردووە.

316. A Queen of Thailand drowned in 1880 as her subjects looked on, because they were forbidden to touch her.

لەساڵی 1880 کە ئەوکاتە ئێوە منداڵ بوون و باش بیرتان نایە!!!، شاژنێکی تایلاند، لەبەرچاو دەست و پێوەندەکانی نقومبوو و خنکا بەبێ ئەوەی کەسیان بەهانایەوە بچن چونکە بەپێی یاسا قۆرەکانیان دەستدان لەشاژنەوە قەدەغە بوو.

ئەم رووداوە جەختدەکاتەوە کە پێویستە ویژدان سەروەر بێت نەك یاسا. ئەو قسەیەی کە دەڵێت پێویستە یاسا سەروەر بێت زۆر هەڵەیە.

317. The skin of a female shark is much thicker than that of a male because males bite females during mating.

پێستی مێینەی قرش زۆر لەهی نێرینەکانیان ئەستورترە. خوا رەحمی پێکردوون کە وایە ئەگینا حاڵیان شڕ دە بوو چونکە لەکاتی جوتبوندا نێرینە گازی لێدەگرێت.

ئەم تەبیعەتە لەناو مرۆڤیشدا تارادەیەك هەیە. زۆر جار دەبینیت یەکێك لەهاوژینەکان ئەمڕۆ عەیبی نیە، کەچی بەیانی دەبینیت دوو سێ شوخت بەدەموچاوییەوەیە، ئەڵێی دەعمی کردووە!!!

318. Over 80% of women wear the wrong bra size.

زیاتر لە 80 لەسەدی خانمان ستیانی قەبارە هەڵە لەبەردەکەن.

319. Only 333 bodies of the Titanic's victims were recovered, one in five of the over 1500 victims.

لەکۆی 1500 خنکاوەکەی روداوی نقومبونی کەشتی تایتانیك، تەرمی تەنها 333 کەسیان دۆزرانەوە.

320. Potatoes were illegal in France between 1748 and 1772.

لەنێوان ساڵی 1748 بۆ 1772، پەتاتە لەفەرەنسا، قەدەغە بووە.

321. Of the 142 million deaths caused by an ideology in the 20th century, 94 million were due to communism.

لەو 142 ملیۆن کەسەی بەهۆکاری ئایدۆلۆجی، لەسەدەی 20ەمدا تیاچوون، 94 ملیۆنیان بەهۆی کۆمۆنیزمەوە بووە.

322. Female students in China outperform men to such an extent that some universities have introduced a male quota.

لە چین کچەخوێندکارەکان بەڕادەیەك لەکوڕەخوێندکارەکان سەرکەوتوترن، کە هەندێك لەزانکۆکانی ئەو وڵاتە بەپێی سیستمی کۆتا کوڕان وەردەگرن.

خۆ ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی سادەو دوور لەهەموو فەلسەفەو جددیاتێك پێناسەی سیستمی کۆتابکەین ئەوا دەڵێن بریتییە لەخێرپێکردن!!!

323. Babies cannot recognize themselves in a mirror until they are at least 18 months old.

منداڵی ساوا لانیکەم تا تەمەنی 18 مانگی، خۆیان لەئاوێنەدا ناناسنەوە.

324. The world record for the most candles ever put on a birthday cake was 50,151.

تا ئێستا زۆرترین مۆم کە لەسەر کێکێکی تایبەت بە جەژنی لەدایکبون دانرابێت، 50 هەزارو 151 کێك بووە.

325. It's illegal in Iceland for parents to threaten children with fictional characters.

لە ئایسلەندا بەپێی یاسا ترساندنی منداڵ لەلایەن دایك و باوکیانەوە بە کەسایەتییە خەیاڵییەکان، کارێکی نایاساییە.

326. In 2008, more than 1.4 billion adults, 20 and older, were overweight. Of these over 200 million men and nearly 300 million women were obese.

لەساڵی 2008 ژمارەی ئەو گەورەساڵە تەمەن 20 ساڵ و سەروترانەی کێشیان زیاد بووە، نزیکەی ملیارێك و 400 ملیۆن کەس بوون لەسەرتاسەری جیهاندا. لەو ژمارەیە 200 ملیۆن پیاوو سێ سەد ملیۆن ژنیان، قەڵەو بوون.

327. A scientist cracked his knuckles on one hand for over 50 years to prove it did not cause Arthritis.

زانایەك بۆ ماوەی زیاتر لەنیو سەدە جومگەی پەنجەکانی دەستێکی تەقاندووە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە تەقاندنی پەنجە نابێتەهۆی نەخۆشی هەوکردنی جومگەکان.

328. Once you become President of the United States of America you can no longer drive on public roads.

هەرکە بویت بە سەرۆکی ئەمەریکا، چیتر بۆت نیە لەجادە گشتییەکاندا، سەیارە لێبخوڕیت.

329. In 117 ad, Emperor Hadrian declared attempted suicide by soldiers, a form of desertion and made it a capital offence.

لەساڵی 117ی زاینی، ئیمپراتۆر هادریان رایگەیاند کە هەوڵی خۆکوشتنی سەرباز، جۆرێکە لەهەڵاتن لەخزمەتی سەربازی و تاوانێکە سزاکەی لەسێدارەدانە.

330. Four POPES HAVE DIED WHILE HAVING SEX.

تائێستا چوار پاپا لەگەرمەی سێکسکردندا عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە!!

331. THE BIGGER HIS BALLS, THE MORE LIKELY HE IS TO CHEAT.

ئەو پیاوانەی هێلکەگونیان گەورەترە، ئەگەری خیانەتکردنیان زیاترە.

332. The most flowers sold in one day in U.S. history was the day after Elvis Presley died in 1977.

بەدرێژایی مێژووی ئەمەریکا، ئەو رۆژەی کە زۆرترین گوڵی تێدا فرۆشراوە، ئەو رۆژەی 1977 بوو کە ئێلڤیس پرێسلی تێیدا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

333. A majority of Hindus eat meat, only 30% do not.

زۆرینەی هندۆسەکان گۆشت دەخۆن، تەنها لەسەدا 30یان نایخۆن.

334. In Japan, there's a building with a highway passing through it.
لەیابانە حەیاتەکە باڵەخانەیەك هەیە کە رێگایەکی خێرای بەناودا تێپەڕدەبێت.

335. Romania recognizes witchcraft as a legal profession.
رۆمانیا سیحری وەك پیشەیەکی یاسایی، ناساندووە.

336. The only English word with three "Y" is "syzygy," which happens to describe the alignment of 3 celestial bodies in a straight line.
لەزمانی ئینگلیزیدا تەنها یەك وشە هەیە کە سێ پیتی yی تێدا بێت. ئەویش syzygy یە. ئەم وشەیە ناوەو بەمانای کەوتنەسەر یەك هێڵی راستی سێ تەنی ئاسمانی دێت.

337. Human knowledge is doubling every 12 months and is soon to be every 12 hours.
لەئێستادا زانیاریی مرۆڤ هەموو 12 مانگ جارێك دەبێتە دوو ئەوەندەو بەمزوانەش خێراییەکە زیاتر دەبێت و دەگاتە هەموو 12 سەعات جارێك.

338. During WW1, the King of England, the Tsar of Russia, and the Emperor of Germany were all first cousins.
لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا پادشای ئینگلتەراو قەیسەری روسیاو ئیمپراتۆریئەڵمانیا ئامۆزای یەکتر بوون.
خۆی بە عام ئامۆزا زۆر تاقەتی چڕوچاوی یەکتریان نیە، جاوەرە دەوڵەمەندو خاوەن دەسەڵاتیش بن!!!

339. Firefox web browser's lead developer is now working for Google Chrome.
دروستکەری سەرەکی وێبگەڕی فایەرفۆکس واتە مۆزێللا ئێستا کار بۆ گوگڵ کرۆم دەکات.

340. A 2-headed dolphin was discovered on a beach in Turkey in 2014.

341. On average, people spend two weeks a year in the bathroom.
بەگشتی هەر کەسێك ساڵانە دوو هەفتەی تەمەنی لەتوالێتدا بەسەردەبات.

342. Over 100,000 new dot com domains are registered on the web every day.
هەموو رۆژێك زیاتر لە 100 هەزار ماڵپەڕی نوێ، تەنها بەدۆمەینی دۆت کۆم، تۆماردەکرێت. ئەمە جگە لە دۆت نێت و دۆت رەمزی وڵاتەکان و هتد..

343. Cats can get sick or die from eating chocolate.
دەکرێ پشیلە بەهۆی خواردنی چوکلێتەوە نەخۆش بکەوێت یان بمرێت.

344. 400 million years ago there were 22 hours in a day and more than 400 days in a year.

چوار سەد ملیۆن ساڵ لەمەوبەر رۆژ 22 سەعات بووەو ساڵ زیاتر لە 400 رۆژ بووە.

345. The more sex you have, the more you want, research says.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، تا سێکس زیاتر بکەیت، زیاتر چڵێس دەبیت لەو رووەوە!

346. A recent study found that poor kids are more likely to be generous than rich kids.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە ئەگەری بوون بە بەخشندەی منداڵی فەقیر لەهی دەوڵەمەند زیاترە.

347. Crying is how your body speaks when your mouth can't explain the pain you feel.

گریان بریتییە لەچۆنیەتی قسەکردنی جەستەت لەکاتێکدا دەمت ناتوانێت ئەو ئازارە رونبکاتەوە کە هەستی پێدەکەیت.

348. Yellow teeth are stronger, the natural color of our teeth is a light yellow color. Whitening your teeth can permanently weaken them.

ددانی زەرد بەهێزترە. رەنگی سروشتی ددان زەردی کاڵەو سپیکردنەوەیان دەکرێ ببێتەهۆی لاوازبونیان.

349. You are more likely to orgasm if your feet are warm.

ئەگەری گەیشتنت بە ئۆرگازم لەکاتێکدا کە قاچت گەرم بێت، لەکاتەکانی تر زیاترە.

350. To increase the size of their penis, the men of some African Tribes, just prior to intercourse, would have bees sting their penis.

پیاوانی هەندێك لەهۆزەکانی ئەفەریقا، بۆ ئەوەی قەبارەی چوکیان گەورە بێت، راستەوخۆ پێش سێکس دەیدەنە بەر هەنگ بۆ ئەوەی پێوەی بدات!

351. The first time the Japanese people heard their Emperor's voice was when he announced Japan's surrender on the radio during WW2.

بۆ یەکەمین جار کە گەلی یابان گوێیان لەدەنگی ئیمپراتۆرەکەیان بوو، لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا بووە، بەدیاریکراوی لەکاتێکدا تەسلیمبونی وڵاتەکەی لەرێگەی رادیۆوە راگەیاند.

352. 5,000 years ago, watermelons were pale-green, and bitter. As watermelons were bred to become sweeter, their flesh slowly changed to red.

پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر کە ئێوە باش بیرتان نایەو مناڵ بوون!، رەنگی شوتی سوور نەبووە بەڵکو سەوزێکی کاڵ بووەو تامیشی تاڵ بووە. بەتێپەڕبونی زەمەن و لەگەڵ شیرینبونیدا، رەنگی گۆشتەکەشی پلەبەپلە سوور بووە.

353. a spending rate of $1 million a day, it would take Bill Gates 218 years to spend all his money.

بیڵ گەیتس، خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت هێندە دەوڵەمەندە، ئەگەر هەموو رۆژێك یەك ملیۆن دۆلار واتە 100 دەفتەری صەییش خەرجبکات، 218 ساڵی پێدەچێت تا سامانەکەی تەواودەبێت.
بەڵام بەخوا قابیلیەتی و پێشموایە وەك شیری دایکی پێی حەڵاڵە چونکە لەزۆربەی بوارەکاندا بەتایبەت لەڕوی لێهاتوویی و بەخشندەییەوە نەك هەر یەکەمی بێڕکەبەرە بەڵکو دووەم و سێیەمیش هەر خۆیەتی!!!

354. Sex before marriage is still illegal in Virginia.

لە 50 ویلایەتەکەی ئەمەریکا تەنها لە ڤیرجینیا، سێکسکردن پێش هاوسەرگیری، بەپێی یاسا قەدەغەیە. ئەوانی تر رێپێدراوە.

355. There are a few "human libraries" where you can "borrow a human" and listen to its stories.

لەچەند شوێنێکی جیهاندا، چەند کتێبخانەیەکی گشتی هەن کە پێیان دەووترێت "کتێبخانەی گشتی مرۆڤ". دەتوانیت لەم کتێبخانانەدا لەبری کتێب مرۆڤ بە خواستن واتە ئیستیعارە وەربگریت و گوێ لەچیرۆك و قسەکانیان بگریت.
بەڕەئی یەندەی موخڵیستان، بەعام ئەمە شتێکی خراپ نیە. بۆ نمونە رزگاربویەکی هۆلۆکۆست بەخواستن ببەیتەوە بۆماڵەوە، چێژ لەگێڕانەوەکانی وەردەگریت .بەڵام تەسەورکە ئەورووپییەکی دڵساف بچێتە یەکێك لەو کتێبخانانەو کوردێك بەخواستن بباتەوە، ئەبێ چ فشەیەکی بۆ بکات!!!

356. There are nearly 7 million stroke survivors in the U.S. Stroke is the 5th leading cause of death in the U.S.

لەسەرتاسەری ئەمەریکادا، نزیکەی حەوت ملیۆن کەس هەن کە جەڵدەی دەماخ لێیدوان و رزگاریان بووە. هەر لەو وڵاتە ئەم نەخۆشییە پێنجەم هۆکاری سەرەکی مردنە.

357. MYTH: Strokes are not hereditary. Family history of stroke increases your chance for stroke.

ئەگەر وابزانیت بۆماوەیی هیچ رۆڵێکی نیە لەجەڵدەی دەماخدا، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە گا بە گونا ئەناسیت، لەکاتێکدا مرۆڤی وردبین دەبێت تەنها لەڕێگەی سەیرکردنی کەللـەوە، گا بناسێتەوە.
بەگوێرەی زانایان ئەو خێزانانەی مێژوویەکیان لەگەڵ جەڵدەی دەماخدا هەیە، ئەگەری لێدانی ئەو جەڵدەیە لەناو تاکەکانیاندا زیاترە.
تەبعەن ئەمە بۆ ترساندن نیە بەڵکو بۆ هۆشیارکردنەوەیەو ان شاء الله هەموو لایەك سەلامەت دەبین.

358. In Japan there are more pets than children.

لە یابان، ژمارەی زیندەوەرانی ماڵی لەمنداڵ، زیاترە.

359. Martin Luther King, Jr. long opposed American involvement in the Vietnam War.

مارتن لوتەر کینگ نەیاری دەستوەردانی ئەمەریکا نەبووە لەجەنگی ڤێتنامدا.
کەواتە دەتوانین بەویش بڵێین ئیشقۆڕ چونکە ئەم فاکتە دەریدەخات کە بانەکەی ئەویش دوو هەوا بووە!!!

360. The entire Wikipedia fits into 2 DVDs.

ئەو هەموو مەعلوماتەی لەماڵپەڕی ویکیپێدیادا هەیە، لەتەنها دوو دیڤیدیدا جێگەی دەبێتەوە.

361. When you kiss someone your heart beats faster and more oxygen reaches your brain.

کاتێك کەسێك ماچ دەکەیت، لێدانی دڵت خێراتر دەبێت و ئۆکسجینی زیاتر دەگاتە مێشکت.

362. Dr. Seuss cheated on his wife while she had cancer. After finding out about the affair, she killed herself and Dr. Seuss married his mistress.

وێنەکێشێکی کارتۆنی بەناوبانگ هەبوو بەناوی دکتۆر سوس. لەکاتێکدا هاوسەرەکەی توشی شێرپەنجە دەبێت، خیانەتی لێدەکات و پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تردا دەبەستێت. کاتێك ژنەکەی بەم پەیوەندییە دەزانێت، خۆی دەکوژێت و دواتریش سوس ئەو کەسە دەهێنێت کەپەیوەندی لەگەڵدا هەبوو.

ئەم فاکتە جەرگبڕە جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە چونکە ئەگەر ئەو پیاوە، وە هەروەها کەپڵەکەشی یەك زەڕڕە ویژدانیان هەبوایە، لانیکەم لەو دۆخە هەستیارەدا پەیوەندییان نەدەبەست.

363. Since 1870, global sea levels have risen by about 8 inches (20 cm).

لەساڵی 1870وە تائێستا ئاستی دەریا 20 سانتیمەتر بەرزبووەتەوە.

364. German Goalkeeper Arrested After Conceding 43 Goals In One Match.

پاش ئەوەی لەتەنها یارییەکدا 43 گۆڵی مزر لەیانەکەی کرا، پۆلیسی ئەڵمانیا گۆڵچییەکەی دەستگیرکرد. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە یارییەکە 43 بە سفر کۆتایی هات بۆیە بە رەئی من حەقبوو یاریزانەکانی تری هەمان یانەش دەستگیربکرێن نەك تەنها گۆڵچییەکە.

365. 80% of all pictures on the internet are of naked women.

لەسەدا 80ی هەموو وێنەکانی سەر ئینتەرنێت، وێنەی ئافرەتی رووتن.

366. Hitler killed his dog with a cyanide capsule. He also shot the five puppies and buried them with their mother.

هیتلەرە ئیشقۆڕ پێش خۆکوشتنی سەگەکەشی بە گولاجێکی سیانید کوشت. هەروەها پێنج توتکەسەگیشی کوشت و لەگەڵ دایکیاندا ناشتنی.

367. Octopus skin can change color 177 times an hour.

هەشتپێ دەتوانێت لەماوەی تەنها یەك سەعاتدا، 177 جار رەنگی پێستی بگۆڕێت.

368. Couples who are in love synchronize their heart rates after gazing into each others' eyes for three minutes.

ئەو هاوژینانەی عاشقی یەکن، پاش سێ دەقە لەچاوبڕینە یەکتر، تێکڕای لێدانی دڵیان یەکسان دەبێت.

369. Cuddling triggers the same neurological reaction as taking painkillers.

باوەشکردن بەهاوژینەکەت هەمان کاردانەوەی دەماریی دەرمانە ئازارکوژەکانی هەیە.

کەواتە دەتوانین بێژین بریتییە لەپاراستوڵ و ئەسپرینێکی بێ ساید ئیفێکت!!!

370. The heart symbol was first used to denote love in the 1250. Prior to that, it represented foliage.

لەساڵی 1250 بۆ یەکەمین جار رەمزی دڵ وەك نیشانەی خۆشەویستی بەکارهێنراوە. پێش ئەو مێژووە، بۆ گوزارشتکردن لەگەڵای رووەك بەکارهێنراوە.

371. It's scientifically proven: being in love makes you a less productive person.

زانست سەلماندویەتی کە عاشقبوون دەبێتەهۆی عاشقەکە بەرهەمی کەمتر بێت.

372. Philophobia is the fear of falling in love.

جۆرە ترس واتە فۆبیایەك هەیە پێی دەووترێت ترس لەعاشقبوون. ئەمە نەخۆشییەکی دەرونییەو پێی دەووترێت فیلۆفۆبیا.

373. 2% of couples have fallen in love in a supermarket, according to a survey.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك لەسەدا دووی ژن و مێردەکان لەسوپەرمارکێتێکدا عاشقی یەکتر بوون.

374. 23% of the couples who meet through online dating end up marrying.

لەسەدا 23ی ئەو هاوژینانەی لەڕێگەی عەنتەرنێتەوە بەخزمەت یەکتر گەیشتوون، دواتر هاوسەرگیرییان کردووە.

375. Men are more likely to say "I love you" first than women are, a study found.

ئەگەری وتنی یەکەم "خۆشم ئەوێی" لەلای پیاو زیاترە وەك لەژن.

بەکوردییەکەی دەتوانین بڵێین پیاو زۆر "خۆشم ئەوێی" سەرف ئەکا بۆیە زیاتر یەکەمەکە بەر ئەو دەکەوێت!!!

376. Male bees die after having sex.

نێرینەی هەنگ پاش سێکسکردن، دەمرێت.

377. An average person spends 6 years of his life dreaming.

بەگشتی هەرکەسێك شەش ساڵی تەمەنی بە خەوبینین بەسەردەبات.

378. There are more bicycles in Copenhagen, Denmark, than people.

لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارك، ژمارەی پاسیکل لە مرۆڤ زیاترە.

379. In 2016, a man blaming a game company for "ruining his life" with game addiction, crashed a car into their head office in South Korea.

لەساڵی 2016 پیاوێك کە سەرزەنشتی کۆمپانیایەکی پەیوەست بە یاریی ئەلیکترۆنی دەکرد کە یاری ژیانی لەناوبردووەو توشی ئاڵودەبونی کردووە، بەسەیارەیەکەوە خۆی کرد بەناو ئۆفیسی سەرەکییاندا لە کۆریای باشورو زیانی پێگەیاندن.

380. There is a language called Toki Pona that has only 120 root words.
زمانێك هەیە پێی دەووترێت تۆکی پۆنا. ژمارەی وشە ئۆریجناڵەکانی ئەم زمانە تەنها 120 وشەیە.

381. Monowi is a town of Nebraska that has a population of 1. The Mayor pays taxes to herself.
لەویلایەتی نیبراسکای ئەمەریکا شارۆچکەیەك هەیە بەناوی مۆنۆوی. ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە تەنها یەك کەسە. ئەو کەسەش باجەکان دەدات بەخۆی!

382. Google got its name by accident. The founders misspelled "googol", which refers to the number 1 followed by 100 zeroes.
کۆمپانیای گوگڵ ناوەکەی بە سودفە نراوە. دامەزرێنەرانی گوگڵ لەبری ئەوەی بنوسن گوگۆڵ کە بریتییە لە 10 توان سەد بەهەڵە نوسییان گوگڵ بەڵام دواتر چاکیان نەکردەوەو وتیان قەیناکا با عەباسی گوڵچین بێ و ببڕێتەوە (بەڵام بە ئینگلیزی!!!)

383. You can burn 20% more fat by exercising in the morning on an empty stomach.
ئەگەر فەخامەتی جەنابت لەبەیانیاندا بە مەعیدەی خاڵییەوە وەرزش بکەیت، بەڕێژەی لەسەدا بیست زیاتر چەوری دەسوتێنیت.

384. The penalty killing an elephant in Sri Lanka is death.
سزای کوشتنی فیلێك لە سریلانکا، لەسێدارەدانە.

385. 40% of births in the US come from unmarried women.
لەسەدا 40ی ئەو منداڵانەی لە ئەمەریکا لەدایك دەبن، هی ئافرەتگەلێکن کە هاوسەرگیرییان نەکردووە.
لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چ کافرسانییەك لەو ئەمەریکایە دەگوزەرێت!

386. Hitler married Eva Braun less than 40 hours before they died.
ماوەی نێوان خۆکوشتنی هیتلەرو ئیڤا براونی ژنی، لە 40 سەعات کەمتر بوو.
بەداخەوە کەس فریای پاشتێلانەکەی نەکەوت!!!

387. In 2013, Bill Gates admitted that the Ctrl+Alt+Delete command was a mistake, and should have been a single button.

لەساڵی 2013 بیڵ گەیتس دانی بەوەدا نا کە فەرمانی کۆنترۆڵ+ئاڵت+دیلیت کە لەسیستمی ویندۆزدا تاسك مەنیجەر دەخاتە خزمەتتان، هەڵە بووەو دەبوو ئەو فەرمانە بە یەك کلیك بکرایە نەك سیان.
ئەمە یەکێکە لەسیفەتەکانی گەورەپیاوان.. هەرگیز لەداننان بە هەڵەدا سڵ ناکەنەوە.

388. More people have died by taking selfies in 2015 than by shark attacks.
لەساڵی 2015، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی سێلفییەوە، گیانیان لەدەستداوە، لەوانە زیاتر بووە کە لەئەنجامی هێرشی قرشدا عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە.

389. Rape is reported in the U.S. every 6 minutes.
لەئەمەریکا، هەموو شەش دەقەیەك، دەسەڵاتداران لەحاڵەتێکی لاقەکردن ئاگاداردەکرێنەوە.

390. There is a town/city named Lincoln in every state of the U.S.
لەهەر یەکێك لەپەنجا ویلایەتەکەی ئەمەریکا، شارێك یان شارۆچکەیەك هەیە بەناوی لینکۆڵن.

391. Every seven years, you lose about half of your friends and replace them with new people.
هەموو حەوت ساڵ جارێك نزیکەی نیوەی هاوڕێکانت لەدەست دەدەیت و هاوڕێی نوێ جێگەیان دەگرێتەوە.

392. Microsoft had offered to buy Yahoo for US$44.6 billion in 2008. Yahoo rejected the offer. In 2016, it sold for just US$4.8 billion.
لەساڵی 2008 مایکرۆسۆفت 44 ملیارو 600 ملیۆن دۆلاری دا بە بەرپرسانی یاهوو بۆ کڕینی بەڵام رازی نەبوون. دواتر لەساڵی 2016 ئەو یاهووە نازدارە بە تەنها چوار ملیارو 800 ملیۆن فرۆشرا.
ئیتر ئەمە بازاڕە.. هی واش هەیە سەیارە شڕەیەکی کڕیوە بە دەفتەرێك کەچی ئەیەوێت دەفتەرەکەی بۆ بکاتەوە!!!

393. There's a 'Rent a Mourner' service in the UK to fill your funeral with fake friends.
لەشانشینی یەکگرتوو خزمەتگوزارییەك هەیە پێی دەووترێت "پرسەگەرمکەرێك بەکرێ بگرە". لەڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە دەتوانیت هاوڕێی ساختە بەکرێ بگریت تا لەکاتی مردنتا پرسەکەت وەك حەمام بۆ گەرمبکەن و بۆت بهۆننەوەو بۆ نمونە بڵێن: بەخوا شێربوو، بیللا شێر بوو، تەڵڵا شێربوو و ئەملای نابوو بەولایا!!!!
بێگومان ئەم کارە شەرعی نیەو لەوکاتەدا مەلائیکە دەماڵێ بە سنگی مردووەکەداو پێی دەڵێن باشە تۆ وابوویت؟. بۆیە دڵنیام ئەگەر خوای گەورە رێی بدایە لەکاتی ئەو هۆنینەوەیەدا مردووەکە زیندوو ببوایەتەوە ئەوا یەکەم قسە کە بەڕووی ئەو هاوڕێ بەکرێگیراوانەدا دەیکرد ئەمەبوو: عەگ خوا ئەو رووتانە رەشکا بۆ راستتان!!

394. If Malaria was eradicated 670,000 deaths would be avoided every year.
ئەگەر نەخۆشی مەلاریا بنەبڕبکرێت، ئەوا دەتوانرێت ساڵانە بەربە 670 هەزار حاڵەتی مردن بگیرێت.

395. Christopher Columbus thought he saw mermaids in 1493, but from his description, they were probably manatees.

کریستۆفەر کۆڵۆمبوس پێیوابووە کە لەساڵی 1493 بوکی دەریای بینیوە. بەڵام بەوردبونەوە لەو وەسفەی بۆ ئەو بوکی دەریایەی ئەو بینیویەتی، زانایان دەڵێن ئیحتیمالی زۆرە مەڕی دەریا بوبێت.
دایکی کوێر بێ رۆڵە ئەوەندە گەڕاوە عەقڵەکەشی لەدەستداوە ئەگینا بوکی دەریاو مەڕی دەریا کوجا مەرحەبا!!!

396. Sleeping less than 7 hours each night reduces your life expectancy.
ئەگەر شەوانە کەمتر لەحەوت سەعات بخەویت، سوڕی ژیانت کورتتر دەبێت.

397. From 1989 to 2009, about 2,000 schools were closed in Germany because of a scarcity of children.
لەساڵی 1989 بۆ 2009، بەهۆی کەمی قوتابییەوە، نزیکەی دوو هەزار قوتابخانە لەئەڵمانیا داخراون.

398. Michael Jackson's funeral was the second most-watched ever (31 million people), after Princess Diana's (33.25 million).
رێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مایکڵ جاکسۆن، دووەم پڕبینەرترین بووە لەمێژوودا. 31 ملیۆن کەس سەیریان کردووە. یەکەمیش هی شازادە دیانای بریتانیا بوو کە 32 ملیۆن و 250 هەزار کەس سەیریان کردووە.

399. 10 times more people suffer from major depression now than in 1945.
ژمارەی ئەو کەسانەی لەئێستادا توشی خەمۆکیی سەخت بوون، 10 ئەوەندە لەوانە زیاترە کە لەساڵی 1945 توشبوون.
ئەم فاکتە جەرگبڕە جەختدەکاتەوە کە تەنەکەلۆجیا ئاسانکاری بەدوای خۆیدا هێناوە بەڵام بەختەوەری نا. بۆیە هیچ عەجیب نەبێت بەلاتەوە کاتێك باوو باپیرانمان دەڵێن: سەد خۆزگەم بەجاران.

400. Lincoln suffered depression and avoided carrying knives, fearing he would use it on himself.
ئەبراهام لینکۆڵن کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا، نەخۆشی خەمۆکی هەبووەو نەیوێراوە چەقۆ هەڵبگرێت چونکە ترسی ئەوەی هەبووە کە بیدا لەخۆی.

401. 603 million women live in nations where domestic violence is not a crime.
603 ملیۆن ژن لەوڵاتگەلێکدا دەژین کە تیایاندا توندوتیژی خێزانی، بەپێی یاسا نەکراوە بە تاوان.

402. Men spend almost a year of their lives staring at women, a survey found.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك بە گشتی پیاو نزیکەی ساڵێکی تەمەنی بە سەیرکردنی خانمان بەسەردەبات.
سەیرکردنی خۆنەویستانەش نا بەڵکو هی کەوانتەرکڕین واتە چاوتێبڕین!!!
تەبعەن پیاوی واش هەیە نەدی و بدییە، ئەم جۆرەیان نەك هەر ساڵێك بەڵکو رەنگە نزیکەی 10 ساڵی تەمەنی بەو ئیشە قوڕە بەسەرببات.

403. In 1990, Stephen Hawking dropped his wife of almost 30 years --who was having an affair-- and took off with his nurse.

لەساڵی 1990 زانای گەورەی ئەمەریکی، ستیفن هاوکینگ پاش ئەوەی ژنەکەی کە بۆ ماوەی 30 ساڵ هاوسەری بوو، پەیوەندی لەگەڵ پەرستارەکەیدا هەبوو و لەگەڵیدا رۆشت، ناچاربوو بەتەواوەتی وازی لێبهێنێت.ئەم فاکتە جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرەو حەقیشە پیاچونەوە بە زاراوەی "جنسی لەتیف"دا بکرێت!

404. California has more than 130,000 people in prison.

تەنها لە کالیفۆرنیا، 30 هەزار کەس لەزینداندان.

405. 1 in 3 Children Under the Age of 5 Do Not Officially Exist.

لەهەموو سێ منداڵێکی تەمەن خوار پێنج ساڵ، یەکێکیان بەڕەسمی بوونی نیە. واتە بەڵگەنامەیان نیەو تۆمارنەکراون.

406. A woman's risk of breast cancer approximately doubles if she has a first-degree relative (mother, sister, daughter) who has been diagnosed with breast cancer.

ئەگەر خانمێك خزمێکی پلەیەك (دایك، خوشك، کچ)ی توشی شێرپەنجەی مەمك بوبێت، ئەگەری توشبونی نزیکەی دوو ئەوەندەی کەسانی ترە.

یا رەببی خوایە بە نەخۆشییەك تاقیمان نەکەیتەوە کە نەتوانین بەرگەی بگرین.

407. Mexico is the world's fattest country.

مەکسیك، قەڵەوترین وڵاتە لەجیهاندا واتە خەڵکەکەی بەبەراورد خەڵکی وڵاتی تر قەڵەوترینن.

408. The Moon is not round, but egg shaped.

شێوەی مانگ خڕ نیە. هێلکەییە.

409. Every minute, 1.8 million new "likes" are made on Facebook.

لەفەیسبوك هەموو دەقەیەك ملیۆنێك و 800 هەزار لایکی نوێ دەکرێت.

410. Warren Buffett, the most successful investor of the 20th century, doesn't carry a mobile phone or have a computer on his desk, and drives his own car.

وارین بوفێت کە یەکێکە لە 10 سوپەرملیاردێرەکەی جیهان و سەرکەوتووترین وەبەرهێنی سەدەی 20ەمە، نە مۆبایل هەڵدەگرێ و نە مێزەکەشی کۆمپیوتەری لەسەرە. خودی خۆشی سەیارەکەی خۆی لێدەخوڕێت.

بەڵام ئەم برادەرە عادەتێکی قۆڕیشی هەیە زۆر بە دەگمەن پارەش دەبەخشێت بۆیە رەنگە بە ئەسڵ کورد بێت یان لانیکەم دوو چای دیشلەمەی لەگەڵ کورددا خواردبێتەوە.

411. 27 million Soviet citizens died in WWII. By comparison, 1.3 million Americans have died as a result of war since 1775.

لەجەنگی جیهانی دووەمدا 27 ملیۆن هاوڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی، لەناوچوون. بەڵام ژمارەی ئەو ئەمەریکییانەی لەساڵی 1775ەوە تائێستا لەئەنجامی جەنگ، تیاچوون، تەنها ملیۆنێك و 300 هەزارە.

412. In Ancient Egypt, men could take time off of work to care for menstruating wives and daughters.

لە میسری دێریندا، ئەگەر ژن یان کچی پیاوێك بکەوتایەتە عادەوە، ئەو مێرد یان باوکەکە دەیتوانی مۆڵەت لەکار وەربگرێت. بە کوردییەکەی لەو سەردەمەدا پیاوان مۆڵەتی عادەی هاوسەر یان کچەکانیان هەبووە!!!
خوا رەحمی کردووە ئەم مۆڵەتە لێرە نیە ئەگینا دۆسیەی کارمەندانی پیاو پڕدەبوو لەمۆڵەتی عادەو مونافەسەی مۆڵەتی مناڵبونی ژنانیان دەکرد!!!

413. Lack of sleep can cause weight gain of 2 pounds (0.9 kg) in under a week.

بەپێچەوانەی ئەوەی کە رەنگە لەمێشکی شەریفتا بێت، کەمخەوتن دەکرێ لەماوەی کەمتر لەهەفتەیەکدا، کێشت بەبڕی 900 گرام زیادبکات.

414. The Great Wall of China is not visible from space, but China's air pollution is.

شورای مەزنی چین بەو هەموو گەورەییەوە لەبۆشایی ئاسمانەوە نابینرێت بەڵام پیسبونی هەوای ئەو وڵاتە دەبینرێت.

415. About 3,000 Euros are thrown into the Trevi fountain, in Italy, each day.

لە ئیتاڵیا فوارەیەکی بەناوبانگ هەیە بەناوی ترێڤی. رۆژانە نزیکەی سێ هەزار یۆرۆ هەڵدەدرێتە ناو ئەم فوارەیەوە.

416. St Lucia is the only country in the world named after a woman.

لەکۆی ئەو هەموو وڵاتەی جیهان تەنها یەکێکیان بەناوی ژنەوە ناونراوە. ئەویشساینت لوسیایە.

417. Nigeria has more English speakers than the United Kingdom.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە نایجێریا بە ئینگلیزی قسەدەکەن لە هی شانشینی یەکگرتوو زیاترە.

418. Malaysia and Singapore are the only two countries on earth that are allowed Visa-free travel to North Korea.

تەنها دوو وڵات هەن لەجیهاندا کە هاوڵاتییەکانیان دەتوانن بە پاسپۆرتی بێڤیزاوە سەردانی کۆریای باکور بکەن: مالیزیاو سەنگافورە.

419. About 17% of twins are left-handed. This compares to about 10% in the non-twin population.

نزیکەی لەسەدا 17ی دوانەکان، چەپلەرن. بەڵام بەگشتی دانیشتوانی جیهان (جگە لەدوانەکان) لەسەدا 10یان چەپلەرن.

420. The first Selfie was taken in 1839 by Robert Cornelius.

یەکەم سێڵفی لەمێژوودا لەساڵی 1839 لەلایەن برادەرێکەوە گیراوە بەناوی رۆبەرت کۆرنێلیوس. بەڵام ئەو کاتە ئێوە منداڵ بوون و باش بیرتان نایە!!!

421. If the earth didn't have the moon, our days would only be 6 hours long.

ئەگەر زەوی مانگی نەبوایە، رۆژمان بەم رۆژە نەدەگەیشت!، ئەو کاتە رۆژمان لەبری 24 سەعاتەکەی ئێستا تەنها شەش سەعات دەبوو!!!

422. Just 65% of people with Cancer in the U.S. survive.

لەسەدا 65ی توشبوانی شێرپەنجە لەئەمەریکا، لەمردن رزگاریان دەبێت.

423. In 1999, hackers revealed a security flaw in Hotmail allowing to log into any Hotmail account using the password "eh".

لەساڵی 1999 چەند هاککەرێك دەرچەیەکی ئەمنییان لەئیمەیڵی هۆتمەیڵدا ئاشکراکرد کە لەرێگەیەوە دەتوانرا بە پاسپۆردی "eh" داخڵی هەموو ئیمەیڵێکی هۆتمەیڵ ببیت.

424. Alexander the Great founded 70 cities, naming at least 20 after himself and one after his horse.

ئەسکەندەری مەزن، 70 شاری دامەزراندووە. لانیکەم 20ی بەناوی خۆیەوە ناوناوە. هەر بۆ دەرمانیش دانەیەکی تری بەناوی ئەسپەکەیەوە ناوناوە.

425. 1 sperm contains 37 MB of DNA information. This means an ejaculation has a data transfer of 1587 GB in 3 seconds.

هەر سپێرمێك 37 مێگابایت زانیاریی دی ئێن ئەی تێدایە. ئەمەش مانای وایە کە هەر هەڵدانێکی تۆو، لەماوەی تەنها سێ چرکەدا 1587 گێگابایت زانیاری دەگوازێتەوە.

426. The total size of Google Earth's database is over 20 Petabytes.

کۆی قەبارەی داتابەیسی گوگڵ ئێرث، زیاتر لە 20 پێتابایتە.

427. The American Civil War claimed the lives of 10% of all Northern males 20–45 years old, and 30% of all Southern white males aged 18–40.

ئەمەریکییەکان شەڕێکی ناوخۆییان کردووە ئەوەی کورد بەچاوییەوە فڕیوە بووە نەك شەڕ. لەئەنجامی ئەو شەڕەدا لەسەدا 10ی هەموو نێرینە تەمەن 20 بۆ 45 ساڵەکانی باکورو لەسەدا 30ی هەموو سپیپێستە نێرینە تەمەن 18 بۆ 40 ساڵەکانی باشوری تێدا کوژراوە.

بەڵام یەك جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان کوردو ئەمەریکیدا لەو رووەوە. ئەویش ئەوەیە کە ئەوان بەتەواوەتی تەرکیان کردو دەرسێکی باشیشیان لێوەرگرت بەڵام بەداخەوە کورد نا!

428. There's a shark in Greenland that eats polar bears and can live up to 200 years.

لە گرینلاند جۆرە قرشێك هەیە کە ورچی جەمسەری دەخواو دەکرێ تەمەنیشی بگاتە 200 ساڵ.

429. London attracted over 16 million international visitors in 2014, making it the world's most visited city.

لەندەن لەساڵی 2014 16 ملیۆن گەشتیاری نێودەوڵەتی راکێشاوە. بەمەش بووە خاوەنی زۆرترین گەشتیار بە بەراورد بە هەر شارێکی تری جیهان.

430. 30% of American adults do not consume any alcohol ever.

لەسەدا 30ی گەورەساڵانی ئەمەریکا، هیچ جۆرە خواردنەوەیەکی کحولی ناخۆنەوە.

431. In China, identical twin sisters who married identical twin brothers are getting plastic surgery so no one gets confused.

لە چین ئەو خوشکە دوانە زۆر لێکچووانەی شوو بە برا دوانە زۆر لێکچووەکان دەکەن، نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی هیچ یەکێکیان لێیان تێك نەچێت و کافرسانی رونەدات!!!

432. An Indonesian pop star died on stage earlier this year after she was bitten by the snake she was dancing with - she kept performing for 45 minutes before succumbing to the cobra's venom

ئەمساڵ واتە 2016 ئەستێرەیەکی ئیندۆنوسیی موزیکی پۆپ لەسەر ستەیج پاش ئەوەی ئەو مارەی دانسی لەگەڵ دەکرد، پێوەیدا، هەرلەسەر ستەیجەکە عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو، ئەستێرەکە بۆ ماوەی 45 خولەکیش پاش لەپێوەدانەکە هەر بەردەوامبوو لەدانس، بەڵام دوای ئەوە باڵانسەکەی تەواو بوو و ژەهری مارەکە خستی.

433. If you could fold a piece of paper 50 times, its thickness would exceed the distance from here to the Sun.

ئەگەر بتوانیت پارچەکاغەزێك 50 جار قەدبکەیت، ئەوا ئەستورییەکەی لەماوەی نێوان زەوی و خۆر زیاتر دەبێت.

ئەم مەعلوماتە هەرچەندە لە فلیمی هندی ئەچێ بەڵام راستە، ئەگەر بڕواش ناکەیت تاقی بکەرەوە!!!

434. There're more bacteria in your mouth than there are people in the world.

ژمارەی ئەو بەکتریایانەی لەدەمی شەریفی هەر یەکێکماندا هەیە، لەژمارەی دانیشتوانی جیهان، زیاترە.

435. Between 1990 and 2005, a new prison opened in the U.S. every 10 days.

لەئەمەریکا، لەنێوان ساڵی 1990 بۆ 2005، هەموو دوو رۆژ جارێك زیندانێکی نوێ، کراوەتەوە.

436. In August 2016, a dog was elected mayor of Cormorant, Minnesota, for its third term in a row.

لەئابی 2016، سەگێك بۆ سێیەمین جار لەسەر یەك، وەك سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی کۆرمۆرانت لەویلایەتی مینیسۆتای ئەمەریکا، هەڵبژێردرا.

437. Those who wear nothing in bed are more content in their relationships than those who cover up, according to a poll.

پەیوەست بەجلوبەرگ پۆشین لەکاتی خەوتندا، سێ جۆر خەوتن هەیە: خەوتن بە شێوازی خشەخش (ئەوەی کە تەرزەی هەیە) و ئێس دی و ئێچ دی. بەگوێرەی راپرسییەك ئەو کەسانەی بەشێوازی ئێچ دی دەخەون، لەوانی تر مورتاحترن!!!

438. London has more Indian restaurants than Mumbai or Delhi.

ژمارەی ئەو رێستورانتە هندییانەی لە لەندەن هەیە، لەوانە زیاترە کە لەشاری مومبای یان دەلهی هەیە.
ئەم سەیروسەمەرەیە رێك وەك ئەوە وایە گوێزی هەورامان لەزاخۆ زیاتر بێت وەك لەهەڵەبجە!!!

439. George Washington had no formal education.

جۆرج واشنتن، یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا کە بەلای زۆربەی ئەمەریکییەکانەوە مەزنترین سەرۆکی ئەو وڵاتەیە، هیچ خوێندنێکی رەسمی نەخوێندووە.

440. 40% of all bottled water sold in the world is tap water.

لەسەدا 40ی ئەو ئاوانەی لەسەرتاسەری جیهاندا دەفرۆشرێن و لای خۆمان پێیدەووترێت ئاوی مەعدەنی، ئاوی بەلۆعە حەیاتەکەن واتە جیاوازییەکەی لەگەڵ ئاوی بەلۆعەدا تەنها ئەوەیە کە عەزیەتی کردنە ناو بوتڵ یان پەرداخەکەیان لەکۆڵ کردوینەتەوە ئەگینا نە مەعدەنییەو نە تەڕەماش!!!

441. 1 in 7 of American adults who have a tattoo, regret it.

لەهەموو حەوت هاوڵاتییەکی ئەمەریکی لەوانەی تاتۆیان کێشاوە، یەکێکیان پەشیمانە.

442. Falling In Love Has Neurological Effects Similar To Those Of Cocaine.

عاشقبوون کاریگەری دەرونیی هاوشێوەی کاریگەریی بەکاربردنی کۆکایینی هەیە.

443. Even Looking At A Picture Of A Loved One Relieves The Pain.

تەنانەت سەیرکردنی وێنەی کەسێك کە خۆشت دەوێت، ئازار هێوردەکاتەوە.

444. Looking Into Each Others' Eyes Can Make Strangers Fall In Love

سەیرکردنی چاوی یەکتر دەکرێ دوو کەسی بێگانە بە یەکتر عاشقبکات بەبێ ئەوەی رۆژێك لەڕۆژان تەنانەت فەلافلێکیشیان پێکەوە خواردبێت!!!

445. Some baby turtles talk to each other while they are still in their eggs so that they all hatch together.

هەندێك بێچووی کیسەڵ لەناو هێلکەکانیاندا پێش تروکاندن، قسە بۆ یەکتر دەکەن و مەوعیدێك دادەنێن بۆ ئەوەی پێکەوە لەهێلکە بێنەدەرەوە.

446. After multiple assassination attempts by Stalin, President Tito replied: 'Stop sending people to kill me. We've already captured five of them, one of them with a bomb and another with a rifle… If you don't stop sending killers, I'll send one to Moscow, and I won't have to send a second.'

پاش ئەوەی جۆزێف ستالین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت، لەڕێگەی ناردنی پیاوکوژەوە چەندین هەوڵیدا بۆ تیرۆرکردنی جۆزیپ برۆز تیتۆ، یەکەم سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا، تیتۆ لەوەڵامدا پێیوت: "هەتیو کەم خەڵك بنێرە بۆ کوشتنم. ئێمە تازە پێنج لەو کەسانەمان گرتووە. یەکێکیان بۆمبی پێبووەو یەکێکی تریشیان تفەنگی پێبووە. ئەگەر واز لەم بەزمە نەهێنیت ئەوا من تەنها یەك کەس دەنێرم بۆ مۆسکۆو پێویست بە ناردنی دووەم ناکات".

447. 20% of the Earth's oxygen is produced by the Amazon rainforest.

لەسەدا 20ی ئۆکسجینی زەوی، بەرهەمی داراستانی باراناویی ئەمازۆنە.

448. The Amazon River once flowed in the opposite direction, from east to west.

لەکۆندا جارێك، روباری ئەمازۆن بەئاڕاستەی پێچەوانەی خۆی (لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا) رویشتووە.

449. The Amazon represents more than half of the Earth's rainforests.

داراستانی باراناوی ئەمازۆن، زیاتر لەنیوەی کۆی داراستانە باراناوییەکانی جیهان پێکدەهێنێت.

450. Amazonian Butterflies Drink Turtle Tears.

پەپولەکانی ئەمازۆن، فرمێسکی کیسەڵ، دەخۆنەوە.

451. There's an underground river 4 KM (2.4 mi) beneath the Amazon River in Brazil, that might be as long, but hundreds of times wider.

چوار کیلۆمەتر لەژێر روباری ئەمازۆن لە برازیل، روبارێکی ژێر زەوی هەیە کە سەدان جار لەڕوباری ئەمازۆنی سەرزەوی، پانترە. هەروەها رەنگە درێژیش بێت.

452. In 2008, Norway donated US$1 billion to help save the Amazon rainforest.

لەساڵی 2008، نەرویج کە وڵاتێکی ئەوروپییە، بڕی یەك ملیار دۆلاری بەمەبەستی یارمەتیدانی هەوڵەکانی پاراستنی دارستانی باراناوی ئەمازۆن، بەخشیوە.

453. Iquitos, Peru is the largest city in the world inaccessible by road. It's located deep in the Amazon rainforest and has over 400,000 people.

شاری ئیکیتۆس لە پیرۆ، گەورەترین شارە لەجیهاندا کە ناتوانرێت لەڕێگای ئاساییەوە بچیتەناوی. ئەم شارە دەکەوێتە قوڵایی داراستانی باراناوی ئەمازۆن و ژمارەی دانیشتوانەکەی 400 هەزار کەس دەبێت.

454. There are no bridges over the Amazon River.

روباری ئەمازۆن، هیچ پردێکی لەسەر نیە.

455. It has been estimated that there are approximately ten trillion ants living on Earth at any given time.

ژمارەی ئەو مێرولانەی لەهەرکاتێکی سەر زەویدا ژیاون، بە نزیکەی 10 ترلیۆن دەخەمڵێنرێن.

456. The largest ant ever discovered measured was the Titanomyrma Giganteum. It was 2.4 inches with a wingspan of 6 inches.

گەورەترین مێرولە کە تائێستا دۆزراوەتەوە، جۆری تیتانۆمیرما جیگانتیومە کە مێرولەیەکی زەبەلاحی باڵدارە. درێژی ئەم جۆرە 2.4 ئینج و تیرەی باڵەکانی، شەش ئینج دەبێت. جا بیلموناسە یەك ئینج یەکسانە بە 2.54 سانتیمەتر.

457. Some species of ant have no need for males. The species Mycocepurus Smithii, are completely made up of females. Their queens are able to reproduce clones and do not need to reproduce normally.

هەندێك جۆر مێرولە هەن کە پێویستیان بە نێرینە نیە. جۆری مایکۆسیپوروس سیمیتی، بەتەواوەتی لەمێینە پێك دێن. شاژنەکانیان دەتوانن بەبێ نێر، زیادبکەن.

458. The human brain consists of 10,000 million brain cells and an ant brain has 250,000 brain cells. 40,000 ant brains all together could make up for one human brain.

مێشکی مرۆڤ لە 10 ملیار خانە پێکدێت بەڵام هی مێرولە، لە 250 هەزار پێکهاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێت مێشکی 40 هەزار مێرولە، مێشکی مرۆڤێکی لێ دروستبکرێت. جا بیلموناسەبە یەك ملیار نۆ سفری هەیە.

459. Ants can form super-colonies that can stretch for miles. Ant colonies have their own chemical profiles that help ants determine if an ant is part of the colony or a stranger.

مێرولە دەتوانێت شاری هێندە زەبەلاح دروستبکات کە درێژییەکەی بگاتە چەند میلێك. تەبعەن مەخسەوی شەریفم شارەمێرولەیە نەك هی بەشەر. هەر شارەمێرولەیەك تایبەتمەندیی کیمیایی خۆی هەیە بەشێوەیەك کە یارمەتی مێرولەکان دەدات عێل و عەشرەتی خۆیان لەهی شارێکی تر جیابکەنەوە.. واتە ئەگەر مێرولەیەك رویان تێبکات دەزانن کە قەوم و عەشرەتی خۆیانە یان نا!

460. Soldier ants protect their nests by plugging the entrances with their heads.

سەربازە مێرولەکان لەڕێگەی داخستنی مەدخەلی هێلانەکانیان بە سەریان، هێلانەکانیان دەپارێزن.

461. Some ants can support 50 to 100 times their own weight.

هەندێك مێرولە دەتوانێت 50 تا 100 ئەوەندەی کێشی خۆیان، چت هەڵبگرن.

462. Ants have the longest lifespan of any insect – 30 years!

مێرولە بە بەراورد بە هەر جۆرە مێروویەکی تر، زۆرترین سوڕی ژیانی هەیە کە 30 ساڵە.

463. Ants can have their own slaves! Sometimes a queen ant will kill the queen of another colony similar to her species and use its workers to bring in her eggs. Other times an ant colony will steal eggs from other nests and raise those ants to be workers for the colony.

دەکرێ کۆمەڵە مێرولەیەك کۆیلەی تایبەت بەخۆیان هەبێت. هەندێك جار شاژنەمێرولەیەك شاژنی شارەمێرولەیەکی تری جۆری خۆی، دەکوژێت و کرێکارەکانی ئەو شارە بەکاردەهێنێت بۆ دزینی هێلکەکانی ئەو شاژنە. جاری واش هەیە شارەمێرولەیەك هێلکەی هێلانەمێرولەکانی تر دەدزن و ئەو مێرولانەی لەو هێلکانەوە لەدایك دەبن، دەکەن بە کرێکاری شارەکەی خۆیان.

464. Some species of ant are venomous and the most venomous ant known is the Harvester ant. It's even the most venomous of all insects.

هەندێك جۆر مێرولە هەن ژەهراوین. زۆربەی ئەم جۆرە مێرولانە بە مێرولەی دوروێنەکەر ناسراون. ئەم جۆرە تەنانەت لەهەموو مێرووەکانی تر ژەهراویترن. کەواتە دەتوانین بڵێین دوپشك بەچاوییەوە هەر زۆر بەریئـە!

465. If we were to weigh all the ants in the world, they would weigh as much as all of the people.

کۆی کێشی هەموو مێرولەکانی سەر زەوی یەکسانە بە کۆی کێشی هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی.
هەرکەسێکیش بڕواناکات، ئەو عەرزو ئەوە گەز دەتوانێت بیپێوێت!

466. The name 'Apple' came from founder Steve Jobs' like of the fruit. Mystery surrounded the reason for the name Apple, but in truth it was just the fruit that Jobs' liked and named the company after that.

وشەی ئەپڵ لەزمانی ئینگلیزیدا بەمانای سێو دێت. سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئەم کۆمپانیای ئەپڵ ئەو ناوەی لێنراوە، ناڕونییەك هەیە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ستیڤ جۆبز، کە یەکێك بووە لەهاودامەزرێنەرانی کۆمپانیاکە، زۆر حەزی لەم میوەیە بووە، بۆیە کۆمپانیاکەی بەو ناوەوە، ناوناوە.

467. Apple originally had three co-founders. The third co-founder, a man named Ronald Wayne, had joined co-founders, Steve Jobs and Steve Wozniak but he left the company only 12 days after it was founded. He sold his 10% share for only $800 and got an additional payout of $1,500. Had Wayne stayed with the company, his shares would be worth today around $60 billion!

لەبنەڕەتدا ئەپڵ سێ هاودامەزرێنەری هەبووە. سێیەم هاودامەزرێنەری پیاوێك بووە بەناوی رۆناڵد واین. ئەم برادەرە پاش ستیڤ جۆبزو ستیڤ وۆزنیاك بووەتە هاودامەزرێنەری کۆمپانیاکە. بەڵام پاش تەنها 12 رۆژ لەپەیوەندیکردنی، لەسەدا 10 پشکەکەی فرۆشت بە تەنها هەشت وەرەقە. وێڕای ئەوەش 15 وەرەقەی تری لەبری دەرچون لەکۆمپانیاکە وەرگرت.

جا هێشتا چیت دیوە؟!! خەفەتەکە لێرەدایە. ئەو پشکەی ئەو برادەرە، ئێستا بایی 60 ملیار دۆلارە!!!

468. Apple employs more people than a good sized city. Apple employs over 90,000 people. However, millions more make money from Apple.

ژمارەی کارمەندانی کۆمپانیای ئەپڵ لەدانیشتوانی شارێك، زیاترە. ژمارەی کارمەندانی لە 90 هەزار کەس زیاترە. بەدەر لەوەش، ملیۆنەها کەسی تر لەسەرتاسەری جیهانەوە، بەشێوازی جیا، پارە لەڕێگەی ئەم کۆمپانیایەوە پەیدادەکەن.

469. Apple is so successful, it has twice the amount of money than the U.S. Treasury.

ئەپڵ هێندە داهاتی زۆرە، بڕی پارەکەی، لەهی وەزارەتی گەنجینەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاترە.

470. Apple is so successful, that in the first quarter of 2014, it made more money than Amazon, Google, and Facebook combined.

داهاتی ئەپڵ لەچارەکی یەکەمی 2014، لەکۆی داهاتی کۆمپانیاکانی ئەمازۆن، گوگڵ، فەیسبوك پێکەوە، زیاتربووە.

471. To raise capital for Apple, co-founder Steve Wozniak had to sell his scientific calculator.

بەمەبەستی زیادکردنی سەرمایەی ئەپڵ، وۆزنیاك ناچاربوو حاسیبە زانستییەکەی بفرۆشێت.

472. Apple was the first to make a digital color camera.

ئەپڵ یەکەم کۆمپانیا بووە کە کامێرای دیجیتاڵی رەنگاوڕەنگی دروستکردووە.

473. At present, Apple is the largest publicly traded company in the United States.

لەئێستادا ئەپڵ گەورەترین کۆمپانیای بازرگانی ئاشکرایە لە ئەمەریکا.

474. Apple's cash on hand, around $155 billion, could give everyone in the US, $490.00!

پارەی کاش واتە نەقدی ئەم کۆمپانیایە، نزیکەی 155 ملیار دۆلارە. کەواتە ئەگەر دابەشی بکات بەسەر خەڵکی ئەمەریکا، هەر کەسێکی ئەو وڵاتە 490 دۆلاری بەردەکەوێت.

475. If Apple was a country, it would be the world's 27th largest country, between Venezuela and Belgium.

ئەگەر ئەپڵ وڵات بوایە، ئەوا 27هەمین گەورەترین وڵات دەبوو لەجیهانداو دەکەوتە نێوان ڤەنزوێللاو بەلجیکاوە. ڤەنزوێللا وڵاتێکی ئەمەریکییە بەڵام بەلجیکا ئەوروپییە.

476. By 2011, the Apple iPhone accounted for 40% of the company's annual revenue. It's estimated that over three quarters of Apple's income is from products that were invented within the past 10 years.

لەساڵی 2011، لەسەدا 40ی کۆی هەموو داهاتی ساڵانەی ئەپڵ بەهۆی ئایفۆنەوە بووە. بەگوێرەی خەمڵاندنەکانیش، زیاتر لەسێ لەسەر چواری داهاتی ئەم کۆمپانیایە، هی ئەو بەرهەمانەی کۆمپانیاکەن کە لەماوەی 10 ساڵی رابردودا دروستیکردون.

477. Within three days of death, the enzymes that once digested your dinner begin to eat you.

لەماوەی تەنها سێ رۆژدا لەپاش کۆچی دوایی فەخامەتی جەنابت، ئەو ئەنزیمانەی ژەمەخۆراکی ئێوارەتیان هەرسکردووە، دەستدەکەن بەخواردنی جەستەت.

478. The practice of burying the dead may date back 350,000 years.

مێژووی ناشتنی مردوو بۆ 350 هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

479. About 100 billion people have died in all human history.
بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، نزیکەی 100 ملیار کەس مردون. تەبعەن ملیارو بلیۆن دوانەن! واتە هاومانان.

480. About 153,000 people will die on your birthday.
لەڕۆژی لەدایکبونی جەنابتا کە هەندێك پێی دەڵێن جەژنی لەدایکبون، نزیکەی 153 هەزار کەس، دەمرن.

481. Doctors' sloppy handwriting kills more than 7,000 people annually.
ساڵانە تەنها بەهۆی دەستخەتی ناخۆشی دختۆرە خەتجوانەکانەوە، حەوت هەزار کەس دەمرن.

482. Left-handers die 3 years earlier than right-handed people.
بنیایەمی چەپلەر سێ ساڵ لەڕاستلەر، زووتر دەمرن. ئەمەش خەفەتێکی تر با بچێتە سەر خەفەتەکانی ئێمەی چەپلەر!

483. When a person dies, his sense of hearing is the last to go.
کاتێك کەسێك عومری خێری بۆ تۆ جێدەهێڵێت، هەستی بیستنی ئەخیر شتە کە نامێنێت.

484. Every hour, at least 1 person is killed by a drunk driver in the U.S.
هەموو سەعاتێك لانیکەم یەك کەس لە ئەمەریکا بەهۆی شۆفێری سەرخۆشەوە، دەکوژرێت.

485. Mount Everest has about 200 dead bodies on it, which are now landmarks on the way to the top.
شاخی ئیڤرست کە بەرزترین شاخە لەجیهاندا، تەرمی نزیکەی 200 کەسی لەسەرە. ئەم تەرمانەش وەك رێبەرێك بۆ چونە سەر لوتکەی ئەو شاخەیان لێهاتووە.

486. Sharks kill 12 people per year while people kill 11,417 sharks per hour.
ساڵانە قرش تەنها 12 کەس دەکوژێت، بەڵام مرۆڤ هەموو سەعاتێك 11 هەزارو 417 قرش دەکوژێت. ئەمەش جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە.

487. 80% of all Soviet males born in 1923 died in World War II.
لەسەدا 80ی هەموو پیاوە لەدایکبووەکانی ساڵی 1923ی سۆڤیەت، لەجەنگی جیهانی دووەمدا، تیاچوون.

488. You are more likely to die slipping in the bathtub, getting struck by lightning, or drowning in the bathtub, than from Terrorism.

ئەگەری مردنت بە هەڵخزان لەناو حەوزی حەمام یان بەرکەوتنی هەورەبروسکە یان نوقومبون لەحەوزی حەمام، لەمردنت بەهۆی کاری تیرۆری، زیاترە.

489. Every 90 seconds, one woman dies during pregnancy or childbirth.

هەموو 90 چرکەیەك ژنێك لەکاتی دوگیانی یان لەکاتی منداڵبون، گیان لەدەست دەدات.

490. 35 million of your cells die every minute.

هەموو خولەكێك 35 ملیۆن خانەی جەستەت، دەمرن.

491. 600 Americans die each year from falling out of bed.

هەموو ساڵێك 600 هاوڵاتی ئەمەریکی تەنها بەهۆی کەوتنەخوارەوە لەسەر جێگەی خەوتن، دەمرن.

492. Obese drivers are 78% more likely to die in a car crash.

شۆفێری قەڵەو، ئەگەری مردنی بەهۆی روداوی هاتوچۆ، بەڕێژەی لەسەدا 78، زیاترە.

493. You are more likely to die in the taxi cab on the way to and from the airport than on the flight itself.

ئەگەری مردنت لەکاتێکدا لەناو تاکسیدایت و دەڕۆیت بەرەو فڕۆکەخانە، لەئەگەری مردنت لەکاتی گەشتە ئاسمانییەکە، زیاترە.

494. 20,000 children die worldwide every day due to poverty.

هەموو رۆژێك 20 هەزار منداڵ لەسەرتاسەری جیهاندا، تەنها بەهۆی هەژارییەوە دەمرن.

495. We are born with over 270 bones, and die with 206.

کاتێك لەدایك دەبین، جەستەمان لە 270 ئێسك پێکدێت بەڵام کاتێك دەمرین، ژمارەی ئێسکەکانمان تەنها 206ە.

496. One woman dies every hour in India because of dowry-related crimes.

لە هندستان هەموو سەعاتێك ژنێك بە تاوانی پەیوەندیدار بە مارەیی، دەکوژرێت.

497. As many as 440,000 people die from preventable medical errors every year.

هەموو ساڵێك 440 هەزار کەس بەهۆی جۆرە هەڵەگەلێکی پزیشکییەوە دەمرن کە دەکرێ بەریان پێبگیرێت.

498. In London, it is illegal to die in the Houses of Parliament.
لە لەندەن، مردن لەناو پەرلەماندا، قەدەغەو نایاساییە.

499. In Greek mythology, it was believed that redheads turn into vampires when they die.
بەگوێرەی ئەفسانەی یۆنان، سەرسورەکان کاتێك دەمرن، شەوانە لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوەو دەبن بە خوێنمژو گاز لەخەڵك دەگرن.

500. Nearly 6,000 people per year get hurt or die in the UK after tripping over their trousers or falling down stairs while pulling them up.
ساڵانە لەشانشینی یەکگرتوو، نزیکەی شەش هەزار کەس بەهۆی ئەوەی قاچیان بەر پانتۆڵەکانیان دەکەوێت یان لەکاتی هەڵکردنی پانتۆڵەکانیان لەسەر قادرمە، بریندار‌دەبن یان گیان لەدەست دەدەن.

---

501. The lack of physical activity is one of the leading causes of preventable death worldwide.
نەبون یان کەمیی چالاکی جەستەیی، لەسەرتاسەری جیهاندا، یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی مردن کە دەکرێ رێیان لێ بگیرێت.

502. Estimates for the total number of people killed in wars throughout all of human history range from 150 million to 1 billion.
کۆی ژمارەی ئەو کەسانەی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لەشەڕدا کوژراون، بە 150 ملیۆن بۆ یەك ملیار دەخەملێنرێن.

503. In 2013, Google founded Calico, an anti-aging company designed to ultimately "cure" death.
لەساڵی 2013 کۆمپانیای گوگڵ، کالیکۆی دامەزراند کە بە فشەی خۆی کۆمپانیایەکی دژەپیربونەو بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ مردن، دروستکراوە. بێگومان ئەمە مەحاڵە چونکە پێچەوانەی قورئانی پیرۆزو سروشتە.

504. There is a gypsy tribe in India that celebrates death as one of the happiest events in their lives, while treating births with great grief.
لە هندستان هۆزێکی قەرەج هەیە کە مردنی کەسێکیان بە یەکێك لەخۆشحاڵترین بۆنەکان دادەنێن و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن. هاوکات وەك خەفەتێکی گەورە مامەڵە لەگەڵ لەدایکبونیش دەکەن.

505. If you die in Amsterdam without any friends or family left to attend your funeral, a poet will write a poem for you and recite it at your funeral.

خوا بەو رۆژێ نەکات و گوێی شەیتان کەڕ بێ و چاویشی کوێر بێ ئەگەر بێکەس و بێدەر لە ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا بمریت و کەست نەبێت لەپرسەکەتدا ئامادەبێت، شاعیرێك قەسیدەیەکت بۆ دەهۆنێتەوەو لەپرسەکەتدا دەیخوێنێتەوە.

506. Tuberculosis killed 1.5 million people worldwide in 2014, making it a larger cause of death than AIDS.

507. تەنها لەساڵی 2014، نەخۆشی سیل ملیۆنێك و 500 کەسی لەسەرتاسەری جیهاندا کوشتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو نەخۆشییە لە ئایدز زیاتر خەڵکی کوشتووە.

508. Malaria is thought to be responsible for the death of about half of all people who ever lived.

زانایان لەو بڕوایەدان کە نزیکەی نیوەی کۆی هەموو ئەو کەسانەی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ژیاون، بەهۆی مەلاریاوە مردون.

509. Most dinosaurs are known from just a single tooth or bone.

زۆربەی دەیناسورەکان لەڕێگەی تەنها ددانێك یان ئێسکێکەوە ناسراونەتەوە.

510. One of the smallest dinosaurs discovered had the size of a chicken and ate insects.

یەکێك لەبچوکترین دەیناسورەکان کە دۆزراونەتەوە، قەبارەکەی بەقەدەر مریشکێك بووەو مێرووخۆر بووە.

511. The world's oldest known "toilet" was used by dinosaurs 240 million years ago.

کۆنترین تەوالێتی ناسراو، 240 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، لەلایەن دەیناسورەکانەوە بەکارهێنراوە.

512. The dinosaur noises in the "Jurassic Park" movie were made from recordings of tortoise sex.

دەنگی دەیناسورەکانی فیلمی Jurassic Park لەدەنگی تۆمارکراوی سێکسکردنی کیسەڵ، دروستکراوە.

513. The smallest known dinosaur was about four inches (10cm) tall and weighed less than a Chihuahua.

درێژی بچوکترین دەیناسوری ناسراو، نزیکەی 10 سانتیمەتر بووەو کێشەکەی لەهی شیواوا کەمتر بووە کە جۆرە سەگێکی زۆر بچوکە.

514. If Earth's history were condensed into 24 hours, life would've appeared at 4am, land plants at 10:24pm, dinosaur extinction at 11:41pm and human history would've begun at 11:58:43pm.

ئەگەر مێژووی زەوی بۆ 24 سەعات چڕبکرێتەوە، ژیان لەسەعات چواری بەرەبەیان دەستپێدەکات و رووەکی وشکانی لەسەعات 10:24ی شەو دەردەکەوێت و دەیناسور لە 11:41ی شەو قڕدەکات و مێژووی مرۆڤایەتی لەسەعات 11و 58 خولەك و 43 چرکەی شەو دەستپێدەکات.

515. The word "Dinosaur" comes from the ancient Greek and means "terrible lizard".

وشەی Dinosaur لەوشەیەکی کۆنی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بەمانای قۆڕیی ترسناك دێت.

516. There's a limestone cliff with over 5,000 dinosaur footprints in Bolivia, with many dating back 68 million years.

لە بۆلیڤیا کە وڵاتێکی کیشوەری ئەمەریکایە، کەندەڵانێکی کلسی هەیە کە پێنج هەزار جێپێی دەیناسوری تێدایە. مێژووی زۆربەی ئەم جێپیانە بۆ 68 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

517. In 2015, a 4-year-old searching for fossils found 100 Million-Year-Old Dinosaur Bones.

لەساڵی 2015، هەڵمەتێکی گەڕانی چوار ساڵە بۆ پاشماوەی بەردینی گیانداران، دۆزینەوەی چەند ئێسکێکی تەمەن 100 ملیۆن ساڵی دەیناسوری، لێکەوتەوە.

518. There are 100 divorces every hour in the U.S.

هەموو سەعاتێك لەئەمەریکا، 100 تەڵاق رودەدات.

519. A third of all divorce filings of 2011 in the U.S. contained the word "Facebook."

سێیەکی هەموو دۆسیەکانی تەڵاق لەساڵی 2011 لە ئەمەریکا، وشەی فەیسبوکیان تێدا بووە.

520. The world's most expensive divorce was estimated at US$2.5 billion.
گرانترین تەڵاق لەجیهاندا، پارەکەی بە دوو ملیارو پێنج سەد ملیار دۆلار خەملێنراوە.

521. A 99-year-old man divorced his 96-year-old wife after 77 years of marriage because he discovered an affair she had in the 1940s.
پاش ئەوی بۆی دەرکەوت کە ژنەکەی لەساڵەکانی 1940ەکاندا عیلاقەیەکی حوبحوبێنەی لەگەڵ کەسێکی تردا هەبووە، پیاوێکی خنجیلانەی تەمەن 99 ساڵ، پاش 77 ساڵ لەهاوسەرگیری، ژنە تەمەن 96 ساڵەکەی تەڵاقدا.

522. No U.S. president has been elected after being divorced except for Ronald Reagan.
تائێستا واتە تا ساڵی 2016، 46 سەرۆکی جیا، حوکمی ئەمەریکایان کردووە. لەو 46ە، تەنها سەرۆکی ئەمەریکا کە پێش هەڵبژاردنی وەك سەرۆك، ژنی تەڵاقداوە، رۆناڵد ریگانە.

523. The average divorce takes almost 18 months to get over the split.
کەیسێکی ئاسایی تەڵاق لەوادەی دەستپێکردنەوە تا جیابونەوە، 18 مانگ دەخایەنێت.

524. Couples who live together before engagement have a higher divorce rates than those who wait.
رێژەی تەڵاق لەناو ئەو ژن و مێردانەی پێش قۆناغی دەزگیرانداری پێکەوە دەژین، لەوانە بەرزترە کە چاوەڕێ دەکەن تا کاتی دەزگیرانداری.

525. First marriages that end in a divorce usually last approximately 8 years.
یەکەم هاوسەرگیری کە بە تەڵاق کۆتایی دێت، بەگشتی نزیکەی هەشت ساڵ دەخایەنێت.

526. Einstein's Nobel Prize money went to his ex-wife as a divorce settlement.
بینا لەسەر رێکەوتننامەی پەیوەند بە جیابونەوەی ئەلبێرت ئەنیشتاین و ژنەکەی، پارەی ئەو خەڵاتی نۆبڵەی ئەو زانا بەناوبانگە بردییەوە، بەر ژنە تەڵاقدراوەکەی کەوت.

527. Divorce is illegal in the Philippines.
لە فلیپین کە وڵاتێکی ئاسیای دورە، تەڵاق کارێکی نایاساییە.

528. 75% of people who marry partners from an affair eventually divorce.

لەسەدا 75ی ئەو ژن و مێردانەی پاش پەیوەندی حوبحوبێنە، دەیزەوجێنن واتە بەڕەسمی دەچنە ژیانی هاوسەرگیرییەوە، هاوسەرگیرییەکەیان بە تەڵاق کۆتایی دێت.

529. Phil Collins divorced his second wife by fax.

فیڵ کۆڵینس گۆرانیبێژو ئەکتەرو میوزیسیانێکی بەریتانییەو مۆدێل 1951ە. ئەم برادەرە ژنی دووەمی لەڕێگەی فاکسەوە تەڵاقداوە.

530. In 2007, A Bosnian couple divorced after discovering both had an online affair with each other under fake names.

لەساڵی 2007 ژن و مێردێکی خەڵکی بۆسنە، پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت بەناوی ساختەوە لەسەر عەنتەرنێت، عیلاقەیان لەگەڵ یەکدا دروستکردووە، لەیەك جیابونەوە.

---

531. Whatsapp is cited in nearly half of all Italian divorce proceedings.

لەنزیکەی نیوەی هەموو دۆسیەکانی تەڵاق لە ئیتاڵیا کە وڵاتێکی ئەوروپییە، بەرنامەی واتسئەپ وەك بەڵگە بەکارهاتووە.

532. Couples who spend more money on their wedding have a higher divorce rates, a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك رێژەی تەڵاق لەناو ئەو ژن و مێردانەی پارەی زۆرتر لەئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیاندا خەرج دەکەن، زیاترە.

533. Arguing about money is the top predictor of divorce, a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، چەلەحانێکردنی ژن و مێرد لەسەر پارە، بەڵگەی ئەوەیە کە پەیوەندی نێوانیان تەقەی تێکەوتووە چونکە ئەو جۆرە چەلەحانێیە، دیارترین نیشانەی سەرەتایی تەڵاقە.

534. Mail-order marriages are less likely to end in divorce than marriages overall in the U.S., a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەگەری کۆتاییهاتنی ئەو هاوسەرگیرییانەی لە ئەمەریکا لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجامدەدرێن، بە تەڵاق، لەجۆرەکانی تری هاوسەرگیری، کەمترە.

535. Only about 1 in 100 marriages in India end in divorce, one of the lowest rates in the world.

تەنها یەك لەسەدی هاوسەرگیرییەکانی هندستان، بە جیابونەوە کۆتایی دێت. بەهۆی ئەوەشەوە هندستان یەکێکە لەو وڵاتانەی کەمترین رێژەی تەڵاقی تێدا رودەدات.

536. Statistics show that more than 60% of US households have a pet dog.
ئامارەکان دەریانخستووە کە زیاتر لەسەدا 60ی خێزانەکانی ئەمەریکا، سەگی ماڵییان هەیە.

537. Dogs only sweat through the pads of their feet. This makes it difficult to tell when a dog is very hot, but they will also pant and lie down when they are too hot or exhausted. Panting actually helps them to cool down.
سەگ، تەنها ژێرپێی عارەق دەکاتەوە. بەهۆی ئەمەشەوە درککردن بەوەی کە سەگ زۆری گەرمایە کارێکی قورسە. بەڵام لەکاتێکدا زۆر گەرمای بێت یان ماندوو بێت، دەکەوێتە هەناسەبڕکێ کردن و رادەکشێت. هەناسەبڕکێکردن یارمەتی سەگ دەدات فێنك بێتەوە.

538. The Great Dane is the tallest dog in the world, while the St. Bernard is the heaviest, weighing up to 120kg when fully-grown.
سەگی زەبەلاحی دانیمارکی درێژترین جۆری سەگە لەجیهاندا. گەورەترین و قورسترین سەگیش جۆری ساینت بێرناردە کە کێشەکەی لەکاتی گەورەبونی تەواوەتیدا دەگاتە 120 کیلۆگرام.

539. Due to their great size and strength, St. Bernards have been used for years as mountain rescue dogs. The most successful was Barry, who saved 40 lives during his time in service.
بەهۆی گەورەیی قەبارەیانەوە، سەگی جۆری ساینت بێرنارد بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەك رزگارکەری مرۆڤ لەشاخ، بەکارهێنراوە. سەرکەوتوترین سەگی لەم جۆرە، ناوی باری بووە کە لەکاتی خزمەتکردنیدا 40 کەسی لەمردن رزگاکردووە.

540. Ever wondered why a dog can move its ears so freely? There are at least 18 muscles in a dog’s ear which all work separately, making movement in this area very easy.
رەنگە فەخامەتی جەنابت بپرسیت کە سەگ کو گوێچکەی وا بە ئازادی دەجوڵێنێت؟ لەبەرئەوەی لانیکەم لەهەر گوێیەکی ئەو زیندەوەرە وەفادارەدا 18 ماسولکە هەیە کە بەشێوەی سەربەخۆ کاردەکەن. بەهۆی ئەمەوە ئەو جوڵەیە بۆ سەگ هەر زۆر ئاسانە.

541. German Shepherds are the dogs which are often seen working with the police force. This is due to their high intelligence levels, desire to explore their surroundings, courage, agility and loyalty.

جۆرە سەگێك هەیە پێی دەوترێت سەگی شوانی ئەڵمانی. ئەم جۆرە، زۆرجار دەبینرێت کە لەگەڵ پۆلیسدا کاردەکات. هۆکاری ئەمەش بۆ بەرزی ئاستی زیرەکی و حەزی بۆ دۆزینەوەی دەوروبەرو گورجوگۆڵی و دڵسۆزییەکەی دەگەڕێتەوە.

542. The Chihuahua is the smallest breed of dog in the world. Its name is taken from the state of Chihuahua in Mexico, since this was the border which was crossed when they first came into the United States.

شیواوا کە بچوکترین جۆری سەگە لەجیهاندا، ناوەکەی لەویلایەتی شیواوای مەکسیکەوە هاتووە. چونکە بۆ یەکەمین جار ئەم جۆرە سەگە لەسنورەکانی ئەم ویلایەتەوە تەشریفیان بردووەتە ئەمەریکا.

543. When the Titanic sank in 1912, there were three dogs which survived.

کاتێك کەشتی تایتانیك بەهۆکاری پەیوەندیدار بە حوبحوبێنەوە لەساڵی 1912 نوقمبوو، توانرا تەنها سێ سەگی ناو کەشتییەکە، رزگاربکرێن.

544. Dogs which live in the city will usually live longer than those who spend their lives in the countryside. On average, country dogs will die three years sooner than those within the cities.

بەگشتی ئەو سەگانەی لەشارەکاندا دەژین، لەوانە زیاتر دەژین کە لەدەشت و دەردا دەژین. بە گشتی سەگی دەشت و دەر سێ ساڵ لەهی ناو شار، زووتر دەمرن.

545. In a survey, 33% of dog owners admitted to chatting over the telephone to their dogs, while some even stated that they left voicemail messaged for their pets while they were away.

بەگوێرەی راپرسییەك، لەسەدا 33ی ئەوانەی سەگیان هەیە دانیان بەوەدا ناوە کە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە قسەیان بۆ سەگەکیانیان کردووە. تەنانەت هەندێکیان وتویانە کاتێك دوربون لەسەگەکانیان، دەنگەنامەیان بۆ ناردون.

546. In the 17th century, heavy rain in Germany would cause stray cats and dogs to be washed up in the streets or drowned. Thus, the term ‘it’s raining cats and dogs’ was formed.

ئینگلیز ئیدیۆمێکی هەیە دەڵێت: Its raining cats and dogs. مانای حەرفی ئەم رستەیە دەڵێت: سەگ و پشیلە دەبارێت بەڵام مەخسەوی شەریفیان ئەوەیە کە باران بەلێزمە دەبارێت. ئەم ئیدیۆمە لەسەدەی 17هەمەوە پەیدابووە. لەوکاتەدا بارانێکی بەلێزمە لە ئەڵمانیا باریوە کە بووەتەهۆی ئەوەی سەگ و پشیلە بێماڵ و پەرتەوازەکان نوقمی ئاو بون.

547. In the Bible, dogs are mentioned a total of 37 times.

لە ئینجیل کە کتێبی پیرۆزی حەزرەتی مەسیحە سەلامی خوای لێ بێت، 37 جار باسی سەگ کراوە.

548. Around 70% of dog owners see their pets as a part of the family. Birthday and Christmas cards to friends and loved ones will normally include the dog’s name along with the names of the family members.

نزیکەی لەسەدا 70ی ئەو کەسانەی سەگیان هەیە، سەگەکانیان وەك بەشێك لەخێزانەکانیان دادەنێن. ئەو کارتی عید میلادو کریسمسەی بۆ هاوڕێ و خۆشەویستانیان دەنێرن، وێڕای ناوی ئەندامانی خێزانەکان، ناوی سەگەکانیش لەخۆدەگرێت.

549. The world’s oldest dog lived to the grand old age of 29 years and 5 months.

بەتەمەنترین سەگ، 29 ساڵ و پێنج مانگ ژیاوە.

550. A dog was the first living creature to be sent into space. An earth satellite sent Laika to visit space in 1957.

یەکەم زیندەوەر کە نێردراوە بۆ بۆشایی ئاسمان، سەگ بووەو ناوی لایکا بووە. لەساڵی 1957 نێردراوە .

551. George Washington was one of many historical figures to own pet dogs. In total, he had 36 of them, and they were all foxhounds.

جۆرج واشنتۆن، یەکێك بووە لەو کەسایەتییانەی مێژوو کە سەگی ماڵی هەبووە. کۆی ئەو سەگانەی ئەم پیاوە هەیبووە، 36 دانە بون. هەموشیان سەگی راو بوون.

552. The average dog speed is 19 mph.

خێرایی سەگێکی ئاسایی، 19 میلە لەسەعاتێکدا.

553. When puppies are first born, they will sleep for around 90% of the time. However, after a few weeks, this will gradually decrease, and fully-grown dogs only need 10 hours of sleep per day.

کاتێك توتکەسەگێك لەدایك دەبێت، لەسەدا 90ی کاتەکانی بە خەوتن بەسەردەبات. بەڵام پاش چەند هەفتەیەکی کەم، ئەم خەوە کەمدەبێتەوەو سەگێکی تەواو پێگەیشتوو، رۆژانە پێویستی بە تەنها 10 سەعات خەو، هەیە.

554. The largest earthquake ever recorded was a magnitude 9.5 in Chile back in 1960.

گەورەترین زەمینلەرزە کە بەدرێژایی مێژوو تۆمارکرابێت، پلەکەی 9.5 بووەو لەساڵی 1960، چیلی هەژاندووە.

555. The 2011 earthquake near Japan increased the Earth's rotation speed, shortening the day by 1.8 microseconds.

زەمینلەرزەکەی 2011ی نزیك ژاپۆن، بووەهۆی زیادبونی خێرایی سوڕانەوەی زەوی و بەهۆیەوە ئەو رۆژەی بۆ ماوەی 1.8 مایکرۆچرکە، کورتکردەوە.

556. Japan suffers 1,500 earthquakes every year.

هەموو ساڵێك 1500 زەمینلەرزە، ژاپۆن دەهەژێنێت. ژاپۆن وڵاتێکی کیشوەری ئاسیایە.

557. Earthquakes turn water into gold.

زەمینلەرزە ئاو دەکات بە ئاڵتون.

558. After an 8.0 magnitude earthquake hit Mexico City in 1985, nearly all newborn babies survived a collapsed hospital for 7 days without nourishment, water, warmth or human contact.

لەساڵی 1985، زەمینلەرزەیەکی هەشت پلەیی شاری مەکسیکۆ سیتیی پایتەختی مەکسیکی هەژاند. بەڵام سەرباری ئەوەش نزیکەی هەموو منداڵانی ناو نەخۆشخانەیەکی داڕماو لەئەنجامی ئەو زەمینلەرزەیە، بۆ ماوەی حەوت رۆژ بەبێ هیچ خۆراك و ئاوو گەرمی و پەیوەندییەکی مرۆیی، ژیان و لەمردن رزگاریان بوو.

559. An earthquake on 16-12-1811 caused parts of the Mississippi River to flow backwards.

لە 16-12-1811 زەمینلەرزەیەك رویدا، لەئەنجامدا ئاڕاستەی رۆیشتنی بەشێکی روباری میسیسیپی، پێچەوانە بووەوە.

560. There are about 500,000 detectable earthquakes in the world each year. 100,000 of those can be felt, and 100 of them cause damage.

هەموو ساڵێك نزیکەی نیو ملوێن زەمینلەرزە رودەدەن کە لەلایەن ئامێرە پەیوەندیدارەکانەوە کەشفدەکرێن. لەو ژمارەیە 100 هەزاریان هەستی پێدەکرێت و 100یان زیانی لێدەکەوێتەوە.

561. Southern California has about 10,000 earthquakes each year, though most are so small that they are never felt.

تەنها لە کالیفۆرنیای باشور، ساڵانە نزیکەی 100 هەزار زەمینلەرزە رودەدەن. بەڵام زۆربەی ئەم زەمینلەرزانە هێندە بچوکن کە بەهیچ شێوەیەك هەستیان پێناکرێت.

562. The world's deadliest recorded earthquake occurred in 1556 in China, killing an estimated 830,000 people.

کوشندەترین زەمینلەرزەی تۆمارکراو لەمێژوودا، لەساڵی 1556 لە چین رویداوە. ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ئەم زەمینلەرزەیەوە گیانیان لەدەستدا، بە 830 هەزار کەس دەخەمڵێنرێن.

563. One third of an hour is called a mileway. Because it's supposedly the time it takes to walk one mile.

سێیەکی سەعاتێك لەئینگلیزیدا پێی دەوترێت mileway کە مانا حەرفییەکەی "یەك میل رێ"یە. بۆیە ئەم وشەیان بۆ داناوە چونکە پێیان وابووە رۆیشتن بۆ ماوەی میلێك، سێیەکی سەعاتێکی پێدەچێت.

564. In English, the word happy is used three times more often than sad.

لەزمانی ئینگلیزدا وشەی happy (بەختیار) سێ ئەوەندە لەوشەی sad (خەفەتبار)، زیاتر بەکاردەهێنرێت.

565. The word girl wasn't originally gender-specific, and was used of both girls and boys.

وشەی girl بەمانای کچ دێت. بەڵام لەبنەڕەتدا ئەم وشەیە تەنها بەمانای کچ نەهاتووە بەڵکو بەمانای کوڕو کچیش بەکارهاتووە.

566. The longest word in the English language has 189,819 letters. It's the full chemical name of titin, a protein that controls the movement of muscles.

درێژترین وشە لەئینگلیزیدا، لە 189 هەزارو 819 پیت پێکهاتووە. ئەم وشەیە ناوی تەواوەتی کیمیایی تیتینە. تیتین پرۆتینێکە جوڵەی ماسولکەکان کۆنترۆڵ دەکات.

567. Time is the commonest noun in the English language. Followed by person in 2nd, day in 3rd, way in 4th, and year in 5th. Man and woman come in at 7th and 14th place.

وشەی Time باوترین ناوە لەئینگلیزیدا، واتە زۆرترین جار بەکاردەهێنرێت. بەدوای ئەمدا، یەك لەدوای یەك، وشەکانی person وday وway وyear دێن. هەردوو وشەی man وwomanیش، پلەی حەوتەم و 14هەمیان لەڕیزبەندی باوترین وشەکانی ئینگلیزیدا گرتووە.

568. No one knows for sure what the name London means.

هیچ کەسێك بەدڵنیاییەوە مانای وشەی London کە پایتەختی بەریتانیایە، نازانێت.

569. The Hawaiian alphabet only has eight consonants.

پیتەکانی ئەبجەدی هاوایی، لەتەنها هەشت پیتی نەبزوێن پێك دێت.

570. The only word beginning with X that Shakespeare used was Xanthippe. It's the name of Socrates' wife, which Shakespeare used as a byword for a nagging, bad tempered woman.

ولیەم شکسپیر تەنها یەك وشەی بەکارهێناوە کە بە حەرفی x دەستپێیکردبێت. ئەویش وشەی Xanthippeە. ئەم وشەیە ناوی هاوسەرەکەی سوقرات بووە. شکسپیر ئەم ناوەی وەك نمونەی ژنێکی بۆڵەبۆڵکەرو مەزاجخراپ بەکارهێناوە.

571. Four has four letters. It's the only self-counting number in the English language.

وشەی four کە بەمانای چوار دێت لەتەنها چوار پیت پێکهاتووە. لەناو ژمارەکاندا بە زمانی ئینگلیزی، تەنها ئەمەیان ژمارەی پیتەکان و ماناکەی، یەکسانن.

572. The day after tomorrow is called the overmorrow.

لەزمانی ئینگلیزیدا بە سبەینێ دەڵێن tomorrow. بە دوو سبەی دەڵێن overmorrow.

573. If you speak English just over 11% of everything you will ever write or say will be just the letter E.

129.574. ئەگەر ئینگلیزیزان بیت، ئەوا زیاتر لەسەدا 11ی هەموو ئەوانەی دەینوسیت و دەیڵێیت، لەحەرفی E پێکدێت.

575. Roughly 6% of everything you will ever read or write will be just the word THE.

لەزمانی ئینگلیزیدا، نزیکەی لەسەدا شەشی هەموو ئەو وشانەی دەیانخوێنیتەوە یان دەیان نوسیت، تەنها یەك وشەن کە ئەویش THEیە.

576. 1 billion people speak English. That's 1 in every 7 on earth.

لەسەرتاسەری جیهاندا، یەك ملیار کەس بە ئینگلیزی قسەدەکەن. واتە یەك کەس لەهەموو حەوت کەسێکی کۆی دانیشتوانی سەرزەوی.

577. 80% of information stored on all computers in the world is in English.

لەسەدا 80ی ئەو زانیارییانەی لەهەموو کۆمپیوتەرەکانی جیهاندا، خەزنکراون بە زمانی ئینگلیزین.

578. English words "I", "we", "two" and "three" are among the most ancient, from thousands of years.

وشەکانی I و we و two و three لەدێرینترین وشەکانی ئینگلیزین و مێژووەکەیان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر، دەگەڕێتەوە.

579. The longest common English word without vowels is "rhythms".

درێژترین وشەی باوی ئینگلیزی کە پیتی بزوێنی تێدا نەبێت rhythmsە.

580. A new word in English is created every 98 minutes.

هەموو 98 دەقەیەك، وشەیەکی نوێ لەئینگلیزیدا دروستدەکرێت.

581. 89% of people in Sweden speak English.

لەسەدا 89ی خەڵکی سوئێد، بە ئینگلیزی قسەدەکەن.

582. The word "bride" comes from an old proto-germanic word meaning "to cook".

وشەی bride کە بەمانای بوك دێت، لەبنەڕەتدا وشەیەکی پرۆتۆئەڵمانییە کە بەمانای "چێشت لێدەنێت" دێت.

583. The word "queue" is pronounced the same way when the last 4 letters are removed.

وشەی queue کە بەمانای ریز دێت، وەك دەنگی پیتی q (کیو) دەخوێنرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر چوار پیتی کۆتاییشی لێبکەیتەوە، هەر بە هەمان شێوە دەخوێنرێتەوە.

584. 90% of everything written in English uses just 1,000 words.
لەسەدا 90ی هەموو هەموو نوسراوەکانی ئینگلیزی، لەتەنها هەزار وشە پێکدێن.

585. There are more English words beginning with the letter "s" than with any other letter.
ژمارەی ئەو وشە ئینگلیزییانەی بە پیتی s دەستپێدەکەن، لەژمارەی ئەو وشانە زیاترە، کە بە هەر حەرفێکی تر، دەستپێدەکەن.

586. Screeched is the longest English word with one syllable.
Screeched کە بەمانای قیژاندی دێت، درێژترین وشەی ئینگلیزیی یەکبڕگەییە.

587. There are 24 different dialects of English in the US.
تەنها لە ئەمەریکا، 24 دیالێکتی جیاوازی ئینگلیزی هەیە. بۆیە ئەگەر جارجارە لەکاتی سەیرکردنی فیلمێکی ئەمەریکیدا، مێشکت تەقەی هات و هیچ وشەیەکی ئەوتۆی لێ تێنەگەیشتیت، دڵ لەدڵ مەیە، ئاساییە.

588. Until the 19th century, the English word for actors was "hypocrites."
تا سەدەی 19هەمی زاینی، ئینگلیز وشەی hypocrites (مونافیق بەڵام بە کۆ)یان وەك مانای ئەکتەر actors بەکارهێناوە. Actor بەمانای ئەکتەر دێت. واتە بە ئەکتەریان وتووە دوڕوو نەك ئەکتەر!

589. The shortest complete sentence in the English language is "Go".
کورتترین رستە لەزمانی ئینگلیزیدا Goە کە بەمانای "بڕۆ" دێت.

590. "LOL" was formally recognized in 2011's update of the Oxford English Dictionary.
وشەی LOL کە بۆ گوزارشتکردن لەقاقای پێکەنین بەکاردەهێنرێت، لەڤێرژنی 2011ی فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا، دانی پێدا نراوە.

591. "IRONIC" is the most commonly misused word in English says Dictionary.com.
بەگوێرەی ماڵپەڕی dictionary.com، وشەی ironic کە بەمانای گاڵتەئامێز دێت، باوترین وشەیە لەناو ئەو وشانەی خراپ کەڵکیان لێوەرگیراوە.

592. Today's British accent first appeared among London's upper class around the time of the American Revolution. Before that, the British accent was similar to that of Americans.

شێوەوتنی ئینگلیزیی ئەمڕۆی لەندەن بۆ یەکەمین جار لەناو چینی باڵای خەڵکی لەندەن، لەسەردەمی شۆڕشی ئەمەریکیدا بەکارهێنراوە. پێش ئەو کاتە شێوەوتنی ئینگلیزیی بریتانی هاوشێوەی ئەمەریکی بووە.

593. Harry Potter books were translated from British to American English.

کتێبەکانی هاری پۆتەر لە ئینگلیزی بریتانییەوە بۆ ئەمەریکی، تەرجەمەکراون.

594. The verb "unfriend" dates back to 1659. It existed even earlier as a noun, as far back as 1275.

وشەی unfriend وەك فەرمان، مێژووەکەی بۆ ساڵی 1659 دەگەڕێتەوە. بەڵام وەك ناو، مێژووەکەی زۆر لەوە کۆنترەو بۆ ساڵی 1275 دەگەڕێتەوە.

595. Germans are the second biggest beer consumers in the world after the Czechs!

ئەڵمانەکان دووەم گەورەترین بەکاربەری بیرەن لەجیهانداو راستەوخۆ دوای چیکییەکان دێن.

596. At the moment, Germany is Europe’s strongest economy.

لەئێستادا ئەڵمانیا خاوەنی بەهێزترین ئابورییە لەهەموو ئەوروپادا.

597. There are 1,300 breweries in Germany with over 5,000 different variations of beer.

لە ئەڵمانیا 1300 کارگەی دروستکردنی بیرە هەن کە زیاتر لە پێنج هەزار جۆری جیاواز لەو خواردنەوەیە دروستدەکەن.

598. During WWI, Germany was the first country to start using Daylight Savings.

لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەڵمانیا یەکەم وڵات بووە کە بەکارهێنانی کاتی هاوینەی، دەستپێکردووە.

599. There are over 300 different kinds of bread.

لە ئەڵمانیا، زیاتر لە 300 جۆر نان، هەیە.

600. 65% of the Autobahn doesn't have a speed limit.
لەسەدا 65ی رێگا خێراکانی ئەڵمانیا، خێرایی لێخوڕین تیایاندا کراوەو بێسنورە.

---

601. The first book to ever be printed was the Bible by Johannes Gutenberg in the 1450s and you can see it in Mainz, Germany.
یەکەم کتێب کە لەمێژوودا چاپکراوە، ئینجیلەو لەلایەن جۆهانس گۆتەنبێرگەوە لەساڵی 1450کاندا چاپکراوەو ئێستاش لەشاری ماینزی ئەڵمانیایەو هەموو کەس دەتوانێت، بیبینێت.

602. The longest word published in the German language is Donaudampfschifffahrtselektrizitätenhauptbetriebswerkbauunterbeamtengesellschaft (79 letters).
درێژترین وشەی ئەڵمانی کە بڵاوکرابێتەوە، لە 79 حەرف پێکهاتووە. بۆ بینینی وشەکە سەیری نوسخەی ئینگلیزی ئەم کورتیلەیە بکە.

603. The last Olympic Games to be held in Germany were in Munich 1972 where the Israeli team was held hostage and then killed by terrorists.
ئەخیر جار کە ئەڵمانیا تێیدا میوانداری یارییە ئۆلۆمپییەکانی کردووە، لەساڵی 1972 بووە کە لەشاری میونیخ ئەنجامدراوە. بەڵام بۆ ئیسرائیل نەگبەتی بوو. چونکە یاریزانانی تیمی ئەو وڵاتە جولەکەیە، بە بارمتە گیران و دواتریش لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە، کوژران.

604. In case you didn't know, the Berlin Wall fell in 1989.
ئەگەر دەیزانی دڵنیابە، ئەگەر ناشیزانی ئەوا بزانە کە دیواری بەرلین لەساڵی 1989دا روخێنراوە.

605. Germans are the third most efficient country in the world to recycle after Switzerland and Austria.
ئەڵمانیا سێیەم چالاکترین وڵاتە لەجیهاندا لەڕوی ریسایکلین واتە دوبارە سودوەرگرتن لەپاشەڕۆکانیان و دوای سویسراو نەمسا دێت.

606. Germany has had multiple capitals: Nuremberg 1536-1543, Berlin from 1871-1945 and again from 1990 to present and Bonn from 1949-1990.
بەدرێژایی مێژوو، ئەڵمانیا چەندین جار پایتەختەکەی گۆڕیوە. لەوانە: نۆرمبێرگ (1536-1543)، بەرلین (1871-1945) و جارێکی تریش لە 1990 تائێستا، بۆن (1949-1990).

607. Holocaust denial is a crime in Germany.
ئینکاریکردنی کۆمەڵکوژییەکانی هۆلۆکۆست، لەم ئەڵمانیا وەك تاوان سەیردەکرێت.

608. The tradition of the Christmas tree came from Germany.
نەریتی درەختی کریسمس، لەئەڵمانیاوە سەری هەڵداوە.

609. After Japan, Germany is the second largest exporter of cars in the world.
ئەڵمانیا دووەم گەورەترین هەناردەکاری سەیارە لەجیهانداو دوای ژاپۆن دێت.

610. German is spoken by over 100 million people worldwide.
زیاتر لە 100 ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا بە زمانی ئەڵمانی قسەدەکەن.

611. Germany has more zoos than any other country in the world at 400.
ئەڵمانیا بەبەراورد بە هەر وڵاتێکی تری جیهان، زۆرترین باخچەی ئاژەڵانی لێیەو ژمارەکەی 400 دانەیە.

612. Germany borders 9 countries: Austria, Belgium, Czech Republic France, Switzerland, Denmark, Luxemburg, Holland and Poland.
ئەم وڵاتە سنوری لەگەڵ نۆ وڵاتدا هەیە: نەمسا، بەلجیکا، چیك، فەرەنسا، سویسرا، دانیمارك، لۆکسەمبۆرگ، هۆڵەندا، پۆڵەندا.

613. The cuckoo clock was invented in the 17th century.
سەعاتی واقواق لەسەدەی حەڤدەهەمدا داهێنراوە.

614. The founders of Adidias and Puma are brothers.
دامەزرێنەرانی هەردوو کۆمپانیای ئەدیداس و پوما کە دوو کۆمپانیای ئەڵمانین، بران.

615. The most successful football team is Bayern Munich.
سەرکەوتوترین یانەی فوتبۆڵی ئەڵمانیا، بایەرن میونیخە.

616. Germany has more soccer clubs than anywhere else in the world.
بە بەراورد بە هەر وڵاتێکی تری جیهان، ئەم وڵاتە زۆرترین یانەی تۆپی پێی هەیە.

617. Germany is the fifth largest country in Europe after Ukraine, France, Sweden and Spain.

ئەڵمانیا پێنجەم گەورەترین وڵاتی کیشوەری ئەوروپایەو دوای ئۆکرانیاو فەرەنساو سویدو ئیسپانیا دێت.

618. There are more than 150 castles in Germany.

ئەم وڵاتە زیاتر لە 150 قەڵای تێدایە.

619. Most taxis and buses are Mercedes.

زۆربەی تاکسی و پاسەکانی ئەڵمانیا، جۆری مارسیدزن.

620. Europe’s largest train station is in Berlin.

گەورەترین وێستگەی شەمەندۆفێر لەئەوروپا، لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیادایە.

621. Aspirin was officially created in 1899 in Germany.

دەرمانی ئەسپرین لەساڵی 1899 بەڕەسمی لەئەڵمانیا دروستکراوە.

622. X-rays were discovered in 1895 by Wilhelm Conrad Röntgen.

تیشکی ئێکس لەساڵی 1895 لەلایەن زانایەکی ئەڵمانی بەناوی ویڵهێڵم کۆنراد رۆنتگینەوە دۆزراوەتەوە.

623. More than a quarter of Americans claim German ancestry.

زیاتر لەچواریەکی ئەمەریکییەکان دەفەرمون، بە بنەڕەت ئەڵمانین واتە ئەژادوو ئاباوبان ئەڵمانییە.

624. Germany has more than 2.5 million half-timbered houses.

ئەڵمانیا زیاتر لە دوو ملیۆن و 500 هەزار ماڵی نیمچەدارینی تێدایە.

625. There are about 60 dialects of the German language.

زمانی ئەڵمانی نزیکەی 60 دیالێکتی هەیە.

626. Berlin is nine times larger than Paris.

بەرلین نۆ جار لە پاریس گەورەترە.

627. Germany is nicknamed the “Land of Poets & Thinkers”.

ئەڵمانیا نازناوی "خاکی شاعیران و بیریاران"ی لێنراوە.

628. The world's first airline was founded on in 1909, in Frankfurt.
یەکەم هێڵی ئاسمانی لەجیهاندا، لەساڵی 1909 واتە پێش چاپبونی تەنانەت باپیرەی زۆربەمان، لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا، دامەزراوە.

629. Lufthansa is the largest airline in the world.
هێڵی ئاسمانی لوفتهانزا لە ئەڵمانیا، گەورەترین هێڵی ئاسمانییە لەجیهاندا.

630. German is the official language in five countries: Germany, Austria, Switzerland, Luxembourg and Lichtenstein.
ئەڵمانی لەپێنج وڵاتدا زمانی رەسمییە: ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا، لۆکزەمبۆرگ، لیخنشتاین.

631. Germany has the largest population in Europe with 81 million people.
لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، ئەڵمانیا گەورەترین وڵاتی ئەوروپایە. ژمارەی دانیشتوانەکەی 81 ملیۆنە.

632. There is no punishment for someone who escapes from jail because it is considered a basic human instinct to be free.
لە ئەڵمانیا ئەگەر کەسێك لەزیندان هەڵبێت، سزا نادرێت چونکە ئەو راکردنە بە غەریزەیەکی ئەساسی مرۆڤ بۆ ئازادبون، دادەنرێت.

633. It is illegal to run out of fuel in on the autobahn.
تەواوبونی سوتەمەنی لەسەر رێگای خێرا لە ئەڵمانیا، کارێکی نایاساییە.

634. Hamburgers got its name from the city of Hamburg, Germany.
وشەی هەمبەرگر، ناوەکەی لەشاری هامبۆرگی ئەڵمانیاوە، وەرگیراوە.

635. Germany abolished college tuition fees in 2014, even for international students.
ئەڵمانیا لەساڵی 2014وە، کرێی خوێندنی زانکۆی هەڵوەشاندووەتەوە. تەنانەت بۆ خوێندکارانی دەرەوەش.

636. An average of 15 bombs, or 5,500 bombs per year are found in Germany left over from WWII.
رۆژانە بەگشتی 15 بۆمب یان ساڵانە 5500 بۆمبی پاشماوەی جەنگی جیهانی دووەم لە ئەڵمانیا، دەدۆزرێتەوە.

637. Fanta originated in Germany during WWII since it was difficult to import Coca-Cola.

لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا فانتا لەم وڵاتە داهێنرا. هۆکاری ئەم داهێنانە ئەوە بوو کە لەو کاتەدا هاوردەکردنی کۆکاکۆلا، کارێکی زۆر قورس بوو.

638. Dachau Concentration Camp opened in 1933, 7 years before WWII officially started.

کامپی زۆرەملێی داخاو، لەساڵی 1933 واتە حەوت ساڵ پێش ئەوەی جەنگی جیهانی دووەم بەڕەسمی دەستپێبکات، کراوەتەوە.

639. Germans consumed more pork than any other meat.

ئەڵمانەکان گۆشتی بەراز لەهەموو جۆرە گۆشتێکی تر، زیاتر دەخۆن.

640. The highest mountain in Germany is the Zugspitze at roughly 10,000 feet.

بەرزترین شاخ لە ئەڵمانیا، شاخی زوگشپیتزەیە. بەرزییەکەی نزیکەی 10 هەزار پێ دەبێت.

641. Only 71 percent of German men stand to take a pee. They're known as Stehpinkler (standing pee-ers). The other 29 percent prefer to sit (the Sitzpinkler).

لەسەدا 71ی پیاوانی ئەڵمانیا بەپێوە میز دەکەن. ئەم جۆرە پیاوانە پێیان دەڵێن بەپێوەمیزکەر. لەسەدا 29کەی تر، میزکردن بەدانیشتنەوە، بە باشتر دەزانن.

642. The word "Germany" dates back Julius Caesar.

مێژووی وشەی Germany کە بەمانای ئەڵمانیا دێت، بۆ سەردەمی یۆلیۆس قەیسەر دەگەڕێتەوە.

643. Germany's most popular snack is the Doner Kebab. It was brought over by Turkish immigrants and was created in Berlin.

باوترین سوکە ژەمەخواردن لەئەڵمانیا، کەبابی تورکییە کە لەلایەن کۆچبەرە تورکەکانەوە هێنراوەتە ئەم وڵاتەوە.

644. The autobahn is a network of 8,026 miles making it the longest in the world and the densest.

رێگا خێراکانی ئەڵمانیا لەتۆڕێکی 8026 میلی پێکهاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە درێژترین رێگای خێرایە لەجیهاندا. هەروەها چڕترینیشە.

645. Hitler did not come up with the idea of the autobahn, he just enthusiastically supported the idea.
خاوەنی بیرۆکەی رێگای خێرا، ئەدۆڵف هیتلەر نەبوو بەڵام زۆر بەپەرۆشەوە پشتگیری بیرۆکەکەی، کرد.

646. Germany is the 8th largest producer of wine.
ئەڵمانیا هەشتەم گەورەترین بەرهەمهێنەری شەرابە لەجیهاندا.

647. Germany has one of the world’s lowest birth rates.
ئەڵمانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی رێژەی لەدایکبون تیایاندا کەمترینە.

648. During WWI, Hitler’s life was spared by a British solider…wonder what life would have been like if he had died on the battlefield.
لەمیانەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، سەربازێکی بریتانی هیتلەری لەمردن رزگارکرد. ئیشجوان!

649. Hitler never visited a single concentration camp.
هیتلەر هەرگیز سەردانی هیچ یەکێك لەکامپە زۆرەملێکانی نەکردووە.

650. 1.8 million gallons of beer is drunk at Oktoberfest.
لە ئەڵمانیا ئاهەنگێك هەیە بەناوی فێستیڤاڵی ئۆکتۆبەر کە هەموو ساڵێك لەشاری میونیخ سازدەکرێت و 16 رۆژ بەردەوام دەبێت. هەموو ساڵێك لەم ئاهەنگەدا ملیۆنێك و 800 هەزار گاڵۆن بیرە دەخورێتەوە.

651. Munich is the most expensive city in Germany.
گرانترین شاری ئەڵمانیا، میونیخە.

652. Oktoberfest has been canceled 24 times.
تائێستا 24 جار فێستیڤاڵی ئۆکتۆبەر، هەڵوەشێنراوەتەوە.

653. People who regularly eat dinner or breakfast in restaurants double their risk of becoming obese.

ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی مونتەزەم نانی ئێوارە یان بەیانی لەڕێستۆرانتەکان دەخۆن، مەترسی قەڵەوبونیان دوو ئەوەندەیە.

654. A lack of exercise is now causing as many deaths as smoking across the world, a study suggests.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك وەرزش نەکردن، بەقەدەر جگەرەکێشان مردنی لێدەکەوێتەوە لەسەرتاسەری جیهاندا.

655. Laughing 100 times is equivalent to 15 minutes of exercise on a stationary bicycle.

سەد جار پێکەنین، هاوتای 15 خولەك وەرزشکردنە لەسەر پاسکیلێکی جێگیر.

656. Sitting for more than three hours a day can cut two years off a person's life expectancy.

دەکرێ دانیشتنی رۆژانە بۆ ماوەی سێ سەعات، دوو سەعات لەسوڕی ژیانی مرۆڤ کەمبکات.

657. Over 30% of cancer could be prevented by avoiding tobacco and alcohol, having a healthy diet and physical activity.

لەڕێگەی خۆگرتنەوە لەبەکاربردنی جگەرەو ئەلکهول و پارێزێکی تەندروست و چالاکی جەستەییەوە، دەکرێ بەڕێژەی لەسەدا 30 بەربە توشبون بە نەخۆشی شێرپەنجە بگیرێت.

658. Every cigarette you smoke reduces your expected life span by 11 minutes.

هەموو جگەرەیەك کە فەخامەتی جەنابت دەیکێشیت، 11 خولەك لەسوڕی ژیانت کەمدەکات.

659. Exercise, like walking, can reduce breast cancer risk by 25%.

دەکرێ وەرزشکردن، بۆ نمونە بەپێ رۆیشتن، مەترسی شێرپەنجەی مەمك بەڕێژەی لەسەدا 25 کەمبکات.

660. Chicken contains 266% more fat than it did 40 years ago.

مریشکی ئەم سەردەمە بەڕێژەی لەسەدا 266، لەهی 40 ساڵ لەمەوبەر، چەوری زیاتر تێدایە.

661. The U.S. spends more money per person on healthcare than any other developed country, yet its life expectancy is below average.

لەناو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ئەمەریکا زۆرترین پارە لەکەرتی چاودێری تەندروستیدا خەرجدەکات. بەڵام سەرباری ئەوەش، سوڕی ژیانی خەڵکەکەی، لەخوار ئاساییەوەیە.

662. To study the health effects of coffee, King Gustav III of Sweden commuted the death sentences of a pair of twins on the condition that one daily drank 3 pots of coffee and the other tea for the rest of their lives.

بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەری تەندروستی قاوە لەسەر مرۆڤ، شا گوستاڤی سێیەمی سوید، سزای لەسێدارەدانی دوو دوانەی سوککرد بەمەرجێك یەکێکیان بەدرێژایی ژیانی هەموو رۆژێك سێ قۆری قاوەو ئەوی تریان قۆرییەك چا، بخواتەوە.

663. A half hour of physical activity 6 days a week is linked to 40% lower risk of early death.

نیو سەعات چالاکی جەستەیی، شەش رۆژ لەهەفتەیەکدا، مردنی پێشوەختە بەڕێژەی لەسەدا 40 کەمدەکات.

664. Bill Gates' Foundation spends more on global health each year than the World Health Organization of the United Nations.

دامەزراوەکەی بیڵ گەیتس، خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، لەڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر پارەی لەبواری تەندروستی جیهانیدا خەرجکردووە.

665. Your body is the weakest during 3-4am. This is the time most people die in their sleep.

جەستەت لەسەعات سێ بۆ چواری بەرەبەیان، لاوازترینە. ئەمەش ئەو کاتی خەوتنەیە کە زۆربەی خەڵك تێیدا دەمرن.

666. Hitler's First Love was a Jewish girl. Lacking courage, he never spoke to her.

یەکەم خۆشەویستی هیتلەر لەگەڵ کچێکی جولەکەدا بووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی جورئەتی نەبووە پێی بڵێت، هەرگیز پێی نەوتووە.

667. Hitler suffered chronic flatulence and took 28 different drugs to fight it.

هیتلەر باوێژەی درێژخایەنی ناوسکی هەبووەو بۆ ئەو مەبەستە 28 دەرمانی جیاوازی بەکارهێناوە.

668. Hitler led the first public anti-smoking campaign in modern history.

هیتلەر پێشەنگی یەکەم کەمپینی دژە جگەرەکێشان بووە لەمێژووی مۆدێرندا.

669. Hitler Only Had One Testicle.

هیتلەر تەنها یەك هێلکەگونی هەبووە.

670. Hitler bombed his nephew's house in Liverpool, so he joined the US NAVY to fight him.

بەهۆی ئەوەی بۆمبارانی ماڵەکەی کرد لەشاری لیڤەرپوڵی بریتانیا، برازاکەی هیتلەر بەمەبەستی جەنگان لەدژی، پەیوەندیکرد بە هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکاوە.

671. Hitler had a portrait of Henry Ford behind his desk regarding him as an "inspiration".

هیتلەر وێنەیەکی هێنری فۆردی لەپشت مێزەکەی دانابوو و وەك ئیلهامبەخشێك، سەیریدەکرد.

672. Hitler was a Vegetarian and created laws against animal cruelty.

هیتلەر رووەکخۆر بووەو یاسای لەدژی توندوتیژبوون لەدژی گیانداران، دەکردووە.

673. Hitler was saved from drowning by a priest when he was 4 years old.

کاتێك تەمەنی چوار ساڵ بووە، هیتلەر لەلایەن قەشەیەکەوە، لەنقومبوون رزگارکراوە.

674. Hitler, while in prison, wrote to a Mercedes dealership begging for a car loan.

لەکاتێکدا لەزیندان بووە، هیتلەر نامەیەکی بۆ بریکارێکی کۆمپانیای مارسیدس نوسیوەو لێی پاڕاوەتەوە کە ئۆتۆمبێلێکی بە قەرز پێبدات.

675. There was a Jewish-Austrian doctor who didn't charge Hitler's family due to their economic hardship. Hitler had him protected and called him "Noble Jew".

دختۆرێکی جولەکەی نەمسایی هەبوو کە بەهۆی هەژارییەوە پارەی خێزانی هیتلەر نەسەندووە. بەهۆی ئەمەوە دواتر هیتلەر پاراستی و پێشی دەوت جولەکە خانەدانەکە.

676. Hitler was nominated for the Nobel Peace Prize in 1939.

لەساڵی 1939، هیتلەر بۆ بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی کاندیدکراوە.

677. As a child, Hitler wanted to be a priest.

هیتلەر لەتەمەنی منداڵیدا، ویستویەتی ببێت بە قەشە.

678. The American secret service tried to spike Hitler's food with female hormones to feminize him.

پۆلیسی نهێنیی ئەمەریکا هەوڵیداوە هۆرمۆنی مێیینە لەخواردەمەنی هیتلەردا بچێنێت، بۆ ئەوەی تەبیعەتی وەك ژن لێبکەن.

679. In 1938, Hitler was TIME Magazine's Man of the Year.

لەساڵی 1938، هیتلەر لەڕاپرسیی گۆڤاری تایمی ئەمەریکیدا بە کەسایەتی ساڵ هەڵبژێردراوە.

680. Alexander the Great, Napoleon, Mussolini and Hitler, all suffered from Ailurophobia, the fear of cats.

هەریەکە لە ئەسکەندەری مەزن، ناپلیۆن، موسۆلۆنی، هیتلەر، نەخۆشی ترس لەپشیلەیان، هەبووە.

681. Hitler planned to collect thousands of Jewish artifacts to build a "Museum of An Extinct Race" after the war.

هیتلەر پلانی دانا بوو کە هەزاران کەرەستەی جولەکەکان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم، مۆزەخانەیەك بەناوی "مۆزەخانەی رەگەزێکی قڕکراو"یان پێ دروستبکات.

682. Both Adolf Hitler and Osama Bin Laden were announced dead on May

هەریەکە لە هیتلەرو ئوسامە بن لادن، کوشتنیان لە 1ی ئایار، راگەیەنرا.

683. In 1913, Hitler, Stalin, Trotsky, Tito and Freud all lived within a few miles of each other in Vienna, with some of them being regulars at the same coffee houses.

لەساڵی 1913، هەریەکە لە هیتلەر، ستالین، ترۆتسکی، تیتۆو فرۆید لەشاری ڤیەننا، لەدوری چەند میلێك لەیەکترەوە ژیاون. تەنانەت هەندێکیان مشتەریی هەمیشەیی هەمان قاوەخانە بوون. واتە هاوقاوە بوون!

684. Hitler never learned to drive. Yet, he spearheaded the development of the Volkswagen car.

هیتلەر هەرگیز فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل نەبووە. بەڵام سەرباری ئەوەش پێشەنگی دروستکردنی ئۆتۆمبێلی جۆری ڤۆڵکسوەیگن بووە.

685. During Hitler's years in power, his book "Mein Kampf" was given away for free to every newlywed couple.

لەسەردەمی دەسەڵاتی هیتلەردا، کتێبە بەناوبانگەکەی کە ناوی "خەباتی من"ە، بەبێ بەرامبەر دەدرا بەهەموو ئەو ژن و مێردانەی تازە چوبونە ژیانی هاوسەرگیرییەوە.

686. Hitler believed he was attractive to women, so he remained single for political gain. The German people were unaware of Eva Braun until after the war.

پێیوابوو بەلای ژنانەوە سەرنجڕاکێشە. بەڵام لەپێناو دەسکەوتی سیاسیدا زۆربەی ژیانی بە قەیرەکوڕی، بەسەربردووە. هاوکات خەڵکی ئەڵمانیا دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم و خۆکوشتنی هیتلەر، ئینجاکونێ زانییان لەگەڵ ئیڤا براوندا کەپلاندویەتی و دواتریش زەوجاندویەتی!

687. Before the Holocaust, Hitler gave the U.S., Great Britain, and many other nations a chance to take in Jewish refugees. They refused.

پێش ئەنجامدانی کوشتارگەکانی هۆلۆکۆست لەدژی جولەکەکان، هیتلەر پێشنیازی وەك پەنابەر لەخۆگرتنی جولەکەکانی خستە بەردەم ئەمەریکاو بریتانیاو ژمارەیەکی زۆر وڵاتی تر بەڵام هەموو وڵاتەکان، رەتیانکردەوە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، ئەو پیاوانەی خیانەتی هاوسەرگیری دەکەن، پلەی زیرەکییان، نزمترە.

688. Men spend almost a year of their lives staring at women, a survey found.

بەگوێرەی رووپێوییەك، دەرکەوتووە کە پیاوان نزیکەی ساڵێکی کۆی تەمەنیان لەسەیرکردنی ژناندا بەسەردەبەن. تۆ سەیری ئەو بێکاری و بەتاڵییە!

689. Half of all women who die from homicide are killed by their current or former husbands or partners.

نیوەی هەموو ئەو ژنانەی دەکوژرێن، بەدەستی مێرد یان هاوژینی ئێستا یان پێشویانەوە، دەکوژرێن.

690. Men lie 6 times a day, twice as often as women.

پیاوان رۆژانە شەش جار درۆدەکەن. ئەمەش دوو ئەوەندەی ژمارەی درۆکانی ژنانە.

691. 50% is the lifetime risk of developing Cancer for a man in the U.S.
50 لەسەدی ژیانی پیاوانی ئەمەریکا، مەترسی توشبونیان بە شێرپەنجە، تێدایە.

692. If your laptop feels hot, don't put it on your lap if you're a man, it may cause infertility.
ئەگەر پیاویت، لەکاتێکدا لاپتۆپەکەت گەرمدەبێت، نەچی بچی لەباوەشتا داینێیت چونکێکوم ئەگەری ئەوەی هەیە نەزۆکت بکات.

693. In his lifetime, a man spends almost six months shaving.
پیاوان نزیکەی شەش مانگی کۆی ژیانیان بە ریشتاشین بەسەردەبەن.

694. Men with attractive wives report higher levels of satisfaction with their marriages, a study says.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو پیاوانەی هاوسەری ناسك و نازدارو سەرنجڕاکێشیان هەیە، ئاستی رازیبون لەهاوسەرگیرییەکەیان بەرزترە. جا یاخوا رازیش نەبن!

695. The first time two men kissed on-screen was in 1927.
یەکەم جار کە تێیدا دوو پیاو لەسەر شاشە دەرکەوتون یەکتر ماچ دەکەن، لەساڵی 1927 بووە.

696. Women blink 19 times per minute, compared to 11 for men.
ژنان 19 جار لەخولەکێکدا چاو دەتروکێنن. بەڵام پیاو تەنها 11 جار دەیتروکێنن لەهەمان ماوەدا.

697. Smoking can lead to impotence in men.
دەکرێ جگەرە لاوازی سێکسی لەلای پیاوان، دروستبکات.

698. Men were the first to wear high heels around the 1600s. Women began wearing them to look more masculine.
لەساڵەکانی 1600ەکاندا پیاوان بۆ یەکەمین جار پێڵاوی پاژنەبەرزیان لەپێکردووە. دوای ئەوە، ژنان بۆ ئەوەی پیاوانە دەرکەون، دەستیان کردووە بەم عادەتە.

699. Average man is 4-5 inches taller than the average woman.
بەگشتی باڵای پیاوان چوار تا پێنج ئینج لەهی ژنان بەرزترە.

700. By 2020, China could have between 30 million and 40 million men who cannot find wives.

بە هاتنی ساڵی 2020، ژمارەی ئەو پیاوانەی چین، کە ژنیان دەست ناکەوێت بیست تا 30 ملیۆن دەبن.

701. A man walks about 7% slower when with wives or girlfriends, and speeds up when with other men

کاتێك پیاو لەگەڵ هاوسەرەکەی یان گێلفرێندەکەیدا بەڕێدا دەڕوات، بە نزیکەی لەسەدا حەوت خاوتر دەڕوات. بەڵام ئەگەر لەگەڵ پیاودا بڕوات گێچی رۆیشتنەکەی بەرزدەکاتەوە.

702. Men can lactate too, but only under extreme circumstances.

دەکرێ مەمکی پیاویش شیر دەربدات بەڵام تەنها لەدۆخێکی زۆر تایبەتدا دەبێت و حاڵەتەکە ئاسایی نیە.

703. Breast Cancer kills 450 men in the U.S. every year.

هەموو ساڵێك، شێرپەنجەی مەمك تەنها لە ئەمەریکا، 450 پیاو دەکوژێت.

704. Men are more likely to say "I love you" first than women are, a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، یەکەم وتنی "خۆشم دەوێی" لەلایەن پیاوانەوە دەبێت نەك ژنان.

705. For Valentine's Day, a poll found men spend an average of US$154 on fiancés while they spend US$136 on wives.

گشتپرسییەك دەریخستووە کە لەڕۆژی ڤالانتایندا، پیاوان بەگشتی 154 دۆلار لەدەزگیرانەکانیاندا خەرجدەکەن بەڵام ئەگەر ژنیان هەبێت ئەوا 136 دۆلار خەرجدەکەن.

706. Men are struck by lightning five times more often than women.

تۆی پیاو پێنج ئەوەندە زیاتر لەژن، ئەگەری بەرکەوتنی هەورەبروسکەت هەیە.

707. Men account for 74.4% of lead roles in Hollywood movies.

پیاوان لەسەدا 74.4ی رۆڵە سەرەکییەکانی فیلمەکانی هۆلیوود، دەگێڕن.

708. A man is 35% more likely to be diagnosed with prostate cancer than a woman is to be diagnosed with breast cancer.

ئەگەر توشبونی پیاو بە شێرپەنجەی پرۆستات، بەڕێژەی لەسەدا 35 لەتوشبونی ژنان بە شێرپەنجەی مەمك، زیاترە.

709. Men sweat up to twice as much as women.

پیاوان دوو ئەوەندەی ژنان، زیاتر عارەق دەکەنەوە.

710. The New York Times wrote an article about every single 9/11 victim.

رۆژنامەی نیۆرك تایمز، سەبارەت بەهەر قوربانییەکی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001، وتارێکی نوسیوە.

711. Al-Qaeda initially considered targeting nuclear power plants on 9/11 but decided against it, fearing things could "get out of control."

سەرەتا رێکخراوی ئەلقاعیدە پلانی وابوو لە 11-9-2001 لەکانە ئەتۆمییەکان بدات بەڵام پلانەکەی گۆڕی چونکە ترسی ئەوەی هەبوو کە رەنگە لەحاڵەتێکی وادا کۆنترۆڵ نەکرێت.

712. Along with 1.4 million tons of debris removed, 19,435 body parts were recovered from the WTC after 9/11.

پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، ملیۆنێك و 400 هەزار تۆن پاشماوەی بیناو 19 هەزارو 435 پارچەی جەستەی مرۆڤ، لەسەنتەری بازرگانی جیهانی، لابران.

713. The World Trade Center's most famous survivor and president of its support group, Tania Head, was later found to be a fraud: she wasn't even in NYC on 9/11.

بەناوبانگترین رزگاربوی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی، تانیا هێد سەرۆکی گروپێکی پشتگیریکاری سەنتەرەکە بوو. دواتر دەرکەوت کە وا نەبوو و تەنانەت تەنونی لەو رۆژەدا، ئەسڵەن لەشاری نیۆرك نەبوو.

714. A month before 9/11, President George W. Bush was handed a memo titled: "Bin Laden Determined To Strike in US" saying it would be by hijacking planes, possibly targeting NYC.

تەنها مانگێك پێش 11ی سێپتەمبەر، جۆرج بوش، سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا، یاداشتێکی پێشکەشکرا بەناونیشانی "بن لادن بڕیاریداوە لەویلایەتە یەکگرتووەکان بدات" و تێیدا باسی ئەوە کراوە کە رەنگە ئەو لێدانەش لەڕێگەی رفاندنی فڕۆکەو بەئامانجگرتنی شاری نیۆرك، بێت.

715. After 9/11, the Maasai tribe of Kenya gave 14 of their most important cattle to America as aid.

لە کینیا هۆزێك هەیە بەناوی ماسای. پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، ئەو هۆزە 14 لەباشترین مەڕو ماڵاتەکانی وەك فریاکەوتن، پێشکەش بە ئەمەریکا کرد.

716. The 9/11 attacks also destroyed US$100 million in art including work from Pablo Picasso.

هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، بەبڕی 100 ملیۆن دۆلاریش، زیانی هونەری لێکەوتەوە. لەناو ئەو کارە هونەرییانەی تیاچون، کاری پابلۆ پیکاسۆشی تێدا بوو.

717. Michael Jackson had a meeting at the WTC on 9/11 but overslept.

لە 11ی سێپتەمبەری 2001، مایکڵ جاکسۆن، لەسەنتەری بازرگانی جیهانی، کۆبونەوەی هەبوو بەڵام بەهۆی ئەوەی درەنگ خەبەری نەبووەوە، نەچوو.

718. Family Guy's creator had a ticket for a 9/11 plane but came 10 minutes late.

دروستکەری زنجیرەی فیلم کارتۆنی فامیلی گای، بلیتی بڕی بوو کە بە یەکێك لەفڕۆکەکانی 11ی سێپتەمبەر گەشت بکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی 10 دەقە دواکەوت، تەیارەکەی لەدەستچوو. ئەوەیە شانس!

719. The attack on the World Trade Center on 9/11 resulted in the largest loss of life by a foreign attack on American soil.

بەدرێژایی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هێرشەکەی سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە 11ی سێپتەمبەر، کوشندەترین هێرشی بیانی بووە لەسەر خاکی ئەو وڵاتە ئەنجامدرابێت.

720. In 2002, the comptroller of the City of New York estimated the impact of 9/11 on the city's wealth to be US$30.5 billion.

لەساڵی 2002، چاودێری دارایی شاری نیۆرك، کاریگەری هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری لەسەر سامانی شارەکە بە 30 ملیارو 500 ملیۆن دۆلار، خەمڵاند.

721. In New York, 6.5 hectares of buildings were directly affected when the Twin Towers collapsed in 9/11.

لەشاری نیۆرك، بەهۆی روخانی هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی لەئەنجامی هێرشەكان، بە ربەری شەش 6.5 هێكتار، باڵەخانەكانی دەوروبەری سەنتەركە، زیانی راستەوخۆیان بەركەوت.

722. 9/11 was not the first terrorist attack on the World Trade Center. A bombing in February of 1993 killed six people.

هێرشەكانی 11ی سێپتەمبەر یەكەم هێرشی تیرۆریستی نین كە سەنتەری بازرگانی جیهانییان كردبێتە ئامانج. پێشتریش، بەدیاریكراوی لە شوباتی 1993، تەقینەوەیەك لەو سەنتەرە رویداو كوژرانی شەش كەسی لێكەوتەوە.

723. In 2006, Russia gifted the U.S. a 9/11 memorial monument, which was erected in Bayonne, NJ.

لەساڵی 2006، روسیا مۆنۆمێنتێكی تایبەت بە هێرشەكانی 11ی سێپتەمبەری وەك دیاری، پێشكەش بە ئەمەریكا كرد. ئەم مۆنۆمێنتە لەشاری بایۆن لەویلایەتی نیوجێرسی جێگیركراوە.

724. The company that owned the WTC had scheduled a meeting for 9/11/2001 on Tower 1 to discuss what to do in the event of a terrorist attack, but rescheduled the night before because someone couldn't attend.

بڕیاربوو ئەو كۆمپانیایەی خاوەنی سەنتەری بازرگانی جیهانی بوو، لە 11-9-2001، كۆبونەوەیەك لەتاوەری ژمارە یەكی سەنتەرەكە ئەنجامبدات و تێیدا باس لەوە بكرێت كە لەكاتی هێرشی تیرۆریستیدا چی بكرێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی كەسێكیان نەیتوانی لەكۆبونەوەكە ئامادەبێت، شەوی پێشتر، وادەی كۆبونەوەكە دواخرا.

725. There's a 9/11 Memorial in Israel constructed of steel from the remains of the WTC.

مۆنۆمێنتێكی تایبەت بە هێرشەكانی 11ی سێپتەمبەر لە ئیسرائیل هەیە كە لەپۆڵای پاشماوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی، دروستكراوە.

726. India has the largest slave population in the modern world with over 14 million slaves.

لەجیهانی مۆدێرندا، هندستان زۆرترین كۆیلەی هەیە. ئەم وڵاتە زیاتر لە 14 ملیۆن كۆیلەی، تێدایە.

727. Ancient Romans celebrated "Saturnalia", a festival in which slaves and their masters would switch places.

رۆمانە دێرینەکان فێستیڤاڵێکیان هەبوو بەناوی ساتورانالیا. تێیدا کۆیلەو گەورەکانیان، شوێنەکانیان دەگۆڕییەوە.

728. Benjamin Franklin attempted to abolish slavery already in 1790.
لەساڵی 1790، بینجامین فرانکلین کە یەکێکە لەبەناوبانگترین کەسایەتییەکانی مێژووی ئەمەریکا، هەوڵیدا کۆیلایەتی نەهێڵێت بەڵام ئاخخخخ کە نەیتوانی.

729. America's first slave owner was a black man.
یەکەم خاوەنی کۆیلە لە ئەمەریکا، رەشپێست بووە. کەواتە رەنگە بتوانین بڵێین: هینی خۆیانە بە هینیانەوە!

730. A Slave in America in 1850 would cost over US$12,000 in 2013 dollars.
لەساڵی 1850، کۆیلەیەك لە ئەمەریکا زیاتر لە 12 هەزار دۆلاری ئەم سەردەمەی تێچووە.

731. There are over 500,000 slaves in Mauritania today.
لەئێستادا تەنها لە مۆریتانیا کە وڵاتێکی ئەفەریقییە، زیاتر لە 500 هەزار کۆیلە هەیە.

732. a part of the White House was built by slaves.
بەشێکی کۆشکی سپی، لەلایەن کۆیلەکانەوە دروستکراوە.

733. The pyramids were built by paid laborers. Not slaves. That's a myth by Herodotus, the Greek historian.
هەڕەمەکان لەلایەن کرێکارگەلێکەوە دروستکراون کە لەبەرامبەردا کرێیان وەرگرتووە نەك لەلای کۆیلەوە. ئەوەی کە دەوترێت کۆیلەکان دروستیان کردووە ئەفسانەی مێژونوسێکی یۆنانی بووە.

734. Slavery was not made a statutory offense in the UK until April 6, 2010.
تا 6-4-2010، کۆیلایەتی لەشانشینی یەکگرتوو، لەڕوی یاساییەوە بە تاوان دانەنراوە.

735. Mississippi didn't ratify the 13th Amendment, abolishing slavery, until 2013.
تا ساڵی 2013، ویلایەتی میسیسیپی لە ئەمەریکا، ئەو هەموارکردنە دەستورییەی پەسەندنەکردووە کە تایبەت بووە بە هەڵوەشاندەوەی کۆیلایەتی.

736. Slavery was abolished in Saudi Arabia and Yemen as recently as 1962.
لەساڵی 1962، کۆیلایەتی لە سعودیەو یەمەن، قەدەغەکراوە.

737. Ancient Greeks and Romans often bought slaves with salt.

رۆمانی و یۆنانییە دێرینەکان زۆرجار کۆیلەیان بە خوێ، کڕیوە.

738. About 4 million slaves were taken from Africa to Brazil, about 40% of all in the Americas.

نزیکەی چوار ملیۆن کۆیلە لە ئەفەریقاوە براون بۆ برازیل کە دەکاتە لەسەدا 40ی هەموو کۆیلەکانی کیشوەری ئەمەریکا.

739. Over a million Europeans were captured and sold as slaves to North Africa between 1530 and 1780.

لەنێوان ساڵی 1530 تا 1780، زیاتر لەملیۆنێك هاوڵاتی ئەوروپی دەستگیرکراون و وەك کۆیلە بە ئەفەریقای باکور، فرۆشراون.

740. Most Romans avoided being cruel to slaves. They used bonuses and branding to improve productivity, just like modern employers.

زۆربەی رۆمانەکان، توندوتیژ نەبوون بەرامبەر بە کۆیلەکان. تەنانەت وەك بەڕێوەبەرو خاوەنکارەکانی ئەم سەردەمە، لەپێناو باشکردنی بەرهەمدا، پاداشتیان پێداون.

741. Before publishing "Don Quixote," Cervantes was captured and kept as slave for 5 years in Algiers. A ransom was paid by his parents.

پێش بڵاوکردنەوەی رۆمانی دۆن کیشۆت، نوسەرەکەی دەستگیرکراوەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە جەزائیر هێڵراوەتەوە. دواتر پاش ئەوەی خێزانەکەی فیدیەیان داوە، ئازادکراوە.

742. A former slave ship captain wrote the song "Amazing Grace."

تێکستی سرودی Amazing Grace لەلایەن کۆنەکۆیلەیەکەوە کە کاپتنی کەشتی بووە، نوسراوە.

743. Richard Johnson, the 9th Vice-President of the U.S., openly treated an African-American woman as his wife, although legally she was his slave.

ریچارد جۆنسۆن، نۆیەم جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، بە ئاشکرا وەك ژنی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ژنێکی ئەفەریقی ئەمەریکیدا کردووە. بەڵام لەڕوی یاساییەوە تەنها کۆیلەیەکی بوو.

744. There are more people in slavery today than at any time in human history.

ژمارەی کۆیلەکانی ئەم سەردەمە، لەژمارەی کۆیلەکانی هەر سەردەمێك لەسەردەکانی تر، زیاترە.

745. Humans spend a third of their life sleeping. That's about 25 years.

مرۆڤ سێیەکی ژیانی بە خەوتن بەسەردەبات. واتە نزیکەی 25 ساڵ.

746. Parents of new babies miss out on 6 months worth of sleep in the first 2 years of their child's life.

باوانی منداڵی تازە لەدایکبوو، لەماوەی دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵە تازە لەدایکبووەکەیان، خەوی شەش مانگیان دەفەوتێت.

747. Horses can sleep standing.

ئەسپ دەتوانێت بەپێوە بخەوێت.

748. Memories take hold better during sleep.

یادەوەرییەکان لەکاتی خەوتندا، باشتر دەچەسپێن.

749. Cats sleep for 70% of their lives.

پشیلە لەسەدا 70ی ژیانی بە خەوتن بەسەر دەبەن.

750. Sleeping on the job is acceptable in Japan, as it's viewed as exhaustion from working hard.

لە یابانە حەیاتەکە، خەوتن لەکاتی کاردا، رێگەی پێدەدرێت چونکە وەك بەڵگەیەك لەسەر ماندوبونی ئەو کەسە بەهۆی کارکردنی قورس، سەیردەکرێت.

751. Koalas sleep up to 20 hours a day.

کوالا کە یەکێکە لەگیانداره مەمکدارەکان، رۆژانە نزیکەی 20 سەعات، بە خەوتن بەسەردەبات.

752. Women experience significantly more nightmares than men and have more emotional dreams, a research found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو لەپیاوان زیاتر دێوەزمە دەچێتەخەویان و زیاتریش خەوی سۆزداری دەبینن.

753. During WW1, a Hungarian man was shot in the frontal lobe, making it impossible for him to fall asleep. He continued to live a full, sleepless life.

لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، پیاوێکی هەنگاری گوللـەیەك بەر گوێی کەوت. ئەم پێکانە وای لێکرد لەخەو بێبەشی بکات و تا کۆتایی ژیانیشی بەهیچ شێوەیەك خەوی لێنەکەوت.

754. Giraffes only need 5 to 30 minutes of sleep in a 24-hour period.

زەڕافە رۆژانە تەنها پێویستی بە پێنج بۆ 30 خولەك خەوتن هەیە.

755. John Lennon sometimes liked to sleep in an old coffin.

جۆن لینۆن هەندێك جار حەزی کردووە لەناو تابوتی کۆندا بخەوێت.

756. 8% of Americans sleep naked.

لەسەدا هەشتی ئەمەریکییەکان، بەڕوتی دەخەون.

757. The average person in France sleeps 8.83 hours per day, the most in the developed world.

کەسێکی ئاسایی لە فەرەنسا، رۆژانە هەشت سەعات و لەسەدا 83ی سەعاتێك دەخەوێت. ئەم ماوەیەش بە بەراورد بە خەوی خەڵکی وڵاتە پێشکەوتووەکانی تر، زۆرترینە.

758. 40% of adult Americans have always slept on the same side of the bed.

لەسەدا 40ی هەموو کەسانی پێگەیشتووی ئەمەریکا، هەمیشە لەسەر یەکلای جێگەی خەوتنیان دەخەون.

759. In darkness, most people eventually adjust to a 48-hour cycle: 36 hours of activity followed by 12 hours of sleep. The reasons are still unclear.

لەکەشی تەواو تاریکدا، سوڕی ژیانی رۆژانەی زۆربەی خەڵك دەبێتە 48 سەعاتی. 36 سەعات چالاك دەبێت و 12 سەعاتیش دەخەوێت. تائێستا هۆکاری ئەمە روون نیە.

760. Morphine derives its name from Morpheus, the god of sleep and dreaming in Greek Mythology, for its tendency to cause sleep.

وشەی مۆرفین، ناوەکەی لە مۆرفیوسەوە هاتووە کە لەلای ئەفسانەی یۆنان، خواوەندی نوستن و خەوبینین بووەو حەزی لە خەواندن بووە.

761. In 1849, David Atchison became President of the United States for just one day, and he spent most of the day sleeping.

لەساڵی 1849، دەیڤد ئەتچیسۆن، بۆ ماوەی تەنها رۆژێك بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا. سەیرەکە لەوەدا بوو کە زۆربەی ئەو رۆژەشی بە خەوتن بەسەربرد.

762. You burn more calories sleeping than you do watching television.

بڕی ئەو کالۆرییەی لەکاتی خەوتنتدا دەیسوتێنیت، لەو بڕە زیاترە لەکاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆندا دەیسوتێنیت.

763. Neuroscientists believe babies don't dream for the first few years of their life.

زانایانی بواری دەمارزانی، لەو بڕوایەدان کە منداڵان لەماوەی چەند ساڵی کەمی ژیانیاندا، خەو نابینن.

764. Rabbits often sleep with their eyes open.

کەروێشك زۆرجار کە دەخەوێت، چاوەکانی کراوەن.

765. Believing You've Slept Well, Even If You Haven't, Improves Performance.

بڕوابون بەوەی کە خەوێکی باشت کردووە، ئەگەرچی واش نەبێت، توانای کارکردنت باشدەکات.

766. Half of the pilots surveyed in the UK admitted to having fallen asleep while flying a passenger plane.

نزیکەی نیوەی ئەو فڕۆکەوانانەی لەشانشینی یەکگرتوو راپرسییان پێکراوە، دانیان بەوەدا ناوە کە لەکاتی لێخوڕینی فڕۆکەی نەفەرهەڵگردا، خەویان لێکەوتووە. دەوەرە ئیتر بوێرە سوار تەیارە ببیت!

767. Many Tibetan monks sleep upright.

زۆرێك لەکەشیشەو وشکەسۆفییەکانی ناوچەی تبت، بە دانیشتنەوە دەخەون.

768. People experience better sleep during the new moon and worse sleep during a full moon, a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، خەڵك لەسەرەتای مانگی عەرەبیدا خەوێکی باشتر دەکەن و لەکاتی مانگی چواردەدا خراپترین خەویان دەبێت.

769. Dysania is the state of finding it hard to get out of bed in the morning.

جاری وا هەیە لەبەیانیاندا خەبەرمان بووەتەوە بەڵام قووەتمان نیە هەڵسین و جێگەی خەوتن جێبێڵین. ئەم حاڵەتە بەئینگلیزییەکەی خۆمان، پێی دەوترێت: Dysania

770. Sea otters hold hands when they sleep so they don't drift away from each other.

سەگی ئاوی لەکاتی خەوتندا دەستی یەك دەگرن بۆ ئەوەی لەیەك دانەبڕێن.

771. Before alarm clocks were invented, there were "knocker-ups" who went tapping on client's windows with long sticks until they were awake.

پێش ئەوەی سەعاتی ئاگادارکەرەوە دابهێنرێت، کەسی تایبەت بە خەبەرکردنەوە هەبووە. ئەم کەسانە توڵێکی درێژیان پێبووەو بەو توڵە لەپەنجەرەی مشتەرییەکانیان دەدا تا خەبەریان دەبویەوە.

772. A snail can sleep for 3 years.

زیندەوەری حەلەزۆن دەتوانێت بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەر یەك بخەوێت.

773. It's impossible to sneeze while sleeping.

پژمین لەکاتی خەوتندا، مەحاڵە.

774. Most people can survive for up to 2 months without eating, but people can only live up to 11 days without sleeping.

زۆربەی خەڵك دەتوانن بۆ ماوەی نزیکەی دوو مانگ بەبێ خواردن بژین. بەڵام تەنها بۆ ماوەی 11 سەعات دەتوانن بەبێ خەو بژین.

775. The record for the longest period without sleep is 11 days.

تائێستا ریکۆردی زۆرترین ماوەی نەخەوتن لەمرۆڤدا، تەنها 11 رۆژ بووە.

776. Sleeping less than 7 hours each night reduces your life expectancy.

خەوتنی شەوانەی کەمتر لە حەوت سەعات، سوڕی ژیانت کەمدەکات.

777. Only one-half of a dolphin's brain goes to sleep at a time.

دۆلفین لەکاتی خەوتندا، تەنها لایەکی مێشکی دەخەوێت. ناحەقی نیە. حەزەر واجبە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا!

778. Lack of sleep can cause weight gain of 2 pounds (0.9 kg) in under a week.

دەکرێ کەمخەوی لەماوەی کەمتر لەهەفتەیەکدا کێشی لەشت بەبڕی 900 گرام کەمبکات.

779. Approximately 22 percent of people occasionally wake up with a gun in their hand, and this is perfectly natural and healthy.

نزیکەی لەسەدا 22ی خەڵك جارجارە کاتێك خەبەریان دەبێتەوە، دەمانچەکانیان لەدەستیاندایە. ئەمەش نەك هەر نەخۆشی نیە بەڵکو حاڵەتێکی زۆر سروشتی و تەندروستە.

780. If you fall asleep during a crime, you wake up in court.

ئەگەر لەگەرمەی تاوانێکدا بخەویت، ئەوا کە خەبەرت بووەوە، دادگا دەستت ماچ دەکات!

781. 49 – 0 is the highest score ever made in a Soccer game.

تائێستا زۆرترین گۆڵ کە لەیارییەکی تۆپی پێدا کرابێت، 40 بە 0 بووە.

782. After the whistle to start the game, soccer player Lee Todd said "F*ck me, that was loud" and received the fastest red card in history: 2 seconds.

تائێستا خێراترین کارتی سوور کە بەڕوی یاریزانی تۆپی پێدا بەرزکراوەتەوە لەچرکەی دووەمی یارییەکەدا بووە. پاش ئەوەی حەکەم فیکەی دەستپێکی یارییەکەی لێدا، یاریزانێك بەناوی لی تۆد پاش وشەیەکی ناشرین وتی: فیکەکە زۆر بەرز بوو. وەڵا حەکەمیش نەیکردە نامەردی و کارتی سوری بەڕودا بەرزکردەوە.

783. A 20-month-old baby became the youngest professional soccer player ever, after being signed up by a Belgian club.

بچوکترین یاریزانی فوتبۆلی پرۆفیشناڵ لەمێژوودا، منداڵێکی تەمەن 20 مانگ بووە کە بەڕەسمی وەك یاریزان لەیانەیەکی بەلجیکی، تۆمارکراوە.

784. Qatar's 2022 World Cup will take more lives than 9/11 due to horrible working conditions for migrant workers building stadiums and infrastructure.

زیانی گیانی مۆندیالی 2022ی قەتەر لەهی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر زیاترە. چونکە کرێکارە کۆچبەرەکان لەدۆخێکی زۆر مەترسیداردا کار لەبنیاتنانی ستادیۆم و ژێرخانە پەیوەندیدارەکانی ئەو مۆندیالەدا دەکەن.

785. 8 of the 12 host cities for the 2014 FIFA World Cup in Brazil are among the 50 most violent cities in the world.

لە 12 شارە خانەخوێکەی مۆندیالی 2014ی برازیل، هەشتیان لەناو ئەو 50 شارەن کە بە توندوتیژترین شارەکانی جیهان، دادەنرێن.

786. The city of Lusail, host of the 2022 FIFA World Cup Final game, does not exist yet.

یاری کۆتایی مۆندیالی 2022ی قەتەر، لەشارێك دەکرێت کە ئێستا بەتەواوەتی بونی نیەو لەقۆناغی دروستکردندایە. شارەکەش ناوی لویسلەو دەکەوێتە باکوری دەوحەی پایتەختی قەتەرە چکۆلەوە!

787. In 2013, soccer player Cristiano Ronaldo opened a museum dedicated to himself.

لەساڵی 2013، کریستیانۆ رۆناڵدۆ، مۆزەخانەیەکی کردەوە کە تایبەت بۆ ئەو دروستکراوە.

788. The first soccer game televised was a friendly match between Arsenal's first and second team in 1937.

یەکەم یاریی تۆپی پێ کە لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە پەخشکراوە، یارییەکی دۆستانە بوو لەنێوان یانەی یەکەم و دووەمی شاری ئەرسناڵ لەساڵی 1937دا.

789. More than 1 in 20 soccer injuries are caused by celebrating goals on the pitch.

زیاتر لەبیستیەکی پێکانی یاریزانەکان، بەهۆی ئاهەنگگێڕانی تایبەت بەگۆڵکردن لەناو یاریگادا، رودەدەن.

790. On average, soccer players run as far as 9.5 miles in a single match.

بەگشتی، یارێزانێکی ئاسایی لەکاتی یارییەکی فوتبۆڵدا، نۆ میل و نیو دەبڕێت.

791. Argentina's retired soccer player Diego Maradona has his own religion made by his fans.

دیگۆ مارادۆنا، یاریزانی خانەنشینبووی ئەرجەنتین، ئاینی تایبەت بەخۆی هەیە کە لەلایەن هاندەرانییەوە داهێنراوە.

792. The Vatican has its own soccer team.

ڤاتیکان یانەی فوتبۆڵی تایبەت بەخۆی هەیە.

793. Ronaldinho's deal with Coca-Cola ended after he was caught sipping a Pepsi in a news conference.

رۆناڵدینۆ گرێبەستێکی ریکلامئامێزی لەگەڵ کۆکاکۆلادا هەبوو. بەڵام پاش ئەوەی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بینرا پیپسی دەخواتەوە، گرێبەستەکەیان لەگەڵدا هەڵوەشاندەوە.

794. FIFA has more member countries than the U.N.

ژمارەی ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی، لەهی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاترە.

795. The original 2014 World Cup's ball was produced in Pakistan.

تۆپی ئۆریجناڵی مۆندیالی 2014، لە پاکستان، دروستکراوە.

796. The most goals scored in a World Cup's match were 10 by Hungary against El Salvador in 1982.

زۆرترین گۆڵ کە بەدرێژایی مێژووی مۆندیال لەیارییەکدا کرابێت، 10 گۆڵ بووە کە لە مۆندیالی 1982دا هەنگاریا لە ئەلسلڤادۆری کردووە.

797. When the World Cup was hosted in the U.S. in 1994, they only spent US$30 million on infrastructure improvements. For the 2014 World Cup, Brazil spent US$11 billion.

کاتێك ئەمەریکا میوانیداری مۆندیالی 1994ی کرد، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە تەنها 30 ملیۆن دۆلاریان لەچاککردنی ژێرخانی پەیوەندیداردا خەرجکرد بەڵام برازیل لەکاتی میوانداریکردنی مۆندیالی 2014دا، 11 ملیار دۆلاری خەرجکرد. سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرموویانە: قەدری زێڕ لای زەرەنگەرە.

798. In 1969, El Salvador waged war on Honduras after it lost against it in a soccer match.

لەساڵی 1969، ئەلسەلڤادۆر، پاش ئەوەی یارییەکی لەبەرامبەر هندۆراسدا دۆڕاند، جەنگی لەدژی ئەو وڵاتە راگەیاند. ئەوەیە رۆحی ریازی!!

799. German soccer player Mesut Ozil donated his €300,000 World Cup victory bonus to pay surgeries for 23 children in Brazil.

پاش ئەوەی ئەڵمانیا نازناوی پاڵەوانی مۆندیالی 2014ی بردەوە، یاریزانی ئەڵمانی، مەسعوت ئۆزیل 300 هەزار یۆری وەك پاداشت وەرگرت. بەڵام هەرهەمووی لەپێناو ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ 23 منداڵ لە برازیل، بەخشی.

800. When Germany won the 2014 World Cup in Brazil, it was the first time as a united country. The three previous times, the soccer World Cup was won by West Germany.

کاتێك ئەڵمانیا مۆندیالی 2014ی بردەوە، ئەوە یەکەمین جار بوو وەك وڵاتێکی یەکگرتوو نازناوەکە بباتەوە. سێ جارەکەی پێشووتر کە نازناوەکەی بردووەتەوە، ئەڵمانیای رۆژئاوا بووە.

801. In 1967, the Nigerian Civil War ground to a halt for two days because both sides wanted to watch soccer player Pele in an exhibition match.

لەپێناو سەیرکردنی یارییەکی نمایشکاری پێلێ لەلایەن هەردوو لایەنی شەڕکەرەوە، لەساڵی 1967، جەنگی ناوخۆی نیجێریا بۆ ماوەی دوو رۆژ، راگیرا.

802. Every 40 seconds, someone commits suicide.

هەموو 40 چرکەیەك، کەسێك لەشوێنێکی ئەم جیهانەدا، خۆی دەکوژێت.

803. More people commit suicide in New York City than are murdered.

لەشاری نیۆرکی ئەمەریکا، ژمارەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لەوانە زیاترە کە دەکوژرێن.

804. 1 in every 5 people in Greenland attempt suicide at some point in their lives.

لەهەموو پێنج کەسێکی گرینلاند، یەکێکیان لەکاتێك لەکاتەکانی ژیانیاندا، هەوڵی خۆکوشتن دەدەن.

805. More U.S. soldiers committed suicide than died in combat in 2012.

لەساڵی 2012، ژمارەی ئەو سەربازە ئەمەریکییانەی خۆیان کوشتووە، لەوانە زیاتر بووە کە لەجەنگدا کوژراون.

806. Many animals have been reported to commit suicide, including dogs, cows, bulls, and sheep.

تائێستا چەند گیاندارێکیش خۆیان کوشتووە لەوانە: سەگ، مانگا، گا، مەڕ.

807. 1 in 25 U.S. teenagers has attempted suicide.

لەهەموو 25 هەرزەکارێکی ئەمەریکا، یەکێکیان هەوڵی خۆکوشتنی داوە.

808. The Golden Gate Bridge is the #1 suicide site in the world.

پردی دەروازەی ئاڵتونی، لەڕیزبەندی ئەو شوێنانەی جیهان کە خەڵك خۆیانی لێدەکوژن، پلەی یەکەمی گرتووە.

809. Most people, who commit suicide, do it on a Wednesday.

زۆربەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لە چوارشەممماندا عومریان بۆ ئێوە جێدەهێڵن.

810. There's an episode of "Tom and Jerry" that ends with the both of them committing suicide.

ئەڵقەیەکی زنجیرەی کارتۆنی تۆم و جێری هەیە کە لەکۆتاییەکەیدا، هەردوکیان خۆیان دەکوژن.

811. Suicide attempts were punished as crimes in England and Wales until 1961.

تا ساڵی 1961، لە ئینگلتەراو هەرێمی وێڵز، هەوڵی خۆکوشتن تاوان بووەو سزای خۆی هەبووە.

812. In the U.S., you are twice as likely to commit suicide than be murdered by someone else.

بە گشتی لە ئەمەریکا، ئەگەری خۆکوشتنت دوو ئەوەندەی کوژرانتە لەلایەن کەسێکی ترەوە.

813. Rudolf Diesel, who invented the Diesel engine, committed suicide in 1913 because he didn't think his invention would be successful.

رودۆڵف دیزڵ، داهێنەری مەکینەی دیزڵ، بەهۆی ئەوەی پێی وانەبوو کە داهێنانەکەی سەرکەوتوو دەبێت، لەساڵی 1913دا خۆی کوشت.

814. If you commit suicide in Japan by jumping in front of a train, the family of the deceased will be charged a disruption fee.

ئەگەر لەژاپۆن لەڕێگەی خۆهەڵدانە بەردەم شەمەندۆفێرێکەوە خۆت بکوژیت، خێزانەکەت غەرامەیەك دەکرێت کە پێی دەووترێ باجی دروستکردنی پێشوی.

815. Ernest Hemingway, his father, his brother, his sister and his granddaughter all committed suicide.

ئێرنست هێمنگوای، باوکی، براکەی، خوشکەکەی، کچەزاکەی، هەموو ئەوانە بە خۆکوشتن، کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە.

816. The Japanese authorities constructed a fence around a volcano at Mount Mihara to stop a trend of over 2000 people committing suicide by jumping in.

پاش ئەوەی زیاتر لەدوو هەزار کەس لەرێگەی خۆهەڵدانە گڕکانێکی شاخی میهاراوە خۆیان کوشت، دەسەڵاتدارانی ژاپۆن بەمەبەستی بەرگرتن بەو لێشاوە خۆکوشتنە، دیوارێکیان بەدەوری گڕکانەکەدا دروستکرد.

817. During WWII, Japanese war criminal Tojo Hideki attempted suicide after the surrender. He was saved and resuscitated by Allied forces, who then hanged him.

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا تاوانبارێکی جەنگی یابانی بەناوی تۆجۆ هیدێکی پاش ئەوەی خۆی تەسلیمی هێزەکانی هاوپەیمانان کرد، هەوڵیدا خۆی بکوژێت. بەڵام هێزەکانی هاوپەیمانان نەیانهێشت خۆی بکوژێت، بەڵام دواتر لەسێدارەیان دا.

818. 2% of people who jump off the Golden Gate Bridge survive the fall. One man even jumped off for "fun".

لەسەدا دووی ئەوانەی لەپردی گۆڵدن گەیتەوە خۆیان هەڵدەدەنە خوارەوە لەمردن رزگاریان دەبێت. تەنانەت جارێك پیاوێك هەر بۆ خۆشی خۆی لەو پردەوە هەڵدایە خوارەوە.

819. In the UK, the most common cause of death for men under 50 is suicide.

لەشانشینی یەکگرتوو، باوترین هۆکاری مردنی پیاوانی خوار تەمەن 50 ساڵ، خۆکوشتنە.

820. The USA have done 258 times more nuclear weapon tests compared to North Korea

ئەمەریکا 258 جار زیاتر لەکۆریای باکور، تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی، ئەنجامداوە.

821. In the Gulf of Alaska there is a section where 2 oceans meet, but their waters do not mix.

لەدورگەی ئەلاسکا، شوێنێك هەیە کە دوو زەریای تێدا بەیەك دەگات بەبێ ئەوەی تێکەڵ بن. ئەمەش لەقورئانی پیرۆزدا باسکراوە.

822. The U.S. government poisoned alcohol during Prohibition in the 20s and 30s, killing over 10,000 people.

لەساڵەکانی 1920و سییەکانی سەدەی رابردوو، حکومەتی ئەمەریکا بەمەبەستی قەدەغەکردنی خواردنەوە کهولییەکان، ئەو ماددانەی ژەهراویکرد. لەئەنجامدا زیاتر لە 10 هەزار کەس گیانیان لەدەستدا.

823. 100 acres of Pizza are served in the U.S. every day.

هەموو رۆژێك لەئەمەریکا، 100 ئەکرە پیتزا پێشکەشدەکرێت.

824. Just 2.5 million people lived in the U.S.A. in 1776. Today it's 314 million.

لەساڵی 1776، ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکا تەنها دوو ملیۆن و نیو بوو. بەڵام ئێستا نزیکەی 315 ملیۆنە.

825. If you have $10 in your pocket and no debts, you are wealthier than 25% of Americans.

ئەگەر 10 دۆلارت لەگیرفاندا بێت و هیچ قەرزار نەبیت، ئەوا لە 25 لەسەدی ئەمەریکییەکان، دەوڵەمەندتریت.

826. 1 IN 8 American workers has been employed by McDonald's.

لەهەموو هەشت کرێکارێکی ئەمەریکی، یەکێکیان کرێکاری زنجیرە خواردنگەکانی ماکدۆناڵدە.

827. Americans spend 5 cents per day by flushing their toilets.

ئەمەریکییەکان رۆژانە پێنج سەنت لەپاککردنەوەی تەوالێتەکانیان، خەرجدەکەن.

828. Exposure to Secondhand smoke causes nearly 50,000 deaths each year in the U.S. alone.

ساڵانە تەنها لە ئەمەریکا، نزیکەی 50 هەزار کەس بە بەرکەوتن بە دوکەڵی جگەرەی دەستی دوو، گیان لەدەست دەدەن.

829. Russia & America are less than 4 km apart at the nearest point.

لەنزیکترین خاڵیانەوە، روسیاو ئەمەریکا کەمتر لەچوار کیلۆمەتر، لەیەکەوە دورن.

830. 25 % of adult Americans believe in Reincarnation.

لەسەدا 25ی ئەمەریکییە پێگەیشتووەکان، بڕوایان بەو باوەڕە هەیە کە دەڵێت ئەگەر کەسێك مرد، ئەو رۆحی دەچێتە جەستەی کەسێکی تری تازە لەدایکبووەوە. ئەزمەی رۆحە!!!

831. One American consumes as many resources as 32 Kenyans.
ئەمەریکییەك 32 ئەوەندەی هاوڵاتییەکی کینیا، دەرامەت و سامان، بەکاردەبات.

832. Every second, Americans collectively eat 100 pounds of chocolate.
هەموو چرکەیەك، ئەمەریکییەکان، 100 پاوەند چکلێت دەخۆن.

833. 1 in 3 Americans is obese.
لەهەموو سێ ئەمەریکییەك، یەکێکیان قەڵەوە.

834. 9 million people are in prisons around world, and a quarter of them are in the U.S.
لەسەرتاسەری جیهاندا نۆ ملیۆن کەس هەن کە لەزینداندان. چارەکی ئەو کەسانە لە ئەمەریکان.

835. There are at least 97 people called "LOL" in the U.S.
لە ئەمەریکا لانیکەم 97 کەس هەن کە ناویان LOLە.

836. In 1962, the U.S. blew up a hydrogen bomb in space that was 100 times more powerful than Hiroshima.
لەساڵی 1962 ئەمەریکا بۆمبێکی هایدرۆجینی لەبۆشایی ئاسماندا تەقاندەوە کە 100 ئەوەندە لەو ئەو بۆمبە بەهێزتربوو کە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، درا لە هێرۆشیما.

837. The U.S. purchased Alaska from Russia for just US$7.2 million in 1867.
لەساڵی 1867، ئەمەریکا ئەلاسکای بەبڕی تەنها 7.2 ملیۆن دۆلار، لە روسیا کڕی.

838. The average U.S. worker stays at each of its jobs for 4.4 years.
کرێکارێکی ئاسایی ئەمەریکی، بۆ ماوەی 4.4 ساڵ لە هەر ئیشێکیدا دەمێنێتەوە.

839. 8 billion chickens are consumed in the U.S. each year.
ساڵانە هەشت ملیار مریشك، لە ئەمەریکا بەکاردەبرێت.

840. It's completely legal for minors to smoke cigarettes in the U.S. and parts of Europe. What they can't do is purchase them.

لە ئەمەریکاو چەند شوێنێکی ئەوروپا، نەوجەوانان بەگوێرەی یاسا بۆیان هەیە جگەرە بکێشن بەڵام بۆیان نیە بیکڕن.

841. Every day, nearly 4000 teens in the U.S. smoke their first cigarette.

هەموو رۆژێك نزیکەی چوار هەزار هەرزەکاری ئەمەریکا، یەکەم جگەرەی ژیانیان دەکێشن.

842. Smoking causes 1 in every 5 deaths in the U.S. every year.

ساڵانە لەهەموو پێنج کەسێکی ئەمەریکا کە دەمرن، هۆکاری یەکێکیان جگەرەکێشانە.

843. About 20 million Americans live in mobile homes.

نزیکەی 20 ملیۆن ئەمەریکی، لەخانوی گەڕۆکدا دەژین.

844. Every tweet Americans send is being archived by the Library of Congress.

هەر تویتێك کە ئەمەریکییەکان لەسەر تویتەر بڵاویدەکەنەوە، لەلایەن کتێبخانەی کۆنگرێسەوە ئەرشیف دەکرێت.

845. Medical errors are the 6th leading cause of the death in the U.S.

هەڵەی پزیشکان، شەشەم هۆکاری سەرەکی مردنە لە ئەمەریکادا.

846. The U.S. has 115,000 janitors, 83,000 bartenders and 323,000 restaurant servers with bachelor's degrees.

لە ئەمەریکا، 115 هەزار کارگوزارو 83 هەزار مەیگڕی مەیخانەو 323 شاگردی رێستۆرانت هەن کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە.

847. African-Americans are twice as likely to be shot in the U.S.

ئەگەری بە تەقە کوژرانی ئەمەریکییە بەڕەگەز ئەفەریقییەکان لە ئەمەریکا، لەکوژرانی هاوشێوەی رەگەزەکانی تر، زیاترە.

848. Christmas was illegal in the U.S. until 1836 as it was considered an Ancient Pagan Holiday.

تا ساڵی 1836، ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی کریسمس لە ئەمەریکا، قەدەغە بووە چونکە بە ئاهەنگێکی بتپەرستانەی کۆن، دانراوە.

849. After Christianity, the largest religious affiliation in the U.S. is Judaism.
پاش مەسیحییەت، گەورەترین ئینتیمای ئاینی لەم وڵاتە، بۆ ئاینی جولەکەیە.

850. There are more single people than married people in the U.S. nowadays.
لەم سەردەمەدا ژمارەی سینگڵەکانی ئەمەریکا لەهاوسەردارەکان، زیاترە.

851. In the U.S. it costs US$245,000 to raise a child, before college.
لە ئەمەریکا، پەروەردەکردنی منداڵێك تا دەگاتە قۆناغی زانکۆ، 245 هەزار دۆلاری تێدەچێت.

852. It costs the U.S. Government US$2,768,902 per year to hold a prisoner in Guantanamo.
راگرتنی زیندانییەك لەگرتوخانەی گوانتانامۆ بۆ ماوەی ساڵێك، دوو ملیۆن و 768 هەزارو 902 دۆلار، لەسەر حکومەتی ئەمەریکا، دەکەوێت.

853. 80% of the land in Nevada is owned by the U.S. government.
حکومەتی ئەمەریکا خاوەنی تەنها لەسەدا 80ی خاکی ویلایەتی نیڤادایە نەك هەمووی.

854. U.S. former presidents John Adams, and Thomas Jefferson died within hours of each other, on the 4th of July in 1826.
جۆن ئادەمزو تۆماس جێفریسن کە دوو سەرۆکی ئەمەریکا بوون، لە 4-7-1826، بە جیاوازی نێوان تەنها چەند سەعاتێك لەیەکتر، کۆچی دواییان کردووە.

855. There are more Facebook users from the U.S. than U.S. citizens that voted in the last election.
ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبوك لەئەمەریکا، لەژمارەی ئەو هاوڵاتییە ئەمەریکییانە زیاترە کە لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی رابردوو، دەنگیان داوە. لەو هەڵبژاردنەدا ئۆباما توانی ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی بباتەوە.

856. The U.S. has no official language.
ئەمەریکا زمانی رەسمی نیە.

63% of U.S. prison inmates can't read.
لەسەدا 63ی زیندانیانی ئەم وڵاتە، خوێندەوارییان نیە.

857. There are more public libraries than McDonald's in the U.S.
لەم وڵاتە ژمارەی کتێبخانە گشتییەکان، لەخواردنگەکانی ماکدۆناڵد، زیاترە.

858. 60,000 plastic bags are being used in the U.S. every 5 seconds.
هەموو پێنج چرکەیەك، 60 هەزار کیسی نایلۆن لەم وڵاتە، بەکاردەهێنرێت.

859. The banana is the most popular fruit in the U.S.
باوترین میوە لەم وڵاتە، مۆزە حەیاتەکەیە.

860. Every day in the U.S., more than 100,000 people get a speeding ticket.
هەموو رۆژێك لەم وڵاتە زیاتر لە 100 هەزار شۆفێر، بلیتی تیژڕەوییان بۆ دەکرێت.

861. The biggest bill the U.S. issued was a US$ 10,000 bill.
گەورەترین جۆری دراوی ئەمەریکی کە تائێستا بڵاوکرابێتەوە، 10 هەزار دۆلاری بووە.

862. At least 1 in 25 people sentenced to the death penalty in the U.S. are innocent.
لانیکەم لەهەموو 25 کەسێك لەوانەی سزای لەسێدارەدانیان لەدژ دەرچووە لە ئەمەریکا، یەکێکیان بێتاوانە.

863. In 1893, an amendment was proposed to rename the U.S. into the "United States of the Earth".
لەساڵی 1893 هەموارکردنێکی دەستور پێشنیاز کرا بۆ ئەوەی ناوی یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی زەوی، بگۆڕدرێت.

864. US$1 in every US$5 paid in taxes in the U.S. goes to defense.
لەهەموو پێنج دۆلارێك کە وەك باج وەردەگیرێت لە ئەمەریکا، یەکێکیان بۆ کەرتی بەرگری دەڕوات.

865. 97% of rapists in the U.S. never spend a day in jail for their crime.
لەسەدا 97ی لاقەکارانی ئەمەریکا، تەنها رۆژێکیشیان بەهۆی ئەو تاوانەوە، لەزیندان بەسەر نەبردووە.

866. In 31 states of the U.S., Rapists can legally sue for child custody if the rape results in pregnancy.

لە 31 ویلایەتی ئەمەریکا، لاقەکاران بۆیان هەیە بەگوێرەی یاسا داوابکەن ئەو منداڵەی بەرهەمی لاقەکردنەکەیە، ببەنە لای خۆیان و بەخێوی بکەن.

867. The U.S. Government spends US$1.8 billion per year printing documents.

حکومەتی ئەمەریکا ساڵانە، ملیارێك و 800 ملیۆن دۆلار، تەنها لەچاپکردنی بەڵگەنامەدا خەرجدەکەن.

868. There's a town called "Big Ugly" in West Virginia, U.S.A.

لەویلایەتی ڤیرجینیای خۆرئاوای ئەم وڵاتە، شارێك هەیە ناوی Big Uglyیە واتە "زۆر ناشرین".

869. The U.S. Tax Code is 5,000 pages long while The Bible and "War and Peace" only have about 4,500 pages.

کتێبی باجی ئەمەریکا لەپێنج هەزار لاپەڕە پێکهاتووە. بەڵام ئینجیل و رۆمانی شەڕو ئاشتی تەنها لە 4500 لاپەڕە، پێکهاتون.

870. Nelson Mandela was not removed from the U.S. terror watchlist until 2008.

تا ساڵی 2008، نێلسۆن ماندێلا لەلیستی چاودێریکردنی تیرۆری ئەمەریکا، لانەبراوە.

871. Almost half the world's credit card frauds happen in the U.S.

نزیکەی نیوەی هەموو فرتوفێڵە پەیوەندیدارەکانی کرێدیت کارد لەجیهاندا، لە ئەمەریکا، رودەدات.

872. There are more TVs in the U.S. than people in the U.K.

ژمارەی ئەو تەلەفزیۆنانەی لە ئەمەریکادا هەن، لەژمارەی دانیشتوانی شانشینی یەکگرتوو زیاترە.

873. The poorest place in the U.S. is Allen, South Dakota, where 96% are Native American.

پەتیترین شوێنی ئەم وڵاتە، شاری ئەلینی ویلایەتی داکۆتای باشورە. لەسەدا 96ی دانیشتوانەکەی، ئەمەریکی رەسەنن.

874. 1 in 25 U.S. teenagers has attempted suicide.

لەهەموو 25 هەرزەکارێکی ئەمەریکی، یەکێکیان هەوڵی خۆکوشتنی داوە.

875. In 2010, General Electric made over US$14 billion in profits but paid US$0 in taxes in the U.S.

داهاتی ساڵی 2010، کۆمپانیای جەنەڕاڵ ئێلەکتریك 14 ملیار دۆلاری تێپەڕاند بەڵام تەنانەت یەك دۆلار باجیشی نەدا.

876. The Afghan War is the longest war in U.S. history.

جەنگی ئەفغانستان، درێژترین جەنگە لەمێژوی ئەمەریکادا.

877. There are 2 pets for every 3 people in the U.S.

هەموو سێ کەسێك لە ئەمەریکا، دوو گیانداری ماڵییان بەردەکەوێت.

878. An average person in the U.S. eats 35 tons of food in a lifetime.

کەسێکی ئاسایی لەم وڵاتە، بەدرێژایی ژیانی، 35 تۆ خواردەمەنی، دەخوات.

879. American flags made in China are banned in the U.S. Military.

ئاڵای ئەمەریکای دروستکراو لە چین، لەناو سوپای ئەمەریکادا قەدەغەیە.

880. The State of New Jersey, U.S.A., was originally called Lorraine and New Sweden.

ویلایەتی نیوجێرسی لەبنەڕەتدا پێیوتراوە لۆراین و نیو سویدن.

881. In WWII, the U.S. and New Zealand secretly tested 3,700 "tsunami bombs" designed to destroy coastal cities.

لەمیانەی جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەمەریکاو نیوزلەندا بەنهێنی 3700 بۆمبی تسونامییان تاقیکردەوە. ئەم جۆرە بۆمبە بەتایبەتی بۆ وێرانکردنی شارە کەنارییەکان، دروستکراون.

882. It's estimated 1.5 million people are "missing missing" in the U.S.; people who have disappeared but haven't been reported as missing.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئەمەریکا بێسەروشوێنن و دەسەڵاتداران لەو بێسەروشوێنبونە، ئاگادار نەکراونەتەوە، بە ملیۆنێك و 500 هەزار کەس دەخەمڵێنرێن.

883. Gerald Ford was the only to have served as both U.S. President and Vice President without being elected to either position.

تەنها سەرۆکی ئەمەریکا کە وەك سەرۆك و جێگری سەرۆکیش دەستبەکار بووە بەبێ ئەوەی بۆ هیچ یەکێك لەو دوو پۆستە هەڵبژێردرێت، جیراڵد فۆرد بووە.

884. Interracial marriage was banned in the U.S. for much of its history: from 1776 to 1967.

هاوسەرگیریی لەنێوان رەگەزە جیاوازەکاندا لە ئەمەریکا، ماوەیەکی ئێجگار زۆر قەدەغەکراوە. لەساڵی 1776 تا 1967 قەدەغە بووە.

885. The cost of college in the U.S. has gone up 500% since 1985.

تێچوی خوێندنی کۆلێژ لە ئەمەریکا، لەساڵی 1985ەوە، بەڕێژەی لەسەدا پێنج سەد، زیادیکردووە.

886. The U.S. has 19 aircraft carriers, compared to the rest of the world's 12 aircraft carriers combined.

ئەمەریکا، 19 کەشتی فڕۆکەهەڵگری هەیە. بەڵام هەموو وڵاتانی تری جیهان پێکەوە، تەنها 12یان هەیە.

887. U.S. Families living in extreme poverty, with less than US$$2 per day, has doubled to 1.5 million since 1996.

ژمارەی ئەو خێزانە زۆر هەژارانەی ئەمەریکا کە داهاتی رۆژانەیان تەنها دوو دۆلارە، لەساڵی 1996ەوە تائێستا بوون بە دوو ئەوەندە. ژمارەی ئەو خێزانانە ملیۆنێك و 500 هەزارە.

888. GPS is owned and controlled by the U.S. Government. It can be 'switched off' at any time.

خاوەنی جی پی ئێس، حکومەتی ئەمەریکایەو لەلایەن ئەویشەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. دەشتوانێت لەهەرکاتێکدا بیەوێت بیکوژێنێتەوە.

889. 47% of the U.S. remains unoccupied, despite having a population of 314 million.

هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکا نزیکەی 314 ملیۆنە، بەڵام تائێستاش لەسەدا 47ی خاکی ئەم وڵاتە، چۆڵە.

890. Between 10 and 20 volcanoes are erupting somewhere on Earth every day.

هەموو رۆژێك 10 تا 20 گڕکان لەشوێنێکی زەوی، دەتەقێت.

891. The word "volcano" originally comes from the name of the Roman god of fire, Vulcan.

وشەی Volcano کە بەمانای گڕکان دێت، لەبنەڕەتدا لەوشەی Vulcanی رۆمانییەوە هاتووە کە بەمانای خواوەندی ئاگر، دێت.

892. The southernmost active volcano on Earth is in Antarctica. It spews crystals and is very close to the U.S. Research Center.

لەوپەڕی باشوری گۆی زەوی گڕکانێکی چالاك هەیە کە دەکەوێتە کیشورەی جەمسەری باشورەوە. ئەم گڕکانە کریستاڵ دەردەدات و لەسەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ئەمەریکاوە نزیکە.

893. There's a volcano in Indonesia that spews blue flames.

لە ئیندۆنوسیا گڕکانێك هەیە، گڕی شین دەردەدات.

894. On April 1, 1974, black smoke was seen rising from Mount Edgecumbe, a volcano in Alaska. When a Coast Guard pilot came closer to investigate, he found 70 tires burning and the words "APRIL FOOL" spray painted into the snow.

لە 1-4-1974، دوکەڵێکی رەش بینرا کە لەگڕکانێکی ئەلاسکا بەرزدەبووەوە. کاتێك فڕۆکەوانێکی پاسەوانانی کەنارەکان لەدوکەڵەکە نزیکبووەوە، بۆی دەرکەوت کە 70 تایەیە سوتێنراوەو بە سپرەی لەسەر بەفری شوێنەکە، نوسراوە "فشەی نیسان" بەڵام تەبعەن بە ئینگلیزی.

895. In 1600, a volcano eruption in Peru caused a famine that killed about 2 million people in Russia.

لەساڵی 1600، تەقینی گڕکانێك لە پیرۆ، برسێتییەکی بەدوای خۆیدا هێنا کە نزیکەی دوو ملیۆن کەسی لە روسیا کوشت.

896. In 1943, a fissure opened in a farmer's cornfield in Mexico, growing into a five story tall volcano in only a week and up to 1,100 feet after a year.

لەساڵی 1943 لە مەکسیك، درزێك کەوتە کێڵگەیەکی گەنمەشامی جوتیارێك. لەماوەی تەنها هەفتەیەکدا ئەو درزە بووە گڕکانێکی زەبەلاح کە بەقەدەر بینایەکی پێنج نهۆمی بەرزبوو. پاش ساڵێکیش، بەرزییەکەی گەیشتە 1100 پێ.

897. In 1986, a volcanic lake in Cameroon, Africa burped a C02 gas cloud that killed 1,746 people in minutes.

لەساڵی 1986، دەریاچەیەکی گڕکانی لە کامیرۆن، هەورێکی پێکهاتوو لە گازی CO2ی دروستکرد کە بووەهۆی ئەوەی لەماوەی تەنها چەند خولەکێکدا، 1746 کەس بکوژێت.

898. No other country in Europe has as many volcanoes as Italy.

ئیتاڵیا لەهەموو وڵاتەکانی تری ئەوروپا، گڕکانی زیاتر تێدایە.

899. 80% of volcanic eruptions happen underwater.

لەسەدا 80ی تەقینە گڕگانییەکان لەژێر ئاوەوە، رودەدەن.

900. Some volcano eruptions are capable of creating powerful electrical charges that can lead to bolts of lightning as large as two miles long.

هەندێك لەتەقینە گڕکانییەکان دەبنەهۆی دروستبونی بارگەی کارەبایی هێندە بەهێز کە هەورەبروسکە بەدرێژایی دوو میل دروستدەکات.

901. 20% of women in the U.S. earn at least $5,000 more than their spouse.

لەسەدا 20ی ژنان لەئەمەریکا، لانیکەم ساڵانە پێنج هەزار دۆلار، لەهاوژینەکانیان، زیاتر پەیدادەکەن.

902. All of the 20 richest women in the world except for #17, inherited their money from either their husband or their father.

لە 20 دەوڵەمەندترین ژنەکەی جیهان، جگە لەحەڤدەهەمیان، هەمویان سامانەکانیان لەمێرد یان باوکیانەوە بۆ ماوەتەوە.

903. Women speak about 20,000 words a day. That's 13,000 more than the average man.

ژنان رۆژانە 20 هەزار وشە، قسەدەکەن. پیاوێکی ئاسایی رۆژانە حەوت هەزار وشە قسەدەکات.

904. The average woman in the UK owns 19 pairs of shoes, but wears only 7.

ژنێکی ئاسایی لەشانشینی یەکگرتوو، 19 جوت پێڵاوی هەیە بەڵام تەنها حەوت جوتی لەپێدەکات.

905. In Russia there are 9 million more Women than men.
لە روسیا ژمارەی ژنان، نۆ ملیۆن لەپیاوان زیاترە.

906. 40% of births in the U.S. come from unmarried women.
لەسەدا 40ی لەدایکبونەکان لە ئەمەریکا، هی ئافرەتانێکن کە شویان نەکردووە.

907. Women spend nearly one year of their lives deciding what to wear.
ژنان نزیکەی ساڵێکی تەمەنیان بە خۆیەکلاییکردنەوە لەسەر لەوەی چی لەبەرکەن، بەسەردەبەن.

908. Women cry on average between 30 and 64 times a year while men cry between 6 and 17 times.
ژنان بەگشتی، لەساڵێکدا 30 تا 64 جار دەگرین بەڵام پیاوان لەهەمان ماوەدا، شەش تا 17 جار دەگرین.

909. Israel is the only country in the world to draft women into Military service.
یەکەم وڵات لەجیهاندا کە ژنانی خستووەتە ناو خزمەتی سەربازییەوە، ئیسرائیلە.

910. Instead of chest pains, heart attacks in women have nausea, indigestion, and shoulder aches.
جەڵدەی دڵ کاتێك لەپیاو دەدات، ئازارێك لەسنگیدا پەیدا دەبێت. بەڵام لەژندا لەبری ئەو ئازاری سنگە، توشی هێڵنجدان و بەدهەرسی و ئازای شان، دەبێت.

911. 4% of women in the U.S. are pregnant right now.
لەئێستادا کە من لەخزمەتتام، تۆش وەك برام وایت لەسەدا چواری هەموو ژنانی ئەمەریکا، دوگیانن.

912. Women's hearts beat faster than men's.
لێدانی دڵی ژن لەهی پیاو، خێراترە.

913. The woman who underwent the world's first successful womb transplant became pregnant in 2013.
ئەو ژنەی یەکەم چاندنی منداڵدانی بۆ کرا لەجیهاندا، لەساڵی 2013، دوگیان بوو.

914. Women spend over 4 years (in total) of their lives menstruating.

ژنان زیاتر لەچوار ساڵی کۆی تەمەنیان، بە عادەیی، بەسەردەبەن.

915. Women have more taste buds than men.

ژنان لەپیاوان، گۆپکەی چەشتنیان زیاترە.

916. Women who snore during pregnancy are more likely to have smaller babies, according to a study.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو ژنانەی لەکاتی دوگیانیدا، دەپرخێنن، ئەگەری زۆرە منداڵەکانیان بچوك بێت.

917. Some women can have a genetic mutation which causes them to see millions of more colors.

دەکرێ هەندێك لەژنان بەهۆی گۆڕانکاری جینییەوە، وایان لێبێت کە ملیۆنەها رەنگ زیاتر لەحاڵەتی ئاسایی، ببینن.

918. Taller women are more likely to get cancer, according to a study.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ژنانی باڵابەرز ئەگەری توشبونیان بە شێرپەنجە، زیاترە. کەواتە کورتەبنەکان زۆر خەفەت نەخۆن!

919. An average woman in the UK will own 111 handbags in her lifetime.

ژنێکی ئاسایی لەشانشینی یەکگرتوو، بەدرێژایی تەمەنی، 111 جانتای دەستی، هەیە.

920. 30% of pregnant women crave nonfood items, an eating disorder called pica.

لەسەدا 30ی ژنانی دوگیان، بێزوو بە شتگەلێکەوە دەکەن کە خواردن نیە. ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایی نیە.

921. Women can get pregnant even 5 to 8 days after having sex.

دەکرێ ژنان پاش تەنها پێنج بۆ هەشت رۆژ لە سێکسکردن، دوگیان بن.

922. The most children born to one woman is 69.

تائێستا زۆرترین منداڵ کە لە ژنێك بوبێت، 59 منداڵ بووە.

923. Women think about their appearance 9 times a day, a UK survey found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك كە لەشانشینی یەکگرتوو ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ژنان رۆژانە نۆ جار بیر لەڕوخساریان دەکەنەوە.

924. Women were first allowed to participate in the Olympic Games in 1900.
لەساڵی 1900 بۆ یەکەمین جار رێگە بە ژنان دراوە کە بەشداری لەیارییە ئۆڵۆمپییەکاندا بکەن.

925. Heart disease is the No. 1 killer of women.
نەخۆشییەکانی دڵ یەکەم هۆکاری کوشتنی ژنانە.

926. 1 in every 6 women has been victims of sexual assault in the U.S.
لە ئەمەریکا، لەهەموو شەش ژنێك، یەکێکیان قوربانی دەستدرێژیی سێکسییە.

927. Women in Niger have an average of 7 children, the world's highest rate.
بەگشتی هەر ژنێکی نیجەر کە وڵاتێکی ئەفەریقییە، حەوت منداڵی هەیە. ئەم ژمارەیەش بە بەراورد بە ژمارەی منداڵانی ژنانی هەر وڵاتێکی تر، زۆرترینە.

928. Over 80% of women wear the wrong bra size.
زیاتر لەسەدا 80ی ژنان، ستیانی قەبارە هەڵە، لەبەردەکەن.

929. Women live longer than men partly because their immune systems age more slowly.
ژنان لەپیاوان زۆرتر دەژین. هۆکارێکی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆئەندامی بەرگرییان، درەنگتر پیردەبێت.

930. The average woman in the UK has 150 different hairstyles in her lifetime.
ژنێکی ئاسایی لەشانشینی یەکگرتوو، بەدرێژایی ژیانی، 150 شێوەی جیاوازی قژداهێنان و رێکخستن، بەکاردەهێنێت.

931. Jamaica, Colombia and St Lucia are the only countries where a woman is more likely to be a boss than a man.
لەسەرتاسەری جیهاندا تەنها سێ وڵات هەن کە تیایاندا ئەگەری بونی ژنان بە مدیر لە پیاوان زیاترە: جامایکا، کۆڵۆمبیا، ساینت لوسیا.

932. 30% of businesses in the U.S. are owned by women.
خاوەنی لەسەدا 30ی بازرگانییەکانی ئەمەریکا، ژنن.

933. In China, women who remain unmarried in their late 20s and beyond are called "Sheng nu" which means "leftover women."
لە چین، ئەو ژنانەی لەکۆتایی تەمەنی 20کان و دواتردا دەمێننەوەو شوناکەن، پێیان دەووترێت ژنانی پاشماوە.

934. Every 13 minutes, a woman dies from breast cancer in the U.S.
هەموو 13 دەقەیەك، ژنێك لە ئەمەریکا بەهۆی شێرپەنجەی مەمکەوە، گیان لەدەست دەدات.

935. The United Arab Emirates has the biggest gender imbalance in the world, with 219 men for every 100 women.
ئیمارات خاوەنی زۆرترین ناهاوسەنگییە لەنێوان ژمارەی نێرینەو مێینە. لەبەرامبەر هەر 219 پیاوێکدا تەنها 100 ژن هەیە.

936. Shorter women have shorter pregnancies, a study found.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ژن تا باڵای کورتتر بێت، ماوەی دوگیانیشی کورتتر دەبێت.

937. Miami is the only major U.S. city that was founded by a woman.
تەنها شاری سەرەکی ئەمەریکا کە لەلایەن ژنەوە دامەزرێنرابێت، میامییە.

938. During the 1940 Presidential campaign, Alice Lee Roosevelt, cousin of president FDR and daughter of former president teddy Roosevelt, publicly proclaimed that she'd "rather vote for Hitler than vote for Franklin for a third term."
لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی 1940ی ئەمەریکا، ئەلیس لی روزڤڵت، ئامۆزاری فرانکڵ دی روزڤڵت، سەرۆکی ئەمەریکاو کچی تێدی روزڤڵت، سەرۆکی پێشوتری ئەو وڵاتە، بە ئاشکرا رایگەیاند، دەنگ بە هیتلەر دەدات بەڵام نایدات بە فرانکڵین بۆ ماوەی سێیەمی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی.

939. India has more people using the internet than the entire population of the U.S.

ژمارەی بەکارهێنەرانی عەنتەرنێت لە هندستان کە دووەم گەورەترین وڵاتی جیهانە لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە، لەکۆی هەموو دانیشتوانی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا زیاترە.

940. Indian actor Brahmanandam Kanneganti had a role in more than 1000 films, a world record.

ئەکتەرێکی هیندی هەیە ناوی براهاماناندام کانیگانتییە. ئەم برادەرە، لەزیاتر لەهەزار فیلمدا رۆڵی بینیوە. ئەمەش ریکۆردێکی جیهانییە.

941. 13 of the 20 most polluted cities in world are just in India.

لەکۆی 20 پیسترین شارەکەی جیهان، 13یان لە هندستانە.

942. Women reach full emotional maturity around age 32, while men finish maturing around age 43.

ژنان لەتەمەنی 32 ساڵیدا لایەنی سۆزدارییان تەواو پێدەگات بەڵام پیاوان لەتەمەنی 43 ساڵیدا بەتەواوەتی دەکوڵێن لەو رووەوە!

943. Not all your nails grow at the same speed, you middle fingernail grows the quickest.

هەموو نینۆکەکانت بەهەمان خێرایی، گەشەناکەن. نینۆکی پەنجەگەورەت خێراترینە لەو رووەوە.

944. After his wife died because she couldn't easily access medical attention, an Indian man spent 22 years cutting through the mountain that separated his village from the nearest medical center. The finished path shortened the necessary travel distance by 40 km. He used nothing but a chisel.

لە هندستان، پاش ئەوەی پیاوێك، ژنەکەی بەهۆی ئاسان پێڕانەگەیشتنی چارەسەری پزیشکی، گیانی لەدەستدا، 22 ساڵی رەبەقی لەکونکردنی ئەو شاخەدا بەسەربرد کە گوندەکەیانی لەنزیکترین سەنتەری پزیشکی جیاکردبووەوە. پاش ئەوەی رێڕەوێکی دروستکرد، مەسافەی نێوان گوندەکەو سەنتەرەکەی بەبڕی 40 کیلۆمەتر کورتکردەوە. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ئەم پیاوە بۆ ئەو مەبەستە تەنها چیزڵی بەکارهێناوە کە کەرەستەیەکە تەقریبەن وەك تەشوێی لای خۆمان وایە.

945. In 1975, officials in the Chinese city of Haicheng became alarmed by the odd behaviors of dogs and other animals, causing them to evacuate their

city of 90,000 residents. Just a few hours later, a 7.3 magnitude earthquake destroyed nearly 90% of their buildings.

لەساڵی 1975، واتە چەند ساڵێك پێش چاپبونی ئێمەمانان، دەسەڵاتدارانی شاری هایچێنگ لە چین، لە رەفتارگەلێکی نامۆی سەگ و چەند گیاندارێکی تر ئاگادارکرانەوە. بەهۆی ئەمەوە تەواوی شارەکەیان لەخەڵکەکە چۆڵکرد کە ژمارەیان 90 هەزار کەس دەبوو. تەنها چەند سەعاتێك دواتر، زەمینلەرزەیەکی 7.3 پلەیی لەو شارەی داو نزیکەی لەسەدا 90ی بیناکانی وێرانکرد.

946. Polish teenager Iga Jasica unexpectedly woke up in the middle of her brain surgery and calmly asked the doctor, "How's it going?' She wasn't in any pain, so they talked about cats until the surgery was over.

جارێك کچەهەرزەکارێکی پۆڵەندی بەناوی ئیگا جاسیکا، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراوو لەگەرمەی نەشتەرگەریی مێشکیدا، بەئاگاهاتەوەو بەبێ هیچ خۆتێکدانێك لەپزیشکەکەی پرسی: "ئیش و کار کو دەڕوا؟!". لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ئەو کچە لەو کاتەدا، هیچ ئازارێکی نەبوو، بۆیە تا کاتی تەواوبونی نەشتەرگەرییەکە، پێکەوە لەگەڵ پزیشکەکەدا سەبارەت بە پشیلە کەوتنە دەمەتەقێ. بۆ پشیلە؟ نازانم بەڵام ئیحتیمالی هەس کە هەردوکیان پشیلەیان خۆش ویستبێت.

947. Iran arrested 14 squirrels for spying in 2007.

لەساڵی 2007، ئێران 14 سمۆرەی بەتۆمەتی سیخوڕیکردن، دەستگیرکردووە.

948. When Louis Pasteur was working on the rabies vaccine, if he or his assistants got infected, they were to be shot in the head.

کاتێك لویس پاستۆر کاری ئەزمونی لەسەر پێکوتە (ڤاکسین)ی نەخۆشی هاریی سەگ دەکرد، وا رێکەوتبوون کە ئەگەر خۆی یان یەکێك لەیاریدەدەرەکانی لەو کاتەدا توشی ئەو نەخۆشییە ببن، گوللـەیەك بنرێت بەسەریەوە.

949. There's a toilet-themed restaurant in Taiwan, where food is served on miniature toilets.

لە تایوان رێستۆرانتێکی شێوە توالێت هەیە کە تێیدا خواردمەنی لەسەر مێزی شێوە توالێت، پێشکەش دەکرێت. ئیتر ئەمە زەوقە!

950. The world's biggest family lives together in India: a man with 39 wives and 94 children.

گەورەترین خێزان لەجیهاندا کە پێکەوە دەژین، لە هندستانە کە لە پیاوێك و 39 ژن و 94 منداڵ پێکدێت.

951. In 2013, a man bought a house next to his ex-wife just to install a giant middle finger statue for her to see every day.

لەساڵی 2013، پیاوێك ماڵێكی لەنزیك كۆنەژنەكەیەوە كڕی و پەیكەرێكی گەورەی پەنجەی ناوەڕاستی دەستی لەبەردەمدا جێگیركرد بۆ ئەوەی هەموو رۆژێك بیبینێت و دڵی بتەقێت.

952. In 2009, Nigerian Police arrested a goat on suspicion of attempted armed robbery.

لەساڵی 2009، پۆلیسی نیجێریا، بزنێكی بەگومانی هەوڵدان بۆ تاڵانكردن بەچەكەوە، دەستگیركرد.

953. In 2011, a woman bought a "non-visible" piece of art for $10,000.

لەساڵی 2011، ژنێك كارێكی هونەری نەبینراوی بەبەهای 10 هەزار دۆلار كڕی.

954. In 2013, a girl survived ASIANA's Plane Crash, only to be run over and killed by a responding fire truck.

لەساڵی 2013، ژنێك لەڕوداوێكی تەقینەوەی فڕۆكە رزگاری بوو، بەڵام لەكاتی راكردنیدا ئۆتۆمبێلێكی ئاگركوژێنەوە كە بۆ كوژاندنەوەی ئاگری فڕۆكەكە هاتبوو، لێیداو كوشتی.

955. In Jamaica, sex between men is punishable with up to 10 years' imprisonment. But lesbian action is allowed.

لە جامایكا، سێكسكردن لەنێوان پیاواندا واتە هاوڕەگەزبازیی لەنێوان نێرینەدا، تاوانەو سزای هەیە بەڵام لەنێوان ژناندا، رێگەپێدراوە.

956. In 2006, The FBI planted an informant pretending to be a radical Muslim in a mosque, and the Muslims in the mosque reported him to the FBI.

لەساڵی 2006، نوسینگەی لێكۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمەریكا، سیخوڕێكی خۆی وەك موسڵمانێكی ئوسوڵی، لەمزگەوتێكدا چاند. دواتر كاتێكیان زانی، موسڵمانانی مزگەوتەكە خۆیان نوسینگەكەیان لێ ئاگاداركردەوە.

957. Charles Darwin Ate Every Animal He Discovered.

چارلز داروین، هەر زیندەوەرێكی ئیكتیشاف كردبێت، خواردویەتی.

958. A man was jailed and fined US$1500 in Oregon, U.S.A., for collecting rainwater because it is considered ‘property of the state'.

جارێك لەویلایەتی ئۆریگن-ی ئەمەریکا، پیاوێك بەهۆی ئەوەی ئاوی بارانی کۆکردبووەوە، دەستگیرکراو بەبڕی 1500 دۆلار غەرامەکرا. چونکە بەگوێرەی یاسای ئەوێ، باران موڵکی ئەو ویلایەتەیە نەك تایبەت.

959. A man received the heart of a suicide victim, married his widow, and years later killed himself on the same way his donor did.

جارێك پیاوێك دڵی پیاوێکی تریان تێدا چاند کە خۆی کوشتبوو. دواتر ئەم پیاوە، ژنی پیاوە خۆکوشتووەکەی مارەکرد. چەند ساڵێك دواتریش بەهەمان شێوەی خۆکوشتنی پیاوەکە، خۆی کوشت.

960. The world's first labour strike was held on the site of a pyramid.

یەکەم مانگرتن لەکار، لەمێژوودا، لەلای هەرەمێك ئەنجامدراوە.

961. The world's oldest hotel has been operating since 705 AD.

کۆنترین هۆتێل لەجیهاندا کە تائێستا لەخزمەتکردندایە، مێژووەکەی بۆ ساڵی 705ی زاینی دەگەڕێتەوە.

962. A Colombian woman was raised by monkeys after being kidnaped and abandoned in the jungle as a child.

لەکۆلۆمبیا جارێك کیژۆڵەیەك رفێنراو لەدارستانێکدا فڕێدرا. دواتر چەند مەیمونێك گرتیانە خۆیان و بەخێویان کرد.

963. The Roman Emperor Gaius Caligula made his horse a senator.

ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، کالیگولا، ئەسپەکەی کردووە بە ئەندامی ئەنجومەنی پیران.

964. Octopuses are eaten alive in Korea.

لە کۆریا، هەشتپێ بەزیندویی دەخورێت.

965. Cockroaches appeared 120 million years before dinosaurs.

سیسرك، 120 ملیۆن ساڵ پێش دەیناسور، پەیدابووە.

966. The night before his execution, a man in Georgia escaped from prison and, later that night, was beaten to death in a bar fight.

جارێك پیاوێك لە جۆرجیا، شەوێك پێش ئیعدامکردنی، لەزیندان هەڵات. بەڵام دواتر هەر ئەو شەوە، لەمیانەی شەڕێکدا لەبارێك، کوژرا.

967. Cleopatra, the last Pharaoh of Egypt, was actually Greek, not Egyptian.
کیلۆپاترا کە کۆتا فیرعەونی میسر بووە، لەڕاستیدا یۆنانی بووە نەك میسری.

968. Heroin was initially used to treat people addicted to morphine.
لەسەرەتادا هیرۆین، بۆ چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵودەبوو بە مۆرفین، بەکارهێنراوە.

969. In the USA, ransom payments to kidnappers are tax-deductible.
لە ئەمەریکا، ئەو بڕەپارەیەی وەك فیدیە دەدرێت بە رفێنەران، باجی لێ وەرناگیرێت.

970. Saddam Hussein wrote a Romantic Novel.
سەدامی حسێن رۆمانێکی رۆمانسی نوسیوە.

971. The Golden Gate uses the largest bridge cables ever made, long enough to encircle the world more than 3 times at the equator.
پردی گۆڵدن گەیت بە بەراورد بە هەر پردێکی تر لەجیهاندا، زۆرترین کێبڵی تێدا بەکارهاتووە. ئەو کێبڵەی لەو پردەدا بەکارهێنراوە، بەشی زیاتر لەسێجارو چارەکێك، سوڕانەوە بەدەوری زەویدا دەکات.

972. Global warming 'solved' a land dispute between India and Bangladesh: the island in dispute disappeared.
بەهۆی گەرمبونی جیهانییەوە، کێشەیەکی خاکی نێوان هندستان و بەنگلادیش، چارەسەر بوو. دروگەیەك هەبوو کە کێشەیان لەسەری هەبوو. گەرمبونی جیهانی ئەو دورگەیەی نەهێشت.

973. One drop of the Beaked Sea Snake venom can kill 3 adult men.
تەنها یەك دڵۆپ لەژەهری ماری دەنوکداری دەریا، دەکرێ سێ کەسی پێگەیشتوو بکوژێت.

974. A rat can last longer without water than a camel.
توانای بەرگەگرتنی جرج بۆ بێئاوی، لەهی حوشتر زیاترە.

975. Cy Twombly's painting "Untitled" is worth up to US$2,3 million.
تابلۆیەکی هونەرمەند سی تومبلی هەیە ناوی Untitledە واتە بێناویشان. بەهای ئەم تابلۆیە دوو ملیۆن و 300 هەزار دۆلارە.

976. A survey found that almost 9% of Americans fear zombies, which don't even exist.

روپێویيەك دەریخستووە كە نزیكەی لەسەدا نۆی ئەمەریكییەكان لەزۆمبی دەترسن. هەرچەندە زۆمبی ئەسڵەن بونی نیە.

977. In 1907 Joseph Stalin said at the funeral of his first wife, "This creature softened my heart of stone. She died and with her died my last warm feelings for humanity.

لەساڵی 1907، جۆزێف ستالین، لەكاتی پرسەی یەكەم هاوسەریدا، رایگەیاند: "ئەم مەخلوقە دڵە بەردەكەمی نەرمكردبوو. ئەوا مردو بە مردنیشی، كۆتا هەستی مرۆڤایەتیش لەمندا نەما".

978. Dolphins Recognize and Admire Themselves in Mirrors.

دۆلفین لەئاوێنەدا خۆی دەناسێتەوەو بە خۆشی موعجیب دەبێت.

979. The average lifespan of a dolphin is 15 years. However, some of them lived 50 years.

سوڕی ژیانی ئاسایی دۆلفین، 15 ساڵە. بەڵام هەندێكیان 50 ساڵ دەژین.

980. Dolphins sleep with one eye open.

دۆلفین كاتێك دەخەوێت، چاوێكیانی كراوەیە.

981. The Death Penalty is legal in 32 U.S. states.

32 ویلایەتی ئەمەریكا، سزای لەسێدارەدانی تێدایە.

982. Since 1976, when the death penalty was reinstated by the U.S. Supreme Court, 1,394 people have been executed (as of December 2014(

لەساڵی 1976ەوە كە تێیدا سزای لەسێدارەدان لەلایەن دادگای باڵای ئەمەریكاوە كەوتووەتەوە بواری جێبەجێكردن، تا مانگی دیسەمبەری 2014، هەزارو 394 كەس لەو وڵاتە، لەسێدارەدراون.

983. The death penalty was outlawed in the UK partly because a man was wrongfully executed for the murder of his wife and daughter in 1950.

هۆكارێكی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان لەشانشینی یەكگرتوو، بەهۆی ئەوەوە بوو كە پیاوێك بەهەڵە، بەتۆمەتی كوشتنی ژن و كچەكەی لەساڵی 1950، لەسێدارەدرا.

984. Company executives in China can get sentenced to death for committing fraud.

لە چین، بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری کۆمپانیاکان، دەکرێ بەهۆی فرتوفێڵەوە، سزای لەسێدارەدانیان لەدژ دەربچێت.

985. Possessing Bibles, watching South Korean movies and distributing pornography may be punished with death in North Korea.

لە کۆریای باکور، هەبونی ئینجیل، سەیرکردنی فیلمەکانی کۆریای باشور، بڵاوکردنەوەی فیلم و وێنەی پۆرنۆگرافی، تاوانگەلێکی گەورەن و دەکرێ سزاکەیان بگاتە لەسێدارەدان.

986. Crucifixion is still an official form of death penalty in Sudan.

تائێستاش لەخاچدان، شێوازێکی رەسمی ئیعدامکردنە لە سودان.

987. China executes the death penalty more than 4 times as the rest of the world combined.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی چینەوە لەسێدارەدەدرێن، لەچوار ئەوەندەی کۆی ژمارەی ئەو کەسانە زیاترە کە لەسەرجەم وڵاتەکانی تری جیهان پێکەوە، لەسێدارە دەدرێن.

988. In 1944, a 14-year-old African-American was executed in the U.S. after a quick 2-hour trial with little evidence.

لەساڵی 1944، منداڵێکی تەمەن 14 ساڵی ئەمەریکی بەڕەگەز ئەفەریقی لە ئەمەریکا، پاش دادگاییکردنێك کە تەنها دوو سەعاتی خایاندو پاڵپشت بە بەڵگەیەکی بچوك، لەسێدارەدرا.

989. Saudi Arabia, a member of the U.N. Human Rights Council, punished 2,000 people with the death penalty since 1985.

سعودیە ئەندامی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەڵام سەرباری ئەوەش لەساڵی 1985ەوە، زیاتر لە دوو هەزار کەسی لەسێدارەداوە.

990. The state of Washington may still execute prisoners by hanging.

تائێستاش لە ویلایەتی واشنتۆن، هەڵواسین تا مردن، شێوازێکی لەسێدارەدانە.

991. In 2005, A Chinese company used skin harvested from the corpses of executed convicts to develop beauty products for sale in Europe.

لەساڵی 2005، کۆمپانیایەکی چین، پێستی داماڵراو لەتەرمی کەسانی لەسێدارەدراوی بۆ دروستکردنی ماددەی جوانکاری بەکارهێناوە تا لە ئەوروپا بیفرۆشێت.

992. Atheism is punished with the death penalty in 13 countries.

بڕوانەبون بەخودا، لە 13 وڵات تاوانێکە سزاکەی لەسێدارەدانە.

993. Bill Cosby spoke out against giving the death penalty to the man who shot and killed his own son.

بیڵ کۆسبی کە کۆمیدیانێکی ئەمەریکییە، دژی سزای لەسێدارەدانی ئەو پیاوە بووە کە کوڕەکەی کوشتووە.

994. countries have abolished the death penalty. Notable exceptions include the U.S., Japan and China.

وڵات لەسەرتاسەری جیهاندا، سزای لەسێدارەدانیان هەڵوەشاندووەتەوە. بەڵام دیارترین ئەو وڵاتانەی کە تائێستاش ئەم سزایە جێبەجێ دەکەن، ئەمەریکاو یابان و چینن.

995. In 1863, Venezuela became the first modern country to abolish the death penalty for all crimes.

لەساڵی 1863، ڤەنزوێلا بووە یەکەم وڵاتی هاوچەرخ کە سزای لەسێدارەدانی بۆ هەموو تاوانەکان، هەڵوەشاندەوە.

996. In Ancient Egypt, killing a cat, even accidentally, incurred the death penalty.

لە میسری دێریندا، کوشتنی پشیلەیەك تەنانەت ئەگەر بە ئەنقەستیش نەبوایە، سزاکەی لەسێدارەدان بوو.

997. 6 in 10 Americans favor the death penalty for convicted murderers.

لەهەموو 10 ئەمەریکییەك، شەشیان پشتگیری سزای لەسێدارەدانی پیاوکوژ، دەکەن.

998. 84% of people surveyed in Egypt are in favor of the death penalty as a punishment for abandoning Islam.

لەسەدا 84ی ئەو کەسانەی لەمیسر راپرسییەکیان لەسەر کراوە، پشتگیری سزای لەسێدارەدان دەکەن بۆ ئەو کەسانەی واز لەئاینی پیرۆزی ئیسلام، دەهێنن.

999. In Ancient Rome, the punishment for killing one's father was the death penalty, consisting of being sewn up in a sack along with a viper, a dog, and a cock.

لە رۆمای دێریندا سزای کوشتنی باوك، لەسێدارەدان بووە بەڵام بەشێوەیەکی زۆر دڕاندانە. تاوانبارەکە لەگەڵ مارێکی ژەهراوی و سەگێك و کەڵەشێرێکەوە دەخرایە ناو کیسێکەوەو کیسەکە دەدورایەوە.

1000. In 1989, an innocent man was punished with the death penalty in Texas because the jury confused him for another with the same name, looks and height.

لەساڵی 1989، پیاوێکی بێتاوان لەویلایەتی تەکساس، بەهەڵە لەسێدارەدرا. تاوانبارەکە بە ناوو روخسارو بەرزییەوە لەهەمان ئەم پیاوە بێتاوانە دەچوو بۆیە دادگا لێی تێکچوو و بەهەڵە بڕیاری لەسێدارەدانی لەدژ دەرکرد.

---

1001. Nepal was the first country in Asia to introduce gay marriage. It has also outlawed the death penalty.

نیپاڵ یەکەم وڵاتی کیشوەری ئاسیایە کە رێی بە هاوسەرگیری هاوڕەگەزباز داوە. هەروەها سزای لەسێدارەدانیشی هەڵوەشاندووەتەوە.

1002. China has mobile "execution vans" to enforce the death penalty without moving to a proper execution ground.

چین چەندین ئۆتۆمبێلی جۆری ڤانی هەیە کە وەك شوێنی گەڕۆکی لەسێدارەدان، بەکاریان دەهێنێت. لەناو ئەم ڤانانەدا، تاوانباران بەبێ ئەوەی پێویست بە گواستنەوە بۆ شوێنی گونجاوی لەسێدارەدان بکات، لەسێدارەدەدرێن.

1003. During his time as a Congressman and later as U.S. President, John F Kennedy donated all of his salary to charity.

بەدرێژایی ماوەی کارکردنی وەك کۆنگرێسمان و دواتریش وەك سەرۆکی ئەمەریکا، جۆن ئێف کێنێدی، سەرجەم موچەکەی بۆ کاری خێرخوازی، بەخشیوە.

1004. In 1999, the U.S. government paid the Zapruder family US$16 million for the film of JFK's assassination.

لەساڵی 1999، حکومەتی ئەمەریکا، لەبەرامبەر دیمەنی ڤیدۆیی تیرۆرکردنی جۆن کێنیدی، بڕی 16 ملیۆن دۆلاری دا بە خێزانی وێنەگرەکە.

1005. George Washington stopped the Revolutionary War to return a lost dog to the enemy.

جۆرج واشنتۆن، لەپێناو گێڕانەوەی سەگێکی ونبوو بۆ خاوەنەکەی، جەنگی سەربەخۆیی بۆ ماوەیەك وەستان، هەرچەندە خاوەنەکەی سەربە هێزەکانی دوژمن بوو.

1006. When George Washington died, Napoleon ordered 10 days of mourning in France.

کاتێك جۆرج واشنتۆن کۆچی دوایی کرد، ناپلیۆن لە فەرەنساوە، 10 رۆژ ماتەمینی راگەیاند.

1007. When George Washington passed away in 1799, Britain's entire Royal Navy lowered its flags at half-mast.

لەساڵی 1799، کاتێك جۆرج واشنتون کۆچی دوایی کرد، هێزە دەریاییەکانی شاهانەی بریتانیا، ئاڵاکانیان تا ئاستی ناوەڕاستی عەمودەکان، داگرت.

1008. Before his passing, George Washington had become opposed to slavery, and in his will he ordered his 300 slaves to be freed after his wife's death.

پێش ئەوەی بمرێت، جۆرج واشنتۆن، بووە نەیاری کۆیلایەتی و لەوەسیەتنامەکەیدا، فەرمانیکردووە هەر 300 کۆیلەکەی پاش مردنی ژنەکەی، ئازادبکرێن.

1009. Dogs (and most animals) can't recognize themselves in the mirror.

سەگ و زۆربەی گیاندارانی تر، لەئاوێنەدا خۆیان ناناسنەوە.

1010. Mount Everest has its own 4G wireless network.

شاخی ئیڤرست، وایەرلێسی فۆرجیی تایبەت بەخۆی هەیە.

1011. Students who chew gum have better math test scores than those who do not, a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو خوێندکارانەی بنشێت دەجون، لەتاقیکردنەوەی ماتماتیکدا، پلەی زیاتر دەهێنن وەك لەخوێندکارانی تر.

1012. The word pencil comes from a Latin word meaning 'small penis'.

وشەی pencil کە بەمانای قەڵەم رەساس دێت، لەوشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بەمانای small penis واتە چوکی بچوك، دێت.

1013. The less you give a damn, the happier you will be.

تا کەمتر لەعنەت بهاویت، بەختەوەرتر دەبیت.

1014. Leonardo DaVinci used to buy caged animals at the market just to set them free.

لیۆناردۆ داڤینشی وا راهاتبوو کە زیندەوەری لەقەفەزنراوی لەبازاڕ دەکڕی و ئازای دەکردن.

1015. Marijuana is illegal in 48 states and having sex with a horse is illegal in only 27 states.

ماریجوانا لە 48 ویلایەتی ئەمەریکادا نایاساییە. بەڵام سێکسکردن لەگەڵ ئەسپ تەنها لە 27 ویلایەتدا، نایاساییە.

1016. At least once a day your immune system destroys a cell that would have become cancer if it lived.

رۆژانە لانیکەم کۆئەندامی بەرگریت، خانەیەك لەناودەبات کە ئەگەر لەناو نەچێت، دەبێتە شێرپەنجە.

1017. Your tongue is germ free only if it is pink. If your tongue is white, there is a thin film of bacteria on it.

زمانت تەنها لەیەك حاڵەتدا میکرۆبی تێدا نیە ئەویش ئەوەیە کە رەنگی پەمەیی بێت. بەڵام بۆ نمونە ئەگەر سپی بێت ئەوە بەڵگەی ئەوەیە چینێکی ئەستور بەکتریای لەسەرە.

1018. You never really know the true value of a moment, until it becomes a memory.

بەداخەوە بەهای راستەقینەی شتەکان کاتێك دەزانین کە دەبنە یادگاری.

1019. 86% of people use music to escape from their daily stress.

لەسەدا 86ی خەڵك، موزیك بۆ راکردن لە خەفەت و فشاری دەرونی رۆژانەیان بەکاردەهێنن.

1020. When you really love someone, age, distance, height and weight are just numbers.

دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992

کاتێك بەڕاستی کەسێکت خۆش دەوێت، تەمەن و دوری و بەرزی و کێش، جگە لەژمارە، هیچی تر نیە.

1021. Florida is 15,409 square miles bigger than England.

فلۆریدا 15 هەزارو 409 میلی چوارگۆشە لە ئینگلتەرا، گەورەترە.

1022. Sometimes people with the worst pasts end up creating the best futures.

هەندێك جار کەسانی خاوەن خراپترین رابردوو، دەبنە خاوەنی باشترین داهاتوو.

1023. Forgiving someone is easy, but being able to trust them again is a totally different story.

لێبوردن لەکەسێك ئاسانە، بەڵام دوبارە متمانەکردن بەو کەسانە، تەواو شتێکی جیاوازەو ئاسان نیە.

1024. The worst bankruptcy in the world is the person who has lost his enthusiasm.”

خراپترین مایەپوچبون واتە ئیفلاسبون لەجیهاندا ئەوەیە کە پەرۆشیت لەدەست بدەیت.

1025. To have someone clean your ear while relaxing is now possible with these ear-cleaning parlors in Japan. Yamamoto Mimikaki-ten, a company that has been in this business since 2006, offers to take care of your ear and spoil you with its healing environment in the parlor. It charges 2,700 yen (US$32) per basic service in every 30 minutes. The customer will be greeted by a young woman with kimono who serves him tea and makes small talk. After that, he woman put his head on her lap and covers his face with a handkerchief, ready to scrape his ear wax gently.

Meanwhile, another ear cleaning parlor called Beatific, offers 70 minutes service which costs 8,400 yen (US$100).

لە ژاپۆن کە پێشکەوتوترین وڵاتی کیشوەری ئاسیایەو یەکێکە لەپێشکەوترین وڵاتەکانی جیهانیش بەگشتی، خزمەتگوزاری گوێپاکردنەوە یەکێکە لەکارە رەسمییەکان.

لەڕێگەی ئەو خزمەتگوزارییەوە دەتوانیت لەدۆخێکی تەواو پڕ لەحەوانەوداو لەهۆڵی تایبەت، یەکێك بە پارە ، گوێت بۆ پاکبکاتەوە. لەم وڵاتە، کۆمپانیایەك هەیە بەناوی یامامۆتۆ میمیکاکی-تێن. لەساڵی 2006ەوە ئەم کۆمپانیایە کاری گوێپاکردنەوەو گرنگیدان بەگوێ دەکات.

ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.

کرێی خزمەتگوزارییە بنچینییەکانی پەیوەندیدار بە گوێ، 2700 یەنی ژاپۆنییە کە دەکاتە 32 دۆلار بۆ هەر 30 خولەکێك. لەمیانەی ئەم خزمەتگوزارییەدا ژنێك بە جلوبەرگی تایبەتەوە پێشوازی لەکڕیارەکە دەکات و چای پێشکەش دەکات و دواتریش پاش کەمێك قسەکردن، سەری کڕیارەکە دەخاتە سەر رانی و بە دەستەسڕێك سەری دادەپۆشێت و پاشانیش مادده مۆمینەکەی گوێی، بە نەرمی پاکدەکاتەوە.
هەر ئەم کۆمپانیایە هۆڵێکی تریشی هەیە کە تێیدا لەبەرامبەر 70 خولەك پاککردنەوەو شێلانی گوێ و گەردن و هەردوو شان، 8400 یەنی ژاپۆنی واتە 70 دۆلار لەکڕیارەکە وەردەگرێت.

1026. “Judge a man by his questions rather than his answers.”
زیاتر لەڕێگەی پرسیارەکانییەوە بڕیار لەسەر کەسێك بدە وەك لەڕێگەی وەڵامەکانیەوە.

1027. Happiness is not something you chase and catch. It's something you choose.
بەختەوەری شتێك نیە شوێنی بکەویت و بیگریت بەڵکو شتێکە کە خودی خۆت هەڵیدەبژێریت.

1028. De-extinction is scientifically possible. Several viruses have already been brought back, including the 1918 flu pandemic virus.
پرۆسەی گێڕانەوەی زیندەوەری قڕکراو بۆ ژیان شتێکی مەحاڵ نیە. بۆ نمونە چەند ڤایرۆسێکی لەناوچوو لەوانە ڤایرۆسی ئینفلۆنزای گشتگیر، هێنراونەتەوە ژیان.

1029. Gandhi never won the Nobel Peace Prize, despite being nominated five times.
هەرچەندە گاندی پێنج جار بۆ بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵ، کاندیدکراوە بەڵام هیچ جارێك خەڵاتەکەی نەبردووەتەوە.

1030. Gorillas can catch human colds and other illnesses.
دەکرێ غۆریللا وەك مرۆڤ توشی هەڵامەت و چەندین نەخۆشی تری مرۆڤ، ببێت.

1031. A newborn Chinese water deer is so small it can almost be held in the palm of the hand.
ئاسکی ئاویی چینیی تازە لەدایکبوو، هێندە بچوکە کە تەقریبەن لەسەر لەپی دەست، جێگەی دەبێتەوە.

1032. Ostriches can run faster than horses, and the males can roar like lions.

نەعامە دەتوانێت لەئەسپ خێراتر رابکات. نێرەکانیشیان دەتوانن وەك شێر بنەڕێنن.

1033. A lion in the wild usually makes no more than twenty kills a year.

بەگشتی شێری کێوی، ساڵانە ناتوانێت زیاتر لە 10 نێچیر، بکوژێت.

1034. The female lion does ninety percent of the hunting.

لەسەدا 90ی راوکردنەکانی شێر، لەلایەن مێینەکانیانەوە ئەنجامدەدرێت.

1035. The only dog that doesn’t have a pink tongue is the chow.

تەنها سەگ کە رەنگی زمانی پەمەیی نیە، سەگی جۆری چەوچەوە.

1036. Turtles, water snakes, crocodiles, alligators, dolphins, whales, and other water going creatures will drown if kept underwater too long.

کیسەڵ، ماری ئاوی، تیمساح، دۆلفین، نەهەنگ و چەند زیندەوەرێکی تری ئاوی، ئەگەر زۆر لەژێر ئاودا بمێننەوە، نقومدەبن.

1037. Almost half the pigs in the world are kept by farmers in China.

خاوەنی نزیکەی نیوەی بەرازی هەموو جیهان، جوتیارانی چینن.

1038. On average, dogs have better eyesight than humans, although not as colorful.

بەگشتی توانای بینینی سەگ لەهی مرۆڤ زیاترە هەرچەندە شتەکان بە رەنگاوڕەنگ، نابینن.

1039. Deer have no gall bladders.

ئاسك زراوی نیە.

1040. There is an average of 50,000 spiders per acre in green areas.

لەهەموو ئەکرەیەکی ناوچە سەوزاییەکاندا، 50 هەزار جاڵجاڵۆکە هەیە.

1041. Snakes are carnivores, which means they only eat animals, often small ones such as insects, birds, frogs and other small mammals.

مار زیندەوەرێکی گۆشتخۆرە. تەنها گیاندار دەخوات. زۆرجار گیاندارە بچوکەکانی وەك مێرووەکان، باڵندە، بۆق و زیندەوەرە بچوکە مەمکدارەکان دەخوات.

1042. In Alaska it is illegal to whisper in someone's ear while they're moose hunting.

لەویلایەتی ئەلاسکا، چرپاندن بە گوێی کەسێك كە سەرقاڵی راوکردنی کەڵەکێوی بێت، کارێکی نایاسابیە.

1043. The bat is the only mammal that can fly.

تەنها زیندەوەری مەمکدار کە دەتوانێت بفڕێت، شەمشەمەکوێرەیە.

1044. The leg bones of a bat are so thin that no bat can walk.

لاقی شەمشەمەکوێرە هێندە باریك و لاوازە، کە ناتوانێت لەسەری بڕوات.

1045. Some male songbirds sing more than 2000 times each day.

هەندێك لەچۆلەکە پاسارییە نێرینەکان، رۆژانە زیاتر لەدوو هەزار جار دەخوێنن.

1046. The only mammals to undergo menopause are elephants, humpback whales and human females.

تەنها زیندەوەری مەمکدار کە دەکەونە تەمەنی نائومێدی واتە سوڕی مانگانەیان دەوەستێت، مێینەی فیل و نەهەنگی کۆپاندارو مرۆڤە.

1047. A tarantula spider can survive for more than two years without food.

گورگەجاڵجاڵۆکە دەتوانێت زیاتر لەدوو ساڵ بەبێ خواردن، بژی.

1048. For every human in the world there are one million ants.

لەبەرامبەر هەر مرۆڤێکدا، یەك ملیۆن مێرولە هەیە.

1049. If you lift a kangaroo's tail off the ground it can't hop – they use their tails for balance.

ئەگەر کلکی کەنگەر بەرزبکرێتەوە ئەوا ناتوانێت بازبدات چونکە کلکی بۆ راگرتنی هاوسەنگی، بەکاردەهێنێت.

1050. If you keep a goldfish, in a dark room, it will become pale!

ئەگەر ماسی ئاڵتونی بخرێتە ژورێکی تاریکەوە، ئەوا زەرد هەڵدەگەڕێت.

1051. Cows can sleep standing up, but they can only dream lying down.

مانگا دەتوانێت بەپێوە بخەوێت بەڵام تەنها لەکاتی راکشاندا، خەو دەبینێت.

1052. The sentence “The quick brown fox jumps over a lazy dog.” uses every letter of the alphabet.

رستەی The quick brown fox jumps over a lazy dog سەرجەم 26 پیتەکەی زمانی ئینگلیزی لەخۆدەگرێت.

1053. The average fox weighs 14 pounds.

کێشی رێوییەکی ئاسایی 14 پاوەند دەبێت.

1054. Alligators can live up to 100 years.

تەمەنی تیمساحی ئەمەریکی دەگاتە 100 ساڵ.

1055. A single elephant tooth can weigh as much as 9 pounds.

کێشی تەنها ددانێکی فیل، نۆ پاوەند دەبێت.

1056. The turkey is one of the most famous birds in North America.

قەل یەکێکە لەبەناوبانگترین باڵندەکان لەئەمەریکای باکوردا.

1057. During World War II, Americans tried to train bats to drop bombs.

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەمەریکییەکان هەوڵیاندا راهێنان بە شەمشەمەکوێرە بکەن تا بتوانێت بۆمب هەڵبداتە خوارەوە.

1058. To escape the grip of a crocodile’s jaw, push your thumb into its eyeballs. It will let you go instantly.

ئەگەر کەوتیتە نێوان شەویلگەی تیمساحەوە، یەکسەر پەنجە گەورەت بکە بەناو چاویدا، لەوکاتەدا یەکسەر وازت لێدێنێت.

1059. Even a small amount of alcohol placed on a scorpion will make it go crazy and sting itself to death!

ئەگەر بڕێك كهول بكرێت بە دوپشكدا، تەنانەت ئەگەر كەمیش بێت، ئەوا ئارامی لەبەر هەڵدەگیرێ و بەخۆیەوە دەدات و خۆی دەكوژێت.

1060. The flamingo can only eat when its head is upside down.

فلامینگۆ تەنها لەکاتێکدا دەتوانێت خواردن بخوات کە سەری سەرەوخوار بێت.

1061. Animals generate 30 times more waste than humans which is 1.4 billion tons every year.

گیانداران 30 ئەوەندە لەمرۆڤایەتی، پاشەڕۆیان زیاترەو پاشەڕۆی ساڵانەیان ملیارێك و 400 ملیۆن تۆنە.

1062. Ants never sleep. Also they don’t have lungs.

مێروله هەرگیز ناخەوێت. سیشیان نیە.

1063. A group of owls is called a parliament.

لەزمانی ئینگلیزیدا بە کۆمەڵێك کوندەپەپوو دەڵێن parliament کە بەمانای پەرلەمانیش دێت.

1064. Just one cow gives off enough harmful methane gas in a single day to fill around 400 litre bottles.

رۆژانە هەر مانگایەك، 400 لیتر گازی میسان دەردەدات.

1065. Apple and pear seeds contain arsenic, which may be deadly to dogs.

ناوکی سێوو هەرمێ زەرنیخی تێدایە. دەکرێ ئەم زەرنیخە بۆ سەگ کوشندە بێت.

1066. Cows have four stomachs.

مانگا چوار گەدەی هەیە.

1067. An anteater is nearly 6 feet long, yet its mouth is only an inch wide.

درێژی مێرولەخۆر نزیکەی شەش پێ دەبێت. بەڵام پانی دەمی، تەنها یەك ئینجە.

1068. The blue whale weighs as much as thirty elephants and is as long as three Greyhound buses.

کێشی نەهەنگی شین بەقەدەر 30 فیل دەبێت و درێژییەکەی بەقەدەر سێ پاسی زەبەلاح دەبێت.

1069. A herd of sixty cows is capable of producing a ton of milk in less than a day.

مێگەلێکی پێکهاتوو لە 60 مانگا دەتوانێت یەك تۆن شیر لەماوەی کەمتر لەڕۆژێکدا، بەرهەم بهێنێت.

1070. A grasshopper can leap 20 times the length of its own body.

کوللـە دەتوانێت 20 ئەوەندەی درێژی خۆی، بازبدات.

1071. At birth, baby kangaroos are only about an inch long – no bigger than a queen bee.

لەکاتی لەدایکبونیدا، درێژی بێچوی کەنگەر نزیکەی یەك ئینج دەبێت واتە لەشاژنەهەنگێك گەورەتر نیە.

1072. The smell of a skunk can be detected by a human a mile away.

دەکرێ بۆنی دەڵەك لەدوری یەك میلەوە، لەلایەن مرۆڤەوە هەستی پێبکرێت.

1073. There is a butterfly in Africa with enough poison in its body to kill six cats!

لەکیشوەری ئەفەریقا، جۆرە پەپولەیەکی ژەهراوی هەیە کە هەر یەکێکیان هێندە ژەهری تێدایە دەتوانێت شەش پشیلە بکوژێت.

1074. The proper divisors of 100 are 1, 2, 4, 5, 10, 20, 25, and 50.

تەنها هەشت ژمارە هەن کە بەبێ هیچ مانەوەیەك ژمارە سەدیان بەسەردا دابەش دەبێت. بۆ بینینی ژمارەکان سەیری نوسخەی ئینگلیزی کورتیلەکە بکە.

1075. 100 is the sum of the first 4 cube numbers: 1 + 8 + 27 + 64 = 100.

سەد یەکسانە بەکۆی یەکەم چوار ژمارەی سێجا: 1 + 8 + 27 + 64

1076. With six 6s you can also write an expression that equals 100: [(6+6)/6]^6 + 6*6 = 100.

لەڕێگەی بەکارهێنانی شەش شەشییەوە، دەتوانیت بگەیتە ژمارە سەد.

1077. You can also write an expression that equals 100 using seven 7s: (7+7)*7 + 7/7 + 7/7 = 100.

لەڕێگەی بەکارهێنانی حەوت حەوتییەوە دەتوانیت بگەیتە ژمارە سەد.

1078. 100 can be expressed as the sum of two primes in six different ways: 3 + 97, 11 + 89, 17 + 83, 29 + 71, 41 + 59, 47 + 53.

لەڕێگەی کۆکردنەوەی دوو ژمارەی سەربەخۆوە، دەتوانیت بە شەش رێگای جیاواز بگەیتە 100.

1079. In Roman numerals, 100 is represented by C.

لەژمارە رۆمانییەکاندا، پیتی C گوزارشت لە 100 دەکات.

1080. 100 degrees Celsius is the boiling point of water.

ئاو لەپلەی 100ی سیلیزیدا دەکولێت.

1081. There are 100 senators in the US Senate.

ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا، لە 100 سیناتۆر پێکدێت.

1082. An American football field is 100 yards long.

درێژی یاریگای یاری تۆپی پێی ئەمەریکی، 100 یاردە.

1083. The most points ever scored by a single player in an NBA game is 100. This score was attained by Wilt Chamberlain in 1962 while playing for the Philadelphia Warriors.

بەدرێژایی مێژووی یەکێتی نیشتمانی یاری تۆپی سەبەتەی ئەمەریکا، زۆرترین خاڵ کە تەنها یاریزانێك تۆماری کردبێت 100 خاڵ بووەو لەساڵی 1962 بووە. ئەو یاریزانەش ناوی ویڵت چامبەرلاین-ە.

1084. Some animals that can live to be at least 100 years old include humans, Galapagos tortoises, ocean quahogs (clams), bowhead whales, and Greenland sharks.

هەندێك زیندەوەر هەن تەمەنیان دەکرێ بگاتە لانیکەم سەد ساڵ. لەوانە: مرۆڤ، هەندێك جۆر کیسەڵ، هەندێك جۆر گوێچکەماسی، نەهەنگی سەرکەوانە، قرشی گرینلاندو هتد..

1085. In old buildings, the door number of the bathroom used to be 100.

لەباڵەخانە کۆنەکاندا، ژمارەی ژوری حەمام، 100 بووە.

1086. People who reach the age of 100 are called centenarians. A person often receives a letter from the president/queen/king upon reaching his/her 100th birthday.

لەهەندێك وڵات ئەو كەسانەی تەمەنیان دەگاتە سەد ساڵ، بەبۆنەی جەژنی سەد ساڵەی لەدایكبونیانەوە، نامەیەكیان لەلایەن سەرۆك یان پادشای ئەو وڵاتەوە، پێدەگات.

1087. The gestation period for tigers is 100 days on average.

بەگشتی ماوەی دووگیانی پڵنگ، 100 رۆژە.

1088. In India, Israel, and Greece you must dial 100 to reach the police, not 911.

لە هندستان و یۆنان ژمارەی فریاكەوتنی پۆلیس 100ە. بەڵام لە ئەمەریكا 911یە.

1089. The Hundred Years' War is the collective term for a series of conflicts between the British and French spanning the years between 1337 and 1453, which is actually more than 100 years.

جەنگی سەد ساڵە لەمێژوودا، بریتییە لەزنجیرەیەك شەڕ لەنێوان فەرەنساو بریتانیاو لەنێوان 1337و 1453دا روویانداوە. واتە ناوەكەی خۆی بەخۆیەوە نیەو زیاتر لەسەد ساڵی خایاندووە.

1090. There are about 100 calories in 28 baby carrots.

هەموو 28 گێزەرێكی بچوك، نزیكەی 100 كالۆری وزەی تێدایە.

1091. There are about 100 calories in a small baked potato.

پەتاتەیەكی بچوكی برژاو، نزیكەی 100 كالۆری تێدایە.

1092. Washington DC is about 100 miles from Wilmington, Delaware and about 100 miles from Richmond, Virginia.

واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریكا، نزیكەی 100 میل لەشاری ویلمینگتۆن-ی سەربە ویلایەتی دێلەوێرو ریچمۆند-ی سەربە ویلایەتی ڤیرجینیا دورە.

1093. In the year 100 AD somebody in China invented the wheelbarrow.

لەساڵی 100ی زاینی، كەسێك لە چین، عەرەبانەی دەستی داهێناوە.

1094. Hundred is a town in West Virginia. It got its name from a husband and wife pair of early settlers who both lived past the age of 100.

شارۆچکەیەك هەیە لەویلایەتی ڤیرجینیای ئەمەریکا ناوی Hundredە واتە سەد. ناوەکەی لە ژن و مێردێکەوە وەرگیراوە کە هەر لەزووەوە لەو شارۆچکەیەدا نیشتەجێبون و هەردوکیان تەمەنیان سەد ساڵی تێپەڕاندووە.

1095. It takes between 35 and 40 seconds to count to 100 out loud speaking quickly.

ئەگەر لەژمارە یەك تا 100ی ئینگلیزی بەخێرایی و دەنگی بەرز بژمێریت، ئەوا 35 تا 40 چرکەت پێدەچێت.

1096. It takes between 75 and 80 seconds to count to 100 out loud speaking at a normal pace.

ئەگەر لەژمارە یەك تا 100ی ئینگلیزی بەخێرایی ئاسایی و دەنگی بەرز بژمێریت، ئەوا 75 تا 80 چرکەت پێدەچێت.

1097. Counting from 1 to 100 makes you say 203 syllables.

ژماردنی یەك تا 100 بە زمانی ئینگلیزی، بریتییە لە 203 بڕگە.

1098. There are 50,613,244,155,051,856 possible ways to score exactly 100 points in a game of bowling.

لەیەك یاری بۆڵینگدا 50,613,244,155,051,856 ڕێگا هەیە بۆ بەدەستهێنانی 100 خاڵ.

1099. The state of North Carolina has exactly 100 counties.

ویلایەتی کارۆلینای باکور لە ئەمەریکا، لە 100 هەرێم پێکهاتووە.

1100. Despite the name, centipedes do not have 100 legs.

بەپێچەوانەی ناوەکەیەوە، هەزارپێ، هەزار پێی نیە. کەمتری هەیە.

1101. The only part of the body that has no blood supply is the cornea of the eye. It receives oxygen directly from the air.

تەنها بەشی جەستەی لەشی مرۆڤ کە خوێنی پێناگات، کۆڕنیای چاوە. ئەم بەشە ئۆکسجین راستەوخۆ لەهەواوە وەردەگرێت. دیارە حەزی لەباڵەو دەسی دوو نیە!

1102. The human brain has a memory capacity which is the equivalent of more than four terabytes on a hard drive.

قەبارەی خەزنکردنی مێشکی مرۆڤ هاوتای درایڤێکی قەبارە چوار تێرابایتی کۆمپیوتەرە.

1103. A newborn child can breathe and swallow at the same time for up to seven months.

منداڵێکی تازە لەدایکبوو، دەتوانێت تا تەمەنی حەوت مانگی لەیەك کاتدا هەناسەش بدات و شتیش قوتبدات. واتە بەدوولا مەست و حەیرانە!

1104. Your skull is made up of 29 different bones.

کاسەی سەری شەریفت لە 29 ئێسکی جیاواز پێکهاتووە.

1105. When you sneeze, all of your body functions stop — even your heart!

کاتێك دەپژمیت، هەموو کارەکانی جەستەت دەوەستێت. تەنانەت دڵیشت.

1106. Nerve impulses sent from the brain move at a speed of 274 km/h.

خێرایی ئەو دەمارە ترپانەی لەمێشکەوە دەنێردرێن، 274 کیلۆمەترە لەسەعاتێکدا.

1107. The average human body contains enough Sulphur to kill all the fleas on the average dog, enough carbon to make 900 pencils, enough fat to make seven bars of soap and enough water to fill a 50-liter barrel.

جەستەی مرۆڤێکی ئاسایی گۆگردی هێندە تێدایە کە بەشی کوشتنی هەموو کێچەکانی سەر جەستەی سەگێکی ئاسایی دەکات. کاربۆنی ناو جەستەش بەشی دروستکردنی 900 قەڵەم رەساس دەکات. چەورییەکەشی بەشی حەوت پارچە سابون دەکات. ئاوەکەشی بەشی پڕکردنی بەرمیلێکی 50 لیتری دەکات.

1108. The human heart pumps 182 million liters of blood during the average lifetime.

بەدرێژایی ژیانی، دڵی کەسێکی ئاسایی 182 ملیۆن لیتر خوێن، هەڵدەدات.

1109. 50,000 cells in your body died and were replaced by new ones while you were reading this sentence.

لەکاتێکدا ئەم رستەیە دەخوێنیتەوە، 50 هەزار خانەی جەستەت دەمرن و 50 هەزاری تر جێگەی دەگرنەوە.

1110. The human embryo acquires fingerprints within three months of conception.

پەنجەمۆری کۆرپەی مرۆڤ، لەتەمەنی سێ مانگیی ناو سکی دایکیدا، دروستدەبێت.

1111. Right-handed people live, on average, nine years longer than left-handed people.

بەگشتی کەسانی راستلەر، نۆ ساڵ لەچەپلەرەکان، زیاتر دەژین.

1112. About two thirds of people tilt their head to the right when kissing.

نزیکەی دوو لەسەر سێی خەڵك لەکاتی ماچکردندا سەریان بەلای راستدا، لاردەکەنەوە.

1113. The average person forgets 90% of their dreams.

بەگشتی خەڵك، لەسەدا 90ی خەوەکانیان لەبیردەچێتەوە.

1114. The total length of all the blood vessels in the human body is about 100,000 km.

درێژی کۆی بۆری و مولولەکانی خوێنی ناو جەستەی مرۆڤ، نزیکەی 100 هەزار کیلۆمەتر دەبێت.

1115. On average, a person’s respiration rate is one third higher in spring than in autumn.

بەگشتی، هەناسەدانی مرۆڤ لەبەهاردا، بەرێژەی یەك لەسەر سێ، لەزستان، زیاترە.

1116. By the end of a person’s life, they can recall, on average, around 150 trillion pieces of information.

بە کۆتاییهاتنی ژیانی مرۆڤێکی ئاسایی، دەتوانرێت نزیکەی 150 ترلیۆن زانیاریی ئەو مرۆڤە، دەربهێنرێتەوە.

1117. We lose 80% of our body heat from the head.

لەسەدا 80ی گەرمی جەستەمان لەرێگەی سەرمانەوە، لەدەست دەدەین.

1118. When you blush, your stomach also turns red.

کاتێك رەنگت سور هەڵدەگەڕێت، گەدەشت سور هەڵدەگەڕێت.

1119. A feeling of thirst occurs when water loss is equal to 1% of your body weight. The loss of more than 5% can cause fainting, and more than 10% causes death from dehydration.

هەستکردن بە تینوێتی کاتێك رودەدات کە بەقەدەر لەسەدا یەکی کێشی جەستەت ئاو لەدەست بدەیت. لەدەستدانی زیاتر لەپێنج لەسەدیش، دەکرێ ببێتەهۆی بورانەوەو ئەگەر رێژەکەش بگاتە زیاتر لەسەدا 10، ئەوا مردن بەهۆی وشکبونەوەی، لێدەکەوێتەوە.

1120. At least 700 enzymes are active in the human body.

لانیکەم 700 ئەنزیم لەجەستەی مرۆڤدا چالاك و بەکارە.

1121. Human beings are the only living things which sleep on their backs.

مرۆڤ تەنها زیندەوەرە کە دەتوانێت لەسەر پشتی بخەوێت.

1122. The average four-year-old child asks 450 questions a day.

منداڵێکی ئاسایی تەمەن چوار ساڵ، رۆژانە 450 پرسیار دەکات.

1123. Not only human beings, but also koala bears have unique finger prints.

لەناو زیندەوەراندا تەنها مرۆڤ و ورچی کوالا پەنجەمۆریان تایبەتە.

1124. Only 1% of the bacteria can result in the human body becoming ill.

تەنها لەسەدا یەکی بەکتریاکان دەبنەهۆی نەخۆشکەوتنی مرۆڤ.

1125. Everyone alive on Earth could comfortably be placed into a cube with sides 1000 meters long.

دەتوانرێت هەموو مرۆڤەکانی سەرزەوی بە ئیسراحەت لەناو شەش پاڵویەکی لا هەزار مەتریدا جێبکرێنەوە.

1126. Teeth are the only part of the human body which cannot heal themselves.

تەنها بەشی جەستەی مرۆڤ کە ناتوانێت خودی خۆی، خۆی چاکباتەوە، ددانە.

1127. On average, a person needs seven minutes to fall asleep.

بەگشتی مرۆڤ لەو کاتەوەی دەیەوێت بخەوێت، حەوت خولەکی پێویستە کە خەو دەیباتەوە.

1128. Right-handed people chew most of their food on the right side of their mouth, whereas left-handed people do so on the left.

راستلەرەکان زۆربەی خواردنەکان لەلای راستی دەمیان دەجون و چەپلەرەکانیش لەلای چەپ.

1129. Only 7% of people are left-handed.

تەنها لەسەدا حەوتی خەڵك، چەپلەرن.

1130. The fragrance of apples and bananas can help a person to lose weight.

بۆنی سێوو مۆز دەکرێ یارمەتی مرۆڤ بدات لەدابەزاندنی کێشدا.

1131. If allowed to grow for their whole lifetime, the length of someone’s hair would be about 725 kilometers.

ئەگەر قژی مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی بهێڵرێتەوە، درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی 725 کیلۆمەتر.

1132. Out of all the people who can move their ears, only one third of them are able to move just one ear.

لەکۆی هەموو ئەو کەسانەی دەتوانن گوێیان بجوڵێنن، تەنها یەك لەسەر سێیان، دەتوانن یەك گوێیان بەبێ ئەوی تریان، لەیەك کاتدا بجوڵێنن.

1133. During their lifetime, a person will on average accidentally swallow eight small spiders.

مرۆڤێکی ئاسایی بەدرێژایی ژیانی، بەرێکەوت هەشت جاڵجاڵۆکەی بچوك قوتدەدات.

1134. The total weight of the bacteria in the human body is 2 kg.

کۆی کێشی هەموو بەکتریاکانی ناو جەستەی مرۆڤ، دوو کیلۆگرامە.

1135. 99% of the calcium contained in the human body is in one’s teeth.

لەسەدا 99ی کالیسۆمی ناو جەستەی مرۆڤ، لەددانیدایە.

1136. Human lips are hundreds of times more sensitive than the tips of a person’s fingers.

لێوی مرۆڤ سەدان جار لەسەری پەنجەی، هەستیارترە.

1137. A person passes on 278 different types of bacteria to another person when they kiss them. Fortunately, 95% of them are not harmful.

کاتێك کەسێك یەکێك ماچدەکات، 278 جۆری جیاواز بەکتریای بۆ دەگوازێتەوە. بەڵام خۆشبەختانە لەسەدا 95ی ئەم بەکتریایانە، زیانبەخش نین.

1138. If you collected all the iron contained in the human body, you would get just a small cog, big enough only for use in your watch.

هەموو ئەو ئاسنەی لەجەستەی مرۆڤدایە، بەشی دروستکردنی پێچکەیەکی بچوکی ددانددار دەکات کە قەبارەکەی هێندە بچوکە دەتوانرێت تەنها لەناو سەعاتی دەستیدا بەکاربهێنرێت.

1139. There are more than 100 different viruses which cause a cold.

زیاتر لە 100 جۆر ڤایرۆس هەیە کە دەبێتەهۆی هەڵامەت.

1140. You can lose 150 calories per hour if you hit your head against the wall.

ئەگەر سەرت بکێشیت بە دیواردا ئەوا 150 کالۆری لەهەموو سەعاتێکدا، دەسوتێنیت.

1141. Human beings are the only animals which can draw straight lines.

مرۆڤ تەنها زیندەوەرە کە دەتوانێت هێڵی راست بکێشێت.

1142. Human skin is completely replaced about 1,000 times during a person’s lifetime.

بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ، نزیکەی هەزار جار پێستەکەی بەتەواوەتی دەگۆڕێت.

1143. A person who smokes a pack of cigarettes a day is doing the equivalent of drinking half a cup of tar a year.

ئەو کەسەی رۆژانە پاکەتێك جگەرە دەکێشێت، وەك ئەوە وایە ساڵانە نیو کوپ قیر بخواتەوە.

1144. The structure of the human body contains only four minerals.

ئێسکەپەیکەری مرۆڤ تەنها چوار کانزا لەخۆدەگرێت.

1145. A passionate kiss causes the same chemical reactions in the brain that skydiving and firing a gun do.

ماچێکی خەست و خۆڵ هەمان ئەو کاردانانەوە لەناو مێشکی مرۆڤدا دروستدەکات کە خۆهەڵدانەخوارەوە لەڕێگەی پەڕەشوت و گوللـەتەقاندن، دروستی دەکات.

1146. Men are officially classified as dwarves if their height is below 1.3 m, whereas for women the measure is 1.2 m.

بەشێوەیەکی رەسمی، پیاو ئەگەر باڵای لەخوار مەترێك و 30سم بێت، بە قەزەم دادەنرێت بەڵام ژن تا باڵای لەخوار مەترێك و 20سم نەبێت، بەقەزەم دانانرێت.

1147. Fingernails grow about four times faster than your toenails.

خێرایی گەشەکردنی نینۆکی پەنجەی مرۆڤ، چوار ئەوەندە لەهی پێ، زیاترە.

1148. People with blue eyes are more sensitive to pain than others.

چاوشینەکان لەوانی تر زیاتر هەستیارن بەرامبەر بە ئازار.

1149. Nerve impulses in the human body move at about 90 m/s.

خێرایی رۆیشتنی ترپەی دەماری مرۆڤ 90 مەترە لەچرکەیەکدا.

1150. 100,000 chemical reactions occur in the human brain every second.

هەموو چرکەیەك 100 هەزار کارلێکی کیمیایی لەمێشکی مرۆڤدا رودەدات.

1151. If one identical twins lacks a certain tooth, the other twin will not have that tooth either.

ئەگەر دوانەیەکی لەیەکچوو، ددانێکی دیاریکراوی نەبێت، ئەوی تریشیان هەمان ددانی نابێت.

1152. During a person’s lifetime, they spend about 2 weeks kissing.

بەدرێژایی ژیانی، مرۆڤ دوو هەفتە تەنها لەماچکردندا بەسەردەبات.

1153. The facial hair of a blonde-haired man grows faster than that of a man with dark hair.

مووی دەموچاوی پیاوی قژزەرد، لەهی قژڕەش خێراتر گەشەدەکات.

1154. Leukocytes in the human body live for two to four days, and erythrocytes for three to four months.

خڕۆکە سپییەکانی ناو جەستەی مرۆڤ، بۆ ماوەی دوو تا چوار رۆژ دەژین بەڵام سورەکان بۆ ماوەی سێ تا چوار مانگ دەژین.

1155. The strongest muscle in the human body is the tongue.

بەهێزترین ماسولکە لەجەستەی مرۆڤدا، زمانە.

1156. The human heart is approximately equal in size to that of a person’s fist. An adult’s heart weights 220-260 grams.

قەبارەی دڵی مرۆڤێکی پێگەیشتوو بەنزیکەیی، بەئەندازەری مشتێك دەبێت و كێشەكەشی 220 تا 260 گرام دەبێت.

1157. At birth, there are 14 billion cells in the human brain. This number does not increase throughout a person’s lifetime. After 25 years, the number of cells falls by 100,000 every day.

لەکاتی لەدایکبوندا، ژمارەی خانەکانی مرۆڤ لە 14 ملیار پێکدێت و ئەم ژمارەیە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ زیادناکات. پاش 25 ساڵیش، رۆژانە 100 هەزار خانە کەمدەکات.

1158. During a person’s lifetime, the small intestine is about 2.5 meters. After they die, the muscles in the walls of their intestine relax, and it’s length increases to 6 meters.

بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ، درێژی ریخۆڵەباریکە نزیکەی دوو مەترو نیوە. بەڵام پاش مردن، بەهۆی گۆڕانکاری لەماسولکەکانی دیوارەکانی ریخۆڵە، درێژییەکەی دەگاتە شەش مەتر.

1159. Your right lung can take in more air than your left.

سی راستت لەهی چەپت، هەوای زیاتر دەگرێت.

1160. An adult person performs around 23,000 inhalations and exhalations a day.

کەسێکی پێگەیشتوو رۆژانە نزیکەی 23 هەزار هەناسەدان و هەناسەدانەوە ئەنجامدەدات.

1161. The smallest cells in a man’s body are sperm cells.

بچوکترین خانە لەجەستەی مرۆڤدا، خانەکانی سپێرمە.

1162. There are about 40,000 bacteria in the human mouth.

دەمی مرۆڤ نزیکەی 40 هەزار بەکتریای تێدایە.

1163. Each of us has around 2,000 taste buds.

هەر یەکێك لەئێمە نزیکەی دوو هەزار گۆپکەی چەشتنی هەس.

1164. The human eye can distinguish 10 million different colours.

چاوی مرۆڤ دەتوانێت 10 ملیۆن رەنگ لەیەك جیابکاتەوە.

1165. The chemical compound in the body which causes feelings of ecstasy (phenylethylamine) is also contained in chocolate.

ئەو پێکهاتە کیمیاییەی لەجەستەی مرۆڤدا دەبێتەهۆی هەستکردن بە لوتکەی خۆشی و گەشکە لەخۆشیدا، لەچکلێتیشدا هەیە.

1166. The human heart pumps blood at such pressure that it would be able to raise blood up to the fourth floor of a building.

دڵی مرۆڤ بە فشارێکی هێندە بەهێز خوێن هەڵدەدات کە دەتوانرێت بەو فشارە، خوێن بۆ نهۆمی چوارەمی بینایەك هەڵبدرێت.

1167. Children grow faster in the spring.

گەشەی منداڵ لەبەهاردا خێراترە.

1168. Every year more than 2 million left-handed people die because of mistakes they make when using machines designed for right-handed people.

ساڵانە زیاتر لەدوو ملیۆن چەپلەر بەهۆی هەڵەبەکارهێنانی ئامێرگەلی دروستکراو بۆ راستلەرەکان، گیان لەدەست دەدەن.

1169. A person uses 17 muscles when they smile, and 43 when they frown.

مرۆڤ کاتێك زەردەخەنە دەکات، 17 ماسولکە بەکاردەهێنێت، بەڵام کاتێك رووی گرژدەکات، پێویستی بە بەکارهێنانی 43 ماسولکەیە.

1170. By the age of 60 most people lose half of their taste buds.

بە گەیشتن بە تەمەنی 60 ساڵی، زۆربەی خەڵك، نیوەی چەشتنەگۆپکەکانی لەدەستداوە.

1171. The rate at which a person's hair grows doubles during an airplane flight.

لەکاتی گەشتی ئاسمانیدا لەڕێگەی فڕۆکەوە، گەشەکردنی مووی مرۆڤ دوو ئەوەندە زیاددەکات.

1172. One percent of people can see infra-red light and 1% can see ultra violet radiation.

لەسەدا یەکی خەڵك دەتوانن تیشکی ژێرسور ببینن. رێژەی ئەوانەش کە تیشکدانەوەی سەروەنەوشەیی دەبینن، هەمان ژمارەیە.

1173. If you were locked in a completely sealed room, you would not die due to a lack of air, but from carbon dioxide poisoning.

ئەگەر بخرێیتە ژورێکی تەواو داخراو، ئەوا رەنگە بەهۆی نەبونی هەواوە نەمریت بەڵام بەهۆی ژەهراویبون بە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنەوە دەمریت.

1174. Statistically, only one person out of two billion reaches the age of 116 years old.

رێژەی ئەو کەسانەی تەمەنیان دەگاتە 116 ساڵی، یەك لەسەر دوو ملیارە.

1175. On average, a person says 4,800 words in 24 hours.

بەگشتی، مرۆڤ رۆژانە 4800 وشە دەفەرموێت!

1176. Our eyes remain the same size as they were at birth, but our nose and ears never stop growing.

قەبارەی چاوی مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی ناگۆڕێت بەڵام لوت و گوێ هەرگیز لەگەشەکردن ناوەستن.

1177. In the morning, a person is about 8 millimetres taller than in the evening.

باڵای مرۆڤ لەبەیانیاندا، نزیکەی هەشت ملیلیمەتر لەئێواران، زیاترە.

1178. The muscles which help your eyes to focus complete around 100,000 movements a day. In order to make your leg muscles do the same amount of movements, you would need to walk 80 kilometres.

ئەو ماسولکانەی یارمەتی چاوت دەدات کە تەرکیزبکەن، رۆژانە نزیکەی 100 هەزار جوڵە ئەنجامدەدەن. ئینجاکونێ بۆ ئەوەی ماسولکەکانی قاچت هەمان ژمارە جوڵە بکەن، پێویستە 80 کیلۆمەتر بەپێ بڕۆیت.

1179. A cough amounts to an explosive charge of air which moves at speeds up to 60 miles per hour.

خێرایی ئەو هەوایەی لەکاتی کۆکەی مرۆڤدا دەردەچێت، دەگاتە 60 میل لەسەعاتێکدا.

1180. According to German researchers, the risk of having heart attack is higher on Monday than on any other day of the week.

بەگوێرەی لێکۆڵەرانی ئەڵمانیا، مەترسی توشبون بە جەڵدەی دڵ لەڕۆژانی دوشەممە، لەڕۆژەکانی تر زیاترە.

1181. Bones are about times stronger than steel.

ئێسکی مرۆڤ لەپۆڵا بەهێزترە.

1182. It is impossible to sneeze with your eyes open.

کرانەوەی چاو لەکاتی پژمیندا، شتێکی مەحاڵە.

1183. The average life expectancy is 2,475,576,000 seconds. During this time we pronounce, on average, around 123,205,750 words and have sex 4,239 times.

سوڕی ژیانی کەسێکی ئاسایی دوو ملیارو 475 ملیۆن و 576 هەزار چرکەیە. لەو ماوەیەدا نزیکەی 123 ملیۆن و 205 هەزارو 750 وشە دەڵێن و 4239 جار سێکس دەکەین.

1184. In 1915, the word "teenager" was not yet in use.

تا ساڵی 1915ش، وشەی teenager کە بەمانای هەرزەکار دێت، لەزمانی ئینگلیزیدا، بەکارنەهاتووە.

1185. In 1915, the constitutional amendment granting American women the right to vote had not yet passed.

تا ساڵی 1915، ئەو هەموارکردنە دەستورییەی مافی دەنگدان دەدات بە ژنان لە ئەمەریکا، تێنەپەڕێنراوە.

1186. In 1910, there were just over 14,000 people incarcerated in the US for first- or second-degree murder.

لەساڵی 1910، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی تاوانی کوشتنی پلەیەك و پلەدوو، لە ئەمەریکا دەستگیرکرابوون، 14 هەزار کەس زیاتر بوون.

1187. The population of Las Vegas was 22 in 1900, 800 in 1910, and 2,304 in 1920.

ژمارەی دانیشتوانی لاس ڤیگاس لە ئەمەریکا، لەساڵی 1900، 22 کەس و لە 1910، 800 کەس و لە 1920، 2304 کەس بون.

1188. In 1900, the average life expectancy for an American man was 48.3. The average life expectancy for a woman was 51.1.

لەساڵی 1900، سوڕی ژیانی ئاسایی پیاوێکی ئەمەریکی 48.3 ساڵ و هی ژن 51.1 ساڵ بووە.

1189. In 1901, Connecticut passed a law that included the country's first speed limit: 15 mph on general roads and 12 mph within city limits.

لەساڵی 1901، ویلایەتی کۆنێکتیکەت لە ئەمەریکا، یاسایەکی تێپەڕاند. بەگوێرەی ئەم یاسایە زۆرترین خێرایی ئۆتۆمبێل 15 میل لەسەعاتێك دەبێت لەڕێگا گشتییەکان و 12 میل لەسەعاتێك دەبێت لەناو شاردا.

1190. In 1915, the Eiffel Tower was the tallest structure in the world — a status it had held since its completion in 1889 and that it maintained until 1930.

لەساڵی 1889 کە تێیدا تاوەری ئیفڵ تەواوکراوە، تا ساڵی 1930، درێژترین بینا بووە لەجیهاندا.

1191. In 1938, the US set its first minimum wage: 25 cents an hour.

لەساڵی 1938، ئەمەریکا 25 سەنت بۆ هەر سەعاتێکی وەك کەمترین کرێی کارکردن، دیاریکرد.

1192. In 1910, the average annual per capita income in the US was estimated at $332, or about $7,800 in current-day dollars.

1193. .767 لەساڵی 1910، داهاتی ئاسایی ساڵانەی کەسێکی ئەمەریکی به 332 دۆلار خەمڵێنراوە
کە بە بەهای ئەمڕۆ 7800 دۆلار دەکات.

1194. In 1910, less than half of the US population lived in urban areas. (Today, it's 80%.)

لەساڵی 1910، کەمتر لەنیوەی دانیشتوانی ئەمەریکا، لەناوچە شارستانەکاندا ژیاون. بەڵام لەئێستادا ئەو ڕێژەیە لەسەدا هەشتایە.

1195. In 1915, a dozen eggs cost 34 cents; a gallon of milk cost 18 cents; and a pound of coffee cost 30 cents.

لەساڵی 1915 لە ئەمەریکا، دەرزەنێك هێلکە بە 34 سەنت و گالۆنێك شیر بە 18 سەنت و پاوەندێك قاوە، بە 30 سەنت بووە.

1196. In 1910, agriculture was the most common industry Americans worked in.

لەساڵی 1910، کشتوکاڵ باوترین کاری ئەمەریکییەکان بووە.

1197. In 1915, the three leading causes of death in the US were heart disease, pneumonia/influenza, and tuberculosis.

لە 1915، سێ هۆکارە سەرەکییەکەی مردن لە ئەمەریکا، نەخۆشی دڵ و هەوکردنی سی و ئەنفلۆنزاو سیل بووە.

1198. In 1915, canned beer, modern supermarkets, and Barbie dolls had not yet been invented.

لەساڵی 1915، بیرەی لەقوتونراو، سوپەرمارکێتی هاوچەرخ، بوکەشوشەی باربی دانەهێنرابوون.

1199. In 1915, the US did not have an official national anthem.

لەساڵی 1915، ئەمەریکا دروشمی نیشتمانی نەبووە.

1200. In 1910, 7.7% of Americans said that they couldn't read or write, a sharp decline from 1870, when 20% said they were illiterate.

لەساڵی 1910، سەدا 7.7ی ئەمەریکییەکان دەیان وت خوێندەوارییان نیە. بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی 1870، لەسەدا 20 بووە.

1201. In 1900, only about half of American children between five and 19-years-old were enrolled in school. Ending formal education after eighth grade was typical.

لەساڵی 1900، تەنها نیوەی منداڵە ئەمەریکییەکانی تەمەن پێنج بۆ 19 ساڵ، لەخوێندنگە تۆمارکراون. تەواوکردنی خوێندن پاش پۆلی هەشت شتێکی نمونەیی بووە.

1202. The only 2 animals that can see behind itself without turning its head are the rabbit and the parrot.

تەنها دوو زیندەوەر کە دەتوانێت پشت خۆی ببینێت بەبێ ئەوەی سەری بسوڕێنێت، کەروشێك و توتییە.

1203. It cost 7 million dollars to build the Titanic and 200 million to make a film about it.

دروستکردنی کەشتی تایتانیك حەوت ملیۆن دۆلاری تێچووە بەڵام بەرهەمهێنانی فیلمەکەی، 200 ملیۆنی تێچووە.

1204. When hippos are upset, their sweat turns red.

ماینی روبار کاتێك نیگەران و بێزار دەبێت، رەنگی عارەقەکەی سور دەبێت.

1205. Every time you sneeze some of your brain cells die.

لەگەڵ هەر پژمینێکدا، هەندێك لەخانەکانی مێشکت دەمرن.

1206. Laughing lowers levels of stress hormones and strengthens the immune system.

پێکەنین ئاستی هۆرمۆنی فشاری دەرونی کەمدەکاتەوەو کۆئەندامی بەرگری، بەهێزدەکات.

1207. Six-year-olds laugh an average of 300 times a day.

منداڵانی تەمەن شەش ساڵ، رۆژانە 300 جار پێدەکەنن.

1208. Adults only laugh 15 to 100 times a day.

کەسانی پێگەیشتوو رۆژانە 15 بۆ 100 جار، پێدەکەنن.

1209. Chewing gum while peeling onions will keep you from crying.

جوینی بنێشت لەکاتی پیاز پاکردندا، چاوت لەفرمێسك رژاندن، دەپارێزێت.

1210. Never hold your nose and cover your mouth when sneezing, as it can blow out your eyeballs.

لەکاتی پژمیندا نەچی بچی لوتت یان دەمت بگریت چونکە رەنگە ئەوە ببێتەهۆی تەقینی چاوت.

1211. The world’s smartest pig, owned by a mathematics teacher in Madison, WI, memorized the multiplication tables up to 12.

زیرەکترین بەراز لەجیهاندا هی مامۆستایەکی بیرکارییە لە ئەمەریکا. ئەم بەرازە بەشێکی جەدۆلی زەربی لەبەرە.

1212. In ancient Greece, children of wealthy families were dipped in olive oil at birth to keep them hairless throughout their lives.

لە یۆنانی دێریندا، منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەکان، لەکاتی لەدایکبوندا لەناو رۆنی زەیتوندا نوقمدەکران بۆ ئەوەی بەدرێژایی ژیانیان بێموو بن.

1213. Approximately one-sixth of your life is spent on Wednesdays.

نزیکەی یەك لەسەر شەشی ژیانی فەخامەتی جەنابت، لەڕۆژانی چوارشەممەدا بەسەردەبەیت.

1214. 12 newborns will be given to the wrong parents daily.

رۆژانە 12 منداڵی تازە لەدایکبوو، بەهەڵە دەدرێنەوە بە داك و بابیان. واتە نادرێتەوە بە دایك و باوکی راستەقینەی خۆیان.

1215. A cockroach can live several weeks with its head cut off.

سیسرك دەتوانێت چەند هەفتەیەك پاش لێکردنەوەی سەری، بژی.

1216. A company in Taiwan makes dinnerware out of wheat, so you can eat your plate.

لە تایوان کۆمپانیایەك هەیە قاپ و قاچاخ لەگەنم دروستدەکات. بۆیە دەتوانیت پاش بەکارهێنان بیشیخۆیت.

1217. A cow produces 200 times more gas a day than a person.

رۆژانە، مانگایەك 200 ئەوەندە لەمرۆڤێك، گاز زیاتر بەرهەمدەهێنێت.

1218. A giraffe can clean its ears with its 21-inch tongue.
زەڕافە دەتوانێت گوێی بە زمانی پابکاتەوە. درێژی زمانی ئەم زیندەوەرە 12 ئینج دەبێت.

1219. A giraffe can go without water longer than a camel can.
زەڕافە دەتوانێت زیاتر لە حوشتر، بەبێ ئاو، بڕوات.

1220. A goldfish has a memory span of three seconds.
سوڕی ژیانی یادگا واتە زاکیرەی ماسی ئاڵتونی، سێ چرکەیە.

1221. A shark is the only fish that can blink with both eyes.
تەنها جۆری ماسییە کە دەتوانێت هەردوو چاوی بتروکێنێت، قرشە.

1222. An iguana can stay under water for 28 minutes.
ئیگوانا کە زیندەوەرێکی خشۆکە، دەتوانێت بۆ ماوەی 28 خولەك، لەژێر ئاودا بمێنێتەوە.

1223. An ostrich's eye is bigger than its brain.
چاوی نەعامە واتە حوشترمل، لەمێشکی گەورەترە.

1224. Bats always turn left when exiting a cave.
شەمشەمەکوێرە لەکاتی دەرچونیدا لەئەشکەوت، هەمیشە بەلای چەپدا لادەدات.

1225. More people are killed annually by donkeys than die in air crashes.
ژمارەی ئەو کەسانەی ساڵانە لەلایەن مەیمونەوە دەکوژرێن، لەوانە زیاترن لەڕوداوی هاتوچۆی ئاسمانیدا، گیان لەدەست دەدەن.

1226. More people use blue toothbrushes, than red ones.
ژمارەی ئەو کەسانەی فڵچەی دانشتنی شین بەکاردەهێنن، لەوانە زیاترە کە هی سور بەکاردەهێنن.

1227. Mosquitoes have teeth.
مێشولە ددانی هەیە.

1228. Most cows give more milk when they listen to music.
زۆربەی مانگا لەکاتی بیستنی موزیکدا، شیری زیاددەکات.

1229. Most lipstick contains fish scales.

زۆربەی سوراوی لێو، پولەکەی ماسی لەپێکهاتەکەیدا هەیە.

1230. Over 1000 birds a year die from smashing into windows.
ساڵانە زیاتر لەهەزار باڵندە، بەهۆی خۆکێشان بە پەنجەرە، دەمرن.

1231. Owls are one of the only birds who can see the color blue.
کوندەپەپوو یەکێکە لەو زیندەوەرە کەمانەی رەنگی شین دەبینێت.

1232. The average person has over 1,460 dreams a year.
کەسێکی ئاسایی ساڵانە زیاتر لە 1460 خەو دەبینێت.

1233. The average person is about a quarter of an inch taller at night.
کەسێکی ئاسایی شەوانە، باڵای چارەکە ئینجێك، بەرزترە وەك لەڕۆژدا.

1234. The average person's left hand does 56% of the typing.
دەستی چەپی کەسێکی ئاسایی لەسەدا 56ی تایپکردنەکان، ئەنجامدەدات.

1235. The only 15 letter word that can be spelled without repeating a letter is uncopyrightable.
لەزمانی ئینگلیزیدا تەنها یەك وشە هەیە کە لە 15 پیتی جیاو بێدوبارە پێکهاتووە: uncopyrightable

1236. The only nation whose name begins with an "A" but doesn't end in an "A" is Afghanistan.
تەنها وڵات کە ناوەکەی بە حەرفی a دەست پێدەکات و بە a کۆتایی نایەت، ئەفغانستان Afghanistanە.

1237. The "save" icon on Microsoft Word shows a floppy disk.
ئایکۆنی سەیڤ لەسەر بەرنامەی مایکرۆسۆفت وۆرد، وێنەی فلۆپییە.

1238. There are over 52.6 million dogs in the U.S.
ئەمەریکا زیاتر لە 52 ملیۆن و 600 هەزار سەگی تێدایە.

1239. There are more chickens than people in the world.
ژمارەی مریشك لەجیهاندا، لەخەڵك زیاترە.

1240. There are more plastic flamingos in America than real ones.

لەئەمەریکا، ژمارەی فلامینگۆی پلاستیکی لە هی راستی، زیاترە.

1241. There are only four words in the English language which end in “-dous”: tremendous, horrendous, stupendous, and hazardous.

لەزمانی ئینگلیزیدا تەنها چوار وشە هەیە کە بە dous کۆتایی دێت.

1242. When snakes are born with two heads, they fight each other for food.

کاتێك مارێکی دووسەر لەدایك دەبێت، هەردوو سەرەکە لەسەر خواردن شەڕ لەگەڵ یەکدا دەکەن.

1243. Windmills always turn counter-clockwise. Except for the windmills in Ireland.

پەروانەکانی ئاشی بای هەموو جیهان جگە لەهی ئێرلەندا، بەپێچەوانەی میلی کاتژمێر، دەسوڕێنەوە.

1244. You’re more likely to get stung by a bee on a windy day than in any other weather.

ئەگەر بەرکەوتنت بە پێوەدانی هەنگ، لەڕۆژێك کە بای هەبێت، لەهەر کەشێکی تر، زیاترە.

1245. The national anthem of Greece has 158 verses. No one in Greece has memorized all 158 verses.

دروشمی نیشتمانی یۆنان لە 158 بەیتەشیعر پێکدێت. بەڵام هیچ کەسێکی ئەو وڵاتە نیە هەر هەمووی لەبەربێت.

1246. The Neanderthal’s brain was bigger than yours is.

مێشکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ، لەمێشکی مرۆڤی ئەم سەردەمە گەورەتر بووە.

1247. The oldest known goldfish lived to 41 years of age. Its name was Fred.

بەتەمەنترین ماسی ئاڵتونیی ناسراو، 41 ساڵ ژیاوەو ناوی فرێد بووە.

1248. The highest point in Pennsylvania is lower than the lowest point in Colorado.

بەرزترین خاڵی پنسلڤانیا، لەنزمترین خاڵی کۆلۆرادۆ، نزمترە.

1249. The international telephone dialing code for Antarctica is 672.

کۆدی تەلەفۆنی نێودەوڵەتی کیشورەی جەمسەری باشور، 672ە.

1250. The longest recorded flight of a chicken is thirteen seconds.

تائێستا درێژترین ماوەی فڕینی تۆمارکراوی مریشك، 13 چرکە بووە.

1251. The Main Library at Indiana University sinks over an inch every year because when it was built, engineers failed to take into account the weight of all the books that would occupy the building.

کتێبخانەی گشتیی سەرەکی زانکۆی ئیندیانا، ساڵانە زیاتر لەئینجێك نقوم دەبێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەندازیاران لەکاتی بنیاتنانیدا حسابی کێشی هەموو ئەو کتێبەیان نەکردووە کە تێیدا دادەنرێت.

1252. The Boston University Bridge (on Commonwealth Avenue, Boston, Massachusetts) is the only place in the world where a boat can sail under a train driving under a car driving under an airplane.

تەنها شوێن لەجیهاندا کە دەکرێ بەلەم سەوڵ لێبدات و لەسەریشییەوە شەمەندۆفێر بڕوات و لەسەروو ئەمیشەوە سەیارە هاتوچۆبکات و لەسەروو ئەمیشەوە فڕۆکە هاتوچۆ بکات، پردی زانکۆی بۆستن-ە لەویلایەتی ماساچوستس.

1253. The condom – made originally of linen – was invented in the early 1500s.

مێژووی داهێنانی کۆندۆم کە لەسەرەتادا لە کەتان دروستکراوە، بۆ ساڵی 1500ەکان، دەگەڕێتەوە.

1254. The Earth weighs around 6,588,000,000,000,000,000,000,000 tons.

کێشی زەوی نزیکەی 6,588,000,000,000,000,000,000,000 تۆن دەبێت.

1255. The electric chair was invented by a dentist.

کورسی کارەبایی لەلایەن پزیشکێکی ددانەوە، داهێنراوە.

1256. The elephant is the only mammal that can’t jump.

تەنها زیندەوەری مەمكدار كە ناتوانێت بازبدات، فیلە.

1257. Only 38% of Americans have ever left the country.

تەنها لەسەدا 38ی ئەمەریكییەكان، گەشتیان بۆ دەرەوەی وڵاتەكەیان كردووە.

1258. American passports grant their holders access to a whopping 147 countries.

هەڵگری پاسپۆرتی ئەمەریكی دەتوانێت بچێتە 147 وڵاتەوە.

1259. Face tattoos and surgery require a new passport in the US.

تاتۆكردن لەسەر دەموچاو یان نەشتەرگەری لەڕوخساردا، وا پێویست دەكات كە هەڵگری پاسپۆرتی ئەمەریكی، پاسپۆرتەكەی نوێبكاتەوە.

1260. US citizens can have two passports.

هاوڵاتیانی ئەمەریكی بۆیان هەیە دوو پاسپۆرتیان هەبێت بەڵام مەرجی هەیە.

1261. Eating a human body would provide about 81,500 calories.

خواردنی جەستەی مرۆڤێك 81 هەزارو 500 كالۆری دابیندەكات.

1262. Coffee may reduce skin cancer risk.

دەكرێ قاوە مەترسی شێرپەنجەی پێست كەمبكاتەوە.

1263. Psychology says, attempting to convince yourself that you don't care about someone is a clear indicator that you really do.

دەروونناسان دەڵێن، هەوڵدان بۆ ئەوەی كە گرنگی بە كەسێك نادەیت، ئاماژەیەكی رونە كە لەڕاستیدا گرنگی پێدەدەیت.

1264. A Palestinian has to work for 15 years to earn what an Israeli makes in 1 year.

هاوڵاتییەكی فەلەستینی پێویستە 15 ساڵ كاربكات بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەستبكەوێت كە ئیسرائیلییەك لەماوەی تەنها ساڵێكدا، دەستی دەكەوێت.

1265. People who prefer Twitter over Facebook tend to have a higher IQ but are also more likely to suffer from insomnia.

ئەو کەسانەی تویتەر لە فەیسبوك بەباشتر دادەنێن، پلەی زیرەکییان بەرزترە بەڵام هاوکات ئەگەری خەوزڕانیشیان زیاترە.

1266. People see you as 20% more attractive than you think you are, according to one study.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، خەڵك بەڕێژەی لەسەدا بیست زیاتر لەخۆت، سەرنجڕاکێشتر دەتبینن.

1267. The Cambodian alphabet has 74 letters.

ژمارەی پیتەکانی ئەبجەدیی زمانی کەمبۆدی، 74ە.

1268. There are no words for yes and no in Latin.

لەزمانی لاتینیدا هیچ وشەیەك نیە بەمانای بەڵێ و نەخێر.

1269. Grapes explode when you put them in the microwave.

ئەگەر دەنکەترێ لەمایکرۆوەیڤ دابنرێت، دەتەقێتەوە.

1270. Apples and peaches are members of the rose family.

سێوو قۆخ ئەندامی سەربە خێزانی گوڵن.

1271. Oranges are not even in the top ten list of common foods when it comes to vitamin C levels.

لەلیستی ئەو خواردەمەنییە باوانەی ڤیتامین سییان تێدایە، پرتەقاڵ لەخوار دەیەمەوەیە.

1272. The World's Most Popular Fruit is the TOMATO.

باوترین میوە لەجیهاندا تەماتەیە.

1273. Square Watermelons are grown by Japanese farmers for easier stack and store.

بەمەبەستی ئاسان کۆکردنەوەو هەڵگرتن، جوتیارانی ژاپۆن، شوتیی چوارگۆشەیان داهێناوە.

1274. Cucumbers are fruits.

خەیار میوەیە.

1275. The color Orange is named after the Orange fruit, but before that, it was called geoluread (yellow-red).

ڕەنگی پرتەقاڵی لەناوی پرتەقاڵەوە وەرگیراوە. پێشتر بەم ڕەنگە وتراوە، سوری زەردباو.

1276. There is a tree called Fruit Salad Tree that sprouts 3 to 7 different fruits in the same tree.

درەختێك هەیە ناوی درەختی زەڵاتەی میوەیە. ئەم درەختە سێ تا حەوت میوەی جیا دەگرێت.

1277. Tomatoes have more genes than humans.

تەماتە لەمرۆڤ، جینی زیاترە.

1278. Monkeys can count.

مەیمون دەتوانێت شت بژمێرێت.

1279. Capuchin Male Monkeys urinate on themselves to attract a mate.

نێرینەی مەیمونی جۆری کاپوچین، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی ڕەگەزی بەرامبەر، میزدەکات بەخۆیدا.

1280. The bonobo monkey, the closest relative to humans, is naturally bisexual.

مەیمونی جۆری بۆنۆبۆ کە نزیکترین جۆری مەیمونە لەمرۆڤەوە، جوتڕەگەزبازە.

1281. There's a restaurant in Japan using monkeys as waiters.

لە یابانە حەیاتەکە ڕێستۆرانتێك هەیە کە مەیمون وەك شاگرد بەکاردەهێنێت.

1282. Automatic knives, such as switchblades, are illegal to own in Michigan, except for one-armed people.

لە میشیگان کە یەکێکە لە 50 ویلایەتەکەی ئەمەریکا، هەڵگرتنی چەقۆی ئۆتۆماتیکی بۆ نمونە چەقۆی لێوارسویچ، کارێکی نایاساییە. تەنها ئەو کەسانە بۆیان هەیە هەڵیبگرن کە یەك دەستیان هەیە.

1283. During its lifetime an oyster changes its sex from male to female and back several times.

گوێچکەماسی بەدرێژایی ژیانی، چەند جارێك ڕەگەزی خۆی لەنێرەوە بۆ مێ دەگۆڕێت و دواتریش دەبێتەوە بە نێر.

1284. More people speak English in China than the United States.
ژمارەی ئەو کەسانەی لە چین بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن، لەوانە زیاترە کە لەئەمەریکا بەو زمانە قسەدەکەن.

1285. All the swans in England are property of the Queen.
خاوەنی هەموو قازە عیراقییەکانی ئینگلتەرا، شاژنی ئەو وڵاتەیە.

1286. The town of Calma, Chile in the Atacama Desert has never had rain.
شارۆچکەی کالما لە چیلی، هەرگیز بارانی لێنەباریوە.

1287. Winston Churchill was born in a ladies room during a dance.
وینستن چەرچڵ، لەژورێکی ژنان و بەدیاریکراوی لەکاتی دانسدا، لەدایکبووە.

1288. A normal raindrop falls at about 7 miles per hour.
خێرایی دڵۆپەبارانێکی ئاسایی، حەوت میلە لەسەعاتێکدا.

1289. Lions are carnivores and they hunt mostly antelopes, zebras and wildebeests. Although lions are larger and stronger, lionesses are in charge for the hunt.
شێر زیندەوەرێکی گۆشتخۆرەو زۆربەی ئەو گیاندارانەی راوی دەکات ئاسك و زێبراو هەندێك جۆر گاو مانگایە. هەرچەندە شێرە نێرەکان گەورەترو بەهێزترن، بەڵام دەڵەشێرەکان راودەکەن.

1290. Lions act like scavengers and often attack hyenas and steal their prey.
شێر پاشماوەخۆریشەو زۆرجار هێرش دەکاتە سەر کەمتیارو نێچیرەکانیان و بۆ خۆی داگیردەکات.

1291. During one meal, lions can eat up to 40 pounds of meat. After they fill their bellies, lions will snooze more than 20 hours.
لەماوەی یەك ژەمەخۆراکدا، شێر دەتوانێت تا 40 پاوەند گۆشت بخوات. پاش ئەوەی سکیشیان فول دەبێت لەخواردن، بۆ ماوەی زیاتر لە 20 رۆژ، دەخەون.

1292. Lions are easily recognized by their manes.
شێر زۆر بەئاسانی لەلایەن پۆپنەیانەوە جیادەکرێنەوە.

1293. Lioness gives birth to 1-3 cubs each 2 years. Cubs have spots at birth, but they disappear in time.

دەڵەشێر هەموو دوو ساڵ جارێك یەك تا سێ بێچوی دەبێت. بێچووەکان لەکاتی لەدایکبوندا پەڵە لەسەر لاشەیان هەیە، بەڵام بە تێپەڕبونی کات نامێنن.

1294. When lion and tiger mate, new type of animal named liger is created.

کاتێك شێرو پڵنگ جوتدەبن. زیندەوەرێك دروستدەبێت کە پێی دەوترێت لایگەر .

1295. Long tail provides balance when lions are running, but it can be also used to signalize various commands to other members of the pride: "come", "I am flirting with you", "go this way"…

کلکی درێژی شێر هاوسەنگی پێدەدات لەکاتی راکردندا. سەرباری ئەوەش دەکرێ بۆ ئاماژەی چەند فەرمانێك بەکاربهێنرێت وەك: وەرە، من موغازەلەی تۆ دەکەم، لەم رێگەیەوە بڕۆ، هتد..

1296. Porcupine is one of the worst enemies of lions. Their sharp quills can be stuck in the lion's jaw for the rest of his life.

سوچڕ یەکێکە لەخراپترین دوژمنەکانی شێر. دەکرێ پەڕە تیژەکانی بچەقێتە شەویلگەی شێرو بۆ هەتا هەتایە تێیدا بمێنێتەوە.

1297. Until they reach 2 years, lions can't roar. Once they learn how to vocalize, their roars can be heard on the distance of up to 5 miles.

شێر تا تامەنی نەگاتە دوو ساڵ، ناتوانێت بنەڕێنێت. هەر کە فێری نەڕاندیش بوون، نەڕەکانیان دەکرێ لەدوری تا پێنج میلەوە، ببیسترێت.

1298. When new lion take over a pride, it kills all cubs that are not his own. In the wild, ¾ of cubs die at young age.

کاتێك شێرێکی نوێ مێگەلەشێرێك کۆنترۆڵ دەکات. هەموو ئەو بێچووە شێرانە دەکوژێت کە هی خۆی نیە. لەکێودا، سێ لەسەر چواری بێچووە شێرەکان بە جوانەمەرگی سەردەنێنەوە!

1299. Lions live up to 15 years in the wild, while they can survive 25-30 years in captivity.

شێر لەکێودا 15 ساڵ دەژی. بەڵام لەکاتی دەستبەسەریدا 25 تا 30 ساڵ دەژی.

1300. Number of lions decreased drastically in the past couple of decades.

لەدوو دەیەی رابردوودا، ژمارەیەکی زۆر شێر کەمیان کردووە.

1301. Rabbits range in size. Wild rabbits can weigh up to 2-3 pound and reach 16 inches in length. Domesticated rabbits can be larger and heavier.

کەروێشك لەقەبارەدا جیاوازە. کێشی کەروێشکی کێوی دەگاتە دوو تا سێ پاوەندو درێژییەکەی 16 ئینج دەبێت. بەڵام کەروێشکی ماڵی، گەورەترو قورسترە.

1302. Rabbits are vegetarians; they eat leafy plants and bark. Have excellent senses, but they are nearsighted.

کەروێشك سەوزەخۆرە. رووەکی گەڵادارو توێکڵەدار دەخوات. هەستەکانیشیان بەگشتی زۆر بەهێزن، بەڵام هەستی بینیان لاوازە.

1303. Wild rabbits have a lot of predators: hawks, eagles, raccoons, foxes…

کەروێشکی کێوی نێچیری ژمارەیەکی زۆر زیندەوەری دڕندەیە لەوانە: هەڵۆ، شاهۆ، راکۆن، رێوی، هتد..

1304. Rabbits dig holes in the ground (burrows) using their powerful hind legs.

کەروێشك لەڕێگەی قاچەکانییەوە کە زۆر بەهێزن، کون لەزەویدا دروستدەکات.

1305. Rabbits are well known for their fluffy fur.

کەروێشك بە فەرووە نەرموشلەکەی، بەناوبانگە.

1306. Front teeth grow constantly throughout their entire life.

ددانی پێشەوەی کەروێشك بەدرێژایی ژیانی، بەردەوام گەشەدەکات.

1307. Rabbits have 28 teeth in total.

کەروێشك 28 ددانی هەیە.

1308. Rabbits eat their own night droppings (called cecotropes) because they are rich in proteins.

کەروێشك پیسایی شەوانەی خۆیان دەخۆن. چونکە پیساییەکانیان پرۆتینی زۆر تێدایە.

1309. Rabbits begin to mate when they turn three months. Pregnancy lasts around 30 days and in just 9 months one female can become both mother and a grandmother.

کەروێشك لەتەمەنی سێ مانگییەوە، دەست دەکات بە جوتبون. ماوەی دوگیانی، نزیکەی 30 رۆژ دەخایەنێت و دەکرێ کەروێشکێکی مێ لەماوەی تەنها نۆ مانگدا، ببێتە دایك و نەنك.

1310. Rabbits live up to 1 year in the wild and up to 10 years in captivity.

کەروێشك لەدەشت و دەرو کێودا ساڵێك دەژی بەڵام لەحاڵەتی دەستبەسەریدا نزیکەی 10 ساڵ دەژی.

1311. Wolves range in the size greatly. Larger wolves, weighing up to 175 pounds, live in Canada, Alaska, and Russia. Smaller species of wolves, weighing up to 30 pounds, live in the Middle East.

گورگ لەقەبارەدا زۆر جیاوازن. گورگی گەورە کێشەکەی دەگاتە 30 پاوەند. ئەم جۆرە گورگە لە کەنەداو ئەلاسکاو روسیا دەژین. گورگە بچوکترەکانیش کێشیان دەگاتە 30 پاوەندو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین.

1312. Color of the wolf's fur can be white, black and grey.

فەروی گورگ، دەکرێ سپی، رەش، یان خۆڵەمێشی بێت.

1313. Wolves are ultimate predators that do not have natural enemies.

گورگ زیندەوەرێکی راوکەرن و دوژمنی سروشتیشیان نیە.

1314. They are meat eaters who hunt goats, sheep, deer, moose and other larger and smaller prey. They travel 30 to 125 miles daily to find the food.

گورگ گۆشتخۆرەو بزن، مەڕ، ئاسك، کەڵەکێوی و چەند جۆرە نێچیرێکی تری بچوکترو گەورەتر راودەکات و لەپێناو دۆزینەوەی خۆراکدا، رۆژانە 30 بۆ 125 میل دەبڕێت. کاسب دیارە!

1315. Wolves can eat 20 pounds of meat per meal which is equivalent to a man eating 100 hamburgers at once.

گورگ هەر ژەمێك دەتوانێت زیاتر لەنۆ کیلۆگرام گۆشت بخوات. ئەگەر ئەمە بەراورد بکرێت بە مرۆڤ وەك ئەوە وایە مرۆڤێك 100 هەمبەرگر بە یەکجار بخوات.

1316. Since the wolves' diet is composed of meat and bones, they have very strong jaws with 42 sharp teeth, designed for stabbing, crashing and shearing.

لەبەرئەوەی خواردنی گورگ لەگۆشت و ئێسك پێکهاتووە، شەویلگەیان زۆر بەهێزەو 42 ددانی تیژیان هەیە کە گونجاون بۆ لێدان و لەتوپەتکردن.

1317. Wolves have excellent eyesight. They are not able to distinguish colors, but their eyes are extremely sensitive to the movement.

هەرچەندە ناتوانێت رەنگەکان لەیەك جیابکاتەوە، گورگ توانای بینیان بەهێزەو چاویشیان لەبەرامبەر جوڵەدا زۆر هەستیارە.

1318. They can sense smell 100 times better than humans and easily locate animals that are 1.6 miles away.

توانای هەستی بۆنکردنی گورگ 100 جار لەهی مرۆڤ باشترەو لەو رێگەیەوە زۆر بەئاسانی شوێنی زیندەوەران لەدوری 1.6 میلەوە، دیاریدەکات.

1319. They also have excellent sense of hearing, which is used to detect sound that is 6 miles away in the forest, or 10 miles away in the open space.

توانای بیستنی گورگ زۆر بەهێزە. ئەم هەستە بۆ ئاشکراکردنی دەنگ بەکاردەهێنێت و لەدوری شەش میل لەناو دارستان یان 10 میل لەفەزای کراوە، دەنگ دەبیستێت.

1320. Mating takes place during February and March.

جوتبونی گورگ لەمانگی شوبات و ئازاردا رودەدات .

1321. Pregnancy lasts 63 days and female gives birth of 4 to 7 pups.

ماوەی دوگیانیی گورگ 63 رۆژ دەخایەنێت و مێینەکانیان هەر جارەو چوار تا حەوت بێچویان دەبێت.

1322. Mortality rate in the wolf pack is high, 50% of babies can die due to different causes.

رێژەی مردن لەناو خێزانی گورگدا، بەرزە. دەکرێ لەسەدا 50ی بێچووەکان، بەهۆکاری جیا، بمرن.

1323. Wolves reach sexual maturity between second and third year of their life.

گورگ لەدووەم بۆ سێیەم ساڵی تەمەنەوە، پێدەگات لەڕوی سێکسییەوە.

1324. Average lifespan of the wolf is up to 13 years in the wild and up to 16 years in the captivity.

سوڕی ژیانی ئاسایی گورگ لەدەشت و دەردا 13 ساڵەو لەحاڵەتی دەستبەسەریدا 16 ساڵە.

1325. Closest relatives of crocodiles are birds and dinosaurs.

نزیکترین خزمی تیمساح باڵندەو دەیناسورە.

1326. Crocodiles live on the Earth 240 million years.

دوو سەدو 40 ملیۆن ساڵە تیمساح لەسەر زەوی دەژی.

1327. Crocodiles vary in size. Largest crocodile species is Saltwater Crocodile which can reach 13-18 feet in length and weigh up to 2200 pounds.

تیمساح لەقەبارەدا جیاوازە. گەورەترین جۆری تیمساح، تیمساحی جۆری ئاوی سوێرە. درێژییەکەی دەگاتە 13 تا 18 ئینج و کێشەکەی دەگاتە 2200 پاوەند .

1328. Smallest crocodile species is Dwarf Crocodile which can reach 5 feet in length and weigh up to 40-70 pounds.

بچوکترین جۆری تیمساح، تیمساحی جۆری قەزمە. درێژییەکەی دەگاتە پێنج پێ و کێشەکەی دەگاتە 40 تا 70 پاوەند.

1329. Crocodiles are meat-eaters (carnivores). They have 24 sharp teeth which are used for killing of fish, birds, mammals and small crocodile (their prey).

تیمساح گۆشتخۆرە. 24 ددانی تیژی هەیە کە بۆ کوشتنی ماسی، باڵندە، گیاندارە مەمکدارەکان و تیمساحی بچوك، بەکاریان دەهێنێت.

1330. Crocodiles don't chew their food. They tear apart flesh and swallow large chunks of meat.

تیمساح خواردنەکانی ناجوێت. نێچیرەکەی لەت و پەت دەکات و بە پارچەی گەورە گەورە، قوتی دەدات.

1331. Expression "cry crocodile tears" is based on the true fact - crocodiles produce tears when they eat. They don't cry because they feel sorry for the prey.

دەستەواژەی گریانی تیمساح لەو راستییەوە هاتووە کە تیمساح لەکاتی خواردندا فرمێسك دەردەدات. نەچی بچی وابزانی فرمێسکەکەی بۆ ئەوەیە کە خەفەت بۆ نێچیرەکەی دەخوات چونکە وانیە .

1332. Only crocodile's belly has a gentle skin. Skin on their back contains bony structures (called osteoderms) which make skin bulletproof.

تیمساح، تەنها پێستی سکی، نەرمە. پێستی پشتی پێکهاتەی ئێسکی تێدایەو گولـلـەنەبڕە.

1333. Crocodiles have excellent eyesight (especially during the night).

توانای بینینی تیمساح زۆر بەهێزە بەتایبەت لەشەودا

1334. Crocodiles and alligators are not the same. Crocodiles are larger, have V-shaped jaw.

تیمساح و ئەوەی پێی دەوترێت تیمساحی ئیستیوائی یەك شت نین. تیمساح گەورەترەو شەویلگەیان لەشێوەی پیتیv دایە.

1335. Alligators are smaller, they have U-shaped jaw and their teeth are not visible when jaws are closed.

تیمساحی ئیستیوائی لە تیمساح بچوکترەو شەویلگەی لەشێوەی پیتیu دایەو ددانیان لەکاتی داخستنی شەویلگەیاندا، نابینرێت.

1336. Crocodiles mate during monsoon season. Female lays 20-80 eggs and take care of them 3 months.

جوتبونی تیمساح لەوەرزی بای وەرزیدا رودەدات. مێینەکیانیان 20 تا 80 هێلکە دەکەن و بۆ ماوەی سێ مانگ ئاگایان لێدەبێت.

1337. 99% of crocodile babies will be eaten in the first year of their life by large fish, hyenas, monitor lizards and larger crocodiles.

لەسەدا 99ی بێچووەکانی تیمساح، لەیەکەم ساڵی تەمەنیاندا لەلایەن ماسی گەورەو کەمتیارو قۆرپی زەبەلاح و تیمساحی گەورەترەوە، دەخورێن.

1338. Most crocodiles live 50-60 years in the wild. Some crocodiles can live more than 80 years.

زۆربەی تیمساح 50 تا 60 ساڵ دەژی لەدەشت و دەردا. بەڵام هەندێکیان زیاتر لە 100 ساڵ دەژی.

1339. Flying squirrel usually reaches 12 inches in length (including the tail) and weighs between 4 and 6.5 ounces.

سمۆرەی فڕیو بەگشتی، درێژییەکەی بە کلکییەوە 12 ئینج دەبێت و کێشەکەشی چوار تا 6.5 ئۆنسە دەبێت.

1340. Males and females look alike. Fur on their backs and sides is brown to grey, and white on the belly. Tail is flattened and large.

بەپێچەوانە زۆربەی زیندەوەرانەوە، نێرەو مێیەی سمۆرەی فڕیو، لەیەك دەچن. فەروی سەر پشت و لاتەنیشتیان قاوەیی یان خۆڵەمێشین و فەروی سکیان سپییە. کلکیان تەخت و گەورەیە.

1341. Although they are known as "flying squirrels", they do not actually fly.

سمۆرەی فڕیو، بەپێچەوانەی ناوەکەیەوە، لەڕاستیدا ناتوانێت بفڕێت.

1342. Flying squirrels are nocturnal (active at night) creatures.

سمۆرەی فڕیو زیندەوەرێکی شەوگەڕە.

1343. Flying squirrels are omnivores (eat both meat and vegetation).

سمۆرەی فڕیو زیندەوەرێکی هەمەجۆرخۆرە واتە گۆشت و رووەکیش دەخوات.

1344. Flying squirrels do not hibernate, but they slow down their activity during winter.

سمۆرەی فڕیو ناچێتە قۆناغی سڕبونەوە بەڵام لەزستاندا، چالاکییەکانی کەمدەبێت.

1345. Main predators of flying squirrels are raccoons, coyotes, owls, foxes, snakes, birds, cats and dogs.

زیندەوەرە راوکەرە سەرەکییەکانی سمۆرەی فڕیو ئەمانەن: راکۆن، گورگی ئەمەریکای باکور، کوندەپەپوو، ڕێوی، مار، باڵندە، پشیلە، سەگ.

1346. Flying squirrels are highly social animals. They live in the holes in the trees, such as those made by woodpecker.

سمۆرەی فڕیو زۆر کۆمەڵایەتییە. لەکونی ناو درەختدا دەژی. کونەکانی لەوانە دەچێت کە دارکونکەرە دروستیاندەکات.

1347. A large group of squirrels can share a single hole.

دەکرێ ژمارەیەکی زۆر سمۆرە یەك کونی هاوبەشیان هەبێت .

1348. Flying squirrels may share their dens with other animals such as bats and screech owls.

1349. سمۆرەی فڕیو، دەکرێ لەگەڵ زیندەوەرانی تری وەك شەمشەمەکوێرەو کوندەپەپوو، یەك هێلانەیان هەبێت.

1350. Mating occurs early in the spring and sometimes late in the summer.

1351. جوتبونی سمۆرەی فڕیو، لەبەهارو هەندێك جاریش لەهاویندا رودەدات.

1352. Flying squirrels usually produce one litter per year. Gestation period (pregnancy) lasts 40 days and female gives birth of 2 to 7 babies.Babies are hairless and blind.

1353. 980. سمۆرەی فڕیو بەگشتی ساڵانە یەك جار دەزێ. ماوەی دوگیانی 40 رۆژەو هەر زاینێك 2 تا 7 بێچوی دەبێت. بێچووەکانیش بێموو و کوێرن.

1354. Average lifespan of the flying squirrel in the wild is between 4 and 5 years and between 10 and 15 years in the captivity.

سوڕی ژیانی سمۆرەی فڕیو لەدەشت و دەردا 4 تا 5 ساڵەو لەحاڵەتی دەستبەسەریدا 10 تا 15 ساڵ دەژی.

1355. Intelligent people are more forgetful than those with average intelligence.

کەسانی زیرەك لەوانە لێبوردەترن کە زیرەکییەکی ئاساییان هەیە.

1356. Lack of sleep is associated with excessive worrying.

1357. کەمخەوی پەیوەندی بە هەبونی خەفەتی زۆرەوە، هەیە.

1358. Forcing yourself to forget something only causes the brain to think about it even more.

ناچارکردنی خودی خۆت بۆ لەبیرکردنی شتێك، دەبێتەهۆی ئەوەی مێشکت زیاتر بیری لێبکاتەوە.

1359. 34% of British people believe in ghosts – and 9% say they have communicated with the dead.

لەسەدا 34ی خەڵکی بریتانیا بڕوایان بە خێو هەیە. لەسەدا 9شیان دەفەرمون پەیوەندییان لەگەڵ مردوودا هەیە. ئەوەش عەقڵی هەندێك لەئەوروپییەکان!

1360. Your hair will turn gray faster if you smoke.

ئەگەر جگەرە بکێشیت، مووی جەستەت خێراتر ماش و برنجی دەبێت.

1361. In Japan, the leading cause of death for men aged 20 to 44 is suicide.

لە یابانە حەیاتەکە کە بەکوردییەکەی خۆمان پێی دەوترێت ژاپۆن، سەرەکیترین هۆکاری مردنی کەسانی تەمەن 20 بۆ 44 ساڵ، خۆکوشتنە.

1362. The average prisoner in the U.S. is visited only twice during their entire incarceration.

لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان (مەخسەوی شەریفم لەلای خۆمان گوی زەوییە)، زیندانییەکی ئاسایی، بەدرێژایی ماوەی زیندانییەکەی تەنها دووجار سەردانی دەکرێت.

1363. In Ohio twins were born but both were adopted by different families who does not know each other’s. Both were named James by their foster families. Twin brothers grown up unaware from each other, started looking for same jobs. Dou have good ability of painting and carpentry. Both married women name Linda and interestingly both name their kids James Alen. Gradually, both got divorced from their wives and remarry women with same name Bretty. Both had a dog named Toy. Only when they reached in their 40s they got to know that these two men are brothers and living same kind of lives.

لە ئۆهایۆ کە ویلایەتێکی ئەمەریکایە، دوانەیەکی کوڕ لەکاتی لەدایکبوندا بەهۆکارێکی نادیار، لەیەك جیابونەوەو هەر یەکەیان لەلایەن خێزانێکی جیاوە کە یەکتریان نەدەناسی گەورەکران بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەو دوو خێزانەدا هەبێت.

ئەم دوانە هەردوکیان ناونران جەیمس. دواتر گەورە بون و هەردوکیان بۆ هەمان کار دەگەڕان چونکە لەبواری وێنەکێشان و دارتاشیدا بەهرەدار بون. دواتر هەردوکیان ژنیان هێناو ژنی هەردوکیشیان ناوی لیندا بوو.
جا هێشتا چیت دیوە؟! هەردوکیشیان منداڵەکانیان بەهەمان ناوەوە ناو نا. دواتر بە تێپەڕبونی زەمەن هەردوکیان لەژنەکانیان جیابونەوە. یەکی ژنێکی تریان هێناو ژنی دووەمی هەردوکیشیان ناوی برێتی بوو. هەردوکیشیان سەگێکیان هەبوو بەناوی تۆی.
دواجار کاتێك تەمەنیان گەیشتە 40ەکان، ئەم دوانەیە یەکتریان دۆزییەوەو زانییان برای دوانەن و هەمان ستایڵی ژیانیان هەبووە.
ئەمە زۆر لەفیلمی هیندی دەچێت بەڵام راستەقینەیەو رویداوە، نەك سیناریۆ.

1364. 990. Joseph Aigner was a well-known painter of 19th century in Austria who was probably unhappy. His life was saved by a same monk thrice; two suicide attempts and a death penalty. His first attempted of suicide was when he was eighteen, he tried to hang himself but saved by a capuchin monk who appeared in the front of very mysterious way. At the age of 22 the painter again try to hang himself, but again he saved by that particular capuchin monk. Eight years later he received death sentence for his political activities but the same capuchin monk saved him by intervention. But finally Aiger succeed in killing himself by shooting at the age of 68. Amusingly, the painter’s funeral ceremony was conducted by that capuchin monk and Aiger did not even know his name.

لەسەدەی نۆزەهەمدا، لە نەمسا نیگارکێشێکی بەناوبانگ هەبوو بەناوی جۆزێف ئایگنەر. ئەم برادەرە کەسێکی زۆر نامورتاح بوو. سێ جار ژیانی لەلایەن هەمان قەشەی کەپوشییەوە رزگارکراوە: لەدوو هەوڵی خۆکوشتن و سزایەکی لەسێدارەدان رزگاری کردووە. بەڵام دواجار لەسێیەم هەوڵی خۆکوشتندا خۆی کوشت و عومری دێژی بۆ ئێوە جێهێشت.
یەکەم هەوڵی خۆکوشتنی، لەتەمەنی 18 ساڵیدا داوە کە ویستویەتی لەڕێگەی خۆهەڵواسینەوە خۆی بکوژێت بەڵام لەلایەن قەشەکەوە کە کتوپڕو بەشێوەیەکی سەیر لەبەردەمیدا پەیدابووە، رزگارکراوە.
لەتەمەنی 22 ساڵیدا واتە چوار ساڵ دواتر، بەهەمان شێوە هەوڵیدا لەڕێگەی خۆهەڵواسینەوە، خۆی بکوژێت بەڵام ئەمجارەش لەلایەن هەمان قەشەوە رزگارکرا.
هەشت ساڵ دواتر، بەهۆی بەشداری ئەنقەستی لەچالاکی سیاسی، بڕیاری لەسێدارەدانی لەدژ دەرچوو بەڵام هەمان قەشە دەستی وەردایە مەسەلەکەو لەسێدارەدان رزگاری کرد.
بەڵام دواجار لەتەمەنی 68 ساڵیدا لەڕێگەی گوللەنان بەخودی خۆیەوە، خۆی کوشت. هێشتا سەمەرە ماوە. هەمان قەشە مەراسیمی بەخاکسپاردن و پرسەکەی بەڕێوەبرد. شایانی باسە سەرباری ئەو هەموو رزگارکردنانە، جۆزێف بەدرێژایی ژیانی تەنانەت نەشی زانی ناوی ئەو قەشەیە چیە.

1365. The University of Pennsylvania has produced 25 billionaires, the most of any college in the world.

زانکۆی پنسلڤانیا کە لە ئەمەریکایە، 25 ملیاردێری بەرهەمهێناوە. ئەم ژمارەیەش بەبەراورد بە ملیاردێرەکانی هەر زانکۆیەکی تری جیهان، زۆرترینە.

1366. The Earth's day/night cycle is growing longer year-by-year, and 620 million years ago, the Earth day was 21.9 hours.

ماوەی رۆژو شەوی سەرزەوی، رۆژ دوای رۆژ لەدرێژبوندایە. 620 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، رۆژێك 21.9 سەعات بووە.

1367. 993. Botulinum is considered the number one most toxic poison in the entire world. It is generally used in cosmetic products, but a single teaspoon is said to kill up to 1.2 billion people. When it comes into contact with the body, it may cause blurred vision, slurred speech, muscle weakness, and death.

بۆتولینیوم کوشندەترین ژەهرە لەسەرتاسەری جیهاندا. ئەم ماددەیە بەگشتی لەبەرهەمەکانی جوانکاریدا بەکاردەهێنرێت. تەنها یەك کەوچکەچا لەم ماددەیە 12 ملیار کەس دەکوژێت. ئەگەر ئەم ماددەیە بچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە، توانای بینین و قسەکردنی تێکدەدات و ماسولکەکان لاوازدەکات و دواتریش دەبێتەهۆی مردن.

1368. Benjamin Harrison, the 23rd president of the US, was the first president to have electricity in the White House but he never touched any light switches because he was too scared of getting electrocuted.

بینجامین هاریسن[1] یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا بووە کە کارەبای بۆ دانراوە لەکۆشکی سپی. بەڵام لەترسی کارەباگرتن، هەرگیز نەیوێراوە دەست لەهیچ سویچێکی گڵۆپ بدات.

---

[1] ئەم برادەرە باشتر بناسە: هاریسن 23هەمین سەرۆکی ئەمەریکایە. لە 20-8-1833 لەویلایەتی ئۆهایۆ لەدایکبووە. یەکێکە لەحەوت سەرۆکە لەدایکبووەکەی ئۆهایۆ. درێژییەکەی پێنج پێ و شەش ئینج بووە. لەشەڕی ناوخۆی وڵاتەکەیدا بەشداری کردووە.

لەماوەی 30 رۆژدا 140 وتاری پێشکەش کردووە. هاریسن و خێزانەکەی زۆربەی جار کە چونەتە شوێنی خەوتن، گڵۆپەکانیان نەکوژاندووەتەوە چونکە زۆر لە دەستدان لەسویچەکان ترساون و وا راهاتبوو کە داوای لەستافی کۆشکی سپی دەکرد گڵۆپەکان هەڵبکەن یان بکوژێننەوە.

هاریسن کۆیلەیەکی پێشوو کە ناوی فریدریك دۆگلاس بوو، وەك باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە وڵاتی هایتی دامەزراندووە. ئەم سەرۆکە سەر بە کۆمارییەکان بووە. لە 13-3-1901 لەویلایەتی ئیندیانا کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێش نێژراوە. تەمەنی 67 ساڵ و 205 رۆژ بووە. ماوەی سەرۆکایەتی: 4-3-1889 تا 4-3-1893 (چوار ساڵ). هۆکاری جێهێشتنی سەرۆکایەتی: هەڵبژاردنەکەی دۆڕاند.

1369. 995. There are too many comparisons between these two highly controversial personalities to ignore. Hitler and Napoleon were born exactly 129 years apart. They also managed to come to power 129 years apart. Strangely enough, they also declared war on Russia 129 years apart and were also defeated 129 years apart.

چەند بەراوردێکی سەیر لەنێوان ئەدۆڵف هیتلەر، سەرۆکی ئەڵمانیای نازی و ناپلیۆن بوناپارت، ئیمپراتۆری بەناوبانگی فەرەنسادا هەیە. جیاوازی نێوان کاتی لەدایکبونیان 129 ساڵ بووە. جیاوازی نێوان دەسەڵات گرتنەدەستیشیان هەر 129 ساڵ بووە. هەردوکیشیان جەنگیان لەدژی روسیا راگەیاندووەو جیاوازی نێوان ئەو راگەیاندنە هەر 129 ساڵ بووە. هەردوکیشیان دواتر بەزیون. جیاوازی نێوان بەزینیشیان هەر 129 ساڵ بووە.

1370. 996. Hitting snooze on your alarm can make you more tired than if you had gotten up right away.

دەکرێ دەستتان بە سنوزی زەنگی بەئاگاهێنانەوەکەت، زیاتر ماندوت بکات وەك لەوەی دەسبەجێ لەگەڵ زەنگەکەدا، هەستیت.

1371. 997. Your height is generally determined by your father. Intelligence, emotional strength and body shape is determined by the mother.

1372. بەگشتی لەبەرزیی باڵاتدا دەچیتەوە سەر باوکت بەڵام لەڕوی زیرەکی و هێزی سۆزداری و شێوەی جەستەوە، دەچیتەوە سەر دایکت.

1373. 998. A 12-year-old Ethiopian girl was snatched by four men on her way home from school. A week later, three lions encountered the group and chased the men off. The lions stayed with the girl without harming her, before departing as police searching for her came near.

لەو ئەسیوپیایەی لای خۆمان، جارێك کیژۆڵەیەکی تەمەن 12 ساڵ لەکاتی گەڕانەوەی لەقوتابخانەوە بۆ ماڵەوە، لەلایەن چوار پیاوەوە رفێنرا. پاش هەفتەیەك، سێ شێر ئەو جەماعەتەیان بینی و کچەکەیان لەچنگی ئەو سێ پیاوە رفاند. شێرەکان کچەکەیان لەلای خۆیان هێشتەوە بەبێ ئەوەی لەگوڵ کاڵتری پێ بڵێن تا ئەو کاتەی پۆلیس چووە شوێنەکە. لەوکاتەدا شێرەکان کچەکەیان ئازادکرد.

شایانی باسە لەکاتی وەرگێڕان و ماکیاجکردنی ئەم بەسەرهاتەدا خەریکبوو بنوسم "شێرەکان ئەوەندە پیاو بوون زیانیان بەکچەکە نەگەیاند" بەڵام کتوپڕ پەشیمان بومەوە چونکە ئەوانەی کچەکەیان رفاندبوو بەحساب پیاو بوون بۆیە ناکرێت لەچاکیدا بکرێنە پێودانگ، خوا لەئێمەی مرۆڤایەتییان بسەنێت!

1374. پرسیارێکی تریش خۆی قوتدەکاتەوە: ئەرێ ئەو حەیوانانە ئینسان بون یان ئەو ئینسانانە حەیوان بون؟! کورە قسەم پێ مەکەن با قسەنەکەم!

1375. 999. Your shoes are the first thing people subconsciously notice about you.

یەکەم شتت کە خەڵك بەشێوەیەکی خۆنەویستانە، سەرنجی دەدات، پێڵاوەکانتە.

1376. 1000. Cats are believed to be responsible for the extinction of several species of animals.

زانایان لەو بڕوایەدان پشیلە هۆکاری قڕبونی چەند جۆرێك گیاندارە.

1377. A 62% majority of Americans believe that JFK was killed in a conspiracy and that there was an official cover up.

1378. لەسەدا 62ی ئەمەریکییەکان لەو بڕوایەدان کە سەرۆك جۆن ئێف کێنێدی لەچوارچێوەی پیلانێکدا کوژراو دواتر بەڕەسمی ئەو پیلانە پەردەپۆش کرا.

1379. When you hear ringing inside your ears, It's your brain trying to repair itself... And failing.

1380. کاتێك گیزەگێزێك لەناو گوێکانتەوە دەبیستیت، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە مێشکت هەوڵدەدات کێشەیەك کە لەخۆیدایە چاکی بکات بەڵام ناشطوانێط!

1381. Its impossible to swallow without your tongue touching the roof of your mouth.

1382. قوتدان بەبێ بەرکەوتنی زمان لەسەقفی ناودەم، شتێکی مەحاڵە.

1383. The inventor of the television would not let his own children watch TV.

1384. داهێنەری تەلەفزیۆن نەیدەهێڵا منداڵەکانی خۆی سەیری تەلەفزیۆن بکەن.

1385. Between 1800 and 2009, tigers killed an estimated 373,000 humans.

1386. ژمارەی ئەو کەسانەی لەنێوان ساڵی 1800 بۆ 2009 لەلایەن پڵنگەوە کوژراون، بە 373 هەزار کەس دەخەمڵێنرێن.

1387. In 2014, Dubai launched a program that pays children 2 grams of gold for every kilogram (2.2 pounds) of weight they lose.

بەگوێرەی پرۆگرامێکی دوبەی کە لەساڵی 2014ەوە خستویەتییە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر منداڵێك لەبەرامبەر دابەزاندنی هەر کیلۆگرامێك لەکێشی، دوو گرام ئاڵتونی پێدەدرێت.

1388. Wikipedia in English has 36 times more articles than the Encyclopedia Britannica.

1389. تەنها بەشی ئینگلیزی ماڵپەڕی ویکیپیدیا، 36 ئەوەندەی ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا، زیاتر ماددەی تێدایە.

1390. The first color photograph was taken in 1861.

1391. یەکەم فۆتۆی رەنگاوڕەنگ، لەساڵی 1861 گیراوە.

1392. The ice sheet of Antarctica has been in existence for at least 40 million years.

1393. تەمەنی پارچە سەهۆڵینەکەی کیشوری جەمسەری باشوور، لانیکەم 40 ملیۆن ساڵە.

1394. 90% of people will text things that they could never say in person.

1395. لەسەدا 90ی خەڵك شتگەلێك بە تێکست دەنێرن کە هەرگیز ناتوانن بە وتن، بیفەرمون!

1396. In most women, the left breast is usually slightly larger than the right. Very few women have perfectly symmetrical breasts. A slight difference in size — up to 20 percent — between the right and left breast is normal. Sudden changes are not, though, and are reason to talk to your doctor.

زۆربەی خانمان مەمکی چەپیان لەهی راست کەمێك گەورەترە، کەم خانم هەیە، قەبارەی هەردوو مەمکی یەکسان بێت.

جیاوازییەکی کەم لەنێوان قەبارەی هەردوو مەمکدا (تا رێژەی لەسەدا 20) شتێکی ئاساییە بەڵام روودانی گۆڕانکاری کتوپڕ لەجیاوازیی نێوانیان ئاسایی نیەو پێویستە ئەو کەسە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات.

1397. There are more statues of lions in the world than there are real wild lions.

ژمارەی پەیکەرەکانی شێر لەجیهاندا لەژمارەی شێرە کێوییە راستەقینەکان زیاترە.

1398. The buyers of the Fifty Shades of Grey books are 80% female.

رۆمانێکی جیهانی هەیە بەناوی "50 پلەی گرەی". ئەم رۆمانە رۆمانسیی خەستە واتە کافرسانییە بەمانای کەلیمە. بۆ زیاتر لە 50 زمان تەرجەمێنراوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لەسەدا 80ی کڕیارانی ئەم کتێبە خانمانن.

سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە لەئاوی خوڕ مەترسە، لەمەنگ بترسە!

1399. 1455. Andrew Jackson, who appears on the U.S. twenty-dollar bill, was highly opposed to paper money.

1400. ئەندرۆ جاکسن کە یەکێکە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکاو وێنەکەی لەسەر دراوی کاغەزی 20 دۆلاری هەیە، تاڕادەیەکی زۆر دژی دراوی کاغەز بووە.

1401. There are 2 million saunas in Finland for a population of 5 million.

1402. ژمارەی دانیشتوانی هەموو فینلەندا پێنج ملیۆنە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو ملیۆن ساونا لەو وڵاتە ئەوروپییەدا هەیە.

1403. In 1785, Benjamin Franklin was the richest person in the United States.

1404. لەساڵی 1785، بینجامین فرانکلین، دەوڵەمەندترین کەس بووە لەسەرتاسەری ئەمەریکادا.

1405. In Belgium, people with autism, bipolar disorder, depression and other mental illnesses can request to be euthanised.

لە بەلجیکا نەخۆشانی ئۆتیزم، تێکچونی جوتجەمسەر، خەمۆکی و چەند نەخۆشییەکی تری دەرونی، دەتوانن داوای کوشتنی بەسۆز بکەن.

ئەمە یەکێکە لەقۆڕییاتەکانی ئەوروپاو دژی مرۆڤایەتییە چونکە نابێت هیچ یاسایەك لەهیچ دۆخێکدا هاندەر بێت بۆ خۆکوشتن جا راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.

1406. "Death from overwork" is so common in Japan there's even a word for it: Karoshi.

مردن بەهۆی ماندووبون لەسەرکارو کاری زیادە، هێندە باوە لە یابان، زاراوەیەکی تایبەتیان بۆ داناوە کە ئەویش کارۆشییە.

هەرچەندە رەنگە نیسان و تویێتا بەرهەمی ئەو ماندوبونە مەترسیدارە بێت بەڵام نە ئەو جۆرە ماندوبونەی ئەوان باشە نە تەممەڵییەکەی لای خۆمان.. دەبینیت کابرا رۆژی دە دوانزە موراجیع دێتەلای کەچی خۆی سورئەکاتەوەو ئەڵێ: وەی توخوا مردم، ئەوە کەی ژیانە!!!

1407. In Italy, there is a submerged bronze statue of Jesus Christ of 2.5 metres tall.

لە ئیتاڵیا پەیکەرێکی برۆنزی حەزرەتی عیسا هەیە کە درێژییەکەی دوو مەترو نیوە. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم پەیکەرە لەژێر ئاودایە.

1408. A Chilean man is so obsessed with Julia Roberts that he has 82 tattoos of her face all over his body.

پیاوێك هەیە لە چیلی هێندە موعجیبی ژنەئەکتەری ئەمەریکی جولیا رۆبەرتزە کە 82 تاتۆی وێنەی ئەوی لەسەر جەستەی کێشاوە.

1409. 68% of the people suffer from Phantom Vibration Syndrome, the feeling that one's phone is vibrating when it's not.

لەسەدا 68ی خەڵك حاڵەتێکی دەرونییان لەتەکدایە کە پێی دەووترێت "وابەستەی هەززە یان جەرەسی وەهمی". بەهۆی ئەم حاڵەتەوە ئەو کەسانە زۆر جار هەست دەکەن کە مۆبایلەکەیان هەززە لێدەدات یان جەرەسی بۆ هاتووە بەڵام لەڕاستیدا وانیە.

1410. Dogs have 13 blood types, horses have 8, cows have 9 while Humans only have

مەعلومە خوێنی مرۆڤ پێنج جۆرە. بەڵام هی سەگ 13 جۆرە، هی ئەسپ هەشتەو هی مانگاش نۆیە.

1411. There are more cars than people in Los Angeles.

لەشاری لۆس ئەنجلس، ژمارەی سەیارە لەمرۆڤ زیاترە.

1412. The average woman's friendship lasts 3 years while man's lasts 5 years.

بەگشتی هاوڕێیەتیی نێوان خانمان سێ ساڵ دەخایەنێت بەڵام هی پیاوان پێنج ساڵ دەخایەنێت.

1413. Bill Gates once said that he always gives the laziest people the hardest jobs, because they'll find the easiest way to do it.

1414. بیڵ گەیتس دەڵێت، هەمیشە قورسترین کارەکان دەدات بە تەممەڵترین کەسەکان. چونکە ئەو جۆرە کەسانە ئاسانترین رێگا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە دەدۆزنەوە.

1415. 77% of Russia is made up of Siberia.

سیبیریا لەسەدا 77ی روسیا پێکدەهێنێت.

1416. During WW2, the Japanese killed more Chinese than the Nazis killed Jews.

لەجەنگی جیهانی دووەمدا، ژمارەی ئەو چینییانەی لەو جەنگەدا بەدەستی یابانییەکان کوژران، لەو جولەکانە زیاتر بوون کە بەدەستی ئەڵمانە نازییەکان کوژران.

سەد رەحمەت لەپێشینانمان کە فەرمویان زۆربەی زیندەوەران گۆشتخۆرن بەس تەنها گورگ بەدناوە!!!

---

1417. At the time of his death, Libyan dictator Muammar Gaddafi was one of the world's richest man, worth US$200 billion.

موعەمەر قەزافی لەکاتی کوژرانیدا، یەکێك بوو لەسوپەر دەوڵەمەندەکانی جیهان. سامانەکەی بایی 200 ملیار دۆلار بوو.

1418. Spanish and Brazilian women only spend about an hour and a half a week on housework, while French women spend almost no time on it.

خانمانی برازیل و ئیسپانیا هەفتانە نزیکەی سەعات و نیوێك بەکاروباری ماڵەوە بەسەردەبەن بەڵام فەرەنسییەکان ئەو ماوە کەمەش بەسەرنابەن.

1419. During WW1, the Ottoman Empire slaughtered over 1.5 million Armenians. It gave origin to the word "Genocide", although it is not officially recognized as such by most countries.

لەسەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، عوسمانلییەکان زیاتر لە ملیۆنێك و 500 هەزار ئەرمینیان کۆمەڵکوژ کرد. ئەم کارەش بووە سەرەتایەك بۆ وشەی جینۆساید هەرچەندە لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە بەڕەسمی دانی پێدا نەنرا.

1420. During the American Civil War, Generals were 50% more likely to die in combat than Privates.

1421. لەکاتی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا، ئەگەری کوژرانی جەنەڕاڵەکان لەشەڕدا، بەڕێژەی لەسەدا 50 لەسەربازەکان، زیاتر بووە.

1422. One thousand Americans stop smoking every day by dying.

1423. رۆژانە هەزار ئەمەریکی واز لەجگەرە کێشان دەهێنن، بەڵام بە مردن

1424. The wars between Romans and Persians lasted about 721 years, the longest conflict in human history.

جەنگەکانی نێوان رۆمان و فارسەکان، زیاتر لە 720 ساڵی خایاندووە. ئەمەش درێژترین ناکۆکییە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا.

1425. U.S. Police killed more people in March, 2015, than the entire UK police have killed since 1900.

ژمارەی ئەو کەسانەی بەدەستی پۆلیسی ئەمەریکا تەنها لەئازاری 2015 کوژراون، لەکۆی ژمارەی ئەو کەسانە زیاترە کە پۆلیسی بریتانیا لەماوەی 115 ساڵدا کوشتویەتی.

1426. 64% of World's Extreme Poor Live in Just 5 Countries: India, China, Nigeria, Bangladesh, and Congo.

لەسەدا 64ی هەموو هەژارە جەرگبڕەکان لەپێنج وڵاتدا دەژین: چین، نایجیریا، بەنگلادیش، کۆنگۆ، هندستان.

1427. The word for Silver and Money are the same in 14 languages.

لە چواردە زماندا هەمان وشە بەمانای "پارە"و "زیو"یش دێت.

1428. More people live in caves today than during the Stone Age.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەم سەردەمەدا لەناو ئەشکەوتدا دەژین، لەوانە زیاترە کە لەچاخی بەردیندا لەناو ئەشکەوت ژیاون.

1429. In the U.S., Childhood Food Allergies Cost Nearly US$25 Billion Every Year.

ساڵانە تەنها بەهۆی حەساسیەتی خواردن بەمناڵەوە، ئەمەریکا 25 ملیار دۆلاری دەڕوات.

1430. Mankind has left 96 bags of urine, feces, and vomit on the moon.

مرۆڤی ئیشقۆڕ 96 کیسە میزو پیسایی و رشانەوەی لەسەر مانگ جێهێشتووە!
سەیری ئەو یادگارییە!!!

1431. Six Americans were shot by dogs. Most of these shootings occurred in Florida.

تائێستا شەش ئەمەریکی لەلایەن سەگەوە تەقەیان لێکراوە. زۆربەی ئەم حاڵەتانەش لەویلایەتی فلۆریدا رویانداوە.
ئەمە جەختدەکاتەوە کە بەخوا سەگیش سەگە!!!

1432. The most searched tutorial on youtube is "how to kiss"

لەناو بەرنامە فێرکارییەکانی یوتیوبدا ئەوەندەی سێرچ بۆ چۆنیەتی فێربونی ماچ کراوە، سێرچ بۆ هیچ فێربونێکی تر نەکراوە.
ئەو خەڵکە ناحەقیشی نیە. ماچکردنیش فێربونی ئەوێ، لێی نەزانی کاتێکت زانی لایەك لەلچت کراوەتەوە یان لایەك لەلچی هاوژینەکەت کردووەتەوە یان لانیکەم شوختێکی گەورە دروستدەکات!!!

1433. Redbad, the last pagan King of Frisia (northern Netherlands), refused to convert to Christianity because he "preferred spending eternity in Hell with his pagan ancestors than in Heaven with his enemies."

ڕێدباد کە کۆتا پادشای بتپەرستی فریسیا (باکوری هۆڵەندا) بوو، ئامادە نەبوو ببێت بە مەسیحی و دەیوت ژیانم لەگەڵ پێشینە بتپەرستەکانم لەجەهەننەم، پێباشترە لەژیان لەبەهەشت لەگەڵ دوژمنەکانم.
ئەمە دەمارگیری و عاقیبەت شەڕییەکی عەیارە 24ە. یا ڕەببی خوایە عاقیبەت خێرمان کەیت.

1434. CHARLIE CHAPLIN'S DAUGHTER PLAYED CHARLIE CHAPLIN'S MOTHER IN THE iftV 1992 BIOPIC "CHAPLIN."

لەساڵی 1992 فیلمێك لەسەر ژیاننامەی چارلی چاپلن بەرهەمهێنراوە. لەو فیلمەدا کچەکەی چاپلن ڕۆڵی دایکی دەبینێت.

1435. 66 million Primary school-age children attend classes hungry across the developing world.

تەنها لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، 66 ملیۆن قوتابیی منداڵ هەن کە بە سکی برسییەوە دەچنە پۆلەکانەوە.

1436. 1 in 200 cats suffer from asthma.

a. لەهەموو دوو سەد پشیلەیەك، یەکێکیان ڕەبوی هەیە.

1437. Thomas Edison considered sleep a waste of time and got 3-4 hours per night. In contrast, Albert Einstein claimed to need 10 hours and Calvin Coolidge, while president, demanded 11!

تۆماس ئەدیسۆن پێیوابوو خەوتن کات بەفیڕۆدانەو شەوانە تەنها سێ بۆ چوار سەعات دەخەوت. بەڵام ئەنیشتاین دەیوت پێویستی بە 10 سەعات خەوتن هەیە.

جا هێشتا چیت دیوە!، لەمەش سەیرتر هەیە. کاڵڤین کۆڵدیج کە یەکێکە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا لەکاتی سەرۆکایەتییەکەیدا داوای 11 سەعات خەوی دەکرد!

1438. One cigarette contains enough toxic ingredients to kill a person if those ingredients were directly injected into bloodstream.

تەنها یەك جگەرە هێندە پێکهاتەی ژەهری تێدایە کە ئەگەر راستەوخۆ وەك دەرزی بدرێت لەجەستەو بچێتە ناو سوڕی خوێنەوە، بەسە بۆ کوشتنی مرۆڤێك.

1439. Taking n increases the chance of having a heart attack within the hour by %2400.

بەکاربردنی کۆکاین، مەترسی لێدانی جەڵدەی دڵ لەماوەی سەعاتێکدا بەرێژەی لەسەدا دوو هەزارو چوار سەد زیاددەکات.

1440. People who frown in photos are 5 times more likely to get a divorce than those who smile, research says.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو کەسانەی لەوێنەدا روگرژن، بەرێژەی پێنج ئەوەندە لەوانی تر زیاتر ئەگەری تەڵاقدانیان زیاترە.

1441. Together, the world's top 12 richest people could buy all of Manhattan.

دوانزە دەوڵەمەندترین کەسەکەی جیهان دەتوانن پێکەوە مانهاتن بکڕن کە چڕترین و بەناوبانگترین گەڕەکی شاری نیۆرکی ئەمەریکایە.

1442. Opossums have fifty razor sharp teeth, the highest number of teeth found in any land mammal.

زیندەوەرێکی مەمکداری شەوگەڕ هەیە کە بە ئینگلیزییەکەی خۆمان پێی دەڵێین، ئەپۆسەم. ئەم زیندەوەرە پەنجا ددانی تیژ وەك گوێزانی هەیە. ئەمەش زۆرترین ددانە بەبەراورد بەسەرجەم زیندەوەرە وشکانییە مەمکدارەکانی تر.

1443. 99% of Finns take a sauna at least once a week.

لەسەدا 99ی هاوڵاتیانی فنلەندا، هەفتانە لانیکەم یەکجار دەچنە ساوناوە.

1444. The Netherlands is the world's largest per capita consumer of coffee, averaging 2.4 cups of coffee per person per day.

هۆڵەندا گەورەترین بەکاربەری قاوەیە لەجیهاندا لەڕوی بەکاربردنی تاکەوە. رۆژانە هەر تاکێکی ئەم وڵاتە نزیکەی دوو کوپ و نیو دەخۆنەوە.

1445. Canada has more lakes than the rest of the world's lakes combined.

ژمارەی دەریاچەکانی کەنەدا لەکۆی دەریاچەکانی هەموو وڵاتانی تری جیهان زیاترە.

1446. 60% of the world's population has an Internet addiction.

لەسەدا شەستی دانیشتوانی جیهان، ئاڵودەبوی عەنتەرنێتن!

1447. In 1984, a boy wrote a letter to Ronald Reagan asking for federal funds to clean his bedroom after his mother called it a "disaster area."

لەساڵی 1984، منداڵێك پاش ئەوەی ژوری خەوتنەکەی هێندە پیس بوو کە لەلایەن دایکییەوە بە ناوچەیەکی کارەساتبار ناویبرد، نامەیەکی بۆ رۆناڵد ریگان، سەرۆکی ئەمەریکا نوسی و تێیدا داوایکرد لەسەر ئاستی وڵات پشتگیری دارایی بکرێت بۆ پاکردنەوەی ژورەکە.

1448. When Menelik II, emperor of Ethiopia, felt unwell, he would eat a few pages of the Bible.

مێنیلیکی دووەم کە ئیمپراتۆری ئەسیوپیا بووە، هەرکاتێك هەستی بکردایە ناساغە، چەند لاپەڕەیەك ئینجیلی دەخوارد.

1449. Women who get breast implants are 3 times more likely to commit suicide.

ئەو خانمانەی نەشتەرگەری مەمکچاندیان ئەنجامدەدەن، ئەگەری خۆکوشتنیان سێجار زیاترە.

1450. Honeybees travel about 48,000 miles to gather the nectar needed to produce 1 liter (1/4 gallon) of honey.

بەمەبەستی کۆکردنەوەی شیلەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی تەنها یەك لیتر هەنگوین، هەنگی هەنگوین پێویستە 48 هەزار میل بڕوات.

1451. The 1902 Saint-Pierre Volcano eruption killed all 35,000 people in the town except one man who survived because he was the worst prisoner and lived in a solitary confinement cell.

لەساڵی 1902 گڕکانێك لەشارۆچکەیەك بەناوی ساینت پییێرێ، رویدا. لەئەنجامدا سەرجەم دانیشتوانەکەی کە ژمارەیان 35 هەزار کەس بوو گیانیان لەدەستدا جگە لە تەنها یەك کەس. ئەو کەسەش کە رزگاری بوو لەو رووداوە، خراپترین زیندانی بوو و لە خانەیەکی ئینفیرادیدا زیندانیکرابوو لەکاتی رووداوەکەدا.

1452. There is an atomic clock in Colorado which is so accurate it will not gain or lose a second over 300 million years.

لەویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمەریکا، سەعاتێك هەیە پێیدەووترێت سەعاتی گەردیلەیی. ئەم سەعاتە هێندە مەزبوت و دەقیقە لەماوەی زیاتر لە 300 ملیۆن ساڵیشدا چرکەیەك نە دوادەکەوێت و نە پێشدەکەوێت.

1453. The first guy to win "Who Wants to be a Millionaire" used none of his lifelines until the final question, where he called his dad. During the call, he told his dad he didn't need any help on the final question, but he just wanted to let him know that he was about to win $1,000,000.

یەکەم کەس کە خەڵاتی بەرنامەی جیهانی "کێ دەیەوێت ببێتە ملیۆنێر"ی بردەوە، برادەرێك بوو کە هیچ یەکێك لەهۆکارەکانی یارمەتیدانی لەبەرنامەکە بەکارنەهێنا تا پرسیاری کۆتایی. لەپرسیاری کۆتاییدا تەلەفۆنی کرد بۆ باوکی. لەکاتی تەلەفۆنەکەدا پێیوت پێویستی بە هیچ یارمەتییەك نیە بۆ پرسیاری کۆتایی و وەڵامەکەی دەزانێت، تەنها بۆ ئەوە تێلی کردووە کە بزانێت خەریکە یەك ملیۆن دۆلار واتە "100 دەفتەری سەیی" دەباتەوە.

1454. Squirrels are actually very kind to each other and will adopt abandoned baby squirrels.

بەپێچەوانەی مرۆڤی ئیشقۆڕەوە، سمۆرە لەناوخۆیاندا زۆر چاکن بۆ یەکتر. تەنانەت ئەگەر بێچویەکی فڕێدراو ببینن، تەبەنی دەکەن و بەخێوی دەکەن.

1455. Your brain can recognize a sound 10 times faster than the blink of an eye.

مێشکی شەریفت دەتوانێت نزیکەی 10 ئەوەندەی چاوتروکاندن خێراتر، دەنگ بناسێتەوە.

1456. One of North Korea's largest exports is giant statues of foreign dictators.


یەکێك لەگەورەترین هەناردەکانی کۆریای خەپەگیان، پەیکەری زەبەلاحی گەورە دیکتاتۆرە بیانییەکانە.

سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە: تەیری گول عاشق بە داری ژەقنەبوتە!

1457. AIDS is now the leading cause of death among adolescents in Africa.

لەئێستادا ئادیز هۆکاری سەرەکی مردنی هەرزەکارانی ئەفەریقیایە.

بۆ ماوەی 20 ساڵ، درێژترین هۆتێل لەجیهاندا، هەرەمێکی چۆڵی 105 نهۆمی بووە لەشاری پیۆنگیانگی پایتەختی کۆریای خەپەگیان بووە.




1458. Brazil occupies 47.3% of South America and borders all other countries except Ecuador and Chile.

برازیل واتە ئەبو رۆناڵدۆ لەسەدا 47.3ی روبەری هەموو کیشوەری ئەمەریکای باشوری گرتووەو سنوری لەگەڵ هەموو وڵاتەکانی ئەو کیشوەرەدا هەیە جگە لە ئیکوادۆرو چیلی.

1459. Chinese students can get 7 years in jail for cheating on exams.

لەچین، دەکرێ خوێندکاران بەهۆی قۆپیکردن لەتاقیکردنەوە، حەوت ساڵ زیندانی بکرێن.

1460. In a bid to encourage Pandas to mate, Chinese scientists have experimented with "panda porn", explicit videos of pandas mating.

لەهەوڵێکدا بۆ هاندانی پاندا واتە ورچی چینی بۆ جوتبون، زانایانی چین پۆرنی پاندایان تاقیکردووەتەوە کە بریتییە لەڤیدۆی سێسکردنی رونی پاندا.

1461. In 2007, a Delaware man filed suit against his doctors for a surgical mix-up that left him urinating feces and pooping urine.

لەساڵی 2007 لەویلایەتی دێلەوێری ئەمەریکا، پیاوێك شکاتی لەدکتۆرەکانی کرد چونکە ئەو ئیشقۆڕانە نەشتەرگەرییەکیان بۆ کردبوو کە وایان لێکردبوو پیس تێکەڵاوی بکات. بەهۆی ئەو نەشتەرگەرییە سەقەتەوە، ئەو داماو لەچوکەوە پیسایی دەکردو لەکۆمەوە میزی دەکرد واتە تەواو بەپێچەوانەی ئوممەتی محەمەدەوە!!!

1462. During construction of a railway in Uganda, two Tsavo lions halted progression by repeatedly killing workers at night. Deaths were estimated to be 135.

جۆرێك شێر هەیە پێی دەووترێت شێری ساڤۆ. ئەم جۆرە شێرە مرۆڤخواردن و زەڵاتە خواردنی لەلا وەك یەکە. لەکاتی دروستکردنی هێڵێکی شەمەندۆفێر لەو ئۆگەندایەی لای خۆمان، دوو شێری لەم جۆرە، لەڕێگەی کوشتنی کرێکارەکان لەشەودا کێشەیەکی زۆریان لەبەردەم پرۆسەی دروستکردنی هێڵەکەدا دروستکرد.. ژمارەی ئەو کەسانەی ئەم دوو شێرە لەناوی بردن بە 135 کەس خەمڵێنراون.

1463. China has conducted a new road law : Drivers who use high beam unnecessarily will be fined and sit in front of their lights for two minutes.

بەپێی یاسایەکی نوێی هاتوچۆ لە چین، هەر شۆفێرێك فول لایت لەکاتی ناپێویستدا بەکاربهێنێت، جگە لەغەرامەی دارایی، بۆ ماوەی دوو دەقە روبەڕوو لەبەردەم فول لایتی ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا دادەنرێت.

1464. A man from Arizona stole a diamond worth $160K and traded it for $20 of weed.

لەو ئەریزۆنایەی لای خۆمان، پیاوێك توانی پارچە ئەڵماسێك بدزێت کە بایی 160 هەزار دۆلار واتە 16 دەفتەری صەیی بوو. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەو ئەڵماسە گرانبەهایەی فرۆشت بە جگەرەو نرخی جگەرەکە تەنها 20 دۆلار بوو. بەکوردییەکەی خۆمان 16 دەفتەری گۆڕییەوە بە 20 دۆلار.

سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە ماڵی با بەبا دەچێ.

1465. The UN has estimated that as many as 5,000 honor killings occur every year.

بەگوێرەی خەمڵاندنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵانە تەنها بەهۆی ئەوەی پێیدەووترێت "کوشتن لەسەر شەرەف"، پێنج هەزار کەس دەکوژرێن.

1466. The Pentagon has two times more bathrooms than needed because it was built during segregation.

پنتاگۆن واتە باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا، ژمارەی حەمام و توالێتەکانی دوو ئەوەندە لەپێویست زیاترە چونکە، لەسەردەمی جیاکاریی رەگەزیدا، دروستکراوە.

1467. In 2015 a Chinese woman who was missing for a decade and presumed dead was found living in an internet cafe after playing games for 10 years.

لەساڵی 2015، ژنێکی چینی پاش ونبونی بۆ ماوەی 10 ساڵ و لەقەڵەمدانی بە مردوو، لەکافتریایەکی ئینتەرنێت دۆزرایەوەو دەرکەوت کە ئەو 10 ساڵە لەو کافتریایە یاری ئەلیکترۆنی کردووە.

1468. Researchers from the University of Rochester have created a computer algorithm that can spot drunken Tweeters.

لێکۆڵەرانی زانکۆی رۆچستەر سیستمێکی کۆمپیوتەریان داهێناوە کە دەتوانێت تویتەرچییە سەرخۆشەکان کەشفبکات.

1469. In 1944 a sixteen-year-old black student in Columbus, Ohio, won an essay contest on the theme `What to Do with Hitler after the War' by submitting the single sentence, "Put him in a black skin a. let him live the rest of his life in America."

لەساڵی 1944 واتە ساڵی پێش کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم و خۆکوشتنی هیتلەر، پێشبڕکێیەکی وتارنوسین سەبارەت بە بابەتی "پاش جەنگەکە چی لە هیتلەر بکرێت" لە ئەمەریکا رێکخرا. لەئەنجامدا خوێندکارێکی رەشپێستی تەمەن 16 ساڵ خەڵاتی پێشبڕکێکەی بردەوە. هەموو وتارەکەشی پێکهاتبوو لەم رستەیە: بیکەنە پێستێکی رەشەوەو پاشماوەی ژیانی لە ئەمەریکا بەسەربەرێت.

تەبعەن لەو سەردەمەدا جیاکارییەکی رەگەزی توند بەرامبەر بە رەشپێستەکان لە ئەمەریکا، هەبووە بۆیە من پێموایە ئەو رستەیە ناخهەژێن و کاریگەرەو دڵنیام زۆر کەسی گریاندووە.

1470. The Illacme tobini is a millipede that has 414 legs, no eyes, 200 poison glands, and four penises.

جۆرە کرمێك هەیە چاوی نیە بەڵام 414 پێ و 200 گلاند واتە رژێنی ژەهرو چوار چوکی هەیە. بەڵام نازانم چەند ژن دەهێنێ!!!

1471. TV remotes are the dirtiest items in hotels, a study found.

لێکۆڵینەوەیەك گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە لەناو شتەکانی هۆتێلدا، کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن پیسترین شتە.

1472. In 1991, Wayne Allwine, the voice of Mickey Mouse, married Russi Taylor—the voice of Minnie Mouse.

لەساڵی 1991، واین ئۆڵواین خاوەنی دەنگی میکی ماوس و روسی تایلۆر خاوەنی دەنگی مینی ماوس، هاوسەرگیرییان کردووە.

1473. Brad Pitt and Lady Gaga were both strippers before they became famous.

براد پیت و لەدی گاگا پێش ئەوەی بەناوبانگ بن، سەماکەری روت بوون.

ئینجاکونێ قسە هەیەو پشتەملی قسە ئەگرێ، لەو دەڤەری خۆرئاواو ئەمەریکایە جۆرە سەمایەك هەیە پێی دەووترێت سەمای خۆڕوتکردنەوە کە بەوە ناسراوە هونەرمەندەکە بە ستایڵی ئێچ دی سەمادەکات!!. ئەو برادەرو خوشکەدەرە پێش بەناوبانگبونیان خەریکی ئەو بەزمە بوون.

1474. Humans start lying by the age of four.

مرۆڤ لەتەمەنی چوار ساڵییەوە دەستدەکات بە درۆکردن.

1475. An albatross can fly over 600 miles without flapping it's wings.

باڵندەیەکی دەریایی هەیە کە بە ئینگلیزییەکەی خۆمان پێیدەووترێت ئەلبەترۆس. ئەم زیندەوەرە دەتوانێت بۆ ماوەی زیاتر لە 965 کیلۆمەتر بفڕێت بەبێ ئەوەی باڵەکانی بشەکێنێ. بەکوردییەکەی خۆمان واتە بە بۆش!!!

1476. About 25% of people in the U.S. with college degrees don't have a job and aren't even looking.

نزیکەی لەسەدا 25ی ئەو کەسانەی ئەمەریکا کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆن، نە ئیشیان هەیەو نە بەدوایدا دەگەڕێن.

1477. Serbia lost %60 of it's male population in WWI. France lost %17.

b. لەجەنگی جیهانی یەکەمدا لەسەدا 60ی نێرینەکانی سربیا تیاچون. بەڵام فەرەنسا تەنها لەسەدا 17ی نێرینەکانی لەدەستدا.

1478. Australia is the only country in the world where more Americans immigrate to it than its own citizens immigrate to the U.S.

تەنها وڵات لەجیهاندا کە ژمارەی ئەو ئەمەریکییانەی کۆچی بۆ دەکەن لەژمارەی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە زیاترە کە کۆچ دەکەن بۆ ئەمەریکا، ئوسترالیایە.

1479. We are born afraid of only two things -falling and loud noises. All our other fears are learned an influenced by our environments and cultures.

کاتێك لەدایك دەبین، تەنها لەدوو شت دەترسین: کەوتنەخوارەوەو ژاوەژاوی بەرز. سەرجەم ترسەکانی تر بەهۆی ژینگەو کلتورەوە فێردەبین و کاریگەری لەسەرمان دروستدەکەن.

1480. In Kentucky it is illegal to sell alcohol on voting day until after polls close.

لەویلایەتی کێنتەکیی ئەمەریکا، فرۆشتنی خواردنەوە کهولییەکان لەڕۆژی دەنگداندا تا پاش داخستنی سندوقەکانی دەنگدان، قەدەغەیە.

1481. People love Pandas because it reminds them of babies, some scientists say.

بە فشەی زانایان، مرۆڤ بۆیە پاندای خۆش گەرەك چونكە منداڵیان بیردەخاتەوە.

1482. Amsterdam alone has 350 outdoor festivals every year.

ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا، تەنها خۆی ساڵانە 350 فێستیڤاڵی كراوەی هەیە.

1483. A zoo in Japan once spent four years trying to mate a pair of hyenas before realizing they were both males.

جارێك كارمەندانی باخچەیەكی ئاژەڵان لە یابان، پاش بەسەربردنی چوار ساڵ لەهەوڵدان بۆ جوتپێكردنی دوو كەمتیار، بۆیان دەركەوت كە هەردوكیان نێرن.

خوا پێم نەگرێ و ئیمانم نەچێ، بەدوری نازانم مدیری ئەو باخچەیە بەرەچەڵەك كورد بوبێت!!!

1484. Mountain Dew held a democratic poll to name its new drink, the top suggestion was "hitlter did nothing wrong"

لەو ئەمەریكایەی لای خۆمان، ماركەیەكی خواردنەوە هەیە ناوی ماونتەین دیووە. جارێك راپرسییەكی فول دیموكراسی ئەنجامدا بۆ بۆ دۆزینەوەی ناوێك بۆ خواردنەوەیەكی نوێ. زۆرترین پێشنیازكراو ناوی "هیتلەر هیچ شتێكی خراپی نەكردووە".

1485. Just 0.21% of the U.S. total population live in its capital city, the lowest percentage in the world.

تەنها لەسەدا سفر پۆینت 21ی دانیشتوانی ئەمەریكا، لەپایتەختەكەیان دەژین. ئەمەش نزمترین رێژەیە بە بەراورد بە وڵاتی تری جیهان.

1486. You can get tetanus a not just from a rusty nail but also from a perfectly clean one. It is caused by bacteria commonly found in soil, dust and animal feces.

نەك تەنها بەهۆی بزمارێكی ژەنگاوییەوە، بەڵكو دەكرێ بەهۆی بزمارێكی پاكەوە توشی دەردەكۆپان ببیت. هۆكاری ئەم نەخۆشییە بەكتریایەكە كە بەشێوەیەكی بەربڵاو لەناو خاك و تەپوتۆزو پاشەڕۆی گیانداراندا هەیە.

1487. The Axeman of New Orleans, a murderer who terrorized the city in 1918 and 1919, spared any home that was playing jazz, his favorite music.

ئەو پیاوە تەوربەدەستە بكوژەی شاری نیو ئۆرلیانزی ئەمەریكا، لەساڵی 1918و 1919 بە كوشتن، شارەكەی تۆقاندبوو، هەر ماڵێك موزیكی جاز كە موزیكە دڵخوازەكەی بوو، تێدا لێبدرایە، دەیپەڕاندو وازی لێدەهێنا.

پیاوكوژێكی رۆمانسی و هونەردۆست بووە!!!

1488. A honeybee has the same amount of hairs as a squirrel: 3 million.

ژمارەی تاڵە مووەكانی هەنگی هەنگوین رێك بەقەدەر هی سمۆرەیە كە سێ ملیۆنە. هەركەسێكیش بڕواناكات دەتوانێت بیژمێرێت!!!

1489. Giraffes make no sound. Not because they can't, but they choose not to.

زەڕافە دەنگی نیە. هۆکارەکەی ئەوە نیە کە ناتوانێت بەڵکو ئەوەیە کە خۆی نایەوێت، بەکوردییەکەی تاقەتی گرمەگرم و چەلەحانێی نیە!

دیارە کار بەو مەبدەئە دەکات کە دەڵێت: کردار شەرتە!!!

1490. In Dorset, Minnesota, a 3-year-old boy was elected as mayor .

جارێك لەشاری دۆرسێتی ویلایەتی مینسۆتای ئەمەریکا، منداڵێکی تەمەن سێ ساڵ بەسەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردرا.

1491. One man and his Bot have written almost 10% of Wikipedia.

لەسەدا 10ی هەموو ویکیپیدیا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، لەلایەن تەنها یەك کەس و رۆبۆتەکەیەوە نوسراوە.

1492. -40 degrees Fahrenheit is equal to -40 degrees Celsius.

هەرچەندە فەهرەنیهایەت و سیلیزی زۆر جیاوازن بەڵام پلەی 40ی ژێر سفری هەردوکیان یەك شتە.

1493. If you drilled a tunnel straight through the Earth and jumped in, it would take you about 42 minutes to get to the other side.

ئەگەر لەو شوێنەی ئێستا فەخامەتی جەنابتی لێیە، کونێکی راستەوڕاست بکەیتە ناو زەوی بەشێوەیەك تا ئەو سەری زەوی بڕوات، ئەوا ئەگەر خۆت هەڵبدەیتە ناو ئەو کونە، بیلزەبت لەماوەی 42 دەقەدا دەگەیتە ئەو سەری زەوی.

هەرچەندە هەمیشە مەعلوماتەکانی بەندەی موخلیستان بەشەرتن و گرەنتیی راستیی مەعریفییان لەگەڵدایە، بەڵام هەرکەس پێی وایە ئەمە لەفلیمی هندی دەچێت و بڕوای پێ نیە، دەتوانێت تاقی بکاتەوە، ئەوە عەرزو ئەوە ئێڵ تی و حەفارە!!!

1494. George Washington penned somewhere between 18,000 and 20,000 letters in his lifetime.

جۆرج واشنتن کە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا بووە، لەماوەی ژیانیدا 18 هەزار تا 20 هەزار نامەی نوسیوە.

1495. Prostitutes in Spain have to wear reflective vests, like highway workers, to reduce accidents.

لەو ئیسپانیایەی لای خۆمان، پێویستە لەشفرۆشان هەروەك کرێکارانی سەر رێگای خێرا، جلوبەرگێك لەبەربکەن کە رەنگ و تیشك بداتەوە بۆ ئەوەی نەبنەهۆی روداوی هاتوچۆ. تەبعەن لەگەڵ ئەوپەڕی رێزو حورمەتمانا بۆ ئەو کرێکارانەو بۆ سێگۆشەی سەیارەش!!!.

1496. A newborn kangaroo is the size of a bean.

بێچوی تازەلەدایکبوی کەنگەر بەقەدەر دەنکەفاسۆلیایەك دەبێت.

هەرکەسێکیش بڕواناکات، ئەوە من و ئەوە ئەوو ئوسترالیا بۆ دڵنیابون.. زۆر نزیکە، هەمووی پێنج شەش سەعات رێیە (تەبعەن بە تەیارە)!!!

1497. The average citizen of Liechtenstein doesn't even lock its door because crime in the country is so low.

بەگشتی هاوڵاتیانی ئەو لیخنشتاینەی لای خۆمان کە بێچاوێنی بێ وڵاتێکی خنجیلانەی ئەوروپایە، دەرگای ماڵەکانیان قوفڵ ناکەن چونکە ڕێژەی تاوان لەم وڵاتەدا ئێجگار نزمە.
عەگ نوخشە بێت لەلای خۆشمان...

1498. The goliath tigerfish is a fish that eats small crocodiles.

جۆرێك ماسی هەیە پێی دەووترێت پڵنگەماسی زەبەلاح. ئەم ماسییە زۆر زاڵمە، تیمساحی بچوك دەخوات.

1499. Sugary drinks kill more people than violent crime in Mexico.

لەو مەکسیکەی لای خۆمان، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی خواردنەوە شەکرئامێزەکانەوە گیان لەدەستدەدەن، لەوانە زیاترە کە بەهۆی تاوانی توندوتیژییەوە دەکوژرێن.

1500. At rest, your brain uses one-fifth of a calorie per minute.

لەکاتی پشودا، مێشکی شەریفت، لەهەر خولەکێکدا، تەنها پێنج یەکی کالۆرییەك سەرفدەکات.

1501. In Japan, the likelihood of being killed by a gun is about the same as an American's chance of being killed by lightning.

ئەگەر کوژرانی کەسێك لە یابانە حەیاتەکە بە دەمانچە، بەقەدەر ئەگەری کوژرانی کەسێکی ئەمەریکایە بە هەورەبروسکە.

1502. The closest distance between Earth and Mars will continue to mildly decrease for the next 25,000 years.

نزیکترین مەسافەی نێوان زەوی و مەریخ بەشێوەیەکی مامناوەند واتە نە زۆرو نەکەم، لەماوەی 25 هەزار ساڵی داهاتودا وردە وردە کەمدەبێتەوە. بەس پێموایە ئەوکاتە ئێوە تاڵە تاڵە قژتان سپی بووە!!!

1503. American teachers are allowed to whack children with a paddle in 19 states.

لە 50 ویلایەتەکەی ئەمەریکا، 18یان ڕێدەدات بە مامۆستا کە بە دار بەتوندی لەخوێندکارانی بنەڕەتی بدەن.

1504. Violent homes have the same effect on children's brains as combat on soldiers.

کاریگەری خێزانی توندوتیژ بۆ سەر منداڵەکانی ئەو خێزانە وەك کاریگەری جەنگ وایە بۆ سەر سەرباز.

1505. During the average meal, you eat over 90,000 miles of DNA.

لەهەر ژەمێکی ئاساییدا، زیاتر لە 90 هەزار میل دی ئێن ئەی، دەخۆیت.

1506. 93% of Americans eat pizza at least once a month.

c. لەسەدا 93ی ئەمەریکییەکان، مانگانە لانیکەم پیتزایەك دەخۆن. تەبعەن بێئێوە ناخۆش.

1507. For a million years, the human population of the Earth was less than 26,000.

بۆ ماوەی یەك ملیۆن ساڵ، کۆی ژمارەی دانیشتوانی جیهان، نەگەیشتووەتە 26 هەزار کەس.

1508. In 1986, nurse Sandra Clarke could not stay with a patient who asked her to stay. When she returned, the patient had died alone. In 2001, she was key in starting No One Dies Alone, a program where volunteers sit with terminal patients who have no one else. The program is now worldwide.

لەساڵی 1986 نەخۆشێك داوای لەپەرستارێك بەناوی ساندرا کلارك کرد لەلای بمێنێتەوە بەڵام ئەم نەیتوانی لەلای بمێنێتەوە. پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆلای بینی کە نەخۆشەکە بەتەنهاو بەبێکەسی مردووە.
ئەم روداوە زۆر کاریکردە سەر ئەم پەرستارە بۆیە لەساڵی 2001 بووە کارەکتەرێکی سەرەکی لەدەستپێکردنی پرۆگرامێکی پەیوەندیدار بەناوی "هیچ کەسێك بەتەنها نامرێت". لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە کەسانی خۆبەخش بەدیار ئەو نەخۆشانەوە دەمێننەوە کە نەخۆشی کوشندەیان هەیەو هیچ کەسێکیان نیە بەدیاریانەوە. ئێستا ئەم بەرنامەیە سەرتاسەری جیهانی گرتووەتەوە.

1509. Hearing is the fastest human sense. A person can recognize a sound in as little as 0.05 seconds.

خێراترین هەستی مرۆڤ بیستنە. بنیایەم دەتوانێت دەنگ لەماوەی پێنج لەهەزاری چرکەیەکدا جیابکاتەوە.
مرۆڤیش بەشی خۆی بەرازە!!!!

1510. In 1140, when a opposition castle was captured by King Konrad III, the women of the castle were granted free departure and allowed to take what they could carry on their backs. Thinking quickly, the women carried the men on their backs. The King kept his word and let the men live.

لەساڵی 1140 کە ئەوکاتە ئێوە مناڵ بون و باش بیرتان نایە!!!، قەڵایەکی هێزەکانی دوژمن لەلایەن شا کۆنرادی سێیەمەوە کۆنترۆڵ کرا. شا فەرمانیکرد ژنانی قەڵاکە ئازادن و هەرشتێکیش کە دەتوانن بیخەنە سەر پشتیان و بیبەن، لەگەڵ خۆیاندا دەتوانن بیبەن. بەڵام شا کتوپڕ سەیرئەکا ژنەکان پیاوەکانیان خستووەتە سەرپشتیان و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن.. سەرباری ئەوەش پادشا ئەوەندە پیاو بوو لەقسەکەی خۆی پەشیمان نەبووەوەو بەو شێوەیەش پیاوەکانیش رزگاریان بوو.
ئەم روداوە چەند شتێك جەختدەکاتەوە لەوانە:
ئەها ژن چەندە موهیمە!!!!
مرۆڤی مەرد کە بەڵێنیدا دەبێت پەشیمان نەبێتەوە

هاوکات هەر لێرەدا پرسیارێکیش خۆی قوت دەکاتەوەو دەڵێت: ئەگەر فەرمانەکەی پادشا پێچەوانە بوایە واتە بیوتایە پیاوان ئازادن و بۆشیان هەیە هەرچییەك کە دەتوانن بیخەنە سەر پشتیان لەگەڵ خۆباندا ببەن، ئایا وەك ژنەکانیان دەکرد؟!

1511. In 2012, Catarina Migliorini, a 20 year old Brazilian girl, auctioned off her virginity online for US$780,000.

لەساڵی 2012 کچێکی برازیلی تەمەن 20 ساڵ بەناوی کاتارینا میگلیۆرینی، پەردەی کچێنی لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە بەبڕی 780 هەزار دۆلار فرۆشت. دوابەدوای ئەم چەند کچێکی تر لەشوێنە جیاکانی جیهانەوە تەماح گرتنی و ئەوانیش خستیانە مەزادەوە بەڵام بەقەدەر هی ئەوی نەکرد.
گەورەترین کێشە ئەوەیە کە پارە لەبری هۆکار ببێت بە ئامانج. ئەم کێشەیە لێکەوتەی ئاوهای لێدەکەوێتەوە..

1512. Most drivers think they are a better-than-average driver.

زۆربەی شۆفێران پێیان وایە کە لەشۆفێرێکی ئاسایی باشترن.

1513. Alfred Nobel, of the Nobel Prize, lost his brother to an accident at his lab. They were working with liquid nitrogen and attempting to create a more stable explosive. Nobel was able to complete his research after the accident and invented dynamite.

ئەلفرێد نۆبڵ واتە خاوەنی سەرەکی و دامەزرێنەی خەڵاتی نۆبڵ، لەکاتی کارکردن لەسەر نیترۆجینی شل لەگەڵ براکەیدا لەتاقیگە بەمەبەستی دروستکردنی تەقەمەنییەکی جێگیرتر، براکەی لەدەستداو تیاچوو.
دوای ئەو روداوە نۆبڵە ئیشقۆڕ توانی لێکۆڵینەوەکەی تەواوبکات و دینامیتی داهێنا.

1514. An iPhone has about 75 elements in it — two-thirds of the periodic table.

هەر ئامێرێکی ئایفۆن نزیکەی 75 توخمی تێدایە کە دەکاتە دوو لەسەر سێی خشتەی خولی توخمەکان.

1515. Adolf Hitter’s father beat him severely every day. When his father found out that he was planning to run away, he beat him so hard that he went into a coma for days - his family unsure if he was going to live.

باوکی هیتلەر رۆژانە بەتوندی لێیداوە. کاتێکیش زانیویەتی هیتلەر بەتەمایە رابکات و لەدەستی هەڵبێت، هێندە بە توندتر لێیداوە کە چەند رۆژێك کەوتووەتە دۆخی بێهۆشی واتە کۆماوەو خێزانەکەی دڵنیا نەبوون کە جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە.
ئەم حاڵەتەی هیتلەر زۆر جیاوازەو بنیایەم حەیران دەکات، پیاو هەروەها ژنیش نازانێت بڵێت دەستی باوکی خۆش بێت یان بشکێت!!!

1516. The average lead pencil will write a line about 35 miles long or write approximately 50,000 English words.

بەگشتی هەر قەڵەم رەساسێك دەتوانرێت هێڵێك کە درێژییەکەی نزیکەی 56 کیلۆمەتر بێت یان نزیکەی 50 هەزار وشەی ئینگلیزی پێبنوسرێت.
کێش باوەڕناکات دەتوانێت تاقیبکاتەوە!!!

1517. Anonymous sent thousands of all-black faxes to the Church of Scientology to deplete all of their ink cartridges.

لەویلایەتی نیوجێرسیی ئەمەریکا کڵێسەیەك هەیە بەناوی کڵێسەی زانستاوی. لەهەوڵێکدا بۆ تەواوکردنی کاتریجی حیبرەکانیان ئەنۆنیمەس کە بەناوبانگترین گروپی هاککەرە لەسەرتاسەری جیهاندا، هەزارەها فاکسی فولڕەشی بۆ ناردووە.

بەینی خۆمان بێ دیارە ئەنۆنیمەسیش زۆر بێکارو بەتاڵن!

1518. In 2012, about 42 million Americans had never been married, twice as many as in 1960.

لەساڵی 2012 ژمارەی ئەو ئەمەریکییانەی هەرگیز هاوسەرگیرییان نەکردووە، نزیکەی 42 ملیۆن کەس بوون. ئەمەش دوو ئەوەندەیە لەچاو ساڵی 1960دا.

1519. Michael Richards, who died in his art studio on 9/11, floor 92 WTC North, whose art focused on planes; including sculptures of airplanes piercing his own body.

هونەرمەندی ئەمەریکی میکایل ریچاردز لەئەنجامی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001ی ئەمەریکا، بەدیاریکراوی لەستۆدیۆی کارە هونەرییەکانی خۆی لەقاتی ژمارە 92ی سەنتەری بازرگانی جیهانی تیاچوو و عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت. ئەم برادەرە لەکارە هونەرییەکانیدا زیاتر گرنگی بە تەیارە داوەو لەناو کارەکانیشدا چەند پەیکەرێکی جەستەی خۆی دروستکردووە کە تێیدا تەیارە کونیدەکات...

تەبعەن ئەمە ئەگەر بۆ نەنکمان و فێژنە کۆنترەکان بگێڕینەوە یەکسەر دەڵێن: دایکی کوێر بێ توخوا پێشبینی مەرگی خۆی کردووە!!!

1520. Bill Gates' net worth is 4.5 times as large as North Korea's estimated GDP.

سامانی پەتیی بیڵ گەیتس چوار ئەوەندەو نیوی کۆی داهاتی ناوخۆی خەمڵێنراوی کۆریای باکور دەبێت.

1521. The dress worn by Marilyn Monroe during filming of The Misfits sold for US$66,000.

ئەو جلوبەرگەی مارلین مۆنرۆی لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی The Misfits لەبەریدایە، بەبڕی 66 هەزار دۆلار واتە شەش دەفتەرو شەش وەرەقە فرۆشراوە.

1522. In 2010, Utah executed an inmate by using a firing squad.

لەساڵی 2010، ویلایەتی یوتای ئەمەریکا، زیندانییەکی بە دەستڕێژی گوللـە ئیعدام کرد.
ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمەریکا نەك هەر دایکی دیموکراسی نیە بەڵکو باوکیەتی چونکە....

1523. There is a word for the murder of citizens by their own government, "democide" and it is the leading cause of unnatural human death.

کوشتنی هاوڵاتیان بەدەستی حکومەتەکەی خۆیان، لەئینگلیزییەکەی خۆمان پێیدەووترێت دیمۆساید. ئەم جۆرە کوشتنە هۆکاری سەرەکی مردنی ناسروشتی مرۆڤە.

1524. Charlie Chaplin was one of Hitler's favorite comedians, and despite the mockery against him in the Chaplin film The Great Dictator, Hitler had it screened twice in his private theater.

چارلی چاپڵن یەکێك بوو لەکۆمیدیانە دڵخوازەکانی هیتلەر. هەرچەندە چاپڵن لەفیلمی دیکتاتۆرە مەزنەکەدا بەشێوازێکی کۆمیدی رەخنەی توند لەهیتلەر دەگرێت و دژی بووە بەڵام هیتلەر لەشانۆ تایبەتەکەی خۆیدا دوو جار سەیری ئەم فیلمەی کردووە.

ناحەقیشی نەبووە.. جیهان یەك چاپڵنی هەبووەو دوبارەش نابێتەوە. ئەو فیلمەشی بێحەلە.

1525. Rabbits are so delicate animals that they can die of fright. Children younger than 12 should not have rabbits as pets.

کەروێشك زیندەوەرێکی هێندە ناسك و هەستیارە، دەکرێ لەترسا بمرێت. منداڵانی خوار تەمەن 12 ساڵ پێویستە ئەم زیندەوەرە، وەك ماڵی رانەگرن.

1526. The Internet speed at NASA is 91Gb per second, about 2,000 times faster than the average household connection speed of 50Mb.

خێرایی عەنتەرنێت لەناو ئاژانسی ناسای ئەمەریکا 91 گێگابایتە لەچرکەیەدا. واتە دوو هەزار جار لەخەتی ماڵێکی ئاسایی کە 50 مێگابایتە لەچرکەیەکدا، خێراترە.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم خەتەی ناسا هێندە سەریعە پێویستی بە کلیك و ئێنتەر نیە، هەر سایتێك هات بەدڵتا، خۆی دەکرێتەوە بەبێ کلیك و ملیك!!

1527. If vegetarianism was adopted by 2050, it would stave off about 7 million deaths per year, experts estimate.

ئەگەر بەهاتنی ساڵی 2050 رووەکخۆری واتە ناگۆشتخۆری جێبەجێبکرێت، ئەوا ساڵانە بەربە نزیکەی حەوت ملیۆن حاڵەتی مردن دەگیرێت.

1528. There are about 42 million prostitutes in the world.

لەسەرتاسەری جیهاندا نزیکەی 42 ملیۆن لەشفرۆش هەیە.

1529. Napoleon Bonaparte was once moved to tears over the grief of a dog who he found sitting with its owner's body.

ناپلیۆن بۆناپارت کە یەکێکە لەبەناوبانگترین سەرکردە سەربازییەکان لەمێژوودا، جارێك کاتێك دەبینێت سەگێگ بەدیار تەرمی خاوەنەکەیەوە پاڵکەوتووە، زۆر کاری تێدەکات بەشێوەیەك وەك ئەوەی بڵێی دەگری.

1530. Blue whales can eat half a million calories in a single mouthful.

نەهەنگی شین لەتەنها یەك پارووی پڕدەمدا دەتوانێت نیوملیۆن کالۆری بخوات.

1531. It takes about 0.2 seconds for your brain to recognize something touching your hand or foot.

مێشکی شەریفت پێویستی بە تەنها لەدەیا دووی چرکەیەکە بۆ ناسینەوەی ئەو چتەی بەر دەست یان قاچت دەکەوێت.

1532. 93% of dog owners in the U.S. say their dog has made them a better person in at least one way.

لەئەمەریکا لەسەدا 93ی ئەو کەسانەی سەگیان هەیە دەڵێن بەهۆی سەگەکانیانەوە بونەتە کەسێکی باشتر.

چۆن وانەبێت لەکاتێکدا مرۆڤ لانیکەم فێری وەفادارییەکی کەموێنە دەبێت لەو زیندەوەرەوە.

1533. A zeptosecond, a trillionth of a billionth of a second, is the smallest division of time that has been observed.

زێپتۆسێکەند کە بریتییە لە یەك لەسەر تلیۆنی یەك لەسەر ملیاری چرکەیەك، کەمترین کەرتی کاتە کە تائێستا چاودێری کرابێت. تێ ئەگەی؟!!!

1534. When electricity was installed in the White House, President Benjamin Harrison and his wife, Caroline, were scared to use the light switches for fear of getting shocked.

کاتێك کارەبا بۆ کۆشکی سپی دانرا، نە سەرۆکی ئەمەریکا کە بینجامین هاریسن بوو، نە کرۆلینی ژنی، نەیان دەوێرا دەست بۆ پلاکی گڵۆپەکان بەرن چونکە دەترسان کارەبا بیانگرێت.

زۆر ناحەقیشیان نەبووە چونکە کارەبا ئامانی نیە.

1535. A study indicates that dolphins talk to each other in sentences.

لێکۆڵینەوەیەك ئاماژە بەوە دەدات کە دۆلفین بە ڕستە قسە بۆ یەك دەکەن.

1536. Some Greenland sharks alive today were born before the English Civil War.

هەندێك لە قرشەکانی گرینلاند کە ئێستا لەژیاندا ماون، لەدایکبوی سەردەمی پێش جەنگی ناوخۆی بریتانیان.

1537. Japanese Death Row inmates are not told their date of execution, They wake up each day wondering if it might be their last.

زیندانیانی حوکمدراو بە لەسێدارەدان لە یابان، وادەی جێبەجێکردنی لەسێدارەدانەکەیان پێناووترێت. بۆیە ئەو جۆرە زیندانیکراوانە هەموو رۆژێك کە هەڵدەستن لەخەو ئەو هەستەیان لا دروستدەبێت کە رەنگە ئەمە ئەخیر رۆژیان بێت.

1538. 160,000 U.S. children miss school every day due to a fear of bullying.

رۆژانە تەنها لە ئەمەریکا 160 هەزار منداڵ لەترسی شەقاوەکان، ناچنەوە بۆ قوتابخانە.

1539. 80% of millionaires drive used cars.

لەسەدا 80ی ملیۆنەرەکان سەیارەی دەسی دوو بەکاردەهێنن.

1540. Honey bee's will only die after stinging mammals with thick skin, but can freely sting other insects such a spiders.

هەنگی هەنگوین پاش هەموو پێوەدانێك نامرێت وەك ئەوەی كە باوە. بەڵكو تەنها پاش پێوەدانی ئەو زیندەوەرە مەمكدارانە دەمرێت كە پێستیان ئەستورە. بۆ نمونە دەتوانێت بەوپەڕی ئازادی و بەبێ ترس بە جاڵجاڵۆكەوە بدات و ناشمرێت.

1541. Costa Rica became in 2012 the first Latin American country to ban hunting as a sport.

لەساڵی 2012 كۆستاریكا بووە یەكەم وڵاتی ئەمەریكای لاتین كە راوكردن وەك وەرزشی قەدەغەكرد.

1542. A fake U.S. Embassy operated in Ghana for about a decade, issuing false visas and other documents until it was discovered in 2016.

لە غانا كە وڵاتێكی سەرگەردانی ئەفەریقییە، باڵیۆزخانەیەكی ساختەی ئەمەریكی بۆ ماوەی نزیكەی دەیەیەك، كاریكردووەو ڤیزاو بەڵگەنامەی تری ساختەی داوە. بەڵام ئەمە لەساڵی 2016 كەشف بوو.

1543. Louis Chevrolet, the founder of Chevrolet, died bankrupt and poor working as a mechanic for the company he started.

لویس چێڤرۆلێت، دامەزرێنەری كۆمپانیای شۆفرلێت كە ئەڤیۆو ئۆپتراو چەندین سەیارەی نایابی تر بەرهەمیەتی، دواجار ئیفلاسی كردو فەقیر بوو و تا مردیش وەك فیتەری ئەو كۆمپانیایەی دایمەزراند، كاریدەكرد.

1544. Researchers have found that optimism is a teachable skill and that you can be the one to teach yourself.

d. لێكۆڵینەوەكان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی كە گەشبینی كارامەییەكە فێری دەبیت و دەتوانیت خۆت خۆت فێربكەیت.

1545. Tracksuits, particularly Adidas, are so popular in Russia because after the fall of the Soviet Union, cheap tracksuit clothing flooded the Russian market. The Russian people, who were unaware of western fashion norms, loved the comfortable and cheap clothing, leading to huge popularity.

لەو روسیایەی لای خۆمان تراكسوت بەتایبەت هی ئەدیداس زۆر باوە. هۆكاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لەكاتی روخانی یەكێتی سۆڤیەتی جاراندا ئەم قاتە هەرزانە بە لێشاو رژانە بازاڕەكانی ئەم وڵاتەو خەڵكەكە كە بێئاگا بوون لەنەریتی مۆدەی ئەوروپا حەزیان لەم جلە كرد بەهۆی ئەوەی فەرەحەو هەرزانیش بوو. ئەمەش وایكرد كە وەك ئاگری ناوكا بڵاوبێتەوەو ئێستا جەماوەرێكی زۆری هەیە.

1546. Because the number 8 is considered very lucky in Chinese culture, a Chinese man spent the equivalent of $145,000 to secure a license plate reading '88888' in the hope of increasing his luck. On his first day with the plate, he was pulled over 8 times by cops who thought the plate was a fake.

بەهۆی ئەوەی لە کلتوری چیندا هەشت بە ژمارەی بەخت دادەنرێت، برادەرێکی ئەو وڵاتە چواردە دەفتەرو نیوی سەرفکرد تا ژمارە 88888 بۆ سەیارەکەی پەیدابکات بۆ ئەوەی بەحسابی خۆی بەختەکەی بفرێ!!!
بەڵام هەر لەیەکەم رۆژی بەستنی تابلۆی سەیارەکەیدا هەشت جار لەلایەن پۆلیسەوە راگیرا چونکە پێیان وابوو ئەو تابلۆیە ساختەیە!!!

1547. An Egyptian pilot deliberately crashed his plane in 1999 as an act of revenge, killing 217 people on board.

لەساڵی 1999 فڕۆکەوانێکی میسری بە ئەنقەست و وەك کارێکی تۆڵەسەندنەوە، فڕۆکەکەی بە سەرنشینەوە تەقاندەوە. لەئەنجامدا هەر هەمویان عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشت. 217

1548. Nobody texts faster than a pissed off female.

هیچ کەسێك بەقەدەر خانمێکی بێزارکراو ناتوانێت خێرا تێکست بنێرێت.

1549. A 2013 study found that men who prefer large breasts are less financially secure.

لێکۆڵینەوەیەك کە لەساڵی 2013 ئەنجامدراوە، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پیاوانەی مەمکی گەورەیان بەلاوە باشترە، لەڕوی داراییەوە، کەمتر جێگیرن.

1550. %98 of the 7 billion billion billion atoms in the human body are replaced every year.

هەموو ساڵێك لەسەدا 98ی حەوت زەربی 10 توان 27 گەردیلەی جەستەی مرۆڤ، دەگۆڕدرێن.

1551. There are about 3 million first dates every day worldwide.

هەموو رۆژێك لەسەرتاسەری جیهاندا زیاتر لە سێ ملیۆن یەکەم ژوانی حوبحوبێنە ئەنجامدەدرێت.
ئەمە ئەوە جەختدەکاتەوە کە ئەو خەڵکە پیس عاشق بووە!!!

1552. Alaska is geographically big enough to fit 19 U.S. states within its borders.

ویلایەتی ئەلاسکا لەڕوی جوگرافییەوە هێندە گەورەیە کە جێگای 19 ویلایەتی ئەمەریکای تێدا دەبێتەوە.

1553. Chrysippus, an ancient Athenian philosopher, died from laughing at one of his own jokes.

لەمێژودا فەیلەسوفێکی بەناوبانگی یۆنانی هەیە بەناوی خریسیپوس. ئەم برادەرە بەهۆی پێکەنین بە نوکتەیەکی خۆی، عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە!

1554. 2013 was the first year since 1432 that's a rearrangement of four consecutive numbers.

لەساڵی 1432ەوە، ساڵی 2013 یەکەم ساڵە کە پێکهاتبێت لەچوار ژمارەی یەك لەدوای یەك.

1555. Two-thirds of Britons lie about having read a book in order to seem more intelligent. The commonest book that people lie about is George Orwell's 1984.

دوو لەسەر سێی بریتانییەکان بۆ ئەوەی خۆیان زیرەکتر دەرخەن، سەبارەت بە خوێندنەوەی کتێب درۆدەکەن. واتە دەڵێن فلانە کتێبمان خوێندووەتەوە کە چی واش نیە.

باوترین کتێبیش کە خەڵکی ئەم ولاتە درۆی لەبارەی خوێندنەوەیەوە دەکەن، کتێبێکی جۆرج ئۆروێڵە بەناوی 1984.

بریتانییەکان کە ئەوروپین و درۆیان زۆر لا عەیبە، دوو لەسەر سێیان درۆی ئاوابکەن، ئەبێ ئەبێ کوردە حەیاتەکە چەندیان درۆی لەو شێوەیە بکەن. پێموایە هەر زۆر!!!!

لای خۆمان زۆرجار فشەکەری وا ئەبینیت لەگەرمەی قسەکردندا پۆز لێدەدات و ناوی کۆیلۆو مارکیزو چۆمسکی و دیکنزو شکسپیرو هتد... بە دەرزەن دەهێنێت کەچی دوایی بۆت دەردەکەوێت نەك تەنها کتێبێکی ئەو کەسایەتییانەی نەخوێندووەتەوە، بەڵکو ناوی کتێبەکانیشیان بەتەواوەتی نازانێت. ئەگەر نەزانینەکە عەیب بێت ئەوا درۆکردنەکە هەر زۆر زۆر عەیبە!!!

1556. The strongest beer in the world has a 67.5 per cent alcohol content.

بەهێزترین بیرە لەجیهاندا، رێژەی ئەلکهولەکەی لەسەدا 67و نیوە. ئەبێ ئەمە یەکێ بیخواتەوە چی لێ بکات ئەی هاوار!!

1557. The library of congress has around 838 miles of bookshelves.

کۆی درێژی رەفەکانی ناو کتێبخانەی کۆنگرێس لەئەمەریکا، بێچاوێنی بێ 838 میلە!!!

1558. French author michel thaler published a 233 page novel which has no verbs.

نوسەرێکی فەرەنسی هەیە بەناوی میشێل زالەر. ئەم برادەرە رۆمانێکی 233 لاپەڕەیی بڵاوکردووەتەوە، یەك فەرمان چیە تیای نیە. پێشتر فەخامەتی جەنابم باسی رۆمانێکم بۆ کردون کە پیتی e کە یەکێکە لەبەکارهاتوترین پیتەکانی ئینگلیزی، بەهیچ شێوەیەك تێدا نیە. ئەم بێ ئیبە زۆر موهیمە بەڵام بەڕاستی ئەم رۆمانە بێ فەرمانە زۆر زۆر لەو موهیمترە.

1559. No country in the world has a lower life expectancy than the countries with the highest life expectancy in 1800.

هیچ ولاتێکی ئەم سەردەمە بەقەدەر ئەو ولاتانەی لەساڵی 1800 سوڕی ژیانی خەڵکەکەی درێژترین بووە، سوڕی ژیانی خەڵکەکەی کورت نیە.

1560. "OKAY" is a town in Oklahoma with a population of 600.

لەویلایەتی ئۆکلاهۆمای ئەمەریکا شارۆچکەیەك هەیە ناوی ئۆکەیە. ژمارەی دانیشتوانەکەی 600 کەسە.

1561. Yawning and streching at the same time is called pandiculation.

لەئینگلیزییەکەی خۆماندا بە باوێشکدان و خۆکێشانەوە لەیەك کاتدا، دەووترێت پان دیکیو لەیشن.

1562. In Iceland, books are exchanged as Christmas Eve presents, then you spend the rest of the night in bed reading them and eating chocolate. The tradition is part of a season called Jolabokafold, or the Christmas book flood because Iceland which publishes more books per capita than any other country, sells most of its books between September and November due to poeple preparing for the upcoming holiday.

لەو ئایسلەندایەی لای خۆمان، ئێوارەی جەژنی کریسمسی هەموو ساڵێك کتێب وەك دیاری لەنێوان خەڵكدا ئاڵوگۆڕدەکرێت و دواتر ئەو شەوە ئەو خەڵکە تا بەیانی هاوپێچ لەگەڵ چوکلێت خواردندا لەسەر جێگای خەوتن ئەو کتێبانە دەخوێننەوە. ئەم نەریتە بەشێکە لەچالاکییەکانی وەرزێك کە پێیدەووترێت جۆلابۆکافۆڵد یان لافاوی کتێبی کریسمس چونکە ئەم وڵاتە کە بە بەراورد بە هەر وڵاتێکی تری جیهان زۆرترین کتێب چاپدەکات، لەنێوان مانگی نۆو 11ی هەموو ساڵێك بەهۆی ئەم نەریتەوە، زۆرترین کتێبی تێدا دەفرۆشرێت و کڕیارەکانیش ئەو کەسانەن کە خۆیان بۆ ئەم وەرزە ئامادەدەکەن...

ئینجاکونێ قسە هەیەو قسە ئەبڕێ، گۆرانییەك هەیە ئەڵێ بەدەس خۆم نیە خۆشم ئەوێی، منیش کاتێك ئەم کورتیلە بابەتەم تەرجەماند، بەدەست خۆم نەبوو یەکسەر لای خۆمانم بیرکەوتەوە چونکە لای خۆشمان ئاوها کتێبدۆستین!!!!!!!

1563. IN THE CHINESE CITY OF CHONGQING, CMARTPHONE ADDICTS HAVE THEIR OWN SIDEWALK LANE.

لەشاری چۆنگکینك لەچین، ئەو کەسانەی ئاڵودەبوی مۆبایلی زیرەکن، شۆستەی تایبەت بەخۆیان هەیەو پێویستە بەسەر ئەوەدا بڕۆن.

1564. A protest in Rome, Italy, against the war in Iraq involved around 3 million people and was listed in the 2004 Guinness Book of World Records as the largest anti-war rally in history.

خۆپیشاندانێکی ئیدانەکردنی جەنگی عیراق لەشاری رۆمای پایتەختی ئیتالیا کە نزیکەی سێ ملیۆن کەس بەشدارییان تێداکرد، لەنوسخەی ساڵی 2004ی کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان، وەك گەورەترین گردبونەوەی دژەشەڕ لەمێژوودا تۆمارکراوە.

1565. The FBI recruited a mafia enforcer to help solve the slaying of three civil rights workers by the Ku Klux Klan in Mississippi in the 1960s. Gregory Scarps kidnapped a Klansman, put a gun in his mouth and forced him to reveal the spot where the three had been buried.

نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی واتە ئێف بی ئای بەو هەموو زاڵمییەی خۆیەوە نەیتوانی کەیسی کوژران و بێسەروشوێنبونی سێ کارمەندی مەدەنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن عەسابەی کەی کەی کەی لەویلایەتی میسیسیپی لەساڵەکانی شەستەکاندا حەلبکات. ناچار پەنای بردە بە ئەندامێکی جێبەجێکاری مافیایەك بەناوی گریگۆری سکارپا.

ئەم برادەرەش ئەندامێکی کەی کەی کەی رفاندو دەمانچەی خستە سەردەمی و لەژێر هەڕەشەی کوشتندا، ئەندامەکەی کەی کەی کەی ناچاربوو شوێنی ناشتنی ئەو سێ پیاوە ئاشکرابکات.

1566. President Bana, first president of Zimbabwe , passed a law forbidding citizens from making jokes about his name.

سەرۆکی زیمبابۆی ناوی بەنانایە کە بەئینگلیزییەکەی خۆمان بەمانای مۆز دێت. ئەم برادەرە یەکەم سەرۆکی ئەو وڵاتەیە کە یاسای قەدەغەکردنی نوکتەکردن لەسەر ناوەکەی، پەسەندکردووە.

1567. Over 99% of Koreans have a mutated gene called ABCC11 which alters the composition of sweat so that they do not produce body odor. Only 2% of Europeans have this same mutation.

زیاتر لە 99 لەسەدی کۆرییەکان، لادانێکی جینییان تێدایە کە پێی دەووترێت ABCC11. ئەم لادانە شازی مواسەفاتی پێداون چونکە پێکهاتەی عراقی لەشیانی بەشێوەیەك گۆڕیوە کە بۆنی نیە..

ئینجاکونێ ئەم مواسەفاتە زۆر دەگمەنە لەو ئەوروپاو مەوروپایە، ئەمان تەنها لەسەدا دویان ئەم مواسەفاتەیان هەیە.

ئەمە جەختدەکاتەوە کە کۆریا تەنها بە سامسۆنگ دنیای سەرسام نەکردووە..

1568. The first movie made about the sinking of the Titanic was released only 29 days after the event. The lead actress was an actual survivor, and suffered a mental breakdown after filming.

تائێستا چەندین فیلم سەبارەت بە روداوی تراژیدیی نقومبونی تایتانیك کە بەهۆی حوبحوبێنەوە نقومبوو و نزیکەی هەزارو پێنج سەد کەسی تێدا بونە قوربانی، بەرهەم هاتووە. یەکەم فیلمیان تەنها 29 رۆژ پاش روداوەکە نمایشکراوەو کچەئەکتەری سەرەکی ئەو فیلمە، رزگاربویەکی راستەقینەی روداوەکە بوو کە پاش وێنەگرتنی فیلمەکە توشی دارمانی عەقڵی بوو.

1569. %100 of Iceland's population has the internet, the only country in the world.

تەنها وڵات لەجیهاندا کە لەسەدا سەدی دانیشتوانەکەی عەنتەرنێتیان هەبێت، ئایسلەندایە.

پیاو هەروەها ژنیش کاتێك ئەم مەعلوماتانە لەکوردستانەوە دەخوێنێتەوە، زگمان بەخۆمان دەسوتێ!!!

1570. Research shows that just thinking about a plan B can make it less likely that you'll achieve plan B.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە تەنها بیرکردنەوە لەپلانی دوو، دەکرێ ئەگەری سەرکەوتنی پلانی یەك، کەمبکاتەوە'

1571. Katy Perry has more Twitter followers than the entire population of Canada.

ژمارەی فۆڵەوەرەکانی کاتی پێری لە تویتەر، لەژمارەی دانیشتوانی کەنەدا زیاترە˺ جا بیلموناسەبە پێری ژنە گۆرانیبێژێکی ئەمەریکییە˺

1572. Never underestimate the power of music. It'll heal your soul.

هەرگیز لەبەهای هێزی موزیك کەم مەکەرەوە، موزیك چارەسەری رۆحت دەکات˺

1573. Medical mistakes kill over 250000 americans each year. If they were a disease, they would be the 3rd leading cause of death in the US.

لەو ئەمەریکایەی لەچەندین رووەوە پۆز بەسەر هەموو دنیادا لێدەدات، ساڵانە تەنها بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە زیاتر لە 250 هەزار کەس گیان لەدەست دەدەن˺ ئەگەر ئەمە بخەینە ریزی نەخۆشییەکانەوە، ئەوا دەبێتە سێیەم هۆکاری سەرەکی مردن لەو وڵاتەدا˺

هەرچەندە ناچم بچم دیفاع لەهەڵە بکەم بەڵام دەڵێم، بۆیە ئەگەر لێرەش کابرا جارێك لەبری فلاوت لێی تێکچوو پاراستۆلێکی داپێت، نەچی بچی بیکەی بە هەرا چونکە بەس خوای گەورە هەڵەناکات˺

1574. In 2014 a cat saved its five-year-old owner (Ethan) from bullies, the bullies were teasing Ethan and when one of them shoved him on the ground the cat jumped on the boys chest and scared him off. Ever since the incident the cat sleeps outside Etharis bedroom to keep a watch.

لەساڵی 2014، پشیلەیەك توانی خاوەنەکەی کە منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵ بوو بەناوی ئیسان، لەچنگ چەند شەقاوەیەك رزگاربکات˺ ئەو سەرسەرییانە ویستیان عەزیەتی ئیسان بدەن و لەکاتێکیشدا یەکێکیان بەتوندی پاڵی پێوەنا، پشیلەکە خۆی هەڵدایە سەر سنگی ئەو پیاوەو تۆقاندی˺

جا هێشتا چیت دیوە، لەکاتی ئەو روداوەوە، ئەو پشیلەیە بەمەبەستی پاراستنی ئەو کوڕە، لەدەرەوەی ژورەکەی ئیسان دەخەوێت˺

لەبەر ئەوە نەچی بچی جارێکی تر بێژی پشیلە بێوەفایە!!!

1575. Fecal vomiting exist, and it can even result in death.

جۆرێك رشانەوە لەمرۆڤدا هەیە کە رشانەوەکەی پیسایە نەك خواردن˺ ئەم حاڵەتە مەترسیدارەو دەکرێ ببێتەهۆی مردن˺

1576. Fruit-fly sperm is 20,000 times larger than porcupine sperm.

جۆرێك مێشی بچوك هەیە کە پێیدەووترێت مێشی میوە˺ سپێرمی ئەم مێشە بیست هەزار جار لە سپێرمی سوچڕ گەورەترە بەو هەموو شان و شەوکەتەوە!!!

1577. Mice sing like birds, but humans can't hear them.

مشکیش هەروەك باڵندە دەجریوێنێ بەڵام مرۆڤی ئیشجوان ناتوانێت بیبیستێت˺

1578. The shoshinsha mark is a green and yellow symbol that new Japanese drivers must place on their cars for a year, conversely, the tukushi mark (orange and yellow) is for elderly drivers. Both marks wam other drivers that the marked driver is not very skilled due to inexperience or old age.

لەیابانە حەیاتەکە، دوو لۆگۆی تایبەتی سەیارە هەیە بەناوی شۆشینشاو فوکوشی؛ یەکەمیان رەنگی زەردو سەوزەو پێویستە هەموو شۆفێرە تازەکان بۆ ماوەی ساڵێك بیکەن بە سەیارەکانیانەوە؛ دووەمیش واتە فوکوشییەکە رەنگی پرتەقاڵی و زەردەو دەبێت شۆفێرە پیرەکان بیدەن لەسەیارەکانیان؛

بەهۆی ئەم دوو لۆگۆوە شۆفێران هەر لەدوورەوە حەزەردەکەن و دەزانن شۆفێرەکەی دەوروبەریان تازەیەو ئەزمونی نیە یان هێندە بەساڵاچووە کە رەنگە پەنێك بدات؛

بەس لای ئێمە لە کوردستان، بەڕەئی من جگە لەو دوو لۆگەیە دانەیەکی تریشمان پێویستە، ئەویش رەنگی رەش و سپی بێت و بدرێت لەسەیارەی هەندێك لەو شۆفێرە خانمانەی کە یان ئیشارەت بەدەگمەن هەڵدەکەن یان کە هەڵیانکرد بە زەحمەت دەیکوژێننەوەو وریا نەبیت شوختێکت تێدەکەن؛ بۆیە رەنگی رەش و سپیشم هەڵبژارد، بۆ ئەوەی هەمیشە ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەگەر وریا نەبیت ئەوانە زەرەرێکی وات لێدەدەن کە جەهەننەم بە رەش و سپی دەبینیت!!!

1579. Couples who have kids are less likely to get divorced, but the odds of divorce go up in case of triplets or twins.

ئەو هاوسەرانەی چەند منداڵێکیان هەیە ئەگەر جیابونەوەیان کەمترە، بەڵام ئەگەر منداڵەکانیان دوانە یان سیانە بن، ئەوا ئەگەری جیابونەوەیان بەرزە؛

1580. In America, ladies take about 3.1 years to remarry post divorce, while males take about 3.3 years to remarry.

لەئەمەریکا ئەو ژنانەی جیادەبنەوە، پاش نزیکەی سێ ساڵ و مانگێك، شودەکەنەوە، بەڵام پیاوان پاش نزیکەی سێ ساڵ و چوار مانگ ژن دەهێننەوە؛

ئەوە لە ئەمەریکا، بەڵام لێرە زۆرجار پێش جیابونەوە پرۆسەو رێکارەکانی هاوسەرگیری دووەم دەستپێدەکات، کورە هەیە خەتەکەی لەوەش سەریعترە!!!

1581. According to research, a divorce is 75% to 91% more likely if just one of the partners smokes.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەگەر یەکێك لەهاوژینەکان یان هەردوکیان جگەرە بکێشن، ئەوا رێژەی جیابونەوەیان دەگاتە لەسەدا 75 بۆ 91.

ناحەقیشیان نیە؛ جگەرە و مەشروبات و نێرگەلە کەی ئیشی مرۆڤی عەیارە 24ە!

1582. Steve Jobs's last words were "oh wow. oh wow. oh wow."

ئەخیر وشەی ژیانی ستیڤ جۆبز "ئۆو واو؛ ئۆو واو؛ ئۆو واو"بووە؛

هەرچەندە بێگومان ئەگەر شایەتومان بوایە باشتر دەبوو بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە کەسایەتییانە سودێکی زەبەلاحیان بۆ مرۆڤایەتی هەبووە، من پێشبینی دەکەم بچێتە بەهەشتەوە هەرچەندە موسڵمانیش نەبووە؟ واللە اعلم

1583. FINLAND CELEBRATES "NATIONAL SLEEPY HEAD DAY," WHERE THE LAST PERSON IN THE HOUSE TO WAKE UP IS THROWN INTO WATER BY THE EARLY RISERS.

لە فینلەندا رۆژێك هەیە بەناوی "رۆژی نیشتمانی خەواڵوو"؟ لەم رۆژەدا ئەوانەی زوو لەخەو هەڵدەستن، ئەخیر کەس کە لەخەو هەڵدەستێ هەڵدەگرن و هەڵیدەدەنە ناو ئاوەوە؟

1584. In China, you can major in bra studies.

لە چین دەتوانیت پسپۆڕی لەبواری خوێندنی تایبەت بە ستیان بەدەست بهێنیت!

وەرە 20 سی ساڵ مناڵ بەخێوکەو بچێتە زەمالەی خوێندن لە چین و دواتر کە هاتەوە پێی بڵێیت، بەخێر بێیتەوە رۆڵە، دکتۆراکەت لەچیدایە، لەوەڵامدا بڵێت☰ ستیانۆلۆجی!!! یان دواتر لەکاتی موقابەلەی تەلەفزیۆنیدا لەژێریا بنوسرێت، د؟فلان بن فلان پسپۆڕی بواری ستیانۆلۆجی!!

1585. Too much homework can cause stress, physical health problems and even alienation from society, a stanford researcher found.

لێکۆڵەرێکی زانکۆی ستانفۆرد گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە زۆر خۆ سەرقاڵکردن بە واجباتی مەدرەسیی لەماڵەوە، دەکرێ ببێتەهۆی فشاری دەرونی و کێشەی تەندروستیی جەستەیی و تەنانەت دابڕانیش لەکۆمەڵگە

1586. Mary Toft, an English woman, became the center of considerable controversy when, in 1726, she convinced doctors that she had given birth to rabbits.

لەساڵی 1726، ژنێکی بریتانی بەناوی ماری تۆفت، توانی پزیشکان قەناعەت پێبکات کە لەبری منداڵ، چەند کەروێشکێکی بووە؟ بەهۆی ئەمەشەوە مشتومڕێکی گەورەی دروستکرد؟

1587. If you starve pigs for more than three days, they'll be more than happy to eat you.

ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە 3 رۆژ بەراز برسی بکەیت، ئەوا زۆر حەز بە خواردنت دەکەن.

ناحەقیشیان نیە، کورد وتەنی برسێتی، رەگی هاری پێوەیە!!!

1588. If you are driving in Spain, you need to have an extra pair of glasses in your car even if you are already wearing one.

لەو ئیسپانیایەی لای خۆمان، فەخامەتی جەنابت لەکاتی لێخوڕینی سەیارەدا، پێویستە عەینەکێکی زیادە لەناو ئۆتۆمبێلەکەتدا بێت، تەنانەت ئەگەر عەینەکیشت لەچاودا بێت ؟

کورە بەناوی خۆم و خۆشتانەوە، قسەی قۆڕ!!!

1589. In a study, musicians had significantly faster reaction times than non-musicians for different types of stimulations.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە موزیسیانەکان کاردانەوەیان بۆ جۆرە جیاوازەکانی وروژاندن، چەند جارێك لەکەسانی تر، زیاترە؛

کەواتە خەتەرن، پێویستە بنیایەم ئاگای لەخۆی بێت لەکاتی مامەڵەکردن لەتەکیاندا!!!!!

گەلی ئەسکیمۆش سەلاجەیان هەیە بەڵام شتی تێدەکەن بۆ ئەوەی لەناو ئەو سەلاجەدا بەگەرمی بمێنێتەوە چونکە دەرەوەیان ساردترە؛

1590. The original 'Gone in 60 Seconds' has the longest car chase in movie history at 40 minutes and wrecked and destroyed 93 cars in the process.

نیکۆلاس کەیج فیلمێکی هەیە بەناوی "Gone in 60 Seconds" نوسخەی ئەسڵی ئەم فیلمە درێژترین راوەدونانی سەیارەی تێدایە لەمێژووی فیلمسازیداو ماوەکەی 40 دەقەیە؛ هەر لەکاتی ئەم فیلمەدا 93 سەیارە تێکشکاوە؛

1591. Gloria Stuart, the 1930's actress, who played the older Rose died at 100 years of age exactly like her character in the film.

1592. گلۆریا ستوارت، ئەو ژنە رۆڵی رۆزە پیرەکەی دەبینی لەفیلمی تایتانیکدا؛ عەینەن رۆزە راستەقینەکە لەتەمەنی 100 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

1593. Dogs and humans are the only two species that depend on each other for visual cues.

تەنها دوو جۆر زیندەوەر کە لەڕێگەی ئاماژەی بینینەوە پشت بە یەك دەبەستن، سەگ و مرۆڤن؛

1594. Titanic was the first movie to have two individuals nominated for an Oscar for playing the same character. Gloria Stuart and Kate Winslet were nominated (Best Supporting actress and Best actress) for Rose's role.

یەکەم فیلم لەمێژوودا کە تێیدا دوو کەس کە رۆڵی هەمان کارەکتەر ببینن بۆ خەڵاتی ئۆسکار کاندیدکرابن، تایتانیکە؛ لەم فیلمەدا هەردوو رۆزی پیرو گەنج کە یەکەمیان بۆ باشترین کچەئەکتەری یاریدەدەرو دووەمیان بۆ باشترین کچەئەکتەر، کاندیدکراون؛

1595. Most of the ocean that the Titanic passengers jump into is only a large, 3-feet-deep pool.

زۆربەی ئەو بە حساب زەریایەی کە سەرنشینەکانی کەشتی تایتانیکی تێدا نقومبون لەفیلمی تایتانیك، لەڕاستیدا حەوزێکی گەورە بوو بوو کە قوڵییەکەی کەمتر بووە لەتەنها یەك مەتر!

بەڵام کامیرۆن و برادەرانی تر هێندە لێهاتوانە ئەو کارەیان کرد کە نەك هەر هەست بەوە ناکرێت بەڵکو هەتاهەتایە ناخ دەهەژێنێت و فرمێسك لەچاو دەبارێنێت؛ پێشموانیە تەنانەت بەزمی بەزمیش بتوانێت موناقەسەی بکات!!!!!

1596. Tihar is a festival in Nepal that devotes a whole day to thanking these animals for their loyalty and friendship.

لە نیپاڵ فیستیڤاڵێك هەیە بەناوی تیهار. لەم رۆژەدا خەڵكی ئەو وڵاتە، لەمیانەی ئاهەنگێكدا رێزێكی تایبەت لەسەگەكانیان دەگرن.

بەنیسبەت ئێرەوە من پێمباشە ساڵانە چەند ئاهەنگێكی قۆڕو قەڵب و بێمانا كە ئێستا سازدەكرێ، هەڵبووەشێنرێتەوەو لەبری ئەوە بۆ نمونە فێستیڤاڵێك بەناوی "هەمومان كەرین" سازبكرێ لەپای ئەو رۆڵە ئیجابییەی كەر گێڕاویەتی لەمێژووی كورددا !!!

1597. There are 5 to 7 calories in a teaspoon of semen.

یەك كەوچكەچا تۆوی مرۆڤ تەنها پێنج بۆ حەوت كالۆری تێدایە؟

1598. Mitsubishi had to change the name of its Pajero model in Spanish-speaking countries, where it means "wanker."

كۆمپانیای میتسوبیشی ناچاربوو ناوی مۆدێلی سەیارەی پاجیرۆ لەو وڵاتانەدا بگۆڕێت كە بە ئیسپانی قسەدەكەن، چونكە ئەم وشەیە لەو زمانەدا مانایەكی هێندە قۆڕی هەیە كە وشەكانی شئێخ رەزای تاڵەبانی بەچاوییەوە پەندەكانی پیرەمێردە!!!

1599. Webcams were invented because some computer scientists were too lazy to get up to check if their coffee was done.

هۆكاری داهێنانی وێبكام واتە كامێرای كۆمپیوتەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەندێك لەزانایانی كۆمپیوتەر هێندە تەممەڵ بوون كە تاقەتیان نەبوو هەڵسن و بچن بزانن قاوەكانیان پێگەیووە یان نا؟

ئەم تەممەڵییەش نیعمەتە!!!!

1600. January is named after Janus, the Roman God of two faces, one that looks back to the past and the other that looks forward to the future.

جانیوەری واتە مانگی كانونی دووەم بەناوی جانوسەوە ناونراوە كە خوای رۆمانەكان بووەو دوو دەموچاوی هەبووە، یەكێكیان سەیری رابردووی كردووەو ئەوی تریان سەیری داهاتووی كردووە؟

1601. In Russia, there's a monument dedicated to laboratory mice as an expression of gratitude for the animals' sacrifice and to honor their contributions to science.

وەك رێزو پێزانینێك بۆ مشكی تاقیگەو پیرۆزڕاگرتنی ئەوانەیان بونەتە قوربانی لەپێناو پێشخستنی زانستدا، لەو روسیایەی لای خۆمان پەیكەرێكی گەورە بۆ مشك دروستكراوە؟

بەلای منەوە حەقی خۆیەتی و كارێكی جوانە.

---

1602. President William McKinley believed in lucky charms and he almost always wore a red carnation on his lapel. In 1901, he removed his flower

to give it to a little girl while greeting a crowd, and he ended up getting shot by an assassin just a few seconds later.

ولیەم مەکینلی کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا، بڕوای بە بەخت و ئەو شتە قۆڕانە هەبووە. بۆیە زۆربەی کات گوڵێکی تایبەتی بە یەخەوە بووە. بەڵام لەساڵی 1901 ئەو گوڵەی لەیەخەی کردەوە بۆ ئەوەی بیدات بە کیژۆڵەیەکی بچکۆلانە، ئینجاکونێ سەرتان نەیەشێنم هەر چەند چرکەیەك دوای ئەوە، لەلایەن پیاوکوژێکەوە تیرۆرکرا .

ئەم برادەرە باشتر بناسە:

بیست و پێنجەمین سەرۆکی ئەمەریکا بووە. لە 29-1-1845 لەویلایەتی ئۆهایۆ لەدایکبووە. کۆتا سەرۆکە کە بەشداری لەشەڕی ناوخۆی وڵاتەکەیدا کردووە. درێژیەکەی 5 پێ و 7 ئینج بوە. لە 14-9-1901 لەویلایەتی نیۆرك تیرۆرکراوەو لەویلایەتی ئۆهایۆ بەخاك سپێردراوە. تەمەنی 58 ساڵ و 228 رۆژ بووە. ماوەی سەرۆکایەتی: 4-3-1897 تا 14-9-1901 (4 ساڵ و 6 مانگ و 10 رۆژ). هۆکاری جێهێشتنی سەرۆکایەتی: تیرۆرکرا.

1603. Marie Antoinette's last words were "Pardon me sir. I meant not to do it," when she accidentally stepped on the foot of her executioner after climbing the scaffold at her beheading.

لەکاتێکدا کۆتاشاژنی فەرەنسا مارییێ ئەنتوانێت چووە سەر قەنارەی لەسێدارەدان بۆ ئەوەی بە سەربڕین ئیعدامی بکەن، قاچی نا بە قاچی ئەو کەسەی کە

سزاکەی، جێبەجێکرد، بۆیە پێی وت: ببورە قاچ پێدانانەکەم بە ئەنقسەت نەبوو. ئەمەش کۆتا قسەی ئەو ژنەیە لەژیاندا.

1604. Over 4,500 McDonald’s burgers are eaten around the world every minute.

هەموو دەقەیەك، لەسەرتاسەری جیهاندا، زیاتر لەچوار هەزارو 500 لەفەی فەلافل، ببورن لەفەی زنجیرە خواردنگەی ماکدۆناڵد دەخورێت!

خوا پێم نەگرێ و زاکیرەم خیانەتم لێنەکات، وابزانم بەندەی موخلیستان تائێستا تەنانەت یەك لەفەی ماکدۆناڵدم نەخواردووە!

1605. Between 1300 and 1650, up to 500,000 Europeans (mostly women) were executed for allegedly practicing witchcraft.

لەنێوان ساڵی 1300و 1650 نزیکەی نیو ملیۆن ئەوروپی کە زۆربەیان ژن بوون، بەتۆمەتی سیحربازی، لەسێدارەدراون.

1606. In 16th century Europe, it was believed that eating a tomato could turn you into a werewolf.

لەسەدەی 16 هەمدا لەئەوروپا، خەڵك بڕوایان وابووە کە دەکرێ خواردنی تەماتە مرۆڤ بکات بە گورگ.

1607. Bill and Hillary Clinton were among the 350 guests at Melania and Donald Trump's wedding.

بیڵ کلینتۆن و هیلاریی ژنی، دوان بوون لەو 350 میوانەی ئامادەی ئاهەنگی هاوسەرگیریی دۆناڵد ترەمپ و مێلانیای هاوسەری بوون.

1608. Two of the most effective treatments for battling depression are exercise and spending time with pets.

وەرزشکردن و کات بەسەربردن لەگەڵ زیندەوەرە ماڵییەکان، دوان لەکاریگەرترین چارەسەرەکانن بۆ روبەڕوبونەوەی خەمۆکی و نقومبونی کەشتی!!!

کەواتە هەرچی زووە سەرو توتی یان مەیمون بکڕین!!!

1609. AT OVER 162.6 HA [401 ACRES), THE HINDU TEMPLE ANGKOR WAT IN CAMBODIA IS THE LARGEST RELIGIOUS STRUCTURE IN THE WORLD.

گەورەترین باڵەخانەی ئاینی لەجیهاندا پەرستگایەکی هندۆسەکانە لە کەمبۆدیا. روبەرەکەی زیاتر لە 401 ئەکرەیە. ئینجاکونێ قسە هەیەو پشتەملی قسە بەدوای خۆیدا رائەکێشێ، هەر ئەکرەیەك نزیکەی چوار هەزارو 47 مەترەدوجایە. ئیتر خۆتان وەکیل بن!

1610. In a highly shocking and disturbing statistic, one person is killed every single hour within the United States thanks to the antics of a drunk driver.

لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، هەموو سەعاتێك کەسێك بەهۆی قۆڕییاتی شۆفێری سەرخۆشەوە، گیان لەدەست دەدات..

1611. It took Tokyo 3 hours before they realized Hiroshima had been destroyed.

خەڵکی تۆکیۆی پایتەختی یابان، پاش سێ سەعات زانییان کە هێرۆشیما بە چەکی ئەتۆمی لێیدراوە.

1612. U.S. President Lyndon Johnson had an amphibious car and would scare guests by driving into a lake while shouting about malfunctioning brakes.

لیندۆن جۆنسن کە یەکێکە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا، سەیارەیەکی وشکاوەکی هەبووە. دەچوو میوانەکانی سواردەکردو دەچوونە ناو دەریاچەوەو دواتر لەناو ئاوەکەدا بەدرۆ هاواری دەکردو دەیوت ئیستۆپەکەی خەلەلی تێکەوتووە. بەکوردییەکەی خۆمان پێی رادەبواردن بۆ ئەوەی بیانتۆقێنێت.

ئەم برادەرە باشتر بناسە:

لیندۆن جۆنسن 36هەمین سەرۆکی ئەمەریکا بووە. لە 7-8-1908 لەویلایەتی تەکساس لەدایکبووە. لەتەمەنی دووساڵیدا فێری پیتەکانی ئەبجەدی بووە. پێش ئەوەی بچێتە ناو دونیای سیاسەتەوە، مامۆستا بووە. درێژییەکەی

6 پێ و 3 ئینج بووە. لە 22-1-1973 کۆچیدوایی کردوەو لەنزیك شاری جۆنسن بەخاك سپێردراوە. ماوەی سەرۆکایەتی: 22-11-1963تا 20-1-1969 (5 ساڵ و 1 مانگ و 29 رۆژ). هۆکاری جێهێشتنی سەرۆکایەتی: خۆی کاندید نەکردەوە .

1613. In Florida, which is home to more than 70 different types of snake, 500 times as many people are bitten by dogs as by snakes.

لەو فلۆریدایەی لای خۆمان زیاتر لەحەفتا جۆر ماری تێدایە، بەڵام سەرباری ئەوەش مرۆڤ 500 ئەوەندەی مارپێوەدان، لەلایەن سەگەوە گازیان لێدەگیرێت.

1614. Despite sharing a stomach, two-headed snakes will fight each other for food.

ماری دووسەر هەرچەندە یەك مەعیدەیان هەیە بەڵام لەسەر خواردن، شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن.

ئیحتیمالی هەیە ئەم عادەتە قۆڕە لەمرۆڤەوە فێربوبن چونکە مەعلومە پێشینانی مرۆڤی ئیشقۆڕ نەك هەر بەوتە بەڵکو بە عەمەل سەلماندویانەو وتویانە: برامان برایی بەڵام بەخوا لەسەر یەك پارچەزەوی بێفەڕ مەناعەتم نیە حەفتاوپێنجییەکت تیا خاڵی بکەمەوە!

1615. There is no evidence that cursive has any benefits over other handwriting styles for the majority of children with normal development.

بەگوێرەی لێکۆڵەران، ئەو کێرسڤەی بەمناڵی لەمەکتەب مێشکی ئێمەیان پێ هین کردبوو و گیرمان خواردبوو بەدەستییەوە، هیچ بەڵگەیەك نیە کە بیسەلمێنێت سودی هەیە لەچاو ستایڵەکانی تر لەناو زۆربەی ئەو منداڵانەی گەشەکردنیان ئاساییە.

1616. On the California side of the U.S.-Mexico border, there's a town called Calexico, and on the opposite side there's a town called Mexicali.

لەناوچەی کالیفۆرنیای ئەمەریکا، بەدیاریکراوی لەسنوری لەگەڵ مەکسیك، شارۆچکەیەك هەیە بەناوی کالێکسیکۆ، لەهەمان ناوچە بەڵام لەدیوی مەکسیکەوە شارۆچکەیەك هەیە بەناوی مەکسیکالی.

1617. Rats and mice alone eat or spoil 20 percent of the world's food supply.

e. لەسەدا 20ی خواردنی ناو کۆگاکانی هەموو جیهان، لەلایەن مشك و جرجەوە دەخورێن یان خراپ دەکرێن.

1618. 18 U.S. states ban or restrict car sales on Sundays.

لەکۆی پەنجا ویلایەتەکەی ئەمەریکا، لە 18یان فرۆشتنی سەیارە لەڕۆژانی یەکشەممە قەدەغەیە یان کۆت و بەندی زۆری لەسەرە.

1619. 18-year-old William Shakespeare married an older woman who was three months pregnant at the time.

ولیەم شکسپیر لەتەمەنی 18 ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی بەتەمەنتر لەخۆیکردووە کە لەوکاتەدا سکی سێ مانگ بووە. واتە کارئاسانیشی بۆ کردووە!!!

1620. DONALD TRUMP HAS BEEN PERSONALLY SUED MORE THAN 70 TIMES IN FEDERAL COURT SINCE 2000.

لەساڵی 2000ەوە، دۆناڵد ترەمپ، زیاتر لە 70 جار شکاتی لێکراوە.

1621. Winston Churchill and Charlie Chaplin were good friends.

وینستۆن چەرچڵ و چارلی چاپڵن هاوڕێی نزیکی یەکتر بوون.

1622. 9% of Americans have used their phones during sex and 12% in the shower.

لەسەدا نۆی ئەمەریکییەکان لەکاتی سێکسدا تەلەفۆنەکانیان بەکاردەهێنن و لەسەدا 12شیان لەکاتی خۆشتندا بەکاری دەهێنن..

1623. The death of a loved one makes you up to 21 times more likely to suffer a heart attack within a day of your loss.

مەرگی خۆشەویستێکت ئەگەری لێدانی جەڵدەی دڵت لەماوەی یەکەم رۆژی پاش مەرگەکە، بەرێژەی 21 ئەوەندە، زیاددەکات..

یا رەببی خوایە بەو جۆرە مەرگ و جەڵدەیە تاقیمان نەکەیتەوە..

1624. If you don't get enough sleep per day (7+ hours), you will be more likely to cheat, lie and steal.

ئەگەر رۆژانە وەك پێویست نەخەویت (زیاتر لەحەوت سەعات) ئەوا ئەگەری فێڵکردن و درۆکردن و دزینت زیاترە. واتە بە کوردییەکەی خۆمان دەست دەدەیتە کاری بێناموصی!

1625. 80% of millionaires drive used cars.

لەسەدا 80ی ملیۆنەرەکان سەیارەی دەسی دوو بەکاردەهێنن نەك کیلۆمەتر سفر. کە گونحان، نیانە!!!

1626. Soccer player Cristiano Ronaldo gave his agent a Greek island as a wedding present.

ئەبو پۆز (کریستیانۆ رۆناڵدۆ) لەحەفلەی هاوسەرگیری بریکاری کارەکانیدا، دورگەیەکی یۆنانی وەك دیاری پێشکەشکرد.

من بم لەجیاتی مێسی لەحەفلەی هاوسەرگیریی وەکیلەکەمدا، دوو دوورگەی نیوزلەندای بە هەدیە بۆ دەبەم بەشکم دڵی رۆناڵدۆ بتەقێ!!!

1627. J. R. R. Tolkien typed the entire 1,200-page manuscript of The Lord of the Rings trilogy with two fingers.

جەی ئاڕ ئاڕ تۆلکین هەموو دەسخەتی سیناریۆی زنجیرەفیلمی "پادشای ئەڵقەکان" کە لەسێ فیلم پێکهاتووەو هەزارو 200 لاپەڕەیە، بە تەنها دوو پەنجە تایپکردووە.

1628. A man in Washington State was jailed in 2017 after mistakenly texting instructions to kill his wife and daughter to his former boss rather than the hitman.

لەساڵی 2017 لەو ویلایەتی واشنتۆنەی لای خۆمان پاش ئەوەی پیاوێك بەهەڵە تەعلیماتی پەیوەست بە کوشتنی ژن و کچەکەی بەنامە نارد بۆ مدیرەکەی نەك پیاوکوژە بەکرێگیراوەکەی، دەستگیرکرا.

1629. The average incomes of British pensioners are higher than those of working-age Britons.

داهاتی بریتانییە خانەنشینکراوەکان لەوانەیان زیاتر کە لەتەمەنی کارکردندان.

1630. ."I never said she stole my money" has 7 different meanings depending on which word is stressed when you speak it aloud.

"هەرگیز نەمفەرمووە ئەو پارەکەی دزیوم". ئەم رستەیە بە زمانی ئینگلیزی تاڕادەیەکی زۆر بەسیت دیارە. بەڵام لەڕاستیدا بەگوێرەی سترێس خستنە سەر وشەکانی، حەوت مانای جیاوازی هەیە. بێگومان بۆ کوردیش تاڕادەیەك ئەمە راستە.

1631. If a person's body odour smells good to you, it means that their immunity genes are opposite to yours. This allows higher chances of people with opposite immunity genes to mate, resulting in offspring with stronger immune system.

ئەگەر بۆنی جیسمی کەسێك بەلاتەوە خۆش بوو ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە جینەکانی پەیوەست بە بەرگریی ئەو کەسە، پێچەوانەی ئەوانی تۆیە. جوتبون لەگەڵ کەسانی جیاواز لەڕوی جیناتی بەرگرییەوە، هەلێکی زیاتر دەدات بە لەدایکبونی نەوەیەکی خاوەن کۆئەندامێکی بەرگریی بەهێزتر لەکەسانی تر. بۆیە ئەگەری کەسێکی وات بەدیکرد، هەتا زووە بیکەپڵێنە لەتەکیا (تەبعەن بەڕەسمی).

1632. Cheating and creating cheats for online games is officially a crime in south Korea.

لەکۆریای باشور، فێڵکردن و دروستکردنی فێڵ لەیارییە ئۆنلاینەکاندا، بەڕەسمی تاوانە.

1633. Loneliness causes people to take longer baths/showers, sleep longer and over think more.

تەنیایی دەبێتەهۆی ئەوەی مرۆڤ زیاتر لەحەمام و توالێت بمێنێتەوەو زیاتر بخەوێ و زۆر بیربکاتەوە.

1634. Top 3 lies people tell: 1) I'll be there in 5 minutes. 2) I never got that text. 3) I'm on my way.

سێ زۆرترین درۆ کە مرۆڤ دەیکات: پێنج دەقەی تر لەوێم، هەرگیز ئەو نامەیەم پێنەگەیشتووە، بەڕێوەم..

1635. The average person can only remember about 60% of what happened to them yesterday.

بەگشتی مرۆڤی ئاسایی تەنها نزیکەی لەسەدا 60ی ئەو شتانەی بیردەمێنێت کە دوێنێ بەسەری هاتووە.

1636. An unborn baby can taste what it's mother is eating and develop a preference for the foods that she eats.

کۆرپە پێش پێش لەدایکبون، تامی ئەو خۆراکە دەکات کە دایکی دەیخوات. لەوەش زیاتر ئەوەیە کە هەر لەناو سکی دایکییەوە ئەو خواردنانەی لا خۆشەویست دەبێت کە دایکی دەیانخوات .

ئەم فاکتە بۆ ئەم قەیرانی داراییە زۆر بەسودە چونکە دایکانی دوگیان دەتوانن لەکاتی دوگیانیدا وەك سیاسەتێکی تەقەشوف زیاتر نان و ماست یان نان و چا بخۆن بۆ ئەوەی دواتر منداڵەکەیان نان و ماستێکی لەپیتزایەك بەلاوە خۆشتر بێت و نان و چایەك نەگۆڕێتەوە بە قوزییەك و مەسرەفی سوك بێت!!!

1637. In Hong Kong, more than 300,000 domestic helpers – mostly Filipina and Indonesian women – work up to 18-hour days, 6 days a week, for just HK$4,310 (US$ 555) a month.

لە هۆنگ کۆنگ، زیاتر لە 300 هەزار یارمەتیدەری کاری ناوماڵ کە زۆربەیان ژنی فلیپینی و ئیندۆنوسین، هەموو هەفتەیەك شەش رۆژو هەر رۆژێك 18 سەعات کاردەکەن لەبەرامبەر موچەی مانگانەی تەنها 555 دۆلار.

1638. The Pentagon had separate bathrooms for blacks and whites when it opened in 1943.

پنتاگۆن واتە باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا کاتێك ئیفتیتاح کرا لەساڵی 1943، توالێتی سپیپێست و رەشپێست جیابوو.

ئەمەش ئیشی ئەمەریکای دایکی یەکسانی و ئازادی و وشە زلەکانی تر!!

1639. The thorny devil lizard drinks water through its skin and has a false head on the back of its neck to confuse predators.

جۆرێك قۆڕی هەیە پێیدەووترێت قۆڕی شەیتانی دڕکاوی. ئەم جۆرە ئاو لەڕێگەی پێستەوە دەخواتەوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە سەرێکی ساختەی هەیە لەدواوەو بۆ سەرلێشێواندن لەڕاوکەرەکانی، بەکاریدەهێنێت.

رەنگە زاراوەی "عەی لەو بێناموصەی!" لەدوو شتی واوە سەرچاوەی گرتبێط!!!

1640. The tongue of a blue whale weighs as much as a fully grown African elephant!

نەهەنگی شین هێندە گەورە کە تەنها کێشی زمانی بەقەدەر هی فیلێکی ئەفەریقی تەواو پێگەیشتوو، دەبێت.

1641. 75% of the U.S. public say that Christians who commit violence aren't really Christian, while just 50% say the same about Muslims who commit violence.

لەسەدا 75ی خەڵکی ئەمەریکا دەفەرمون ئەو مەسیحییانەی کاری توندوتیژی ئەنجامدەدەن، مەسیحیی راستەقینە نین. بەڵام تەنها لەسەدا پەنجایان هەمان قسە سەبارەت بەو موسڵمانانە دەکەن..

ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە نەك تەنها ترەمپە سەرپەموو بەڵکو نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە حیقدیان بەرامبەر موسڵمان هەیە ئەگینا مەعلومە کە موسڵمانی راستەقینەش هەروەك مەسیحیی راستەقینە، کاری توندوتیژی لێناوەشێتەوە.

1642. Marco Polo's trip across Asia spanned 24 years and he didn't travel alone; he went with his father and uncle.

گەشتەکەی مارکۆ پۆلۆ لەسەرتاسەری ئاسیا 24 ساڵی خایاندووە. سەیرەکە لەوەدایە کە بەدێژایی ئەو گەشتە دورو درێژە تەنها نەبووە بەڵکو باوك و مامیشی لەتەك خۆی، بردووە.

پیاو راست بڕواو ژن درۆنەکا، گەشتکردن لەتەك باب و مام بەتایبەت دووەمیان تاقەتێکی عەنتیکەی گەرەکە!!!

1643. Richard Milhous Nixon (who resigned when facing impeachment) and William Jefferson Clinton (who faced an impeachment trial in 1998) are the only US Presidents whose full names contain all the letters to spell the word ‘criminal'.

ریچارد میڵهەو نیکسۆن کە پاش ئەوەی بەهۆی بێعەیەبییەکی سیاسییەوە بەڕەسمی تۆمەتبارکرا دەستی لەکارکێشایەوەو بیڵ جێفریسۆن کلینتۆن کە لەساڵی 1998 بەهۆی بێعەیەبییەکی رۆمانسییەوە دادگاییکراو لەسەر ماچ و موچ کردیان بە فلیمی هندی، تەنها دوو سەرۆکی ئەمەریکان کە سپێڵی ناوەکانیان هەموو ئەو حەرفانەیان تێدایە کە وشەی criminalی پێکدەهێنن کە بەمانای تاوانکار دێت.

1644. The age where half the U.S. population is younger than you and half is older than you is 37.

ئەگەر تەمەنی شەریفت 37 ساڵ بێت، ئەوا نیوەی دانیشتوانی ئەمەریکا لەتۆ گەنجترن و نیوەکەی تریشی لەتۆ پیرترن.

1645. 75% of the population of Venezuela lost at least 19 pounds in 2016 due to a lack of proper nutrition amid an economic crisis.

لەساڵی 2016، لەسەدا 75ی خەڵکی ڤەنزوێلا بەهۆی ئەو کەمی خۆراکە گونجاوەی لەئەنجامی قەیرانی ئابورییەوە دروستبووە، نزیکەی نۆ کیلۆگرام لەکێشی لەشیان کەمی کردووە.

1646. Victorian families often kept hedgehogs in kitchens as a form of pest control, as they eat insects.

لەکۆندا خێزانەکانی ڤیکتوریا ژیژکیان بەخێوکردووەو وەك قڕکەری مێرووەکان لەچێشتخانەکان، بەکاریان هێناوە چونکە ئەم زیندەوەرە مێرووخۆرە.

1647. Some people never develop fingerprints.

هەندێك کەس هەن پەنجەمۆریان نیەو هەرگیز ناشیان بێت.

1648. ANDERS BREIVIK, A NORWEIGAN MAN CONVICTED OF KILLING 69 CHILDREN, THREATENED TO GO ON A HUNGER STRIKE IF HIS PRISON CELL'S PLAYSTATION 2 WASN'T UPGRADED TO PS3.

تاوانبارێکی نەرویجی هەبوو بەناوی ئەندرێس برێڤیك. ئەم موجریمە بە تاوانی کوشتنی 69 منداڵ ئیدانەکرابوو. لە سجن هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر پلەی ستەیشنە دووەکەی بۆ نەکەن بە ps3، مان لەخواردن دەگرێت و تا نەمرێت لەبرسا مانەکە ناشکێنێت..

1649. Irene Triplett, an 86-year-old daughter of a Civil War veteran, still collects her father's pension of $73.13 a month. That war ended in 1865.

ژنێکی ئەمەریکی هەیە بەناوی ئیرێن پلێتەو تەمەنی 86 ساڵە. ئەمە کچی جەنگاوەرێکی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکایە. ئەم جەنگە لەساڵی 1865 واتە زیاتر لە 150 ساڵ لەمەوبەر کۆتایی هاتووە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئەم ژنە تائێستاش موچەی خانەنشینیی باوکی وەردەگرێت کە 73 دۆلارو 13 سەنتە بۆ مانگێك.

1650. When Facebook acquired Instagram for about $1 billion, the company had just 13 employees.

کاتێك فەیسبوك ئینستاگرامی بە یەك ملیار دۆلار واتە سەد هەزار دەفتەری صەیی کڕی، کۆی کارمەنداني ئەم کۆمپانیا یەك ملیار دۆلارییە، تەنها 13 کەس بوو!

ئەوە ئەو کۆمپانیایە لای خۆمان بوایە 13 بەس سکرێترەی هەبوو، 13 کارمەندی تری هەبوو کە فەزایی بوون و تەنها موچەیان وەردەگرت و هیچی تر، 13ی تری هەبوو کە لەماڵەوە دەوامیان دەکرد، 13ی تری هەبوو کە خزم و کەس و کاری خاوەنەکەی بوون، 13ی تری هەبوو کە.... کورە هەر هیچ نەڵێم باشترە!!!

1651. If it ever went up for sale, the White House would cost anywhere from $90 to $369 million.

ئەگەر کۆشکی سپی بخرێتە بەر فرۆشتن، ئەوا بەپێی ئەو شوێنەی تێیدا دەخرێتە بەر فرۆشتن،90 دۆلار تا 69 ملیۆن دۆلار دەکات.

1652. SATURN'S RINGS ARE YOUNGER THAN THE DINOSAURS. THEY WERE LIKELY FORMED JUST 100 MILLION YEARS AGO.

ئەڵقەکانی دەوروبەری هەسارەی زوحەل لەدەیناسورەکان گەنجترن. کورە هەر زۆر گەنجن و تەمەنیان بۆ تەنها 100 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

ڕەنگە هەندێکتان بیرتان بێت بەس ئەو کاتە مناڵ بوون!!!

1653. A MALAYSIAN WOMEN SPENT OVER A month IN A BOX FULL OF OVER 6,000 SCORPIONS. SHE ONLY GOT STUNG 7 TIMES.

ژنێکی مالیزی زیاتر لەمانگێکی لەناو سندوقێکدا بەسەربرد کە زیاتر لە شەش هەزار دوپشکی تێدا بوو. ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە لەو هەموو ماوەیەدا، دوپشك تەنها حەوت جار پێوەی دا .

1654. Tesla is so sure of its cars' safety features; the company has started offering a lifetime insurance package at the time of purchase.

کۆمپانیای تێسلا هێندە دڵنیایە لەتایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە سەلامەتی سەیارەکانی، کە ئەگەر کەسێك سەیارەیەکیان لێبکڕێت ئەوا پاکێجێك گەرەنتیی پەیوەندیداری پێدەدەن کە تا هەتاهەتایە بەردەوامە واتە بۆ ساڵ و دوو ساڵ و ئەوانە نیە.
با ئاسانتری کەم، بەفشەی خۆیان ئەگەر سەیارەیەکی تێسلات پێبێت و بۆ نمونە دەعمێك بکەیت و سەیارەکەت ببێ بە لوقمی شروبی، لەو حاڵەتەشدا خۆت هیچت لێ نایەت و نامریت مەگەر سایەقی سەیارەی بەرامبەر بۆت بێتە دەرەوەو هەتا هێزی تیایە تالیبەرێك بدا بە سەری شەریفتا!!!

1655. That a honeybee has the same amount of hairs as a squirrel: 3 million. Whereas the human head, as a comparison, has just 100,000 hairs.

ژمارەی تاڵەموورەکانی هەنگی هەنگوین بەقەدەر هی سمۆرە دەبێت کە سێ ملیۆنە. بەڵام هی سەری مرۆڤ تەنها سەد هەزارە.
هەرچەندە جەختدەکەمەوە کە مەعلوماتەکانی بەندەی موخلیستان رێژەی نەگۆڕئاسان و بەشەرتن و گرەنتییان لەگەڵدایە، بەڵام ئەگەر کەسێك خوا بەو رۆژێ نەکاو گوێی شەیتان کەڕبێ و چاویشی کوێر بێ و هەر چوار پەلیشی بشکێ، گومانی هەبوو لەم زانیارییە، ئەوە دەتوانێت بیژمێرێت بۆ دڵیابون.

1656. Mikhail Kalashnikov, inventor of the AK-47, greatly regretted having invented the weapon and once said "I would prefer to have invented a machine that people could use and that would help farmers with their workds_ for example, a lawnmower."

میخائیل کلاشینکۆف واتە داهێنەری تفەنگی ئەی کەی 47 کە بە کلاشینکۆف ناسراوە، دواتر زۆر زۆر پەشیمان بوو لەو داهێنانەو جارێکیان فەرموی: دەبوو مەکینەیەکم دابهێنایە کە خەڵك بیانتوانیان سودی لێببینن و یارمەتی جوتیاران بدات لەکارەکانیاندا، بۆ نمونە دەبوو مەکینەیەکی گیادرونم دابهێنایە".

1657. In 1518, there was a "Dancing Epidemic" occurred in Strasbourg, 400 people danced uncontrollably for one month and died of heart attack.

لەساڵی 1518 لەشاری ستراسبۆرگ، حاڵەتێکی سەیر رویدا کە ناونرا پەتای دانس. لەمیانەی ئەو پەتایەدا چوار سەد کەس بۆ ماوەی مانگێك خۆنەویستانە دانسیان کردو دواتر هەر هەموویان بە جەڵدەی دڵ عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشت.

1658. France has trained d'Artagnan, Athos, Porthos, and Aramis—four golden eagles—to destroy drones.

فەرەنسا چوار هەڵۆی ئاڵتونی لەسەر تێکشکاندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان راهێناوە.

1659. Montpelier, Vermont is the only United States capital without a McDonalds.

لەناو پایتەختەکانی ویلایەتەکانی ئەمەریکادا، تەنها یەکێکیان زنجیرەی خواردنگەی ماکدۆناڵدی تێدا نیە، ئەویش مۆنتپێلیەرە کە پایتەختی ویلایەتی ڤێرمۆنتە.

1660. Theodore and Eleanor Roosevelt, Winston Churchill, and Henry Truman, all reported sightings of Abraham Lincoln's Ghost at the White House.

تیۆدۆر رووزڤڵت و هاری ترومان کە دوو سەرۆکی ئەمەریکا بوون، ژنەکەی رووزڤڵت، وینستۆن چەرچڵ کە سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بووە، هەموو ئەمانە دەفەرمون تارمایی ئەبراهام لینکۆڵنیان لە کۆشکی سپی بینیوە. جا بیلموناسەبە ترومانە ئیشقۆڕ بوو کە فەرمانیدا یابان بە چەکی ئەتۆمی لێی بدرێت و چەرچڵە ئیشقۆڕیش یەکێك بوو لەگەرمکەرەکانی جەنگی جیهانی دووەم. بەڵام بە گەردنم لینکۆڵن پیاوبووە بەمانای کەلیمەو یەکێکە لەمەزنترین سەرۆکەکانی ئەمەریکاو رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەلەناوبردنی کۆلایەتی و یەکێکە لەو چوار سەرۆکەی ئەمەریکا کە تیرۆرکراون.

1661. OF THE 967 PEOPLE WHO DIED IN JAIL IN THE U.S. IN 2013, 76% HAD NOT BEEN CONVICTED OF A CRIME.

هەرچەندە زەریایەك سوپاس بۆ ئەمەریکا کە عیراقی لەچنگی سەدام حسێن رزگارکرد بەڵام لەڕوی ئازادی و دیموکراسی و چەمکە زلەکانی ترەوە خۆی ئەوەندە شەریف نیەو تۆماری رەشە. ئەوەتا لەکۆی 967 زیندانیکراوی ئەو وڵاتە کە لەساڵی 2013 لەزیندان گیانیان لەدەستداوە، لەسەدا 76یان بەهیچ تاوانێك ئیدانە نەکرابوون.

1662. HALF OF YOUR BRAIN STANDS GUARD WHEN YOU ARE SLEEPING IN A NEW PLACE FOR THE FIRST TIME.

کاتێك بۆ یەکەمجار لەشوێنێك دەخەویت، تەنها نیوەی مێشکی شەریفت دەخەوێت. نیوەکەی تری بەئاگایە . ئەمە بۆیە هەندێك کەس دەڵێن بمکوژن و بمبڕن لەهیچماڵێکی تر خەوم لێناکەوێت. شایانی باسە من هێندە نازو نوزم نیە بەڵام بە عام حەزدەکەم لەهەر شوێنێك بم ئەگەر بکرێ بگەمە ماڵەوەو شەو لەماڵی خۆمان بخەوم.

1663. Traffic accidents kill 1.25 million poeple per year.

ساڵانە تەنها بەهۆی روداوی هاتوچۆوە ملیۆنێك و 250 هەزار کەس گیان لەدەست دەدەن.

1664. Saudi Arabia officially classifies atheism as terrorism.

سعودیە بەڕەسمی بێباوەڕی واتە ئیلحادی وەك تیرۆریزم پۆلێنکردووە.

بێگومان وەك هەر موسڵمانێکی تر حەزناکەم کەس مولحید بێت بەڵام هاوکات پێموایە ناساندنی بێباوەڕی بە تیرۆریزم خۆی لەخۆیدا تاوانەو دەسەڵاتدارە موجریمەکانی سعودیە خۆیان سەرچاوەی تیرۆریزمی راستەقینەن نەك کەسێك کە بەبێ دەنگی بێدین بێت.

1665. THE MILLENNIUM PRIZE IS A USS 1 MILLION AWARD GIVEN TO WHOEVER CAN SOLVE ANY 1 OF 7 MATH PROBLEMS, BUT TO DATE ONLY 1 OF THE PROBLEMS HAS BEEN SOLVED.

.1666 لەجیهاندا حەوت پرسیاری قورسی بیرکاری هەس هێندە قورسن کە هەر کەس بتوانێت هەر یەکێکیان حەل بکات خەڵاتی یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەری سەیی پێدەدرێت. تا ئەم لەحزەیە توانراوە تەنها یەکێك لەو پرسیارانە حەلبکرێت.

1667. Sharks have the best immunity to diseases than are known to man and deadly diseases like cancer do not affect them at all.

قرش باشترین بەرگریی لەشی هەیە لەدژی نەخۆشی بە بەراورد بە مرۆڤ و نەخۆشییە کوشندەکانی وەك شێرپەنجە کە ئێمەی مرۆڤ تەنها بەناو هێنانی نیگەرانین، هەرگیز کاری تێناکات.

1668. A man in Shaanxi, China, recently realized that the long-handled, blunt-ended object he'd been using for 25 years to crack walnuts was actually a live hand grenade.

لەهەرێمی شانشیی چین، پیاوێك پاش 25 ساڵ لەبەکارهێنانی ئەو شتە دەسکدرێژە کۆتاکولەی بۆ شکاندنی گوێز بەکاریدەهێنا، بۆی دەرکەوت رومانەیەکی دەستیی نەتەقیوە..

خوا رەحمی کردووە گوێزەکانی ئەم پیاوە، گوێزە چوار هەزارییەکانی لای خۆمان نەبووە، ئەوانەی کە تا دەیشکێنی سوێت دەبێتەوە، ئەگینا دەموچاوی دەبوو بە لوقمی شروبی!!!

1669. In Russia, there's a "Temple of all Religions" which serves as a peaceful combination of different cultures.

لە روسیا "پەرستگایەکی هەموو ئاینەکان" هەیە کە وەك تێکەڵەیەکی ئاشتیخوازی کلتورە جیاوازەکان، خزمەتدەکات.

جا بەو موشەکەلەیا نوکتەیەکی عەنتیکەم بیرکەوتەوە: ئەڵێن جارێك پیاوێك بە پۆزەوە بۆ یەکەمین جار دەچێتە رێستورانتێکی راقی و قەرەباڵغەوەو دەچێتە سەرەوە. یەکەم کەسی پێش ئەم بە کابرای رێستۆرانت دەڵێ لەفەیەکم بەرێ با سەفەری بێت، دووەمیان دەڵێ ئەوی من با حازری بێت، کە دێتە سەرەی ئەم کابرای رێستۆرانت پێی دەڵێ: هی تۆ چۆن بێت؟ سەفەری یان حازری، ئەمیش دەڵێ: با ئەوی من موشەکەل بێ!!!

1670. Researchers developed a blood test that can detect if a person has cancer from a single drop of blood with 96% certainty for most cancer types.

لێکۆڵەران جۆرە پشکنینێکی خوێنیان دۆزیوەتەوە کە دەتوانێت لەرێگەی تەنها یەك دڵۆپە خوێنەوە ئەوە کەشفبکات کە ئەو کەسە توشی شێرپەنجە بووە یان نا. ئەم پشکنینەش بۆ زۆربەی جۆرەکانی شێرپەنجە دەبێت و رێژەی وردبینییەکەی لەسەدا 96ە.

1671. It takes a single one-page form and about 4 minutes to apply to become an official presidential candidate in the US.

ئەو ئەمەریکایەی لای خۆمان دانیشتوانەکەی نزیکەی 320 ملیۆنە. پەنجا ویلایەتە. لەڕوی ژمارەی دانیشتوان و روبەریشەوە سێیەم گەورەترین وڵاتە لەجیهاندا.

سەرباری ئەو هەموو زۆرییەش رۆتیناتیان ئێجگار کەمە. بۆ نمونە داواکاری پێشکەشکردن بۆ بونە کاندیدی رەسمی سەرۆکی وڵات کە بەرزترین پۆستە لەو وڵاتە، تەنها فۆرمێکی یەك لاپەڕەیی و نزیکەی چوار خولەکی پێویستە .

بە کورتی دەتوانین بڵێین معامەلاتی بەڕەسمی خۆکاندیدکردن بۆ سەرۆکی ئەمەریکا زۆر زۆر لە معامەلاتی وەرگرتنی بەرمیلێك نەوت لەلای خۆمان ئاسانترە!!!

1672. Flossing was dropped from th US government's dietary guidelines because no reliable study exists to prove its health benefits.

لەئەمەریکا بەکارهێنانی دەزوو بۆ ددان پاککردنەوە لەڕێبەرەکانی پەیوەست بە سیستمی خواردن دەرهێنراوە چونکە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بڕواپێکراو نەیسلەماندووە کە ئەم بەزمە سودبەخشە.

1673. 500 people are declared dead in the US every month due to clerical errors.

لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، هەموو مانگێك تەنها بەهۆی هەڵەی نوسینەوە، مردنی 500 کەس رادەگەیەنرێت.

1674. IN 2013, MORE THAN 800000 INTERNATIONAL TOURISTS VISITED IRA DESPITE THE FACT THAT IT WAS A WAR ZONE.

سەرباری ئەوەی عیراق شەڕێکی تێدایە کە جاری وا هەیە کلکی کەری یا دەپچڕێ، لەساڵی 2013 زیاتر لە 800 هەزار گەشتیاری نێودەوڵەتی سەردانی ئەم وڵاتەیان کردووە .

بەڕەئی من ئەمانە یان تەختەو شتیان نوقسانە یان حەزیان لەموجازەفەو سەرکەشی زۆرە ئەگینا رەنگە سەردانی مۆزەمبیق خۆشتر بێت و ژیانیشان پارێزراوتر بێت.

1675. A tiger's tongue is so rough, it can lick the paint off buildings and strip the skin from the bones of an animal.

زمانی پڵنگ هێندە زبرە کە دەتوانێت بۆیاخی خانوو لێبکاتەوەو پێستی گیاندار لەئێسکەکەی دابماڵێت.

1676. 91% of people are no longer friends with someone they called their "best friend."

لەسەدا 91ی خەڵك، وەك هاوڕێی ئەو کەسانە نامێنن، کە پێشتر پێیان وتون: "باشترین هاوڕێ".

1677. 80% of the time, it's not that a person changed.... you just never knew who they actually were.

لە هەشتا لەسەدی کاتەکاندا، کە دەبینیت کەسێك گۆڕاوە، لەڕاستیدا نەگۆڕاوە، بەڵکو ئەوە تۆ تازە زانیوتە کە ئەو کەسە رووی راستەقینەی چۆنە.

1678. Music helps to keep your memories alive.

موزیك یارمەتی زیندووهێشتنەوەی یادەوەرییەکانت، دەدات .

1679. AFTER WW2, 1,500 GERMAN SCIENTISTS WERE GIVEN AMNESTY ON THE CONDITION THAT THEY WORK FOR THE U.S. GOVERNMENT.

پاش جەنگی جیهانی دووەم ئەمەریکا لێبوردنی بۆ 1500 زانای ئەڵمانی دەرکرد بەو مەرجەی کار بۆ واشنتن بکەن.

1680. If you're a man and pee on a pregnancy test and it's positive, you probably have cancer.

ئینجاکونێ ئێوەش وەك برام وان و عیلم و شەرع و مەعریفە شەرمیان بڕیوە، ئەگەر پیاو بیت و میز بکەیتە ناو ئامێری تاقیکردنەوەی دوگیانی و ئامێرکە نیشانیدا کە دوگیانیت، ئەوە ئەگەری زۆرە کە توشی شێرپەنجە بووبیت .

1681. Berlin still hasn't recovered its pre-WW2 population.

بەرلین بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، تائێستاش ژمارەی دانیشتوانەکەی وەك هی سەردەمی پێش جەنگی جیهانی دووەمی لێنەهاتووەتەوە.

1682. Only 18% of Americans can drive a car with manual transmission.

1683. تەنها لەسەدا 18ی ئەمەریکییەکان دەتوانن سەیارەی گێڕ عادی لێبخوڕن.

1684. In California, you're about as likely to be shot by a toddler than die in an earthquake.

لەکالیفۆرنیا کە یەکێکە لەپڕەناوبانگترین ویلایەتەکانی ئەمەریکا، ئەگەری مردنت بەهۆی زەمینلەرزەوە بەقەدەر ئەگەری کوژرانتە بەهۆی تەقەلێکردنتەوە لەلایەن منداڵێکی تەمەن گڕوگاڵەوە.

1685. The book "Reasons to Vote for Democrats: A Comprehensive Guide", which consists of 266 blank pages, became a #1 best-seller on Amazon in 2017.

کتێبێك هەیە بەناوی "هۆکارەکانی دەنگدان بۆ دیموکراتەکان. رێبەرێکی گشتگیر". رەنگە لەناوەکەیەوە وا تێبگەیت کە ئەبێ ئەم کتێبە مەوسوعەیەکی زەبەلاح بێت، بەڵام لەڕاستیدا نەك هەر وانیە بەڵکو ئەم کتێبە سەیرەکەی لەوەدایە کە پێکهاتووە لە 266 لاپەڕەی رەشی بۆش واتە هیچی تیا نیە.
لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەم کتێبە بووەتە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵی 2017ی لەسەر ماڵپەڕی ئەمازۆن..

1686. About 1 in 10,000 chickens can change their gender.

لەهەموو 10 هەزار مریشکێك، نزیکەی یەکێکیان دەتوانێت رەگەزی خۆی بگۆڕێت.

1687. There are 1.6 million people in Manhattan and 1.2 billion ants.

لە مانهاتن کە بەناوبانگترین گەڕەکی شاری نیۆرکە، نزیکەی ملیۆنێك و 600 ملیۆن کەس و ملیارێك و دوو سەد ملیۆن مێرولە هەیە .

1688. 10,000 foxes live in London.

لەندەن دە هەزار رێوی تێدا دەژی.

1689. Horses killed more people in Australia from 2000 to 2013 than all venomous animals combined.

لە ئوسترالیا ژمارەی ئەو کەسانەی لەساڵی 2000 بۆ 2013 لەلایەن ئەسپەوە کوژراون، لەو کەسانە زیاترە کە لەلایەن هەموو گیاندارە ژەهراوییەکان پێکەوە، کوژراون.

1690. If Prince Charles becomes king, he will be the oldest monarch ever crowned in Britain.

ئەگەر شازادە چارلز ببێتە پادشا، ئەوا دەبێتە بەتەمەنترین پادشا کە تاجی پادشایەتی دەخرێتە سەر لەمێژووی بریتانیادا.

1691. Beer cans in Japan have braille on them so blind people don't confuse alcoholic drinks with soft drinks.

لە یابان، قوتوی بیرە بەشێوازی برایڵ لەسەریان نوسراوە بۆ ئەوەی کەسانی نابینا لە خواردنەوە نەرمەکانی تر، جیایان بکەنەوە.

1692. Piranhas only attack you if you mess with them or their eggs.

جۆرێك ماسی هەیە ناوی پیرانایە. ئەم جۆرە گۆشتخۆرەو ددانی تیژە. تەنها لەکاتێکدا هێرشدەکاتە سەرت کە بێزاریان بکەیت یان هێلکەکانی تێکبدەیت.

1693. Philosophical presentism is the view that neither the future nor the past exist, only the present.

تێروانینێك هەیە پێی دەووترێت "ئێستاگەریی فەلسەفی"و دەڵێت: نە داهاتوو بونی هەیە، نە رابردوو. بەڵکو تەنها ئێستا بونی هەیە.

1694. There is an army recruitment lottery in Thailand. Every man over 21 has to participate. A red card means you have to go; a black card means you don't.

لە تایلاند لۆتەرییەکی ئیجباریی هەیە بەناوی لۆتەریی بەسەربازیکردن. هەموو پیاوێکی سەروو تەمەن 21 ساڵ پێویستە بەشداری تێدابکات. ئەگەر کارتی سوری بۆ دەرچوو
پشتەملی دەگرن و دەبێت ببێتە بەسەرباز، ئەگەر کارتی رەشی بۆ دەرچوو ناڕوات.

1695. The Ache tribe of Paraguay believe that babies inherit the characteristics of all the men who have had sex with the mother during pregnancy.

لە پاراگوای هۆزێك هەیە بەناوی ئاچێ. ئەم هۆزە پێیان وایە منداڵ سیماکانی هەموو ئەو پیاوانەی بۆ دەگوازرێتەوە کە لەکاتی دوگیانبونی دایکیدا، کاری خێرخوازییان لەتەکدا کردووە!
تەسەورکە منداڵێکیان ببێ و کۆکتێل بێ!!!

1696. Every nation in the world allows its residents to divorce under some conditions except the Philippines and the Vatican City.

هەموو وڵاتانی جیهان جگە لە فلیپین و ڤاتیکان، چەند حاڵەتێکیان هەیە کە تێیدا رێگە بە ژن و مێردەکان دەدەن لێك جیاببنەوە. لەم دوو وڵاتە جیابونەوە بەهیچ شێوەیەك رێپێدراو نیە.

1697. More than 22 million tons of salt are used to melt ice on roads in the U.S. every year. That's about 137 pounds of salt for every American.

هەموو ساڵێك لە ئەمەریکا، زیاتر لە 22 ملیۆن تەن خوێ بەکاردەهێنرێت بۆ تواندنەوەی سەهۆڵی سەر رێگاکان. ئەمەش دەکاتە زیاتر لە 62 کیلۆگرام خوێ لەبەرامبەر هەر هاوڵاتییەکی ئەو وڵاتەدا.

1698. 70% of all train journeys in England start or finish in London.

لەسەدا 70ی هەموو ئەو گەشتانەی بە شەمەندۆفێر لە ئینگلتەرا ئەنجامدەدرێن، یان لە لەندەنەوە دەستپێدەکەن یان لەوێ کۆتاییان دێت.

1699. Switzerland monitors its airspace around the clock but only intercepts illegal flights during office hours.

سویسرا شەوو رۆژو لەیل و نەهار واتە 24 سەعاتە چاودێری ئاسمانەکەی دەکات بەڵام تەنها لەکاتەکانی دەوامدا رێ لەگەشتی ئاسمانی نایاسایی دەگرێت.

1700. 64% of Americans allegedly prefer their cats' company to their significant others, a survey found.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە لەسەدا 64ی ئەمەریکییەکان یاوەربونی پشیلەکانیان بەلاوە باشترە وەك لە کەسە گرنگەکانیان.

1701. 27-year-old Cassie DePecol visited all 196 countries in 18.5 months. She broke two world records in the process.

کاسیێ دیپیکۆڵ کە کچێکی ئەمەریکیی تەمەن 28 ساڵە، لەتەمەنی 27 ساڵیدا توانیویەتی لەماوەی 18 مانگ و نیودا سەردانی هەر 196 وڵاتەکەی جیهان بکات. هەر لەکاتی ئەو کارەدا دوو ریکۆردی جیهانیشی شکاندووە.

1702. A small lake in Africa killed 1,700 villagers and 3,500 livestock overnight when it suddenly released 300,000 tons of carbon dioxide, suffocating everything within 16 miles. Scientists still don't know what triggered the event.

دەریاچەیەکی بچوك هەیە لەئەفەریقا. جارێك ئەم دەریاچەیە کتوپڕ بەهۆی دەردانی سێ سەد هەزار تۆن گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، لەماوەی تەنها شەوێکدا هەزارو 700 گوندنشین و سێ هەزارو 500 مەڕوماڵاتی خنکاند. سەرجەم ئەو زیندەوەرانەی تا 16 میل لەدەریاچەکەوە دوربوون، خنکان.
لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە تائێستا زانایان نازانن چ شتێك بووەتە هۆکاری ئەو روداوە.

1703. If you eat a polar bears liver you will probably die. It contains more vitamin A than the human body can tolerate.

ئەگەر جگەری ورچی جەمسەری بخۆیت، ئەوا ئیحتیمالی زۆرە عومری درێژت بۆ جەماعەت جێبهێڵیت، چونکێکوم هێندە ڤیتامین ئەی زۆر تێدایە کە لەشی مرۆڤ ناتوانێت تەحەمولی بکات.

1704. In Lithuania you have to be 18 years old to purchase beverages with more than 150 ml of caffeine per liter.

لە لیتوانیا ئەگەر بتەوێت خواردنەوەیەك بکڕیت کە هەر لیترێکی 150 میللیلیتر کافینی تێدا بێت، پێویستە تەمەنی شەریفت لانیکەم 18 ساڵ بێت.

1705. Joan Evans is the only person on Earth capable of balancing 237 pints of beer atop his head.

جوان ئیڤانس تەنها کەسە لەسەر ئاستی جیهان کە دەتوانێت 237 پینت بیرە لەسەر سەری رابگرێت.
جا بیلموناسەبە هەر پینتێك نیو لیترە.

1706. The Durian fruit, known as the world's smelliest fruit, is so stinky that in parts of Asia is not allowed to be taken on buses or into hotels.

میوەیەك هەیە پێی دەووترێت دوریان. بەهێزترین میوەیە لەجیهاندا لەڕوی بۆنەوە. بۆنی ئەم میوەیە هێندە ناخۆشە کە لەهەندێك بەشی قاڕەی ئاسیا، رێنادرێت بخرێتە ناو پاس یان هۆتێل.

1707. There are so many trees in London, it can be classified as a forest, according to a UN definition.

لەندەنە حەیاتەکە هێندە زۆر درەختی تێدایە کە دەکرێ بەپێی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە دارستان پۆلێن بکرێت.

1708. There are now more millionaires in the United States than ever before.

ژمارەی ملیۆنەرەکانی ئەمەریکا لەئێستا، لەهەرکاتێکی تری رابردوو، زیاترە.

1709. British researchers have found that taking a hot bath can actually burn as many calories as a 30-minute walk.

لێکۆڵەرانی بریتانیا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە دەکرێ خۆشتن بە ئاوی گەرم، بەقەدەر 30 دەقە بەپێ رۆیشتن، کالۆری بسوتێنێت. واتە موهیمە لۆ ئەو قەرەوانەی گەرەکیان زەعیف بن!!!!

1710. America's first female mayor was elected in 1887. A group of men nominated her as a joke, but she won over 60 percent of the vote.

یەکەم ژن لەمێژووی ئەمەریکادا کە وەك سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردرابێت، لەساڵی 1887 بووە.
کۆمەڵێك پیاو وەك نوکتەو پێڕابواردن ئەمیان بۆ ئەو پۆستە کاندیدکرد، بەڵام عەرەب وتەنی سحرەکە خراپ بەسەر ساحرەکەدا شکایەوەو ئەم ژنە بەرێژەی زیاتر لە 60 لەسەد، هەڵبژاردنەکەی بردەوەو دەرزەنێك عەلاگەی پەنگوینی بەناڕاستەوخۆ پێشکەش بەو پیاوانە کرد کە بەحسابی خۆیان ویستیان پێی رابوێرن!!!

1711. There is a scientific measurement for the 'risk of death' of any action: the micromort. If an activity is rated as one micromort, you would have a one in a million chance of dying while doing it. Running a marathon is -7 micromorts, sky diving 10, and climbing Mount Everest 40,000!

یەکەیەکی زانستی هەیە کە مەترسی مردنی هەر کارێکی پێ دەپێورێت. ئەم یەکەیە پێیدەووترێت مایکرۆمۆرت. ئەگەر چالاکییەك پلەی ئەو مەترسییەی یەك مایکرۆمۆرت بێت ئەوا ئەگەری جێهێشتنی عومری درێژت بۆ جەماعەت لەکاتی ئەنجامدانی ئەو چالاکییەدا، یەك لەسەر ملیۆنە.
راکردن لەماراسۆن، پلەکەی ناقس حەوتە. وەرزشی خۆهەڵدانە خوارەوە بەپەڕەشوتەوە پلەکەی دەیە، بەڵام هەڵگەران بە شاخی ئیڤرست چل هەزارە مایکرۆمۆرتە!!!

1712. Venting your anger online only makes you angrier, a study found.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە خاڵیکردنەوەی توڕەییەکەت لەسەر ئینتەرنێت، توڕەترت دەکات.

1713. Babies in Britain, Canada and Italy cry more than elsewhere, says an International study.

لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەڵێت، منداڵانی بریتانیاو کەنەداو ئیتاڵیا لەمنداڵانی شوێنەکانی تر، زیاتر دەگرین .

1714. Photographs of Algae, published in 1845, was the first book ever to contain photographs.

---

چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی قەوزە کە لەساڵی 1845 لەچوارچێوەی کتێبێکدا بڵاوکراوەتەوە، یەکەم کتێبە لەمێژوودا کە وێنەی فۆتۆگرافی لەخۆبگرێت.

1715. A multipart study found that beautiful people are more likely to be involved in unstable relationships.

لێکۆڵینەوەیەکی فرەڕەهەند دەریخستووە کە کەسانی جوان ئەگەری توشبونیان بە پەیوەندیی ناجێگیر، لەکەسانی تر زیاترە.

ئەمە لەناو هیچ نەتەوەیەکدا راست نەبێ، لەناو کورددا راستە!!!

1716. In the first world war, kings of England, Russia and Germany were cousins.. Once the german king said jokingly: If our grandmother was alive, she wouldn't let this war to happen.

لەجەنگی جیهانی یەکەمدا پادشای ئینگلتەراو روسیاو ئەڵمانیا خاڵۆزای یەکتر بوون. هەر لەو سەردەمەدا پادشای ئەڵمانیا بە گاڵتەوە وتویەتی: ئەگەر نەنکمان بمایە نەیدەهێشت ئەم شەڕە روبدات.

1717. “False memories” are things that your brain thinks happened, but actually didn’t happen.

چتێك هەس پێی دەووترێت یادەوەرییە ساختەکان یان یادەوەرییە درۆزنەکان، ئەمانە چتگەلێکن کە مێشکی شەریفت پێوایە کە روویانداوە بەڵام لەڕاستیدا رویان نەداوە .

1718. Ernest Hemingway lived through anthrax, malaria, pneumonia, dysentery, skin cancer, hepatitis, anemia, diabetes, high blood pressure, two plane crashes, a ruptured kidney, a ruptured spleen, a ruptured liver, a crushed vertebra, and a fractured skull.

نوسەری بەناوبانگی ئەمەریکی ئێرنست هێمنگوای لەژیانیدا توشی ئەم نەخۆشی و روداوانە بووەو نەشی کوشتووە: ئەنتراکس، مەلاریا، هەوکردنی سییەکان، سکچوون، شێرپەنجەی پێست، هەوکردنی جگەر، کەمخوێنی، شەکرە، بەرزی فشاری خوێن، دوو روداوی تێکشکانی فڕۆکە، تەقینی گورچیلەیەك، تەقینی سپڵ، تەقینی جگەر، شکانی بڕبڕەیەکی پشت، شکانێك لەکاسەی سەر.

هەموو ئەوانەی تێپەڕاند بەڵام بەداخەوە دواجار خۆی بەدەستی خۆی، خۆی کوشت و عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

1719. The USA dropped 26,171 bombs in 2016. Thats about 3 bombs every hour for 24 hours a day.

لەساڵی 2016 ئەمەریکا 26 هەزارو 171 بۆمبی لەئاسمانەوە هەڵداوەتە خوارەوە واتە نزیکەی سێ بۆمب لەهەر سەعاتێکی ئەو ساڵەدا.

1720. In 1981, a Turkish man shot Pope John Paul II four times but didn't kill him. After the Pope recovered, he visited the assassin in prison forgave him. The assassin was pardoned at the Pope's request and 33 years after his crime, he visited Vatican City and laid flowers on the Pope's tomb.

لەساڵی 1981 پیاوێکی تورك چوار گوللەی نا بە پاپا جۆن پاوڵی دووەم بەڵام پاپا نەمرد. پاش چاکبونەوەی، پاپا سەردانی بکوژەکەی کرد لەزیندان و لێیخۆش بوو و بەو شێوەیە ئازادکرا.

پاش 33 ساڵ لەوە دوا، ئەم "پیاوکوژە" لێبوراوو ئازادکراوە، جارێکی تر سەردانی ڤاتیکانی کردو چەپکەگوڵی لەسەر مەزاری پاپا دانا.

لێبوردن لەهەموو تاوانێك گەورەترەو لەهەموو بەلەزەتێکیش بەلەزەتترە بەڵام وەفاداریش بێحەلە!

سڵاو لەهەموو لێبوردەو وەفادارێکی بێحەل

1721. Apples are more efficient at waking you up in the morning than caffeine.

لەڕوی خەبەرکردنەوەوە لەبەیانیاندا، سێو لە کافین کاریگەرەترە.

1722. During the siege of Paris in 1870, all the city's animals were eaten, including rats, mice, dogs, cats, donkeys, wolves and even an elephant.

لەکاتی ئابلۆقەدانەکەی 1870ی پاریس، هەموو زیندەوەرانی شارەکە لەلایەن خەڵکەوە دەخوران لەوانە: جرج، مشك، سەگ، پشیلە، مەیمون، گورگ و تەنانەت فیلێکیش.

1723. There's a bridge in Scotland from which dogs frequently leap to their deaths, and no one knows why.

پردێکی سەیر هەیە لەسکۆتلەندا کە زۆرجار سەگ لێیەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوەو خۆی دەکوژێت. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە تائێستا کەس نازانێت هۆکاری ئەمە چیە.

1724. The average inmate at Alcatraz read 75-100 books per year.

هەر زیندانێکی ئاسایی زیندانی ئەلکاتراز ساڵانە 75 بۆ 100 کتێب دەخوێنێتەوە.

1725. In Slovakia, using the names Britain or Great Britain instead of the United Kingdom can land you with a €6,600 fine.

لە سلۆڤاکیا ئەگەر لەبری ناوی شانشینی یەکگرتوو، بریتانیا یان بریتانیای مەزن بەکاربهێنیت، ئەوا دەکرێ بەبڕی شەش هەزار پاوەند، غەرامە بکرێیت.

بۆ؟ ئیتر ئەمە زەوقە!!!

1726. When Picasso was interrogated by an SS officer about his painting Guernica, “Did you do that?” Picasso replied, “No, you did.”

کاتێك پیکاسۆ لەسەر تابلۆی گەرنیکا لەلایەن ئەفسەرێکی هێزە نازییەکانی ئەڵمانیاوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراو پرسیاری لێکرا: ئەمە تۆ کردوتە؟

پیکاسۆ لەوەڵامێکی زۆر ناخهەژێندا وتی: نەخێر، تۆ کردووتە.

جا بیلموناسەبە گەرنیکا گوندێکی ئیسپانی بوو و لەلایەن هێزە نازییەکانەوە بەشێوەیەکی دڕندانە بۆمباران کرا.

پیکاسۆ ئەو تابلۆیەی لەسەر ئەو تراژیدیایە دروستکردبوو.

ئەوەیە هونەرمەندو نیگارکێش، سەیرکەن چۆن گوزارشتی لەنەهامەتییەکانی وڵاتەکەی کردووە.

کەچی لای خۆمان دنیا کاول بێت کەچی کابرا لەبەزم و سەفای خۆی ناکەوێت و کارو تابلۆکانی هەر گوزارشت لەماچ و موچ دەکەن!!!

خوا بمان بڕێ بۆ چ نەتەوەیەکین!!!

1727. Humans speak more languages than there are species of mammal.

ژمارەی ئەو زمانانەی مرۆڤی ئیشقۆڕ قسەی پێدەکات، لەژمارەی جۆری زیندەوەرە مەمکدارەکان زیاترە.

1728. Despite Americans owning more than 78 million dogs as pets, only about 30 deaths per year are attributed to dog attacks, fewer than bees.

هەرچەندە ئەمەریکییەکان زیاتر لە 78 ملیۆن سەگی ماڵییان هەیە، بەڵام ساڵانە تەنها لەسەدا 30ی کۆی حاڵەتەکانی مردن، پەیوەندییان بەهێرشی سەگەوە هەیە، واتە کەمتر لەقوربانیانی دەستی هەنگ.

1729. Vatican City is one of six countries worldwide that ban abortion completely, even if the mother's life is in danger.

ڤاتیکان یەکێکە لەو شەش وڵاتەی جیهان کە تێیدا لەباربردن بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە، تەنانەت ئەگەر ژیانی دایکیشی لەمەترسیدا بێت.

1730. A study from the London School of Economics and Political Sciences has found that our joy in life peak at two ages — 23 and 69.

لێکۆڵینەوەیەکی سکوڵی لەندەن بۆ ئابوری و زانستە سیاسییەکان گەیشتووەتە ئەوەی کە خۆشییەکانی ژیانمان لەم دوو تەمەنەدا دەگەنە لوتکە: 23و 69.

1731. Tutankhamun's parents were brother and sister.

دایك و باوکی توت عەنج ئامون کە یەکێکە لەفیرعەونە بەناوبانگەکانی میسری دێرین، خوشك و برا بوون.

1732. A language dies every 14 days.

هەموو چواردە رۆژێك، زمانێك دەمرێ و عومری درێژی بۆ ئێوە جێدەهێڵێت.

1733. 5 December 1664: A ship sank in the Menai Strait off the coast of Wales. All 81 passengers on board died, except one. His name was Hugh Williams. 5 December 1785: Another ship with 60 aboard, sank around the same location in Menai Strait in Wales. There was only one survivor, called Hugh Williams. 5 December 1820: A third vessel Sank in the Menai Strait. All 23 on board lost their lives except one - named Hugh Williams.

لە 5-12-1664 کەشتییەك لەگەروی مینای نزیك کەناری وێڵز نقوم بوو، لەئەنجامدا سەرجەم سەرنشینەکانی کە 81 کەس بوون، جگە لەیەکێکیان، گیانیان لەدەستدا. ئەم کەسە ناوی هوگ ولیەمز بوو.

لەهەمان رۆژو مانگدا بەڵام لەساڵی 1785 واتە 121 ساڵی تەواو لەپاش روداوی یەکەم، کەشتییەکی تر بە 60 سەرنشینەوە لەهەمان شوێن، نقوم بوو. ئەمجارەش سەرجەم سەرنشینەکانی جگە لەیەکێکیان، گیانیان لەدەستدا. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە رزگاربووەکەی ئەمجارەش وەك یەکەمجار هەر ناوی هوگ ولیەمز بوو.

کورە جا هێشتا چیت دیوە!

لەهەما رۆژو مانگدا بەڵام لەساڵی 1820 واتە 156 ساڵی تەواو لەدوای نقومبونی کەشتی دووەم، لەهەمان شوێن، کەشتییەکی تر بە 23 کەسەوە نقومبوو. ئەمجارەش سەرجەم سەرنشینەکانی جگە لەیەکێکیان، گیانیان لەدەستدا. لەوەش عەجیبتر ئەوە بوو ئەمجارەش تاقەڕزگاربووەکە هەر ناوی هوگ ولیەمز بوو!!!

1734. There are more skin cancer cases attributed to tanning beds than lung cancer cases attributed to smoking.

ژمارەی ئەو حاڵەتانەی توشبون بە شێرپەنجەی پێست کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی ئامێری حەمام شەمسەوە هەیە، لەژمارەی ئەو حاڵەتانەی توشبون بە شێرپەنجەی سی، زیاترە کە پەیوەندییان بە جگەرەکێشانەوە هەیە.

تێ ئەگەی؟!!!

1735. English has 3,000 words for being drunk.

زمانی ئینگلیزی بۆ گوزارشتکردن لە "سەرخۆشبون" سێ هەزار وشەی هەیە.

ئیمانم نەچێ و خوار پێم نەگرێ ئێمەی کورد وابزانم تەنها سیانمان هەیە: خەیاڵ، مەست، سەرخۆش.

1736. Two brothers once sold a fake Goya painting for €1.5 million, only to later find out that all the money was counterfeit.

جارێك دوو برا تابلۆیەکی ساختەی نیگارکێشی بەناوبانگ فرانسیسکۆ گۆیایان فرۆشت بە ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار یۆرۆ بەبێ ئەوەی ئەو تابلۆیە هیچ پەیوەندییەکی بە گۆیاوە هەبێت. بەڵام لەوە سەیرتر ئەوە بوو کە

دواتر دەرکەوت ئەو ملیۆن و 500 هەزار یۆرۆیەی دوو براکە لەبەرامبەر تابلۆ تەزویرەکەدا وەریانگرتبوو، عەینەن تابلۆکە تەزویر بوو!!!

1737. Arthur Boycott, a pupil at Hereford Cathedral School, checked out a school library book. His granddaughter returned it 120 years later.

جارێك خوێندکارێکی خوێندنگەی کاتیدرالی هێرفۆرد بەناوی ئارسەر بۆیکۆت کتێبێك لەکتێبخانەیەکی خوێندنگەیەك بە خواستن واتە ئیستیعارە دەباتەوە. پاش 120 ساڵ، کچەزاکەی، ئەم کتێبەی بۆ کتێبخانەکە گەڕاندەوە..

سەیری ئەو ئەمانەتپارێزییە! داخی ئەوەش کوشتومی جارجارە کە باسی ئەو برادەرانە دەکەین دەڵێین ئەو کافرە بێدینانە!!!

1738. It takes longer to say "www" than it does to say "World Wide Web" because of all the syllables.

وتنی www لەوتنی world wide web زیاتری پێدەچێت هەرچەندە یەکەمیان کورتکراوەی دووەمیانە.
هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەی بڕگەکانی کورتکراوەکە لە ئۆریجناڵەکە زیاترە!!!

1739. Thomas Fantet de Lagny was a mathematician. On his deathbed, he was asked, “What is the square of 12?” His last words: “One hundred and forty-four.”

بیرکاریزانێکی بەناوبانگ هەیە بەناوی تۆماس فانتێت دی لانگی. لەسەرەمەرگدا کاتێك لێیان پرسی دوجای 12 دەکاتە چەند؟ لەوەڵامدا وتی 144. ئەوەش ئەخیر وتەی ژیانی بوو.

1740. 37% of Americans plan to work until they get too sick or die.

لەسەدا 37ی ئەمەریکییەکان پلانی ئەوە دادەنێن کە تا ئەو کاتەی زۆر نەخۆش دەکەون یان دەمرن، ئیش بکەن.

1741. A man once staged a kidnapping of himself in front of his wife just so that he could go out the whole night and party with his friends.

جارێك پیاوێك پرۆسەی رفاندنی خودی خۆی لەبەردەم ژنەکەیدا دروستکرد، تەنها بۆ ئەوەی تەواوی ئەو شەوە بتوانێت لەدەرەوە بێت و ئاهەنگ لەتەك هاوڕێکانیدا، بگێرێت.
هەزار کوڕی وام هەبێ خۆم بە وەجاخکوێر دادەنێم.. یا مەچۆرەوە دەرەوە یان ئەم ترس و لەرزو فرت و فێڵەی بۆچیە!!!

1742. An estimated %80 of available jobs in the US never posted or advertised.

بەپێی خەملاندنەکان، لەسەدا هەشتای هەموو وەزیفەکانی ئەمەریکا، نە ریکلامیان بۆ کراوە نە ئاگاداری..
پف، ئەوە ئەو خۆ من وامزانی ئەم بەزمە بەس لای خۆمان هەیە!!!

1743. More than 17000 British and American child actors audtioned for the role od Harry Potter.

بەمەبەستی هەڵبژاردنی منداڵێك کە رۆڵی هاری پۆتەر ببینێت، زیاتر لەحەڤدە هەزار ئەکتەری منداڵی بریتانی و ئەمەریکی تاقیکراونەتەوە..
ئەی چۆن، ئەکتەری ناوازە ئاوا هەڵدەبژێردرێت هەربۆیەش ئەم فیلمە یەکێکە لەپڕۆفرشترین فیلمەکانی مێژووی فیلمسازی.. وەك لای خۆمان نیە کە بۆ دیاریکردنی ئەکتەری منداڵ پستەملی مناڵەکەی خۆی یان میمکزای بگرێ و بیئەکتەرێنێ!!!

1744. The Livraria Bertrand, in Lisbon, Portugal, is the oldest bookstore in the world still in operation. It opened in 1732.

دوکانی کتێبفرۆشی لیڤاریا بێرتاند کە دەکەوێتە شاری لیشبۆنەی پایتەختی پورتوگالەوە، کۆنترین کتێبفرۆشی جیهانە کە تائێستاش لەکاردایە. لەساڵی 1732 کراوەتەوە.

1745. Ketchup doesn't spoil easily and can be good for up to two years past its expiration date.

کەچەپ بە ئاسانی تێکناچێت و دەکرێ تا پاش نزیکەی دوو ساڵ لەبەرواری بەسەرچونیشی، بخورێت.

خواردنی ناو فڕۆکە زۆر بەلەزەت نیە، بۆ؟ لەبەرئەوەی لەکاتی فڕیندا، هەستی بۆنکردن و چەشتنمان بەڕێژەی لەسەدا 20 بۆ 50 کەمدەکات.

بۆیە بەدوری مەزانە کە لەناو فڕۆکەدا کەباب بخۆیت تامی فەلافل بدات!!!




1746. Oklahoma declared watermelon a vegetable and made it their official state vegetable.

ویلایەتی ئۆکلاهۆما شوتی وەك سەوزە نەك میوە، راگەیاندووەو راشیگەیاندووە کە شوتی سەوزەی رەسمی ئەو وڵاتەیە.


1747. All new FBI agents are required to visit the Holocaust Memorial Museum.

هەموو کارمەندە نوێکانی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمەریکی، پێویستە لەسەریان سەردانی مۆزەخانەی یادگارییەکانی هۆڵۆکۆست، بکەن.

1748. In 2016, the World Health Organization spent more on travel than to fight AIDS, tuberculosis and malaria combined.

لەساڵی 2016، رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەو بڕە پارەیەی لەگەشتکردندا خەرجیکردووە، لەوە زیاتر بووە کە بۆ روبەڕوبونەوەی نەخۆشییەکانی ئایدزو سیل و مەلاریا پێکەوە، خەرجیکردووە.

کەواتە ئەمانیش بەشی خۆیان ئیشقۆڕن!!!




i.

1749. سەرۆکی پێشوتری لیبیریا چارلز کینگ خاوەنی ریکۆردی کتێبی گینسە بۆ ژمارە پێوانەییەکان لەڕوی ئەنجامدانی ساختەچیترین هەڵبژاردن لەمێژوودا.

ساڵی 1927 ئەم برادەرە هەڵبژاردنێکی لەوڵاتەکەی ئەنجامدا، تێیدا 234 هەزار دەنگی بەدەستهێنا هەرچەندە کۆی هەموو دەنگدەرانی وڵاتەکەی تەنها 15 هەزار بوو!!!

ئەم زانیارییە زۆر سەیرە بەڵام بەینی خۆمان بێ لەوە سەیرتر ئەوەیە کە دەرکەوت گینس بەو هەموو شان و شەوکەت و ناوبانگەوە ئاگای لەمەحموی بێزەوا نیە لە ریکۆردی پەیوەست بە ساختەکردن لەهەڵبژاردن ئەگینا...... ئەوی تری کەشفە!!!!

1750. There's a Testicle Festival in Montana every summer.


ئینجاکونێ ئێوەش وەك برام وان و عەیب نەبێ و عیلم و مەعریفە شەرمی بڕیوەو حاشا حازری و پەرژینێکی قایم بێ و کۆمەڵێکی تر لەم دەستەواژانە، لەویلایەتی مۆنتانای ئەمەریکا، فێستیڤاڵێك هەیە کە هاوینی هەموو ساڵێك ئەنجامدەدرێت، بەناوی فێستیڤاڵی هێلکەگون!!!

1751. In the year 20860, the Islamic and Christian calendars will finally agree.


ئەوا من مردوو و ئێوە زیندوو، لەساڵی 20860ی زاینی واتە نزیکەی هەژدە هەزارو هەست سەدو پەنجا ساڵی تر، هەردوو تەقویمی زاینی کۆچی بە یەك دەگەن واتە ئەو ساڵە هەمان ساڵی کۆچیش دەبێت.




1752. لەئەمەریکا تەنانەت ئەگەر لەزیندانیشدا بیت، بۆت هەیە خۆت کاندید بکەیت بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار.




1753. جۆرە بەرازێك هەیە کە لەمەڕ دەچێت.




1754. دەکرێ کۆتر بەشێوەیەك رابهێنرێت کە شێرپەنجەی مەمك لەسکانی مەمۆگرافی بناسێتەوە. یا رەببی خوایە بە نەخۆشی شێرپەنجە تاقیمان نەکەیتەوە.




1755. ئێلیزابێسی دووەم، پادشای بریتانیاو فیلیپی مێردی ئامۆزان. فیلیپ لەتەمەنی 18 ساڵییەوە، لەکاتێکدا ئێلیزابێس تەمەنی تەنها 13 ساڵ بووە، دەوروخولی داوەو وازی نەهێناوە تا دواجار زەوجاندویانە. ئەی لەو بێناموصەی!!!




1756. گێزەر لەبنەڕەتدا رەنگی مۆر بووە بەڵام زروف گۆڕیویەتی بۆ پرتەقاڵی.. ئای زروف، هێندە زاڵمی نەك مرۆڤ، بەڵكو گێزەریشت گۆڕی!





1757. زۆربەی ئەو ستیانانەی پێش 1920ەکان دروستکراون بەئامانجی فشار خستنە سەر مەمك بۆ ئەوەی خانمەکە لاواز دەربکەوێت و جەستەیەکی رەنگ کوڕانەی هەبێت، دروستکراون.
پێموایە لەهەڵەیەکی گەورەدا بوون چونکە هەر رەگەزە بە بیچم و بۆنیدو چڕوچاوو سەرو کەللـەی خۆیەوە جوانترە!!!




1758. لەسەدا 10ی دانیشتوانی جیهان وەك من چەپلەرن.




1759. بە عام پیاوان 10 بۆ 12 سانتیمەتر لەخانمان درێژترن.




1760. کەس نازانێ کێ ئامێری ئاگرکوژێنەوەی داهێناوە چونکێکوم بەڵگەنامەی پەیوست بە مافی داهێنانەکەی لەئاگرێکدا سوتاوە!




1761. هەندێك جۆر مێروله هەیە دەتوانێت مەلەبکات و لەهێلانەی ژێرئاویشدا بژی.
مێرولەش بەرازە!!!



1762. تەنها لەساڵی 2012 بەشەری ئیشقۆڕ زیاتر لە 49 ملیۆن تۆن پاشەڕۆی ئەلیکترۆنییان دروستکردووە.




1763. ئەمەریکییەکان هەموو سەعات دوو ملیۆن و 500 هەزار بوتڵی پلاستیکی فڕێدەدەن. کارەساتەکە لەوەدایە کە هەر یەکێك لەم بوتڵانە 500 ساڵیان پێویستە تا شیببنەوە.




1764. خانمان لەپیاوان گۆپکەی چەشتنیان زیاترە.




1765. لەسەدا 23ی ئەو کەسانەی لەڕێگەی عەنتەرنێتەوە ئەیکەپڵێنن، دواتر ئەشیزەوجێنن واتە لەگەڵ یەك دەچنە ژیانی هاوسەرگیرییەوە.




1766. تا ساڵی 2012، سعودیەی سەرکوتکەر رێی نەداوە هیچ خانمێك بەشداری لەیارییە ئۆلۆمپییەکانیدا بکات.




1767. لێدی گاگا گۆرانییەکی هەیە بەناوی جەست دانس. ئەم گۆرانییەی تەقاندویەتی و بە شاکاری ئەو ژنە دادەنرێت. ئەوەی جێگای سەسوڕمانە، ئەوەیە کە نوسینی تێکستی ئەم گۆرانییە کە هی خۆیەتی، تەنها 10 دەقەی پێچووە.


ئەوەیە شانس، سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە: کە خوا ناردی کەس پێت ناڵێ کچی کێی!



1768. بە ژنی سەرۆك دەووترێت خانمی یەکەمی وڵات بەڵام ئەگەر سەرۆك ژن بێت ئەوا بە مێردەکەی دەووترێت خانەدانی یەکەم. بۆ نمونە ئەگەر لەهەڵبژاردنەکەی 2016ی ئەمەریکادا هیلاری بیبردایەتەوە، بە بلە سوری مێردی دەووترا خانەدانی یەکەم.




1769. لەساڵی 2006 ژمارە رووەکخۆرە توندەکان واتە ئەو کەسانەی بەهیچ شێوەیەك گۆشت و بەرهەمەکانی ناخۆن، لەو بریتانیایەی لای خۆمان 150 هەزار بووە بەڵام لە 2016 بووەتە 542 هەزار. ئەوروپا لەبەرئەوەی عاقڵ و ژیاندۆستن رۆژ دوای رۆژ رووەکخۆرەکانیان زیاتر دەبێت و گیاندارخۆرەکانیان کەمدەکات کەچی لای ئێمە تائێستاش هەیە پۆز بەوەوە لێدەدات کە لەژەمێکدا لەکەبابخانە دوو نەفەر کەباب بخوات یان بچێت بۆ سەیران دوو بەرخ بکات بە قەنارەدا!!!




1770. میترۆی نیۆرك تەنها سیستمی گواستنەوەی خێرایە لەجیهاندا کە 24 سەعاتەی هەموو رۆژێك کاردەکات و لەساڵی 1904ەوە تائێستا بەدەگمەن لەکار وەستاوە.




1771. زانایەکی روسی هەوڵیدا لەڕێگەی گۆڕینی خوێنەکەیەوە بە کەسانی گەنج، قەت نەمرێت. بەڵام پاش ئەوەی بە سودفە خوێنەکەی گۆڕی بە توشبویەکی مەلاریا، عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت!!!

1772. Butterflies have 4 eyes, bees have 5 eyes, most spiders have 8 eyes and Caterpillars have 12 eyes.

پەپولە چوار چاوی هەیە، هەنگ پێنجی هەیە. زۆربەی جاڵجاڵۆکەکان هەشتیان هەیە، بەڵام تەتەڵەمیران 12 چاوی هەیە.

1773. A human eye can detect a candle flame 1.7 miles (2.76 km) away.

f. چاوی مرۆڤ دەتوانێت گڕی مۆمێك لەدوری دوو هەزارو 760 مەترەوە ببینێت.

1774. Kim Jong-un brands dog meat as superfood, says people should beat dogs to death


خەپەگیانی سەرۆکی کۆریای باکور لەهەوڵێکدا بۆ ئەوەی خەڵکە برسییەکەی وڵاتەکەی لەبرسێتی رزگاریان بێت و گۆشتی سەگ بخۆن، فەرمویەتی: گۆشتی سەگ زۆر نایابەو پێویستە خەڵك لەسەگ بدەن تا ئەو کاتەی دەمرێت.

1775. کاتێك چین چەند ئاسمانەوانێکی ژنی هەڵبژارد بۆ ئەرکێکی ئاسمانی، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بە مەرجیان دانا کە پێویستە ئەو ژنە شوی کردبێت و بە سروشتی منداڵی بوبێت و هیچ دانێکی کلۆر نەبێت و هیچ پەڵەیەکیش بەجەستەیەوە نەبێت. بۆ؟ هەر بەهەوس!!!!




1776. چەند دەیەیەك لەمەوبەر گوێی شەیتان کەڕبێ و چاویشی کوێربێ و هەر چوارپەلیشی کوێربێ ئەگەر ماڵەکەت ئاگری تێبەربوایە، نزیکەی 17 دەقەت لەبەردەمدابوو بۆ راکردن پێش ئەوەی بەتەواوەتی بقەومێ و ئاگرەکە پەنی خۆی بدات. بەڵام ئێستا لەماوەی تەنها سێ دەقەدا دەبێت فریای خۆت بکەویت ئەگینا هەموو شتێك دەسوتێت.

بۆ؟ چونکە ریشاڵە ناسروشتییەکانی ئەم سەردەمە مۆدێرنە لەو ماددە سروشتییانە خۆشترو خێراتر گڕدەگرن کە لەساڵی 70و 80کانی سەدەی رابردوودا، باوبوون.




1777. The world's quietest room is -9 decibels, quiet enough to hear your blood flowing.

هێمنترین ژور لەجیهاندا، پلەی توندی دەنگەکەی 9ی ژێر سفرە. ئەم ژورە هێندە هێمنە کە تێیدا گوێت لەرۆشتنی خوێنی خۆت دەبێت بەناو دەمارەکاندا.



1778. ئەم ملباریکەی دەیبینن برادەرێکە بەناوی دانیێڵ تامێت. ئەمە نەخۆشی ئۆتزیمی هەیە بەڵام هاوکات لێهاتویەکی کەموێنەیە. بە دە زمان قسەدەکات و توانایەکی دەگمەنی هەیە لەڕونکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی مێشکیداو دەشڵێت: ژمارەکان شێوەو رەنگ و پێکهاتەیان هەیە.
بەوتەی ئەم برادەرە، ژمارە 289 ناشرینەو 333 سەرنجڕاکێشەو پای کە شانزەهەم پیتی ئەبجەدیی زمانی یۆنانییە، جوانە.




1779. Saddam Hussein told guards he once burned hundreds of his son Uday's luxury cars as punishment for killing several people at a nightclub.
سەدام حسێن بە پاسەوانەکانی وتووە کە جارێکیان سەدان سەیارەی گرانبەهای عودەی کوڕی سوتاندووە وەك سزایەك لەبەرئەوەی ئەو هەتیوەی لەیانەیەکی شەوانەدا چەند کەسێکی کوشتووە.

1780. It's estimated that 1,000 additional deaths occurred in the months following 9/11 because Americans chose to travel by car instead of by plane.
لەچەند مانگی پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر نزیکەی هەزار حاڵەتی گیانلەدەستدان رویاندا چونکە خەڵك دوای هێرشەکان، لەو ماوەیەدا لەبری فڕۆکە گەشتیان بە ئۆتۆمبێل دەکرد.

1781. 94% of terrorist attacks carried out in the United States from 1980 to 2005 have been by non-Muslims, according to the FBI.
بەگوێرەی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمەریکا، لەسەدا 94ی ئەو هێرشە تیرۆریستییانەی لەنێوان 1980 بۆ 2005 لەو وڵاتە رویانداوە، ئەنجامدەرەکانیان موسڵمان نەبوون.

1782. An elephant's skin can be up to 1 inch (2.54 centimeters) thick but is so sensitive it can feel a fly landing on it.

ئەستوریی پێستی فیل دەکرێ بگاتە زیاتر لەدوو سانتیمەترو نیو بەڵام سەرباری ئەوەش هێندە هەستیارە کە دەکرێ هەست بە نیشتنەوەی مێشێك لەسەری، بکات.

1783. In 2005, a psychologist and an economist taught a group of monkeys the concept of money. Soon, the monkeys engaged in prostitution.

لەساڵی 2005 دەروونناسێك و ئابوریناسێك کۆمەڵێك مەیمونیان فێری مانای پارە، کرد. پاش ماوەیەکی کەم ئەو مەیمونانە دەستیانکرد بە ئیشی رەش!!!!

1784. Rome, Italy, has 2,500 free-flowing drinking fountains.

لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا، دوو هەزارو 500 کانیی بێبەرامبەر هەن کە بەردەوام ئاوهەڵدەدەن.

1785. ساڵی 2017، کەنەدا بۆ دووەمین ساڵ لەسەر یەك پلەی یەکەمی گرتووە لەڕوی خۆشگوزارەنییەوە..

عەگ بە لێوم!!!




1786. The temperatures near the site of the bomb blast during the Hiroshima explosion were estimated to be 300,000°Celsius (540,000°Fahrenheit). That's 300 times hotter than the temperature bodies are cremated at.

پلەی گەرمای نزیك تەقینەوەی بۆمبە ئەتۆمییەکەی هێرۆشیما، بە سێ سەد هەزار پلەی سەدی خەمڵێنراوە واتە سێ سەد ئەوەندە گەرمتر لەو پلەیەی جەستەی مرۆڤی مردووی تێدا دەسوتێت لەو وڵاتانەی مردووەکان دەسوتێنن.

1787. Temperatures in the Namib desert can reach as high as 60°C during the day and below 0°C at night.

پلەی گەرمای بیابانی نامیب لەڕۆژدا دەکرێ بگاتە 60 پلەی سەدی، بەڵام لەشەودا دەگاتە خوار سفری سەدی.

1788. There are more stars in the universe than words ever uttered by all the humans who ever lived.

ژمارەی ئەو ئەستێرانەی لەگەردوندا هەن، لەکۆی ژمارەی ئەو پیتانە زیاترە کە هەموو مرۆڤەکان بەدرێژایی مێژوو و ژیان، وتویانە.

هەرچەندە مەعلوماتەکانی بەندەی موخلیستان بەشەرتن و گرەنتییان لەتەکدایە، بەڵام هەر بۆ ئیحتیات دەڵێم، هەرکەسێك گومانی لەم زانیارییە هەیە دەتوانێت بیژمێرێت، ئەگەر وا نەبوو، بلێ وانیە!!!!

1789. In Ancient Greece, the normal size of a jury was about 500 people.

لە یۆنانی دێریندا، ژمارەی ئاسایی ئەندامانی دەستەی سوێندخۆرانی دادگا نزیکەی پێنج سەد کەس بووە.

1790. In 1956, a scientist imported African honeybees to South America. Some of them escaped and bred with European honeybees in the wild, giving rise to a hybrid species: killer bees.

لەساڵی 1956 زانایەکی ئیشقۆڕ چەند هەنگوینهەنگێکی ئەفەریقی بردە ئەمەریکای باشور. هەندێك لەم هەنگانە رایانکردو لەدەشت و دەر لەگەڵ چەند هەنگوینهەنگێکی ئەوروپی زەوجاندیان. لەئەنجامدا جۆرە هەنگێکی تێکەڵە بەرهەم هات کە ئەویش هەنگی کوشندە بوو.

هەنگی کوشندە بەپێچەوانەی جۆرەکانی ترەوەیەو وەك لەناوەکەشییەوە دیارە خوانەخواستە پێتەوە بدات تەنها بەوەوە ناوەستێت ناوچاوت یان پشتەملت بکات بە کاڵەك، بەڵکو تەنها یەکجار ئێژی ئای!!!

1791. The kiwi , a flightless nocturnal bird unique to New Zealand, is the symbol for everything from New Zealand.

کیوی کە باڵندەیەکی شەوگەڕەو ناتوانێت بفڕێت، بەنیسبەت نیوزلەنداوە شتێکی نایابە. بە سیمبولی هەموو شتێکی ئەو وڵاتە دادەنرێت.

1792. Ancient Greeks wouldn't eat beans as they thought that they contained the souls of the dead.

یۆنانییە کۆنەکان فاسۆلیایان نەدەخوارد چونکە بەفشەی خۆیان رۆحی مردووی تێدایە!!!

1793. The Burj Khalifa is so tall that residents above the 80th floor have to wait 2 to 3 minutes longer to end Ramadan.

تاوەری خەلیفە کە لەشاری دوبەی ئیماراتە، هێندە بەرزە کە رەمەزانی دانیشتوانی سەروو نهۆمی 80 دوو تا سێ خولەك لەوانی تر، درێژترە.

1794. Tigers can, and will, take revenge on those who have wronged them.

پڵنگ دەتوانێت و دەشیەوێت کە تۆڵە لەوانە بکاتەوە کە خراپەیان بەرامبەر کردووە.

تەسەورکە بە سودفە شانت بەر شانی بکەوێ و ئەویش بەهەڵە تێبگات!!!

1795. In 30 of the world's countries (15%), their heads of state are required to have a particular religious affiliation.

لە سی لەسەدی وڵاتانی جیهان کە دەکاتە لەسەدا 15ی کۆی وڵاتانی جیهان، سەرۆکی وڵات پێویستە ئینتیمای بۆ ئاینێکی دیاریکراو هەبێت.

1796. In 1900, all the world's mathematical knowledge could be written in about 80 books; today it would fill more than 100,000.

لەساڵی هەزارو نۆسەدو هیچ واتە تەنانەت پێش چاپبونی باپیریشم، هەموو زانیارییە ماتماتیکییەکان لەنزیکەی 80 کتێبدا جێگەی دەبووەوە، بەڵام ئێستا ئەو جۆرە زانیارییانە لەسەد هەزار کتێبیشدا جێگەیان نابێتەوە.

1797. Watermelons contain an ingredient called citrulline that can trigger production of a compound that helps relax the body's blood vessels, just like Viagra.


ئێوەش وەك برام وان شوتی پێکهاتەیەکی تێدایە بەناوی سیترولین. ئەم پێکهاتەیە دەکرێ بەرهەمهێنانی پێکهاتەیەك بوروژێنێت کە یارمەتی خاوکردنەوەی بۆرییەکانی خوێن دەدات، واتە هەمان کاری ڤیاگرا دەکات. بۆیە ئەگەر ئێوارە شوتیت خواردو نیوەشەو بەشێوەیەکی نائاسایی و وەك خۆهەڵدانە ناو مەسبەح، خۆت هەڵدایە سەر هاوژینەکەت، ئەوە بزانە سەبەبەکەی ئەو شوتییەیە.

1798. لەو کەنەدایەی لای خۆمان شارۆچکەیەك هەیە بەناوی چەرچڵ. لەوێ جێهێشتنی سەیارە بەشێوەیەك کە دەرگاکەی کراوە بێت، نەك هەر نائاسایی نیەو سەیارەکە نادزرێت، بەڵکو ئەسڵەن شتێکی زۆر باوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رەنگە لەهەر کاتێکدا خەڵك پێویستی بەوە بێت لەترسی ورچی قوتبی، وەك پەناگایەك پەنا بۆ ئەو سەیارە کراوانە ببات.




1799. لەماوەی حوکمی هیتلەرە ئیشقۆڕ واتە لەساڵی 1933 تا 1944، زیاتر لە 25 جار هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە. پێش ساڵی 1933ش چوار هەوڵدراوە. تەنها لەساڵی 1933 بۆ 1934 دە هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە.


زۆربەی هەرەزۆری ئەم هەوڵانەش لەلایەن هاوڵاتیانی ئەڵمانییەوە دراون نەك بێگانە.








1800. لێکۆڵینەوەیەك دەفەرموێت تەممەڵی بەشێکی سروشتی هەرزەکارانەو بەڵگەی خراپیی هەڵسوکەوت نیە.




1801. لەساڵی 2004، پەیمانگایەکی ئوسترالیی تایبەت بە لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ونبونی کەوچکەچا لەشوێنی کاردا، بڵاوکردەوە.
بەینی خۆمان بێ بەتاڵی زاناکانیشی گرتووەتەوە!!!




1802. لەو فلۆریدایەی لای خۆمان جارێك پیاوێك پاش لەخەوهەستان، هەستیکرد سەری زۆر بەتوندی دێشێت. کاتێك چووە نەخۆشخانە دەرکەوت کە گوللـەیەك لەمێشکیدایە.
کورە جا هێشتا چت دیوە!!!، دواتر دەرکەوت کە ژنەکەی لەشیرینەی خەودا یەك گوللـەی ناوە بە تەپڵەکی سەرییەوە!!!
راستە ژنەکە بەراز بووە کە دەستی چووەتە ئەوەی لەشیرینەی خەودا گوللـە بنێت بەسەری مێردەکەیەوە بەڵام بەخوا مێردەکەی بەرازتر بووە چونکە زۆر عەجیبە گوللـەیەك بنرێ بەسەرتەوە تەنها توشی سەرئێشەت بکات.
ئیجاکونێ بۆیەش نوسیم تەپڵەکی سەر لەبری تەپڵی سەر، چونکە خزمێکمان هەیە هەموو جارێك لەبری "دەوەرە قوڕ مەکە بە تەپڵی سەرتا" دەڵێت: "دە وەرە قوڕ مەکە بە تەپڵەکی سەرتا". برایەکی ئەو خزمەشمان بە جادە ئەڵێ جاردە!




1803. مارك زوكەربێرگ، دامەزرێنەری فەیسبوك تەنها لەساڵی 2013دا یەك ملیار دۆلار واتە دە هەزار دەفتەری صەیی بۆ کاری خێرخوازی بەخشیوە. بەوەش بووەتە گەورەترین بەخشندە لەسەرتاسەری ئەمەریکاداو وەك بەعزەکەسێکیش پۆز لێنادا!

1804. %98 of the 7 billion billion billion atoms in the human body are replaced every year.


g. هەموو ساڵێك لەسەدا 98ی حەوت زەربی 10 توان 27 گەردیلەی جەستەی مرۆڤ، دەگۆڕدرێن.





1805. زۆرجار دەبینین دوو هاوژینی رەسمی یان خەتی خاریجی لە رێستۆرانتێکی راقیدان و خواردەمەنییەکی سەریعیان لەبەردەمدایەو خواردەمەنییەکەش پارچە سەهۆڵی لەسەرە. ئەم دوانە بە حسابی خۆیان لەجەوێکی زۆر رۆمانسی و تەندروستدان.

نامەوێ جەوەکەیان لێ تێك بدەم بەڵام زۆر پێویستە ئەم راستییە ناخۆشە پەیوەندیدارە بزانن. راستە جەوەکەیان رەنگە زۆر رۆمانسی بێت بەڵام نەك هەر زۆر تەندروست نیە بەڵکو زۆر وێرانە. ئەم فاکتە دەڵێت، لەسەدا حەفتای ئەو کاتانە، ئەو پارچە سەهۆڵانە نەك هەر پاك نین، بەڵکو لەئاوی توالێت پیسترن!!!


کەواتە رەنگە بتوانین بفەرموین رۆمانسی بەڵام بەتامی توالێت!!!




1806. هەرچەندە ئەمەریکای لاتین تەنها لەسەدا هەشتی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنێت، بەڵام بەپێی فەرمایشتێکی ویئێن واتە یوئێن!، سێیەکی کوشتنەکانی هەموو جیهان لەم ناوچەیەدا رودەدەن.




1807. یاریزانی بەناوبانگی فوتبۆڵ ئێدسۆن ئارانتیس دۆ ناسیمێنتۆ کە بە پێلێ ناسراوە، بەناوی داهێنەری مەزن تۆماس ئەدیسۆنەوە ناونراوە.




1808. لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، سیخوڕە بریتانییەکان، تۆوی مرۆڤیان وەك حیبرێکی نەبینراو بەکاردەهێنا.

h. ئەم بەزمە لەلایەن سێر مانسفیڵد کەمینگەوە داهێنراوە.

i. ئەی لەو بێناموصەی!!!

1809. The Persian famine of 1917 and 1918 caused deaths by starvation, and cholera, of 4 to 10 million people in Iran.

ئەو شەپۆلە قات و قڕییەی لەساڵی 1917و 1918 ئێرانی گرتەوە، بڵاوبونەوەی برسێتی و کۆلێرایەکی بەدوای خۆیدا هێنا کە گیانلەدەستدانی چوار تا 10 ملیۆن کەسی لێکەوتەوە.

1810. In 1956, the U.S. exploded atomic bombs near a few beers to see if they are safe to drink. They are indeed.

لەساڵی 1956 ئەمەریکای ئیشقوڕ چەند بۆمبێکی ئەتۆمی لەنزیك چەند بیرەیەکەوە تەقاندەوە، تەنها بۆ ئەوەی بزانێت کە پاش ئەو تەقینەوەیە بەکەڵکی خواردنەوە دەمێنن یان نا. ئەنجامەکەش ئەوە بوو کە لەڕاستیدا دوای ئەو تەقینەوەیەش بەکەڵکی خواردنەوە دەهاتن.

1811. Stephen D Unwin, a PhD in theoretical physics, wrote a book where he calculated the probability that God exists: 67%.

ستیفن دی ئەنوین برادەرێکە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەفیزیای تیۆری، کتێبێکی نوسیوە کە تێیدا دەفەرموێت ئەگەری بونی خوا لەسەدا 67ە.



1812. Each square foot of Jackson Pollock's painting "No. 5, 1948" is worth over $4 million.

ئەگەر کەسێك کاغەزێکمان بۆ بهێنێنت و ئەو وێنەیەی لەسەر کێشا بێت، رەنگە بڵێین، ئەوە چیە ئەڵێی پاشەکەوتی موچە تۆشی تێکدا، ئەو چیە کێشاوتە!!!

ئەم وێنەیە کە رەنگە ئێمە گاڵتەمان پێی بێت، تابلۆیەکی نیگارکێشی بەناوبانگ جاکسۆن پۆڵۆکە بەناوی "ژمارە 5"و هی ساڵی 1948ە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هە پێدوجایەکی ئەم تابلۆیە بەهاکەی چوار ملیۆن دۆلارە واتە چوار سەد دەفتەری صەیی!!

باشە کاکە!!

1813. Some tribes in the Himalayas use the smoke from burning millipedes to treat hemorrhoids.

هەندێك لەهۆزەکانی ناوچەکانی هیمالایا، دوکەڵی هەزارپێی سوتاو بۆ چارەسەری مایەسیری بەکاردەهێنن.




1814. لەساڵی 2014 منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵ، توانی لەتاقیکردنەوەیەکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دەربچێت. بەوەش بووە بچوکترین کەس لەجیهاندا کە بڕوانامەی پرۆفیشناڵی مایکرۆسۆفت بەدەست بهێنێت.

1815. The ancient Greek philosopher Heraclitus attempted to cure a serious illness by lying in the sun covered in cow dung. He died the following day.

فەیلەسوفی یۆنانی هەرقلتوس پاش ئەوەی توشی نەخۆشییەکی سەخت بوو، لەهەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی، لەبەردەم خۆردا راکشاو خۆی بە شیاکە داپۆشی. بەڵام نەك هەر چاك نەبویەوە، بەڵکو رۆژی دواتر عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

1816. The British pound is the world's oldest currency still in use: it's 1200 years old.

پاوندی بریتانی، کۆنترین دراوە لەجیهاندا کە تائێستاش کاری پێبکرێت. تەمەنی هەزارو دوو سەد ساڵە.


1817. ئەگەر لەتەمەنی سی ساڵییەوە، رۆژانە تەنها شەش دۆلارو 35 سەنت بخەیتە حساب بانکییەکی پاشەکەوتەوە، ئەوا کاتێك تەمەنی شەریفت دەگاتە 65، دەبیتە ملیۆنەر.







1818. جۆرە نەخۆشییەکی دەرونی هەیە پێی دەووترێت فیلۆفۆبیا واتە ترس لەعاشقبون یان کەوتنەداوی خۆشەویستی کەسێکەوە.




1819. لەئێستادا تەنها 23 هەزار شێری ئەفەریقی لەژیاندا ماون. ئەمە لەکاتێکدایە کە نزیکەی 20 ساڵ لەمەوبەر واتە لەساڵی 1998 ژمارەی ئەو جۆرە شێرانە نزیکەی 300 هەزار بون.
ئەمەش فاکتێکی دیکەیە کە جەخت لەسەر دڕندەیی مرۆڤی ئیشقۆڕ دەکاتەوە.

1820. دروستکردنی ئەو قاتەی گەردونناسەکان لەکاتی گەشتی ئاسمانیدا لەبەریدەکەن، پێنج هەزار سەعاتی پێدەچێت و نزیکەی یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەری صەیی تێدەچێت.




1821. لەنزیکەی نیوەی کۆی هەموو رێکارەکانی تەڵاقدا لەئیتالیا، بەرنامەی واتس ئەپ وەك بەڵگە هێنراوەتەوە.. ئەم تەنەکەجۆلیایە! چاك خوی ئەو عالەمەیان شڕکردووە کردووە!!!




1822. لەئایاری 2016، فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی ئەمەریکی کە لەڕێگادا بوو لە لۆس ئەنجلوس بۆ شاری نیۆرك، ناچار بوو لەشاری کەنساس بنیشێتەوەو برادەردێك بەزۆر دابەزێنێت چونکە لەناو تەیارەکەدا بەردەوام گۆرانی "من هەمیشە تۆم خۆش ئەوێ"ی ویتنی هۆستنی دەووتەوەو بەهیچ شێوەیەك بێدەنگ نەدەبوو.

دیارە پیس عاشق بووەو دڵی هێندە گەرم بووە کە کەباب بەچاوییەوە دۆندرمە بووە!!!




1823. 75 ترلیۆن خانەی لەش خوێن لەدڵەوە وەردەگرن بەڵام کۆرنییەکانی چاو وەری ناگرن.




1824. وینستۆن چەرچڵ سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم پلانێکی هەبوو بەناوی "ئۆپەراسیۆنی بڕواپێنەکراو" . بەپێی ئەم پلانە بەنیاز بوو دوابەدوای جەنگەکە، کتوپڕ پەلاماری یەکێتی سۆڤیەت بدات و داگیربیکات. بەڵام پاش ئەوەی زانرا کە پاش جەنگەکەش، هێشتا ژمارەی هێزە سەربازییەکانی سۆڤیەت سێ ئەوەندەی هێزەکانی هاوپەیمانانەن پلانەکە هەڵوەشێنرایەوە.





1825. هیتلەرە ئیشقۆڕ پلانی دانابوو کە پاش گرتنی مۆسکۆ لەجەنگی جیهانی دووەم، هەموو دانیشتوانەکەی بکوژێت پاشان شارەکە بکات بە دەریاچە. بەڵام نەیتانی!!!





1826. درەختێك هەیە بەناوی مانچینیڵ. شوێنی ئەسڵیی ویلایەتی فلۆریدایە لەئەمەریکا. ئەم درەختە بە ژەهراویترین درەخت دادەنرێت لەجیهاندا. ئەگەر لەکاتی باراندا لەژێریدا بووەستیت بڵقی ئازاربەخش لەسەر جەستەت دروستدەکات. ئەگەر دارەکەی بسوتێنیت و دوکەڵەکەی بەرچاوت بکەوێت، کوێرت دەکات.

کورە جاهێشتا چیت دیوە!، گەڵاکەی بکەوێتە ناو ئاوەوە ژەهراوی دەکات و ئەگەر میوەکەی بخۆیت، ئەوا یەکجار ئێژی ئای و دوای ئەوە عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدێڵیت!!!

لۆیە زۆر موهیمە بنیایەم ئەگەر چووە شوێنێکی نەناسراوەوە، بە حەزەرەوە مامەڵە لەگەڵ درەختەکانی شوێنەکەدا بکات.




1827. لە نیۆرك، جارێك پاش ئەوەی کوڕێك مەزرەبێکی یاری بەیسبۆڵ بەر سنگی دەکەوێت و دەکەوێتە حاڵەتێکی مەترسیدارەوە، ژنێك لەڕێگەی بوژانەوەی دڵ و سییەوە، توانی ژیانی لەمردن رزگاربکات. حەوت ساڵ دواتر، بەدیاریکراوی لەساڵی 2006، هەمان کوڕ توانی لەڕێگەی پرۆسەی فشارخستنە سەر سکەوە، لەو رێستۆرانتەی کاری تێدا دەکرد، ژیانی هەمان ژن لەخنکان رزگاربکات.
تەقریبەن  تۆزێك لەفیلمی هندی دەچێت بەڵام راستە.




1828. لیۆناردۆ دی کاپریۆ واتە پاڵەوانی فیلمی تایتانیك و چەندین فیلمی ناوازەی تر، بۆیە ناونراوە لیۆناردۆ چونکە لەکاتێکدا لەسکی دایکیدا بووەو دایکی لەمۆزەخانەیەکی ئیتاڵیا سەیری تابلۆیەکی لیۆناردۆ داڤینشی کردووە، بیلزەبت لەوکاتە ئەم کوڕە لەسکی دایکیدا یەکەم شەقی هاویشتووە!




1829. هەر کاندیدێکی خەڵاتی ئۆسکار ئەگەر خەڵاتەکە نەباتەوە، ئەوا جانتایەکی پڕ لەشتومەکی بەنرخی وەك دڵدانەوە پێدەدەن. هەریەکێك لەجانتا پەیوەندیدارەکانی فێستیڤاڵی ساڵی 2016 بە بەهای 45 هەزار بۆ 48 هەزار دۆلار واتە چوار دەفتەرو نیو بۆ چوار دەفتەرو هەشتا وەرەقەی ناسك، کەلوپەلی تێدا بوو، عەیب بێ و عەیب نەبێ هەر لەکۆندۆمەوە بیگرە بۆ ویندیکس کە ماددەیەکی پاککەرەوەیە تا دەگاتە گەشت و شروبی ئەسفەندان و بەرهەمەکانی جوانکاری.

لەمەوە دەتوانین بێژین کە خۆی لەخۆیدا کاندیدبون بۆ ئەو خەڵاتە بردنەوەیەکی راقییە، نە تەنها لەڕوی مەعنەوییەوە بەڵکو لەڕوی ماددیشەوە. کاکە چوار دەفتەرو نیو بەتایبەت لەم قەیرانەدا کەم نیە!!!





1830. جۆرێك لەبیبەر هەیە کە لەیابانە حەیاتەکە بەرهەمدێت. زۆر عەجیب و غەریب و سەیرو سەمەرەیە. لەهەموو دە دانەیەکیان تەنها یەکێکیان تونە. هیچ رێگەیەکیش نیە بۆ ئەوەی پێش ئەوەی لێوی شەریفت بەر لێوی بکەوێت، بزانرێت ئەو تونە کامیانە.




1831. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی رۆن ماکنایەرە. ئاسمانەوانێکی ئەمەریکی بەڕەگەز ئەفەریقییەو لەتەقینەوەی کەشتی ئاسمانیی چالێنجەر لەساڵی 1986، گیانی لەدەستداوە. جێهێشتووە.

ئەم برادەرە کە وەك دەیبینن رەشپێستە، لەتەمەنی نۆ ساڵیدا دەچێتە کتێبخانەیەکی گشتی کە تێیدا جیاوازیی رەگەزی پەیڕەودەکرێت. خاوەن کتێبخانەکە نایەڵێت سەیری کتێبەکان بکات چونکە رەشپێستە بەڵام ئەم بەهیچ شێوەیەك کتێبخانەکە چۆڵناکات. لەئەنجامدا دایکی و پۆلیس بانگ دەکرێن و قەزیەکەش لەبەرژەوەندی ئەم کۆتایی دێت و چەند ساڵێك لەوەدواش، کتێبخانەکە ناوەکەی دەگۆڕێت و دەکرێت بەناوی ئەمەوە.




1832. More than twice as many people were guillotined by the Nazis as during the French Revolution.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەلایەن نازییەکانەوە بە گیلۆتین لەناوبران، لەدوو ئەوەندەی ئەوانە زیاتر بوون کە لەکاتی شۆڕشی فەرەنسادا، بەو ئامێرە لەناوبران.

1833. Anyone can become a legal citizen of Dominica, in the Caribbean, for US$100,000.

هەموو کەسێك دەتوانێت تەنها بە دە دەفتەر دۆلاری ناسك، ببێتە هاوڵاتییەکی فول یاسایی وڵاتی دۆمینیکا لەهەرێمی کاریبی. جا ئەوەندە سروشتێکی خۆشی هەیە بچیتە ناوی هەر فریای وتنی عەگ بەلێوم و ئاخخخخخخخخخخخخخخ و ئۆفففففففففففف دەکەویت!
بەلاشە، پارەی خانویەکی هۆمەرەکوێرە!!!

1834. Breatharianism is the belief that food, and even water, are not necessary for survival, and that humans can be sustained solely by prana, the vital life force in Hinduism.

جۆرە بیروباوەڕێك هەیە بەناوی هەناسەچێتی، ئەمە بیروباوەڕە پێیوایە مرۆڤ دەتوانێت بەبێ خواردن، کورە تەنانەت بەبێ ئاوو خواردنەوەش بژی و خواردن و خواردنەوە پێویست نین لۆ ژیان.
بەفشەی هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە، مرۆڤ دەتوانێت تەنها لەڕێگەی پراناوە بژی کە هێزێکی کاریگەری ژیانە لە ئاینی هندۆسیداو تەنها پێویستی بە هەناسەیە.
ئەگەر ئەم فشەیە راست بێ زۆر موهیمە بەتایبەت لەم قەیران و رەمەزانەدا!!!

1835. 56% of Americans believed that Adam and Eve were real people, according to a 2014 poll.

بەگوێرەی راپرسییەك کە لەساڵی 2014 ئەنجامدراوە، تەنها لەسەدا 56ی ئەمەریکییەکان لەو بڕوایەدا کە ئادەم و حەوا مرۆڤی راستەقینە بوون.


1836. مێرولە دەتوانێت چەندین کۆمەڵگەی نیشتەجێبون پێکەوە گرێبدەن و شارەمێرولەی زەبەلاح دروستبکەن کە ژمارەیەکی زۆر شاژن لەخۆبگرێت. یەکێك لەگەورەترین ریکۆردی پەیوەندیدار لەنزیکەی 306 ملیۆن مێرولەی کرێکارو یەك ملیۆن شاژنەمێرولە پێکهاتووە کە لە 45 هەزار هێلانەی پێکەوەبەستراودا دەژین.




1837. ئەگەر قسە بۆ فەخامەتێك بکەیت و ئەو لەوکاتەدا چاوی زۆر بتروکێنێت، ئەوە رەنگە چیتر خەیاڵی لای تۆ نەمابێت. چاوتروکاندن زۆر لەچاوداخستن دەچێت و بەربەستێك بەڕوی جیهانی دەرەوەدا دروستدەکات و رێگەت پێدەدات کە فۆکەس بخەیتە سەر شتێکی تر.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە کاتێك کەسێك بەخێراتر چاو دەتروکێنێت، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەیاڵی پەرتەوازەیەو فۆکەسی نەماوە.
بەنیسبەت کوردەوە بەندەی موخڵیستان شتێکی تریشی بۆ سەربار دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بەرامبەرەکەت زوو زوو وتی "راستە" یان "راست ئەفەرموی" ئەوە بەڵگەی ئەوەیە زۆر تەرکیزی لەلای قسەکانت نیە.

1838. If you're talking to someone and they start blinking a lot, they may have stopped paying attention to you. Blinking, much like closing your eyes, puts up a barrier against the outside world and allows your brain to focus on something else. Studies show that when a person starts to blink more rapidly, it suggests their mind is wandering.




1839. هەر هاوڵاتییەکی ئەمەریکی ئاسایی، زیاتر لەپێنج مانگی کۆی ژیانی بە تەلەفۆنکردن بەسەردەبات.
راستە پێنج مانگ زۆرە بەڵام بەخوا بەبەراورد بە فەخامەتە عەشقچییەکانی لای ئێمە هەر هیچ نیە!




1840. A Pakistan court banned Valentine's Day celebrations across the country in 2017, since the holiday is not a part of Muslim tradition.

لەساڵی 2017 دادگایەکی پاکستان ئاهەنگگێڕانی بەبۆنەی جەژنی ڤالانتاینی لەسەرتاسەری وڵاتدا قەدەغەکرد چونکە ئەو جەژنە بەشێك نیە لەداب و نەریتی موسڵمانان.

1841. سی ئای ئەی واتە نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمەریکا، هەموو رۆژێك نزیکەی پێنج ملیۆن تویت دەخوێنێتەوە.




1842. چیتا ناتوانێت وەك شێر بنەڕێنێت بەڵام وەك پشیلەی ناوماڵ دەمیاوێنێت.

تەسەورکە لەتاریکییەکدا گوێت لەمیاو میاو بێت و تۆش وابزانیت پشیلەیەو بەدەم وتنی "پشەگیان"ەوە لێی نزیك بیتەوەو دواتر چیتا بێت!!!!!




1843. Kite flying is a professional sport in Thailand.

لەتایلاند کە وڵاتێکە لەکیشوەری ئاسیا، کۆلارە هەڵدان وەرزشێکی پیشەگەرە.

1844. Nomophobia is the fear of being without your mobile phone or losing your signal.

جۆرێك فۆبیا هەیە بەناوی نۆمۆفۆبیا. لەم حاڵەتەدا کەسی توشبوو ترسی لەوە هەیە کە مۆبایلەکەی پێ نەبێت یان شەبەکەی نەبێت.

1845. The average U.S. household has 300,000 objects, from paper clips to ironing boards.

تێکڕا هەر ماڵێکی ئەمەریکا سێ سەد هەزار شتی هەیە، هەر لە دەرزی وەرەقە پێکەوە بەستنەوە بگیرە تا تەختەی بۆردی ئوتو لەسەرکردن.

1846. The longest baseball game in history lasted for two days.

درێژترین یاری بەیسبۆڵ لەمێژوودا، دوو رۆژی خایاندووە.

1847. To increase sales, some clothing stores use mirrors with curved glass that make people look about 10 pounds thinner.

بۆ ئەوەی بازاڕیان گەرمتر بکەن، هەندێك لەدوکانەکانی جلوبەرگ ئاوێنەی شوشەچەماوە بەکاردەهێنن کە مرۆڤ نزیکەی پێنج کیلۆ زەعیفترلەڕاستی، پیشاندەدات.

بۆ ئەگەر ئیشت کەوتە دوکانی جلوبەرگەوە سەرەتا سەیرێکی نیگائاسا لەئاوێنەکە بکە!!!

1848. Herbert Hoover, former U.S. President, wrote a book entitled "Fishing for Fun and to Wash your Soul."

هێربەرت هوڤەر، سەرۆکی پێشوتری ئەمەریکا کتێبێکی نوسیوە بەناوی "راوەماسیکردن بۆ خۆشی و پاککردنەوەی رۆح"




1849. لەجەنگی جیهانی دووەمدا، بزنێك کە پێیان دەووت رەقیب بیڵ، بووە پاڵەوانێکی جەنگی کەنەدا چونکە جارێك بەمەبەستی پاراستنیان لەپارچەی تەقینەوە، شۆقێکی دا لە سێ سەربازی ئەو وڵاتەو خستنییە ناو خەندەقێکەوە.




1850. ئەم برادەرەی دەیبینن، ناوی جۆن هاریسنە. ئیشی ئەوەیە کە ئایسکرێم و دۆندرمەو ئەو شتانە تامدەکات وەك تاقیکردنەوە. زیاتر لە دوو سەد ملیۆن گاڵۆنی تامکردووە. بەهۆی ئەم کارەوە گۆپکەی چەشتنەکانی بەبەهای یەك ملیۆن دۆلار، گرەنتی کراوە. واتە ئەگەر توشی هەر کێشەیەك بێت بەهۆی ئەو کارەوە، ئەوا تا یەك ملیۆنی تیا خەرجدەکەن.




1851. ئەم برادەرەی دەیبینن، سەربازێکی ئەمەریکییە. لەهەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا جەنگاوە. دەموچاو، سەر، قولەپێ، لاق، سمت و گوێی برینداربووە. لەتەقینەوەی تەیارەیەکدا رزگاری بووە. لەکامپێکی دیلی جەنگدا توانیویەتی ژێر ئەرز هەڵکەنێت و بۆی دەرچێت. کاتێکیش پزیشکان ئامادەنەبون چەند پەنجەیەکی ببڕنەوە، خودی خۆی قرتاندونی.

لەهەموو ئەوانە سەیرتر ئەوەیە دوای ئەم هەموو بەزمە، فەرمویەتی: بەڕاشکاوی دەڵێم کە من چێژم لەجەنگ بینیوە!!!




1852. دەوڵەمەندترین پیاو لەهندستان باڵەخانەیەکی یەك ملیار دۆلاری دروستکردووە کە لە 27 نهۆم پێکدێت و هۆڵێك بۆ وەرزشکردن و ستۆدیۆیەکی سەماکردن و چەندین حەوزی مەلەکردن و هۆڵێکی 50 کورسی سینەماو نۆ ئاسانسوارو گۆڕەپانێك کە جێگەی 160 ئۆتۆمبێلی تێدا دەبێتەوەو سێ نشینگەی فڕۆکەی تێدایە.

هەموو کارمەندەکانی کە 600 کارمەندن، لەو باڵەخانەیەدا دەژین.

ئەمە لەکوێ؟ لەو هندستانەی کە زۆرجار گاڵتەیان پێدەکەین و دەڵێین بۆ فیلمی هندییە؟!!

بەڵام لێرە ئەگەر کارمەندی کۆمپانیایەك بیت، لەکاتی وەرگرتنی موچەدا کاتێکت زانی وەك سوپرایز لابەلایەکی معاشەکەت بڕاوەو کاتێکیش دەپرسیت بۆ، لەوەڵامدا دەفەرمون: توشی قەیران بوین و ئەگەر رازیش نیت، دەرگای سەرەکی لەسەر پشتە!!!


ئاخر ئەی توووووت کوڕی توووووت ئەی بۆ لەکاتێکدا کۆمپانیاکەت قازانجی دە ئەوەندە زیاددەکات، ناچیت بچیت دە هەزار دینار زیاد بکەیت بۆ موچەکەو بڵێی ئەوە لەبەرئەوەی قازانجێکی زۆرمان کردووە، ئەو دە هەزارە دیاری بێت بۆ جەنابت.




1853. پزیشکانی زانکۆی کالیفۆرنیا لەشاری لۆس ئەنجلوس لە ئەمەریکا، چەند خانەیەکی خوێنی سەیریان لەسپڵی پیاوێکی شاری سیاتڵدا دۆزییەوە کە یارمەتی بەرەنگاربونەوەی نەخۆشییە پەتاییەکان دەدات. پزیشکەکان ئەم خانانەیان لەجسمی ئەم پیاوە دزی و کردیان بە دەرمان بەبێ ئەوەی یەك سەنتیشی پێبدەن یان رەزامەندی وەربگرن، کورە تەنانەت هەر نەشیان هێشت کابرا بەو کارە بزانێت.



1854. درێژترین هاوپەیمانێتی نەشکێنراو لەمێژوودا، هی نێوان ئینگلتەراو پورتوگاله. تەمەنی ئەم هاوپەیمانێتییە زیاتر لە 630 ساڵەو تائێستاش بەردەوامە.




1855. لەساڵی 1846 واتە نزیکەی سەدەیەك و سێ چارەك لەمەوبەر، برادەرێك بەناوی جۆن تۆرینگتۆن لەکاتی هەڵمەتێکدا بۆ دۆزینەوەی رێڕەوی باکوری خۆرئاوا کە رێڕەوێکی دەریاییەو زەریای ئەتڵەسی بە زەریای ئارامەوە دەبەستێت، عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت و پاش 138 ساڵ تەرمەکەی دەرهێنرایەوە. لەوە سەیرتر ئەوەیە کە کاتێك تەرمەکەی دۆزرایەوە زۆربەباشی مابویەوە. چاوەکانی تەواو کراوە بوون، جلوبەرگەکەی تێك نەچوو بوو، پەلەکانی بەشێوەیەك جیرپیان تێدا مابوو کە جوڵاندیان وەك جوڵەی پەلی کەسێکی بێهۆش وابوو نەك مردوو.

In 1846, John Torrington perished during an expedition to find the Northwest Passage. When his corpse was exhumed 138 years later, it was almost perfectly preserved—eyes wide open, clothing intact, and limbs so flexible that moving him felt like moving someone unconscious rather than dead.




j.

1856. چاوی سەوز دەگمەنترین چاوە لەسەرتاسەری جیهانداو رێژەی چاوسەوزەکان لەسەرتاسەری جیهاندا بە تەنها لەسەدا دوو خەمڵێنراوە.




1857. زۆرترین بڕەخەڵات کە بەدرێژایی مێژوو تائێستا، وەرزشەوانێك بردبێتییەوە، سایەق ئەسپ و عەرەبانەیەکی رۆمانەکانە بەناوی گاوس ئەپولیوس دیۆکلیس. ئەو خەڵاتەی ئەم برادەرە بردویەتییەوە،

ئەگەر بەپێودانگی ئەمڕۆ دیاری بکەین، دەگاتە نزیکەی 15 ملیار دۆلار واتە ملیۆنێك و 500 هەزار دەفتەری صەیی!!!

The highest earning athlete of all time was a Roman charioteer named Gaius Appuleius Diocles. Adjusted to today's money, he earned approximately $15 billion in prize money alone.




1858. کیشوەری جەمسەریی باشور، تەنها کیشوەرە کە جاڵجاڵۆکەی تێدا نیە.




1859. تا سەرەتاکانی 1900ەکان، لەکیشوەری ئەمەریکا، شتێکی تەواو ئاسایی بوو کە منداڵی کوڕو کچی تەمەن خوار حەوت ساڵ، هەمان جۆر جلوبەرگیان لەبەربکرێت. جیاکردنەوەی جلوبەرگی مناڵ بەپێی رەگەز تا ماوەیەکی کەم پێش جەنگی یەکەمی جیهان نەگەیشتبووە ئەو کیشوەرە. بەڵام لەوکاتەوە داوادەکرا کوڕانی ئەو تەمەنانە جلوبەرگی پەمەیی و کچان شینی کاڵ و جوانتریان لەبەربکرێت.





1860. لەسەدەی 13هەمی زاینیدا جەنگیزخان پێشنیازی هاورێیەتی و ئاشتی خستە بەردەم ئیمپراتۆریەتی دەشتەکیی خوارزمی لەوڵاتی فارس. بەڵام شا خوارزمیا قبوڵی نەکردو فەرمانیدا کە وەفدە بازرگانییەکەی مەغۆل بکوژرێت. لەبەرامبەر جەنگیزخان وتی ئەو چوار پەلتە بەگۆڕی باوکم (تەبعەن بە مەغۆلی!)، وەفدی من ئەکوژن؟. وەڵا جەنگێکی بەرپاکرد کە تێیدا ملیۆنێك و 250 هەزار کەسی کوشت و ئیمپراتۆریەتی خوارزمی، لەناوبرد.





1861. هەرچەندە چەندین ساڵە ماکیڵ جاکسۆن عومری درێژی بۆ ئێوە جێهشتووە بەڵام تائێستاش داهاتی مولْك و ماڵەکەی بەردەوامەو ساڵە دەگاتە سەد ملیۆن دۆلارو لەساڵی 2016 گەیشتووەتە 825 ملیۆن.

بەڵام ئاخخخخخ، سودی چیە!!





1862. ئەم روداوە راستەقینە پشتی فیلمی هندی شکاندووەو کونەلوتیشی سوتاندووە:


پیاوێك پاش 33 رۆژ لەونبون لەناو دەریا، نەمردو دواجار شەپۆلەکانی دەریا بە قەدەری خوای گەورە گەیاندیانە کەنارەکانی دورگەکانی مارشاڵ.
کورە جاهێشتا چیت دیوە؟ کە گەیشتە ئەوێ بۆی دەرکەوت مامی کە پەنجا ساڵە کەسوکاری پێیان وایە لەناو دەریادا ونبووەو بێسەروشوێنە، شەپۆلەکان گەیاندویانەتە هەمان دورگەو لەوێ خێزانی دروستکردووە.




1863. ئـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــائێستا لەم عان و سات و لەحزەیەدا لەسەدا هەشت و نیوی گەورەساڵان لەسەرتاسەری جیهاندا، دووربێ لەگیانتان نەخۆشی شەکرەیان هەیە. ئەم ژمارەیەش بە بەراورد بە 36 ساڵ لەمەوبەر، نزیکەی دوو ئەوەندە زیاترە.
جا لۆیە پێویستە ساڵانە فەخامەتی جەنابت لانیکەم یەك جار فەحسێکی شەکرە بکەیت.




1864. لیۆناردۆ داڤێنشی زانیارییەکی بەرفراوانی لە وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، ئەندازیاریی بیناسازی، زانیاری گشتی، موزیك، بیرکاری، ئەندازیاری بەگشتی، ئەدەب، توێکاری، جیۆلۆجی، گەردووناسی، رووەکناسی، نوسین، مێژوو و نەخشەسازی هەبووە. ئەم برادەرە بە یەکێك لەفرەترین بەهرەمەندەکان لەمێژوودا دادەنرێت و بەدوری مەزانن پشتەمل و قەنافسیشی چاك نەکردبێت!!!





1865. جۆرە دەروونەخۆشانێك هەن كە رقیان لەهەموو كەسێك و هەموو شتێكە. ئەم جۆرەكەسانە لەئینگلیزییەكەی خۆماندا، پێی دەووترێت: misomaniac

تەسەوركە ئەم كەسە كارمەندێكی نەخۆشخانە یان هەر فەرمانگەیەكی تر بێت و ئیشت تێی بكەوێت! هەرچیەك بلێی ئەڵێ ناكرێ!

1866. In 1724 Margaret Dickson was hanged for killing a baby, she somehow survived. She was then set free as her punishment had been carried out, she could not be executed for a second time for the same crime under Scots laws(only later were the words "until dead" added to the sentence of "hanging" .

لەساڵی 1724 واتە نزیكەی سێ سەد ساڵ لەمەوبەر، لەو سكۆتلەندایەی لای خۆمان، ژنێك بەناوی مارگرێت دیكسۆن بەتاوانی كوشتنی منداڵێك لەسێدارە درا بەڵام بەشێوەیەك لەشێوەیەك نەخنكاو رزگاری بوو. بۆیە ئازادكراو بەپێی یاسای ئەو وڵاتە جارێكی تر بەهۆی هەمان تاوانەوە لەسێدارە نەدرایەوە چونكە سزاكەی خۆی وەرگرتووە. بەڵام دوای ئەو روداوە دەستەواژەی "تا مردن" بۆ وشەی "لەسێدارەدان" زیادكراو كرا بە "لەسێدارەدان تامردن".




1867. تا ساڵی 2000یش، لەویلایەتی ئەلاباما، هاوسەرگیری نێوان رەگەزە جیاوازەکان واتە بۆ نمونە لەنێوان سپیپێستێك و رەشپێستێکدا قەدەغە بووە.
کەچی دەمی ئەمەریکییەکان بکەیتەوە دەڵێن ئێمە باوکی دیموکراسی و ئازادین لەجیهاندا
ئەها، ئێستا بیرم کەوتەوە کە مەخسەویان لەو قسەیە چیە، فعلەن راست ئەکەن باوکی دیموکراسی و ئازادین چونکە دایکی دیموکراسی و ئازادییان لەجیهاندا مارەکردووە!!!!!!




1868. لیام نیسۆن پاڵەوانی زنجیرەفیلمی taken "رفێنراو" بەو مەرجە لەسەر بەشداریکردن لەبەشی سێیەمی فیلمەکەدا بەشداریکرد کە کەسی تێدا نەرفێنرێت!!!




.k

1869. ژنێك پاش ئەوەی گومانی ئەوەی کرد کە هاوکارەکەی هەڵیدەداتە ناو بوتڵی ئاوخواردنەوەکەی ئەمەوە، بۆ دڵنیابون داوای لەهاوژینەکەی کرد ئەمیش بیکاتە ناوییەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت!!! واتە بۆ ئەوەی بنمونە بزانێت کە یەك تام دەدات. سەرەنجام هاوکارەکە خرایە زیندانەوە واتە گومانەکەی راست بوو.

ا. وەڵاهی ئەم بێدینانە شتی وا ئەکەن کە پیاو هەروەها ژنیش روی نایە بە رونی بینوسێت!!!!!!!!!!!



.m

1870. کاتێك بریتانیا پاکەتی تایلینۆڵ کە دەرمانێکە بۆ هێورکردنەوەی ئازارو تا بەکاردەهێنرێت، لەشێوەی پاکەتی قوتویی بۆ ئەو شێوەیەی کە لەوێنەکەدا دەیبینن گۆڕی، خۆکوشتن بەهۆی زۆرخواردنی ئەو حەبەوە بەڕێژەی لەسەدا 43 دابەزی. بۆ؟ چونکێکوم هەر کەسێك بیویستایە پەنجا دەنك بخوات، دەبوو دانە دانە خاڵ دانە دانە حەبەکان دەربهێنێت و بەڵام لەقوتووەکەدا دەرهێنانی پەنجا دەنك و قوتدانی زۆر ئاسانەو کاری چەند چرکەیەکە.




1871. جۆرێك باڵندە هەیە پێی دەڵێن شاهۆی تاجدار. ئەمە تەنها باڵندەیە كە زانایان دڵنیابوون لەوەی كە مرۆڤ وەك نێچیر دەبینێت. كە واتە ئەگەر بینیت بەدوری مەزانە بێت بۆت و ئەملاولات ماچ بكات!!!



1872. ئاغزەجگەرە زۆرترین پاشماوەیە لەجیهاندا بە بەراورد بە هەر پاشماوەیەکی تر. ژمارەی ئەو ئاغزەجگەرانەی لەجیهاندا فڕێ دەدرێن بە چوار ترلیۆن و 500 ملیار دەخەملێنرێن بۆ هەر ساڵێك. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە هەر یەکێك لەم ئاغزەجگەرانە پێنج بۆ 400 ساڵی پێویستە تا بەتەواوەتی شی دەبێتەوە.




1873. لەساڵی 1980 ئاڵودەبویەکی قومار کە 750 هەزار دۆلار واتە 75 دەفتەری صەیی دۆڕاندبوو، بۆمبێکی گەورەی لەگازینۆیەکی ویلایەتی نیڤادای ئەمەریکا دانا بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە پارە دەستبخات. هێزەکانی ئێف بی ئای هەوڵیاندا بۆمبەکە پوچەڵبکەنەوە بەڵام هەوڵەکەیان شکستی هێناو بۆمبەکە تەقییەوە، لەئەنجامدا تەواوی گازینۆکە وێران بوو.



.n

1874. An elderly man “128 years old” from Salta in Argentina claims that he’s the infamous German dictator Adolf Hitler and that he spent the last 70 years in hiding.

ئەم برادەرەی لای چەپی وێنەکە، تەمەنی 128 ساڵەو لەشاری ساڵتا لە ئەرجەنتین دەژی. دەڵێت من ئەدۆڵف هیتلەرم و حەفتا ساڵە خۆم شاردووەتەوە.

1875. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی بۆبی لیچە (1858-1926). ئەمە یەکەم کەسە لەجیهاندا کە لەناو بەرمیلەوە لەتاڤگەی نیاگارا خۆی هەڵداوەتە خوارەوەو نەمردووە. بەڵام دواتر بەهۆی هەڵخزان لەسەر توێکڵی پرتەقاڵ، عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە.





.o

1876. جارێك کارتەر، سەرۆکی پێشوتری ئەمەریکا لەمیانەی وتارێکدا بۆ جەماعەتێك یابانی، نوکتەیەك دەگێڕێتەوە. لەئەنجامدا یابانییەکە دەپچڕێن لەپێکەنیندا. سەرۆك زۆر بەمە سەرسام دەبێت کە چۆن موتەرجیمەکە توانی هێندە جوان نوکتەکە بتەرجەمێنێت بۆ یابانی کە بەو شێوەیە بیانهێنێتە پێکەنین. بەڵام


موتەرجیمەکە دانی بەوەدا نا کە نوکتەکەی نەتەرجەماندووە بەڵکو بەیابانی وتویەتی: "سەرۆك کارتەر چیرۆکێکی هەزەلی گێڕایەوە، پێویستە هەموتان پێبکەنن" .

p. President Carter once told a joke during a speech to a Japanese audience which caused the audience to erupt in laughter. Impressed, he asked how the interpreter managed to get such a laugh. The interpreter admitted that he had said, "President Carter told a funny story. Everyone must laugh."




q.

1877. جارێك کوڕێکی تەمەن چوار ساڵ بەناوی بۆبی دەنبەر لەمیانەی گەشتێکی خێزانیدا ونبوو. هەشت مانگ دواتر "دۆزرایەوە" و لەگەڵ "خێزانەکەیدا" یەکیگرتەوە. نزیکەی سەد ساڵ دواتر، پشکنینی دی ئێن ئەی دەریخست کە ئەم کوڕە کە بەحساب بۆبییەو دوای ونبونەکە دۆزراوەتەوەو بەخێزانەکەی خۆی شادبووتەوە، ئەو نەبووەو کوڕێکی ترە بەناوی چارلز ئاندەرسۆن.







1878. Six-year-old quadruplets have had numbers shaved into their hair before they start school for their first time. Their parents decided to mark them with 1, 2, 3, 4 on their heads to make it easier for teachers and classmates to tell them apart in Shenzhen, south China's Guangdong Province.


ئەم وێنەیەی دەیبینن، چوارەیەکی تەمەن چوار ساڵن لەشاری شێنژینی هەرێمی گواندۆنگ لەباشوری چین. پێش ئەوەی بۆ یەکەمین جار بچنە قوتابخانە ستایڵی قژیان بەشێوەیەك چاككراوە كە ژمارە یەك تا چواریان لێدراوە. دایك و باوكیان بۆیە وایان لێكردون تا مامۆستاكانیان و هەروەها هاورِێ قوتابییەكانیان بە چوارلا مەست و حەیران نەبن و نەزانن كامیان كامیانە و بەڵكو بەئاسانی لێكیان جیابكەنەوەو
خۆی چینییەكان گەورەكانیشیان لەیەك دەچن ئینجا وەرە بچوك بن و چوارەش بن!!
ماوەتەوە بێژم ئایا دەزانیت كە ناوی شوێنەكەت وەك خۆی نەخوێندەوەو پەڕاندت!!!!

1879. There are five debt-free countries in the world: Macau, the British Virgin Islands, Brunei, Liechtenstein and Palau.

لەسەرتاسەری جیهاندا تەنها پێنج وڵات هەن كە قەرزار نین. ئەوانیش ماكاو، دورگەكانی عەزرای بریتانیا، برونەی، لیخنشتاین و پالاون.




1880. كۆتا قسەی ژیانی كۆمیدیاكاری بەناوبانگ بۆب هۆپ كە سەد ساڵ ژیا، ئەوە بوو كە كاتێك ژنەكەی لێی پرسی كە كوێی پێخۆشە كە تێیدا بەخاك بسپێردرێت، لەوەڵامدا وتی: "سوپرایزم بۆ بكە".




1881. لەسەدا سیی ئەمەریکییەکان بەهیچ شێوەیەك خواردنەوە کهولییەکان ناخۆنەوە. لەسەدا 60یان هەفتانە کەمتر لەیەك قوم دەخۆنەوە. لەسەدا 10کەی تریان هەفتانە نزیکەی 74 قوم دەخۆنەوە.



1882. لەساڵی 2016، لەو فلۆریدایەی لای خۆمان، ژنێك بەئۆتۆمبێلەکەیەوە خۆی کرد بەناو خانویەدا، بۆ؟ چونکە لەکاتی لێخوڕیندا چاوی داخستبوو و لەخوا دەپاڕایەوە.


مەعقولە ئیشقۆڕی بگاتە ئەو ئاستە؟!!!

1883. One-third of the population of China can't speak Mandarin, the country's official language.

لەهەموو سێ کەسێك لەدانیشتوانی چین، یەکێکیان ناتوانێت بە زمانی مەندارین قسەبکات هەرچەندە زمانی رەسمی ئەو وڵاتەیە.

1884. In 1860 there were 4 million slaves in the U.S.

لەساڵی 1860 ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چوار ملیۆن کۆیلەی تێدا بووە.




1885. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی ئەندرێیە، زۆرانبازێکی فەرەنسی بووە. لە 1946 لەدایکبووەو لە 1993 عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە. ئەمە بە ئەندرێی فیلەتەن ناسراوە. ئەم برادەرە هەر جارێك لە مانهاتن کە بەناوبانگترین ناوچەی شاری نیۆرکە، بە سەرخۆشی دەرۆشت، پۆلیسی ئەوێ کارمەندێکی تایبەتی بۆ دادەنا کە هەمیشە بەشوێنییەوە بوو بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی نەکەوێت بەسەر خەڵکدا. چونکە خوا بەو رۆژی نەکا بەهۆی گەورەییەکەیەوە بکەوتایە بەسەر هەر کەسێکدا، دەیکرد بە تەماتەی تەپیو بەڵام نوسخەی ئەمەریکی!!!




1886. زەوقت چونە سەر خواردنێکی دیاریکراو، لەسەر ئەساسی بونی پەیوەندییەکی باشی تۆیە لەگەڵ ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمین جار ئەو خواردنەت بۆ ئامادەدەکات.

r. ئەم فاکتە بەتایبەت لەم قەیرانە هەر زۆر بەسودەو دەتوانرێت کەڵکێکی باشی لێوەربگیرێت بۆ نمونە کەپڵەکان دەتوانن دەعوەتێکی تاکەکانیان بکەن و خواردنێکی کەممەسرفیان بۆ ئامادە بکەن و تازە بەنیسبەت تاکەکەوە بۆ ئامادە بکەن، دواتر کە بە رەسمی زەوجاندیان دەعوەتکراوەکە ئەو خواردنە ناگۆڕێتەوە بە بۆفییەکی کراوەو ئەو دوو هاوژینە بەدوولا مەست و حەیران دەبن، لایەکی ئابوری، لایەکی چێژەوانی!!!



.s


1887. ئەم دوو برادەرەی دەیبینن، دوو خاوەنپێداویستی تایبەتن لەچین واتە کەمئەندامن. یەکێکیان دەستی نیەو ئەوی تریان نابینایە. ماوەی زیاتر لە دە ساڵە، ئەم دوانە پێکەوە درەخت دەڕوێنن و تائێستا زیاتر لە دە هەزار درەختیان رواندووە.

ئەمە لە چین، بەڵام لێرە تائێستاش چەندین کەس هەن فولئەندامیشن کەچی نەك هەر درەخت ناڕوێنن، بەڵکو پێشتر رواوەکانیش ئازاردەدەن و لقیان لێدەکەنەوە یان دەیشکێنن و کە دەشچن بۆ دوکان بۆ شتکڕین دەڵێن توخوا سینییەکەمان مەدەرێ، بەکەڵك نایەت!!!




.t

1888. ئەم برادەرەی دەیبینن، یەکێك بوو لەداواکراوترین تاوانبارانی بواری ئینتەرنێت لە ئەمەریکا واتە بواری هاك و ماك و ئەو چتانە. کەچی خۆی ئەوەندە بێعەقڵ بوو پاسۆردەکەی ناوی پشیلەکەی+123 دانابوو، بۆیە ئێف بی ئای سوك و باریك هاکی کردو دواتر دەستگیرکرا.




قسەکردن بۆ دایکت هەمان کاریگەری لەئامێزگرتنی هەیەو دەکرێ ئاستی فشاری دەرونی کەمبکاتەوە. بیستنی دەنگی دایك دەبێتەهۆی دەردانی هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسین و هێورکەرەوەیەکی گەورەی فشاری دەرونییە.

1889. ئەمە جارێکی تر جەختدەکاتەوە کە دایك نەك هەر یەکەمی بێڕکەبەر بەڵکو دووەم و سێیەمیش هەر خۆیەتی. یا رەببی خوایە بە مەرگی دایك تاقیمان نەکەیتەوە.




1890. لەساڵی 2013، پۆلیس سایەقێکی خەڵکی شیکاگۆی لادایە سەر جادەی لاوەکی و رایگرت. کابرا بەپۆلیسی وت: من دەمەوێت راست بم لەگەڵتان، دەمانچەیەکم لەهینما شاردۆتەوە. پاش گەڕان، پۆلیسەکان بۆیان دەرکەوت کە قسەی راستە!!!




1891. مێشکی شەریفت هێندە کارەبا بەرهەمدەهێنێت کە بەشی کارپێکردنی گڵۆپێك دەکات.

1892. لەیابانە حەیاتەکە زیاتر لە 65 هەزار کەس هەن کە تەمەنیان 100 ساڵ و سەروو سەد ساڵە. وێنەکەش هەندێك لەو برادەرو خوشکەدرانەن.

u. سەرنج بدەن کە سەرباری ئەو تەمەنەش چەندە سوکەڵەن!

v. پێموایە لای خۆمان ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان دەگاتە سەد، لەسەد کەس تێناپەڕێت. بۆ؟ چونکە لای خۆمان پیاو هەروەها ژنیش کە تەمەنی گەیشتە 80 دەبێتە مەسخەرەی بوك و زاواو خۆی ببڕێ و خۆی بکوژێ لە نەوەد ساڵیدا عومری درێژیان بۆ جێدەهێڵێت!!!



over 65000 Japanese people
are a 100 years of age or older.
おみくじ納め所


The Federal Trade Commission says four cancer charities run by extended members of the same family conned donors out of $187 million from 2008 through 2012 and spent almost nothing to help actual cancer patients.
KNXV
James Reynolds Jr.
Founder & CEO,
The Breast Cancer Society
Tampa Bay Times
James Reynolds Sr.
Pres., Cancer Fund
of America, Inc.
Tampa Bay Times
Rose Perkins
CEO, Children's Cancer
Fund of America

1893. کۆمیسیۆنی فیدراڵیی بازرگانی کە ئاژانسێکی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانەن دەفەرمویٚ چوار دەزگای خێرخوازیی تایبە بە شێرپەنجە کە لەلایەن چەند ئەندامێکی یەك خێزانەوە بەڕێوەدەبرێن، فێڵیان لە بەخشەران کردووەو بەو هۆیەوە لەماوەی نێوان 2008 بۆ 2012 سەدو هەشتاو حەوت ملیۆن دۆلار واتە هەژدە هەزارو حەوت سەد دەفتەریان لەخەڵکی بەخشندەوە بۆ هاتووە بەڵام ئەمان تەقریبەن هیچ شتێکیان لەو پارەیە بۆ یارمەتیدانی توشبوانی راستەقینەی شێرپەنجە خەرجنەکردووە.


باشە کاکە. وەرە بێژویژدانی بگاتە ئەو کافرسانییە!!!

1894. پاش روداوێکی تێکشکانی فڕۆکە لەساڵی 1946و کەوتنی لەنەخۆشخانە، هوارد هوگز خۆی یەکلایی کردەوە کە حەزی لەدیزانی ئەو بێدە نیە کە لەنەخۆشخانەکە لەسەری کەوتبوو. بۆیە ئەندازیارەکانی خۆی بانگکردو دیزاینێکی نوێی پێراگەیاندن کە رێگەدەدات نەخۆشی سوتاو بەئازادی لەسەری بجولێت. ئەم دیزاینەی بووە نمونەیەکی سەرەتایی بۆ بێدی مۆدێرنی نەخۆشخانە.







1895. کاتێك نازییەکان داوایان لەقەشەو سەرۆکی شارەوانی زانکینسۆس کرد کە دورگەیەکی یۆنانییە، لیستی ناوی جولەکەکانیان بۆ بنێرن، ئەم دوانە تەنها ناوی خودی خۆیان واتە ناوی ئەم دوانەیان بۆ ناردن. بەڕاستی قوربانیدانێکی کەموێنەیە. ئەوەیە نمونەی بەرپرسی راستەقینە.




1896. کوڕێك کە نەخۆشی توندی وەسوەسەی ناچاری و ترس لەمیکرۆبی هەبوو، لەتەمەنی 19 ساڵیدا هەوڵیدا لەڕێگەی گوللـەنان بەسەری خۆیەوەن خۆی بکوژێت. بەڵام سەیرەکە لەوەدا بوو کە نەك هەر نەیکوشت، بەڵکو گوللـەکە نەخۆشییە دەرونییەکەی بەتەواوەتی لەناوبردو هیچ زیانێکیشی بە مێشکی نەگەیاند.


1897. لەسەدەی هەژدەهەمدا لەپاریس، لەسەرکردنی شەبقە و هەڵکردنی چەترێکی بەستراو بە چەند توڵێکی دژەهەورەبروسکە، بەڵگەی شیکپۆشی ئەو کەسە بووە.

ئەمە لەوێ، بەڵام لێرە لەو سەردەمەدا رەنگە نیشانەی شیکپۆشی جامانەیەکی پێنج مەتری و پشتێنێکی دە مەتری و سمێڵێکی کەوری بوو بێت لەگەڵ شمشێرێك وە لاقەوتا!!!







.1898 هەموو جۆرەکانی هەشتپێ واتە ئەختەبوت، بۆ مرۆڤ ژەهراوین بەڵام تەنها یەك جۆریان کوشندەیە.




.1899 سوڕی ژیانی شێر زۆر لەو ئاسکانە کەمترە کە بەمەبەستی راوکردن، شوێنیان دەکەوێت.


1900. Since 1998, the Middle East is experiencing its worst drought in 900 years.

ئەو وشکەساڵییەی لەساڵی 1998ەوە یەخەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە، لەماوەی 900 ساڵی رابردوودا خراپترینە.




.w

1901. لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە بێبەشبون لەخەوتنی پێویست بەشێوەیەکی بەردەوام، مرۆڤ گێل دەکات و وای لێدەکات زوو هەڵچێت و مێشکی پەرتەوازە دەکات و نابەختەوەری دەکات و قەڵەویشی دەکات.




1902. روداوی نقومبونی کەشتی تایتانیك کارەساتێکە هەرگیز بیرناچێتەوە، بەدەر لەخودی کارەساتەکەش چەندین وانەی تێدایە بۆ نەوەکانی دواتر، رەنگە دیارترینیان وەفاداری بێت.

ئەم دوانەی دەیبینن ژن و مێردێکی سەر کەشتییەکە بون و خاوەنی زنجیرەبازاڕگەی مایسیز بون. ئەم پیاوە بەهیچ شێوەیەك رازی نەبوو پێش ژن و مناڵەکان بچێتە ناو کەشتی رزگارییەوە. هاوسەرەکەشی ئامادەنەبوو بەبێ ئەو بچێتە ناوییەوەو وتی: "من لەمێردەکەم جیانابمەوە، مادام پێکەوە ژیاوین، پێکەوەش دەمرین". ئەم دوانە ئەخیر کەسی بینراوی سەر پشتی کەشتییەکە بون و تا دواساتیش دەستیان لەناو دەستی یەکدا بوو و هەردوکیان نقومبوون. سڵاو لەو وەفادارییە کەموێنەیەی کە بەتایبەتی لەم رۆژەدا زۆر کەمبووەتەوە!!!




1903. زانایان بەگشتی کەسانی چەپلەر لەتاقیکردنەوەکان بەکارناهێنن چونکە مێشکی شەریفیان بەپێچەوانەی هی ئوممەتی محەمەد کاردەکەن.





1904. پۆرتلاند کە گەورەترین شاری ویلایەتی ئۆریگنی ئەمەریکایە، 38 ملیۆن گاڵۆن ئاوی شیاوکراو بۆ خواردنەوەی فڕێدا تەنها لەبەرئەوەی هەرزەکارێکی سەرخۆش، میزی تێکردبوو.
بەڕاستی ئەوەیە بەپرسی بەرپرس و خەمخۆری راستەقینە بەمانای کەلیمە.




1905. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لە نیوزلەندا ئەنجامدراوە، تەنها لەسەدا 17ی تەمەن 11 بۆ 38 ساڵەکان، توشی تێکچونی دەرونی، نابن.

1906. دیمەنی مرۆڤخواردنەکانی فیلمی ترسناکی "هۆڵۆکۆستی مرۆڤخۆر" کە بەرهەمی ساڵی 1980ەو لەدەرهێنانی روگێرۆ دیۆداتۆیە، هێندە لەڕاستی دەچێت، کە دەرهێنەرەکە بانگێهشتی دادگا کرا تا بیسەلمێنێت کە بەڕاستی ئەکتەرەکانی نەکوشتووە.

ئەی عافەرین بلیمەت... ئەوەیە دەرهێنەری راستەقینە. کەچی لای خۆمان لەفیلمەکاندا تەلەفۆن بۆ دایکێك دەکرێت دەڵێن: مناڵەکەتمان رفاندووەو پارەمان نەدەنێ بەیانی دەیکوژین. دایکەکە لەو دیمەنە جەرگبڕەدا هیچ ئیحساێکی ئەوتۆی نیەو بە ناسکییەوە دەڵێ: چۆن؟ چی؟!!! عەگ خوا بمان برێ، باشە!!!






.x

1907. جاڵجاڵۆکە ناتوانێت خواردەمەنی بجوێت. بۆیە ژەهر دەدات لەمێرووە نێچیرەکەی و ئەمەش ناواخنی مێرووەکە دەکات بە ماددەیەکی لینجی ئاوی و پاشان جاڵجاڵۆکەکە ئەیمژێت.




1908. هیچ کارێکی خوای گەورە بێحیکمەت نیە. ئەو پەتای تاعونە رەشەی لەسەدەی 14 هەمدا بڵاوبویەوە. هەڵاوسانی دانیشتوانی ئەوروپای لەو سەدەیەدا چارەسەرکرد. دواتریش کرێی کرێکارو کارمەند زیادیکرد. کرێی خانوو و ئەو چتانە دابەزی. سامان زیاتر بەر خەڵك کەوت. ئاستی خواردن باشتر بوو و سوڕی ژیانی خەڵك درێژتربوو.

دەشتوانین بڵێین تۆ کە لەخوا بەزیادبێت بە سیناریۆی بەرازیلییە سورەکە لجوئێکی ناسکت لەو ئەروپایە وەرگرتووەو ژیانت های لایفە، یەکێکیت لەلێکەوتەکانی ئەو تاعونە!



.y

1909. هندستانی بریتانیا کە ئەو نیمچەقارە هندییەیە کە لەڕابردودا پێش سەربەخۆبونی هندستان لەلایەن بریتانیاوە حوکمراوە، بەمەبەستی رزگاربون لەماری کۆبرا کە مارێکی کوشندەیەو خوا نەخواستە پێتەوە

بدا یەکجار ئێژی ئای، لەچوارچێوەی بەرنامەیەکدا خەڵاتی دانا بۆ هەر کەسێك کە ئەو مارانە بگرێت و رادەستی دەسەڵاتدارانی بکات. لەبەرامبەردا خەڵکەکەی کە لەزۆر شتی قۆڕا لەکورد دەچن، کورئاسا لەپێناو خەڵاتەکەدا چون بێچووە کۆبرایان دەهێناو بەخێودەکردو دواتر دەیاندا بە دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی خەڵاتەکە وەربگرن. کە حکومەتی بریتانیا بەم بەزمەی زانی، بەرنامەکەی راگرت، لەبەرامبەردا خەڵکەکەش مارەکانیان بەرەڵاکردو دیسانەوە مار لەناوچەکەدا زیادبووەوە.

جا تەبعەن هندییەکان تەنها ئیشی قۆڕدا لەکورد ناچن، لەچڕوچاویشدا لەکورد دەچن، زەحمەتە سەیری فیلمێکی هندی بکەیت و یەکێکی تیا نەبێت لەکوڕی پورت یان هاوڕێیەکت یان کچی پورت نەچێت!!!


1910. زانراوە کە پەنگوین عادەتێکی قۆڕی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەچێت پاڵ بە هاوڕێیەکییەوە دەنێت بۆ ناو ئاو بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە ئەو ناوچەیە سەلامەتەو زیندەوەری راوکەری تیا نیە.




.z

1911. بۆچی ویکیپیدیا کە حەوتەم سایتە لەجیهاندا دەڵێت رۆبەرت دینیرۆ بە یەکێك لەباشترین ئەکتەرەکان دادەنرێت لەمێژووی سینەمادا؟ لەبەر چەند هۆیەك یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم کەڵەهونەرمەندە خۆی بەتەواوەتی تەرخاندەکات بۆ ئەو رۆڵانەی دەیبینێت، هەر بۆ نمونە، ئەم پیاوە لەپێناو فیلمی raging bull، زیاتر لە 27 کیلۆگرام کێشی خۆی زیادکرووە، لەپێناو بەشی دووەمی فیلمی The Godfather ماوەیەك لەدورگەی سیسیلی ئیتاڵیا ژیاوە. لەپێناو فیلمی Cape Fear چەند ددانێکی شکاندووە، لەپێناو فیلمی Taxi Driver بووەتە سایەق تەکسی، لەپێناو فیلمی New York New York، خۆی فێری ژەنینی ئامێری ساکسۆفۆن کردووە.

بەڵام لای خۆمان، کورە قسەم پێمەکەن با قسە نەکەم!




.1912 تائێستا چەندین فیلم لەسەر تراژیدیای تایتانیك دروستکراوە، یەکەمیان تەنها 29 رۆژ پاش رووداوەکە نمایشکراوەو کچەئەکتەری سەرەکی فیلمەکە یەکێك بووە لە رزگاربووە راستەقینەکانی رووداوەکە. دوای وێنەگرتنی فیلمەکەش، ئەو کچە توشی دارِمانی دەرونی بووە.

ئەمەش پەنی حوبحوبێنە! چونکە دەووترێت هۆکاری سەرەکی ئەو رووداکە حوبحوبێنەکەی نێوان جاك و رۆز بووە هەرچەندە هەندێك سەرچاوە دەڵێن وانیە.





1913. فیلمێکی بیانی هەیە بەناوی "تایە". ئەم فیلمە باس لەوە دەکات کە تایەی سەیارەیەك مرۆڤ دەکوژێت.




1914. ئەو پیاوانەی پێش چونەدەر لەماڵ، هاوسەرەکانیان ماچدەکەن، کەمتر توشی روداوی هاتوچۆ دەبن و ئەگەری هەیە تەمەنیان درێژتر بێت.

ئینجاکونێ بۆیە ئەگەر بەیانییەك بە شڵپەی ماچ و موچی دەرودراوسێ خەبەرت بۆوە، نەچی بچی بڵێی سوبحانەڵڵا کە رۆمانسین چونکە ئاستی دیققەتی تێگەیشتنەکەت سەد لەسەد نیەو ئەگەری هەیە پاڵنەری ئەو کارە خۆلادان لەڕوداوی هاتوچۆو خواستی تەمەندرێژی بێت نەك رۆمانسییەت بەتایبەت لەناو کوردداّ!!!


Men who kiss their wives before leaving for work get into fewer car accidents and tend to live longer.


James Cameron was homeless when writing The Terminator, and sold the rights for $1, on the condition he could direct it.

1915. جەیمس کامیرۆن واتە دەرهێنەری فیلمە شاکارەکانی تایتانیك و ئەڤاتارو چەندینی تر، کاتێك سیناریۆی فیلمی زە تێرمینێتەری نوسی، کەسێکی بێماڵ و حاڵ بوو، بەکوردییەکی خۆمان لەسەگ سواڵی دەکردو ئەسێ لەباخەڵییا سەرچۆپی گرتبوو "بەڵام بە ئینگلیزی تەبعەن!!!". لەوکاتەدا مافی ئەم فیلمەی بە تەنها یەك دۆلار فرۆشت بەڵام بەو مەرجەی خۆی دەرهێنەری بێت.

ئێستا ئەم پیاوە هێندە دەوڵەمەندو ناودارە بەملیۆن دەڵێت سفرو هیچ بەدەستەوە. بەخوا حەقیەتی، عادەتەن کەسانی لێهاتوو حەقی خۆیەتی بگەن بە لوتکەو داهاتەکانیان وەك شیری دایك پێ حەڵاڵە.

1916. In more than half of U.S. cities, it is illegal for homeless people to sit or lay on the sidewalk.

لەزیاتر لەنیوەی شارەکانی ئەمەریکا، دانیشتن یان پاڵکەوتنی کەسانی بێماڵ و حاڵ لەسەر شۆستە، کارێکی نایاساییە.

1917. حەتمەن من وەك خۆمسێڵف یەکێکم لەنەیارەکانی سزای ئیعدام بەگشتی و بەتایبەتیش لەدەرەوەی دادگا بەڵام با قسەیەکیش لۆ دز بکەین. زۆرجار ئەوانەی ئەو سزایەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت تاوانگەلێکیان کردووە کە بێوێنە یان کەموێنەیەو دەیسەلمێنێت کە دڕندەن نەك مرۆڤ.

ئەم برادەرەی لەم وێنەدا بە گوللە دەکوژرێت نەك هەر بێتاوان یان کەمتاوان نەبوو بەڵکو دڕندەیەکی عەیارە 24 بوو. ئەمە لەگەرمەی قەتڵ و عامێکی شەڕی ڤێتنامدا دەستگیرکراو کاتێك دەستگیرکرا، سەقاڵی بەکۆمەڵکوشتنی کارمەندانی پۆلیس و تەواوی ئەندامانی خێزانەکانی لایەنی شەڕکەری بەرامبەر بوو بە ژن و منداڵی بچوکیشەوە.


The man being executed in the infamous Saigon Execution photo had just been caught murdering police officers and their entire families, including women and small children.




1918. نوسەری رۆمانی فرانکشتاین، ماری شێلّی پاش مردنی مێردەکەی، دڵی بۆ ماوەی نزیکەی 30 ساڵ واتە تا مردنی لەساڵی 1851، هەڵگرت. ساڵێك دواتر ئەم دڵە لەچەکمەجەی مێزێکدا دۆزرایەوە کە خرابووە ناو نوسخەیەکی یەکێك لەشیعرەکانی کۆتایی ژیانی مێردەکەی.




1919. ئاڵای چادو رۆمانیا عەینەن یەکن و مەگەر درۆزن لەیەکیان جیاکاتەوە!





1920. پیشەیەك هەیە پێی دەووترێت جیاكەرەوەی رەگەزی جوجكە. ئەمانە كەسانێكی راهێنراوو پرۆفیشناڵن و كاریان جیاكردنەوەی رەگەزی جوجكەی تازە لەدایكبووە. ئینجاكونێ نەچی بچی لەدڵی خۆتا بەم كارە پێبكەنیت و بكەویت بەپشتا چونكە كە بەگشتی موچەی ساڵانەی هەر یەكێك لەم كەسانە شەش دەفتەری سەییە واتە بە یەكساڵ تەقریبەن پارەی خانویەكی موتەوازیعی هۆمەرەكوێر پەیدادەكات لەم قەیرانەدا!!!





1921. لێکۆڵەران دەڵێن تا پزیشك بەتەمەنتر بێت، رێژەی مردنی نەخۆشەکانی زیاترە.



1922. زانست سەلماندویەتی کە سڵاوکردن بەشێوازی ناسکەمستەکۆڵەی روبەڕوو بەو شێوەیەی لەوێنەکەدا هاتووە، سەلامەتترو تەندروستترە لە سڵاوکردن بە شێوازی پێنج پەنجەی روبەڕوو واتە ئەو شێوازەی کە لای خۆمان زۆرجار لەگەڵیدا دەڵێین: دەلێییەرەوە!!!
تێگەیشتی یان حاڵی نەبوی؟!!!




1923. کاتێك پیاوان بۆ ماوەی حەوت رۆژ هین ناکەن، ئاستی هۆرمۆنی تێستۆسترۆن لەلەشیاندا بەڕێژەی نزیکەی لەسەدا پەنجا بەرزدەبێتەوە.
هیوادارم زانایان لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەم فاکتە بکەن و وەك هینەکانی داروین پوچەڵی بکەنەوە، چونکە ئەگەر ئەم فشەیە راست بێت زۆر خەتەرە خەتەر!!!



1924. گەورەبازرگانێکی نەوت هەیە بەناوی جەی پاوڵ گێتی. ئەم برادەرە هێندە رەزیلە کە تەلەفۆنێکی پرپەیدی گشتی، لەوەی لەوێنەکەدا دیارە ، لەقەڵاکەیدا داناوە بۆ ئەوەی میوانەکانی لەوێوە بە پارەی خۆیان تێلبکەن و پارەکەیان لەسەر ئەم نەکەوێت.

ئەم برادەرە هەرچەندە کورد نیە بەڵام بەدوری مەزانن شتێکی لەکوردەوە وەرگرتبێت یان لانیکەم قاوەیەکی لەگەڵ کوردێکی ئیشقۆڕدا خواردبێتەوە.

1925. The world's first weather map, published in The Times on 1st April 1875, gave the weather for the previous day.

یەکەم نەخشەی تایبەت بە کەشوهەوا، لە 1-4-1875 لەڕۆژنامەی زە تایمز بڵاوکراوەتەوەو تێیدا کەش و هەوای رۆژی پێشتری تێدا بووە.




1926. لەساڵی 2004 چەندین جوتیار لەهندستان پیپسی و کۆکاکۆلایان لەبری دەرمانی قڕکەری مێرووەکان بەکارهێناوە. بۆ؟ چونکێکوم ئەم دوو خواردنەوەیە لەدەرمانەکە هەرزانتر بوون و هەمان کاری مێروقڕکەرەکەشیان بە باشی کردووە.





1927. پاش نمایشکردنی فیلمی scream "قیژە 1996" کە باس لەوە دەکات بکوژێکی نەناسراو تەلەفۆن دەکات بۆ خەڵك و دواتر ئەو کەسانە دەیانکوژێت، بەکارهێنانی رێگاکانی ناسینەوەی ناسنامەی تەلەفۆنکەر لە ئەمەریکا، بەرێژەی سێ ئەوەندە زیادیکرد.




1928. لەمیانەی یارییە ئۆڵۆمپییەکانی 1936، یاریزانانی لیختنشتاین توشی شۆک بوون کاتێك بینییان ئاڵای وڵاتەکەیان عەینەن هی هایتییە. بۆیە ساڵی دواتر دەسەڵاتدارانی لیختنشتاین تاجێکیان بۆ سەر ئاڵاکەیان زیادکرد.




1929. ناودەمی مرۆڤ پێش رشانەوە بڕێکی زۆر لیك دەردەدات بۆ ئەوەی لەکاتی رشانەوەدا بەهۆی ترشەڵۆکی رشانەوەکە، ددان لەداخوران پارێزراو بێت.




1930. بەپێی خەمڵاندەکان نیوەی کۆی هەموو ئاڵتونەکانی ناو کانەکان لەسەرتاسەری جیهاندا دەکەوێتە تەنها یەك بانەوە لەئەفەریقای باشور. ئەو بانەش ناوی ویتۆتەرسراندە.

جا بیلموناسە مەخسەوی شەریفم لە بان ئەوەیە کە لەدەشت بەرزترەو لەگرد نزمترەو بە عەرەبییەکەی خۆشمان پێی دەووترێت "هضبة".


1931. لەویلایەتی کارۆلاینا توندترین سزای یاسایی بۆ کەسێك کە لەسەگەکەی بدات، لەتوندترین سزا بۆ کەسێك کە لەژنەکەی بدات، زیاترە.

بەڕێزان لەکاتی تەرجەماندنی ئەم فاکتەدا شتێك هات بەخەیاڵماو وتی ئەم یاسایە سوکایەتییە بە ژنان هەربۆیە کۆبونەوەیەکی عاجلم و نائاساییم بە پەرلەمانەکەم بەست بۆ تاووتوێکردنی و تێیدا سەرجەمدا ئەندامانی لیژنەکانی تایبەت بە مافی ژنان و پیاوان و حەیوان و یاساو داروبەرد ئامادەی بون. دواجار پاش سێ دانیشتنی سەریع، بەزۆرینەی دەنگ و نەیاری چەند دەنگێکی کەم، پەرلەمان بڕیاریدا کە ئەم یاسایە نەك هەر دژی ژنان نیە بەڵکو زۆر مرۆڤانەیە چونکە لەو حاڵەتانەدا ژنی لێدراو زمانی هەیەو دەتوانێت سکاڵا بکات بەڵام سەگ نیەتی و بێزمانە بۆیە تاوانەکە گەورەترەو پێویستە سزاکەش گەورەتر بێت.




1932. وشەی companion کە لەئینگلیزییەکەی خۆماندا بەمانای هاوڕێ دێت، لەوشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بەمانای "کەسێك لەنانەکەی خۆت بەشی دەدەیت".

ئەسڵێکی جوانی هەیە بەڕاستی و بەتایبەت بۆ ئەم قەیرانە دەتوانرێت سودێکی باشی لێبیینرێت. چونکە بەڕاستی هاوڕێی راستەقینە تەنها بۆ نوکتەگێڕانەوە هاوڕێ نیە.




1933. ئەڤۆکادۆ بۆ باڵندە، پشیلە، سەگ، کەروێشك و بەشێوەیەکی بنچینییەیش بۆ هەموو زیندەوەرە ماڵییەکان، خواردنێکی ژەهراوییە.




1934. ئەسڵی درەختی سێو بۆ کازاخستان دەگەڕێتەوە. لەسەدا 90ی درەختەکانی ئەم سەردەمەی سێو ئەسڵەکەیان تەنها دوو درختە.






1935. بەگوێرەی نەریت لە هاوای کە ویلایەتێکی ئەمەریکایە، ئەگەر خانمێك گوڵێکی کردبێت بەپشتی گوێی چەپییەوە، ئەوە ئاماژەی ئەوەیە کە هاوسەرگیری کردووە یان گیراوەو کەپڵ و مەپڵی هەیەو شەبەکەی بەردەست نیە بۆ کەپڵاندن بەڵام ئەگەر گوڵەکەی لەپشتی گوێی راستییەوە لەخۆی دابوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە بەردەستەو سینگڵە یان دەکرێیت لێی نزیك بیتەوە.





1936. بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە مرۆڤ بەهۆی بەکتریاوە توشی قورحەی مەعیدە دەبێت، زانایەك بەناوی باری مارشاڵ بڕێك شلەی پڕ لە بەکتریای پەیوەندیدار خواردەوە. لەئەنجامدا فعلەن توشی قورحە بوو و دواتر خۆی بە دەرمانی ئەنتیبایۆتیك چارەسەرکرد. بەهۆی ئەم کارەشەوە خەڵاتی نۆبڵی بردەوە.

ئیتر ئاوایە، گەیشتن بە لوتکە یان نزیکبونەوە لێی، بوێری و قوربانیدانی دەوێ!




1937. بەهاتنی ساڵی 2020، هەر پاکەتێك جگەرە لە ئوستراليا، 40 دۆلاری تێدەچێت.



1938. لەساڵی 1973 دوو پیاو پاش ئەوەی بەڕێکەوت ژێردەریاییەکەیان ئاوی تێچوو، لەقوڵایی 1575 پێ واتە زیاتر لە 480 مەتر لەژێر زەریادا گیریان خوارد. بەڵام پاش 76 سەعات کە ئەو کاتە بەشی تەنها 12 خولەك هەوایان پێمابوو، رزگارکران. ئەمەش گەورەترین رزگارکردنی ژێرئاوە لەمێژوودا لەڕوی قوڵی شوێنی روداوەکەوە.

1939. ئەگەر بەبێ جلوبەرگی تایبەت بە بۆشایی ئاسمان، لەسەر رووی مەریخ بووەستیت، ئەوا لەماوەی 30 چرکەدا دەبورێیتەوەو لەماوەی تەنها یەك خولەکدا عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدەهێڵیت!!!




1940. وۆڵت دیزنی پێش ئەوەی ببێتە کەسێکی سەرکەوتوو، هێندە فەقیر بووە کە ناچار بووە، خواردەمەنی سەگ بخوات بۆ ئەوەی نەمرێت لەبرسا.




1941. The word "Afghanistanism", which means focusing on problems in distant parts of the world while ignoring local issues, was first used in 1948.

وشەی ئەفغانستانیزم کە بەمانای "تەرکیزخستنەسەر کێشەکانی ناوچە دورەکانی جیهان هاوکات لەگەڵ پێشتگوێخستنی پرسە ناوخۆییەکان" دێت، بۆ یەکەمین جار لەساڵی 1948 بەکارهێنراوە.

1942. هەرکاتێك هەستت کرد کە وەزعت خراپە، تەنها ئەوە بیرخۆت بهێنەرەوە کە کۆمپانیای کۆکاکۆلا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، لەیەکەم ساڵیدا، تەنها 25 بوتڵی فرۆشتووە، کەچی ئێستا بە ملیۆن دۆلار دەڵێت سفرو هیچ بەدەستەوە!!!. بۆیە هەرگیز کۆڵ مەدە.




1943. لەناو منداڵانی یاباندا یارییەکی باو هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خەڵك لەکاتێکدا ئاگایان لەخۆیان نەبێ، منداڵ دەچێت دەستدەکات بە هینیانا. ئەم یارییە پێی دەووترێت کانچۆ. جابۆیە بۆیە رەنگە لەجێی خۆیدا بێت گەر بڵێین ئەگەر چون بۆ ئەبو توێتا، ئەوا ئاگاتان لەهینتان بێ!!!




1944. لەو روسیایەی لای خۆمان ژنێك لەگەرمەی بەكارهێنانی بەرنامەی ستریت ڤیوی گوگڵ بۆ دۆزینەوەی ناونیشانێك، بە سودفە خیانەتی كەپڵەكەی بۆ دەركەوت و بینی بۆیفرێندەكەی لەتەك ژنێكی دیكەدا خیانەتی لێدەكات.




1945. جارێك نیکۆلاس کەیج کتوپڕ لەسەر جێگای نوستنەکەی لەماڵەکەی خۆی لەهەرێمی ئۆرەینج لەویلایەتی کالیفۆرنیا خەبەری دەبێتەوە، دەبینێت پیاوێکی روت و قوت کە تەنها چاکەتێکی چەرمی لەبەردایە، لەبەردەم جێگەی نوستنەکەیدا مەصاصە ئەخوات. دوای ئەو روداوە کەیجی داماو زەندەقی چوو و ئەو ماڵەی لەبەرچاو کەوت و نەیتوانی چیتر تێیدا بژی. بۆیە تەنانەت ویلایەتەکەشی چۆڵکردو باریکرد بۆ بەهاماس.


دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992





1946. Afghanistan has been invaded by Greek, Arab, Mongol, Mughal, Persian, British, Sikh and Soviet forces. No invader has been able to control all of its regions at the same time.

ئەفغانستان لەلایەن یۆنانییەکان، عەرەب، مەغۆلەکان، فارسەکان، بریتانییەکان، سیخەکان و سۆڤیەتییەکانەوە هێرشی کراوەتە سەر بەڵام هیچ یەکێك لەپەلاماردەرانە نەیانتوانیوە لەهەمان کاتدا کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکانی ئەم وڵاتە بکەن.

ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.




1947. ژن لەکاتی دوگیانیدا نەك هەر دەكرێ دوگیان بێت، بەڵكو دەكرێ لەیەك كاتدا دوو منداڵی دوو پیاوی جیای لەسكدا بێت.





1948. نیگارکێشی بەناوبانگ پاپلۆ پاپلۆ بیکاسۆ دەمانچەیەکی هەڵدەگرت کە پڕبوو لەفیشەکی موختارکوژ، ئەگەر کەسێك پرسیاری سەبارەت بە مانای تابلۆکانی لێبکردایە، گوللـەیەکی پێوە دەنا!!!




1949. تیمێك لەلێكۆڵەرانی ئیسرائیل ئامێرێكی شیكەرەوەی هەناسەیان داهێناوە كە دەكرێت لەڕێگەیەوە 17 نەخۆشی جیاواز كەشفبكات لەوانە: دوو جۆری پاركینسۆن، كرۆن و رەقبونی فرەیی و نەخۆش گورچیلەو چەند شێرپەنجەیەك وەك شێرپەنجەی سی و كۆلۆن و پرۆستات و هێلكەدان.


1950. پاش دوو كەرتكردنی شارۆچكەكەیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی كۆنترۆڵكردنی سنورەوە، هەموو ساڵێك دانیشتوانی شارۆچكەی ناكۆی سەربە ویلایەتی ئەریزۆنای ئەمەریكاو ناكۆی سەربە مەكسیك، یارییەكی باڵە لەو دیوارەدا ئەنجامدەدەن كە لەیەكی جیاكردونەتەوە. جیاكردونەتەوە.







1951. یەکێك لەکۆنترین کانەکانی زیو لە بۆلیڤیا، لەماوەی 500 ساڵی رابردودا کوژرانی 8 ملیۆن کەسی لێکەوتووەتەوە. ئەو کانە بە "شاخی پیاوخۆر" ناسراوە. سەرباری ئەو هەموو قوربانییە، تائێستاش خەڵکەکەی بە پاچ و خاکەناز هەر خەریکن و هەڵیدەدەنەوە.




1952. لەساڵی 1986 پیاوێك لە هندستان بەمەبەستی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە مارو سەلماندنی ئەوەی كە ئەو زیندەوەرە گازناگرێت تا نەوروژێنرێت، توانی ژمارەیەكی پێوانەیی تۆماربكات. ئەم برادەرە 72 سەعاتی لەقەفەزێكی پڕ لە 72 مار لەژەهراویترین جۆرەكانی مار لە هندستان بەسەربرد بەبێ ئەوەی هیچ زیانێكی پێبگات یان هیچ یەكێك لەو مارانە پێوەی بدات.




1953. نێرەبەرازێکی غینیایی بەناوی راندی هەڵیکوتایە سەر گەوڕێکی بەرازی مێ و زیاتر لە سەد بەرازی غینی دوگیانکرد.

بەخوا بەرازیش بەشی خۆی سەگە!!!






1954. قرشی گرینلاند لەناو زیندەوەرە بڕبڕەدارەکاندا، درێژترین سوڕی ژیانی هەیەو تەمەنی دەگاتە پێنج سەد ساڵ. سەرباری ئەوەش تا تەمەنی 150 ساڵی باڵق نابێت.

1955. جەی کەی رۆڵینگ واتە نوسەری زنجیرەکتێبی هاری پۆتەر، یەکەم کە بەدرێژایی مێژوو کە بە کتێب نوسین بوبێتە ملیاردێر. بێگومان ژنیشە.





1956. جۆرێك ماسی هەیە پێیدەووترێت ماسی هێڵی ئاڵتونی یان خەونەماسی، ئەگەر کەسێك ئەم جۆرە ماسییە بخوات دەکرێ توشی وڕێنەیەکی بکات کە 36 سەعات دەخایەنێت. لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانەکاندا بۆ خۆشی و رابواردن بەکارهێنراوە.


The Salema Porgy is
a fish that, when eaten, can cause
hallucinations that last up to 36 hours.
They were consumed for fun during
the Roman Empire.


After a waitress at a pizzeria helped a
customer choose the numbers for a
winning lottery ticket in 1984, he "tipped"
her $3,000,000 — half of his $6,000,000
prize money.

1957. لەساڵی 1984، لەخواردنگەیەکی پیتزا، پاش ئەوەی کچەگارسۆنێك یارمەتی مشتەرییەکی دا لەهەڵبژاردنی ژمارەگەلێکی لۆتەری کە بەهۆیەوە شەش ملیۆن دۆلاری بۆ دەرچوو، ئەم برادەرە ئەوەندە بەوەفا بوو بڕی سێ ملیۆن دۆلاری وەك بەخشیش دا بەو کچە واتە بیلزەبت نیوەی خەڵاتەکەی پێدا.

1958. تا ساڵی 1986، لەویلایەتی ئەلاسکا، پێویستی نەدەکرد ئەرزە بکڕی، دەتتوانی خانویەك لەهەر شوێنێکی بەتاڵی ئەو ویلایەتەدا دروستبکەیت و ئیتر ئەوە دەبوو بە هی خۆت و هەڵدەسایتە سەر پێ!!!




1959. مردن دووەم باوترین ترسە لەناو خەڵکدا. یەکەمیش شکستە.




1960. لەئینگلیزییەکەی خۆماندا وتەیەك هەیە دەڵێ "هەپی وایف، هەپی لایف" واتە ژنێکی بەختەوەر ژیانێکی بەختەوەرت پێدەدات. ئەم فەرمایشتە لەڕوی عیلمییەوە سەلمێنراوە. زانست سەلماندویەتی کە ئەو پیاوانەی ژنی بەختەوەریان هەیە لەوانی تر زیاتر لەژیانی خۆیان رازین.

aa. لەئینگلیزیدا وایف لەلایفەوە نزیکترینە کە بەمانای ژیان دێت بەڵام لەکورییەکەدا زۆر سەیرە، ژن لەژانەوە نزیکترە وەك لەژیان، ئیتر نازانم ئەمە خەلەلی زمانەوانەکانە یان واقیعەن وایە!!!







.1961 نێڵسۆن رۆکفێڵە کە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بوو لەتەمەنی 70 ساڵیدا بە جەڵدەی دڵ عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە. دەووترێت هۆکاری ئەم جەڵدەیە سێکسکردن بووە لەگەڵ یاریدەدەرە تەمەن 25 ساڵەکەی. بۆیە گۆڤاری زە نیۆرك پاش مردنی بەگاڵتەوە نوسیبوی: "نێڵسۆن پێیوابوو دێت بەس رۆشت"

جا مەگەر خوا بزانێ ئەو کافرانە مەبەستیان لەو جوملەیە چی بووە!!!!

**ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکینە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.**

1962. An unborn baby can taste what its mother is eating and develop a preference for the foods that she eats.

کۆرپەی لەدایکنەبوو دەتوانێت تامی ئەو شتە بکات کە دایکی دەیخوات و حەزی بۆ ئەو خواردنانە پەیدادەبێت کە دایکی دەیانخوات.


1963. Drinking wine before a meal makes you eat 25% more.

خواردنەوەی شەراب پێش ژەمەخواردن وات لێدەکات کە بەڕێژەی لەسەدا 25 لەژەمەکەدا زیاتر بخۆیت.

1964. ئەم سەرسافەی دەیبینن لای ئێمە بوایە رەنگە ئێستا خەڵەفاو بوایە یان ببوایە بە مەسخەرەی بوك و ئەو شتانە بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ئوسترالیایە، نەك هەر وا نیە بەڵکو بەکارێکی مرۆیی کەموێنەیەو زیاتر لە 150 کەسی لەمەرگ رزگارکردووە. ئەمە پیاوێکی ئوسترالییە بەناوی دۆن ریچیێ و ماوەی 45 ساڵ لەسەر شەقامی بەناوبانگترین شوێنی خۆکوشتن لەو وڵاتە، ژیاوە کە بە "بۆشایی" ناسراوە. ئەم پیاوە لەو ماوەیەدا لانیکەم 160 کەسی لەخۆکوشتن رزگارکردووە.

ئەم پیاوە ئەگەر کوردبوایە ئەوا نەك هەر ئەو خەڵکەی رزگار نەدەکرد بەڵکو لەماوەی ئەو 45 ساڵەدا ئەگەر وێنەی خۆکوشتنەکانیشی نەگرتایە، ئەوا لانیکەم دەیوت: ئەوە کێشەی من نیە. خۆی دەکوژێ یان نا قیر بەقەرەج.

"ئەوە کێشەی من نیە" یەکێکە لەناشرینترین دەستەواژەکانی ناو فەرهەنگی کورد. چەند خۆشە مرۆڤ هەوڵبدات لەهەموو شتێکدا دەستوەردەرێکی پۆزەتیڤ بێت.





.1965 گەورەترین ژمارەی پێوانەیی بۆ منداڵی یەك ژن، 69یە. ئەویش ئەم ژنەیە کە ناوی ڤاسیلیڤایەو خەڵکی روسیایە. ئەم ژنە 16 دوانەو حەوت سیانەو چوار چوارەی بووە..


The record for most babies born to one woman is 69. Mrs. Vassilyeva from Russia gave birth to 16 pairs of twins, seven sets of triplets and four sets of quadruplets.





1966. لەساڵی 1980 منداڵێکی شیرەخۆری ئوسترالی بێسەروشوێن بوو. دایکی بەتۆمەتی کوشتنی، سزای زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا. 32 ساڵ دواتر، دەرکەوت کە ئەم منداڵە لەلایەن سەگێکی جۆری دینگۆوە رفێنراوە.

1967. لەکاتی خوێندنەوەی ئەم رستەیەدا، 25 ملیۆن خانەی لەشت دەمرن.





1968. گیانلەدەستدانی کەسانی سڤیل بەهۆی پۆلیسەوە لە ئەمەریکا بەڕێژەی لەسەدا سی هەزار لە بریتانیا زیاترە.

بۆیە زۆر بڕوا بە قسە باق و بریقەکانی ئەمەریکا نەکەن لەمەڕ مافی مرۆڤ و دیموکراسی و زاراوە زل و قەبەکانی ترەوە!!!



1969. ئامارەکان دەریانخستووە کە ئەگەر تەمەنی شەریفت خوار 38 ساڵ بێت، ئەوا هەزەلیترین نوکتە کە بەدرێژایی ژیانت دەیبیستیت، تائێستا نەتبیستووە.



1970. بەپێچەوانەی مرۆڤی گەورەساڵەوە، منداڵ کاتێك سەرمای دەبێت، نالەرزێ بۆیە ئەگەر منداڵێکت بینی دەلەرزی، ئەوا پێویستە یەکسەر خواردنی پێبدەیت چونکە ئەگەری زۆرە هۆکاری ئەو لەرزینە، دابەزینی زۆری رێژەی شەکر بێت لەخوێندا.




1971. لە ڤیرجینیای خۆرئاوا کە ویلایەتێکی ئەمەریکایە، ناوچەیەکی گەورە هەیە کە روبەرەکەی 13 هەزار میلی چوارگۆشەیە. لەم ناوچەیەدا مۆبایل و ئینتەرنێتی وایەرلێس قەدەغەیە.





1972. جۆرێك هەنگ هەیە پێی دەووترێت هەنگی زیکزیکە. ئەم جۆرە لەکاتی فڕیندا دەتوانێت هێندە بەرزبێتەوە کە شاخی ئیڤرست تێپەڕێنێت.





1973. جارێك بەرازێك بەناوی لولو توانی خاوەنەکەی کە ژنێك بوو بەشێوەیەکی عەجیب و غەریب لەمەرگ رزگاربکات. کاتێك ئەم ژنە کتوپڕ توشی جەڵدەی دڵ دەبێت و بەرازەکە هاواری ئازاری ژنەکە دەبیستێت، رادەکاتە حەوشەکەو دواتریش چووە سەر رێگاو خۆی کرد بە مردوو بۆ ئەوەی هاتوچۆی سەر

رێگاکە بووەستێنێت. پاشان سایەق سەیارەیەك دەوەستێت. لەم کاتەدا بەرازەکە هەڵدەسێتەوەو پێش سایەقەکە دەکەوێت بۆ ماڵەکەو دەنگی ژنەکە دەبیستێت و بە شتەکە دەزانێت و تەلەفۆن دەکات بۆ فریاکەوتن.
من کە ئەڵێم بەخوا بەرازیش بەرازە لەدوو شتی ئاواوە ئەم وتەیەم فەرمووە!!!!





1974. لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە هەرچەندە لەسەدا 71ی ئەمەریکییەکان بڕوایان بە بونی جەهەننەم هەیە بەڵام تەنها لەسەدا نیویان پێیانوایە کە ئەگەری زۆرە دواجار بچنە جەهەننمەوە.
ئەمە بە زمانە نارەسمییەکەی فەخامەتی جەنابم پێیدەووترێت: ناسکەگەشبینی!!!

1975. تێکڕا هەر کەسێك بەدرێژایی ژیانی هێندە بەپێ دەڕوات کە بەشی پێنج جار ڕۆیشتن بە سەرتاسەری جیهان، دەکات.




1976. مرۆڤ دەتوانێت بۆنی ترس بکات. کاتێك بنیایەم دەترسێت جەستەی ماددەیەکی کیمیایی دەردەداتە ناو عارەقەکەیەوەو کەسانی تر بەهۆی ئەمەوە دەتوانن بۆنی بکەن، تەنانەت ئەگەر ئاگاداری ئەوەش نەبن کە ئەم بەشەرە ترساوە.




1977. لەسەدا 85ی ئەو بیکینییانەی "قاتی مەلەکردنی خانمان" دەفرۆشرێن هەرگیز ئاویان بەرناکەوێت، واتە خانمان دەیکڕن و بەکاریشی ناهێنن.

واتە عەینەن تیفاڵ و هەندێك لەقاپ و قاچاخەکانی لای خۆمانە کە دەیکڕن و ساڵ دێ و ساڵ دەڕوا چێشتێکی تێدا لێنانرێت.





ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.


1978. لەوڵاتی ئەبو سامسۆنگ واتە کۆریای باشور، پیاوێك هەیە کە لەتوالێت لەدایکبووەو لەتوالێت ژیاوەو لەتوالێتیش عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە.

ئەم پیاوە ناوی سیم جەیدیۆکەو دایکی لەتوالێت بویەتی. دواتر کە گەورە بووە، بووەتە سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەیەك بەناوی سوۆن و کاری لەپێناو باشکردنی رەوشی توالێتدا کردووەو بەهۆی ئەم خزمەتەیەوە نازناوی مستەر توالێتی بەدەستهێناوە. بە تێپەڕبونی کات خانووەکەی خۆی روخاندووەو دانەیەکی تری لەشێوەی توالێتێکی زەبەلاحدا دروستکردووەو تا مردنیشی لەو خانووەدا ژیاوە. ئێستا ئەو خانووەی کراوەتە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە رۆشنبیری پەیوەند بە توالێت.

رەنگە تۆزێك ئەم شتە گاڵتەئامێزیش بێت بەڵام بە بۆچونی بەندەی موخڵیستان گرنگی توالێت نەك هەر کەم نیە بەڵکو لەدیوەخان موهیمترە! بەداخاوە زۆرێك لەئێمەی کوردی ئیشقۆڕ لەکاتی دروستکردنی خانوو و بینادا توالێت ئەخیر شتە کە گرنگی پێدەدەین، بۆیە زۆرجار کاتێك دەچیت بە میوانی و دەچیتە توالێتەکەیان دەبینیت هێندە بچوك و سەقەتە، وریا نەبیت دوو سێ شوخت دەکەوێتە راست و چەپی سمتی شەریفتەوە!!!





1979. نازییەکان دەرمانێکی تێکەڵەی ئەزمونییان دروستکرد بەناوی دی ئای ئێکس. هەرکەسێك ئەم دەرمانەی پێبدرایە، دەیتوانی نزیکەی 90 کیلۆمەتر بەپێی بڕوات بەبێ ئەوەی پشوو بدات.




1980. پێت ماراڤیچ کە یاریزانێکی پیشەگەریی ئەمەریکی تۆپی باسکە بوو، لەتەمەنی 26 ساڵیدا لەمیانەی دیمانەیەکدا فەرموی: نامەوێت 10 ساڵ یاری بۆ خولی ئەمەریکی یاری باسکە بکەم و دواتر لەتەمەنی 40 ساڵیدا بە جەڵدەی دڵ بمرم". بەڵام قسەکەی تەواو پێچەوانە دەرچوو، 10 ساڵ یاری بۆ خولی ئەمەریکی کردو دوای ئەوە لەتەمەنی 40 ساڵیدا بە جەڵدەی دڵ عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

ئەمە روداوە هەرچەندە لەفیلمی هندی دەچێت بەڵام راستەقینەیەو جەختیش دەکاتەوە کە ژیان بەقەدەر سەماعەیەکی صینی گرەنتی نیە!!!




1981. لەیابانە حەیاتەکە، خەڵك ئیمزایان نیە، لەبری ئەوە جۆرە پولێك بەکاردەهێنن کە پێی دەووترێت هانکۆ. هەر تاکێکی ئەو وڵاتە یەکێك لەو پولەی هەیە.





1982. Girls who have more 'guy friends' than 'girl friends' go through less depression and anxiety.

ئەو کچانەی هاوڕێی کوڕیان لەهاوڕێی کچ زیاترە، کەمتر توشی خەمۆکی و نیگەرانی دەبن.

بێگومان مەبەست لەکوڕی رۆشنبیرو راستگۆو دڵسۆزە نەك جرت و چەقەنەو بەتاڵە.




1983. زیاتر لەنیوەی هەموو سەیارە تازەکانی نەرویج کارەبایی یان نیمچەکارەبایین. دەسەڵاتداران ئامانجیانە بەهاتنی ساڵی 2030 دەردانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لانیکەم بەڕێژەی لەسەدا 40 کەمبکەنەوە.




1984. یۆنانییە دێرینەکان وا راهاتبوون کە بە بەڕوت و قوتی دەچون بۆ هۆڵی یاری وەرزشی و وشەی gymnasium کە بەمانای هۆڵی ئەنجامدانی یاریی وەرزشی دێت، لەبنەڕەتدا ماناکەی بریتییە لە "فێرگەیەك بۆ راهێنان بەڕوتی".

1985. The Netherlands has more bicycles than people, 1.3 per person.

هۆڵەندا ژمارەی پاسکیلەکانی لەخەڵکەکەی زیاترە. لەبەرامبەر هەر کەسێکدا سێ پاسکیلی لێیە.

1986. The extinct Ubykh language, spoken in the Caucasus until 1992, holds the record for most consonants: it had 83 but only two vowels.

زمانی ئوبیخی کە یەکێکە لەزمانە قڕکردووەکان و تا ساڵی 1992ش لەناوچەی قەوقاز قسەی پێکراوە، خاوەنی ژمارەی پێوانەییە لەڕوی زۆری پیتی نەبزوێنەوە. ئەم زمانە 83 پیتی نەبزوێنی هەیە بەڵام تەنها دوو پیتی بزوێنی هەیە.

1987. You would have to click a mouse ten million times to burn a single calorie.

بۆ سوتاندنی تەنها یەك کالۆری، پێویستت بە دە ملیۆن کلیکی ماوس هەیە.

1988. The average intelligence of humans has risen 20 IQ points since 1950, a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، تێکڕا زیرەکی مرۆڤ لەساڵی 1950ەوە 20 خاڵی ئای کیو زیادیکردووە.

ئەمە راستە بەڵام لەبەرامبەردا ئەخلاق و ڕێز لاواز بووە. خۆزگە زیرەکییەکە 10 خاڵ دابەزیبایە بەڵام ئەخلاق و ڕێزەکە خاڵێك بەرزبوایەتەوە.

1989. 1 in 14 doctors faces a malpractice suit in the U.S. every year, and almost every physician will face a malpractice suit during his career.

1990. لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، هەموو ساڵێك، لەهەموو چواردە پزیشکێك یەکێکیان بەتۆمەتی ڕەفتاری خراپی جۆراوجۆر سکاڵایان لەسەر تۆماردەکرێت. زۆربەی هەرەزۆری پزیشکانی ئەم وڵاتە، بەدرێژایی ژیانی پیشەییان جارێك ئەم جۆرە سکاڵایانەیان لەسەر تۆماردەکرێت.


1991. At least 1 in every 10,000 people living today has a page about them on Wikipedia.

لەهەموو دە هەزار کەسێکی جیهان کە ئێستا لەژیاندایە، یەکێکیان پەیجێکی هەیە لەماڵپەڕی ویکیپیدیا.

ئەویش بوو بە مناڵبازاڕ!!!

1992. لەساڵی 1871 پیاوێك لەڕوداوی نقومبونی کەشتییەك رزگاری بوو بەڵام دواتر توشی سەدمەی پەیوەندیدار بوو. پاش نزیکەی چل ساڵ توانی بەسەر ئەو سەدمەیەدا زاڵ بێت و گەشتی دەریایی ئەنجامبداتەوە. بەڵام لەڕوداوی نقومبونی تایتانیکدا گیانی لەدەستدا.

دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992





.bb




1993. جارێك ژنێك بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت بۆ مێردەکەی کە کڕینی بیتاقەی لۆتەری جگە لەکات بەفیڕۆدان، بیتاقەیەکی کڕی، بەڵام هەر بەهۆی ئەو بیتاقەیەوە یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەری صەیی بردەوە!!!




1994. لە داکۆتای باشور کە ویلایەتێکی ئەمەریکایە، پێشبڕکێیەکی ساڵانەی ماتۆڕسکیل هەیە کە تێکڕا هەر جار نزیکەی 10 حاڵەتی گیانلەدەستدان و 400 دەستگیرکردن و 300 حاڵەتی داخڵبون بە ژوری فریاکەوتنی خێرای لێدەکەوێتەوە بەڵام سەرباری ئەوەش حکومەتی خۆجێیی دەیان ملیۆن دۆلار قازانجی لێدەکات..




1995. ئایا رۆژێك لەڕۆژان ئەو پرسیارەت لەفەخامەتی خودی خۆت کردووە کە بۆچی نابێت ئاوی دەریا بخۆینەوە؟ لەبەرئەوەی گورچیلەی شەریفت ناتوانێت میز لەئاوێك دروستبکات کە رێژەی خوێ تێیدا زیاتر بێت لەسەدا دوو. ئاوی دەریا لەسەدا سێی خوێیە بۆیە ئەگەر بیخۆینەوە ئەوا گورچیلەکان پێیناوێرن و ناچاردەبن ئاوەکانی تری لەش بەکاربهێنن بۆ سوککردن و مژینی خوێ زیادەکە، ئەمەش وادەکات کە تینوتر بین. بەردەوامبونی ئەم بەزمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بە وشکبونەوە گیان لەدەست بدەین.

1996. بیتهۆڤن ئاوازدانەرێکی نایاب و دەگمەن بووە بەڵام بەدرێژایی ژیانی کێشەی لەگەڵ حسابات و سپێڵدا هەبووە .


cc. Beethoven was a brilliant composer but struggled with sums and spelling his entire life.

1997. لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان تەنانەت زیندانیش بۆی هەیە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی وڵات، کاندیدبکات.




1998. دەکرێ فیل بەهۆی دڵشکانەوە بمرێت ئەگەر هۆکارەکەی مردنی هاوژینەکەی بێت. ئەگەر فیلێك هاوژینەکەی بمرێت ئەوا بەردەوام هیچ ناخوات و پاڵدەکەوێت و فرمێسك دەڕێژێت تا ئەو کاتەی لەبرسا دەمرێت.


1999. وەفادارییەکی عەجیب و غەریبە بەڵام بۆ مرۆڤی ئیشقۆڕ ئەوەندە بەسە کە لەتەعزیەی هاوژینەکەیداو بەدیاریکراوی لەبەینی فاتیحەکاندا بەهاوفاتیحەکەی نەڵێ: ئا بزانە کەسێکی باشم بۆ نادۆزیتەوە کە جێگەی رەحمەتی بگرێتەوە!!!!


Elephants can die of a broken heart if a mate dies. They refuse to eat and will lay down, shedding tears until they starve to death.


In Japan, Hiroshima Peace Flame has burned continuously since it was lit in 1964 and will remain lit until all nuclear bombs on the planet are destroyed, and the planet is free from the threat of nuclear annihilation.

2000. لەوڵاتی ئەبوتوێتا واتە یابانە حەیاتەکە ئاگرێك هەیە بەناوی کڵپەی ئاشتی هێرۆشیما. لەساڵی 1964ەوە کە ئەم ئاگرا هەڵکراوە تائێستا بەردەوامەو بەردەوامیش ناکوژێتەوە تا ئەوکاتەی گۆی زەوی بەتەواوەتی لەبۆمبی ئەتۆمی پاکدەکرێتەوەو ئەم هەسارەیە هیچ هەڕەشەیەکی وێرانکاری بەچەکی ئەتۆمی لەسەر نامێنێت.

خەونێکی زۆر جوانە هەرچەندە هاتنەدی زۆر زەحمەتە لەسایەی ئەو سیاسەتمەدارە هەڵۆیانەی جڵەوی دەسەڵاتی وڵاتە زلهێزەکانیان بەدەستەوەیە.




2001. گۆنتەر کوانت دامەزرێنەری کۆمپانیای بی ئێم دەبلیو ئەندامێکی پارتی نازی واتە پارتەکەی هیتلەرە ئیشقۆڕ بوو و چەندین کەرەستەی سەربازی بۆ رژێمی نازیی ئەڵمانیا دابینکردووە. بەهۆی ئەمەشەوە هیتلەر نازناوی رابەری ئابوریی جەنگی پێبەخشیوە.




2002. ئەنجامدانی سڵاوی نازی، لەئەڵمانیا تاوانێکە سزاکەی دەکرێ بگاتە شەش مانگ زیندانی.
سەرنجبدەن بەڕێزان ئەڵمانەکان لەبەرئەوەی عاقڵن نەك هەر شانازی بە دیاردەکانی مێژووە هەڵەکەی خۆیانەوە ناکەن بەڵکو سزای توندیشیان بۆ ئەوانە داناوە کە شتێکی بەسیتی ئەو مێژووەشیان دوبارە بکەنەوە کە سڵاوێکە.



2003. لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی Buried، ریان راینۆڵدس کە ئەکتەری سەرەکیی فیلمەکەیەو رۆڵەکەی لەتابوتدا دەبینێت، هێندە بەجوانی رۆڵەکەی دەگێڕا کە لەچەند دیمەنێکدا ستافی فیلمەکە گومانی ئەوەیان دەبرد کە توشی کێشە بوبێت و لەهۆش خۆی چووبێت بۆیە بەپەلە دەچوون سەری تابوتەکەیان هەڵدەدایەوە نەوەك پێویستی بەیارمەتی هەبێت.

ئەوان ئەوان، هێندە رۆدەچنە ناو دیمەن و چیرۆکی فیلمەکەوە کە تەنانەت سەرسامی و گومان لەلای ستافی فیلمەکەش دروستدەکەن هەرچەندە خۆیان شارەزای فیلمن بەڵام لای ئێمە کابرا کە رۆڵ دەبینێت نەك هەر لەڕاستی ناچێت بەڵکو پڕە لەدیمەن و پێکەنین و گریانی فول سەناعی و بێتام و قێزەون و حیواری بێهەست و نەست. عەگ خوا بمان بڕێ بۆ چ نەتەوەیەکین!!!

2004. The Kindlifresser, or "Child Eater", is one of oldest statues in Bern, Switzerland, and nobody is sure why it has a baby half stuffed into his mouth, and three more over its shoulder.

منداڵخۆر یەکێکە لەکۆنترین پەیکەرەکانی شاری بێرنی سویسرا. سەیرەکە لەوەدایە کە هیچ کەسێك لەهۆکاری ئەوە دڵنیا نیە کە بۆچی نیوەی لاشەی منداڵێك خراوەتە دەمییەوەو سێ منداڵی تریش لەسەر شانیەتی.



2005. Lee Harvey Oswald wasn't arrested for killing JFK. He was actually arrested for fatally shooting a police officer 45 minutes after the death of Kennedy.

لی هارڤی ئۆسۆڵد واتە بکوژی جۆن ئێف کێنێدی سەرۆکی ئەمەریکا، بەهۆی کوشتنی ئەو برادەرەوە دەستگیرنەکرا بەڵکو 45 خولەك پاش ئەو روداوە بەهۆی تەقەکردنی لەپۆلیسێك و کوشتنی، دەستگیرکرا.

2006. Down syndrome has been disappearing in Iceland since prenatal screening tests were introduced in the early 2000s. Almost 100% of women who had a positive test for Down syndrome decided to terminate their pregnancy.

2007. لەوەتەی پشکنینی پێش لەدایکبونی پەیوەست بە نەخۆشی مەغۆلی لە ئایسلەندا جێبەجێدەکرێت لەسەرەتاکانی 2000ەکانەوە، ئەو نەخۆشییە لەو وڵاتە بەرەو نەمانی تەواوەتی هەنگاودەنێت.. زۆربەی هەرەزۆری ئەو خانمانەی ئەم وڵاتە کە نەتیجەی پشکنینەکەیان پۆزەتیڤ بووە، بڕیاریانداوە دوگیان نەبن!!!

2008. Sperm count in Western men has dropped over 50% since 1973.

لەساڵی 1973وە ژمارەی تۆوی پیاوانی رۆژئاوا بەرێژەی زیاتر لەسەدا 50 کەمیکردووە. کەواتە دەتوانین بە شێوەزاری دارەسوتاوەکەو ژێرپردەکەی سلێمانی و کن قەراتی هەولێری، بێژین پێیان نەماوە!!!




2009. کۆتا خۆرگیرانی تەواوەتی لەماوەی 600 ملیۆن ساڵی داهاتوودا رودەدات. لەو کاتەدا مانگ 30 هەزارو 400 کیلۆمەتر دورتر دەبێت لەزەوییەوەو تیرەی خۆریش بەرێژەی نزیکەی لەسەدا پێنج گەورەتر دەبێت.




.2010 "وەرزی کوشتن" دەستەواژەیەکی پزیشکیی بریتانییەو بۆ وەسفکردنی کاتی دەوروبەری مانگی هەشت دادەنرێت کە تێیدا تازەپزیشکانی شیاو پەیوەندی بە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی واتە کەرتی تەندروستی حکومییەوە دەکەن.



2011. بەناوبانگترین پسپۆڕانی بواری ئالودەبون دەڵێن: پێدانی مۆبایلی زیرەك بە منداڵەكەت وەك ئەوە وایە گرامێك كۆكاینی پێبدەیت.




2012. كارەساتی چێرنۆبڵ نزیكەی 400 ئەوەندە زیاتر لەو بۆمبە ئەتۆمەییەی درا لە هێرۆشیما، لێكەوتەی تیشكاوەریی لێكەوتەوە.

2013. The main actor of “The Gods Must Be Crazy” was only paid $300, even though the film made over $60 million.

ئەكتەری سەرەكی فیلمی "خوداكان پێویستە شێت بن" تەنها سێ وەرەقەی پێدراوە هەرچەندە فیلمەكە زیاتر لە شەش هەزار دەفتەر قازانجی كردووە.

زۆرجار دەرهێنەرەكانیش ویژدانیان نیە. رەنگە بڵێن گرێبەستەكەی لەسەرەتاوە بەوەندە بووە، بەڵام ئەگەر كابرا ویژدانی هەبوایە، ئەمە رێگر نیە لەوەی كە دواتر هەر بەدەستی پێنج شەش دەفتەری بكردایە بە گیرفانیا!!

2014. It is estimated that 9 out of 10 women in Mexico have been subjected to sexual violence, whether on the streets or at home.

2015. ژمارەی ئەو خانمانەی لە مەكسیك توشی توندوتیژی سێكسی بون، لەشەقامەكان یان لەماڵەوە بە لەسەدا 90 دەخەمڵێنرێت.

ئەمە جارێكی تر جەختدەكاتەوە كە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە.

2016. In Aztec cities, chewing gum in public identified a married or widowed woman as a prostitute and a man as a homosexual.

لەشارەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەزتیکدا، جوینی بنێشت لەشوێنی گشتی بۆ ژن و بێوەژن نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو کەسە ئیشی رەش دەکات!!!!!!، بۆ پیاویش نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو پیاوە لەخەتی پشتەوە ئیشدەکات!!!.
پێموایە ئاساییە جوینی بنێشت لەشوێنی گشتیدا بەمەرجێك گلۆپێك نەکەیت و کتوپڕ بیتەقێنێت و سیلسیلەی ئەفکاری دەوروبەر بپچڕێنیت!!!

2017. From 2000 to 2010, some 100,000 British people converted to Islam.

تەنها لەنێوان ساڵی 2000 بۆ 2010 نزیکەی سەد هەزار کەسی بریتانیا، بوون بە موسڵمان.
تەبعەن ئەوروپی بەپێچەوانەی خۆمانەوە کار بەعەقڵ دەکەن نەك عاتیفە بۆیە بێگومان بەوپەڕی عەقڵەوەو پاش بیرکردنەوەی زۆر ئیسلامیان هەڵبژاردووە کەچی بەداخەوە تازە بەتازە لای خۆمان چڕوچاوی سەیروسەمەرە وەك قارچکی ژەهراوی هەڵدەتۆقن و دەفەرمون ئیسلام ئاینی تیرۆیستانەو قورئان پڕە لەهەڵەی جۆراوجۆر.

2018. More than a third of all sick leave is taken on a Monday, researchers found.


لیکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە زیاتر لەسێیەکی مۆڵەتەکانی نەخۆشی لەڕۆژانی دووشەممەدا وەردەگیرێن.


2019. In 1916, the German Empire allowed citizens to take passport photos with their dogs.

لەساڵی 1916 ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا رێگەیدا بە هاوڵاتیان وێنە لەگەڵ سەگەکانیان بگرن بۆ پاسپۆرت.



2020. ئەم سەرسورەی دەیبینن لەساڵی 2012، دەستڕێژێکی گوللەی کرد بەناو خەڵکدا لەهۆڵێکی نمایشکردنی فیلم لەویلایەتی کۆلۆرادۆ لەئەمەریکا. بەهۆی ئەو تاوانەوە سزای زیندانیکردن بۆ ماوەی سێ هەزارو سێ سەدو هەژدە ساڵی بەسەردا سەپێنراوە. خاتروخۆتریشی تێدا نیە!!!
ئێستا بۆ خۆی لەزیندانددا پاڵی لێداوەتەوە!!!


James Holmes, the perpetrator of the Colorado movie theater mass shooting in 2012, was sentenced to 3,318 years in prison.


Rapper T.I., not once, but twice has successfully intervened and talked someone down while they were in the middle of a suicide attempt.

2021. ئەم راپەرە ناوی تی ئایە. حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتانا کەسێکی زۆر باشە. تائێستا دوو جار لەگەرمەی هەوڵی خۆکوشتنی خەڵکدا بەسەرکەوتویی تەدەخولی کردووەو قسەی بۆ کردون و لەو کارە پاشگەزی کردونەتەوە.

بەڕێزان ئەم جۆرە تەدەخولە یاسا نەیسەپاندووە بەڵام ویژدان دایناوەو زۆر شتێکی مرۆییەو پێویستە مرۆڤ هەتا دەتوانێت لەم جۆرە تەدەخولانە نەك هەر خۆی لانەدات بەڵکو بەزوترین کات خۆی هەڵبداتە ناوییەوە. "کێشەی من نیە" رستەیەکە کە تەنها لەفەرهەنگی کەسانی بێویژدان و ترسنۆك و خۆپەرستدا هەیە.




2022. ئەم خانمەی دەیبینن گۆرانیبێژێکی کەنەدی پورتوگالییە بەناوی نێلی فورتادۆ. ئەمە لەلایەن برادەرانی گۆڤاری پلەی بۆیەوە کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی جوانترین خانمان بەڕوت و قوتی، نیو ملیۆن دۆلاری پێدراوە کە لەو گۆڤارەدا دەربکەوێت بەهەموو جلوبەرگێکەوە نەك بەڕوتی، بەڵام خانم رەتیکردەوە.

2023. A couple of teaspoons of Botox would be enough to kill everyone in the UK.

ماددەیەك هەیە پێیدەووترێت ژەهری بۆتولینوم یان بۆتۆکس. تەنها دوو کەوچکە لەم ژەهرە بەسە بۆ کوشتنی هەموو دانیشتوانی شانشینی یەکگرتوو.




2024. لەساڵی 1958 دوو فڕۆکەوان بۆ ماوەی زیاتر لەدوو مانگ بە فڕۆکەیەك فڕین بەبێ ئەوەی لەو ماوەیەدا بنیشنەوە. بۆ سوتەمەنی تێکردنیش خێراییەکەیان لەگەڵ بارهەڵگرێك کە لەزەویدا دەڕۆشت، موتابیق دەکردو بەوشێوەیە سوتەمەنییان تێدەکرد بەبێ نیشتنەوە. تائێستا هیچ کەسێك نەیتوانیوە ئەم ریکۆردە بشکێنێت هەرچەندە زیاتر لەنیو سەدەی بەسەردا تێپەڕیوە.

2025. Dirty water kills more women worldwide than diabetes, AIDS, or breast cancer.

ژمارەی ئەو خانمانەی لەسەرتاسەری جیهاندا بەهۆی ئاوی پیسەوە گیان لەدەستدەدەن، لەوانە زیاترە کە بەهۆی نەخۆشی شەکرە، ئایدز یان شێرپەنجەی مەمکەوە گیان لەدەستدەدەن.

2026. There are no reported cases of runners dying of dehydration during marathons, but there are plenty of cases of runners dying from water intoxication.

تائێستا هیچ حاڵەتێکی مردنی راکەر بەهۆی وشکبونەوە لەکاتی ماراسۆن تۆمارنەکراوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر حاڵەتی مردنی راکەر بەهۆی ژەهراویبون بە ئاو، تۆمارکراوە.


2027. Italy's highest court ruled in 2016 that stealing small amounts of food to stave off hunger is not a crime.


لەساڵی 2016 دادگای باڵای ئیتاڵیا بڕیاریدا کە دزینی بڕی کەم لەخواردەمەنی بۆ نەهێشتنی برسێتی، تاوان نیە.

ئەگەر لەم بڕیارە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەمان ئەو بڕیارەیە کە عومەری کوڕی خەتاب زیاتر لەهەزارو چوار ساڵ لەمەوبەر دەریکردووە کە لەساڵی گرانییەکەدا دەستبڕین واتە سزای دزینی، راگرت.
سەرنج بدەن بەڕێزان پاش زیاتر لەهەزارو 400 ساڵ ئەوروپییەکان بڕیارێکی حاکمێکی موسڵمانی عاقڵ و دانا پەیڕەودەکەن و بەڕەسمی تەبەنی دەکەن، کەچی دەبینیت تازە بەتازە لای خۆمان لەناو جەرگەی وڵاتێکی موسڵماندا چڕوچاوێکی هەزەلیمان لێپەیدا دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوەو رەخنەی بێمانا لەئیسلام دەگرێت.


2028. Ice cubes look white due to oxygen and other impurities. If the water is boiled before it's frozen, the resulting ice cubes will be clear.

رەنگی قاڵبەسەهۆڵ بەهۆی ئۆکسجین و بونی خڵتەوە سپییە. خۆ ئەگەر ئاو پێش ئەوەی بخرێتە سەلاجەوە، بکوڵێنرێت، ئەوا رەنگی سەهۆڵەکە رون واتە شەفاف دەبێت نەك سپی.







2029. جارێك شازادە دیانای بریتانیا لەپەخشی راستەوخۆی تەلەفزیۆنیدا تەوقەی لەگەڵ توشبویەکی نەخۆشی ئایدز کرد بەبێ ئەوەی دەسکێش بەکاربهێنێت، بەمەش تەحەددای ئەو بڕوایەی کرد کە دەڵێت دەکرێ ئایدز لەڕێگەی بەرکەوتنی نائەنقەستەوە بگوازرێتەوە.. ئەم کارەی دیانا وەك ساتێکی مەزن بۆ ئەو کەسانەی بەدەست ئەو نەخۆشییەوە دەناڵێنن، دانراوە.




2030. جارێك ژنێك بەتومەتی کوشتنی منداڵەکەی بە ژەهراویکردن بە ئەنتیفرێز، زیندانیکرا. ئەم ژنە هەر لەزینداندا منداڵێکی تری بوو و درا بە دایەنگەیەك بۆ بەخێوکردنی. بەڵام ئەم منداڵەش نەخۆش کەوت و هەمان نیشانەکانی یەکەم منداڵی تێدا پەیدابوو. دەرکەوت کە هۆکاری ئەمە تێکچونی میتابۆلیکی بۆماییە نەك ژەهراویبون. بۆیە ژنەکە ئازادکرا.

ئەم روداوە جەخت لەسەر پێویستی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان دەکات. تەسەورکە بەڕێزان ئەگەر ئەم ژنە بەتاوانی کوشتن لەسێدارە بدرایەو پاش لەسێدارەدانی دەرکەوتایە کە ئەو نەیکوشتووە، چۆن قەربوو بکرایەتەوە؟!!!!!

2031. A woman was sentenced to life in prison for poisoning her child to death with antifreeze. She gave birth to a second child while in prison who was given to foster care. But he became sick with the same symptoms, indicating a genetic, metabolic disorder, not poisoning. She was later released.




2032. ئەمە جین کالْمێنتە. بەتەمەنترین کەسی جیهانە لەمێژودا کە مێژووی لەداکیبونەکەی پەسەندکراوە. لەساڵی 1875 لە فەرەنسا لەدایکبووە. دروستکردنی تاوەری ئیفڵی بەچاوی خۆی بینیوە. لەتەمەنی 13 ساڵیدا قەڵەمی رەنگاوڕەنگی بە ڤان کوخ فرۆشتووە. لە 85 ساڵیدا دەستیکردووە بە یاری شمشێربازی. لهسەد ساڵیدا سوار پاسکیلی خۆی بووە. لە 114 سالیدا لەفیلمێکدا دەرکەوتووە. لە 120 ساڵیدا بووە بە بابەتی فیلمێکی دۆکیومێنتاری.

کورە جاهێشتا چیت دیوە، لەهەموو ئەوانە سەیرتر ئەوەیە کە ئەم ژنە هەفتەی نزیکەی یەك کیلۆگرام چوکلێتی خواردووەو بڕێکی زۆر شەرابی پۆرتی خواردووەتەوە کە خواردنەوەیەکی پورتوگالییەو ماوەی 96 ساڵیش جگەرەی کێشاوە. باشە کاکە!!!

دواجار لەتەمەنی 122 ساڵیدا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.




2033. During the start of the WWI, it was patriotic in Britain to kick, or even kill, a Dachshund, as they were seen to represent Germany.

لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم، لە بریتانیا تێهەڵدان لەسەگی جۆری داکشەنت تەنانەت کوشتنیشی کارێکی نیشتمانی بوو چونکە ئەم جۆرە سەگە ئەڵمانییەو بەحسابی خۆیان نوێنەرایەتی ئەو وڵاتە دەکات.

ئەم دیاردەیە جەختدەکاتەوە کە راستە ئەڵمانیای ئەو سەردەمە دڕندەبوو بەڵام برادەرانی دەڤەری بەرەکەی تریش زۆر شەریف نەبون چونکە کوشتنی بەوەفاترین زیندەوەر نەك هەر کارێکی نیشتمانی نیە بەڵکو ئەوپەڕی نائینسانییە.

2034. Heart disease is the No. 1 killer of women.

نەخۆشی دڵ یەکەم هۆکاری مردنی خانمانە لەجیهاندا.

2035. Research shows that people can handle two tasks at a time, but they make three times as many errors when a third task is added.

.dd لێکۆڵینەوەیەك پیشانیداوە کە مرۆڤ دەتوانێت لەیەك کاتدا دوو ئەرك جێبەجێ بکات بەڵام ئەگەر بیکات بە سێ ئەوا سێ ئەوەندەی حاڵەتەکانی پێشوو، هەڵە دەکات.

2036. The actors who played brother and sister on "Dexter" began dating, fell in love, got engaged, got married, and got divorced, all while continuing to play brother and sister on TV.

ئەو دوو ئەکتەرەی لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی دێکستەر رۆڵی خوشك و برا دەبینن، پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا دروستکرد، دواتر عاشقی یەك بوون، دواتر بونە دەزگیرانی یەك، دواتر هاوسەرگیرییان کردو دواتریش جیابوونەوە. هەموو ئەمانە لەکاتی وێنەگرتنی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییەدا رویدا.




2037. Eating pizza regularly reduced the risk of developing oesophageal cancer by 59% in a study.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە خواردنی پیتزا بەشێوەیەکی مونتەزەم، مەترسی سەرهەڵدانی شێرپەنجەی زراو بەڕێژەی لەسەدا 59 کەمدەکات.



2038. Nick Stoeberl holds the Guinness World Record for the longest tongue ever recorded at 3.97 inches.

ئەمە نیك ستۆیبێرڵە. خاوەنی درێژترین زمانە کە تۆمارکرابێت و بەهۆی ئەوەوە ناوی شەریفی چووەتە کتێبی گێنس بۆ ژمارە پێوانەییەکانەوە. درێژی زمانی 10 سانتیمەتری تێپەڕاندووە.

2039. A leech can take up to 200 days to digest a meal.

زەروو دەکرێ بۆ هەرسکردنی یەك ژەمەخۆراکی، تا 200 رۆژی پێبچێت.

2040. Humans don't understand competitive behavior until around the age of four.

مرۆڤ تا تەمەنی چوار ساڵی لەڕەفتاری کێبەرکێکاری تێناگات.




2041. درێژترین درەخت لەجیهاندا ناوی هایپەریۆنە. درێژییەکەی لە 115 مەترو نیو زیاترە کە دەکاتە دوو ئەوەندەی بەرزی پەیکەری ئازادی بەبێ بنکەکەی. ئەم درەختە لەکالیفۆرنیایە بەڵام شوێنی دەقیقی هەرگیز ئاشکرانەکراوە بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لەو گەشتیارە فزوڵییانەی رەنگە هەوڵی پیاهەڵگەڕان یان شکاندنی بدەن..

دەسەڵاتداران ناحەقیان نیە شوێنەکەی ئاشکراناکەن، چونکە رەنگە کوردەگەشتیارێکی ئیشقۆڕی لێ پەیدا ببێت و بچێت بیبڕێتەوەو سێڵفییەکیشی لەپاڵدا بگرێ!!!




2042. یەکێك لەپڕفرۆشترین چیرۆکەکتێب و فیلمەکان لە ژاپۆن ناوی "گەنجە پیرۆزەکان"ە. ئەم چیرۆك و کتێبە باس لەحەزرەتی عیساو بوزا دەکات کە لەمیانەی بەسەربردنی پشویەکدا لەسەر زەوی، لەیەك ژوری باڵەخانەیەکی تۆکیۆی پایتەخت پێکەوە دەژین و هەوڵدەدەن لەکۆمەڵگەی مۆدێرنی ژاپۆن تێبگەن.




2043. ئێدواردی هەشتەم یەکێك بوو لەحوکم کەمماوەترین پاشاکانی مێژووی بریتانیاو ماوەی حوکمڕانییەکەی تەنها 11 مانگ بووە. حکومەتی بریتانیا بڕیاری هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ ژنێکی تەڵاقدراودا پەسەندنەکرد، لەبەرامبەردا ئێدوارد لەپێناو ئەو ژنە وازی لەتاجی پاشایەتی هێناو ژنەکەی مارەکردو تا کۆچی دواییشی پێکەوە مانەوە.

ئەمە جەختدەکاتەوە کە خۆشەویستی هەموو سنورەکان دەبەزێنێت، هەرچەندە بەخوا چڕوچاویشی زۆر جوان نەبووە!!!




2044. لەیابانە حەیاتەکە هەرکەسێك تەمەنی بگاتە سەد ساڵ، سەرۆك وەزیران کوپێکی زیوی بۆ دەنێرێت بەبۆنەی جەژنی لەدایکبونی سەد ساڵەیەوە. بەڵام زیادبونی ژمارەی ئەو کەسە تەمەن 100 ساڵییانە ساڵ لەدوای ساڵ، بەشێوەیەك کە لە 2016 گەیشتە 32 هەزار کەس، حکومەتی ناچارکرد کوپی هەرزانتریان بۆ دروستبکات.

تەبعەن ئەوان زۆر عاقڵن و وەرزش دەکەن و خواردنی تەندروست دەخۆن بۆیە تەمەنیان زیاددەبێت واتە بە عەقڵ و کاری خۆیان ژمارەی 100 ساڵییەکانیان زیاددەبێت نەك بە تەزویرو واسیتەو تەسکەرە گۆڕین و ئەو شتە قۆڕانە.

باوەڕکە لای خۆمان تەمەن سەد ساڵەکان کوپێکی وایان پێبدرایە، زۆێك لەو خەڵکە هەر لەتەمەنی 70 ساڵییەوە دەچون تەسکەرەی تەزویریان دەردەهێناو تەمەنی خۆیان دەکرد بە سەد ساڵ. چۆن؟ چاك. ئەی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی نەیوت پاش وردبینی بۆمان دەرکەوت پیاوێك بە بێوەژن خۆی نوسیوەو چەند ساڵێك موچەی بێوەژنانەی وەرگرتووە.!!!!

پیاو بەتامی بێوەژن!!!!!! خوا بمانبڕێ بۆ چ نەتەوەیەکین. یەکەمی بێرکەبەر خۆمانین، لەتوێتاو توشیبا نا بەڵکو لەقۆڕییاتدا!!!

2045. People who stay up late tend to be risk-takers, a study found.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە ئەو کەسانەی تا درەنگانێکی شەو ناخەون، ئەگەری بونیان بە کەسێکی سەرکەش، زۆرە.

2046. Albert Einstein's last words were spoken in German to a nurse who didn't speak German and are lost for ever.


کۆتاقسەکانی ژیانی ئەنیشتاین بە ئەڵمانی وتویەتی بۆ پەرستارێك کە ئەڵمانی نەزانیوە، بۆیە کەس نازانێ چی وتووە.
ئەو ئیشقۆڕە ئەمیشی کردووە بە بیردۆزە نیسبییەکەی، تائێستاش ملیۆنەها کەس لێی تێناگەن!!!

2047. Brain scans taken during a study showed that listening to poems activated parts of participants' brains that are not activated when listening to music or watching films.

چەند پشکنینێکی مێشك کە لەکاتی لێکۆڵینەوەیەکدا ئەنجامدراون، دەریانخستووە کە گوێگرتن لەهۆنراوە چەند بەشێکی مێشکی بەشداربوانی لێکۆڵینەوەکەیان چالاککردووە کە بە گوێگرتن لەموزیك یان سەیرکردنی فیلم، چالاك نابن.

2048. North Korea's diplomatic mission to the UN has 1,300 unpaid NYC parking tickets going back to the 1990s, owing more than $156,000.

نێردەی دیبلۆماسیی کۆریای باکور بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کرێی هەزارو سێ سەد پسولەی پارککردنی ئۆتۆمبێلیان لایە کە هی ساڵەکانی 1990ەکانەو کۆی پارەکەش 15 دەفتەرو شەست وەرەقەیە.
دواخستن یان نەدانی پارەی کارەباو مرورو ئەمجۆرە پارانە زۆر لەئیشی کوردی ئیشقۆڕ دەچێت، بۆیە پاش ناسکەکۆبونەوەیەك لەتەك خۆمدا بڕیارمدا کە یان کورد بەڕەگەز دەچێتەوە سەر خەڵکی کۆریای باکور یان بە پێچەوانەوە!!!




2049. لیندۆن جۆنسن کە یەکێك بووە لەسەرۆکە ئیشقۆڕەکانی ئەمەریکا، زۆرجار بە ئاشکرا میزی کردووە، تەنانەت لەکاتی سەرۆکایەتییەکەیدا. جارێك لەکاتی میزکردنیدا رەشەبایەك هەڵدەکات و بەهۆی

ئەوەوە میزەکەی بەر قاچی یەکێك لەکارمەندانی ئاژانسی خزمەتگوزاریی نهێنی، دەکەوێت. کاتێکیش کارمەندەکە پێی دەڵێت میزەکەی بەری کەوتووە، سەرۆك لەوەڵامدا دەڵێت: "ئەزانم، ئەو دەسەڵاتەم هەیە".




2050. یەکەم ژنی ملیۆنەر لەئەمەریکا، ناوی سارە بریدلەڤ بووە. ئەم ژنە لەساڵی 1890ەکاندا سامانەکەی لەڕێگەی فرۆشتنی چەندین بەرهەمی قژ کە بۆ ژنانی رەشپێست دروستکرابون و دەخرانە بازاڕەوە، پێکەوەناوە.

2051. In 2012, Google acquired Motorola for around $12.5 billion, only to sell it to Lenovo two years later for just $2.9 billion.

لەساڵی 2012 کۆمپانیای گوگڵ کۆمپانیای مۆتۆرۆلای کڕی بە نزیکەی دوانزە ملیارو پێنج سەد ملیۆن دۆلار، بەڵام دوو ساڵ دواتر بە کۆمپانیای لینۆڤۆی فرۆشت بە تەنها دوو ملیارو 900 ملیۆن دۆلار.

واتە لەماوەی تەنها دوو ساڵدا بە قەدەر زیاتر لەفولموچەی ساڵێکی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێم، کەمتر فرۆشتییەوە.

2052. Regular mammograms actually increase the risk of dying of Cancer' breast cancer.

لەڕاستیدا زۆر ئەنجامدانی مەمۆگرافی واتە تیشکەپشکنین بۆ دەرکەوتنی لوو لەمەمك، مەترسی توشبون بە نەخۆشی شێرپەنجەی مەمك، زیاتردەکات کە باوترین شێرپەنجەیە لەناو خانماندا ..





2053. لەو کرواتیایەی لای خۆمان مۆزەخانەیەك هەیە کە تایبەتە کەلوپەلی پەیوەند بە پەیوەندییە خۆشەویستییە پچڕاوەکان. لەوێ فەخامەتی جەنابت دەتوانیت ئەو شتە تایبەتانەی کۆنەیار کە لەلای تۆماوە لەگەڵ کورتەوەسفێکدا، ببەخشیت بەو مۆزەخانەیە.




2054. گەورەترین سەندیکای تاوانکاری رێکخراو لەیابانە حەیاتەکە کە ناوی یاکوزایە، لەکاتی هەردوو زەمینلەرزەکەی 1995و 2011ی ئەو وڵاتە، خۆراك و ئاوو داییی و بەتانی و هتد.. بۆ لێقەوماوان دابینکرد. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە خێرایی ئەمان بۆ بەهاناوەچونی لێقەوماوان لەخێرایی حکومەت زیاتر بوو بەو هەموو شان و شەوکەوتەوە!!!

کورە یابان زۆر سەیرە، تاوانبارەکانیشیان لەبەعزە حاڵەتێکدا زۆر شەریف و نەجیبن!!!




A wildlife photographer who was bitten by a black mamba captured the bite on camera and survived without antivenom. The bite ruptured an artery in his calf which bled profusely expelling the venom from the wound.

2055. ئەمەی دەیبینن، هێندە عەجیب و غەریبە، پشتی فلیمی هندی شکاندووەو کونەلوتی سوتاندووە!
جارێك وێنەگرێکی زیندەوەرە کێوییەکان، مارێکی جۆری مامبای رەش کە یەکێکە لەکوشندەترین مارەکان، بە لاقییەوە دەدات بەڵام ئەم برادەرە بەبێ بەکارهێنانی هیچ ماددەیەکی دژەژەهریش رزگاری دەبێت. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە خودی خۆی بە کامێراکەی وێنەی ساتی پێوەدانەکەی گرتووە..
پێوەدانەکە بووەهۆی تەقینی یەکێك لەبۆرییە خوێنهێنەرەکانی لاقی و بەهۆی ئەم تەقینەوە، بەلێزمە خوێنی لێ دەرپەڕی و ژەهرەکەش لەگەڵیدا لەلاشەی چووە دەرەوە.

2056. تەنها کەسایەتیی میسریی دێرین کە بە هین و ئەوەکەی رەپەوە مۆمیاکراوە، توت غەنج ئامونە . وەلاە روت بێ بەو وەزعەوە زیندوو بیتەوە لەڕۆژی قیامەتدا!!!

Tutankhamun was the only ancient Egyptian who was mummified with an erect penis.




2057. لەساڵی 2014 زانایانی بریتانیا خێراترین تۆڕی ئینتەرنێتیان دروستکرد کە خێراییەکەی 1.4 تێرابت بوو. بەم خێراییەش دەتوانرێت 44 فیلمی ئێچ دی لەتەنها چرکەیەدا دابەزێنرێت.
عەگ بە لێوم بۆ دوو شتی وا نەبێت بۆ چی باشە.

2058. نەریتی پێدانی کۆتا ژەمەخواردن بۆ ئەو کەسانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان لەدژ دەرچووە، وەك کۆتاکارێکی بەزەییئامێز بۆ ئەو تاوانبارانە دانەهێنراوە، بەڵکو وەك پێدانی بەرتیلێك دانراوە بۆ رۆحیانەتی ئەو تاوانبارانە بۆ ئەوەی دواتر شوێن ئەو کەسانە نەکەون کە سزای لەسێدارەدانەکە جێبەجێ دەکەن.

ee. The traditional "last meal" for those condemned to death didn't begin as a final compassionate act for them, but as a way to bribe their ghost not to haunt the executioners.





2059. بەپێچەوانەی ئەوەی لەفیلمەکاندا دەیبینین، فڕێدانی جگەرەیەکی نەکوژاوە بۆ ناو حەوزێك بەنزین نابێتەهۆی گڕگرتنی تەواوی حەوزەکە. لێکۆڵەران دوو هەزار جار هەوڵیانداوە بە جگەرە گڕ بەربدەنە بەنزین، بەڵام هەر دوو هەزار جارەکە شکستیان هێناوە.

بەڵام نەچی بچی ئەمە تاقیبکەیتەوە چونکە بەپێچەوانەی ئەوروپییەوە، ئێمەی کورد هێندە نەگبەتین رەنگە یاساکانیش تێکبشکێنین و کتوپڕ گڕبگرێت.

2060. The Palace of Parliament in Romania is the world's largest administrative building. The cost of heating and electric lighting alone exceeds $6 million per year, as much as the cost for a medium-sized city.

کۆشکی پەرلەمانی رۆمانیا، گەورەترین باڵەخانەی کارگێڕییە لەجیهاندا. تێچوی تەنها گەرمکردن و روناکردنەوەی ئەم باڵەخانەیە، ساڵانە شەش ملیۆن دۆلار تێدەپەڕێنێت. ئەم بڕەپارەیەش بەقەدەر تێچوی شارێکی قەبارە مامناوەندە لەهەمان رووەوە.







2061. بە فشەی ئەنیشتاین، ئەگەر هەنگی هەنگوین لەسەر زەوی نەمێنێت، ئەوا دەکرێ مرۆڤایەتی لەماوەی تەنها چوار ساڵدا، قڕبکات.

2062. لەسەدا 88ی خەڵك، پاش گریان هەست بە باشتربون دەکەن.





2063. لەو یابانەی لای خۆمان، هەموو ساڵێك سەد هەزار کەس بێسەروشوێن دەبن. پاڵنەری بێسەرو وشوێن بونی زۆرێك لەم کەسانە، "پاراستنی کەرامەتیانە" پاش جیابونەوە لەهاوژینەکانیان یان لەدەستدانی کار یان کەوتن لەتاقیکردنەوە یان نەتوانینی دانەوەی قەرز.

2064. من لەزۆر شتدا لایەنگری وڵاتی ئەبو توێتام بەڵام ئەم شتەیان زۆر بێماناو قۆڕە. خۆ ئەگەر بەم پێودانگەی ئەوان، خەڵکی لای خۆمان خۆیان سەرنگوم بکەن، ئەوا لەماوەی ساڵێکدا ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لەشەش ملیۆنەکەوە دەبێتە دوو ملیۆن!!!!




2065. 1102. هەر ددانێك لەددانەکانی شەریفت، ڕەبتی بە ئەندامێکی جەستەتەوە هەیە. بونی ئازار لەهەر یەکێك لەم ددانانە، دەکرێ سەرەتای دەستپێکی کێشە بێت لەیەکێك لەئەندامەکان.




2066. کۆتا شایەتحاڵی رزگاربوی تیرۆرکردنی ئەبراهام لینکۆڵن کە یەکێکە لەبەناوبانگترین سەرۆکەکانی ئەمەریکا، هێندە زۆر ژیا کە فریای ئەوە کەوت دیمانەیەکی میدیایی سەبارەت بەو روداوە گرنگە لەگەڵدا ئەنجام بدرێت.




2067. یەك لەسەر سێی هەموو رێوڕەسمەکانی بەرێکردنی تەرمی مردوو بۆ گۆڕستان لە تایوان، سەماکاری روتیان تێدا بەکاردەهێنرێت بۆ خۆشحاڵکردنی ئامادەبوان.

خوا رەحمی کردووە ئەم بەزمە لێرە نیە ئەگینا رێوڕەسمی بێکەسترین مردوو هێندە قەرەباڵغ دەبوو کە پشتی رێوڕەسمی شازادە دیاناو حەمال عەبدولناسری دەشکاندو رێ بەر رێیان نەدەکەوت!!!!

**2. 1/3 of Taiwanese funeral processions include a stripper.**

2068. یادگا واتە زاکیرەی ماسی ئاڵتونی تەنها سێ چرکە دەخایەنێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین فەقیرە هەر فریای ئەوە دەکەوێت خێرا خێرا تەعاروف بکاتەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا!!!

A GOLDFISH HAS A MEMORY SPAN OF 3 SECONDS.

2069. 1107. کاتێك پشیلە سەیری چاوت دەکات و بەهێواشی چاو دەتروکێنێت، ئەوە هەوڵدەدات کە پێیت بڵێ خۆشم ئەوێی.




2070. 1108. لەساڵی 1978 چەند زانایەکی جیۆلۆجی سۆڤیەت، لەناوەڕاستی سیبیریا خێزانێکی شەش کەسییان بەزیندویی دۆزییەوە کە لەساڵی 1936ەوە واتە بەدرێژایی زیاتر لە 40 ساڵ هیچ مرۆڤێکیان نەبینیبوو.



2071. دایکی هیتلەر بیری لەوە کردووەتەوە کە لەباری بەرێت بەڵام پزیشکێك ئامۆژگاری کردووە کە لەباری نەبات بەڵکو بیبێت و بەخێویشی بکات.
کەواتە رەنگە بتوانین بڵێین ئەگەر ئەو دکتۆرە ئیشقۆڕە ئەو ئامۆژگارییەی نەکردایە ئەوا دەیان ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا نەدەبونە قوربانی.





2072. 1110. لەساڵی 2012 زانایانی کۆریای باکور بەئاشکرا رایانگەیاند، یەکشاخ کە هەموو زانایانی دنیا دەڵێن زیندەورێکی خەیاڵییە، خەیاڵی نیە بەڵکو راستییەو هەیە.
رەنگە ئێستا زۆربەمان لەکاتی خوێندنەوەی ئەم فاکتەدا لەناخەوە یان بە سەماعەی خارجی بەو زانایانە پێبکەنین بەڵام لەڕاستیدا ئەم فاکتە بەلای هەموو دنیاوە عەجیب و غەریب بێت دەبێت لای ئێمە نە عەجیب بێت، نە غەریب، چونکە لای ئێمەش لەم بەزمە هەیە بەڵام نوسخە سیاسییەکەی. کاکە هەموو دنیا بە کابرای لای خۆمانیان وت مەیکە، ماست سپییەو سەرتوێژەکەی زەردێکی کاڵە کەچی ئەم وتی وانیەو هەر ئەشیکەم. ئەوە بوو کردی و قوڕی کرد بەسەریشمانا!!!




2073. 1111. زانست سەلماندویەتی کە باڵەخانەکان ناتوانن بازبدەن!!!





2074. 1112. ئەگەر تەمەنی خۆت وەربگریت و 19ی بخەیتە سەر، ئەوا ئەنجامەکەی دەکاتە تەمەنی خۆت لە 19 ساڵی داهاتوودا!!!!




2075. 1113. لەدانیمارك دەتوانێت سێو لەدوکانی سەوزەو میوەفرۆش بکڕیت!!!!




2076. 1114. بەگشتی هەر کەسێکی ئاسایی بەڕێژەی نزیکەی لەسەدا سفر، ئەگەری ئەوەی هەیە کە لەمرۆڤەوە بگۆڕێت بۆ یەکشاخ کە ئاژەڵێکە!!!





2077. 1115. خوشکەکەت کچێکە!!


ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکینە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.





.2078 .1116. ئەگەر جگەرەکێشیش نەبیت، هەر ئەمریت!!!!




.2079 .1117. هاوڕێ وەك مانگا وایە، ئەگەر بیخۆیت دەمرێت!!!!





2080. 1118. کاتێك دەڕۆیتە دەرەوەو دەبینیت دەرەوە ساردە، ئەوکاتە دەزانیت کە ساردە!!!!





2081.

2082. 1119. چەند لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریانخستووە کە ئەگەر هەوڵبدەیت لەناو گڕاوی گڕکاندا مەلەبکەیت، ئەوا دەکرێ بمریت!!!!





.2083


.2084 .1120 ئەگەر تۆ بەسەر شاخێکدا هەڵگەڕێیت، کەواتە تۆ مەلە ناکەیت، بەڵکو بەسەر شاخدا هەڵدەگەڕێیت!!!!




.2085 .1121 لەساڵی 1984، خانمێك کە ناوەکەی بە ئەی بی ئاماژەی پێکراوەو لەبریتانیا دەژیا، دەنگێك لەسەریدا پەیدابوو کە پێی دەیوت دەماخت لوی تیایەو لەکوێی دەماخدایەو چارەسەریش دەبێت. هەرچەندە ئەم ژنە هیچ نیشانەیەکی ناسروشتی تێدا نەبوو، بەڵام دواجار پشکنینیان بۆ کردو دەرکەوت کە فعلەن لوو لەدەماخیدایەو کتومت لەو شوێنەشدا بوو کە دەنگەکە دەیوت.





2086. باشترین کات بۆ خوێندنەوەو سەعیکردن سەعات 4 بۆ 6ی بەیانییە کە تیایدا لەسەدا سەدی مێشك کاردەکات. بەڵام لە 6 بۆ 7:30ی بەیانی مێشك بەڕێژەی لەسەدا 50 کاردەکات. کاتی شەویش بەڕێژەی تەنها لەسەدا بیست کاردەکات.




2087.


2088. دەکرێ نێرەی خاڵخاڵۆکە پاش نزیکەی چوار سەعات جوتبون لەگەڵ مێیەکی مردودا، ئینجا بۆی دەربکەوێت کە هەڵەیەك رویداوە کە ئەویش ئەوەیە مێیەکە مردووە!!!

ئینجاکونێ عەیب بێ و عەیب نەبێ پەندێکی کوردی هەیە ئەڵێ کە هین هەین بوو هین هین ئەبێ. لەم فاکەتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پەندە نە تەنها بۆ مرۆڤ بەڵکو بۆ هەندێك لەزیندەوەرانیش راستە.




2089. ئەم چڕوچاوەی دەیبینن فرەبکوژێك بوو بەناوی رۆدنی ئەلکالا. ئەمە لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا خۆی رۆڵی پارێزەری خۆی دەگێرا. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ئەم پیاوە بۆ ماوەی پێنج سەعاتی رەبەق لەشوێنی وەستانی شایەتحاڵدا وەستاو بەدەنگێکی گڕ پرسیاری لەخۆی دەکردو بەخۆی دەووت بەڕێز

ئەلکالاو دواتر هەر خودی خۆی (وەك تۆمەتبار) بەدەنگی نۆرماڵی خۆی وەڵامی پرسیارەکانی خۆی (کە خۆی وەك پارێزەر لەخۆی کردبوو) دەدایەوە.





2090. تیمساحێك هەیە بەناوی گوستاف. دەووترێت ئەم تیمساحە نزیکەی سێ سەد کەسی کوشتووە.




2091. کاتێك لەڕێستۆرانتێکدا دانیشتویت، پاش ئەوەی سەیری ئەو لیستی ناوی خواردنانە دەکەیت کە لەبەردەمتا دانراوە یان بۆت دەهێنن و داوای فڵانە خواردن دەکەیت، هەرچەند عەزیەتیشە بەڵام بە عەزیەتی مەزانەو بچۆ دەستی شەریفت بشۆ. بۆ؟
چونکە ئەو لیستە پیسترین شتی رێستۆرانتە کە دەستی لێدەدەیت.




2092. ساڵانە 420 هەزار کەس بەهۆی خواردەمەنی خراپبووەوە، گیان لەدەست دەدەن.




2093. زۆربەی کەسە فرەبکوژەکان واتە ئەو قاتڵانەی مرۆڤکوشتن و دۆخواردنەوەیان لەلا وەك یەك وایە، لەدایکبوی مانگی 11ن بە بەروارد بە هەر مانگێکی تر.




2094. لەسەدا 63ی ئەو کوڕە تەمەن 11 بۆ 20 ساڵانەی تاوانی کوشتن ئەنجامدەدەن، ئەو پیاوە دەکوژن کە ئازاری دایکی دەدات.




2095. خەوتن لەسەر سك دەکرێ ببێتەهۆی بینینی خەوی سەیرو سەمەرەترو تۆقێنەرترو سێکسیتر بە بەراورد بەو خەوانەی لەکاتی خەوتن بەشێوازەکانی تر، دەبینرێن.





2096. جیابونەوەی ئەو هاوژینانەی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیان لەدوو دەفتەری ناسك زیاتری تێچووە، بەرێژەی 1.6 زیاترە بە بەراورد بەوانەی نیو دەفتەر تا دەفتەرێکی تێچووە. ئەو هاوژینانەش کە


ئاهەنگەکەیان تەنها دە وەرەقەی ناسك یان کەمتری تێچووە، رێژەی جیابونەوە تیایاندا، لەتێکڕای ناوەندیی جیابونەوە کەمترە.
لێرەوە گرنگیی فەلافلمان بۆ دەردەکەوێت بە بەراورد بە پیتزاو گەس!!!




2097. بیڵ وایمان کە گیتارژەنێکی گروپی موزیکیی رۆك رۆڵینگ ستەونە، لەتەمەنی 52 ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی تەمەن 18 ساڵدا کرد بەناوی ماندی سمس بەڵام باڵانسی هاوسەرگیرییەکەیان بەشی زۆری نەکردو پاش ساڵێك جیابونەوە. دواتر ستیفن کە کوڕێکی تەمەن 30 ساڵی وایمان بوو، دایکی ماندی هێنا کە تەمەنی 46 ساڵ بوو. ئینجاکونێ ئێوەش وەك برام وان ئەگەر ماندی بە هاوسەری وایمان بمایەتەوە، ئەوا ستیفن لەیەك کاتدا دەبووە خەزوری باوکی و باپیرەی خۆشی!!!. تێرژان و پێکداچونێکی عەجیب و غەریبە!!!





2098. حاڵەتێکی نەخۆشی دەماریی هەیە کە پێی دەووترێت ویزڵسەخت. ئەم حاڵەتە دەبێتەهۆی ئەوەی نەخۆش یاری بەوشە بکات و قسەی سێکسی بکات و نوکتەی قۆڕ یان چیرۆکی بێهودەو بێسەروبەر بگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی درك بەوە بکات کە ئەم شتانە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە نەگونجاون.



2099. هیتلەرە ئیشقۆڕ تیمساحێکی ئیستیوائی هەبوو لە هی روباری میسیسیپی و ناوی ساتورن بوو. ئەم تیمساحە ئێستاش لەژیاندا ماوەو تەمەنی 85 ساڵە. حکومەتی بریتانیا بە دیاری دای بە روسەکان و ئێستاش بۆ خۆی لەباخچەی ئاژەڵانی مۆسکۆ دەژی و دەتوانیت ببینیت.




2100. وشەیەکی یاگانی هەیە کە پێیدەووترێت mamihlapinatapai. ئەم وشەیە بە قورسترین وشەی جیهان دادەنرێت لەڕوی وەرگێڕانەوە. دەووترێت مانای ئەم وشەیە بریتییە لەو حاڵەتەی کە دوو کەس سەیری یەکتر دەکەن و هەر یەکێکیان ئاوەتەخوازە ئەوی تریان دەستبکات بە قسەکردن لەسەر شتێك کە هەردوکیان حەزیان لێیەتی بەڵام هیچیان نایانەوێت دەستپێکردنەکە لەلایەن ئەوەوە بێت.
ئەج حاڵەتە رەنگە زیاتر لەکاتی عیشق و خۆشەویستیدا زۆر بێت.



2101. ئەگەر بتوانیت بۆ ماوەی سێ هەفتەی یەك لەدوای یەك رۆژانە سێ ژەم نان بخۆیت، ئەوا تۆ کەسێکیت لەناو لەسەدا 15 دەوڵەمەندترین کەسەکانی جیهان.
ئینجاکونێ بۆیە هەمیشە شوکرانەبژێر بە.




2102. وتنی "سوپاست دەکەم" بەختەوەرترت دەکات. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو کەسانەی پێزانین دەردەبڕن عادەتەن ئاسودەترن. ئەو هاوژینانەش کە بە ئاشکرا سوپاسگوزاری بۆ تاکەکانیان دەردەبڕن زیاتر ئاسودەن لەپەیوەندییەکانیاندا. ئەو کارمەندانەش کە لەلایەن بەڕێوەبەرەکانیانەوە سوپاس دەکرێن، زۆرجار بەڕێژەی لەسەدا 50 زیاتر شێلگیرانەتر کاردەکەن.




2103. لەسەدا 90ی دراوەکانی ئەمەریکا بە کۆکاین کە یەکێکە لەمادده هۆشبەرەکان، پیسبووە.
ئینجاکونێ بۆیە کاتێك وەرەقەیەك یان زیاتر یان کەمترت دەستدەکەوێت، نەك هەر ماچی مەکە بەڵکو دوای بەرکەوتنەکە، دەستیشت پاك بشۆ. هەر وابزانە چڵك بەردەستت کەوتووە، لەڕاستیدا لەچڵك پیسترو زیانبەخشترە لۆ تەندروستیت.





2104. There is a village in China that publishes the names of those who neglect their elderly parents as a means of shaming those people.

لە چین گوندێك هەیە کە بە ئاشکرا ناوی ئەو کەسانە بڵاودەکەنەوە کە دایك و باوکە پیرەکانیان پشتگوێ دەخەن وەك هۆکارێك بۆ شەرمەزارکردنی ئەو کەسانە.



2105. لەساڵی 1939 رۆژنامەی نیۆرك تایمز پێشبینیکرد کە تەلەفزیۆن شکست بهێنێت چونکە خەڵك کاتیان نابێت سەیری شاشە بکەن.


تەقریبەن خەریکە پێشبینییەکەیان دێتەدی.




2106. بونی مووی زۆر بە بە جەستەوە پەیوەندی بە زیرەکتری ئەو کەسەوە هەیە.




2107. ئێوەش وەك برام وان لە رۆمای دێریندا، ئەگەر پیاوێك تاوانی لاقەکردنی ئەنجام بدایە هێلکەگونەکانی دەخرایە نێوان دوو بەردو دەشکێنران.




2108. لەو روسیایەی لای خۆمان ژمارەی خانمان نۆ ملیۆن لە هی پیاوان زیاترە.



2109. نەچی بچی وابزانی کۆشکی سپی فری و بەلاشخانەیە بۆ سەرۆکی ئەمەریکا هەرچەندە ترامپە سەرپەموو کەسی یەکەمی ئەو وڵاتەیە کە نزیکەی 315 ملیۆن کەس دانیشتوانیەتی. کۆشکی سپی فری نیە بۆ سەرۆك، بەڵکو وەك هەموو کەسێکی تر لە رێستۆرانت پسولەی خواردنی بۆ دێتەوە!




2110. پاککردنی سێو واتە لێکردنەوەی توێکڵەکەی، نیوەی تەواوی ریشاڵەکانی لادەبات و نزیکەی لەسەدا 30ی ئەو ڤیتامین سییەی تێیدایە، ناهێڵێت.
ئینجاکونێ بۆیە بەبیانوی قۆڕو سەیرو سەمەرە نەچی بچی توێکڵەکەی لێ بکەیتەوانێ!!!





2111. The Dutch army had only one tank during WWII.

سوپای هۆڵەندا لەجەنگی جیهانیی دووەمدا تەنها یەك دەبابەی هەبوو!

2112. 94% of the women surveyed who work in the U.S. entertainment industry say they've experienced some form of sexual harassment or assault.

لەسەدا 94ی ئەو خانمانەی لەپیشەسازیی سەرگەرمی لە ئەمەریکا کاردەکەن و راپرسییان لەسەر کراوە، دەڵێن توشی هەندێك جۆری تەشقەڵە یان دەستدرێژی سێکسی بوون.

2113. لەساڵی 1919 کاتێك سەرۆکی ئەمەریکا تیۆدۆر روزڤڵت لەشیرینەی خەودا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت، تۆماس مارشاڵ جێگری سەرۆك لەوتەیەکی بێماناد رایگەیاند: مەرگ پێویست بوو سەرۆك لەکاتی خەوتندا بڕفێنێت چونکە ئەگەر بە ئاگا بوایە پێکدادان رویدەدا لەنێوان ئەوو مەرگدا.




2114. Owning a cat can reduce the risk of heart attacks and strokes by more than a third, researchers found.

چەند لێکۆڵینەوەیەك دەریانخستووە کە هەبونی پشیلە مەترسیی جەڵدەی دڵ و جەڵدەی دەماغ بەڕێژەی زیاتر لەیەك لەسەر سێ کەمدەکات .

2115. Multivitamins increase the risk of cancer and heart disease, according to recent studies.

چەند لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریانخستووە کە مەڵتیڤیتامین مەترسیی توشبون بە شێرپەنجەو نەخۆشییەکانی دڵ زیاددەکات.

2116. Your left lung is smaller than your right lung to make room for your heart.


سیی چەپت لەهی راستت بچوکترە. بۆ؟ بۆ ئەوەی شوێنی زیاتر بۆ دڵت بمێنێتەوە.

2117. There are about 1.5 billion cubic kilometres of water on Earth – that's 1.5 billion trillion litres, or 800 trillion Olympic swimming pools.

بڕی ئاوی زەوی نزیکەی ملیارو نیوێك کیلۆمەتر سێجایە واتە ملیارو نیوێك ترلیۆن لیتر یان بەقەدەر ئاوی 800 ترلیۆن مەلەوانگەی یارییە ئۆلۆمپییەکان.

کێش بڕواناکات دەتوانێت بیپێوێت، ئەگەر وا نەبوو پێم بڵێ ئەو زانیارییەت هەڵەیە!!!!

2118. باینجانی ساوا وەك لەوێنەکەدا دیارە لەهێلکە دەچێت، ناوە ئینگلیزییەکەشی کە eggplant ە، لەو لێکچونەوە وەرگیراوە.





2119. While filming the movie "Entebbe," about a plane being hijacked, a plane was actually hijacked and landed at the airport. They filmed the real hostages being released and edited it into the movie.

لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی Entebbe کە باس لەڕفاندنی فڕۆکەیەك دەکات، هەر بەڕاستی و بەبێ سوعبەت فڕۆکەیەك رفێنراو لەهەمان ئەو فڕۆکەخانەیە نیشتەوە کە فیلمەکەیان تێدا تەسویر دەکرد. هەر بۆیە ستافی فیلمەکە بارمتە راستەقینەکانیان لەکاتی ئازدکردندا وێنەگرت و مۆنتاژیان کرد بۆ فیلمەکەی خۆیان.

پەندێکی پێشینان هەیە کتومت بۆ ئەم رووداوە کراوە، هەرکەس زانی بەڵگەی زیرەکییەتی، با بینوسێت.

2120. دیکتاتۆری پێشووی ئەفەریقای ناوەڕاست جین بێدێل بۆکاسا، منداڵانی خوێندنگە حکومییەکانی ناچارکرد کە جۆرە جلوبەرگێکی یەکگرتووی گرانبەها لەو کۆمپانیایە بکڕن کە خۆی خاوەنی بوو. کاتێکیش منداڵەکان ئیدانەی ئەو بڕیارەیان کرد، ئەو دڕندەیە سەد منداڵیانی بۆ بونە پەند بۆ ئەوانی تر، ئیعدام کرد.

دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992





2121. ئەمە وێنەی ئیڤان موشوکۆڤە. ئەو منداڵە روسییەی لەلایەن کۆمەڵێك سەگەوە، لەتەمەنی چوار تا شەش ساڵی بەخێوکراوەو سێ جار لەبەرامبەر پۆلیسدا کە ویستویەتی لەبن دەستی سەگەکان دەریبهێنێت، بەرگرییان کردووەو نەیانهێشتووە ببەن. بەڵام دواجار لەڕێی فێڵکردن لەسەگەکانەوە توانییان منداڵەکە ببەن.

ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.




2122. ئەو پیاوانەی هەستەکانیان شاراوە یان ناڕونە بەرامبەر بە خانمان، زیاتر سەرنجی خانمان بە حەبل رادەکێشن وەك لەوانەی هەستەکانیان بۆ خانمان دەردەبڕن.




2123. لەو کەنەدایەی لای خۆمان، خۆنیشاندان بەشێوەیەك کە وەك بڵێی سیحر ئەنجامدەدەیت، کارێکی نایاسابییە بەڵام ئەنجامدانی سیحر بەڕاستی، کارێکی تەواو یاساییە.







2124. لەو چینەی کە لای خۆمان زۆرجار گاڵتە بە چتەکانیان دەکەین، جارێك پیاوێك پێش خوازبێنیکردنی خانمێك، نۆ هەزارو 999 گوڵی بە عەزیبیەکەوە دوری و پێشکەشی کرد. چین کە خاوەنی هواوی و ئەو رۆمانسییەتەیە حەق نیە چیتر گاڵتەیان پێ بکەین.





2125. لەیابانە حەیاتەکە لێکردنەوەی توێکڵی ترێ واتە پاککردنی پێش خواردن، شتێکی زۆر باوە چونکە لەناو برادەرانی ئەبو توێتا تێگەیشتنێك هەیە کە گوایە توێکڵی ئەم میوە پیس و تاڵە یان یەکێکیانە.





2126. کێرت کۆبەین کە گۆرانیبێژێکی دیاری ئەمەریکی بوو و ئێستا لەژیاندا نەماوە، بە چاکەت و بیجامەوە هاوسەرگیری کردووە.

ئیمانم نەچێ رەحمەتی دیارە زۆری پەلە بووە!!!!




2127. نەخۆشییەکی بۆماوەیی هەیە کە دەبێتەهۆی ئەوەی توشبوو باڵای کورت بێت و سوڕی ژیانی درێژتر بێت لەکەسی ئاسایی و بەرگرییەکی بەهێزی هەبێت لەدژی نەخۆشی شێرپەنجەو شەکرە.
ئەو کەسانەی ئەم حاڵەتەیان لەگەڵدایە، زۆر لە هۆبیت دەچن.




2128. دەکرێ کەمخەوی یان بێخەوی ببێتەهۆی ئەوەی دەماخت خۆی بخوات.
بۆ هەرگیز نەچی بچی بڵێی خەوتن فشەیە.




2129. دایکی جاکی چان قاچاخچیی ئەفیون بووەو باوکیشی سیخوڕ واتە جاسوس بووە.




2130. لەساڵی 1975 پیاوێك لەكاتی سەیركردنی بەرنامە دڵخوازەكەی پچڕا لەپێكەنینداو عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت. دواتر ژنەكەی نامەیەكی نارد بۆ ستافی بەرنامەكەو تێیدا سوپاسی كردن كە بونەتە هۆی ئەوەی دوا ساتەكانی ژیانی مێردەكەیان هێندە خۆش كردووە كە لەپێكەنیندا بمرێت.

2131. Angelina Jolie once tried to hire a hitman to kill her, because she felt that a murder would be easier on her family than her committing suicide. The would-be-hitman talked her out of it by asking her to wait a month.

جارێك خانمەئەكتەری ئەمەریكی ئەنجیلینا جولی لەكاتی بێزاریدا، هەوڵیدا پیاوكوژێك بەكرێ بگرێت بۆ ئەوەی بیكوژێت، چونكە پێیوابوو كوشتنی لەلایەن كەسێكی ترەوە ئاسانتر دەبێت وەك لەخۆكوشتن بەنیسبەت خێزانەكەیەوە. دواتر "پیاوكوژەكە" قسەی لەگەڵ جولیدا كردو داوای لێكرد مانگێك چاوەڕێ بكات. بەو شێوەیە شتەكە هەڵوەشایەوە.

2132. لەشوێنە جیاكانی جیهاندا 14 درەخت هەیە كە هێندە كۆنن تەنانەت لەپێش لەدایكبونی مەسیحەوە، هەبون.





2133. In Hong Kong, a woman is allowed to kill her cheating husband, but only with her bare hands.

لە هۆنگ كۆنگ ژنان ڕێگەیان پێدراوە كە مێردەكانیان بكوژن ئەگەر خیانەتیان لێبكەن، بەمەرجێك لەكوشتنەكەدا چەك و شت بەكارنەهێنن بەڵكو بەدەستی روتی خۆیان ئەنجامی بدەن..


2134. بەدرێژایی ژیانیشت ناتوانیت تا یەك ملیار، بژمێریت. تەنانەت ئەگەر بتوانیت بەبێ وەستان هەر ژمارەیەو یەك چركەت پێبچێت، ئەوا 32 ساڵی تەواوت پێویستە بۆ گەیشتن بە یەك ملیار، هەرچەندە بێگومان گۆكردنی ژمارە گەورەكان زیاتر لە چركەیەك دەخایەنێت، ئەمە وێڕای ئەوەی پێویستت بەوەیە بووەستیت و بخەویت.

ئینجاکونێ بە گوێرەی برادەرێك بەناوی جەی هانكۆك كە لەڕۆژنامەی باڵتیمۆر سەن كاردەكات، ئەگەر بەشێوەیەكی بەردەوام و بەبێ وەستان رۆژانە هەشت سەعات و هەفتەی پێنج رۆژو پەنجا هەفتە لەساڵێكدا، ژمارە بژمێریت، ئەوا چوار ساڵی تەواوت پێویستە بۆ ئەوەی بگەیتە دە ملیۆن.




2135. The skin on your lips is 200 times more sensitive than your fingertips.

پێستی لێوی شەریفت 200 ئەوەندە لە هی سەری پەنجەت هەستیارترە.
ئینجاکونێ بۆیە سوپرایز نەبێ بەلاتەوە كاتێك لەگەرمەی ماچكردنی لێوی هاوژینەكەت، كابرا بڵێ: بەیارمەتی خۆت ئەبورێمەوە!!!!





2136. لەساڵی 1978 ماكیاس نگیما سەرۆكی غینیای ئیستیوائی دروشمی نیشتمانیی وڵاتەكەی گۆڕی بۆ "جگە لە ماكیاس نگیما هیچ خوایەكی تر نیە".

چونکە زۆر قۆزە، باش سەیری کەن، لوتی ئەڵێی پەڕەشوتی کراوەیە!!!!

2137. لێکۆڵینەوەیەکی دەرونی کە دە ساڵی خایاندووە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پیاوانەی پێش چونەدەر لەماڵ بۆ سەر کار، هاوسەرەکانیان ماچکردووە، تێکڕا پێنج ساڵ زیاتر ژیاون و داهاتیان بەرێژەی لەسەدا بیست بۆ 30 لەوانە زیاتر بووە کە بەبێ ماچ لەماڵ چونەتە دەر.

ئینجاکونێ بۆیە ئەگەر بەیانییەك بە شڵپەی ماچ و موچی دەرودراوسێ خەبەرت بۆوە، نەچی بچی بڵێی سوبحانەڵڵا کە رۆمانسین چونکە ئاستی دیققەتی تێگەیشتنەکەت سەد لەسەد نیەو ئەگەری هەیە پاڵنەری ئەو کارە خواستی تەمەندرێژی و داهاتزۆری بێت نەك رۆمانسییەت بەتایبەت لەناو کورددا!!!




2138. English is the universal "language of the skies". All pilots must learn and speak English, regardless of their country of origin or the tongue they speak.

ئینگلیزی زمانی جیهانیی ئاسمانەکانە. بە چاوپۆشین لەوڵات و ئەو زمانەی خۆیان لەبنەڕەتدا قسەی پێدەکەن، هەموو فڕۆکەوانەکان پێویستە لەسەریان فێری ئەم زمانە ببن و قسەی پێبکەن.

2139. A common English-speaker has roughly 50,000 words in their mind and generally finds the correct one in approximately 600 milliseconds.

هەر کەسێکی ئاسایی کە بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکات، نزیکەی پەنجا هەزار وشە لەمێشکیدایەو بەگشتی لەماوەی نزیکەی 600 میللی چرکەدا، وشەی راست لەناو ئەو پەنجا هەزارەدا دەدۆزێتەوە.

2140. '&' was originally the 27th letter of the English alphabet.

نیشانەی & کە لەبری and واتە "و" بەکاردەهێنرێت، لەبنەڕەتدا 27هەمین پیتی زمانی ئینگلیزی بووە.

2141. In addition to being fluent in English, Greek, Latin, French, Italian and Spanish, Thomas Jefferson also studied Arabic, Gaelic, and Welsh, and remains the most multilingual President of the United States.

سەرباری ئەوەی زمانەکانی ئینگلیزی، یۆنانی، لاتینی، فەرەنسی، ئیتاڵی و ئیسپانی بە پاراوی زانیوە، تۆماس جێفریسۆن کە سێیەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، عەرەبی، گەیلی و وێڵزی خوێندووە. ئەم برادەرە تا ئێستاش فرەزمانترین سەرۆکی ئەو وڵاتەیە.

2142. In the extinct Australian language Mbabaram, the word for dog is 'dog' and it is pronounced almost identically to the English word. This is purely a coincidence and there is no relation between English and Mbabaram.

زمانێکی ئوستراليی قڕکردوو هەیە پێی دەووترێت بابارام. لەم زمانەدا هەروەك ئینگلیزی بە سەگ دەووترێت dogو بەهەمان شێوەی dogی ئینگلیزیش دەخوێنرێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەم دوو زمانەدا هەبێت، بەڵکو رێکەوتە.

2143. Hebrew became extinct as a spoken native language around 200 A.D. It was revived in Paris on 13 October 1881, when a man named Eliezer Ben-Yehuda (Hebrew lexicographer) and his friends agreed to speak exclusively in Hebrew during their conversations.

لەدەوروبەری ساڵی 200ی زایینی، زمانی عیبری وەك زمانی قسەکردنی دایك، قڕی کرد. بەڵام لە 3-10-1881 لە پاریس زیندوکرایەوە لەلایەن پیاوێکەوە بەناوی ئێلیزەر بن یەهودا کە فەرهەنگنوسێکی عیبری بوو، لەگەڵ هاورێکانی کە لەسەر ئەوە رێکەوتن لەکاتی قسەکردنیاندا تەنها بە عیبری قسەبکەن.

2144. Elephants can tell the difference between human languages and know which languages belong to their enemies, i.e., people with a history of hurting elephants.

فیل دەتوانێت زمانی مرۆڤ بناسێتەوەو بزانێت کامیان هی دوژمنەکانیەتی. بۆ نمونە زمانی ئەو کەسانە دەناسێتەوە کە مێژوی ئازاردانی فیلیان هەیە.

2145. In Spanish, "Esposas" has two meanings: "handcuffs" and "wives". Esposas is the feminine plural of esposo, which comes from the Latin sponsus, which comes from the Latin spondere, which means "To bind."

لەزمانی ئیسپانیدا، وشەی Esposas دوو مانای هەیە. بەمانای کەلەپچەی دەست و ژنیش دێت. Esposas کۆی مێ (جەمعی موئەنەس)ی وشەی esposoیە کە لەوشەی لاتینی sponsus هاتووە، ئەمیش لەوشەی لاتینی spondere هاتووە کە بەمانای بەستنەوە دێت.

2146. A greater percentage of Dutch people speak English than Canadians. About 90% of Dutch speak English, while only 85% of the Canadians speak English.

رێژەی خەڵکی هۆڵەندا کە بە ئینگلیزی قسەدەکەن لەو هاوڵاتییە کەنەدییانە زیاترە کە بە هەمان زمان قسەدەکەن. نزیکەی لەسەدا 90ی خەڵکی هۆڵەندا بە ئینگلیزی قسەدەکەن، لەکاتێدا تەنها لەسەدا 85ی کەنەدییەکان بە ئینگلیزی قسەدەکەن.

2147. In English, multiple adjectives are supposed to be listed in the following order: Quantity, Opinion, Size, Age, Shape, Color, Origin, Material and Purpose.

لەزمانی ئینگلیزیدا ریزبەندی نوسینی ئاوەڵناوەکان بەم شێوەیە دەبێت: بڕ، بۆچون، قەبارە، تەمەن، شێوە، ڕەنگ، بنەڕەت واتە ئەسڵ، مادده، مەبەست.

2148. Around 1000 of the world's approximately 5,000 languages are spoken solely in New Guinea.

نزیکەی پێنج هەزار زمان لەجیهاندا هەیە. لەو پێنج هەزارە، تەنها لەوڵاتی غینیای نوێ، هەزاریان قسەیان پێدەکرێت.

2149. Valentine's day is one of the days with highest suicided rates.


ڕۆژی ڤالانتاین واتە جەژنی خۆشەویستی، یەکێکە لەو ڕۆژانەی کە زۆرترین ڕێژەی خۆکوشتنیان تێدا ئەنجامدەدرێن.

2150. جۆرج واشنتۆن واتە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا، لەهاوینی ساڵی 1790 دوو سەد دۆلاری بە دۆندرمە خەرجکردووە. ئەگەر ئەم پارە هاوتا بکەین بە ئێستا دەکاتە نیو دەفتەرو یەك وەرەقەی ناسك**!!!**




2151. جارێك بینحامین فرانكلین لەلایەن خانمێکەوە دەعوەت دەکرێت بۆ ئەوەی شەوێکی هاوین لەگەڵیدا بەسەربەرێت، فرانكلین لەوەڵامدا داوای لێدەکات کە چاوەڕێ بکات تا زستان دێت چونکە شەوی زستان درێژترە.

تەبعەن وەڵامەکەی فرانكلین کە یەکێکە لەمەزنترین و لێهاتوترین کەسایەتییەکانی ئەمەریکا، ناسکەڕەفزێکی گاڵتەئامێزی دەعوەتەکە بووە نەك مەبەستی ئەوە بێت کە حەزبکات ماوەیەکی زیاتر لەگەڵیدا بمێنێتەوە..




2152. ڕەنگە دەستەواژەی سەرسوڕهێنی "بەخوا سەگی!!!" لەدوو شتی ئاوهاوە هاتبێت. ئەم چڕوچاوەی دەیبینن، ناوی ئەندرێ ستاندەرە. پۆلیس و تاوانبارێکی ئەفەریقای باشور بوو. زۆرجار لەکاتی پشووی نیوەڕۆی دەوامەکەیدا دەچوو بانکی دەبڕی و دواتر وەك کارمەندێکی لێکۆڵینەوە دەگەڕایەوە سەر هەمان کەیس.


ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.




2153. لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی The Wire، ئەندرێ رۆیۆ کە رۆڵی ئاڵودەبویەکی ماددە هۆشبەرەکان دەبینێت، هێندە بەجوانی رۆڵەکە دەبینێت و ئاوێتەی رۆڵەکە دەبێت، کەسێکی شاری بەڵتیمۆر لێی نزیك دەبێتەوەو پاکەتێك هیرۆین دەداتە دەستی و پێی دەڵێت لەکەسێك دەچێت کە پێویستی بە مژێك لەماددەی هۆشبەرە. رۆیۆ بەم شتە زۆر سەرسام دەبێت و ناوی دەنێت خەڵاتی ئۆسکاری سەرشەقام.

ئەوان ئاوا بەجوانی رۆڵ دەبینن، کەچی لای ئێمەش بەم سەدەی بیست و یەکەمە بەزمی بەزممان هەیە، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە زۆرجار دەبینیت کەسێك لەپێشەوە دانیشتووە، موو بە سەرییەوە نەماوەو عەینەکێکی لەچاودایە، یەکێك نەزانێ ئەڵێ ئەمە سکرتێری حزبێکە یان لانیکەم خاوەنی دوو بڕوانامەی دکتۆرایە، کەچی پاش کەمێك بۆت دەردەکەوێت بە دیالۆگێکی بەزمی بەزم ئەپچڕێ لەپێکەنینا!!!!!

خوا بمانبڕێ بۆ چ نەتەوەیەکین!!!




2154. In the late Middle Ages, books were so valuable that libraries would chain them to the bookcase. This was widely practiced until the 18th century.

یادی بەخێر لەڕابردودا کتێب بەپێچەوانەی ئێستاوە کە رسوا بووە، زۆر بەقیمەت بووە. با زۆر دوور نەکەوینەوە، لەکۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا کە ئیحتیمالی هەیە ئێوە باش بیرتان نەیەت!!!، کتێب زۆر بە نرخ بووە، بەشێوەیەك کە کتێبخانەکان کتێبەکانیان بە زنجیر دەبەستەوە بە دۆلابەکانەوە. ئەم نەریتەش تا سەدەی هەژدەهەم بەشێوەیەکی فراوان، پەیڕەوکراوە.

2155. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2013، لەسەدا 46ی دایکان دەڵێن مێردەکانیان لەمناڵەکانیان زیاتر هۆکارن بۆ دروستبونی فشاری دەرونی.


رەنگە هۆکاری ئەمە ئەوە بێت کە زۆرێك لەپیاوان بەتایبەت هی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسەیان زۆرەق و بێتامە لەگەڵ خانمی یەکەم بەڵام لەبەرامبەر خانمانی دەرەوە ئەوەندە نەرمن کە وریا نەبن ئەتوێنەوەو تا جوانتریش بێت زیاتر نەرم دەبێت بەشێوەیەك وای لێدێت کە پەشمەك بەچاوییەوە پۆلایە!!!




2156. تا ساڵی 1974یش لەشاری شیکاگۆی ئەمەریکا، ئەگەر روخسارت ناشرین بوایە، بەپێی یاسا بۆت نەبوو لەشوێنی گشتیدا دەربکەویت.





2157. تەنها یەك دڵۆپە رۆنی مەکینە بەسە بۆ پیسکردنی زیاتر لە 25 لیتر ئاو.
لەمەوە دەتوانین بفەرموین کە پێویستە رۆنگۆڕو فیتەروسەیارەوانەکان بە گشتی زۆر وریابن و زوو زوو دەستی شەریفیان بشۆن و نەچن بچن تەنها دەستیان بسڕن و دواتر چت بخۆن یان بخۆنەوە.





2158. لەساڵی 1988 لەشاری ریۆ دی جانیرۆی برازیل، لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی، دانیشتوانی شارەکە هێندە نامورتاح بوون لەسیاسییەکان، مەیمونێکی بەناوبانگی باخچەیەکی ئاژەڵانی ناوچەکە، زیاتر لەچوار سەد هەزار دەنگی بەدەستهێنا.


بەنیسبەت ئێرەشەوە رەنگە موبالەغە نەبێت کە بڵێین سیاسییەکان هێندە زوخاویان کردووە بە سکمانا، سالەی سەرچنارەکەی لای خۆمان یان وەچەیەکی، شیاوی زۆر زیاتر بێت لەکۆی ئەو دەنگانەی زۆرێك لەسیاسییەکان بەدەستی دەهێنن.





2159. ئەگەری فەخامەتی جەنابت بە....
+ مردن لەڕوداوی ئۆتۆمبێل یەك لەسەر 83یە.
+ دزرانی ناسنامەکەت یەك لەسەر چوارە.
+ بەرکەوتن بە هەورەبروسکە یەك لەسەر 835 هەزارو پێنج سەدە.
+ مردن بە گێژەڵوکەیەکی کوشندە 1 لەسەر 60 هەزارە.
+ مردن بە زەمینلەرزە 1 لەسەر 131 هەزارو 890ە.
+ کەوتنە بەر هەڕەشەی روداوی کانێکی ئەتۆمی 1 لە 100 هەزارە.



2160. کەسێك هەیە حەوت ئەوەندەی هەر کەسێکی تر، ئەگەری زیاترە کە تۆ بکوژێت. ئەو کەسەش خۆتی.
بۆیە بەڕێزان پێویستە هەرکاتێك هەستت بە فشاری دەرونی زۆرکرد، یەکسەر بچیتە ناو خەڵك یان بە کۆرەکە فرییەکەت تێل بکەیت بۆ برادەرێکی کراوەو قسەخۆشت و بیکەیت بە مەزە!!! یان سەیری فیلمێکی کۆمیدی بکەیت، یان هەر شتێکی تر کە ئەو فشارە سوکبکات، ئەگینا کە لەدەستت دەرچوو و خۆت کوشت، هەردوو دنیا لەدەست دەدەیت و زمانحاڵت دەڵێت: بە جارێ ماڵی وێرانم، ئەویشم چوو، ئەمیشم چوو.




2161. Amazon's largest warehouse is the size of 17 American football fields.
قەبارەی گەورەترین کۆگای کۆمپانیای ئەمازۆن، بەقەدەر 17 یاریگای فوتبۆڵی ئەمەریکا دەبێت.





2162. فیزیاناس و گەردوونناسی گەورە ستیفن هاوکینگ لەساڵیادی کۆچی دوایی گالیلۆ لەدایکبووەو لەساڵیادی لەدایکبونی ئەنیشتاین، کۆچی دوایی کردووە.

هاوکینگ لە 14-3-2018 کۆچی دوایی کرد کە 139هەمین ساڵیادی لەدایکبونی ئەنیشتاین بوو. هاوکینگ لە 8-1-1942 لەدایکبووە کە 300هەمین ساڵیادی کۆچی دوایی گالیلۆ بوو. هەریەکە لە هاوکینگ و ئەنیشتاینیش لەتەمەنی 76 ساڵیدا عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە.

2163. 770,000 people living in England cannot speak English well.

زۆر خەفەتیش مەخۆ کە نازانیت بە ئینگلیزییەکی فول قسان بکەیت، ئەوەتا تەنانەت لە ئینگلتەرا بەو هەموو شان و شەوکەوتەوە، 770 هەزار کەس هەن کە ناتوانن بە باشی بە ئینگلیزی قسەبکەن.

2164. لەنیوەشەوی 7-10-1856، بەدیاریکراوی لەکاتی گەردەلولێکی هەورەبروسکاویدا، زانای بەناوبانگ نیکۆلا تێسلا لەدایکبوو. مامانەکە پێویوابوو گەردەلولی توند شومە بۆیە رایگەیاند کە ئەم کۆرپەیە رەنگە ببێتە منداڵی تاریکی، لەوەڵامدا دایکی تێسلا وتی، نەخێر وانیە، ئەمە دەبێتە منداڵی روناکی. لەڕاستیدا قسەکەی دایکی راست دەرچوو، ئەوە بوو ئەو منداڵە بووە ئەو زانا داهێنەرە مەزنەی کە رکەبەری ئەدیسۆن بوو و هەندێك لەداهێنانەکانی تێسلا بەهەڵە دراوتە پاڵ ئەدیسۆن.




2165. خانمانی هۆزی یاو لەهەرێمی گوانگشی لە چین، بەدرێژایی ژیانیان تەنها یەکجار قژیان دەبڕن، عادەتەن ئەو جارەش راستەوخۆ پێش شوکردنیانە.



2166. We are more attracted to the way a person smells than we are to the way they look.


ئەوەندەی بۆنی کەسێك سەرنجمان بە حەبل رادەکێشێت، روخساری ئەوەندە رامانناکێشێت.

2167. نەخۆشی زەهایمەر ئەوەندەی کاریگەری بەهێزی لەسەر یادگای زانیاری هەیە، ئەوەندە کاریگەری لەسەر یادگا واتە زاکیرەی سۆزداری نیە. هەربۆیە کاتێك توشبویەکی ئەم نەخۆشییە، هەواڵێکی خراپی پێدەگات، هەر زوو هەواڵەکەی بیردەچێتەوە بەڵام خەمبارییەکەی دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی بزانێت بۆچی خەمبارە.

ئەمە بۆ عاشق خەتەرە!!!!




2168. لەو کەنەدایەی لای خۆمان کتێبخانەیەکی گشتیی گەڕۆك هەیە، سەیرەکە لەوەدایە کە گەڕۆکەکە ئۆتۆمبێل یان کەرڤانە نیە بەڵکو کەرە. کتێبەکان لەسەر پشتی کەرن.







2169. ئەو وتەیەی کە دەفەرموێ ناتوانیت بە پارە بەختەوەری بکڕیت، تەواو نیە. لەڕاستیدا دەتوانێت. بۆ نمونە ئەگەر ئەو شتانەی فەخامەتی جەنابت دەیانکڕیت یت باشبکات وەك کڕینی ژەمەخواردنێك بۆ کەسێکی کراوە لەمەیخانەیەکدا، یان کتێبێك بۆ کەسێکی داخراو.

2170. لەجەنگی جیهانی دووەمدا لەبەرامبەر هەر ئەمەریکییەك، 92 روسی کوژراون.




2171. Approximately 1 billion people throughout the world go to bed hungry every night.

هەموو شەوێك نزیكەی یەك ملیار كەس لەسەرتاسەری جیهاندا، بە برسێتی دەچنە جێگای خەوتنەوە.


2172. بەگشتی هەر كەسێكی ئاسایی، بەدرێژایی ژیانی 36 جار بەلای پیاوكوژێكدا تێدەپەڕێت.



2173. ئەو پیاوانەی خیانەت لەهاوسەرەکانیان دەکەن، پلەی زیرەکییان کەمترە لەوانی تر.




2174. ئەم چڕوچاوەی دەیبینن، ناوی لویس گاراڤیتۆیەو ترسناکترین فرەبکوژە لەجیهانداو 140 کەسی کوشتووە. سەرباری ئەوەش حوکمی زیندانیکردن بۆ تەنها 22 ساڵی ناسکی بەسەردا سەپێنراوەو دەکرێ لەساڵی 2021 ئازادبکرێت.




2175. ئێوەش وەك برام وان نێرەهەنگی هەنگوین لەکاتی سێکسکردنداو بەدیاریکراوی لەکاتی گەیشتن بە ئۆرگازم، هێلکەگونەکانی دەتەقن و دوای ئەوەش عومری درێژی بۆ ئێوە جێدەهێڵێت.

The testicles of a male honey bee explode on achieving orgasm, after which it dies!


2176. لەساڵەکانی 1980کاندا دەرهێنەرێکی یابانی زنجیرەیەك فیلمی ترسناکی خوێناوی بڵاوکردەوە کە هێندە لەڕاستی دەچوو، لەلایەن پۆلیسەوە لێکۆڵینەوەی لەتەکدا کراو پێویست کرا لەسەری کە بیسەلمێنێت لەفیلمەکانیدا هیچ کەسێك بەڕاستی نەکوژراوە.





2177. "با لێرە بچینە دەرەوە" ئەو دێڕەیە کە بەبەراورد بە هەر دێڕێکی تر زۆرترین جار لەفیلمەکاندا بەکاردەهێنرێت.

The most used line in the movies is "Let's get out of here."

2178. بۆ ئەوەی بەهۆی زۆربونی توخمی پۆتاسیۆمەوە عومری درێژت بۆ جەماعەت جێبهێڵیت، دەبێ 480 مۆز بخۆیت.





2179. ئەو پیاوەی دیزاینی بۆ ژێرزەمینییە نهێنییەکەی سەدام حسێن کرد، کوڕەزای ئەو ژنە بوو کە پێشتر دیزاینی ژێرزەمینییە نهێنییەکەی ئەدۆڵف هیتلەری کردبوو.





2180. سەد دەوڵەمەندترین کەسەکەی جیهان تەنها لەساڵی 2012دا هێند پارەیان دەستکەوتووە کە بەشی ئەوە دەکات چوار جار هەژاری لەسەرتاسەری جیهاندا نەهێڵن.





2181. بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری پۆزەتیڤی هەبێت لەسەر جەستەت، ئاو لەکاتی گونجاودا بخۆرەوە:
+ پاش لەخەو هەستان بیخۆرەوە بۆ سودمەندبونی ئەندامەکانی هەناوت.
+ پاش ژەمەخواردنەکان بیخۆرەوە بۆ هەرسکردن.
+ پێش حەمامکردن بیخۆرەوە بۆ دابەزاندنی فشاری خوێن.
+ پێش خەوتن بیخۆرەوە بۆ ئەوەی بەدوربیت لەجەڵتەی مێشك و دڵ.




2182. لەشوێنە جیاکانی جیهاندا سەدان دورگە هەن کە دانراون بۆ فرۆشتن، هەندێکیان نرخەکانیان زۆر کەمەو تەنها بە سێ دەفتەری ناسکە واتە پارەی ناسکەسەیارەیەکی فۆردە!!!



2183. ئەمەی دەیخوێننەوە لەسەیر سەیترو لەعەجیب عەجیبترو لەغەریب غەریبترە. ئەم دوو برادەرەی دەیبینن، دوانەیەکن کە هەر لەکاتی لەدایکبونەوە واتە بە ساوایی لەیەك جیاکراونەتەوەو تا تەمەنی 39 ساڵیش یەکتریان نەبینیوەتەوە. هەردوکیان ناونراون جیم، ژنی یەکەمی هەردوکیان ناوی لیندا بووەو ژنی دووەمی هەردوکیان ناوی بێتی بووە. هەردوکیان کوڕەکانیان ناوناوە جەیمس و سەگەکانیان ناوناوە تۆی. هەردوکیان جگەرەخۆرێکی هێندە مەبدەئی بون کە جگەرەیان بەجگەرە داگیرساندووەو هەردوکیشیان جگەرەی سالمیان خواردووە. هەردوکیان سەیارەی کۆمپیانیای چێڤرۆلێتیان لێخوڕیوە کە خۆمان بە هەڵە پێی دەڵێین شۆفرلێت. هەردوکیان بونەتە جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس و هەردوکیان لەهەمان کەناراوی شاری فلۆریدا، پشووەکانیان بەسەربردووە.!!!!




2184. لێکۆڵینەوەیەکی دەرونزانی ئاماژەی بەوە داوە کە کاتێك سینگڵیت، هەموو ئەو جوتانەی دەیانبینیت هاوژینی بەختەوەرن، کاتێکیش هاوژینت هەیە، هەموو ئەوانەی دەیانبینیت، سینگڵی بەختەوەرن!!!! دە ئیتر وەرە سوێت نەبێتەوە!!!





2185. باشترین هاوڕێت ئەو کەسەیە کە راستەوخۆ یەکەم کەس پاش خوێندنەوەی ئەم رستەیە دێتە مێشکی شەریفتەوە.






2186. یەکەمی بێرکەبەر سەگە (تەبعەن مەخسەوم لەڕوی وەفادارییەوەیە). لەو روسیایەی لای خۆمان سەگێك، خاوەنەکانی لەڕوداوێکی ئۆتۆمبێلدا گیانیان لەدەستدا، دوای ئەوە هەرچەندە کەسانی تر هەوڵیاندا ببنەخاوەنی و ببیەنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام هیچ سودی نەبوو، سەگەکە شوێنی روداوەکەی جێنەهێشت و چاوەڕێی خاوەنە مردووەکانی دەکرد بگەڕێنەوە، هەر لەو شوێنە مایەوە تا حەوت ساڵ دواتر لەچاوەڕوانیدا سەری نایەوەو گیانی لەدەستدا.
لەبەرامبەر ئەم وەفادارییەدا ئەو شارە بەڕەسمی ئەم سەگەی تەبەنی کردو وەك رێزگرتنێك بۆ ئەو وەفادارییەی، پەیکەرێکی بۆ دروستکرد.

2187. لەسەدا 75ی خەڵك بەیانیان کاتێك لەخەو هەڵدەستن، هەوڵدەدەن خەویان لێبکەوێتەوە، تەنها بۆ ئەوەی ئەو خەوەی بینویانەوە تەواو نەبووە، تەواوی بکەن!!!





2188. In 1987, a man named Arthur Shawcross, who was convicted of raping and murdering both a 10-year-boy, and an 8-year-old girl, was released from prison after only 12 years served for “good behavior.” He went on to commit 12 more murders.

ئەم چرۆچاوەی دەیبینن پیاوێکە بەناوی ئارسەر شاوکرۆس کە بە تاوانی لاقەکردن و کوشتنی کوڕێکی تەمەن 10 ساڵ و کچێکی تەمەن هەشت ساڵ زیندانی کرابوو. لەساڵی 1987 پاش بەسەربردنی 12 ساڵ لەزیندان بەهۆی "رەفتاری باش"ەوە ئازادکرا. بەڵام پاش ئازادکردنی 12 قەتڵی تری ئەنجامدا.

دڵنیانیم تا چەند ئەم کۆمێنتەی من لەسەر ئەم حاڵەتە روی مەجلیسی هەیە یان نا، بەڵام سەد لەسەد دڵنیام ئەگەر نەیفەرموم دڵم شەق ئەبا:

دەستەواژەی "ئاخ کێری قومری"ییەکەی لای خۆمان پاش روودانی دوو حاڵەتی وا وتراوە!!!!




2189. In 2009, despite having DNA evidence of the suspect, German police could not prosecute the perpetrator of a $6.8 million jewel heist because the DNA belonged to identical twins (Abbas and Hassan O), and there was no evidence to prove which one of them was the culprit.

ئەم دووبرادەرەی دەیبینن شانسێکیان هەیە کابرا نیەتی لەئینتیخاباتا. لەساڵی 2009، پۆلیسی ئەڵمانیا هەرچەندە بەڵگەی دی ئێن ئەی لا بوو سەبارەت بە تاوانبارێك کە بە بەهای 680 دەفتەر دۆلار، خشڵ و زێڕو زیوی دزیبوو، بەڵام نەیتوانی سکاڵا لەسەر خاوەنی ئەو دی ئێن ئەیە تۆماربکات چونکە ئەو کەسە دوانەیەکی هاوشێوە بوون و دوانەی هاوشێوەش هەمان دی ئێن ئەیان هەیەو مەگەر درۆزن لەیەکیان جیابکاتەوە.!!!

2190. ئەو قسەیەی کە دەووترێت "نیوەی هەموو هاوسەرگیرییەکان بە جیابونەوە کۆتاییان دێت"، چیتر راست نیە. ماوەی چەند دەیەیەکە رێژەی جیابونەوە لەکەمبونەوەدایە. لەئێستادا هەر کەسێکی هاوسەردار رێژەی مانەوەی بە هاوسەرداری لەسەدا 75ە.

بەڕەئی من رەنگە هۆکاری ئەمە گۆڕانی پێناسەی هاوسەرگیری بێت لەبیروبۆچونی خەڵکدا ئەگینا لەوە ناچێت خەڵکی ئەم چەند دەیە لەهی پێش ئەو چەند دەیەیە شەریفترو پاکتر بێت.





2191. رێژەی تاوان لەو سەنگافورەیەی لای خۆمان، هێندە نزمە بەشێوەیەك كە تەنانەت زۆرێك لەدوكانەكان لەشەودا كاتێك دوكانەكانیان دادەخەن، دەرگاكان داناخەن.
تەبعەن ئەم ئاسایش و ئەمانە بە نیسبەت مێژوی ئیسلامەوە زۆر كۆنە، چونكە نزیكەی هەزار ساڵ لەمەوبەر، لەسەردەمی عومەری كوڕی عەبدولعەزیزدا بینراوە مەڕو گورگ لەپاڵ یەكدا ئاویان خواردووەتەوە بەبێ هیچ ترس و پەلاماردانێك. بەڵام ئاخخخخخخ بۆ ئێستای جیهانی ئیسلام!!!




2192. بە گشتی هەر خانمێك حەڤدە ساڵی تەمەنی لەریجیمكردندا بەسەردەبات.
تەبعەن ئەمە دەكات بەدەرجەی یەك لەپێناو جوانیداو پاشان لەپێناو تەندروستی. بەڵام زۆر جار دەبینین خانمێك بەو هەموو گرنگیدان بەخۆیەوە پاش ئەوەی لەباوەخۆنی پاش گواستنەوە دێتەوە بۆ ماڵی باوكی یان پاش چەند ساڵێك لەزەواج، ئەوەندە تێكچووە ئەڵێی سەیارە لێیداوە!!!!





2193. مرۆڤ سێ جۆر فرمێسکی هەیە: بنچینەیی، خۆنەویستانە، دەرونی. فرمێسکی دەرونی بریتییە لەوەی کاتێك دەریدەدەین کە خەفەتبار بین. ئەم جۆرە پێکهاتەکەی لەدوو جۆرەکەی تر جیاوازەو ئازارشکێنێکی سروشتی تێدایە بەناوی لوسین ئێنکفالین، ئەمەشە هۆکاری ئەوەی کە رەنگە پاش گریان، هەست بەباشی بکەین.




2194. ئەم برادەرەی دەیبینن زۆر فەقیرە، پیاو بەزەیی پێدا دێتەوە. ئەم داماوە ناوی جێف بیزۆسەو دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئەمازۆنە. فەقیرە ئیشی نەماوە، لە 10-10-2017 لەماوەی پێنج دەقەدا شەش ملیارو 240 ملیۆن دۆلار واتە تەنها 624 هەزار دەفتەری دەرسکەوتووە!!!!




2195. سەرباری ئەو هەموو تەنەکەلۆجیاو ماڵپەڕە کۆمەڵایەتی و بەزموڕەزم و تروتەشخەڵانە، بەڵام بە گشتی خەڵکی ئەم سەردەمە لەهی چەند دەیەیەك لەمەوبەر، هاوڕێیان کەمترە.
رەنگە هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوە بێت سیقە زۆر کەمبوبێتەوە.




2196. ئینسان هەرچەند لێهاتوو و داهێنەر یان دەوڵەمەندو جوان بێت، باش وایە نەچێ بچێ پۆز لێبدات چونکە شکاندنی پۆزو لوتبەرزی زۆر ئاسانە لەلای خوا. ئەم وێنەیەی دەیبینن پەیکەرێك بوو بەناوی "زەویی کەشتیی ئاسمانی". کێشەکەی 175 تۆن بوو و بڕی یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەر دۆلاری ناسکی تێچوبوو. ئەو هونەرمەندەی ئەمەی دروستکرد، وتی ئەم پەیکەرە بەرگەی هەزار ساڵ دەگرێت. بەڵام نەك هەزار ساڵ بەڵکو بەرگەی هەزار رۆژیشی نەگرت و پاش تەنها سێ مانگ لەدانانی، روخا. رەنگە ئەم ناسکەپەیامێکیش بێت بۆ ئەو فەخامەتانەی زوو زوو دەچنە جادەی پۆزەکە!!!!





2197. جۆرێك قارچك هەیە كە خۆی لەخۆیدا سەلامەتە بۆ خواردن بەڵام ئەگەر بەدوایدا شەراب بخۆیتەوە، دەكرێ بتكوژێت و عومری درێژت بۆ جەماعەت جێبهێڵێت.

شەراب خۆی لەخۆیدا شتێكی پیس نێگەتیڤە، مادام ئەمەشی هاتەسەر ئەوا قەزیەكەی بوو بە دوو قەزیە!!!




2198. ئەمەی دەیخوێننەوە لەسەیرسەیرترە. لەساڵی 1975 کوڕێکی تەمەن 17 ساڵ لەکاتێکدا پاسکیلەکەی لێدەخوڕی، لەفولکەیەدا توشی روداوێکی هاتوچۆ بوو لەگەڵ تاکسییەك کە نەفەرێکی پێبوو، لەئەنجامدا گیانی لەدەستدا. سەیرەکە لەوەدایە کە ساڵی پێشتر برایەکی ئەم کوڕە هەر لەتەمەنی 17 ساڵیداو هەر لە هەمان فولکەو بە روداوێکی هاتوچۆ لەگەڵ هەمان تاکسی کە هەمان شۆفێرو هەمان نەفەری تێدابوو، گیانی لەدەستدابوو.




2199. لەویلایەتی ئەلاسکا سەوزە بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر زەبەلاح گەورە دەبێت، هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆژانە 20 سەعات خۆر لێیدەدات.




2200. سوڕی ژیانی شاژنی مێرولەی سپی بە بەراورد بە هی هەر مێرویەکی تر، درێژترینەو دەگاتە 50 ساڵ.



2201. In order to perform some brain surgeries, surgeons actually peel the patients face off.

لەپێناو ئەنجامدانی هەندێك نەشتەرگەری مێشك، پزیشكان عەینەن مۆز، دەموچاوی نەخۆشەكە دادەماڵن.

2202. The Sun could explode right this second and you wouldn’t know it for another eight minutes.

Or it could have exploded 7 minutes and 55 seconds ago, and you’re going to find out right Now.

دەكرێ خۆر هەر ئێستا بتەقێتەوەو تۆ هەشت خولەكی تر پێی بزانیت. یان دەكرێ حەوت دەقەو پەنجاو پێنج چركە بێت تەقیبێتەوەو هەر ئێستا تۆ پێی بزانیت.

2203. You might be surprised by the amount of saliva that you’ll produce over the course of your lifetime.It’s enough to fill two Olympic-sized swimming pools.

رەنگە زانینی بڕی ئەو لیكەی فەخامەتی جەنابت بەدرێژایی ژیانت دەریدەدەیت، توشی شۆكت بكات، چونكە بڕەكەی ئەوەندە زۆرە كە دوو حەوزی مەلەكردنی یاریە ئۆلۆمپییەكان پڕدەكات.

2204. The average human secretes around 26 gallons of sweat onto their mattress PER YEAR.

بەگشتی لەشی هەر كەسێك رۆژانە نزیكەی 26 گاڵۆن واتە نزیكەی پێنج دەبەی بیست لیتری عارەق دەردەداتە سەر دۆشەكەكەی.

2205. It’s completely possible to “pop” a human testicle.And it doesn’t take a lot of force, either. Some researchers claim it can be done with a mere 5 pounds of pressure.

تەقینی هێلكەگونی مرۆڤ نەك هەر دەگمەن نیە بەڵكو شتێكە زۆر رێی تێدەچێت، تەنانەت هێزێكی زۆریشی ناوێت. هەندێك لێكۆڵینەوە دەفەرمون دەكرێ بە فشاری تەنها دوو كیلۆو روبعێك، بتەقێت.

بەڵام واوەیلا بۆ ئەو كەسەی كە هێلكەگونەكەی دەتەقێت، رەنگە لەئازارا جەهەننەم بە ملەوەنی ببینێت.

2206. Bill Gates currently has more dollars than you have seconds in your life. If you were somehow able to make $1 every single second for the rest of your life, Bill Gates would still have like 25 times as much money as you.

بێچاوێنی بێ كۆی ئەو دۆلارانەی بیڵ گەیتس واتە خاوەنی كۆمپانیای مایكرۆسۆفت هەیەتی، لەژمارەی چركەكانی تەمەنی تۆ زیاترە. ئەگەر هەموو چركەیەكی تەمەنت یەك دۆلار پەیدابكەیت، هێشتا گەیتس 25 ئەوەندەی تۆ پارەی هەیە. باشە كاكە!!!

بەڵام بەخوا قابیلیەتی، سەرباری ئەو هەموو سامانە، كەسێكی خاكی و بەخشندەیەو پێموایە ئەو سامانەی وەك شیری دایكی پێ حەڵاڵەو بەهەشتەكەشی مسۆگەرە.

2207. Nearly 60,000 people are murdered in brazil each year. That's more than 160 each day.

لەوڵاتی ئەبو رۆناڵدۆ (مەبەستم رۆناڵدۆ ئۆریجناڵەکەی برازیلە نەك فەلەکەی پورتوگال) ساڵانە نزیکەی 60 هەزار تاوانی کوشتن ئەنجامدەدرێت، واتە تێکڕا رۆژانە زیاتر لە 160 کەس دەکوژرێت.

2208. The horned lizard can shoot blood from its eye as a defense mechanism. It can travel up 6 feet.

قۆڕیی شاخدار وەك رێگەیەکی بەرگری لەخۆکردن دەتوانێت خوێن لەچاوییەوە هەڵدات بۆ دوژمنەکەی. مەودای ئەم هەڵدانەش دەگاتە نزیکەی دوو مەتر.


2209. ئەم سەرتاشەی دەیبینن، هەر منداڵێك سەری لەلا چاك بکات، ئەگەر لەکاتی سەرچاککردنەکەدا منداڵەکە کتێبی بۆ بخوێنێتەوە، ئەوا دوو دۆلار کەمتری لێدەسێنێت.
موهیمی ئەم کارە لەوەدایە کە منداڵ هاندەدات بۆ خوێندنەوەو خۆشی سودی لێدەبینێت.




2210. ئەم لوتفشەی دەیبینن وەرگێری سەرەکی پەرلەمانی ئەوروپایەو ناوی یوانیس ئیکۆنۆمەوە. ئەم برادەرە زۆر بەباشی بە 32 زمان قسەدەکات.




2211. لەساڵی 1914 سەربازێکی بەریتانی جەنگی جیهانی یەکەم بەناوی تۆماس هوگێس نامەیەکی بۆ ژنەکەی نوسی و خستییە بوتڵێکی بیرەوەو بوتڵەکەی هەڵدایە دەریای مانچەوە بەو هیوایەی بگاتە دەستی. دوو رۆژ دوای ئەوە سەربازەکە عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت و کوژرا. 85 ساڵ دواتریش واتە لەساڵی 1999 ماسیگرێك ئەو بوتڵەی لەڕوباری تایمزدا دۆزییەوە. ژنی سەربازەکە لەساڵی 1979دا مردبوو بۆیە ماسیگرەکە بوتڵ و نامەکەی گەیاندە کچەکەیان کە تەمەنی 86 ساڵ بوو.




2212. When Steve Jobs was at his deathbed, he asked for five different oxygen masks so that he could choose the one with the best design.

کاتێك ستیڤ جۆبز هاودامەزرێنەری کۆمپانیای ئەپڵ لەسەر قەرەوێڵەی مەرگ بوو، داوای پێنج ماسکی جیاوازی ئۆکسجینی کرد، بۆ ئەوەی ئەوەیان هەڵبژێرێت کە باشترین دیزاینی هەیە.

مرۆڤی داهێنەرو بەسەلیقە وایە، تا دواهەناسەی ژیانی بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزمەتدەکات و کۆڵنادات. رەنگە بتوانین بڵێین ئەم رووداوەی جۆبز هاوشێوەی ئەوەیە کە بە عەبدوڵای کوڕی موبارەك کە یەکێك بووە لەتابیعییە گەورەکان، دەڵێن: ئەگەر درەختێکت بەدەستەوە بێت و لەوکاتەدا بزانیت کاتێکی زۆر کەمت ماوە لەژیان چی دەکەیت؟ لەوەڵامدا دەڵێت: درەختەکە دەڕوێنم.

2213. ئەو بڵقگەلەئاوەی تری نەهەنگی شین دروستیدەکات، هێندە گەورەیە کە جێگای ئەسپێکی تێدا دەبێتەوە.




2214. نیوزلەندا ڤیزای نیشتەجێبون نادات بەو کەسانەی زۆر قەڵەون. تائێستا داواکاریی ئەو جۆرە ڤیزایەی چەند کەسێك بەهۆی قەڵەوییەوە رەتکراوەتەوە.




2215. French grammarian Dominique Bouhours's last words were "I am about to -- or I am going to -- die: either expression is correct."

رێزمانزانێکی ناودار هەیە بەناوی دۆمینیك بۆر کە خەڵکی فەرەنسایە. کۆتاقسەی ژیانی ئەم برادەرە ئەوە بووو کە وتی: ئەگەر بتەوێت بە ئینگلیزی بڵێیت من خەریکە دەمرم، ئەوا هەردوو رستەی

I am about to die.

یان

I am going to die.

راستە.

2216. Four times as many people are killed by ants every year than are killed by sharks.

ژمارەی ئەو کەسانەی ساڵانە بەهۆی مێرولەوە گیان لەدەست دەدەن، چوار ئەوەندەی ئەوانەیە کە بە قرش گیان لەدەستدەدەن.

2217. In 1988, a 17-year-old Japanese high school student named Junko Furuta was abducted and tortured for 44 days after which she was murdered. The murder was perpetrated by four teenage boys. According to their trial statements, the four of them: raped her over 400 times, beat her several times, starved her, hanged her body from the ceiling and used her as a "punching bag", dropped barbells onto her stomach several times,


forced her to eat live cockroaches and drink her own urine, forced her to masturbate in front of them, inserted foreign objects into her vagina and anus, shoved a still-lit light bulb into her vagina, set fireworks into her anus, vagina, mouth and ears, burnt her vagina and clitoris with cigarettes and lighters, burnt her eyelids with hot wax and lighters, tore off her left nipple with pliers and pierced her breasts with sewing needles. All four of them were arrested but were only given light sentences for their atrocious crimes because they were teenagers.

لەساڵی 1988، کچەخوێندکارێکی تەمەن 17 ساڵی ژاپۆن بەناوی جونکۆ فوروتا رفێنراو بۆ ماوەی 44 رۆژ بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەشکەنجەدراو لەئەنجامدا گیانی لەدەستدا. ئەم تاوانە لەلایەن چوار کوڕەهەرزەکارەوە ئەنجامدرا.

بەگوێرەی دانپێدانانەکانی ئەم تاوانبارانە، هەرچواریان 400 جار ئەم کچەیان لاقەکردووە، چەندین جار لێیان داوە، زۆر برسییان کردووە، جەستەیان بە بنمیچی ژورەوە هەڵواسیوەو وەك کیسی هەڵواسراوی بۆکسلێدان بەکاریان هێناوە. ئاسنی وەرزشی بەرزکردنەوەی قورساییان، چەند جارێك بە سکیدا هەڵواسیوە. ناچاریان کردووە سیسرك بە زیندویی بخوات و میزی خۆی بخواتەوە. ناچاریان کردووە لەبەردەم هەرچواریاندا خووە نهێنی بکات. شتی سەیرو سەمەرەیان کردووە بە زێ و کۆمیدا. گڵۆپی هەڵکراویان کردووە بە زێیدا. یاری ئاگرینیان ناوە بە کۆم و زێ و دەم و گوێیەوە.

هەر بەگوێرەی دانپێدانانەکانیان، زێ و بەزریان بە جگەرەو چەرخ سوتاندووە، پێڵوی چاویان بە مۆمی گەرم و چەرخ سوتاندووە. گۆی مەمکی چەپیان بە پلایس لێکردووەتەوەو مەمکیان بە دەرزی درومان کونکردووە.

سەرباری ئەم هەموو تاوانە دڕندانەیە، ئەم چوار کەسە سزای زیندانیی سوکیان بەسەردا سەپێنرا؟ بۆ؟ چونکە هەرزەکار بوون.



2218. In 2011, Los Zetas drug cartel committed a massacre in San Fernando, Mexico. Cartel members hijacked a number of buses along the highway and kidnapped the passengers. Female victims were raped and able-bodied men were forced to fight to the death with other hostages. They were given knives, hammers, machetes, and clubs. Survivors were recruited as a hitman for Los Zetas. All in all 193 people were killed and buried in 47 clandestine mass graves.

لەساڵی 2011 باندی لۆس زێتاس کە باندێکی تاوانکاریی مادده هۆشبەرەکانە لە مەکسیك، کۆمەڵکوژییەکی لەشاری سان فێرناندۆ ئەنجامدا.

لەمیانەی ئەو تاوانەدا چەند ئەندامێکی باندەکە، لەسەر رێگای خێرا، ژمارەك پاسیان بە نەفەرەوە رفاند. بارمتە ژنەکانیان لاقەکردو چەقۆو چەکوش و داس و کوتەکیان دا بە بارمتە پیاوە بەهێزەکان و ناچاریانکردن لەگەڵ یەکتردا شەڕبکەن تا یەکتر کوشتن. رزگاربوانی ناو شەڕی نێوان بارمتەکانیان کردە پیاوکوژی باندەکە. لەئەنجامی ئەو کارەدا 193 کەس کوژران و لە 47 گۆڕی بەکۆمەڵی نهێنیدا نێژران.

2219. Convicted serial killer Albert Fish a.k.a. The Brooklyn Vampire was a child rapist and cannibal, who boasted that he "had children in every state." and at one time stated the number was about 100. He was put on trial for the kidnapping and murder of Grace Budd. He was captured when police investigated a letter that he had sent to the mother of Grace Budd, in which he described how he killed her 10-year-old daughter and ate her. When he was executed, he even helped the executioner position the electrodes on his body before uttering his final words, "I don't even know why I'm here," before he was killed by two jolts to kill him.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فرەبکوژێك هەبوو بەناوی ئەلبێرت فیش کە بە خوێنمژەکەی بروکلین ناسراوبوو. ئەم تاوانبارە منداڵلاقەکەرو مرۆڤخۆر بوو واتە گۆشتی مرۆڤی دەخوارد. بە شانازیشەوە دەیوت، لەهەموو ویلایەتێکی ئەمەریکا منداڵی هەیە. جارێکیشیان رایگەیاندبوو ژمارەی ئەو منداڵانەی کە هەیەتی لە 100 نزیدەبێتەوە.

ئەم پیاوە دواجار بەتۆمەتی رفاندن و کوشتنی منداڵێك بەناوی گرەیس بەد، دادگایی کرا. دەستگیرکردنیشی پاش ئەوە هات کە پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەسەر نامەیەك کرد کە ئەم پیاوە ناردبوی بۆ دایکی ئەو منداڵەو تیایدا باسی ئەوەی کردبوو کە چۆن کچە تەمەن 10 ساڵەکەی کوشتووەو پاشان خواردویەتی. لەکاتی ئیعدام کردنیشیدا بە کورسی کارەبایی، ئەم پیاوە تەنانەت یارمەتی جەلادەکەی دا لەدانانی جەمسەری وایەرە کارەباییەکان لەسەر

جەستەی و پاشان وەك دوا وتەی ژیانی وتی: "من تەنانەت نازانم بۆچی لێرەم". پاش ئەوە دوو تەزووی کارەبای لێدراوە کوژرا.



2220. Charles Domery was a Polish soldier of normal build who is noted for his unusually large appetite. He surrendered to the French for food, ate 174 cats in 1 year, often ate 4-5 pounds of grass a day, and after a fellow sailor's leg was severed, he began to eat it. The prison gave him 10x the rations, but he still ate rats, cats and candles to quench his appetite.

سەربازێکی پۆڵەندی هەبوو بەناوی چارلز دۆمری. ئەم برادەرە هەرچەندە پێکهاتەی جەستەی ئاسایی بوو، بەڵام بەوە ناسراو بوو کە ئارەزوویەکی زۆر گەورەو نائاساییی هەبوو بۆ خواردن. لەکاتی شەڕدا خۆی رادەستی هێزە فەرەنسییەکان کرد لەپێناو خواردندا. لەماوەی تەنها ساڵێکدا 174 پشیلەی خواردووە. زۆرجار نزیکەی دوو کیلۆگرام گیای خواردووە لەڕۆژێکدا. پاش ئەوەی کە قاچی هاوکارێکی کە دەریاوان بوو، بڕایەوە، دەستیکرد بە خواردنی ئەو قاچەش. لەزیندانیش 10 ئەوەندەی بەشی خۆی خواردنی پێدەدرا بەڵام سەرباری ئەوەش جرج و پشیلەو مۆمی دەخوارد بۆ ئەوەی ئەو حەزی خواردنەی نەمێنێت.

2221. The habbit of hugging your pillow while sleeping indicates that you miss a certain someone.

خووی باوەش کردن بە سەرینەکەت لەکاتی خەوتندا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بیری کەسێکی دیاریکراو دەکەیت.

2222. Alien hand syndrome is a rare neurological disorder, in which one hand functions involuntarily, often in direct conflict with the other hand, with the victim completely unaware of its actions. People affected by it can pick things up, throw them and even attempt to strangulate themselves, having to use the controllable hand to restrain the alien hand. There is no known cure for the alien hand syndrome.

نەخۆشییەکی دەماری هەیە بەناوی سیندرۆمی دەستی نامۆ کە زۆر دەگمەنە. دەستێکی توشبوی ئەم نەخۆشە بەشێوەیەکی خۆنەویستانە رەفتاردەکات، زۆرجار بەپێچەوانەی دەستەکەی ترەوە دەجولێت. توشبووی ئەم نەخۆشییە زۆر بێئاگایە لەکارەکانی ئەم دەستە، بەکوردییەکەی خۆمان ئاگای لەمەحموی بێزەوا نیە. دەکرێ دەستە بەرکەوتووەکەی ئەم نەخۆشە شت هەڵبگرێت و فرێی بدات و تەنانەت دەست بخاتە بینەقاقای خودی کەسەکەوە، ئەمەش پێویست دەکات کە دەستە ساخەکە کە لەژێر کۆنترۆڵدایە، بەکاربهێنرێت بۆ سەرکوتکردنی دەستە نامۆکە. تائێستاش نەزانراوە هۆکاری ئەم نەخۆشییە چیە.

2223. Andrei Chikatilo was a Soviet serial killer who killed at least 52 women and children from 1978-1990. In the process of trying to catch him, Soviet police solved more than 1000 unrelated crimes, including 95 murders and 245 rapes. The first time he was captured he was released from custody because his semen type was different from his blood type, which is extremely rare. He even helped police with the investigation at that point. When he was executed, he exclaimed “Don’t blow my brains out! The Japanese want to buy them!”

ئەندرێ چیکاتیلۆ فرەبکوژێکی یەکێتی سۆڤیەت بوو کە لەساڵی 1978 تا 1990 لانیکەم 52 ژن و منداڵی کوشتووە. لەکاتی پرۆسەی هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی، پۆلیس زیاتر لە هەزار تاوانی تری چارەسەرکرد کە پەیوەندییان بەتاوانەکانی ئەمەوە نەبوو. لەو زیاتر لەهەزار تاوانە، 95 کوشتن و 245 لاقەکردنی تێدا بوو. یەکەمجار کە ئەم برادەرە دەستگیرکرا، ئازادکرا چونکە تۆوەکەی لەجۆری خوێنەکەی جیاواز بوو، ئەمەش حاڵەتێکی زۆر دەگمەنە، لەدەستگیرکردنەکەی یەکەم جاریشیدا یارمەتی پۆلیسی دا لەلێکۆڵینەوە لەو رووەوە. دواجار کاتێك لەسێدارە درا، هاواریکرد: "مێشکم مەتەقێنن، یابانییەکان دەیانەوێت بیکڕن".


2224. کێشانی تابلۆی مۆنالیزا لەلایەن هونەرمەندی جیهانی لیۆناردۆ داڤینشییەوە، 10 ساڵی پێچووە.





2225. ئەگەر ئەمەریکییەکان واز لەخواردنەوەی رۆژانەی سۆدا بهێنن، ئەوا دەکرێ بە هاتنی ساڵی 2020، رێ لە دوو ملیۆن حاڵەتی توشبون بە نەخۆشی شەکرە بگیرێت.




2226. سەرجەم پانداکان جیهان، موڵکی چینن. خۆ ئەگەر پاندایەك لەدەرەوەی ئەو وڵاتە ببینیت، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە دزراوە.




2227. کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیە کە لەبواری نەوتدا کاردەکات، هەر رۆژەو زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری دەستدەکەوێت، واتە هەر رۆژەو سەد دەفتەری سەیی!!!!




2228. پێکەنینی کەمتیار دەکرێ لەدووریی سێ میلەوە ببیسترێت.


A hyena laugh can be heard
from three miles away.



FactPoint
Billy Owen - a man who lost an eye
and half his face to cancer, used it
to start a career as a zombie actor.

2229. ئەم برادەرە ناوی بیڵی ئۆوینە. پیاوێکە بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە چاوێك و نیوەی دەموچاوی لەدەستداوە. ئەم لەدەستدانەی بەکارهێناوە بۆ دەستکردن بە پیشەی نواندنی رۆڵی زۆمبی.




2230. لەساڵی 2006 خانمێك بەناوی جۆیسی ڤینسنت، پاش سێ ساڵ لەمردنی، لەشوقەکەی لە لەندەن بە مردویی دۆزرایەوە. کاتێك دۆزرایەوە تەنها ئێسکەپەیکەرەکەی مابوو و تەلەفزیۆنەکەی هەر ئیشی دەکرد.


2231. لەسەدا 11ی هەموو ئاڵتونی جیهان بە خانمە کابانە هندییەکانەوەیە. ئەم بڕەش لەکۆی هەموو ئەو ئاڵتونە یەدەگە زیاترە کە ئەمەریکا، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، سویسراو ئەڵمانیا پێکەوە هەیانە.




2232. دەکرێ لەقەی حوشترمل واتە نەعامە شێر بکوژێت.





2233. پێکەوەبونی قژی سورو چاوی شین، دەگمەنترین پێکهاتەی روخسارە لەمرۆڤدا. ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی سروشتی لەتەنها یەك لەسەدی دانیشتوانی جیهاندا هەیە.




2234. لەچەرخەکانی ناوەڕاستدا، سزای خانمە زۆربلێکان ئەوە بوو کە بە ناچاری چەند قەفەزێکی کانزاییان دەکرد بەسەردا!!!




2235. ئایا دەزانیت کە وشەی verb کە بەمانای فەرمان دێت، ناوە نەك فەرمان!




2236. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنها وڵاتی بە ئینگلیزیقسەکەرە کە z بە زیی گۆدەکاتە نەك بە زێد وەك وڵاتانی تر.





2237. ئەو کارەبایەی پێویستە بۆ کارپێکردنی ئایفۆن بۆ ماوەی ساڵێك، تەنها 47 سەنت واتە کەمتر لەدۆلارێکی تێدەچێت.


ئەوە کورد دروستیکردایە، هەموو رۆژێك دۆلارێکی تێدەچوو!!!





2238. ماینی روبار دەتوانێت مرۆڤێکی تەواو قوتبدات.





2239. زیاتر لە دە هەزار جۆر تەماتە هەیە.




2240. مۆبایلی نۆکیای 1100 کە لای خۆمان زیاتر ناوی سەرۆکی حزبێکیان لێنابوو، زیاتر لە 250 ملیۆن واتە روبعە ملیارێکی لێفرۆشراوە. ئەم ژمارەیەش پڕۆفرۆشترین مۆدێلی هەموو جۆرە مۆبایلێکە لەمێژوودا.
واتە تەنانەت کونەلوتی نۆکیا 3310و گالاکسی و ئایفۆنیشی شکاندووە. ناحەقیشی نیە شازی مۆبایلە، ئەوەندە قایمە بەتوندی بیدە ئەرزا زیندودەبێتەوەو پێت ئەڵێ: خۆ دەستت عەزیەتی نەگەیی!!!





2241. زانا یابانییەکان سەلاجەیەکیان داهێناوە کە تەنها کاتێك دەرگاکەی دەکرێتەوە، کە زەردەخەنەی بۆ بکەیت.




2242. لەهەموو سەد کەسێك یەکێکیان سایکۆپاتە، واتە ئەو کەسانەیە کە چێژ لەئازاردانی کەسانی تر وەردەگرن. زاهیرەن هیچ جیاوازییەکیشیان لەگەڵ کەسانی تردا نیە.




2243. جارێك ئاپ ستۆری ئەپڵ بەرنامەیەكی دانا بەناوی I am Rich. ئەم بەرنامەی دەفرۆشت بە نزیکەی هەزار دۆلارو هیچ سودیشی نەبوو.
ئەپڵیش بەشی خۆی سەگە!!!



2244. ئایا ئەزانی باوەشپێداکردن بۆ ماوەی 20 چرکە دەبێتەهۆی دەردانی ماددەی ئۆکسیتۆسین، کە دەکرێ ئەو کەسە وا لێبکات کە متمانەی زیاترت پێبکات.
تەبعەن مەبەستم باوەپێداکردنی شەرعی و یاساییە، نەچی بچی هەر جوانێکت بینی باوەشی پێدابکەیت و ببیت بەلەزگە پێوەی. خۆ کافرسانی نیە!!!




2245. There are hundreds of thousands of unexploded Allied bombs in Germany. An average of 15 bombs is discovered daily.
تا ئێستاش سەدان بۆمبی نەتەقیوی هێزەکانی هاوپەیمانانی سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم لەئەڵمانیادا ماون. بەشێوەیەکی گشتی رۆژانە 15 بۆمب لەو بۆمبانە دەدۆزرێنەوە.

2246. Albert Einstein was among 5,000 plus individuals who signed a petition to overturn Germany's ban on Homosexuality.
ئەلبێرت ئەنیشتاین بەو هەموو عیلم و شان و شەوکەوت و ریش و سمێڵەوە، یەکێك بوو لەو زیاتر لەپێنج هەزار کەسەی کە ئیمزایان لەسەر داواکارییەك کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری قەدەغەکردنی هاورەگەزبازی.

2247. In 2013, a bank worker in Germany fell asleep on his keyboard, with the number '2' key pressed, causing him to transfer 222,222,222 euros on a transfer that should've been worth only 62 euros. A co-worker was later sacked for not spotting the error.

لەساڵی 2013 کارمەندێکی بانك لەئەڵمانیا لەسەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەی خەوی لێکەوت و کەوتە سەر کلیلی ژمارە 2 ، ئەمەش بووەهۆی حەواڵەکردنی 222 ملیۆن و 222 هەزارو 222 یۆرۆ لەبری حەواڵەکردنی تەنها 62 یۆرۆ. دواتر هاوکارێکی لەکاردەرکرا چونکە بەم هەڵەیەی نەزانیبوو.




2248. In 2002, 19 year old garbage man Mickey Carroll won 13 million dollars on a lottery ticket. He spent it all on gambling, cocaine, and prostitutes. He is currently back at his old job collecting garbage.

ئەم سەرخڕەی دەیبینن، ناوی میکی کارۆڵە. ئەمە ئیشی کارگوزاری کۆمپانیای کۆکەرەوەی پاشەڕۆی ماڵانە واتە ئەوەی شتی ماڵان دەکاتە سەیارەی خۆڵەکەوە. ئەم برادەرە بە یانسیب 13 ملیۆن دۆلار واتە هەزارو 300 دەفتەری سەیی بردەوە. بەڵام هەموو ئەو پارەیەی بە قومارو کۆکاین و کچانی لەشفرۆش خەرجکرد. ئێستا ئەم برادەرە گەڕاوەتەوە سەر کارە کۆنەکەی و پاشەڕۆی ماڵان کۆدەکاتەوە!!!!

باشە کاکە!

2249. ئەم پیاوەی دەیبینن جارێك بەشێوەیەك لێی دەردێت کە حاڵی شڕدەبێت و دەچێتە کۆماوە. دواتر لەکۆماکە رزگاری دەبێت بەڵام توشی فوقدان زاکیرە دەبێت، بەشێوەیەك کە ژنەکەشی کە بیست ساڵە هاوسەریەتی، ناناسێتەوە. بەڵام دواجار عاشقی دەبێتەوە.




2250. During a 2012 study done in eastern Germany, the researchers could not find a single person under the age of 28 who believed in God.

لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2012 کە لەخۆرهەڵاتی ئەڵمانیا ئەنجامدرا، لێکۆڵەران نەیانتوانی تەنانەت یەك کەسی خوار تەمەن 28 ساڵ بدۆزنەوە کە بڕوای بەخوا هەبێت.

سەیرە، خەڵکی ئەبو بی ئێم چاك دەستیداوەتە بێناموسی!!!!

2251. Americans spend more money on pets yearly than Germany spends on its entire defense budget.

کۆی ئەو پارەیەی ئەمەریکییەکان ساڵانە لەگیانداری ماڵیدا خەرجیدەکەن، لەکۆی تەواوی بودجەی وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا زیاترە.


2252. A woman named Veronica Seider from Germany, had vision 20 times better than an average person. She is able to identify people from more than a mile away.

ئەم شۆخەی دەیبینن (تەبعەن حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتاناو ئەیکەم فلیپینی ماڵتان!) ناوی ڤێرۆنیکا سیدەرەو ئەڵمانییە. توانای بینینی ئەم خانمە بیست جار لەکەسێکی ئاسایی باشترەو دەتوانێت لەدووری زیاتر لەمیلێکەوە خەڵك بناسێتەوە.



2253. لەساڵی 1994 کیسێکی 75 پاوەندی (زیاتر لە 34 کیلۆگرامی) کۆکاین لەتەیارەیەکەوە کەوتەخوارەوە. سەیرەکە لەوەدایە کە کتومت کەوتە ناوەڕاستی مێزگردێکی تایبەت یە چاودێریکردنی تاوان لە فلۆریدا.







2254. ئەسیوپیا کە وڵاتێکی سەرگەردانی ئەفەریقییە، بەپێچەوانەی وڵاتانی ترەوە، 13 مانگی هەیە. ئێستا لەوێ ساڵی 2005و لە 11-9 ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵ دەگێرن.

2255. ئایا فەخامەتی جەنابت زانیوتە کە سەماکردن زیرەکترت دەکات. هەروەها ئەو هاوژینانەی کە پێکەوە سەمادەکەن یان پێکەوە دەجوڵێن (بۆ نمونە لەکاتی رۆشتن بەپێ)، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەیوەندیی نێوانیان بەهێزتر دەبێت.


مەخسەوی شەریفیشم لەپێکەوە جوڵان ئەوەیە بۆ نمونە لەکاتی رۆشتندا دەستی هەردوکیان بەیەك ئاڕاستە بجوڵێتن هەروەها قاچیشیان، نەك هەریەکەیان لەئاوازێك بخوێنێت.





2256. کێشی زمانی نەهەنگی شین لەفیل زیاترە.





2257. درێژترین ماوە کە مرۆڤێك تێیدا لە کۆمادا بووە، 37 ساڵ بووە.





2258. تائێستاش بەهەموو عەولەمەو مەولەمەیەوە، دوو ملیار کەس هەن لەسەرتاسەری جیهاندا کە خوێندەوارییان نیە.





2259. ئایا دەزانیت کە لەسپێڵی ژمارە یەك تا هەزار بە زمانی ئینگلیزی، تەنها یەك پیتی a چیە تییدا نیە.
واتە thousand کە بە مانای هەزار دێت، کەمترین ژمارەیە کە سپێڵەکەی پیتی aی تێدایە.





2260. تائێستا خاوەنی بەرزترین و دووەم بەرزترین پلەی زیرەکی، ژن بون.




2261. بینجامین فرانکلین کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ئەمەریکا، سیقەی ئەوەیان پێ نەکردووە راگەیاندنی سەربەخۆیی وڵاتەکەی بنوسێت چونکە بەرپرسان و پسپۆڕان لەوە ترساون نوکتەیەك بخاتە ناوییەوەو حەیایان بەرێت (تەبعەن بە ئینگلیزی!!!!)




2262. ئەم کەڵلـەبەرانەی دەبیینن یەك شانسی هەیە نەبێتەوە. ناوی فرەین سیلاکەو تەمەنی 85 ساڵە. بە زەحمەت لەم روداوە کوشندانە رزگاری بووە: روداوی تێکشکانی شەمەندۆفێرێك کە گیانلەدەستدانی 17 کەسی لێکەوتووەتەوە، کاتێك لەناو تەیارەیەکدا بووە، تەیارەکە تەقیوەتەوەو گیانلەدەستدانی 19 کەسی لێکەوتووەتەوە. لەڕوداوێکی پاس کە گیانلەدەستدانی چوار کەسی لێکەوتووەتەوە رزگاری بووە. لەتەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێل رزگاری بووە. پاسێکی تر لێیداوە هەر رزگاری بووە. جارێکیش خەریکبووە بار هەڵگرێك لێیبدات بەڵام بە زەحمەت خۆیلاداوەو بەرنەکەوتووە. دوای ئەم هەموو روداوە بلیتێکی یانسیبی کڕیوەو بۆشی دەرچووە.



2263. زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی جیهان، بەدیاریکراوی لەسەدا 51.4ی، لەو بازنەی سەر نەخشەکە دەژین.





2264. با زۆر دوور نەکەوینەوە، نزیکەی تەنها 350 ساڵ لەمەوبەر کە من باش بیرم نایەت!!!، پەرلەمانی بریتانیا یاسایەکی لەدژی سوراوی لێو دەرکرد. ئەم یاسایە دەڵێت: ئەگەر دەرکەوت خانمێك بەهۆی هۆکارەکانی ماکیاجەوە پیاوێکی فریوداوەو لەخۆی مارەکردووە، ئەو دەکرێت ئەو خانمە بە تۆمەتی ئەنجامدانی سیحر دادگایی بکرێت.

لەڕاستیدا یاسایەکی خراپ نیە، بەتایبەت لەم سەردەمەداو بۆ خەڵکی شەرقی بەکوردستانیشەوە. زۆرجار خانمێك دەبینیت ماکیاجی هێندە بەشێوازێکی کاریگەر کردووە، کاتێك پیاوێك دەیبینێت یەکسەر بەسپۆنسەریی سەرەکی شەیتان دەڵێت: سەد مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە 24و خانوی جیا یان دەڵێت: حَاشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ!!!. دواتر پاش هێنان و یەکەم حەمام تەواو پێچەوانەکەی دەردەکەوێت و بەحەسرەتەوە دەفەرمێت: الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ.

ئەوە بە نیسبەت ماکیاجەوە، بەنیسبەت تەجمیلەوە ئەوە هەر مەپرسە.

رەنگە هۆکاریی سەرەکی ئەم تێکەوتنە کورتبینی و لاوازی پیاو بێت بەرامبەر خانمان بەڵام ئەمە بیانوو نیە بۆ ئەوەی خانمان بچنە کەمینەوە بۆ ئەو کورتبینی و لاوازییەی پیاوان لەپێناو هاوسەرگیردا.





2265. لە چین، رۆژێك هەیە بەناوی رۆژی سینگڵەکان. ئەم رۆژە گەورەترین رۆژە لەجیهاندا لەڕوی بازاڕکردنی ئۆنلاینەوە. واتە هیچ رۆژێك نیە بەقەدەر ئەم رۆژە لەجیهاندا کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاینی تێدابکرێت. لەم رۆژەدا سینگڵەکان دیاری بۆ خۆیان دەکڕن.

رەنگە سینگڵ بەشێوەیەك لەشێوەکان گوناح بێت، بەڵام پێموایە گیراوە سینگڵەکان کە ژمارەیە لەسەرتاسەری جیهاندا کەم نیە، گوناحترن!!!





2266. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی ئاکی رایەو لە کەمبۆدیایە. ئەم برادەرە تەنها خودی خۆی 22 ساڵی تەمەنی لەپاککردنەوەی لوغمی زەمینیدا بەسەربردووە. لەو ماوەیەدا زیاتر لە 50 هەزار مینی پاککردووەتەوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئامێری خۆپاراستنیشی بەکارنەهێناوەو تەنها بە چەقۆیەکی گیرفان و پلایسێك و توڵەدارێك ئەو کارەی کردووە.
لای خۆشمان برادەرێکی لەو شێوەمان هەیە... رێزی بێپانمان بۆ هەردوکیان.





2267. ئەمەی دەیبینن خێزانی کۆبڵە سێ منداڵیان هەبوو. ئەم خێزانە بەهۆی روداوێکی ئۆتۆمبێلەوە، هەر سێ منداڵەکەی کە دوو کچ و کوڕێك بون، لەدەستدا. پاش ساڵێك لەو روداوە، ژنەکە دوگیان بوو و سیانەیەکی بوو کە دوو کچ و کوڕێك بون. سیانەکەی لای چەپ مردووەکانن و لای راستیش تازەلەدایکبووەکانن.





2268. ئەمەی دەیبینن کچێکە بەناوی ئۆکسانا مالایا. ئەم کچە لەتەمەنی سێ ساڵیدا لەلایەن مرۆڤەوە فڕێدراوەو لەلایەن چەند سەگێکەوە بەخێوکراوە. لەتەمەنی هەشت ساڵیدا کاتێك دۆزراوەتەوە، لەسەر چوار پەل واتە وەك ئاژەڵ دەڕۆشت و دەشوەڕی و تەواو رەفتاری وەك سەگ بوو.
وەك سەگ وابووە کاتی دۆزینەوە بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر لەو مرۆڤانە باشتر بووە کە لەسەرەتاوە فڕێیانداوە.
ئەمە جارێکی تر دەیسەلمێنێت کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە.




2269. لە مەکسیك زمانێك هەیە کە تەنها دوو کەس دەتوانن قسەی پێبکەن. ئەو دوانەش تاقەتی چڕوچاوی یەکتریان نیەو قسە لەگەڵ یەکدا ناکەن.



2270. لەسەدا دووی خەڵك هەڵگری شێوەیەکی ناباوی جینێکی تایبەتن بەناویABCC11 . ئەم جۆرە کەسانە مواسەفاتێکی زۆر عەجیب و غەریب و موهیمیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بنباڵیان هەرگیز بۆن ناکات.




2271. مەترسە بەڵام هاوکات نەچی بچی حەساسیەت بە فشە بگری و وابزانی تەنها خورانێکی سادە یان شتێکی کەمبایەخ دروستدەکات.

ئەم نازدارەی لای چەپی وێنەکە کچێکی تەمەن 26 ساڵە، بەڵام بەهۆی حەساسیەت بە خواردەمەنی دەریاییەوە توشی نەخۆشییەکی پیری کردووە کە کردویەتی بە ژنێکی تەمەن 50 ساڵ و کردویەتی بەو شێوەیەی لای راستی وێنەکە.








2272. لەویلایەتی نیۆرك لەئەمەریکا، خیانەتکردن لەهاوژینەکەت بەپێی یاسا تاوانەو دەکرێ ئەو کەسە سزای تا شەش مانگ زیندانی بەسەردا بسەپێنرێت.


2273. لەساڵی 2006، لەشاری پۆرتلاندی ویلایەتی ئۆریگنی ئەمەریکا، پیاوێك پیاوکوژێکی بەکرێگرت بۆ کوشتنی ژنەکەی کە تەمەنی 51 ساڵ بوو. بەڵام کارەکە بەپێچەوانەوە کۆتاییهات. ژنەکە کە ناوی سوسەن کونهۆسن بوو، توانی بەبێ بەکارهێنانی هیچ چەك و شتێك، تەنها بەدەستی خۆی پیاوکوژەکە

بکوژێت. کاتێکیش ئەم ژنە دەستی نابووە بینەقاقای پیاوەکە، لێیپرسی: پێم بڵێ کێ تۆی ناردووە، ئیسعافێکی رسوات بۆ بانگدەکەم.

ئاخ گونی قومری! لەدوو شتی ئاواوە هاتووە!!!




2274. لەو هندستانەی لای خۆمان، گروپێکی ژنان هەیە کە مێردی توندوتیژ راودەنێن و خەبات دەکەن لەپێناو نەهێشتنی هاوسەرگیریی منداڵ.


There is a gang of women in India
that go after abusive husbands and
fight to stop child marriages




2275. لەساڵی 1996 پیاوێك لەویلایەتی کێنتەکی ئەمەریکا، بومەڕینگێکی هەڵدا، بەڵام گەڕایەوە بۆ خۆی و بەر سەری کەوت. دوای ئەم روداوە چوو سکاڵای لەدژی خۆی تۆمارکردو داوای بڕی 300 هەزار دۆلار قەربووی کرد. دواجار سکاڵاکەی بردەوەو کۆمپانیای زەمانەکەی، تەواوی پارەکەی پێدا.

بەخوا سەگ بووە!!!


بومەڕینگ: توڵێکی چەماوەیە بۆ لێدان یان وەرزشکردن بەکاردەهێنرێت.

2276. جۆرێك دوپشك هەیە پێیدەووترێت شوێنکەوتەی مەرگ. یەکێکە لەترسناکترین جۆرەکانی دوپشك لەجیهاندا. بەڵام سەرباری ئەوەش کاریگەرییەکی لاوەکیی سەیری هەیە.

هەرچەندە پێوەدانی ئەم جۆرە دوپشکە ئێجگار ئازاربەخشەو ئەگەری دروستکردنی مەترسی هەیە لەسەر ژیانی منداڵ و بەتەمەن، بەڵام ژەهرەکەی هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ چارەسەرکردنی لوی مێشك و نەخۆشی شەکرە.





2277. خوانەخواستە ئەگەر یەك ملیار دۆلارت هەبێت و دەست بنێیت بەجەرگی خۆتاو رۆژی هەزار دۆلار خەرج بکەیت، ئەوا پاش 2740 ساڵ، ئینجا ئیفلاس دەکەیت و هیچت پێنامێنێت.




2278. کاتێك لەئاوێنەدا سەیری خۆت دەکەیت، مێشکی شەریفت فێڵت لێدەکات بەوەی پێنج ئەوەندە زیاتر لەروخساری راستەقینەی، جوانتر پیشانت دەدات.

بۆیە حەقی خۆیەتی جارێکی تر هەمومان بە یەك دەنگ و بەحەسرەتەوە بڵێین: ئەخلاق شەرتە!!!





2279. ستیڤ جۆبسی رەحمەتی کە یەکێك بوو لەکەڵەگاکانی بواری تەنەکەلۆجی و هاودامەزرێنەری ئەپڵە، نەیدەهێشت منداڵەکانی ئایپاد بەکاربهێنن و بەکارهێنانی تەنەکەلۆجیاشی بەشێوەیەکی گشتی، تا کەمترین ئاست، لێ کەمکردبونەوە.





2280. بەگشتی هەر کەسێك رۆژانە 150 جار سەیری مۆبایلەکەی دەکات.





2281. بۆنکردنی مۆزو سێوی سەوز دەکرێ یارمەتیدەرێك بێت بۆ دابەزاندنی کێشی لەش.




2282. تا ئێستا هیچ کەسێك نازانێت بۆچی پیتەکانی ئەبجەدی ئینگلیزی بەو ریزبەندییە ریزکراوە کە باوە.




2283. سەیرکردنی فیلمی ترسناك لەسەیرکردنی هەموو جۆرەکانی تر، زیاتر کالۆری دەسوتێنێت.





2284. لە چین پیاوێك پاش ئەوەی بەشێکی غەرامەکانی کە 16 وەرەقە بوو بە وردەدراوی ئاسن دا بە لایەنی پەیوەندیدار، 18 کرێکاری قورِبەسەر ناچاربون رۆژێکی تەواو لەبژاردنی پارەکە بەسەربەرن.





2285. ئەو فەخامەتانەی لەدایکبونی مانگەکانی نۆو دەو 11ن، بە بەراورد بە لەدایکبوانی مانگەکانی تر، زۆرترین ئەگەریان هەیە کە تەمەنیان 100 ساڵ تێپەڕێنێت.





2286. هەنگوین تاکە خۆراکە کە بۆگەن ناکات. قوتویەك هەنگوین دەکرێ تا زیاتر لە سێ هەزار ساڵ، بەشێوەیەك بمێنێتەوە کە بۆ خواردن بشێت.
تەبعەن مەخسەوی شەریفم هەنگوینی ئەسڵە نەك عادی!





2287. ئەو ترشەی مەعیدەی شەریفت دەریدەدات هێندە بەهێزە کە دەتوانێت گوێزان بتوێنێتەوە. ئینجاکونێ لۆیە ئەگەر دەروێشێکت بینی لەکاتی گەرمبوندا گوێزانێکی هەڵدا بۆ ناو دەمی و قوتیدا، زۆر عەجیب نەبێ بەلاتەوە.




2288. بەگشتی خانمان رۆژانە لانیکەم 60 جار زەردەخەنە دەکەن بەڵام پیاوان تەنها 10 جار زەردەخەنە دەکەن.




2289. بەگشتی ئەو فەخامەتانەی هەفتانە لانیکەم سێ سەعات و نیو کتێب دەخوێننەوە، دوو ساڵ لەوانی تر زیاتر دەژین. بەڵام خوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامەو ئینتەرنێت حلێب نیە!




2290. بەپێی نەریتی جولەکە، هەر کچێك بۆ یەکەم جار دەکەوێتە سوڕی مانگانەوە، دایکی یەك زللەی لێدەدات!!!




2291. ئەگەر بتەوێت سەیری هەموو ڤیدۆکانی ناو یوتیوب بکەیت، ئەو پێویست بە هەزارو 700 ساڵ هەیە.




2292. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە زۆربەی پیاوان زیاتر حەزیان لەخانمانی قژڕەشتاڵەیە وەك لەقژزەرد.




2293. کەنغەر سێ زێی هەیە!




2294. بە هاتنی ساڵی 2112، خاوەنی زیاتر لە 750 ملیۆن ئەکاونت، مردون.





2295. لەهەموو چوار کەسێك، یەکێکیان فۆبایەکیان هەیە بەناوی گلۆسۆفۆبیا، واتە ترس لەقسەکردن لەشوێنی گشتیدا.




2296. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی کینگ ئونگ یۆنگە. ئەمە لەتەمەنی دوو ساڵیدا توانیویەتی بە چوار زمان قسەبکات. لەتەمەنی سێ ساڵیدا لەو جەبرە تێگەیشتووە کە ئێمەمانان بە گەورەییش لەترسیدا دەمانوت: شەرت بێ لەداخی جەبرو هەندەسە//// من تەرکی بکەم رێگای مەدرسە.

لەتەمەنی چوار ساڵیدا بووەتە خوێندکاری میوانی فیزیا لەزانکۆ. لەتەمەنی حەوت ساڵیدا لەلایەن ناساوە دەعوەتنامەی بۆ ئەمەریکا، ئاڕاستەکراوە. دواجار لەتەمەنی 15 ساڵیدا خوێندنی تەواوکردو بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناو گەیشتە بەرزترین پلەی زیرەکیش کە 201ە.




2297. زیاتر لەنیوەی ئەو ماکیاجانەی ئەمەریکییەکان بەشێوەیەکی رۆژانە بەکاریان دەهێنن، بەهۆی مەترسییان لەسەر تەندروستی، لەلایەن ئەوروپاوە قەدەغەکراوە.




2298. لەکاتی ئابڵوقەدانەکەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران، کاتێك ئابڵوقەدەرەکان بە بارمتەکانیان وت بەدڵی خۆتان کەسێمان بدەنێ با ئازادی بکەین، ئابڵوقەدراوەکان پیاوێکیان دا پێیان کە پرخەپرخەکەی هێندە بەرزبوو، نەیدەهێشت خەویان لێبکەوێت.




2299. لەڕاستیدا رۆژێك لە 24 سەعات پێکنەهاتووە، بەڵکو لە 23 سەعات و 56 خولەك و چوار چرکە پێکهاتووە. واتە چوار دەقەو 56 چرکە لەسەعاتێك کەمترە.
رەنگە بفەرمویت: جا چوار دەقەو 56 چرکە چیە، کورە چۆن چیە، زۆرجار یەکێك لەخۆشترین شتەکانی ژیان هەر ئەوەندە دەخایەنێت!!!!

ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.




2300. لەشوێنێکی چین خەڵك سەریان لەوە دەرنەدەکرد کە چۆن تەنها ژن و مێردێك رێستۆرانتێکی قەرەباڵغ، بەشێوەیەکی رۆژانە 21 سەعات بەڕێوەدەبەن بەبێ ئەوەی ماندوو بن. دواتر دەرکەوت کە لەڕاستیدا ئەوانە یەك ژن و مێرد نین بەڵکو دوو ژن و مێردن. هەردوو پیاوەکەو هەردوو ژنەکەش دوانەی هاوشێوەن واتە ئەو دوانانەی کە زۆر لەیەك دەچن.

زۆربەی ئەوروپییەکان کاتێك بەمە دەزانن دەڵێن ئۆۆ مای گۆد یان جێسەس! بەڵام زۆربەی کورد لەم کاتەدا دەڵێن: باشە ئەی چۆن لێیان تێکناچێت!ـ (کورد.... تاکە بریکاری شەیتان لەهەموو جیهان)





2301. لەویلایەتی تەکساسی ئەمەریکا ژنێکی تەمەن 52 ساڵ بەهۆی ئەوەی بە تێکستەنامە هەڕەشەی لەخودی خۆی کردبوو، دەستگیرکرا.




2302. لەبەشی کۆتایی زنجیرەی فیلم کارتۆنی تۆم و جێری، هەردوکیان خۆیان دەکوژن.




2303. "ئەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟". لەسەدا 99ی خەڵک کاتێك ئەم پرسیارەیان لێدەکرێت، دەتۆقن!




2304. بەگوێرەی ئەنیشتاینە قژبژ، هەر شتێك نەتوانیت ببینیت، ببیستیت، تەچی بکەیت، یان هەستی پێبکەیت، ئەو شتە بونی نیە لەگەردوندا.




2305. هەفتەی سێ جار دەموچاوی شەریفت بە رۆنی گوێزی هندی و سۆدای نانکردن بشۆ، لەماوەی تەنها یەك مانگدا، دەموچاوت تەنانەت ئەگەر وەك وێنەکەی چەپ بێت، وەك هی راستی لێدێت و هێندە جوان دەبێت، بەدوری مەزانە کە رەگەزی بەرامبەر چرکەساتی ببینێت، بڵێت: بە یارمەتی خۆت ئەبورێمەوە!!!





2306. ماوەی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندی تەلەفۆنی:
کوڕ بۆ کوڕ: 58 چرکە.
کوڕ بۆ دایك: 45 چرکە.
کوڕ بۆ باوك: 20 چرکە.
کوڕ بۆ کچ: سەعاتێك و 13 دەقەو 59 چرکە.
کچ بۆ کچ: دوو سەعات و 35 دەقەو 20 چرکە.
مێرد بۆ ژن: سێ چرکە.
دایك بۆ کچە شوکردووەکەی: چوار سەعات و پێنج دەقەو 15 چرکە.
ژن بۆ مێرد: 12 نوکە.




2307. ئامێرێك هەیە كە دەتوانرێت بۆ هەمیشەیی جێگەی دڵ بگرێتەوە. تەنها كاریگەری لاوەكیش كە هەیەتی ئەوەیە لێدان واتە ترپەی نیە.


ئەمە بۆ كەپڵی ئەو كچە باشە كە كوڕەكە پێیوتبوو: دڵەكەم حەزدەكەم لەسەر سنگم بتخەوێنم، كەچی لەباتی سوپاس و پێزانین وتبوی: ئاخر ئەترسم ترپەترپی دڵت خەوم لێبزڕێنێت!!!!





2308. ئەگەر بڕێکی کەم ئەلکهول بکەیتە سەر دوپشکێك، شێخی نامێنێ و بەخۆیەوە دەدات و خۆی دەکوژێت.




2309. ئەگەری لێدانی پیاو لەلایەن هەورەبروسکەوە، شەش ئەوەندە لەئەگەری لێدانی لەلایەن ژنەوە زیاترە.




2310. لەساڵی 1986 بزنێکی بیرەخۆر، وەك سەرۆکی شارەوانی شارێکی بچوکی ویلایەتی تەکساس، هەڵبژێردرا.




2311. خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لەڕوی سێکسکردنی ژنێك لەگەڵ زۆرترین پیاودا لەماوەی 24 سەعاتدا، ئەم ژنەیە کە ئەکتەری فیلمی پۆرنۆگرافییەو ناوی لیزا سپارکسە. ئەم ژنە لە 16-10-2014 لەکاتی فێتسڤاڵێکی پەیوەندیداردا لە پۆڵەندا، تەنها لەماوەی کەمتر لە 12 سەعاتدا سێکسی لەگەڵ 919 پیاودا کردووە. رەنگە ئەوەی لەمە زیاتر توشی شۆکت بکات ئەوە بێت کە سەرباری ئەوەش ئەم ژنە ماوەی زیاتر لە 18 ساڵە بەخۆشحاڵییەوە، هاوسەری یەك پیاوە لەتەمەنی 18 ساڵییەوە کە ئەو کاتە مێردەکەی 20 ساڵ بووە، هاوسەرگیرییان کردووە.





2312. Argentinian dictator Juan Manuel de Rosas had an eight-month-pregnant woman executed by firing squad for the crime of "sacrilege"

خوان مانوێڵ دی رۆساس کە دیکتاتۆرێك بوو لە ئەرجەنتین، هاوژینێکی هەبوو، هەرچەندە دوگیان بوو و تەمەنی سکەکەی هەشت مانگ بوو، بەڵام بە تۆمەتی پێشێلکردنی پیرۆزییەکان، بەدەسترێژی گوللـە ئیعدامی کرد.

2313. After she wanted to marry a lawyer whom her mother disapproved of, a woman named Blanche Monnier was locked by her mother in her room for 25 years. She was discovered and rescued by the police in 1901.

ئەمەی بۆتان باس دەکەم ناخ دەهەژێنێت و جارێکی تر جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە:

پاش ئەوەی کچێك (لای راستی وێنەکە) ویستی شووبکات بە پارێزەرێك کە دایکی رازی لەسەر نەبوو، ئەم کچە کە ناوی بلانچ مۆنیێرە لەلایەن ئەو دایکە دڵرەقەیەوە بۆ ماوەی 25 ساڵ لەژورێکدا زیندانیکرا. دواجار پاش چارەکە سەدەیەك لەزیندانیکردنی، لەساڵی 1901 لەلایەن پۆلیسەوە ئاشکراکراو رزگاری بوو. بەڵام پاش چی، پاش ئەوەی ئەو کچە نازدارە ئاوای لێهات (لای چەپی وێنەکە).



2314. When a woman is attracted to a man, she speaks in a higher pitch than she does normally.

کاتێك پیاوێك سەرنجی خانمێك رادەکێشێت، خانمەکە بە تۆنێکی بەرزتر لەئاسایی قسەی لەگەڵ دەکات.

2315. King Amanullah Khan of Afghanistan (1919-1929) once gave a public speech in which he said: "Islam did not require women to cover their bodies or wear any special kind of veil". At the conclusion of the speech, Queen Soraya tore off her veil (hijab) in public.

ئەمانوڵڵا خان کە لەساڵی 1919 تا 1929 پادشای ئەفغانستان بووە، جارێك لەوتارێکی گشتیدا وتی: "ئیسلام واجبی نەکردووە لەسەر خانمان کە لاشەیان داپۆشن یان هیچ جۆرە حیجابێکی تایبەت لەبەربکەن". لەکۆتایی ئەو وتارەدا ژنەکەی کە شاژنە سورەییا بوو، حیجابەکەی بە بەرچاو خەڵکەوە لەبەر خۆیدا دڕی!!!



2316. When it was invented, the sewing machine was controversial, feared to be too sexually stimulating to women.

کاتێك مەکینەی دورومان داهێنرا، مشتومڕی نایەوەو ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئەم ئامێرە وروژێنەرێکی سێکسیی توندی خانمانە.

2317. An Islamic religious authority blamed women who dress immodestly for causing earthquakes. In response, a blogger organized Boobquake, an event where 200,000 women wore immodest clothing in a light-hearted scientific experiment to produce an earthquake.

پاش ئەوەی دەسەڵاتێکی ئیسلامی سەرزەنشتی ئەو خانمانەی کرد کە جلوبەرگی ئێچ دی و فۆرکەی لەبەردەکەن و وتی ئەوانە هۆکاری زەمینلەرزەن، لەوەڵامدا بلۆگەرێك ئیڤێنتێکی دروستکرد بەناوی مەمکلەرزە کە تێیدا زیاتر لە 200 هەزار خانم جلوبەرگی ئێچ دی و فۆرکەییان لەبەرکرد لەهەوڵێکی زانستیی ناجدیدا بۆ ئەوەی زەمینلەرزەیەك دروست ببێت.

2318. In a Swedish study which studied 3500 women with breast implants and their cause of death, it was found that they were 3 times more likely to commit suicide when compared to the average Swedish population.

لێکۆڵینەوەیەك کە لەسوید لەسەر 3500 خانم کە مەمکیان گەورەکردووەو هۆکاری مردنیان ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە ئەگەری خۆکوشتنی ئەو جۆرە کەسانە سێ لەئەوندە لەکەسانی ئاسایی زیاترە.

2319. Wearing a white t-shirt with a large letter "T" on the front is scientifically proven to make you 10% more attractive to women.

زانست سەلماندویەتی لەبەرکردنی کراسی سپی کە دیوی پێشەوەی حەرفی T لەسەر بێت، لەلایەن پیاوانەوە، پیاوەکە بەڕێژەی لەسەدا 10 زیاتر سەرنجراکێشی دەکات لەلای خانمان.

2320. 35% of Saudi women in prison are there because no male relative will collect them.

لەسەدا 35ی ئەو خانمە سعودییانەی لەزینداندان، هۆکاری زیندانیکردنیان ئەوەیە کە هیچ پیاوێك بەخێویان ناکات.

2321. Married women drink more than their unmarried counterparts, whereas the opposite is true for men, according to a 2012 study.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2012، خانمانی هاوسەردار لەهاوتا هاوسەرگیرینەکردووەکانیان زیاتر دەخۆنەوە. بەڵام ئەم زانیارییە بۆ پیاوان پێچەوانەیە.

2322. As a child, martial arts actor Jet Li was asked by Richard Nixon to be his personal bodyguard. Li replied, "I don't want to protect any individual. When I grow up, I want to defend my one billion Chinese countrymen!"

جێت لی ئەستێرەی بواری نواندن و هونەری جەنگی، کاتێك منداڵ بوو، لەلایەن ریچارد نیکسۆن سەرۆکی پێشوتری ئەمەریکاوە داوای لێکرا ببێتە بۆدیگاردی تایبەتی خۆی. لی لەوەڵامدا وتی: "من نامەوێت پارێزگاری لەهیچ تاکێك بکەم. کاتێك گەورەدەبم، دەمەوێت بەرگری لەیەك ملیار رۆڵەکەی وڵاتەکەم بکەم."

2323. Leonardo Da Vinci's last words were: "I have offended God and Mankind, by doing so little with my life."

کۆتاوتەی ژیانی لیۆناردۆ داڤینشی بەو هەموو شان و شەوکەوت و داهێنانەوە، ئەمەبوو: "من خراپەم بەرامبەر بە خواو مرۆڤایەتی کردووە، چونکە لەژیانمدا شتم زۆر کەم کردووە".

2324. British writer Norman Douglas' last words were "Get those f*cking nuns away from me."

کۆتاقسەی ژیانی نۆرمان دۆگلاس کە نوسەرێکی بەناوبانگی بریتانیا بوو، ئەمە بوو: ئەو ژنەڕاهیبە رسوایانەم لەکۆڵکەنەوە.

دەوەرە پیاوەتی بکە. رەنگە عاقیبەتشەڕ بوبێت ئەگینا ئەو راهیبانە کاتێك دەچنە سەر ئەو کەسانەی لەسەرەمەرگدان رۆڵی مەلای لای خۆمان دەبینن کە داوای لێدەکەن هاوتای شایەتومانەکەی لای خۆمان بهێنێت و دوعای بۆ دەکەن.

2325. لە ئوسترالیا جاڵجاڵۆکە هەیە کە هێندە گەورەیە دەتوانێت مار بخوات.




2326. ئەگەر پێت وابێت سی ئای ئەی زۆر شەریفە، ئەوا گا بە گونا ئەناسیت، لەکاتێکدا پێویستە گا هەر بە کەللـەیدا بناسرێتەوە. لەساڵی 1962 سی ئای ئەی 14 هەزار کیس شەکری کوبی ژەهراویکران و نێردران بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران.



2327. بۆچی لەکاتێکدا تورەدەبیت، دەموچاوت سور هەڵدەگەڕێت و دەبێت بە تەماتەی شلە؟. لەبەرئەوەی لەو کاتەدا دڵت بە خێرایی لێدەدات بۆ ئەوەی خوێنی زیاتر بڕوات بۆ ماسولکەکانت و ئامادەت بکات بۆ شەڕ.
باشە کاکە، دە وەرە دڵت بەدڵت خۆش بێت! لەبری ئەوەی هێورت بکاتەوە، رۆڵی کوڵەفیتنە دەبینێت و زیاتر هانت دەدات!
دەرکەوت دڵیش بەشی خۆی بێناموصەو ئەیەوێ بتدا بەقەڵبەیەکدا!!!




2328. هاوسەران تا زیاتر خەرجبکەن لەئاهەنگی هاوسەرگیری و ئەڵقەی دەزگیرانداری، ئەگەری جیابونەوەیان زیاترە.
رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە مرۆڤ هەرچەندە زۆر خەرجبکات، دواتر دەبیستێت کە فڵانە کوڕ ئۆفەرێکی زیاتری داوەتە هاوژینەکەی!!!!




2329. Ships sent to retrieve dead bodies of the victims of the Titanic disaster found so many bodies that they ran out of embalming supplies. They decided to only retrieve bodies of 1st class passengers due to “the need to visually identify wealthy men to resolve any disputes over large estates.”

ئەو کەشتییانەی نێردران بۆ هێنانەوەی تەرمی قوربانیانی کارەساتی کەشتیی تایتانیك ژمارەیەکی ئێجگار زۆر تەرمیان بینی کە زیاتر بون لەو کەرەستانەی بۆ پاراستنی تەرمەکان لەتێکچون پێیان بوو، بۆیە بڕیاریاندا تەنها تەرمی سەرنشینەکانی پلەیەکی کەشتییەکە هەڵبگرنەوە چونکە پێویست بوو ناسنامەی دەوڵەمەندەکان بە روخسارياندا بناسرێنەوە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆیی لەسەر عەقاراتە زەبەلاحەکانی ئەو کەسایەتییانەدا.

2330. In 2009, when a Canadian man named John Wilson opened the shipping container he had bought for $400 and used it as a bridge for 10 years, inside it he found a $2,000,000 Canadian warship engine.

پاش ئەوەی پیاوێکی کەنەدی بەناوی جۆن ویڵسن ئەو سندوقە تایبەت بە گواستنەوە بە کەشتییەی بە تەنها چوار سەد دۆلاری ناسك کڕیبوو و بۆ ماوەی 10 ساڵ وەك پرد بەکاریهێنابوو، لەساڵی 2009 پاش ئەوەی ئەو سندوقەی کردەوە، سەیریکرد مەکینەیەکی کەشتی جەنگی تێدایە کە بەهاکەی دوو ملیۆن دۆلارە واتە تەنها دوو سەد دەفتەری ناسك بوو.

2331. The most important muscle in kissing is the orbicularis oris, also known as the kissing muscle, which allows the lips to “pucker.

گرنگترین ماسولکە بەنیسبەت ماچکردنەوە، ناوی ماسولکەی خولگەییە کە بە ماسولکەی ماچیش ناسراوە. ئەم ماسولکەیە ڕێ بە لێو دەدات شۆڕبێتەوە.

2332. The lips of both men and women resemble the lips of the vagina.

لێوی پیاوو ژنیش لەلێوی زێی مرۆڤ دەچێت!!!!

2333. It is possible for a woman to reach an orgasm through kissing.

ئەگەری هەیە خانمان لەڕێگەی ماچکردنەوە بگەنە ئۆرگازم.

2334. Scholars are unsure if kissing is a learned or instinctual behavior. In some cultures in Africa and Asia, kissing does not seem to be practiced.

زانایان تائێستا نازانن ماچکردن رەفتارێکی غەریزییە یان فێربونە. هەندێك کلتورەکانی ئەفەریقاو ئاسیا ماچی تێدا ناکرێت.

2335. Pliny asserts that kissing a donkey's nostril will cure the common cold.

پلینی کە فەیلەسوفێکی دێرینی رۆمانەکان بووە، تەئکیددەکاتەوە کە ماچکردنی کونەلوتی کەر هەڵامەت چارەسەردەکات.

2336. باوترین کات بۆ هەڵکوتانە سەر بانك و تاڵانکردنی، نێوانی سەعات 9 تا 11ی رۆژی هەینییە. دەگمەنترینیش نێوانی سەعات 3 بۆ 6ی ئێوارەیە.

هیوادارم پێویستتان بەم زانیارییە نەبێت!!!!




2337. In early 1900s, German kids used to die from diarrhea until a doctor named Ernst Moro invented carrot stew which saved thousands of lives.

لەسەرەتاکانی 1900ەکان لە ئەڵمانیا مردنی منداڵ بەهۆی سکچونەوە باوو بوو، تا خوا دکتۆرێکی بۆ ناردن بەناوی ئێرنست مۆرۆ کە شلەی گێزەری داهێناو بەهۆی ئەمەوە هەزاران منداڵی لەمەرگ رزگارکرد.



2338. هەموو ساڵێك جارێك تەرمی لینین دەشۆردرێت و جلوبەرگی تازەی لەبەردەکرێت. هەرچەندە لەسەرمەرگدا خۆزگەی دەخواست لەتەنیشت ژنەکەیەوە بە خاك بسپێردرێت، بەڵام ئەو خۆزگەیەی جێبەجێ نەکرا. مەزارەکەی لەناوەڕاستی شاری مۆسکۆدایەو کراوەیە بۆ خەڵك.



2339. جارێك دوو هاوژین وەك نوکتە نەك بە جددی شاژنی بریتانیایان دەعوەت کرد بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکان. کاتێکیان زانی پەیدابوو و لەئاهەنگەکەدا دەرکەوت.




2340. تی شێرت لەساڵی 1904 داهێنراو خرایە بازاڕەوە بۆ ئەو زگوردییانەی کە نەیان دەتوانی جل بدورن یان تەنانەت قۆپچەیەك بگۆڕن!
واتە بەکورتی و بە کوردی بۆ تەممەڵەکان داهێنراوە.




2341. جۆرێك جاڵجاڵۆكە هەیە پێیدەووترێت گورگەجاڵجاڵۆكە. ئەم جۆرە جاڵجاڵۆكە زەبەلاحانە بۆقی بچوك وەك زیندەوەری ماڵی رادەگرن. مێرووەكان هێلكەی ئەم جۆرە جاڵجاڵۆكانە دەخۆن، بۆیە ئەم جاڵجاڵۆكانە پارێزگاری لەبۆقەكان دەكان لەزیندەوەرە راوكەرەكان، لەبەرامبەردا بۆقەكان ئەو مێرووانە دەخۆن كە هێلكەی جاڵجاڵۆكەكان دەخۆن.

رێكەوتنێكی چۆنە بەلاتەوە؟!!!




2342. A man named Sir Nicholas Winton saved 669 kids during World War 2 and lived almost all his life without letting people know.

ئەمەی دەیبینن ناوی سێر نیکۆلاس وینتۆنە. ئەمە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا 669 منداڵی رزگارکردووە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم پیاوە بە درێژایی زۆربەی ژیانی، نەیهێشتووە خەڵك بەم کارەی بزانێت.



2343. In 1994, a Russian pilot named Yaroslav Kudrinsky let his 15-year-old son and 12-year-old daughter try to fly an aircraft. The kids unknowingly disabled the autopilot. The plane crashed into a hillside in Siberia killing all 63 passengers and 12 crew members.

لەساڵی 1994، فڕۆکەوانێکی روسی بەناوی یارۆسلاڤ کودرینسکی فڕۆکەکەی بە دەیان گەشتیارەوە دایە دەستی کوڕە تەمەن 15 ساڵ و کچە تەمەن 12 ساڵەکەی تا لێخوڕینی تاقیبکەنەوە. ئەم دوو منداڵەش بێئاگایانە سیستمی فڕۆکەوانیی ئۆتۆماتیکییان لەکارخست. لەئەنجامدا فڕۆکەکە خۆی کێشا بە شانی گردێکدا لە سیبیریاو هەر 63 گەشتیارو 12 کەسەکەی تاقمی فڕۆکەوانییەکە، گیانیان لەدەستدا.

2344. A 12-year-old boy named Sun Huixi spent 2 years collecting over 160,000 bottles after school and donated all the money he made ($2,700) to orphans in an AIDS epidemic region in China. He also donated his personal savings ($30) and collected 800 books to give to the children.

ئەم منداڵە تەمەن 12 ساڵە ئەگەر هی ئێمەی کورد بوایە رەنگە بە وەرگرتن بۆ کڕینی شتی قۆرو چاولێکەری مێشکمان بهێنێتە خوارەوە یان هەر رۆژەو شەڕێکمان بۆ بنێتەوە لەگەڵ منداڵی تر یان لەبەر بەرنامەی منالان نەیەڵێت تەلەفزیۆن ببینین، بەڵام لەبەر ئەوەی چینییە شتەکە جیاوازە.

ئەمە ناوی سون هوخییە. لەماوەی دوو ساڵی تەمەنیدا، لەدوای خوێندن زیاتر لە 160 هەزار بوتڵی پلاستیکی کۆکردووەتەوەو هەموو ئەو پارەیەی بەهۆی ئەمەوە دەستیکەوتووە کە 27 وەرەقە بووە، بەخشیوە بە هەتیوانی ناوچەیەك لەچین کە ئایدز تێیدا بڵاوە.

جا هێشتا چیت دیوە. ئەم منداڵە جگە لەو 27 وەرەقەیە، پاشەکەوتە تایبەتەکەی خۆشی کە 30 دۆلار بووە بەخشیوە بەو هەتیوانەو 800 کتێبیشی بۆ کۆکردونەتەوە.

2345. The Soviet Union had a children's program at 8:30 every weeknight that would end with a lullaby at 9:00 telling kids it's time to go to bed. This program still airs to this day in Russia.

یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەرنامەیەکی منالانی هەبوو کە پێنج شەو لەهەفتەیەکدا پێشکەش دەکراو لەسەعات 8:30 دەستیپێدەکردو لە نۆ بە لایلایەکردن و وتنی "منالان ئیتر کاتی خەوە"، کۆتایی دەهات. ئەم بەرنامەیە تا ئێستاش لە روسیا بەردەوامە.

بەڵام لێرە لە کوردستانی ئیشجوان، ئەوەی گرنگ نەبێت ئەوەیە. لێرە بەدوری مەزانە لەگەرمەی ئەو کاتەدا کە منداڵ بەخەبەرە کەناڵەکانمان ئەو گۆرانییەی هۆمەر دزەیی دابەزێنن کە ئەفەرمێ: "خۆزگەم بەو کەسەی....... " کە پرۆسەیەکە زیاتر بۆ دوای 12ی نیوەشەو دەگونجێت!!!

2346. The 2003 invasion of Iraq was initially called "Operation Iraqi Liberation", but was quickly changed to "Operation Iraqi Freedom" due to the acronym spelling out "OIL."

پەلاماردانی عیراق لەساڵی 2003 لەلایەن ئەمەریکاو برادەرانی ترەوە سەرەتا ناوی Operation Iraqi Liberation بوو کە بەمانای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق دێت، بەڵام دواتر Liberationەکەیان گۆڕی بۆ Freedom کە تەقریبەن هەمان مانای هەیە بەڵام یەکەمیان کورتکراوەکەی وشەی OILکە کە بەمانای نەوت دێت. دیارە بۆیە گۆڕیویانە بۆ ئەوەی خەڵك نەچێت بچێت بڵێت لەبەر نەوتەکە هاتون و ئەوەش بەڵگە!!!

2347. In the village of Kuskoy in Turkey, people talk to each other using a whistled language that can be heard from up to half a mile away.

لە تورکیا گوندێك هەیە بەناوی کوسکۆی. لەم گوندە خەڵك بە زمانێکی فیکەئامێز قسە لەگەڵ یەکتردا دەکەن. فیکەکەشیان هێندە بەرزە کە لەدوورییی تا نزیکەی نیو میلەوە دەبیسترێت.

2348. As a man, you can be arrested in Iran for wearing shorts.

لە ئێران دەکرێ پیاو لەسەر لەپێکردنی شۆرت دەستگیربکرێت.

رەنگە زۆر ناحەقیشیان نەبێت، پیاو بە شۆرت و سێچارەکەوە زۆر نابوتە، ناکرێ بەهۆی ئازادی جلوبەرگەوە مەزاجی خەڵك تێکبدرێت!!!

2349. King Abdullah University of Science and Technology which opened in 2009 is the first mixed-gender university campus in Saudi Arabia. The religious police do not operate on-site, and women are allowed to mix freely with men and to drive on campus, and they are not required to wear veils.

زانکۆی زانست و تەکنۆلۆژیی شا عەبدوڵا کە لە 2009 کراوەتەوە، یەکەم زانکۆی تێکەڵاوە لەو وڵاتە. پۆلیسی ئاینی لەم زانکۆیەدا نیەو خانمان رێگەیان پێدەدرێت بە ئازادی لەگەڵ کوڕان تێکەڵاو بن و لەناو حەرەمی زانکۆدا سەیارە لێبخوڕن. هەروەها لەم زانکۆیە خانمان پێویست نیە لەسەریان نیقاب بپۆشن.


2350. A mentally disabled Iranian girl named Leyla Mafi was prostituted by her mom at an young age. At the age of 9 and 14, she gave birth to children. At the age of 19, she got sentenced to death for “immoral behavior.” A lawyer was able to intervene and got the sentence reduced to public beating and imprisonment.

لە ئێران کچێکی بەخشراو واتە شێت بەناوی لەیلا مافی، لەلایەن دایکییەوە شکاتی لێکرا. ئەم کچە لەتەمەنی نۆساڵی و 14 ساڵیدا منداڵی ببوو. سەرەنجام دادگا بەتۆمەتی "رەفتاری نائەخلاقی" بڕیاری لەسێدارەدانی لەدژ دەرکرد. بەڵام پارێزەرێکی لێهاتوو توانی دەستوەربداتە کەیسەکەو حوکمەکەی بۆ لێدان لەشوێنێکی گشتی و زیندانیکردن، کەمبکاتەوە.

2351. Turkey imprisons more journalists than China and Iran combined.

تورکیا لە ئێران و چینیش پێکەوە، زیاتر رۆژنامەنوس زیندانی دەکات.

2352. سێ شت هەیە کە مێشکی مرۆڤ ناتوانێت سەرنجیان نەدات: خواردن، کەسانی سەرنجڕاکێش و مەترسی.




2353. نەبونی هاورێ بەقەدەر کێشانی پاکەتێك جگەرە بەشێوەیەکی رۆژانە، زیانی هەیە بۆ تەندروستی. بەڵام وریـــابـــــــــــــــە بونی هاورێی خراپ وەك ئەوە وایە رۆژی کارتۆنێك جگەرە بکێشیت.




2354. نەچی بچی بە چڕوچاوە بەشوشەکەی ئەم دکتۆرە تێبکەویت و بفەرمویت رەنگە هەر روخۆشییەکەی چاکتبکاتەوە!!!. ئەمە پەنێکی داوە کەموێنەیە.
ئەمە دکتۆرێکە لەویلایەتی میشیگانی ئەمەریکاو ناوی فەرید فەتەیە. ئەمە لەساڵی 2015 سزای 45 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە چونکە چارەسەری کیمیایی داوە بە نەخۆشانێك کە لەڕاستیدا نەخۆشی شێرپەنجەیان نەبووە.




2355. زۆرترین گۆڵ کە بە درێژایی مێژوو لەیارییەکی تۆپی پێدا تۆمارکرابێت، 49 بە سفر بووە کە لەنێوان دوو یانەی مەدەغەشقەردا بووە. یانە دۆڕاوەکە وەك نارەزایی دەربرین لەدژی بڕیارێکی حەکەم، کورتانیان سوڕاو کەوتنە گۆڵ لەخۆکردن و قوڕیان کرد بەسەر خۆیاندا!!!





2356. سەربازانی ئەڵمانیا رێگەپێدراون کە گوێڕایەڵی هیچ فەرمانێك نەکەن کە پێیانوابێت کەرامەتی مرۆڤ پێشێل دەکات.





2357. پیاوێك هەبوو بەناوی وۆڵتەر سەمەرفۆرد. ئەم پیاوە لەژیانیدا سێ جار هەورەبروسکە لێیداوە. دوای مردنیشی هەر وازی لێنەهێناو هەورەبروسکە لەکێلی گۆڕەشی دا.

ئەگەر تائێستا بەتەواوەتی لەمانای مەجازیی "موی لوت" تێنەگەیشتوی، ئەوا ئەم روداوە کافییە بۆ تێگەیشتنت.




2358. سەعیکردن بۆ ماوەی نیو سەعات تا 50 دەقەی ناسك و پاشان 10 خولەك پشوو، کاریگەرترین شێوازە بۆ لەبەرکردنی زانیاری. لەبەرکردن نەك دەرخکردن!




2359. لەو فینلەندایەی لای خۆمان ئەگەر بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستبهێنیت، ئەوا شەبقەیەك و شمشێرێکت پێدەدرێت.




2360. ئەمە زۆر سەیرە بەڵام راستیشە. داهاتی پیشەسازیی یاریی ئەلیکترۆنی لەکۆی داهاتی پیشەسازی فیلم و پیشەسازیی موزیك پێکەوە، زیاترە.



**جارێکی تر زۆر سوپاس بۆ هەردوو سپۆنسەری سەرەکیی ئەم کتێبە**

**دارتاشخانەی ئەسینا لەسلێمانی**




**کلینکی پزیشکی پسپۆڕی ددان د.غەریب عەلی عەبدول**




ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.

دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992

فەرهەنگۆچکە

بەندەی موخڵیستان= من

تەقریبەن=نزیکەی

تەنەکەلۆجی= تەکنۆلۆجیا

خۆمگیان=خۆم

دختۆر=دکتۆر

دەمکاری=دەسکاری

ساڵی چاپ=ساڵی لەدایکبون

عەنتەرنێت=ئینتەرنێت

فەخامەتی جەنابت=تۆ

کو=چۆن

لەگەر=لەگەڵ

لۆ=بۆ

لۆچی=بۆچی

ملوێن=ملیۆن

مەعریفە=زانیاری

نەچی بچی= مەیکە


وی ئێن=یو ئێن (نەتەوە یەکگرتووەکان)


ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بێت.

## گرنگترین سەرچاوەکان


thefreedictionary.com
onekind.org
dailymail.com
reuters.com
factslides.com
boredpanda.com
lolwot.com
wikipedia.com
reddit.com
wonderslist.com
softschools.com
unbelievablefactsblog.com
weird-facts.org
pinterest.com

## هەندێکی تر لەکتێبەکانی فەخامەتی بەندەی موخڵیستان



دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992







ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.

دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992







ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکینە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.

دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا **07703661992**







ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.

دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992

والینامەی

# تاقیگەی زانیاریی گشتی

نزیکەی 600 پرسیارو وەڵام لەبواری زانیاریی گشتی بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی

چاپـــــــی سێیەم



والی عەلی

# والینامەی دختۆری خۆت بە

نزیکەی 600 کورتیلەزانیاریی پەیوەست بە تەندروستی بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی و ماکیاجەوە

چاپی سێیەم




والی عەلی

ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.

والینامەی

# رێـزمانی ئینگلیزی

یاساو رێساکانی ئینگلیزی لەسەرەتاوە تا گەیشتن بە قۆناغی تۆ چیت بێنە ماچ (لوتکە)

**Basic, Intermediate and advance**

**چاپی شەشەم**

والی عەلی

# زانیاریـــــخانە

## هەزاران زانیاریی گشتیی سەرنجڕاکێش

**چاپی دووەم**




والی عەلی

دارتاشخانەی ئەسینا... بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: سلێمانی/ کوردسات/ سەروو رادیۆی نەوا 07703661992

# ئینگلیزینامەی پۆلی 12

**ئاسانکردنی گرنگترین بابەتە رێزمانییەکانی وانەی ئینگلیزیی پۆلی 12**

## چاپی چوارەم




**والی عەلی**

**بۆ کڕینی نوێترین چاپی ئەلیکترۆنی (پی دی ئێف)ی ئەم کتێبانە، پەیوەندی بکە بە:**

**07704888021**

**07501059610**

**www.facebook.com/wali400**

ئەکاونتەکەم فۆڵەوبکەو پەیجەکەم بلایکێنە بۆ ئەوەی زیاتر سودمەند بیت.

## والی عەلی

+ کتێبنوس و رۆژنامەنوس و وەرگێڕی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی و کەمێکیش شاعیرو وێب دیڤیلۆپەر

+ ساڵی چاپ: 1978

شوێنی لەدایکبون و دانیشتن و خەوتنیش: سلێمانی

+ نوسینی کتێبی "هیلاری کلینتۆن.. چیرۆکی گەیشتن بەلوتکەی شاژنێکی سەرکردە"

+ وەرگێڕانی کتێبی "کۆندی.. چیرۆکی سەرکەوتنی کۆندۆلیزا رایس"

+ نوسەری زنجیرەکتێبی والینامە

+ وەرگێڕی کتێبی "رەوشت"ی د.عەلی وەردی

+ نوسەری کتێبی ئینگلیزینامەی والییات کە تایبەتە بە فێربونی ئینگلیزی بە شێوەیەکی جیاوازو ناباو

+ وەرگێڕانی دەیان هەزار ماددەی رۆژنامەوانیی کورت و مامناوەند لەئینگلیزی و عەرەبییەوە کە لەبەناوبانگترین ماڵپەڕە کوردییەکاندا دابەزیون.